# پێشەکی

هێما بەرجەستەکانی ئینسان، شێوەی چاو، لووت و دەم، لاق و دەست و ڕەنگی پێست، مانای تایبەت دەبەخشن، بۆ بەرانبەر هەندێك لە کۆدەکان ئاشکرا دەکەن، بەڵام کورد زوو وەڵامی ئەو کۆدانە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت:(کاڵەك بە ڕەنگی نییە)، واتە: ئەو کاڵەکە نەخشدار و ڕەنگاوڕەنگانە، نهێنییان لە ناخی خۆیاندا حەشارداوە، دەبێت بشکێنرێن، تا تەواو بیانناسین.

سەرەڕای هەموو ئەو ئاماژانەش کە هی مرۆڤ هەیەتی، دیسان وەك کاڵەکەکە، بابەتێکی داخراو و پڕ لە نهێنییە، دەبێت بکرێتەوە، تا بناسرێت.

چۆن ئینسانەکان دەکەیتەوە؟ لە کوێوە تەماشایان دەکەیت؟(تام) لە ئینساندا، لە شیرینی، یان مزری، یان لە تەپینەکەیدایە؟ کە ئەو ڕاستییانەش بزانین، یەکەم: ئەوە ئینسانە کە شەوقی کردنەوەی کاڵەك و هەموو شتەکانی دیکە دەدات، هەرگیز ڕێکەوتی نەکردووە، کاڵەکێك کاڵەکێکی دیکە تام بکات. دووەم: ئەوە تەنیا ئینسانە دەتوانێت هەمیشە تام و ڕەنگ و شێوەی خۆی بگۆڕێت؛ بە دەیان کردنەوە و تامکردن، هێشتا تام و ڕەنگی دیکەی مابێت.

ئەگەر ئەمەش بزانین، ئەوە تەنیا ئینسانە کە جینات و پێکهاتەی هەموو بابەت و هەبوویەکی سەر زەویی گۆڕیوە، بە جۆری پرتەقاڵ و توخمی سەگ و سروشتی شێرەوە، تا دەگاتە گەشەکردنی مریشك و ڕەنگی مشکەوە، بێئەوەی هەست بکات لەو پرۆسەیەدا خێراتر لە هەموو دەستکاریی جینات و سروشتی خۆیشی کردووە.

بەشی هەرە سەرەکیی ئینسانەکان دەروونیانە، دنیای خەیاڵ و بیرکردنەوەیانە، عەقڵ و فەنتازیای ئەو بەشە عەفەوییەی مرۆڤ بەشی هەرە پڕ لە نهێنیشیەتی، ئەوێ سندوقی ڕەشی مرۆڤەکانە، ئەوێ سندوقی نهێنییە. لەمەش نهێنیتر، جێگە و شوێنی ئەو سندوقەیە: دەبێت لە کوێدا بە دوای ئەو سندوقەدا بگەڕێین؟ ناخی ئینسانەکان؟ مێشك و دڵ و گورچیلەکان؟ گەدە و میزەڵدان و بڕبڕەی پشت؟ ئەرێ بەڕاست، سندوقی ڕەشی نهێنیی مرۆڤ لە کوێدایە؟ لە دەرەوەی خۆیەتی؟ لە شوێنی لە دایکبوون و گەورەبوونیەتی؟لە ماڵ و شارەکەیدایە؟ لە دڵی دایکی، یان لە دڵی خۆشەویستەکەیدا دەیشارێتەوە؟ خودایە، ئەو سندوقەی مرۆڤ بۆ ئەوەندە ونە؟!

با زیاتر لە بابەتەکە دوور نەکەومەوە، رۆژنامەنووسێك کە دڵنیایە هەرگیز سندوقی نهێنیی مرۆڤی دەست ناکەوێت، ئەگەر ئەو مرۆڤانە رۆشنبیر و زانا و حیکمەتمەندیش بن، بۆیە هەوڵیداوە لە رێگەی تاقیکردنەوەوە، لە رێگەی لەزەتی زمانەوە، لە رێگەی گوتوبێژ و لێدوانەوە، تەنانەت لە رێگەی فیکریشەوە، شتێك لە سندوقی ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات.

سەرەتا زۆر لەگەڵ ئەوەدام کە(رابەر فاریق)ی هاوڕێم لێرەدا خۆی وەك رۆژنامەنووسی ئەدەبیی، کە هیچ نەبێت لە رێگەی کارەکانیەوە، ناساندووە. تا ئێستە زۆرێك لە رۆژنامەنووسانی کورد ئەدیبی رۆژنامەنووسن، ئەمە بە لای منەوە کارێکی زۆر تەندروست نییە، بەڵام دەرکەوتنی رۆژنامەنووس بۆ هەموو بوارەکان بە پێویست دەزانم، کە ئێستە سەرەتایەك لەو کارەدا دەبینم.

چاوپێکەوتن بۆ؟ بێگومان مەبەست لە چاوپێکەوتن، گوتوبێژ و لێکۆڵینەوەیە. ئەریٚ نووسینەکان ئەوەندە ئاڵۆز و تەمومژن، کە دەبێت لە رێگەی چاوپێکەوتنەوە روونیان بکەینەوە؟ بێگومان بەشێك لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە(بەڵێ)یە. نووسینەکان:(شیعر- چیرۆك- رۆمان...)، لە پێش هەموو شتێکدا خستنەڕووی نهێنی و ئاڵۆزییەکانن. دەبێت ئەوەش بزانین کە خودی چاوپێکەوتن بەشێکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیکر، نەك روونکردنەوەی حاڵەتێکی تایبەت.

ئەوەی گرنگە، دەشێت دەقەکان، یان لێکۆڵینەوەکان خودی نووسەرەکان نەبن، بەڵام وەڵامی چاوپێکەوتنەکان راستەوخۆ خودی نووسەرەکانن. رۆژنامەنووسی وریا لە رێگەی پرسیارەکانیەوە، بە خۆی و بە چرایەکەوە، لە تونێلەکانی ناخی نووسەرەکان دەگەڕێت، مەرجیش نییە هەموو ئەو تونێلانە جوان بن، مەرج نییە هەموو ئەو نهێنییانە بە نرخ بن، بەڵام حەقیقەتن.

یەکێك لە کەلێنەکانی مێژووی رۆشنبیری، یان مێژووی ئەدەبی و هونەریی ئێمە، کەمی چاوپێکەوتنە، راستە هەندێك کەس هەوڵی زۆر جددییان داوە و دەستپێشخەر بوون، بەڵام دەیان نووسەر و داهێنەرمان لە دەستدان، کە هەرگیز نهێنییەکانیان نەدرکاند. نووسەرانی شەست و حەفتاکان چاوپێکەوتنی تایبەت و پرۆفیشناڵیان زۆر کەمە، ئەو چەند گوتوبێژ و چاوپێکەوتنە هونەرییانەش، کە لەگەڵ عەلی مەردان و حەسەن زیرەکدا کراون، لە رووی بایەخەوە هیچیان لە کارە هونەرییەکانیان کەمتر نییە.

شێوەکارەکان لەو بوارەدا لە هەمووان کەمتەرخەمترن. دنیای ڕەنگ و هێڵ، ئەزموونی تابلۆ و پۆرتریت، توانای گەورەتری زمانیان دەوێ، بۆ زیاتر کەشفکردن و ڕاڤەکردنیان.

مــن هەر بۆ خۆم، لە ناخــەوە تامەزرۆم چەند گوتەیەکی ئــەو هونەرمەندە گەورەیە بخوێنمــەوە، کە روخســاری بە نالی و کوردی و شــەرەفخان و مەولەوی بەخشــیوە و بێجگــە لــە ناوێکی پڕ لە نهێنی(بەدیــع باباجان)، هیچی دیکەی لەســەر خۆی بۆ جێ نەهێشتووین. بە پێچەوانەی شەســت و حەفتاکانەوە، ئەمڕۆ چاوپێکەوتن زۆرە، یەکێك لە هۆکارەکانیش ڕووداوی یەك لەدوای یەکن، کە نووسین بەو خێراییە فریایان ناکەوێت و فزوڵی ڕۆژنامەنووسان بێهوودە بە دوایانەوەن.

ئەوەی بە چاوپێکەوتن روو دەدات، ئەوەی تام و چێژی چاوپێکەوتن ئاشــکرا دەکات، گۆشەنیگا و بیروڕای تایبەتن، ئەوەی کورد ناوی ناوە قسەی خۆت. هەر گوتوبێژێك ڕای تایبەت و ڕاســتەوخۆی تێدا نەبێت، فرســەتی گوێگرتن بە خوێنەر نابەخشێت، ڕستە و وشەکانی هەرگیز سەر کاغەز بە جێ ناهێڵن. زمانی ڕاستەوخۆ و ئاراستە، چاوپێکەوتن دروست دەکات، بە بێ زمانێکی بارگاوی بە ڕوحی قسەکار، ئاشنایەتیی لە چاوپێکەوتندا دروست نابێت.

زانیاری تاکە کارتێکاری دیارە، تاکە دەسەڵاتیشە، چ ئەو زانیارییەی قسەکار لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتووە و لە بارەی بابەتەکانەوە هەیەتی، چ ئەو زانیارییەی کە دەیدات.

ئــەو چاوپێکەوتنانــەی لە بــارەی ڕۆمانەوە دەکرێــن و قســەکار ڕۆمانی کوردیی نەخوێندووەتەوە، ئەوانەی لە بارەی چیرۆکەوە دەکرێن و نووسەرکانیان چیرۆکی کوردییان نەخوێندووەتەوە، ئەوانەی لە بارەی شــیعرەوە دەکرێن و شــاعیرەکان شــارەزای شیعری ئێســتە نین، لەو نابینایانە دەچن کە دەیانەوێت بەســەر تەنافدا بپەڕنــەوە، بە بێئەوەی زانستی تەنافبازی و ســێرکیان خوێندبێت. ئەو هاوڕێیەم، ئەوەندە بە وردی کەسەکانی هەڵبژاردووە، کە خۆی لە هەر گومانێکی وەها دەرباز کردووە.

من بەشێکی زۆری چاوپێکەوتنەکانم خوێندەوە، لەگەڵ چراکان بە ناخی نووسەرەکاندا تێپەڕیم و زانیاریی تازەم دەســتکەوت، کەڵەکەبوونی زانســتیش ڕۆڵێکی جددیی لەو سەرکەوتنەدا گێڕاوە.

د. هاشــم ئەحمەدزادە و ساڵح سووزەنی بەدوای ڕووناکییەکدا دەمانبەن، کە لە ناخی وشــە و زانیاریی گۆشــەنیگای تایبەت بە خۆیانەوە، وەریانگرتــووە. نەمزانی محەمەد

ڕەحیمیـــان چەند فرســەتی ئەوەی هەبووە تا ئاگــاداری ئەدەبیاتی نوێـی کوردی بێت، بــەڵام شــارەزاییە وردەکەی لە بارەی زانســتی ڕەخنە، وای لێکردم بــە گوتەیەکی ئەو کۆتایی بەم پێشەکییە ناپێویستە بهێنم، کە لە بڕگەیەکی دیمانەکەیدا، کە لەم کتێبەدا هەیە، نووســیویەتی:(کاتی پێکهاتنی دەق، کاتێکی ئوستوورەییە، لە سەرووی زمانە و تایبەتە).

با لێگەڕێم، خوێنەران لەگەڵ چرای پرسیارەکان، ژوورە پڕ مەعریفەکان ببینن.

جەبار جەمال غەریب
٣٠/ ٥/ ٢٠٠٩
هەولێر

# هەڤپەیڤین لەگەڵ د. هاشم ئەحمەدزادە
# نووسەر و مامۆستای زانکۆ



**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەگەر ئاکامی ڕەخنەی ڕەخنەگرێك دواجار ئەوە بێت کە پێمان بڵێت ئەم بەرهەمە دەبوایە ئاوا نەنووسراڤا و ئاوا نووسرابا، ئەوە هەر دەبێت لە سەرەتاوە ڕەخنەیەکی وا پێشکەشی خۆی بکەینەوە.

د. هاشــم ئەحمەدزادە، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا، ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەم کەم دەنووسێت، هەمیش وەکو مامۆستای زانکۆ، خۆی پیشان دەدات. ئەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی ئەم نووسەرە نووسیونی، جێگەی مشتومڕگەلێکی زۆرن. چەند ساڵێکیش پێش ئێستە، لە بارەی زمان و ڕەهەندەکانییەوە، د. ئەحمەدزادە ڕوانینگەلی ئارگیومێنتی و تایبەت بەخۆی خســتوونەتە ڕوو، هاوکاتیش بوون بە هۆکاری زەقکردنەوەی پرســێکی گرنگی وەك زمان، وەك یەکێك لە کەرەســتە گەورەکانی هەر میللەتێك، بۆ بنیاتنانی کلتوور.

ئــەو هۆکارانەی هانیـــان دام گوتوبێژی لەگەڵدا بکەم، ســەرەکیترینیان ئەوەیە ئەم نووسەرە ڕای تایبەت و جیاوازی هەیە، بە تایبەت لە بەرانبەر ئەو ڕۆژنامانەی بە کوردی نووســراون و هەندێکیان کەس لە بارەیانەوە ناپەیڤێ و نانووســێت، هەندێکی تریشیان کراونەتە شــاکار، ئەو، نە ئەوەی یەکەم ڕەتدەکاتەوە، نــە ئەوی تریش بەرز دەنرخێنێت، بەڵکو بایەخ و تایبەتمەندی و لایەنە جوان و ناشیرینەکانی هەردووکیان شیدەکاتەوە.

د. هاشم ئەحمەدزادە ساڵی ١٩٦١ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنــی تا پلەی بەکالۆریس لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی، لە ئێران تەواوکردووە و لە ســاڵی ١٩٨٨ ەوە چووەتە وڵاتی سوید. دوای خوێندنی دەورەی بەکالۆریس و ماستەر لە بەشــی ڕۆژهەڵاتناســیی زانکۆی ئوپســالای سوید، هەر لەم بەشــەدا دکتۆراکەشی وەردەگرێــت. کتێبی د. ئەحمەدزادە (نەتەوە و ڕۆمان: لێکۆڵینەوەیەك لەســەر گوتاری گێڕانەوەی فارســی و کوردی)، لە ســاڵی ٢٠٠٣ دا و لە لایەن زانکۆی ئوپسالاوە چاپ و بڵاودەبێتەوە. ئەم کتێبە دواتر وەرگێڕدراوەتە ســەر زمانی فارســی و تورکی. لە ساڵی ١٩٩٩ وە لــە زانکۆی ئوپســالا وەك مامۆســتا وانەی گوتووەتەوە، دواتریش لە ســاڵی ٢٠٠٥ دا دەچێت بۆ زانکۆی ئێکســێتێر، لە بەریتانیا، دوای ئەمەش وەك سەرپەرشــتی نێوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی، لە بەشــی زانســتە مرۆڤــی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم زانکۆیەدا، دەستبەکار دەبێت. د. ئەحمەدزادە چەندین گوتار و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی بە زمانگەلی ئینگلیزی، ســویدی، فارســی، کوردی، تورکی، بڵاوکردووەتەوە و کتێبی (کوردەکان و ئەوانی تر)ی (د. عەبباس وەلی)شی لەگەڵ نەزەندە بەگیخانی وەرگێڕاوە. د. ئەحمەد پێویایە نووسەر نییە، بەڵام وەختێك ئەم گوتوبێژەی خوارەوە دەخوێنینەوە، ئەوجا

تێدەگەین نووسەرێکی چەند جواننووس، چەندیش هێمن و لێهاتوو و شارەزایە و لە کوێدا قەڵەمەکەی دەخاتە جووڵە و لە کوێشدا بێدەنگییەکی جوانیناسانە هەڵدەبژێرێت و چ کاتیش وەك نووسەرە ئیدۆلەکانی نێو کوردان گەزاف لێ نادات، کە پێویستیشە!

لەم گوتوبێژەی خوارەوەدا، لە بارەی کۆمەڵێك پرس، کە پێوەندییان بە رەخنەی ئەدەبی، خودی ئەدەب بە گشتی و رۆمان و چیرۆك بە تایبەتیی، هاوکاتیش ئەرکی رۆشنبیر و پرسێکی وەك رۆشنبیریی هەیە، بە شێوەیەکی قووڵ، لە هەندێك شوێنیشدا بە نموونە هێنانەوە، روانینەکانی دەخاتە روو: با بە یەکەوە بە روانینەکانی ئاشنا بین:

**پرسیار: کەسانێك هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتەیەکی تر: تەنیا دەڵێن(ئەم دەقە جوانە)،(ئەم دەقە ناشیرینە)، بە بێئەوەی بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەمجۆرە هەڵسەنگانانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە رەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبیدا، وەك هەر بوارێکی تری زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، چەمکەکان دەبێت لەسەر بناغەیەکی تۆکمە و پێوەندیدار بە بەستێنی خۆیانەوە دەکاربێن. ئەگەر تایبەتمەندییەکی دونیای سەردەمی نوێباو، لە هەلاواردنی خۆی لە سەردەمانی پێشتر، بریتی بێت لە مەوداگرتن و خۆپاراستن لە دەربرینە گشتییەکان، دەبێت کەسانێك کە بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆ لە قەرەی ئافراندن و راڤەی دەقی ئەدەبی دەدەن، خۆیان بە پێناسەی وردی چەمکە دەکارهاتووەکان تەیار بکەن و بە یەکجاری و بۆ هەمیشە لە دەربرینە گشتی و سواوەکان مالاوایی بکەن. ئەم پرسیارەی ئێوەش هەڵگری چەشنێك لە گشتگرییە کە لە هەنگاوی یەکەمدا بەرسیڤێکی گشتگرانە دەخاتە زەینی مرۆڤەوە. کاتێك دەگوترێت "کەسانێك هەن" رەنگە هەم منی وەڵامدەرەوە و هەم خوێنەرەوەی ئەم وەڵامە لە ئێوەی پرسیارکار بپرسین تکایە بفەرموون ئەم کەسانە کێن. هەر کاتێك ئێوە بە ئاشکرایی و لەسەر بنەمای وردبوونەوەیەکی قووڵ ئەم "کەسانەت"ان دەستنیشانکرد، منیش هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامێك دەدەم کە ئاکامی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی من بێت سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم چەشنە دەربرینانە لە لایەن کەسانی ئاماژەپێکراوەوە.

ئیزنم بدە هێندێکی تریش ئاور لە پرسیارەکە بدەمەوە و هەوڵی شکاندنی پێکهاتەکەی بدەم. من پێموایە ئەگەر چەمکەکان بە دروستییەکی وەستایانە دەکار نەهێنین سەرجەمی باسەکەمان تووشی ئاڵۆزییەك دێت کە پرسیار و بەرسیڤ و خوێندنەوە دەبن

بە کۆمەڵێك چالاکی ڕووتینی کە دواجار نەك هەر نابنە یارمەتیدەری دۆزینەوەی گرێ پێچەڵپێچەکانی نووسین و بەرهەم و ڕاڤە، بەپێچەوانە تەلاری تێگەیشتنمان نزمتر و نزمتر دەکەن. ئاخر نابێت من پێشتر بزانم "پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق" چین، هەتا بتوانم وەڵامێکی شیاوی ئەم پرسیارە بدەمەوە؟ ئایا ئەم پرسیارە لە هەناوی خۆیدا باوەڕی بە دوو "پێکهاتە و لایەنی" دەق هەیە و یەکییان بە "مجازی" ناو دەبات و ئەوی تریشیان لە من و خوێنەرەوە دەشارێتەوە؟ ئەگەر مەجاز لە ئافراندنی ئەدەبی و تەنانەت ئاخافتنی ڕۆژانەشدا بریتی بێت لە بەکارهێنانی پێناسە یان ئاماژەیەك بۆ کەسێك، شتێك یان تایبەتمەندییەك لەسەر بنەمای نزیکی پێناسە و ئاماژەی دەکارهاتوو لەگەڵ کەس و شت و تایبەتمەندیی ئاماژە بۆکراو و پێناسەکراودا، ئەوکات دەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ ناساندنی لایەنێکی دەق لە جێی خۆیدا نییە.

ئەگەر دەق فۆرم و ناوەڕۆکێکی لێکجیانەکراوە بێت، ئیتر لایەنی مەجازی و "نامەجازی" یاخود "ڕاستەقینەی" نییە. بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی تێگەیشتنە گشتییەکانی کۆمەڵگای خۆماندا بمەوێت ئاوڕ لەم پرسیارە بدەمەوە، دەتوانم هەست بکەم کە مەبەستی ئێوە چییە. هەروەك بۆ خۆتان "بە واتەیەکی تر" لە پرسیارەکەدا دەڵێن، قسە لە دەقی "جوان" و "ناشیرین" دەکرێت و ئێوەش دەتانەوێت بزانن "هۆکاری ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنانە" چییە. ئەوە شتێکی جێگای سەرنجە و منیش پێموایە ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر جێگادا هەبوونی هەیە و ڕەنگە لای ئێمە بەرفراوانتر بێت. دەڵێم ڕەنگە! چونکی ئەگەر ڕاستیت بوێت من لە دەربڕینی ئەوا گشتی دەترسێم و ناوێرم وا بە تێرادیوی حوکمێکی ئەوتۆ بدەم. ڕەنگە لایەنێکی ئەم دیاردەیە بگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیی کۆمەڵناسانەی کۆمەڵگای کورد. من زۆر بە پارێزەوە لە شیکردنەوەی دەروونناسانە نزیك دەبمەوە. ئەگەرچی پێموایە بۆچوون و پێناسەی دەروونناسانە زۆر باون و بە شێوەیەکی ستریۆتایپییانە قسە لەسەر کۆمەڵگای جیاواز دەکرێت، بەڵام دەبێ بە هەستیاریی لەم بارەوە قسە بکەین و هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی وەپێش لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە بخەین. پێدەچێت کۆمەڵگای ئێمە هێشتا لە ئاستی پۆلێنکردنی پێکهاتەکانی خۆیدا کۆمەڵگایەکی گەییو نەبێت. ئەگەر لەم بارەوە بمانەوێت وەڵامەکە تەنیا لە چوارچێوەی ئافراندن و خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا بەرتەسك بکەینەوە دەبێت ئاوڕێك لە نەریتی نووسین و خوێندنەوە لە کۆمەڵگای خۆمان بدەینەوە. ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی بۆ ماوەیەکی دووردرێژ سەرقاڵی داکۆکی لە ناسنامەی حاشالێکراوی خۆی بووە، ڕوویەکی سیاسیی داوەتە هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کورد. لە کەشێکی بەمجۆرەدا سەرجەمی

هێــز و وزەکان دەرگیری کێبەرکێیــەك بوونە کە ئاوردانەوە لە لایەنی جوانیناســانەی بەرهەمی ئەدەبی نەبووەتە کەڵکەڵەی زەینی ئێمە.

نووســین ئەو بەســتێنەیە کە بە شــێوەیەکی بنەڕەتیی خۆی لە دونیــای زارەکی جیا دەکاتەوە. لە بەراوردی کۆمەڵگای نوێباو و نەریتیدا جیاوازییەکی ســەرەکی بریتییە لە پشــتکردن لە "دەڵێن" و لە جیاتیان پشتبەســتن بە "دەبینین"، بینینێك کە بەرهەمی لێخوردبوونەوە و هەڵســەنگاندن و ڕاڤەکردنی دیــاردەکان و "فاکتەکان" بێت. ئەگەر نەریتی چاپ و بەرهەمهێنانی ئەدەبی لە ئورووپا پێشــینەیەکی پتر لە پێنجســەد ساڵی هەیــە، لای ئێمــە تەمەنی ئەم دیاردەیە لە شــێوەی خۆماڵی و کوردانــەی خۆیدا تەنیا دەگاتــە چەند دەیە. خۆیایــە ماوەیەکی ئاوا کــورت ناتوانێت ئافرێنەری شــێوازێکی ئاوەزخوازانە بێت کە هەر دەربڕینێك پشــت ئەستوور بێت بە کۆمەڵێك بنەمای هزریی ورد و بیرلێکراوە. بڕیاردان لەســەر بنەمای بیستن دەبێتە پەتایەك کە جێگا بە وردبینی لێژ دەکات و هەراوهوریا دەبێتە جێگرەوەی ژیربێژی و پسپۆری.

بــا بەخێرایی ئاورێك لــە ئەدەبی گەلانی ناوچەی خۆمان بدەینەوە و بزانین ئاســت و پێگەیان لە ئەدەبی جیهانیدا چەندەیە. لە ســەدوودە ســاڵی ڕابردوودا تەنیا نووسەرێکی عەرەب و نووســەرێکی تورك خەڵاتی نۆبێلیان وەرگرتووە. کەچی لێرە ولەوێ دەبیســین و دەبینین کە نووســەرێکی کورد لەلایــەن هێندێك خوێنەرەوەی کــوردەوە دەکرێت بە کاندیــدای خەڵاتــی نۆبێلی ئەدەبی. من لەگــەڵ ئەوەدا نیم کە خۆمــان پێ کەم بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پێموایە دەبێت بە بەرپرســیارییەوە لەگەڵ داواکاریی لەم چەشنەدا هەڵســوکەوت بکەین. ئەگەر دەبینین کە کتێبــی نووسەرێکی ئێمە لە دە هەزار ژمارەدا بــڵاو دەبێتــەوە، دەبێت خێرا لە خۆمان بپرســین هۆکارەکانی دیاردەیەکی لەم چەشــنە کامانەن. ئاخر مەگەر ئێمە لە دراوســێ عەرەب و فــارس و تورکەکانمان تێپەڕاندووە، کاتێك دەبینین کە ژمارەی چاپی بەرهەمی نووســەرانی گــەورەی ئەم نەتەوانە زۆر لە خوارەوەی دە هەزارە؟ ئەگەر ئێمە بەشێوەیەك بەراوردی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکەمان و ئــەو ژمارە مەزنەی چاپی بەرهەمێك بکەیــن، دەبێت زۆر دڵخۆش بین بە دیاردەیەکی وا. بــەڵام چۆن دەتوانین ئەم داوایە لەگەڵ داوایەکی تر کــە دەڵێت ئێمە خوێنەرەوەمان نییــە بگونجێنین؟ چۆن دەتوانین قســە لەوە بکەین کە ڕەخنەگرمــان نییە، لە کاتێکدا کە ڕەخنەگرێکی کورد دەڵێت کە چارەکە ســەدەیەکە ڕەخنە دەنووســێت و هەر بە هۆی نووسینەکانیشــییەوە بژێوی ژیانی مسۆگەر دەکات؟ دەبێت لایەنێکی ئەم هاوکێشەیە هەڵە بێت، ئەگینا ئەســتەمە مرۆڤ بە پێوەرێکی چاوی و بەرهەســتانە ســەر لەم گرێ کوێرەیــە دەرکات. تــۆ ناتوانیت ڕەخنەگرێکی ئاوا لێهاتــووت هەبێت و ژمارەی چاپی

کتێبێکت بگاتە ئەم ئاستە بەرزە و دیسانیش بێی و هەروا لە گۆترە بڵێی فلان دەق "جوانە" و فلان دەقیش "ناشیرنە". ئەگەرچی ئەوە مافی حاشاهەڵنەگری هەر کەسێکە رای خۆی لەسەر بەرهەمێك دەرببڕێت، بەڵام تەنیا بۆچوونێك دەبێت بە هەند وەرگیرێت کە ئاکامی لێوردبوونەوەیەکی پسپۆرانە بێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە خوێنەرەوەکانی پۆلێن کرابن، هەموو کەس لەسەر هەموو بەرهەمێك خاوەنرا نییە. بەڵکو ئەوە هۆگرانی جۆرەیەکی دیاریکراوی ئەدەبن کە بە پێی تێگەیشتن و ئاستی خوێندەواری و شوێنی کۆمەلایەتییان بەیەکەوە توێژێکی تایبەت پێکدەهێنن و دەبنە "کۆمەڵێکی راڤەیی".

ئێمە لە باشووری وڵاتدا سەرەرای گەشەیەکی بەرچاوی چاپ و بڵاوکردنەوە، هێشتا گۆڤارێکی تایبەتیی پێداچوونەوەی کتێبمان نییە. لە رۆژئاوادا و بگرە لە ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبیدا گۆڤارگەلێکی مانگانە و تەنانەت حەوتووانە تایبەتن بە پێداچوونەوەی کتێبە تازە چاپکراوەکان. لە راستیدا ئەوە سەرکەوتوویی بەرهەمەکان لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم گۆڤاراندایە کە سەرکەوتوویی بەرهەمەکان لە بازاری فرۆشدا دیاری دەکات. ئەگەر ئەم دیاردەیە لای ئێمەش ببێت بە بوارێکی پرۆفیشێناڵ، ئەودەم تا رادەیەکی زۆر رێگا لەبەر رادەربڕینی گۆترەیی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگیرێت. لەبیرمان بێت کە نێپۆتیسم و دیاردەی خزمگەرایی و دۆستایەتیی تەنیا گرفتێکی سیاسی و کۆمەلایەتیی نییە و لە نێو چالاکانی بواری نووسینیشدا بوونێکی تێکدەرانەی هەیە.

**پرسیار: کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە(زارەکییە)و ئەوی دیکە بە(نووسراوکراو)ە؟ هاوکات ئەو رەخنەیە(بنیاتنەر)ە و ئەویدیکە(روخێنەر)ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەنگێ و بۆچی دەتوانیین ئەم پرسیار و پێودانگانە دەربڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە دابەشکردنی ئەدەب بەسەر جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا بنەمای جۆراوجۆر رەچاو دەکرێن. یەك لە شێوەکانی دابەشکردنی ئەدەب بەپێی ئەوەی کە نووسرابێتەوە، یان هەر بە شێوەی زارەکی بەرهەم هاتبێت، ئەدەبی زارەکی لە بەرامبەر ئەدەبی نووسراو دادەنێت. ئەمجۆرە ئەدەبە لە رەوتێکی مێژوویدا و لەو کۆمەڵگایانە کە نەخوێندەوار یان نیوە خوێندەوار بوونە برەوی هەبووە. لە هێندێك پۆلێنکردندا ئەمجۆرە ئەدەبە دەخەنە خانەی فۆلکلۆرەوە. لە چەند دەیەی رابردوودا رەوتێکی رۆژئاوایی بۆ داکۆکی کردن لە کۆمەڵگا نەریتییەکان سەرنجی زۆریانداوە بە نەریتی

زارەکیی ئەم کۆمەڵگایانە. ئەمشێوە پۆلێنکردنە تەنانەت لق و پۆپی هاویشتووەتە بواری مێژوونووسییش و ئێستا گێڕانەوەی زارەکی مێژوو وەك کەرەسەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە سەیر دەکرێت. کۆمەڵگای کورد یەك لەو کۆمەڵگایانەیە کە نەریتی دەوڵەمەندی زارەکی تێدا هەبووە و ئێستاش تێیدا هەیە. لە زۆر وڵاتدا هەر ئەم نەریتە زارەکییە بووەتە هەوێنی دۆزینەوە و بوونیادنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی. هەوڵەکانی ئیلیاس لوێترووتی فینلاندی بۆ کۆکردنەوەی کالیڤالا وەك حەماسەی نەتەوەیی فینلاند، هەوڵەکانی باوکی ناسیۆنالیزمی تورك، زیا گوێگالپ، بۆ کۆکردنەوەی سامانی زارەکیی تورکەکان، دوو هەوڵی جددی بوونە بۆ سەلماندنی نرخ و بایەخی ئەمجۆرە لە ئەدەب و کارتێکەرییان لەسەر ئافراندنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بەهۆی میراتی هاوبەشی فەرهەنگییەوە. وەك خاڵێك دەبێ ئاماژە بە دیاردەیەکی تا ڕادەیەك باو لە نێو خۆماندا بکەم و ئەویش نێرینێکی سووکە بۆ نەریتی زارەکی.

لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی تیۆری لە ئارادا نییە کە بتوانێت پاساوی چاکتربوون و باڵا دەستی بدات بە جۆرەیەکی ئەدەبی. ڕەنگە زۆر کەس لەگەڵم هاورا بن کە لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا ئەوەندە جوانی و مانا شاردراوەتەوە کە هێشتاش ئەدەبە نووسراوەکەی ئێمە نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی بدات. هەر بۆیە هەست دەکەم جێگای لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەربڵاوی ئەو هەمووە بەیتە کوردییە لە لێکۆڵینەوەی کوردیدا بەتاڵە. هەمیشە ئاواتەخواز بوومە کە پێداویستی و دەرفەتی کارێکی وا بە زوویی بۆ خەڵکانی شارەزا و پسپۆر بڕەخسێت. لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا لایەنی ڕەسەنایەتی لە هەموو فەرهەنگێکدا زۆر بەرز دەنرخێندرێت. ڕەنگە لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز دەریبخات کە هێشتاش ڕەسەنترین دەقی کوردەواری ئەو سامانە فەرهەنگییەیە کە لە پۆلینکردنێکی خێرادا ناوی ئەدەبی زارەکی بە خۆیەوە گرتووە و هەر بۆیەش ئاورێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە. ئەو چەند کارەش کە لەسەر ئەدەبی زارەکیی کوردی کراون، چەند دانەیەکیان لێ هەڵاوێرێ، ئەوانی تریان هۆکارێکی سەرەکی بوونە لە ڕەواندنەوەی جیلی نوێی کوردی، لەم میراتە گرانبەهایە.

هەڵبەت لەبیرمان بێت لە تیۆریی ئەدەبیی چەند دەیەی ڕابردوودا تێڕوانینێك لەمەڕ تایبەتمەندیی ئەدەبیی دەقی نووسراودا هاتووەتە ئاراوە کە تێیدا دووانەی دەقی نووسەرانە و دەقی خوێنەرەوانە دەستنیشان دەکرێت. ئەم دوو چەمکە نابێ لەگەڵ دووانەی زارەکی و نووسراودا تێکەڵ بکرێن. لە دووانەی نووسەرانە/خوێنەرەوانەدا ئەوە تەنیا دەقی نووسراوە کە هەڵدەسەنگێندرێت. پێشینەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە سەر بەرهەمی بەناوبانگی ڕۆلان بارت، س/ز کە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی وردی بارت لە ڕۆمانێکی

بالزاك بەناوی سارازین. ناوی کتێبەکەی بارت سەرنجراکێشە و بووەتە بنەمای خوێندنەوە و بۆچوونی جیاواز لەسەر ئاماژە شاردراوەکانی ناو ئەم دوو پیتەدا. بە گوێرەی بارت دەقێك کە مەجالی کارتێکارییەکی ئافرێنەرانە بۆ خوێنەرەوە لە خوێندنەوەی دەقێکدا نەهێڵێتەوە، دەقێکی خوێنەرەوانەیە. مانا لەمجۆرە دەقەدا پانتاییەکی ئەوتۆی نییە کە خوێنەرەوە لە کاتی خوێندنەوەدا هێزی هزریی خۆی دەکاربهێنێت و لە پانتاییی زەین و خەیاڵی خۆیدا بەردەوام مانای تازە و پێشبینینەکراو بۆ دەق بدۆزێتەوە. بەپێچەوانەوە، لەمجۆرە دەقەدا ئاسۆکانی زەینی خوێنەرەوە پێشتر بە بڕیارەکانی نووسەری دەقەکەوە کوژراون. ئەگەر لە دەقی خوێنەرەوانەدا کردەی ماناکردنەوەی دەق بەو جۆرەی لەلایەن نووسەرەوە دارێژراوە پێش بە گەشەی زەینیی خوێنەرەوە دەگرێت، لە دەقی نووسراوەییدا ئەوە خوێنەرەوەیە کە لەسەر بنەماکانی ئەزموونی خۆی مانا بە دەق دەبەخشێت و وەك بارت گوتەنی دەق دەنووسێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە بنەمای تیۆرییانەی ئەم خوێندنەوەیەی بارت دەبینین کە تێگەیشتنی پێکهاتەخوازانەی ئەو لە زمانەکە، دەبێتە هۆکاری ئەمجۆرە دابەشکردنەی دەق. تێگەیشتنێك کە پێوەندیی داڵەکان دواجار گرێدراوی مەدلولە لە کۆتایی نەهاتووەکان دەبینێت و ئەستمە لە کۆتاییدا مەدلولێك ببێتە ئاڵقەی کۆتاییی ئەم زنجیرەیە. هەر ئەم پێگەی تێگەیشتنەیە کە دەربڕینە بەناوبانگەکەی بارتی لێدەکەوێتەوە: "مەرگی نووسەر"! هەر بۆیە لە کاتێکدا لە کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا قسە لەسەر "خوێنەری کوشەندە" دەکرێت، باشترە هاوکێشەکە بگۆڕین بە "نووسەری کوشەندە"، واتا نووسەرێك کە ڕێگا بە خوێنەرەوە نادات لە ڕەوتی خوێندنەوەدا بەرهەمهێنەری مانا و لە ڕاستیدا دەقێکی نوێ بێت. بارت لەبەر ڤینێك کە لە دەقی خوێنەرەوانە هەیبوو گرنگیی بە دەقی نووسەرانە دا و بۆ ڕەهابوونی خوێنەرەوە لە دەسەڵاتی زاڵی نووسەر بەسەر دەقدا، بویرانە مەرگی نووسەری ڕاگەیاند. ئەم بۆچوونەی بارت دواتر لە بواری تیۆرییەوە دەستکەوتی تری بە شوێن خۆیدا هێنا و مەسەلەی پێچەڵپێچی مانا و پێوەندیی ئەو بە نیشانە و خوێندنەوە و دەق و نووسەرەوە، لە کارەکانی فوکۆ و دێریدا و ئێکۆدا بووە هەوێنی کۆمەڵێك باس و خواستی چڕوپڕی تر و هاتنەکایەی کۆمەڵێك چەمکی تر، بۆ لێکدانەوەی ڕەمز و ڕازی دەق و سیحری ئافراندن.

بەڵام بەشەکەی تری پرسیارەکە و کێشەی ڕەخنە! من لە چەند شوێنی تریشدا باسی گرفتی چەمکییانەی "ڕەخنە"م کردووە و لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەم وشەیە هەڵگری باری مانایی چەمکی(criticism)ی ڕۆژئاوایی، بۆ نموونە بەوجۆرەی لە زمانی ئینگلیزیدا

کەڵکی لێوەردەگیرێت، نییە. دەبێت لــە هەلومەرجی نەبوونی چەمکێکی خۆماڵییانە بــۆ کارکردێکی بە ئەمانەت وەرگێڕاو بەســتێن و ڕەچەڵەکی چەمکییانەی بواری جێگای باس بەپارێزەوە هەڵســوکەوتی لەگەڵ بکرێت. کاتێك لە ڕۆژئاوا بەرهەمێك دێتە بازار، هەر زوو ئەم بەرهەمە دەبێتە ســووژەی خوێندنەوەی گۆڤــار و ڕۆژنامە بابەتییەکانەوە. لەڕاستیدا ئاستی سەرکەوتوویی بەرهەمێك گرێدراوی ئەوەیە کە بە چ شێوەیەك لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەدا هەڵسەنگێندراوە.

لێــرەدا "ڕەخنە" بە هیچ شــێوەیەك مانــای لەقاودانی "کەلەبــەر" و "درزە"کانی بەرهەمەکــە نییە. بەپێچەوانە، ئــەوەی خوێنەرەوەی ئەم پێداچوونــەوە و خوێندنەوانە بەدوایدا دەگەڕێت، ئاســتی ســەرکەوتوویی بەرهەمەکەیە لە پێکانــی ئەو ئامانجانەی بەرهەمەکە لە پێناویدا نووســراون. چاوێك لە هەڵســەنگاندنی پشــتبەرگەی کتێب و فیلمــە ڕۆژئاواییەکان بکەین، بۆمــان دەردەکەوێت کە لە هەنگــاوی یەکەمدا لایەنی ئەرێنی بەرهەم ســەرنجی ڕەخنەگران ڕادەکێشــێت و هەربۆیە زۆر ئاساییە کە دەربڕینی لەم چەشــنە بە بەرفراوانی ڕازێنەرەوەی پشــتبەرگی فیلم و کتێب بن: "تەقینەوەیەکی سیاســی"، "ڕێکوپێك تا سنووری ئیمکان". ئەگەر ئێمە دوو هەڵسەنگاندنی وا لەسەر بەرهەمێکی کوردی ببینین، خێرا هەست بە جۆرێك پێداهەڵگوتن دەکەین و بە دردۆنگی لــە دەربڕینگەلێکی لەم چەشــنە نزیك دەبینەوە. ئەگەریش بێتوو لە هەڵســەنگاندنی بەرهەمێکدا، بۆ نموونە، بڵێین نووســەرەکەی لێمان بووەتە پێغەمبەری هەمووشتزان و مەجالی بیرکردنەوەمان بۆ ناهێڵێتــەوە، ئەوە خێرا بەوە تاوانبار دەکرێین کە حەزمان لە خاوەنــی بەرهەمەکە نییە. وەك دەبینین "ڕەخنــە"ی ئێمە چ وەك باری مانایی و چ وەك کردەوە، هەڵگری دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ڕەخنە، واتا هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنانەی دەق بە چاك و خراپەوە، نییە.

ئەگەر ڕەخنە لەسەر بنەما تیۆری و هزرییەکانی ناسراو دابڕێژرێت، ئەوکات دووانەی بوونیاتنەر و رووخێنەر مانای خۆی لەدەست دەدات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە ڕۆژاوادا نەریتێکی ڕەخنەیی هەر لە سەردەمی ئەرەستوو را، هەتا ڕۆژگاری ئێستا لە گەشەکردندا بووە(بە چاوپۆشین لە هەڵکێشداکێشی ئەم دیاردەیە لە سەردەمی جیاوازدا) ڕەخنــە نە یەکجــۆر بەڵکو چەندین جۆرە. هەر لە ناوەڕاســتەکانی ســەدەی ڕابردوودا، بەمــلاوە، دوای ململانێیە بەردەوامەکانی ڕەخنەی نەریتی، مێژوویی و دەرەکی، لەگەڵ ڕەخنەی هەنووکەیی، دەقی و ناوەکی، دەیان قوتابخانەی تازەی ڕەخنەیی هاتوونەتە ئاراوە کە لە هێندێــك بواردا تەواو دژبەری یەکترن. تەنانەت کار گەیشــتووەتە جێگایەك کە لەســەر بنەمای لێکدانەوەکانی ستانلی فیش و ئیدەی "کۆمەڵگای ڕاڤەیی" و "ئاسۆی

چاوەروانییەکان"ی تیری ئیگلتۆن و جاوس و "رەهەندی رۆحی"ی دەقی ئیسیر بتوانین بانگی "مەرگی رەخنەگر" بدەین و خوێنەرەوە نەك هەر لە داوی نووسەر، بەڵکو لە چنگی رەخنەگریش رزگار بکەین. لە هەلومەرجێکی ئاوادا پرسیاری رەخنەی بوونیاتنەر و رووخێنەر هێندە سەرەتایی دێتە بەرچاو، کە باشتر وایە مرۆڤ هەر لە بێوەلامیدا بیهێڵێتەوە.

**پرسیار: رەخنەگرانمان بەدەر لەکاری خۆیان(رەخنەگر)یی، هاوکات(بەدیل دۆزەرەوە) یشن، پێتوایە ئەم دووانە گەرەکیان بە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟ کەنگێ دەقی ئەدەبیی(ئەڵتەرناتیڤ) دەخوازێت؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەگەر ئاکامی رەخنەی رەخنەگرێك دواجار ئەوە بێت کە پێمان بڵێت ئەم بەرهەمە دەبوایە ئاوا نەنووسرابا و ئاوا نووسرابا، ئەوە هەر دەبێت لە سەرەتاوە رەخنەیەکی وا پێشکەشی خۆی بکەینەوە و بیرێك لە حاڵی خۆمان بکەینەوە کە هەبوونی ئەم دیاردەیە لە ناوماندا چەندە دووری کردووینەتەوە لە تێگەیشتنی هەموو دەستکەوتە تیۆری و هزرییەکانی ئەم سەردەمە. لە هیچ زانکۆیەکی دونیاشدا من دیسیپلینێك شك نابەم کە تێیدا خوێندکار پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی ئاڵتەرناتیڤ بۆ کاری خەڵکی تر بدۆزێتەوە. بە واتایەکی تر کەس ئەم ئیزنە بە خۆی نادات کە بە کەسێکی تر بڵێت تۆ دەبا وات نووسیبا و وات نەنووسیبا.

رەنگە بپرسی باشە ئێمە ئەگەر کتێبێك بخوێنینەوە و سەدان هەڵەوپەڵەمان تێدا بینی نابێت بڵێین ئەوانە نا دروستن؟ ئەمەیان شتێکی ترە و رەنگە هەر بەشمەینەتیی ئێمەی کورد بێت کە هێشتاش سەرمان بەمجۆرە گرفتانەوە قاڵە و لە کۆڵانەکانی راستنووسی و رێنووسی و رێزمانیدا سەرگەردان ماوین. لە رۆژاوادا ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوەندە سەقامگیر و نەهادینە بووە کە کتێبێکی لەم چەشنە قەت رووی چاپ بە خۆیەوە نابینێت. ئەدەبیش ئەوەندە بە جددی وەردەگیرێت ئەگەر رستەیەك و وشەیەك لەگەڵ نۆرمی باو یەکی نەگرتەوە، ئەوە دەبێت بە سووژەی لێکۆڵینەوەی وردی خاوەنرایان. بۆ نموونە بیهێنینە بەر چاومان کە جەیمس جۆیسێکمان لە کۆمەڵی کوردەواریدا لێ پەیدا بێت و هێندێك وشەی باو تێکدا و هێندێك وشەی "سەیر و سەمەرە" داتاشێت. کێ هەیە بڵێت ئەمە داهێنان و ئافراندنی ئەدەبییە؟ هێندێك "زمانناس"(دیاردەیەك کە بە کەس ناچێتەوە سەریەك ئەوەیە، گەلۆ ئەم "زمانناسان"ەی ئێمە لە کوێ وانەکانیان خوێندووە و فێریان بوونە) هەر زوو تاوانباری دەکەن کە نازانێت بە کوردی بنووسێت و

خیانەت لە زمانەکەمان دەکات.

بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنی پرسیارەکەت پێمخۆشە ئاماژەیەك بە ئەدەبی ئاڵتەرناتیڤ لە روانگەیەکی ترەوە بکەم. ئاڵتەرناتیڤ نەك بە مانای پێشنیاری رەخنەگر بۆ نووسەری بەرهەم و ویستنی ئەوەی کە شتێکی تر لە جێگای بەرهەمێك دانێت، بەڵکو بە مانای ئەوەی کە لە هەلومەرجی دوا کلۆنیالیستیدا نۆرم و بەها خۆماڵییەکان لەبەرامبەر نۆرم و بەها داسەپاندراوەوەکاندا زەق بکرێنەوە. بۆ ئێمەی کورد بۆ نموونە ئافراندنێك لە دەرەوەی جووتنەوەی بەرهەمە عەرەبی و فارسییەکان دەتوانێت شێوەیەك بێت لە ئەدەبی ئاڵتەرناتیڤ. ئەدەبێك کە سەرەرای پێبەندبوونی بە دەستکەوتە جیهانییەکانی ئەدەب، دواجار کوردبوون و کوردیبوونی خۆی زەق دەکاتەوە و لە دیالێکتیکی نێوان خۆماڵی و جیهانیدا بالانسێك رادەگرێت کە ببێتە مۆرکی ناسنامەیەکی جیا لەوانی تر. "ئەدەبی کەمایەتیی" بەو جۆرەی دلۆز و گوتاری ئاماژەی بۆ دەکەن، دەکرێت وەك جۆرێك لە ئەدەبی ئاڵتەرناتیڤ ببیندرێت.

**پرسیار: ئەو رێگایانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان (نووسەر-وەرگر)؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنین لە فیکری خوێنەردا تا تێکەڵبوون و هاوەستییەکی رەگناژۆیی بخوڵقێت ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لەوەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** رەنگە لە وتووێژێکدا دروست و لە هەمانکاتدا گونجاویش نەبێت کە مرۆڤ باس لە سەرجەم لایەنە پێچەڵپێچەکانی شێوازی گەیشتنی پەیامی نووسەر و بەرپرسیارییەتی دەق و رۆڵی خوێنەرەوە بکات لە چلۆنایەتی پێوەندییان بە یەکترەوە. بۆ کەسانێك کە هۆگری زانینی میکانیزمی چلۆنایەتیی کارکردی گواستنەوەی پەیام لە نووسەرەوە بۆ خوێنەرەوەن، خشتە ساکار، بەڵام پڕمانایەکەی رۆمەن جاکوبسۆن یارمەتیدەرێکی باشە. ئەگەر ئاڵقەی پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەرەوە بریتی بێت لە کۆدەق و نووسین و کۆدە جیاوازەکان، تێکەڵاوێك لە رەوتی کارتێکەری و کارلێکەری پەیامی نووسەر دەگەیەنێتە خوێنەرەوە. لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم کە کارکرد و رۆڵی هەر یەك لەم لایەنانە لە رەوتی مێژوویدا گۆرانکارییان بەسەردا هاتووە و نووسەری خودایی و دەقی پیرۆز و خوێنەرەوەی بێ هەڵوێست و مانای تاقانە جێگای خۆیانداوە بە سەربەخۆیی خوێنەرەوە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی خۆی، لە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەقدا.

ئیتر نە نووسەر خودایە کە نهێنییەکانی ژیانمان بۆ ئاشکرا بکات و نە دەق ئەو دیاردە پیرۆزەیە کە خاوەنی یەك مانا بێت و نە خوێنەرەوەش ئەو کەسە پاسیڤەیە کە دالآنەکانی زەینی بداتە دەست شەپۆلەکانی دەریای نووسەر و ئیشکارۆی دەق و نە رەخنەگریش ئەو زاتەیە کە بتوانێت خوێندنەوەی خۆی بەسەر کەسدا زاڵ بکات و نە ماناش قەتیسکراوی مەبەستی نووسەرە. ئەوە بۆچوونێکی لیبرالآنە نییە ئەگەر بڵێین هەموو خوێنەرەوەیەك نووسەرە و لە کاتی خوێندنەوەدا دەق دەنووسێتەوە و لە هەمانکاتیشدا بەپێی توانایی خۆی، رەخنەگرە. هەروەها هیچ شاکارێکیش نییە کە بڵێین چەندمانایی لە سەردەمی ئێستادا ئەو دیاردە رۆژانەیەیە کە هەموو دەمیٚ تووشی دێین و بۆچوونەکانمان لە ساتەوەختە جیاوازەکاندا گۆرانییان بەسەردا دێت. لێرەدا مەبەست کەمکردنەوەی ئاستی هیچکام لەو لایەنانە نییە کە بە یەکەوە جغزی نووسین و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن پێکدێنن. مەبەست داننانە بە گۆرانێکی سەرەکی لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە و بەها حاشا هەڵنەگرەکانی ئەو وەك بوونەوەرێکی ئازاد و سەربەخۆ. ئەگەر لە جیهانی دەرەوەی زەینی ئێمەدا شتەکان ئاوا نین کە ئێمە بانگەشەیان بۆ دەکەین، یاخود دەخوازین وا بن، ئەوە گرفتێکی ترە و باسێکی تر دەخوازێت.

**پرسیار: لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچرژانێکی ریشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەمجۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزموونکراوە، بەلآم شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەلآوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێك لە خزمەتی ئەدەبی کوردا بووە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** راستییت بوێت، من بەوردی ئاگاداری هەلومەرجی ئێستای شیعری کوردی نیم. ئەگەرچی دەزانم کە شیعر نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو سەردەمانێك لە هەموو جیهاندا تەنیا پێوەر و دووانگەی ئەدەب بووە و تا ناوەراستەکانی سەدەی بیستەمیش لە زۆر فەرهەنگدا شیعر ناوێکی تر بووە بۆ ئەدەب، بەلآم ئەمجۆرە ئەدەبییەش زۆر کەوتووەتە بەر شالآوی گۆرانکارییە بەربلآوەکانی بواری ئێپستیمۆلۆژیا و پێداویستییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگاوە. ئەگەر مێژووی ئەدەبی هێندێك نەتەوە و فەرهەنگ یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتن لە گۆرانکارییە شێوازی و مانایی و دەلالییەکانی شیعرییانە، بەداخەوە کەمایەسییەکی بەرچاو لە توێژینەوەی شیعری کوردیدا خۆیا دەکات. ئێمە نەك هەر بە زمانێکی ئەورووپایی، بەڵکو هەر بە زمانەکەی خۆشمان مێژوویەکی تۆکمەی شیعری کوردیمان نییە. تاك و تەرا لێرەولەویٚ هێندێك

زانیاری دەســـت دەکەوێت، بەڵام بۆ دەربڕینی ڕایەکی شـــیاو و نزیك لە ڕاســـتی، دەبێ خۆمان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و نووسراوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعر بەتایبەتی، پشت ئەستوور کەین. ئەمەش شتێکە من شکی نابەم.
جێگای خۆیەتییە لێرەدا پێداگری بکەم لەسەر پێداویستییەکی لەم چەشنە و ئاواتەخواز بم کە بەرپرســـانی فەرهەنگیی کوردستان و دامودەزگا زانســـتییەکانی وڵات بیرێك لە پرۆژەگەلی لەم چەشـــنە بکەنەوە. ئەگەر بمانەوێت خۆمان بە دونیای دەرەوە بناســـێنین، ناچاریـــن لەوەی کە لانی کەم گوڵبژێرێك لە میراتی فەرهەنگی و ئەدەبیمان ئاراســـتەی دونیا بکەین. ئێســـتا کە ئەم دێڕانە دەنووسم بیتەوەی بمەوێت بیری ئەو قسانەم کەوتەوە کە باراك ئۆباما لە ڕۆژی دووشـــەممە نۆی مانگی دووی ســـاڵی ٢٠٠٩ لە کۆنفرانســـە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەســـەر ئێران کردی و تێیدا هێندە پەسنی فەرهەنگی کۆنی ئێرانی دا. هەر چەند ڕۆژی پێشتریش جۆ بایدنی جێگری ئۆباما، لە ئالمان بە شان و باڵی ژیاری فارس و ئێرانیدا هەڵگوت. ئەگەرچی هەردوو ئەم وتارانە مەبەستی سیاسییان لە پشتە، بەڵام لە بیرمان نەچێت کە فارسەکان لە پێشکەشکردن و ناساندنی ئەدەبی خۆیاندا زۆر سەرکەوتوو بوونە. چەند ســـاڵ لەمەوبەر وەرگێڕانی شیعرەکانی مەلای ڕۆمی لە ڕیزی پرفرۆشترین کتێبەکانی ئامریکادا بوو. خاڵێکی تریش کە دەمەوێت بە خێرایی ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە، لای من زۆر ڕوون نییە بۆ دەبێت ژمارەیەکی زۆر لە شـــاعیرانی کورد هێندە هۆگری ئەدەبی دراوسێکانیان بن.
من هێندێك شـــیعری کوردی دەخوێنمەوە زۆر بە ئاسانی شوێن پێی لاساییکردنەوەی شـــاعیرانی ئێرانییـــان تێـــدا دەبینـــم. ڕەنگە ئەگەر شـــارەزای شـــیعری عەرەبییش بام وێکچوونییەکی لەم چەشـــنەم لەنێوان شـــیعری ئەم شـــاعیرانە و بەرهەمی شـــاعیرانی عەرەبدا دۆزیباوە. بە باوەڕی من لاسایکردنەوەی دەقاودەق زۆر ئەستەمە لە درێژخایەندا ســـەرکەوتوو بێت. ئەگەر شیعری فەرەنساویی دەیەکانی پەنجا و شێستی سەدەی پێشوو هەڵگری کارتێکەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و زانینناسییەکانی سەردەمی خۆی بووە، نازانم لاســـایکردنەوەی لەلایەن شـــاعیرێکی کوردەوە چەندە دەتوانێت مانا بە هەبوونی ئەدەبێکی دەوڵەمەندی کوردی بدات.

**پرسیار: شیعری ئێستا، بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یاخود شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرنگیی بە خەمە کۆ-کان دەدا، ئەو گۆڕانکارییەی ئێســـتا لە بنیاتی دەقە(هاوچەرخـ)ـەکانەوە هەســـتی پێدەکرێت، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعیی دەکات؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** کاك رابەری ئازیز! ئیزنم بدە بڵێم پرسیارێکی وا دەتوانێت بابەتی لانی کەم وتارێکی بەپێز بێت. نازانم ورووژاندنی پرسیارێکی ئاوا گشتی لە وتوویژێکدا چەندە کارێکی شیاوە. ئەگەر قەرار با ئەو وتوویژە بەشێك با لە پرۆژەیەکی بیرلێکراوەی لێکۆڵینەوە و منیش کەسێك بام کە توانیبام و ویستبام لەم پرۆژەیەدا بەشدار بم، ئەوددەم دەکرا بە تەرخانکردنی کاتێکی شیاو و گونجاو و پێویست قۆڵم لێ هەڵماڵیبا و دەستم بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە و مەیدانی کردبا و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەم خستبا بەردەستی ئێوەی ئازیز. ئاخر خەمی بچووك چییە و خەمی کۆ کامەیە و چۆن پێناسە دەکرێن؟ من بە گوێرەی کامە پێناسە دەبێ شوێنپێی ئەمجۆرە خەمانە لە بەرهەمە شیعرییە کوردییەکاندا هەڵگرم. رەنگە دیسان بە شێوەیەکی گشتی بتوانم بڵێم کە گۆڕانکارییە جیاوازەکانی بواری کۆمەڵگا و مرۆڤ دەبنە هۆکاری سەرەکیی بۆ گۆڕانکاریی لەو جۆرەی ئەدەبی و فۆرمەکانیاندا. بەڵام رەنگە شتێك بە نەگۆڕی بمێنێتەوە و ئەویش ئەوەیە کە لە هەر سەردەمێکدا ئەدەبێکی تایبەت دێتە ئاراوە و ئەم ئەدەبەش بە نۆرەی خۆی کار دەکاتە سەر خەملاندنی بیر و هۆشی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە. ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە دەرەوەی زەمەن و شوێنی خۆی هەر کارتێکەریی دەمێنێت، ئەوە ئەو رازە لەمێژینەیەی ئەدەبە کە بەردەوام جێگای مشتومڕی تیۆریی ئەدەبی بووە.

**پرسیار: ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێت لە خولقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانی لەگەڵ(پێکهاتەی دەق)دا فەراهەم دەکات، بەدەر لەسەر وەختی لەدایکبوونی دەقێکی شیعریی؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** دەقێك چۆن بەرهەم دێت و نووسەرێك چۆن دەبێتە ئافرێنەری گێڕانەوەیەك کە بە میلیۆنان خەڵك دەکاتە خولیای خۆی؟ ئەگەرچی لە هەموو جۆرەکانی ئەدەبدا شتێك هەیە کە نێوی تێکنیکە و زاڵبوونی بەرهەمهێنەر بە تێکنیکە جیاوازەکانی جۆرەیەکی ئەدەبی دەبێتە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتووبوونی، بەڵام ئافراندنی هونەری دواجار هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە تەنیا لە قۆناغی تێکنیکیدا نامێنێتەوە.

شارەزایی نووسەر بە تایبەتمەندییە تیکنیکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی لە رەهەندێکی ئێستایی و دیرۆکیدا بەس نییە بۆ ئافراندنی هونەری. ئەدی ئەوە چییە کە بەرهەمێك دەکاتە شتێکی هونەریی سەرکەوتوو و ئەوی تریان ناگەیەنێتە ئەم ئاستە؟ ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامێکی سانای نییە. رۆڵی نەریت، میراتی فەرهەنگی، گوتاری سەردەست و باو،

وێڕای گرنگیی حاشاهەڵنەگریان، ناتوانن پێمان بڵێن بێکێت و داستایۆڤسکی چۆن بوون بەو ئافرێنەرانە کە بوون. ئەوەی بە توانایی و زەوق و ئیستیعداد ناسراوە، ئەو شتە پڕ لە ڕاز و ڕەمزەیە کە زەینی مرۆڤی هەموو کاتێ داگیر کردووە و ئەوەندەی من بزانم وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی بۆ نەبیندراوەتەوە.

میریام ئالۆت لە کتێبی (ڕۆمان بە گێڕانەوەی ڕۆماننووسان) باس لە چەندین ڕۆماننووس و بۆچوونیان لەسەر ڕۆمان دەکات. بەڵام سەیرەکەی ئەوەیە هەر کامەیان بە جۆری تایبەتیی خۆی لە نووسین دەڕوانێت و هەر کامەشیان شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە. ڕەنگە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی دواجار بە پێوانەیەکی بەرهەست و چاوییانە ئەندازە گیرابا و ئەو قسەی ڕەخنەگرانی نوێ و فۆرمالیستەکان ڕاست بوایە کە دەقی ئەدەبی دواجار بەپێی تێکنیکە دەکارهاتووەکانی هەڵسەنگێندرابا، ئێمە هەموو کاتێ لەگەڵ شتێك یان شتگەلێکی وێکچوو ڕووبەڕوو دەبووینەوە. بەڵام ئەو یارمەتییە گەورەی ئەوان بۆ دۆزینەوەی جوانییەکانی شیاوی ئەندازەگرتنی بەرهەمی ئەدەبی قەت نەبووە ئەو کەرەسەیەی کە بتوانێت دوا قسە لەسەر ئەدەب بکات و کاروانی تیۆریی ئەدەبی هەردەم لە ڕۆیشتن بەردەوام بووە. ڕەنگە چەمکی داهێنراوی شکلۆڤسکی و ئاخێنباومی فۆرمالیست لەمەڕ "ئەدەبییەت" هێشتاش دوای دەیان ساڵ زایەڵەیەکی خۆشئاهەنگی لە زەینی هەموو ئەو کەسانەدا هەبێت کە خولیای ئەدەبن و بە دوای وەڵامێکدا وێڵن کە دەبێت سیحری ئەم ئەدەبییاتە چی بێت و چۆن بەرهەم بێت.

سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕ بە توانایی تاك لە ئافراندندا باوەڕێکی بەهێزە، بەڵام لەبەرئەوەی کە دواجار هەموو دەقێك لە گفتوگۆیەکی نێواندەقییانەدایە لەگەڵ دەقگەلی تر، هەم لە ئێستا و هەمیش لە ڕابردوو و داهاتوودا، ئەستەمە هیچ بەهرەیەك بتوانێت بە تەنیایی و لە دەرەوەی شارەزایی و زانیاریی تێکنیکیی ئەدەبی، خولقێنەری دەقی سەرکەوتوو بێت. لە بیرمان بێت هەر ئەو لایەنە لەپێناسە نەهاتوویە دەبێتە هۆکاری بوونی دەقی ئەدەبی بە دیاردەیەکی چلۆنایەتی نەك چەندایەتی. ئاشکراشە جیاوازیی چلۆنایەتییەکان ئیزنی ئەوە بە مرۆڤ نادات بە شێوەیەکی ئاندازیارانە بچێتە ناو دونیای پێوانی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بە پێوەری بەرهەست. خۆ ئەگەر ئەمە بۆ مرۆڤ لوابا، دەکرا کردەی ئافراندنی ئەدەبی درابا بە کامپیوتەر و شیاوترین بەرهەمی ئەدەبی ببوایە ئاکامی دارشتنی پرۆگرامێك بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی. جا بۆیە ئەستەمە بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیەنەوە کە دەقنووس و دەق چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەوەی کە دەق دەقنووس دەنووسێتەوە یان بەپێچەوانە، هیچ گرێیەك لەم گلۆڵە سەروبنتێکەڵاوە ناکاتەوە. ئایا دەکرێت بڵێین دەقی سەرکەوتووی ئەدەبی ئەنجامی

کۆبوونـــەوەی زانایی و بەهرەیە لەلای نووســەرێکی دیاریکراودا؟ مـــن پێموایە وەڵامی پرسیارێکی لەم چەشنە دەبێت ئەرێنی بێت.

**پرسیار: پێت وایە هۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێك، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیاتی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێت؟ بە واتەیەکی تر: بۆ ئەوەی پێکهاتەی دەق بپارێزین لە کاڵگەرایی و بوونی کاتیی، چی بکەین باشە؟**

**د. هاشـــم ئەحمەد زادە:** چاك لە مەبەستی ئەم پرسیارە ناگەم. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کـــە دەقێك بریتییە لـــە کۆمەڵێك بوونیاد یان پێکهاتە، ئـــەوەی کە ئەو پێکهاتانە چین و چۆن خۆیان لە تەنیشـــت یەکتردا دەبیننەوە، پرســـیارێکی گرنگە کە جێگاکەی دەبێت وانەیەکی دەرسیی زانکۆ بێت. دەقێك کە باس لە پرسە هەمیشەییەکانی مرۆڤ دەکات، دەتوانێت لە بەرامبەر تێپەڕبوونی زەمەندا مانەوەی خۆی بپارێزێت و ببێت بە ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە شێوەی تێگەیشتنی مرۆڤەکانی سەردەمێکی دیاریکراو لە کۆمەڵێك گرفتی هەردەم ئامادە لە ژیاندا.

بـــۆ نموونە پرســـی مـــەرگ و ئەو ڕاســـتییە کە مرۆڤ هـــەردەم بەدەم ئەم پرســـەوە ناڵاندوویەتـــی، بووەتە هەوێنی زۆر بەرهەمی ئەدەب لە ڕەوتی مێژوودا. لەبەرئەوەی کە هێشـــتاش مەرگ ئەو دیاردەیەیە کە ڕووبەڕوومان دەبێتـــەوە، خوێندنەوەی چلۆنایەتیی ڕەنگدانـــەوەی دیاردەیەکی وا لە دەقێکی ســـەرکەوتووی ئەدەبیدا دەتوانێت لانی کەم لە کەڵکەڵـــەی زەینی هاورەگەزەکانمان لە ســـەردەمێکدا ئاگادارمان کاتەوە و ببێتە هۆی ســـوکنایی ئێســـتامان. بەڵام لێرەشدا جوانیناســـی و تێکنیکی ئەدەبی ئەو شتانەن کە دەبێ لە دەقەکەدا ئامادەییان هەبێت، ئەگینا چێژبەخش نابن و لە باشترین حاڵەتدا دەبنە کەرەســـەیەك کە لـــە تێڕوانینی مرۆڤ، لە دیاردەیەك لـــە کات و زەمەنێکی دیاریکراو دەدوێن.

ئافرانـــدن و بەنامۆکردنی دیاردەکان لە ئەدەبدا هەموو کاتێ جێگای ســـەرنج بووە. کاتێك دیلان تۆماس دەســـتەواژەی نەبیســـتراو و نەبیندراوی وەك "پەژارەیەك پێشـــتر" دەکاردێنێت، ئاماژە بۆ سەردەمانێك دەکات کە پێوانەی ئەندازەگرتنی کات لە کاتژمێر و خولەك و چرکەوە دەبێتە "پەژارە". بەم کارە ئاســـتێکی جوانیناســـی و لەهەمانکاتدا پڕمانا دەبەخشـــێت بە نووســـین. "مانگی تورە"شـــی دەتوانێت هەوێنی ماناکردنەوەی جیاواز بێت و ئاســـۆکانی زەینی خوێنـــەرەوە دوورتر و دوورتر بکاتـــەوە. ڕەخنەگرێکی ئینگلیزی، جۆناتان کەیپ، لە هەڵسەنگاندنی ڕۆمانە پڕفرۆش و سەرکەوتووەکەی ئیەن

مەكیوان، تۆبەدا، دەڵێت كاتێك مەكیوان لە بارەی "پەرداخێك بیرەدا" دەنووسێت، ئێمە تەنیا پەرداخە بیرەكە نابینین، بەڵكو بە ئیشتیایەكی زۆرەوە حەز دەكەین بیخۆینەوە.

باشە ئەوە دەبێت ئاكامی كامە تایبەتمەندیی نووسین بێت كە دەقێك بتوانێت كارتێكەرییەكی ئاوا لەسەر خوێنەرەوە دابنێت؟ لەم پێوەندییەدا دەتوانین بپرسین ئەوە چ كەموكورییەكە لە رۆمانێكی كوردیدا دەیبینین كە سەرەرای دەیان لاپەرە باسكردن لە مۆسیقا و ئیعجازەكانی، هێشتا دەنگێك ناگاتە گوێی خوێنەرەوە؟ لەهەمانكاتدا پێوەندیی رۆمانێكی دیاریكراو بە پێشینە و نەریتی نووسین لە ئاستی ناوخۆ و جیهانیدا ئەو خاڵە گرنگەیە كە من وەك خوێنەرەوەیەك لە زۆربەی هەرە زۆری رۆمانە كوردییەكاندا نایبینم.
ئەگەر هەر باسی تۆبەی مەكیوان بكەین، دەبینین كە سەرتاپای رۆمانەكە ئەنجامی درۆی كچێكی دەساڵانەیە. بەلام چ شتێك ئەم رۆمانە هێندە خۆشەویست و كارتێكەر دەكات لە لای خوێنەرەوە كە شتێكی ئاسایی، واتا درۆكردنێك ببێتە هەوێنی ئافراندنی وردترین سەفەر بە كۆلانەكانی دەروونی مرۆڤدا؟ خوێندنەوەی ئەم رۆمانە بۆ شارەزایەكی بواری رۆمان دەریدەخات كە نووسەرەكەی پەرەپێدەری تێكنیكی گێرانەوەی لاورێنس، وۆلف، ئامیس، فۆرستێر، روشدی و فاولزە، نەك هەر بە شێوەیەكی میكانیكی، بەڵكو بە شێوەیەكی ئافرێنەرانە. مرۆڤ دەتوانێ دڵنیا بێت ئەگەر مەكیوان ئاگادرای ئەم بەرهەمانە نەبوایە و دەقەكەی شێوەیەك لە گفتوگۆی لەگەڵ دەقەكانی پێشتردا نەبوایە، نەیدەتوانی ببێتە ئاڵقەیەك لە زنجیرەی بەردەوامیی رۆمانی ئینگلیزی. هەربۆیە بە سانایی دەكرێت بگوترێت كە بەرهەمی سەركەوتوو دواجار ئەنجامی زانین و ئەو شتەیە كە لە كوردیدا بە بەهرە ناوی دەبردرێت.

**پرسیار: بۆچی رەخنەی بەراوردكاریی كاری لەسەر نەكراوە، بە شێوەیەك كە سەرچاوەمان لەمبارەیەوە هەبێت، لە كاتێكدا دەبوو ئێستە زیاتر لە جاران بایەخی پێدرابا، چونكە نا ئامادەییی لە رۆژگارێكی وەكوو ئەمرۆدا هەم(بۆشایی) و هەم (قەیران) و هەم دەرگەی(داخستنی سەردەمێك)یشمان بە رووودا دەكاتەوە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** كاك رابەری ئازیز، كامە بواری كۆمەڵگای كورد كاری لەسەر كراوە كە رەخنەی بەراوردیی لەسەری نەكرا بێت؟ ئێمە دەزانین لەبەر زۆر هۆكاری مێژوویی، سیاسی، كۆمەلایەتی و تەنانەت فەرهەنگییش، ئێمە بێبەری بووینە لە هەبوونی دامودەزگای تایبەت بە لێكۆڵینەوە. لە رۆژگاری ئێستاشماندا، سەرەرای هێندێك دەستكەوتی هێشتا سەقامگیرنەبوو، هێشتا دوورین لەو بەستێنەی كە بواری

وامان بۆ برەخسێنێت، تا ئاوری تیژوپڕ لە پرسەکانمان بدەینەوە.

من ئەگەرچی هێندێکجار باوەڕێکی بوونگەرایانەم لا دروست دەبێت کە هانم دەدات لەسەر توانایی مرۆڤ بە دوور لە هەلومەرجی ژیانی حیساب بکەم، بەڵام دواجار ئەوە هەلومەرجی شیاو و لەبارە کە برەو بە لێکۆڵینەوە دەدات. تۆ برۆ ماڵپەڕی زانکۆکانی ئێمە، لەگەڵ هەر زانکۆیەك لە وڵاتانی دراوسێماندا لە بواری لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە بەراورد بکە، بزانە لە کوێی ئەم جیهانەدا ڕاوەستاوین؟

ئەگەرچی رەخنەی بەراوردی لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن کەسانی وەك سپیواکەوە، وەك دیسیپلینێکی مردوو ناوزەدکراوە، بەڵام من پێموایە ئەگەر هەموو بنەماکانی ئەم جۆرە رەخنەیە لەبەرچاو بگرین، دەتوانێت تیشك بخاتە سەر زۆر لایەنی ناروونی جیهانی ئەدەب. گرنگە لە دەلاقەی بۆ نموونە سەرهەڵدانی رۆمان لە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبیدا چاو لە ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای خۆمان بکەین. گرنگە بزانین چەندە لەژێر کارتێکەریی ئەواندابن و چەندەش دەتوانین لە دانوستاندنی فەرهەنگیدا، خاوەنی سەرمایەیەکی ئەوتۆی ئەدەبی بین کە شیاوی بەخشین بە ئەوان بێت.

**پرسیار: لە ئێستادا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاستن لە خستنەرووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕێکلامەی لێرەدا مەبەستمە، دابەشبووە بەسەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حزبەکان. نووسەری ئیبداعکار بۆ ئەوەی پردێك دروست بکات بۆ بەیەکتر گەیشتنی داهێنان- ڕێکلام، چی دەبێت بە کۆمەککارێکی تەندروست؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەگەرچی هەر بوارێکی نووسین دەستەواژە و چەمکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کارتێکەریی جوانیناسانەی نووسین هەموو بوارێکی گرتووەتەوە. بە واتایەکی تر ئیتر دەربرینی ئەدەبی و ئەدیبانە هەر لە ماڵی ئەدەبدا میوان نییە، بەڵکو کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ڕێکلامیش ئەم شێوازە نووسینە رەچاو دەکەن و خوازیاری کارتێکەریی تەواون لەسەر کڕیارانی شتومەکەکانیان. هانس بێرتێنز لە کتێبەکەی لەسەر تیۆریی ئەدەبیدا باسی شیرکەتێکی ڕێکلام بەنێوی هینز دەکات کە بۆ فرۆشتنی فاسۆلیا ڕێکلامێکی بەم ناوەرۆکە ساز دەکات: "فاسۆلیا یانی هینز"(هەڵبەت گەمەی زمانی و ماناییەکە لە زمانی ئینگلیزیدا دەردەکەوێت کاتێك شتێکی سەرنجراکێش لە ئاکامی گۆڕینی ڕێنووس و خوڵقاندنی ئاهەنگێکی تایبەتدا دێتە کایەوە: "Heinz Meanz Beanz"). سیاسییەکانی سەرکەوتووی جیهانی

ئەمرۆ، کەڵك لە دوا تێکنیکەکانی ئاخافتن وەردەگرن. کەسـانێکی وەك ئولاف پالمەی سـویدی، تۆنی بلەیری ئینگلیزی و ئێستاش ئۆبامای ئامریکایی بە هۆی توانایی بەرزی ئاخافتنیان جێگای سەرنجی کەسانێك بوونە کە کار لەسەر کارکرد و تایبەتمەندییەکانی ئاخافتن و هونەری وتاربێژی دەکەن.

سیاسـەتمەدارانی دونیا تواناترین نووسـەران بۆ نووسـینی وتارەکانی خۆیان بەکار دەهێنن و بەمجۆرە دەیانەوێت لە گواستنەوەی پەیامەکانیاندا گەڵك لە ئیعجازی وشە و شێوەی دەربڕین وەرگرن. رەنگە ئەو راستییە کە ژیاننامەی ئۆباما تژییە لە جوانیناسیی نووسـین، بێ کارتێکەری نەبووبێت لە راکێشانی سەرنجی خەڵکی ئامریکا بۆ لای ئەو. هەڵبەت سـیحری وشـەی جوان و ئاخاڤتنی بـە پلان هەر لە یونانـی کۆنەوە خولیای بیرمەندان بووە و کاریان لەسەر کردووە و دەورەی فێربوونیان بۆ داناوە. بەمجۆرە گرفت لـە دەکارهێنانی دەقی ئەدەبی بـۆ رێکلام گرفتێك نییە و رەنگە زۆر ژیربێژانەش بێت. ئەگـەر ئەو رایەی جۆناتان کالێرمان لەلا پەسـەند بێت کە دەقی ئەدەبی دەتوانێت وەك سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بـۆ لێکۆڵینەوەی سیاسـی و کۆمەڵایەتی بەکار بێت، ئیتر بۆمان دەردەکەوێت کە نووسـینی جوان تەنیا لە ئافراندنی ئەدەبیدا بەرتەسك نابێتەوە. مێژووی رووسیای ترۆتسکی هەر لایەنە فاکتایی و مێژووییەکانی نییە کە کردوویانەتە خاوەنـی ناوبانگێکـی زۆر، بەڵکو شـێوازی نووسـینە زەریف و جوانەکەشـی بووەتە هۆی بەرزنرخاندنی. ئەم نرخاندنە لەسـەر کارەکانی مێژوونووسـی ئینگلیزی، ئێریك هابسباومیش کراوە و ئاستی جوانیی نووسینەکەی سەرنجراکێشە.

سەرەرای ئەم راستییانە، تا ئەو جێگایەی من ئاگاداری نووسینە جیاوازەکانی کوردی بم، وێکچوونییەکی زمانیی سەیر بەدی دەکەم. ئەگەر لە نووسینەکانی نووسەرێکی ناسراو و ناوبەدەرەوەی کورد ورد ببینەوە دەبینین هەم شیعر و هەم وتار و هەمیش رۆمانەکانی و تەنانەت شـێوەی ئاخافتنیشـی هەر یەك شـتە. ئەمە بە باوەری مـن کەموکورییە. دەکـرێ زمانی ئەدەبی و دارشـتنی هونەری لە هەموو ئەمجۆرە نووسـینانەدا هەبێت، بەڵام نەك بە یەك ژارگۆن و بە یەك شـێواز. من دەتوانم دە لاپەرەی رۆمانێکی کوردی بە جیا بڵاوبکەمەوە و ناوی وتارێکی لەسـەر بنێم و رەنگە کەسیش هەستی پێ نەکات. ئەمـە خۆی لە خۆیدا کارێکی شـیاو نییە. دەکرێ مرۆڤ وەك میـلان کۆندێرا وتار و گێرانەوە تێکهەڵکێشـی یەکتر بکات، بەڵام هەر کە یەکییان تەواو دەبێت و ئەوی تریان دەستپێدەکات، خوێنەرەوە زوو هەست بە گۆرانی شێواز و تەنانەت وشەکانیش دەکات.

**پرسیار: کەنگیٚ زمان- گوتن ڕووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قووڵ و ئیستێتیك و بابەتییانە دەبنەوە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** هەر وەك لە وەڵامی پێشترمدا ئاماژەم پێکرد، جۆرەکانی نووسین هەمبانەی وشە و چەمکی تایبەتیی خۆیان هەیە. نووسینێکی بابەتییانە دەتوانێت لایەنی جوانیناسیی ئەدەبیی تێدا ڕەچاو بکرێت، بەڵام دیسانیش جیاوازە لە بەرهەمێك کە لە پۆلێنکردنی جۆرەییدا دەخرێتە خانەی بەرهەمی هونەرییەوە. لەخۆڕا نییە ئێستا لە زانکۆکانی جیهاندا وانەی چۆن نووسین لە بەشی زانستە سرووشتی و پزشکییەکانیشدا دەگوترێتەوە.

**ڕابەر فاریق: ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێت بۆ بنیاتنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێت؟**

**د. هاشم ی ئەحمەدزادە:** ئایا دەکرێت نووسەر داهێنەر بێت و خەیاڵ کۆڵەکەیەکی سەرەکیی داهێنانەکەی نەبێت؟ خەیاڵ ئەو دیاردە لە قیمەت نەهاتوویەیە کە بە تێکەڵاوی لەگەڵ زانین و ئەزموون دەتوانێت ناوت بەرێتە نێو ناوان.

**ڕابەر فاریق: دێکارت ڕوانینێکی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام(بیرکردنەوە) دەتوانی(بوون)ێکی پڕ جووڵە و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێت، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند پەیوەستە بە(ئاگایی) و(ئەوانی دیکە)وە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** دڵنیام لە منت ناوێت دەست بکەم بە شیکردنەوەی وتە بە ناوبانگەکەی دێکارت و ئەوەی ئێستا دوای تێپەڕبوونی سێسەد و شێست ساڵ بەسەر مەرگی ئەودا چ لەسەر ئەم دەربڕینە گوتراوە و چ گۆڕانکارییەك بەسەر ناوەڕۆکی ئەم چەمکە و چلۆنایەتیی بیرکردنەوە و گرنگیی بیرکردنەوە و پێوەندیی لەگەڵ هەستی و بووندا هاتووە، ڕاستییەکەی نە بواری منە و نە پێشموایە بابەتێکی ئاوا لە چوارچێوەی وتووێژێکدا دەگونجێت. خۆزگە لە داهاتوودا پرسیاری هاوڕێیانی ڕۆژنامەنووسی ئێمە

بە تێبینییەکی وردتر و پسـوپڕانەتر ئاراسـتە بکرێن. ڕەنگە لـە پەیوەندی لەگەڵ ئەم قسەیەی دیکارتدا لە جێی خۆیدا بێت شتێك وەبیر خۆمان بێنینەوە و ئەویش ڕەسەنایەتیی ئەندێشە و خاوەنداربیەتی بیرێکی تایبەتە لەلای هیندێك بیریاری گەورە. ئەوە لەخۆرا نییە دەربڕینی "کۆگیتۆ ئیرگۆ سوم"(بیردەکەمەوە واتا هەم)ی دیکارت و سەگەکەی پاولۆڤ و تیۆریی ڕێژەییی ئەنیشتاین لەخودی دیکارت و پاولۆڤ و ئەنیشتاین بەناوبانگترن.

**پرسیار: چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** واقیع دواجار ئاکامی شێوەی ڕوانینی ئێمەیە بۆ شتەکان. ئەگەر ئێمە لە ڕوانینی خۆماندا گۆڕانکاریی پێك بهێنین هەموو ئەو واقیعانەی لەگەڵ شـێوە ڕوانینی بە کۆمەڵی ئێمە نایەنەوە، دەبێ بگۆڕدرێن. مـن شـتی نەگۆڕ شـك نابەم. وەك دەڵێن تەنیا شتی نەگۆڕ، گۆڕان خۆیەتی. هەرچی هەیە دەبێت کەرەسەکانی گۆڕان تەیار بکرێن. تا ئەوجێگایەی دەگەڕێتەوە سـەر واقیعە کۆمەڵایەتییـەکان، گۆڕانیان نەتەنیا هەلومەرجی لە باری خۆی دەوێت، پلانداڕێژیی ئاگایانەش شـەرتی سـەرەکیی شێواز و ڕەوتی گۆڕان و ئەنجامە ئەرێنییەکانییەتی.

**رابـەر فاریق: (دوریس لیسـینگ) ڕوانینی وەهایە: (هەندێك کەس بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسـەنایەتیی لە مرۆڤدا کاڵدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەسـتم هێناون). ئەم ڕستەیەی لیسینگ لە کوێوە ناکۆك و تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ(داهێنەر) و(داهێنان)ی ئەدەبیی؟**

**د. هاشـم ئەحمەدزادە:** زۆرم پێخۆش دەبوو سـەرچاوەی ئەم دەربڕینەی ڕۆماننووسی خاوەن خەڵاتی نۆبێل خاتوو دوریس لیسـینگت دەستنیشـان کردبا. بۆیە ئەم خۆزگەیە دەردەبرم، بۆ ئەوەی شـتێك لەسـەر گرنگیی چلۆنایەتیی ئاماژە بە قسەی خەڵکانی تر لە ئاخاوتن و وتارەکانماندا بکەم. من کە بۆخۆم لە جیلی مارکسیسـتەکانی سـەرەتای هەشـتاکانم، کۆمەڵێك بیرەوەریی تاڵم لەم شـێوە ئاماژەدانانە بە قسەکانی پێشڕەوانی مارکسیسم هەیە. ئێمە زۆرجاران تەنیا بە گێڕانەوەیەکی پچڕاو لە کۆدەق و هەلومەرجی نووسـین، یان دەربڕینی قسەی پێشەنگێکی مارکسیستی بەرامبەری خۆمان بە ئەرێنی یان نەرێنی دەخسـتە بەر شاڵاوی هێرشـی "تیۆریك" و هەموو جارێ سەرکەوتوو لەو شـەڕە دەهاتینە دەر. نەریتێکی وا لە نێـو خەڵکانی باوەڕمەند بە ئایین و بەتایبەتی لە

سـەردەمی ئێستادا هۆگرانی ئیسلامی سیاسیدا هەیە کە قسەکانی خۆیان بە هێنانەوەی نموونە لە حەدیس و ئایاتی قورئان دەرازێننەوە. زۆرجاران مەبەستێکی شاراوە یان دیار، ئاگایانــە یان ناخودئاگایانە لەم کارەدا ئەوەیە کە لایەنــی بەرامبەرت لە بەرامبەر ئەم قســانەدا بێچەك بکەی و بە شــێوەیەك لە مەشروعییەتی بەرز و بانتر کەڵك وەرگری بۆ بەزاندن و دەمکوتکردنی کەسانی تر.

لــە راڤەی هەمــوو دەقێکدا لەبەرچاوگرتنی کۆدەق و زەمینە و پێشــخانی دەق زۆر گرنگــە. لــە هەمانکاتدا لەبیرمان بێت کە هیچ دوو دیاردەیــەك و دوو قۆناغێك و دوو کۆمەڵگایــەك کۆپیی یەکتر نین و ســەرەڕای کۆمەڵێك وێکچوویــی لە نێوانیاندا، هەر یەکەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بۆیە دەربڕینێکی گشــتی دروســت نییە بە تەنیا ببێتە هۆکاری باوەڕی ئێمە بە دروستی و نادروستیی شتێك. هەر بۆیەشە لە کاری ئاکادێمیکدا دەبێــت پێوەندییەکی قووڵ لــە نێوان لێکۆڵینەوە و چەمك و ئامــرازی لێکۆڵینەوە و هەڵســەنگاندندا هەبێــت. بــە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانــە نابێت ئێمە پێداویســتیی رەخنەگرتن بەتەنیا لەم قســەیەی خاتوو لێسینگ وەرگرین. ئەگەر نووسین و خوێندنەوە دوو دیاردەی بەرهەســت و حاشــاهەڵنەگرن، ئەوا رەخنەش وەك گۆشــەی سێهەمی ئەم سێگۆشەیە دەبیندرێت. ئەگەر نووســەر پێی وانەبێت لە شێوەی خوداکانە و وەك ئەوان دەنووسێت، بێگومان نووسینەکانی دەبنە ئامانجی رەخنە. ئەگەر نووسەر پێی وانەبێت کە هەموو شت دەزانێت و لە ســەرووی تێگەیشتنی خوێنەرەوەکانییەتی، گومانی تێدا نییە کە دەبێ ببێت بە سووژەی رەخنە. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا تەماشای دەربڕینەکەی لێســینگ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کارتێکەریی رەخنە لەســەر نووسەری ئازاد و تینــووی فێربوون، چەندەیە. داهێنانی ئەدەبییش بەو مانایە نییە کە لە رەخنە بەدوورە. بەپێچەوانەوە، چونکە داهێنان دواجار شتێکی زەینییە و بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە بەر خوێندنەوەی زەینگەلێك کە لە باری شناســەوە (کاگنیتیڤ) جیاوازییان هەیە و هەر ئەمەش دەبێتەهۆی سازبوونی دیالۆگێکی هاندەر بۆ ناسین و دۆزینەوە. لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و لە زەینی ئازاددا ئەستەمە داهێنان نەبێتە هۆی پرسیار و باس، لەسەر بەرهەمی داهێنەرێك.

ئەگــەر بەرهەمی ئەدەبی پرس خوڵقێن نەبێت و هاندەری بیرکردنەوە نەبێت و لەوەش گرنگتر، ئەگەر خوێنەرەوە بە چاوی رەخنەییەوە نەروانێتە دەق، مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگا هێشتا ئەسیری باوەڕە ئایدۆلۆژیك و دۆگماکانە. من لەم وەڵامەدا وەك هەموو جێگایەکی ئەم ئاخافتنە "رەخنە" بە مانای کریتیســیزمی ئینگلیزی دەکاردەهێنم کە شتێك نییە جگە لە هەڵســەنگاندن، خوێندنەوە، راڤەکــردن و لێکدانەوە، بە یارمەتیی تیۆریگەلی

ئەدەبــی وەك هەوڵێك بۆ هەڵێنجانی مانا و دوورەپەرێزی لە باوەڕهێنان بە یەکمانایی و تەنیامانایی و دوامانایی دەقێك.

**پرســیار: یەکێك لــە ڕوانینەکانی(دێرك واڵکــۆت) وەهایە:(ئــەدەب دەمی زامێك هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵیدەداتەوە). ئێمە دەتوانین بەمشــێوەیە بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردیی، قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکان؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ڕەنگە جیاوازییەکی ســەرەکی لەنێوان گێڕانەوەی مێژوویی و گێڕانــەوەی ئەدەبیدا، جگە لە لایەنی هونەریی ئەدەب، ئەو ســەفەرە دەروونییە بێت کە گێڕانــەوەی ئەدەبی بەناو ناخی کاراکتێرەکانیدا دەیکات. ئەگەر مێژوونووس و تەنانەت دیســیپلینەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان و کارتێکەرییان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگا باس دەکەن، ئەدیبەکان دیوی ناوەوەی مرۆڤەکان لە پێوەندی لەگەڵ دیاردە جۆراجۆرەکاندا دەخەنە ڕوو. ئەگەر مێژووی شۆڕشــی فەرەنسا گێڕانەوەی شــیکارانەی هۆگران و دژبەرانی شۆڕشــەکە بێت، ئەوە ڤیکتۆر هۆگۆیە کە بە تیفتیفەدانی کەســیاتییەکانی، بەناو دەروونیاندا شــۆڕ دەبێتــەوە و دیمەنەکانیان بۆ هەمیشــە لە زەینی ئێمــەدا دەهێڵێتەوە. کامە ســەرچاوەی مێژوویی دەتوانێت ژاوێر و کۆزێت و ژان والژانمان بۆ بەرهەم بهێنێت؟ ئەگەر مێژووی شــەری ڕووســیا و فەرەنسا گێڕانەوەی ڕووداوگەلی بەرەکانی شــەڕە، بۆ تێگەیشتن لە کارتێکەریی شەرەکە لەسەر هەســت و دەروونــی مرۆڤــەکان، تۆ دەبێ پەنا بۆ تۆلســتۆی بەریت، تا بزانی شــەڕ چ ئاسەوارێك لەسەر هەبوونی مرۆڤدا بەجێ دەهێڵێت.

ئەگەر نــەداری و قاتیوقوری لایەنێکی بەرچاوی دەورەیــەك لە مێژووی کۆمەڵگای ڕووســەکان بێت، ئەوە لە(برایانی کارامازۆڤ) و (تاوان و ســزادا)یە کە دەبێت بەشــوێن چڵۆنایەتیــی ڕەنگدانــەوە و کارتێکەریی ئەم دیاردانە لەســەر دەروونی ئینســانەکاندا بگەڕێیت. ئەگەر ئادرێسی دروستت بۆ ئاگاداربوون لە کارتێکەریی کۆلۆنیالیزم بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگای کۆلۆنیالکراودا دەوێت، دەبێت پەنا بۆ(شتەکان هەڵدەوەشێن)ی ئاچیبێ و(دڵی تاریکیی) کۆنــراد بەری. ئەگەر ڕوانینێکی وردەکارانــەت بە تاکرەهەندیبوونی مرۆڤدا دەوێت، ڕەنگە باشــتر لەهەر دەقێکی دەروونشیکارانە ڕۆمانی کازۆ ئیشیگارۆ، (پاشــماوەکانی ڕۆژێك)، دەهاناتەوە بێت، کاتێك لێکۆڵینەوەی کەسایەتیی پێشخزمەتی کابرایەکی دەوڵەمەند لە ماوەی ســی ســاڵدا دەبێتە هەوێنی ســەرەکیی ڕۆمانەکەی و

کێبەرکێی هەست، ئەڤین، ڕاستگۆیی، ئەرکناسی و نەریت، لەوپەڕی وردەکاریدا وێنا دەکرێت.

لە ئەدەبییاتی خۆشماندا بەرهەمگەلی وامان هەن کە لە نەخشاندنی ڕووداوە مێژووییەکانی کورددا توانیوییانە وەستایانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسایەتییەکانیاندا بکەن و کۆمەڵێك ڕووداوی تاڵی کۆمەڵگای ئێمە بە گێڕاندنەوەیەکی هونەری زیندوو ڕاگرن. تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سڕینەوەی بیری مرۆڤی کورد، ڕەنگە بە جوانترین شێوە لە کەسایەتیی جەلادەتی کۆتردا خۆ بنوێنێت، کاتێك ئەو دەبێت هەموو هونەری ژەنینی مۆسیقا لەبیر خۆی بەرێتەوە. ئەو دایکەی لە تاریکیدا جەنازەکان لە بیابانان کۆ دەکاتەوە ئەو ئافراندنە هونەرییەیە کە کارەساتی ئەنفال لە فەرامۆشکردن دەرباز دەکات. ژنکووژی کەنگیَ دەتوانێت تا ئەو ئاستە لە بیری ئێمەدا زەق بێتەوە، ئەگەر چارەنووسی هەلاڵە نەبێتە ئەو گێڕانەوە هونەرییانەی کە عەتای نەهایی بۆمانی دەستەبەر دەکات. کارتێکەریی نامۆییسازانەی تاراوگە لە(باڵندەکانی دەم با)دا جوانتر لە هەر دیسیپلینێکی تر، خۆی دەردەخات و ئاکامی ناهومێدکەرانەی شکستی کۆماری کوردستان پتر لە هەر بەرهەمێکی مێژوویی لە چارەنووسی لاس و یادگاردا خۆی دەنوێنێت. بەرەو ڕووبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی و ئیدیئالی، مرۆڤی کورد دەبێتە سووژەی گێڕانەوەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ و بەمجۆرە دەبنە سامانی گێڕانەوەی کوردی. کەڵکەڵەی زەینیی گەنجی کۆمەڵگای نە مۆدێرن و نە نەریتیی کورد، ئەو سووژە ناوەندییەیە کە(لەسەر باران دەنووسم)ی جەبار جەمال غەریب بۆ وێناکردنی قوڵ هەڵدەماڵێت. کارتێکەرییەکانی تاراوگە و پەرۆشیی بۆ جیهانی بیرەوەرییەکانی لەدەستچوو، هەوێنی (تەمی سەر خەرەند)ی شێرزاد حەسەن و (پاییزی درەنگ)ی فیرات جەوەرین.

ڕەنگە بەسەرهاتی تاڵی کوردان لە(هاواری دیجلە)ی ئوزوندا ئەوپەری بوار بۆ دەرخستنی خۆی بدۆزێتەوە و لە(گاوا ماسی تی دەبن)ی حەلیم یووسفدا گێڕانەوەی چارەنووسی سیزیفانەی مرۆڤی کورد و باری کوردایەتییەکەی، خۆی بگەیەنێتە ئاستی بەرزی گێڕانەوەی ئەدەبی.

**پرسیار: پێوەندیی نێوان(دەق) و(چێژ)، لە نێو ئەدەبی ئێمەدا، تا دێت کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، تا ئێستەیش ئێستگەلێك بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون لەلایەن ڕەخنەگرانمان - ئەگەر بڕیارە ڕەخنەگرمان هەبێت-، بۆ ئەوەی تێکەڵاوبوونێکی ڕەگنازیی بخوڵقێنین، پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ناکرێت دەقێکی سەرکەوتوو، چێژبەخش نەبێت. هەڵبەت دەبێت بڵێین چێژ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، تووشی گۆڕان دێت. بەڵام، چێژ وەرگرتن لە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگە ئەو خاڵە گرنگە بێت کە هاندەری مرۆڤەکان بێت کە پەنا بۆ دەق بەرن. ئەوە چ تایبەتمەندییەکی دەقی ئەدەبییە کە لە نێو شەمەندەفەر و پاس و فڕۆکەدا و لە کاتی حەسانەوە لە ڕۆخی دەریادا مرۆڤەکان پەنا بۆ خوێندنەوەی دەبەن؟ وێدەچێت لە تەنیشت حەزی مرۆڤ بۆ فێربووندا، چێژ وەرگرتن ئەو نهێنییە بێت کە هاندەری خوێنەرەوەیە بۆ بەسەربردنی کات، بە خوێندنەوەوە. کەڵك وەرگرتن لە میراتی خۆماڵی و جیهانی، دەتوانێت دەرفەتی ئافراندنی وا بۆ نووسەر دەستەبەر بکات کە چێژ بکاتە بەشێکی جیانەبۆوە لە دەق.

ستێرن و سێرڤانتێس و بۆلگاکۆڤ، ئافرێنەری ئەو دەقانەن کە تێپەڕینی زەمەن لە چێژبەخشینی بەرهەمەکانیان کەم ناکاتەوە. ئایا دەکرێت نووسەری کورد لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی تراژێدییانەی کورددا بتوانێت سووژەی چێژی خوێندنەوە بۆ خوێنەرەوە دەستەبەر بکات؟ ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی هەڵگری هەموو لایەنە سەرکەوتووەکانی دەقێکی بەرز بێت و نووسەری کورد مەلەوانی چاکی دەریای ئەدەب بێت، ئەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بە بێ هیچ گومانێك، ئەرێنییە.

**پرسیار: دەق دەتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤ لە بەرانبەر نامۆیی و بێزاری، تا دەقنووس لە سەرەوەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببات؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** باش لە مەبەستی پرسیارەکە ناگەم، چونکە نازانم سەرەوەختی تەنگانە چ جۆرە سەرەوەختێکە. تەنیا ئەوەندە دەزانم کە بۆ هێندێك کەس نووسین جۆرێکە لە تراپی، واتا شێوەیەك لە چارەسەری و دەرمان. زۆر نووسەر هەبوونە و گوتوویانە و هەن کە دەڵێن ئەگەر نەیاننووسیبا و نەنووسن دیقیان دەکرد و دیق دەکەن.

**پرسیار: ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** زۆر حەز دەکەم لە باری مانایی و دەکارهێنانی چەمکی ڕۆشنبیر لە ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا باش تێبگەم. ڕاستییەکەت بوێت، لە ناوی وەزارەتەکەوە

تا ئاڵۆزیی ناخۆش و سەرەگێژەهێنەری ئەوانەی هەڵگری ئەم ناوەن، هەموویان بۆ من پرسیارن. ئەوەندەی من ئەم چەمکە لە کوردستان دەبیسم، قەت لە ئوروپا نایبیسم. ئەوەندەی ڕۆشنبیری کورد ناز بەسەر دەسەڵات و زەمەن و زەمیندا دەکات، ئەوەندە خاوەنی بەرهەم نییە. ئەگەر خێرا چاو بە کارکردی بیریارانی ئەم سەردەمەی جیهاندا بخشێنین، هەموو بیرمەندانی گەورە، خاوەنی کارێکی دیاریکراو و بوارێکی دیاریکراوی زانست و زانین بوونە. من قەت ناتوانم سارتر لە کارەکەی جیا کەمەوە و تەنیا نازناوی ڕۆشنبیری بە بەردا هەڵدرووم. فوکۆی بێکار و دێریدای بێ کتێب، قەت نەیاندەتوانی ببنە ئەو کەسانەی کە هەبوون. لە کۆمەڵگایەکدا کە کار دابەش ناکرێت، بەرپرسیایەتی دیاری ناکرێت، زۆر سانایە کە سنووری پێناسەکان تێکەڵ بکرێت.

**پرسیار: ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لەچی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێك خۆی نواندووە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەم پرسیارە وا داڕێژراوە وەك ئەوەی ئێمە باش دەزانین کە ڕۆشنبیرەکان کامانەن و لەسەر هەر یەکێکیان لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلمان کردووە و ئێستا وەڵامەکانمان لایە. ئەم وەڵامە لانی کەم لای من نییە. بەس تەنیا یەك شت دەزانم و پێمخۆشە باسی بکەم و ئەویش ئەمەیە کە هەر سەردەمە و هەر کۆمەڵگایەك بیریار و خاوەنرای خۆی هەیە. هەوڵدان بۆ گواستنەوەی نازناوەکان بە دوور لە تێگەیشتنێکی ورد و قووڵ، لە قۆناخی گەشەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، تووشی بەلاڕێداچوونمان دەکات.

**پرسیار: لە نێو(ڕۆشنبیر)انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێك گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژە دان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێك و کەسێك وەکو(ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** دیسانیش دووپاتکردنەوەیە، ئەگەر بڵێم من ئەم پۆلینبەندییە نابینم. جیاوازییەکان بە باوەڕی من ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ئافراندنی لە بنەڕەتدا جیاواز نین، بەڵکو پتر ئەنجامی هۆگرییە ئایدۆلۆژیك و سیاسییەکانن. من دڵنیام کۆمەڵێك مرۆڤی دڵسۆز و بەتوانا لە گۆڕەپانی هزری کوردیدا هەبوونیان هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاسەواری کاری بە پلان و ئامادەبوون لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا،

ئەو شـــتانەن هەتا وەدیهاتنیان ڕێگایەکی دووریان لەبەرە. ئێمە ئەگەر ســەردەمانێکی زۆر بە دەســت پارچەپارچەبوونی سیاسیدا ناڵیومانە، پێمخۆشە و ئاواتەخوازم لە ئاستی فکر و ئەندێشــەدا جێ بە هەڵسوکەوتی خۆبەزلزانانە و خۆناوەند نەدەین. دوگمای خۆ بە ڕاستزانین و ئەوانی تر بە نەزان دانان، پەتایەکی کوشەندەیە.

مــرۆڤ دەبێت دڵــی بۆ فەزایەك لێ بدات کــە تێیدا ڕێز و هاودەنگی پێششــەرتی سەرەکیی هەموو جۆرە پێشبڕکێ و کێبەرکێیەکی هزرییانە بێت. دواتریش هەر سەردەمە و پێشــەنگیی فیکریی خۆی هەیە، لە هەموو بارەکاندا. فکر و ئەندێشــە و شــێوازی نوێ هەتا لە کۆمەڵگادا ســەقامگیر دەبن، زەمەن دەخایەنێت. ئێمە هەموو بەسەرهاتی دۆزینەوە وەرچەرخێنەرەکەی گالیلە و چارەنووســی ئەم مرۆڤــە دەزانین و ڕەنگە تۆبەی ئەو مرۆڤە مەزنە لە پشــتی سەدەکانەوە هێشــتا بانگەوازی شەرمەزاریی دەورەیەك لە دەسەڵاتی کەنیسە بکات و ئەوەی کە ئێستا کەنیسە دوای ئەو هەموو ساڵە هەستی بەوەی کردووە، دەبێ داوای لێبوردنی لێ بکات، دەرســێکی گــەورە بێت بۆ هەر بۆچوونێکی دۆگمایی و شێوازی هەڵســوکەوت لەگەڵ بیری نوێ، لەلایەن دەسەڵاتەوە، جا چ ئایینی چ سێکیولار.

ئێمــە کاتێك باس لە تیۆری و داهێنانی نوێ دەکەین، دەبێ هەمیشــە لەبیرمان بێت زەمەن یەك لە فاکتۆرەکانی دانپێداهێنان و ســەقامگیربوونیانە. چارەنووســی میشێل فوکۆ و هەڵســوکەوتی سەرپەرشــتیاری تێزەکەی لە زانکۆی بەناوبانگی ئوپسالا، تەنیا چوار دەیە لەمەوبەر ڕوویدا. ئەگەر ئەو کات مامۆستایەکی زانکۆ لە فوکۆ تێنەگەیشت، تەنیا چەند ساڵێك دواتر لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوون بە هەوێنی وانە سەرەکییەکانی زانستە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکان، لە ئاســتێکی جیهانیدا. لە ساڵی ١٩٨٠ زانکۆی کەمبریجی بریتانیایــی کۆلین مەککەیب دانامەزرێنێت، لەبەرئــەوەی بۆچوونە پێکهاتەخوازەکانی مەککەیب لە هزری چەقبەستووی دامەزرێنەرانیدا جێگایان نەدەبۆوە. ئەم ڕووداوە دەبێتە تەقینەوەی چەمکی "پێکهاتەخوازی" لەم وڵاتەدا و ئەمڕۆ مەککەیب و لێکۆڵینەوەکانی شوێنێکی گرنگیان لە ئاســتی جیهانیدا هەیە و کەمبریج لەوکاتەوە هەتا ئێستا سەدان وتــار و کتێبــی لە ڕوانگــەی پێکهاتەخوازییەوە و لەســەر پێکهاتەخوازی چاپ و بڵاو کردووەتەوە.

هەڵبــەت لەبیرمــان بێت تیۆرییەکان گۆڕینیان بەســەردا دێت و دێــن و دەڕۆن. بۆ خوێندکارێکی زمانناســیی سەرەتای هەشتاکان، چۆمسکی ناوەندی سەرەکیی باسەکان بــوو و کەس نەبوو لە خوێندنەوەی گرامێری تێپەڕییانە و ژێرخان و بنخانی ئەو قوتاری ببێت. بەڵام ئێســتا دوای ســی ساڵ شــتەکان تەواو بەپێچەوانەن و ناوەڕۆکی وانەکانی

زمانناسی هاتنە کایەی دەیان چەمك و باوەڕی تریان بەخۆوە بینیوە.
جا بۆیە ئەوە شتێکی ئاساییە کە ناو و ناوبانگی پیشەنگە هزرییەکان لە هەڵکشان و داکشاندابێت. ئەگەر تۆ لە هەموو سەردەمانێکدا هەر جەمسەرێکی هزری و ناوێکی ناوەندییت هەبێت، دەبێ شك لە ئاستی گۆڕانی کۆمەڵگاکەت بکەیت. ئاشکرایە لە گەمەی نێوان هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگادا دەسەڵات و زانین هەموو دەمێ لە پێوەندییەکی تێکەڵاودان و بە شێوەی جۆراجۆر یەکتر بەرهەم دێننەوە. خاڵی گرنگ لەم پێوەندییەی دەسەڵات و زانیندا، ناتوانێت بەس بە گوێرەی پێوەرە ئەخلاقییەکان بێت و بە گوێرەی ویستێکی ئیدێئالیستانە بەرەو پێش بڕوات. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بالانسێکی شیاو لە نێوان ئەم دوو دیاردەیەدا و تێگەیشتن لە میکانیزمی هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە یەکتر، خاڵێکی بەرچاوە لە ئاستی پێگەیشتنی لایەنەکان بە پێداویستیی لە حاشا نەهاتووی یەکتر.
هەروەها لە جێگای خۆیدایە ئاماژە بە ئەو ڕاستییە بکرێت کە لە سەردەمی ئێستادا شوێنێك بۆ ڕووناکبیری جیهانی نییە و کەسێك ناتوانێت بەم داوایە بێتە مەیدانەوە کە کلیلی چارەسەریی گرفتەکانی مرۆڤایەتیی لە ئاستێکی جیهانیدا پێیە. تێبینیی فوکۆ لەسەر بەرپرسیارییەتی ناوچەیی ڕووناکبیر، دەرسێکی مەزنی بۆ ئێمە تێدایە. ئەگەر ئێمە لە شوێنی کار و ژیاندا بەرەنگاری دەسەڵات(بەمانای بەربڵاوەکەی خۆی) ببینەوە، ئەوا ڕێگامان بۆ چارەسەریی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و فکریی خۆمان خۆش کردووە.

**پرسیار: کۆمەڵگە و تاکی کوردیی توانیویانە لە گۆڕانە بەردەوامەکاندا خۆیان بەرجەستە بکەن و جۆرێك لە فرە ڕەهەندیی ڕوانین بەرهەم بهێنن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەم پرسیارە زۆر گشتییە. کامە کۆمەڵ و تاکی کورد و لە کوێ و کەنگێ؟ ئەگەر گۆڕان ڕوویدابێت لە کام بوار و لە چ ئاستێکدا دەبێت شوێنپێی هەڵگرین؟ پێویست بە لێکۆڵینەوەی ورد ناکات کە بۆمان دەرکەوێت کۆمەڵگای کوردی لە هەموو بەشەکانیدا لە زۆر بارەوە گۆڕاوە و من پێموایە ئەوە لە ئاستی ئەدەبیشدا ڕاستییەکە و بەرهەمی ئەدەبیی ئێستامان لەچاو پێشتر تایبەتمەندیی تری بەخۆوە گرتووە. بەڵام تا گەیشتن بە کۆمەڵگایەك کە تێیدا فرە ڕەهەندی ببێتە شێوە ڕوانینی زاڵ، بەسەر هزر و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئێمەی کورددا، هەست دەکەم هێشتا ڕێگایەکی درێژمان لەبەرە. ئەگەر ڕۆژێك ڕۆمانی کوردی بوو بە هەڵگری ئەو شتەی کوندێرا پێی دەڵێت ڕۆحی ڕۆمان و ئەویش شتێك نییە جگە لە ژیربیژیی گفتوگۆ، ئەو کات مرۆڤ

دەتوانێت دڵخۆش بێت کە بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردییشدا گۆڕان گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز. ئاخر دواجار گفتوگۆ ئەو ڕەمزەیە کە ڕازە نەگوتراو و نەدۆزراوەکان دەستەبەر دەکات و تەلیسمی جادووکراوی لێکتێنەگەیشتنەکان دەشکێنێت. دەبێ جارێکی تریش بچینەوە سەر هۆکارەکانی گرنگیدانی کەسێکی وەك باختین بە گفتوگۆ و چەنددەنگی و ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردانە، لەو جۆرەی ئەدەبیی ڕۆماندا.

**پرسیار: بۆچی زۆربەی چیرۆکنووسە کوردەکان وەکوو پلیکانە تەماشای چیرۆك و نۆڤلێت و ڕۆمان دەکەن، یانی لەمەوە بۆ ئەو، لەویترەوە بۆ ڕۆمان؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** باسی دابەشکردنی جۆرەکانی ئەدەب و پێوەری ئەم دابەشکردنە مێژوویەکی درێژی هەیە و لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و کاتێك یۆنانییەکان شێوازەکانی دراما و ئێپۆس و شیعری غەزەلییان لە یەکتر جیا دەکردەوە. ئەفلاتون لە( کۆمار)دا لێدوانەکەی سۆقرات بۆ ئادیمانتوس دەگێڕێتەوە کە تێیدا ئاماژە بە کۆمێدی، تراژێدی، میتۆلۆژی، شیعر و شێوازەکانی جۆراجۆری گێڕانەوە دەکات. (پۆئێتیکس)ی ئەرەستوو لەسەر بنەمای وێکچوویی و جیاوازیی شێوازە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی باس لە تراژێدی، کۆمێدی، شیعر، دراما و ئێپۆس دەکات و کۆمەڵێك تایبەتمەندی و پێناسە دەداتە هەر کام لەم جۆرانەی ئەدەب. لە سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە نەریتی کۆنی یۆنانییەکان لە دەستنیشانکردنی جۆرە ئەدەبییەکان پتر پەرەیسەندووە و سەرەڕای هێندێك دەنگی دژ بە پێویستبوونی پۆلێنکردنی دەقی ئەدەبی و هونەری، ئەم نەریتە وەك دیاردەیەکی جێکەوتوو لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدایە و وەك کالێر دەڵێت بووەتە کردەیەکی بەکەڵك بۆ دیاریکردن و وەڵامدانەوەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەرەوە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو پێوەرانەی ڕۆژگارێك کارناسانی ئەدەبی و هونەری دەیانتوانی لەسەریان ڕێککەون تووشی ئاڵۆزی هاتوون و پەرەگرتنی بەردەوامی شێوازە ئەدەبییەکان دیاردەی جۆرەی ئەدەبییان پتر لە پێشتر تووشی بیر و بۆچوونی جیاواز کردووە. یەك لەمجۆرە ئەدەبییانە کە سنووری دەستنیشانکراوی جۆرەکانی ئەدەبیی تووشی گرفت و نابەردەوامی کردووە ڕۆمانە.

وەك ڕیکۆر ئاماژەی پێ دەکات بەر لە ڕۆمان جۆرەکانی ئەدەبی بە سنوورە شکڵگرتووەکانی خۆیان خاڵە جیاوازەکانی نێوان خۆیان زەق دەکردەوە، بەڵام ڕۆمان دێت و ڕێککەوتنەکانی پێشوو تێکدەدات و بەمجۆرە پێناسە گشتی و سەقامگرتووەکان دەشێوێنێت. ئەم پێشەکییەم بۆیە خستە پێش وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەوەی ئاماژەیەکم

کردبێت بە پێشینە و ڕەوتی پێناسەی جۆرە ئەدەبییەکان. سەرەتا دەبێت باوەڕ بەوە بێنین کە باشترین سەرچاوە بۆ پێناسـەی جۆرەکانی ئەدەب ئەدیبان خۆیان نین. لەو ئاماژانەی کە بە سەرچاوەکانی یۆنانیمدا دەردەکەوێت کە دارێژەرانی تیۆریی ئەدەبی نەك ئەدیبان، بەڵکو تیۆریزانانی ئەدەبن. ئاخر خۆ ئەرەسـتو و ئەفلاتون و سیسیرۆ و سۆقرات ئەدیب نەبوون، هـەروەك چۆن کالێر و ریکۆریش ئەدیب نین. هەربۆیە بە باوەڕی من دەبێت لە شـوێنێکی تر و لە هەگبەی کەسـانی تردا سۆراغی پێناسەی جۆرەکانی ئەدەب بکەین. گرفتێکـی چەمکی "چیرۆك" ئەوەیە کە ئەوەندە گشـتییە دەتوانێت هەموو جۆرەکانی گێڕانەوە دەخۆیدا بشـارێتەوە، لە شـێوەی زارەکییەوە بۆ شێوە جۆراجۆرەکانی نووسراو. گرفتەکـە ئەوەیە ئێمە سـەرچاوەی پێناسـەکانمان ڕۆژئاواین و لە ڕۆژئاواشـدا ڕەوتی سـەرهەڵدان و گەشـەی جۆرەکانی ئەدەبی تەواو وەك ئەزموونی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی نین. هەر بۆیە گواستنەوەی چەمك و واتەگەلی ڕۆژئاوایی بۆ بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کە خاوەنی ئەزموون و مێژوویەکی جیاوازە لە ئاستی نووسیندا گرفت خوڵقێنن.

ئێستاش دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر ئەزموونی ئەدەبی نوێی گێڕانەوەیی فارسـیدا ئێمە دەبینین کە فارسـەکان چەندین ناویان بۆ دەستنیشانکردنی شێوازەکانی ئەمجۆرە ئەدەبییە هەیە و هێشـتاش نەیانتوانیـوە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەیان لەم بارەوە هەبێت. لە کوردییشـدا پێموایە تا ڕادەیەك تووشـی گرفتی لەم چەشنە هەین و بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی زاراوەییش هێشـتا بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئەدەبی گێڕانەوەیی پێویسـتیمان بە کاری وردتری فەرهەنگنووسیانە و چەمکیشکارانە هەیە. ئەگەر پێناسـەی دروسـتی چیرۆك، هەڵبەت ئەگەر لێرەدا تەنیا بـە مانای گێڕانەوە بە شـێوەیەکی گشـتی دەکاری بێنین، کورتە چـیرۆك یاخود چیرۆکی کـورت، نۆڤێلێت و ڕۆمان، بکەین زوو بۆمان دەردەکەوێت کە گریمانەی پرسیاری ئێوە لە جێی خۆیدا نییە و لە ڕاستیدا ئەم سێ جۆرە ئەدەبییە وەك پلیکانەکانی پەیژەیەك بەو شێوەی ئێوە ڕیزتان کردوون بە دوای یەکتردا نایەن. هەست دەکەم ئەم تێبینییە پتر لەسەر بنەمای قەوارەیی خۆی دارشتووە و پێیوایە چیرۆك زۆر کورتە، نۆڤێلێت دوورودرێژترە و دواجاریش ڕۆمان لە هەردووکیان دورودرێژترە و ژمارەی لاپەڕەکانیشی زیاترە. لە هەمانکاتیشدا ئەم بۆچوونە قەوارەیی و پەیژەییانە تێگەیشـتنێکی گەشەیی هێگلیانەشی تێدایە و وەك ئەو بۆچوونە دەچێت کە داخوازیی سیاسـیی کوردان بە خودموختاری و فیدرالی و سـەربەخۆیی وەك سـێ قۆناخی جودا و گەشەییانە دابەش دەکات. لەبەرئەوەی ئەم سێ جۆرە ئەدەبییە یان وەك ئێوە دەڵێن ژانرە ئاکامی سیسـتمی پۆلێنکردنی ڕۆژئاواین، دەبێت دواجار بچینەوە

سـەر سـەرهەڵدان و گەشـەی مێژووی ئەم ژانرانە لە ڕۆژئاوادا. ئەگەر وەڵامێکی خێرا مەبەست بێت، دەتوانم بڵێم تەواو بە پێچەوانەی گریمانەی پرسیارەکەی ئێوە ئەوە ڕۆمانە کە بەر لە چیرۆکی کورت و نۆڤێلێت سەر هەڵدەدات.

جا ئەگەر لەنێو ئێمەدا وا نەبووە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی کوردی و هەلومەرجی گەشەکردنی. بۆ نموونە ئەم ڕەوتە لە ئێراندا بەپێچەوانەیە و بەر لە ساڵی ١٩٢٠ کە وەك سـاڵی لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی فارسی ناوبانگی دەرکردووە، لانیکەم مێژوویەکی ٢٥ ساڵەی ڕۆماننووسـیمان هەیە. ئەگەر دەستپێشخەریی کەسانێکی وەك ئالێن پو، دومۆپاسـان و گوگۆل بکەینە سـەرەتای سـەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی نوێ، دەبینین مێژووی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی لانیکەم دەگەڕێتەوە ٢٥٠ ساڵ پێشتر لە سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی نوێی ڕۆژئاوایی. هەڵبەت دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم لەمەڕ دەکارهێنانی چەمك و واتەکانی ئەدەبـی کاتێك دەمانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە چوارچێوەی چەمکگەلی باودا هەڵسەنگێنین. ئەگەرچی چەمکەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگاخۆشـکەرن و هاسـانکاریمان بۆ دەکەن، بەڵام قەت نابێت بـبن بە زیندانێك بۆ بەندکێشانی ئەزموونە تایبەتییەکانی بوارێکی دیاریکراوی لێکۆڵینەوە. جەیمز ڕۆزێناو لەم پێوەندییەدا داهێنەری چەمکێکی تایبەتە بە ناوی "زیندانە چەمکییەکان". بەپێی ئەم چەمکە لێکۆڵەرەوە نابێت بەستێنی لێکۆڵینەوەی خۆی تووشی زیندانی چەمکەکان کات و بەزۆری بیانخاتە ناو چوار دیواریی چەمکێکی دیاریکراوەوە. هەر بۆیە هەبوونی کورتـە چیرۆکی کوردی بەر لە ڕۆمانی کوردی و ئەو ڕاسـتییە کە ئەم دیاردەیە لەگەڵ نۆرمـی باوی ئورووپایـی نایەتەوە، نابێتـە خاڵێکی لاواز لە ڕەوتـی ئەدەبی کوردیدا. بەپێچەوانـە ئەمە تایبەتمەندییەکی سرنجڕاکێشـە و دەکرێت مـرۆڤ لە هۆکارەکانی ئاگادار بێت، نەك بە پشتبەسـتن بەم دیاردەیـە بڕیارێکی تیۆریك بدات و بڵێت ڕۆمان جۆرەیەکی ئەدەبییە کە دوای چیرۆکی کورت و نۆڤێلێت سەر هەڵدەدات.

**پرسیار: کاتێك بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ حەفتاکانی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی، دەبینین وەك هەبـوون، چیرۆکمان هەیە و دیدی بیبلۆگرافیانەی نووسـەرەکانیان هەردەم هەوڵی سـەلماندنەوەی بوونـی دەقەکان دەدەن، نەك پرسـیار، جا بۆ ئـەوەی چیرۆکیش ببێت بە پرسیار لەبەردەم مرۆڤدا، لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕەوتەکە چۆن وەربچەرخێنین؟**

**د. هاشـم ئەحمەدزادە:** پێموایە دەبێت مەبەسـتت لە "دیدی بیبلۆگرافیانە" ڕوانینی بیۆگرافییانە واتە ژیاننامەییانە بێت. ئەگەر باش لە مەبەستی پرسیارەکەت تێگەیشتبم

دەتەوێت بڵێی کە چیرۆك و ڕۆمانی حەفتاکان پرس خوڵقێن نەبوون و ئێستا دەبێت کارێکی وا بکەین ئەم تایبەتمەندییە بدەین بە ئەدەبی سەردەم. ڕەنگە بەر لە هەر شتێك پێویست بێت جیاوازییەك لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبییات دابنێین. لەسەر ئەدەبییات و چیبوونی زۆر کار کراوە. لە یۆنانی کۆنەوە هەتا گورکی و سارتر و کالیڕەوە ئەم باسە بەردەوام بووە و وێناچێت قەت کۆتایی بێت. قوتابخانە جیاوازەکانی ئەدەبی هەرکام بە نۆرەی خۆیان لێکدانەوەیان لەسەر ئەدەبییات هەبووە. ڕەنگە خاڵی هاوبەشی هەموو پێناسە و بۆچوونە جیاوازەکان ئەوە بووبێت کە ئەدەبییات و فەلسەفە یەك شت نین. لە ئەدەبییاتدا دەکرێت ئامانجی فەلسەفی و پرسی فەلسەفی بورووژێنرێن، بەڵام ئەرکی ئەدەبییات سەرەرای کەڵك وەرگرتنی بەردەوامی لە فەلسەفە جیاوازە لە ئەرکی فەلسەفە. ڕەنگە قەتیسکردنەوەی هەموو لایەنە جوانیناسانە و هزرییەکانی دەقی ئەدەبی بە ئەوەی کە دەبێت پرس خوڵقێن بێت، لە جێگای خۆیدا نەبێت.

لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیی دەورەیەکی تایبەت لە مێژووی ئەدەبییاتێکدا دەبێت تایبەتمەندییەکانی سەردەمی بەرهەمەکەمان لە یاد نەچێت. بە واتایەکی تر دەبێت سەرمایەی ئەدەبی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی ئەو سەردەمە بە وردی لەبەرچاو بگرین. شتێك کە هێندێك جار من بە پەرۆش دەکات ڕوانینی نزمی هێندێك نووسەری ئەو سەردەمەیە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێشتر لە خۆیان. هێندێك لە ڕۆماننووسانی ئەورۆی ئێمە بە قێزەوە دەڕواننە ڕۆمانەکانی چەند دەیەی پێشتری خۆیان. ئەم کارە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و کارتێکەریی ڕابردوو لەسەر ئێستاماندا دروست نییە. ئەدەبی ئێستا دواجار ناتوانێت خۆی لە میراتی ئەدەبی و سەرمایەی فەرهەنگیی ڕابردووی بێبەری بکات. ئەگەر ئەرکی ئەدەب بە تەنیا ئەوە نەبێت کە پرس بخوڵقێنێت، ئەوە ڕەوا نییە کە بە نەبوونی ئەم تایبەتمەندییە لە دەورەیەکی گەشەی ئەدەبی کوردیدا زۆر بە سانایی حوکم بدەین کە ئەم ئەدەبە نزمبووە و ئامانجی خۆی نەپێکاوە. ژمارەی ڕۆمانە چاپکراوەکانی کوردی تا دەیەی حەفتا لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. ژمارەی چیرۆکە چاپکراوەکانی کوردی لە شێوەی کتێبیشدا هەر بەمجۆرە بووە. ڕەنگە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئەدەبییەوە بتوانین ئەم دیاردەیە باشتر شی بکەینەوە و بێینە سەر ئەم باوەڕە کە سامانی کۆمەڵایەتیی کورد لەم دەورەیەدا هەر ئەوەندە بووە. لێرەدا تاوانبارکردنی هۆکارە دەرەکییەکان تەنیا دەتوانێ ئارامییەکی کاتییمان پێ ببەخشێت، ئەگینا دواجار ئەوە بووین کە بووین.

خوێندنەوەی هێندێك لەو بیرەوەرییانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوبوونەتەوە و باس لە بەسەرهاتی کورد لە شێستەکان و حەفتاکان دەکەن، بۆ نموونە( ئاوێنە شکاو)

و( چێشتی مجێور)، بۆمان دەردەخەن کە هەلومەرجی ژیان و ئاسۆ لێڵەکانی بوونی کوردی نەیدەتوانی پتر لەوەی لە هەگبەدا هەبێت. مێژوویەکی ئەدەبیی ڕەخنەگرانە لەسەر بنەمای هەستیی کۆمەڵایەتیی کورد لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئەو دیاردە پێویستەیە کە من لە لێکۆڵینەوەی کوردیدا بەردەوام جێگاکەی بەتاڵ دەبینم. ڕەنگە بە پێوەری ئەمڕۆیی، ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەی ئینگلیزی قەت نەتوانن وەڵامدەرەوەی ئاستەکانی جوانیناسی و هزری بن، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆکاری وازهێنان لەم میراتە ئەدەبییە و بۆیە دەبینین بەردەوام خوێندنەوەی تازە لە بەرهەمە کۆنەکان دەکرێت. ڕۆمان و چیرۆکە فارسی و تورکییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئێستا کەرەسەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە بۆ ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی ئەم دوو ئەدەبییاتە پێکدێنن.

مانگی مای ڕابردوو لە کۆنفرانسێکدا لە زانکۆی قادر خاسی ئیستانبول باسێکی چڕ لەسەر میراتی ئەدەبی لەسەر چەند ئەدەبی جیاوازی وەك وێلشی، نۆرویژی، ڕووسی و تورکی و کوردی پێشکەش کرا. لەم باسانە دەردەکەوت کە دەقی ئەدەبی چەندە گرنگیی هەیە لە کردنەوەی دەروازە داخراوەکانی مێژووی مرۆڤەکاندا. هێندێك جار هەست دەکەم ئێمە دەرهەق بە ڕابردووی خۆمان لە هەموو بارێکەوە کەمتەرخەمین. لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ژمارەی توێژینەوەکان لەسەر (هاملێت)ی شێکسپیر لە هەزاران لێکۆڵینەوەی بەرفراوان تێپەڕیوە. (بەرزاییە باگرەکان)ی برۆنتە بە شێوازی جۆراجۆر لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم دەگونجێندرێت و جێگۆرکێی تەنانەت نەتەوەیی بە کاراکتێرەکانی ئەم ڕۆمانە دەکردرێت و کاراکتێرە ئینگلیزییەکان جێگای خۆیان دەدەن بە کاراکتێری هیندی و شوێنی ڕۆمانەکە لە ئینگلستانەوە دەچێت بۆ هیندوستان و کاتی ڕۆمانەکەش دەبێتە سەردەمی ئێستا. لە بریتانیا زیاتر لە دووسەد ساڵە گۆڤارێکی تایبەت لەسەر شێکسپیر دەردەچێت و بەرهەمە کلاسیکەکانی ئەدەبی ئینگلیزی بەردەوام لە شێوەی نوێدا چاپ دەکرێنەوە و خوێندنەوەی نوێیان بۆ دەکرێت.

فارسەکان ساڵ نییە چەند چاپی تازە لە دیوانی حافز چاپ و بڵاونەکەنەوە. تورکەکانیش کارێکی لەم چەشنە بۆ فزوولیی شاعیر دەکەن. چاپی ڕۆمانە بەراییەکانی تورکی و لێکدانەوەیان تەنانەت بە زمانی ئینگلیزییش پتر لەوەی لەبەر لایەنی جوانیناسیی ئەم بەرهەمانە بێت، لەبەر درێژکردنەوەی میراتی ئەدەبیی خۆیان و گرنگیی ئەم بەرهەمانەیە بۆ تێگەیشتن لە سەردەمی نووسین و بڵاوبوونەوەیان. لە بیرمان نەچێت کە ئەدەبییات فاکتۆرێکی گرنگ و هێندێکجار بڕیاردەرە لەسەر ئافراندنی ناسنامە و خەملاندنی هەستی نەتەوەیی.

**رابەر فاریق: ئەگەر ورد لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشـەیان تەکنیك بووە، هاوکات لـە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشـەی(داهێنان) و(نوێخوازی)ین و خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وا نین، ئەو گوتارانەی لە ئێستای(ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکان) دا دەیانبینی، تا چەند نزیکن لە حەقیقەت؟**

**د. هاشـم ئەحمەدزادە:** جیهانی ئەدەبییات بەتایبەت ئەدەبـی گێڕانەوە جیهانێکە لە زۆر ڕووەوە گرێدراوی جیهانی دەرەوەیە و بە نۆرەی خۆشـی کارتێکەریی هەیە لەسـەر جیهانـی دەرەوەی خۆی کە ئێمە بە جیهانی واقیعی ناوزەدی دەکەین. گەڕان بە شـوێن حەقیقەتدا وەك تێگەیشـتنی دروستی ئێمە لە واقیع ئەو هەوڵە بێوچانە بووە کە مرۆڤ بەردەوام بەدوایدا هەڵوەدا بووە. هونەر بە گشتی و ئەدەبی داستانی بەتایبەت لە تەنیشت چێژبەخشـی بە خوێنەرەوەوە کەرەسەیەك بووە بۆ نزیکبوونەوە لە جیهانی پڕ لە ڕەمز و ڕازی بوون. لە هەر ئێپیستیمەیەکدا بوارە جیاوازەکانی زانستی و هونەری لە چوارچێوەی توانایی خۆیاندا ئامراز گەلێك بوونە بۆ تێگەیشـتن لە خود و دەوروبەر. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەقە بەرهەمهاتووەکانی دەیەی حەفتای سـەدەی ڕابردووش بەدەر نین لە ئاستی سەرمایە و هەستونەستی کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆیان.

ئەدەبییـات ئەگەر بە پێناسـەی خۆی لە بـاری هونەرییەوە وەفـادار بێت ناتوانێت بانگەشـەی ئـەوە بکات کە نوێنـەری حەقیقەتە و یان خودی حەقیقەتـە. من پێموایە کێشـەی تێکنیك ئێستاش یەك لە کێشە سـەرەکییەکانی ڕۆمان و چیرۆکی کوردییە. ڕۆمانی کوردیی بەر لە نەوەدەکانی سـەدەی بیستەم سەرەڕای هەموو کەموکورییەکانی دەرەفەتی گێڕانەوەیی بە زمانی کوردی بەخشـی و لانیکـەم توانیی کۆمەڵێك گرفتی کۆمەڵایەتیی و ناسنامەییی مرۆڤی کورد لە هەلومەرجی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو کاتدا بەرجەستە بکاتەوە. ئەگەر لە هێندێك ڕۆمانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بگوزەرێین، ئێستاش ڕۆمانی کوردی نەیتوانیوە توانا شاراوەکانی زمانی کوردی بدۆزێتەوە، بۆئەوەی بتوانێت گێڕەرەوەی پێچەڵپێچییەکانی سـووژەی کوردی بێت و لە هەمانکاتدا ببێت بە تێشووی بیر و هزری مرۆڤی کورد لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا.

لە وەڵامی بەشـی کۆتایی پرسـیارەکەتدا، ئەگـەر ڕۆژێك زانیـم حەقیقەت چییە، دەتوانم پێـت بڵێم ڕۆمانەکانی ئێمـەش چەندە نزیکن لە حەقیقـەت. ئەوەندە دەتوانم بڵێم نـەك دەقی ئەدەبی، بەڵکو هەر دەقێکی تر کاتێك بە بەرزەفرییەکی خۆناوەندانەوە قسـە لە حەقیقەت و نوێنەرایەتیی حەقیقەت دەکات زۆر لە ئامانجی ئەدەبییات دوور

کەوتووەتەوە و بووەتە کەرەســە یاخود مانیفێســتۆیەکی ئایدۆلۆژیك. رەنگە پێویســت بێت لە کاتی بەســەرکردنەوەی ئامانجەکانی ئەدەبدا بەردەوام چارەنووســی ئەدەبییاتی ژێدانۆڤی وەبیر خۆمان بهێنینەوە.

**پرسیار: رۆحی مرۆڤ(بە تایبەت نووسەری رۆمان) تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لەنێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووك بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتــین؟ هاوکات ئایا مرۆڤ جگە لە خۆی نیشــتەجێی هــەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی نێو خود- ەوە؟**

**د. هاشــم ئەحمەدزادە:** هیچ زانستێك هەتا ئێســتا نەیتوانیوە پێمان بڵێت مرۆڤ بە هەمــوو رەهەندەکانــی بوونییەوە چییە و تواناکانی لە زەمەنــە جیاوازەکاندا کامانەن. رەنگە ئەفســانە کۆنەکان، ئایین و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان تەنیا توانیبێتیان شیکەرەوەی ئــەو مرۆڤە بن کە دواجار وەك ئایدیالی خۆیان بە شــوێنیدا هەڵوەدا بوونە. لە هەموو بۆچوونە مونیســتی و دوئالیستییەکانیشــدا جێپێی باوەری رەحمانی و شــەیتانی خۆی دەردەخات. لە رەوتی مێژووییشــدا بەردەوام لایەنی ســەیر و پێشــتر هەست پێنەکراوی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت. ئەگەر زانســتە جیاوازەکانی سروشــتی و ئینســانی بەردەوام لایەنە شــاراوەکانی فیزیــك و رەوانی مرۆڤەکان دەخەنە بــەر لێکۆڵینەوە و هەردەم بە ئاکامــی تازەتر دەگەن، ئەدەبییاتیش لەســەر بنەمای ئەم دۆزینەوانــە خۆی لە قەرەی کێشەکانی مرۆڤ دەدات.

بــەدەر لە لایەنە کۆمەڵایەتیــی و دەروونییەکانی بەرهەمــی ئەدەبی و کارتێکەریی دوولایەنەی ئەم دوو بوارانە لەســەر یەکتر، جوانیناسیی ئەدەبییش شتێکی قەتیسماوی یەکجار بۆ هەمیشــە شــکڵگرتوو نییە. ئەگەرچی ئێمە ئێستاش حەز لە مەلای جزیری دەکەین و چێژ لە شیعرەکانی وەردەگرین، بەڵام قەت وەك ئەو نانووسین. رەوان، دەروون یان وەك ئێوە گوتەنی رۆحی رۆماننووســیش جیاواز نییە لە هەناوی ئێپیستێمەی سەردەمی خۆی. ئەگەر ناسین لە پێناسەیەکی ساکاردا بریتی بێت لە کارتێکەریی دەوروبەر بە مانا بەرفراوانەکەی خۆی لەســەر مێشکی مرۆڤ، دیارە کە زەینی رۆماننووسیش بەدەر نییە لە شوێنێك کە تێیدا ژمارەیەکی نادیار فاکتۆر دەبنە پێکهێنەری سابجێکتیڤیتییەکەی. بە باوەری من گرنگیی ئەدەبییات، بەتایبەتی رۆمان لەوەدایە کە زۆر جاران و پێشتر لە زۆر بوارەکانی تری زانستیی، نیشــاندەری تواناییەکانی مرۆڤ و رەهەندە جیاوازەکانی زەینی ئەو بووە.

تام جۆنز، رۆبینسۆن، بۆڤاری، ئاننا کارینینا، راسکۆلنیکۆڤ، بلووم گێرمانت و سوانەکان، ئۆرلاندۆ و دالۆوای، بێنجی و هامبێرت ئەو کەسایەتییە داستانییانەن کە هەرکامە و بەجۆرێك نوێنەرایەتیی تایبەتمەندییەکی مرۆڤ دەکەن و پتر لەهەر ئینسانێکی واقیعی پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ و هۆکارە نادیارەکانی کردەوەکانیان دادەمالن. بێگومان تێگەیشتن لە کەسایەتیی ئەم کاراکتێرانە یارمەتیدەری ناسینی کۆمەڵێك لە کێشە و گرفتەکانی دەروونی مرۆڤە کە لە هەلومەرجی جیاوازدا بە شێوەی جۆراجۆر خۆیان دەردەخەن.

**پرسیار: کە رۆمان دەدوێت، چی دەدوێت؟ ئایا خودێکی ناوازە و تایبەت دەدوێت، یان رۆحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکات، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێك دەکات لە نێو خودی رۆماننووسدا نیشتەجێیە و رۆماننووسی کردووەتە ناخود؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەوە دروست ئەو پرسیارەیە کە بارت لە خوێندنەوەی س/زدا لە خۆی دەکات. وەڵامەکەشی دەزانین سەر لە گوتنە بەناوبانگەکەی ئەو، واتا مەرگی نووسەر، دەردێنێت. ئافراندنی رۆمانی بەرز ئەوەندە کردەیەکی پێچەڵپێچە کە زەینی زۆر لێکۆڵەرەوەی مەزنی بەخۆوە گرفتار کردووە. ئەگەر ئەم قسەیەی دێریدا هەموو کاتێ بێنینەوە بیرمان کە دەڵێت دەبویست ببێتە رۆماننووس و چونکە نەیتوانی رووی لە فەلسەفە کرد، تێدەگەین کە لەگەڵ چ ژانرێك یان جۆرەیەکی ئەدەبیی بە سامدا رووبەرووین. ئایا بێنجیی سیوسێ ساڵەی فۆکنێر لە(قیرە و تورەیی)دا کە بەم زمانە ناتەواوە قسە دەکات مرۆڤێکی راستەقینەیە یان ئەو فۆکنێرەیە کە زمانەکەی بە زمانی فریشتەکان دەچوێنن؟ شك لەوەدا نییە کە دواجار هەموو کاراکتێرەکانی رۆمانێك ئافرێندراوی زەینی نووسەری رۆمانەکەن و سەرکەوتوویی رۆمانێکیش لەوەدایە کە چەندە توانیبێتی چەند دەنگی و فرە رەهەندیی کاراکتێرە ئافرێندراوەکانی دەستەبەر بکات.

**پرسیار: رۆمانی کوردی توانیویەتی لە دەرەوەی تابۆ و حەرام و حەلاڵ و بابەتە لاوەکییەکان ئیش بکات، هاوکاتیش بە دەر لەو شتە لاوەکییانە، بە نیازە باس لە چی بکات؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەگەرچی دواجار هەر رۆمانێك داستانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و

لە سۆنگەی ئەم گێڕانەوەوە یادەوەری و ئەندێشەکانی مرۆڤ لە شێوازێکی هونەریدا بەرجەستە دەکاتەوە، ئەوە ئاسان نییە کە قسە لەسەر پەیامی یەکجار بۆ هەمیشە شکڵگرتووی دەقی ئەدەبی بکەین. کاتێك بەرهەمێکی سەرکەوتووی ئەدەبی دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر لە بەرهەمهاتنی دەخوێنینەوە، تێگەیشتنمان هەر ئەو تێگەیشتنە نییە کە خەڵکانی بەر لە ئێمە لەم بەرهەمەیان هەبووە. ئەگەر( مەسخ و دادگا)ی کافکا لە سەردەمی بڵاوبوونەوەیاندا ناهومێدیی ڕەشبینانەی مرۆڤی قۆناغەکانی دوای شەڕی یەکەمیان وێنا دەکرد، ئێستا لە سایەی بۆچوونەکانی کەسێکی وەك فوکۆوە دەتوانن ڕێگاخۆشکەری ڕاڤەیەك بن کە خۆی پشتئەستوور دەکات بە کایەی دیسیپلین و سەزای شاراوەی سیستمە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان.

ئەگەر ڕۆمانی کوردی لە سەرەتاکانی خۆیدا پرسی ئەخلاق و مۆراڵی لا گرنگ بوو و ویژدان دەبووە مەسەلەیەکی ناوەندیی لە وێناکردنی مرۆڤ و دەوروبەری، زۆری پێناچێت کە( کوێرەوەری و ژانی گەل و شار )دەبنە تابلۆی کۆمەڵگایەك کە مرۆڤەکانی لە ئازادی و پێناسەی خۆیان دەگەڕێن و ئێستاش دەبینین کە مرۆڤی کورد لە "باغەکانی خەیاڵ" و "لەسەر مانگدا" لە هێمنییەك دەگەڕێت کە ئاڵۆزییەکانی ئەو سەردەمە لێی زەوت کردووە. پێموایە ئەمە بۆچوونێکی ڕەوا نەبێت کە هەموو هەبوون و پەیامی ڕۆمانی کوردی لە گوتنی حەرام و حەڵاڵدا کورت کەینەوە. ڕەنگە باشتر ئەوە بێت قسە لە قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی و تەنانەت باسی یەکەیەکەی ڕۆمانە کوردییەکان و تایبەتمەندییەکانیان بکەین.

**پرسیار: گەلێك لە نووسەرانی ئێمە لەباتی ئەوەی بە پێشکەشکردنی دەقی ئیبداعیی وتوویژ لەگەڵ دەوروبەرو(ئەوانیدی) بکەن، بە نووسینی ساکار ستاییشی خۆیان دەکەن، یان پەنا دەبەن بۆ هاوڕێکانیان تا وەکوو کەسی بە توانا باسیان بکەن، هەست ناکەیت ئەم تەرزە(خۆگەورە کردنە) زیان بە(چییەتی دەق) بگەیێنێت و وەهمێکی زەمەنییش هەڵبرەخسێنێ بۆئەوەی نووسەر وەدیار بکەوێت؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** مەخابن هەست بە دیاردەیەکی وا لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبیدا دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەدەب و هونەر لە ئامانجەکانی خۆیان. دیاردەیەکی لەم چەشنە هەر تایبەت بە کوردستان نییە و تەنانەت بە شێوەی زۆر ئاڵۆز لە ڕۆژئاوای دیموکراتیشدا هەبوونی هەیە. ڕەنگە هۆکارەکانی دیاردەیەکی لەم چەشنە کە دەکرێت ناوی بنێین دیاردەیەکی ئەوپەڕ ئەدەبی بگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە

کۆمەڵگای ئێمە بەتایبەت لە باشــوور کۆمەڵگایەکی پاشەرەو هەر چۆن لە سیاسەتدا دامەزراوە و ســازی نەیانتوانیوە جێگا بە کارتێکەریی حزب و خۆتێوەردانی کەسایەتیی حزبی لە بەڕێوەردنی وڵاتدا لێژ کەن، ئەدیب و نووســەرانیش نەیانتوانیوە لە فەزایەکدا هونەری خۆیان بنوێنن کە دوور بێت لە نێپۆتیزم و خزمخزمێنی. ویدەچێت زەمەنێکی زۆری بوێــت کۆمەڵگــای کوردی بەســەر ئەو کۆسـپانەدا زاڵ بێت کە لــە ڕەوتێکی مێژوویدا کاریان کردووەتە ســەر فەرهەنگی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بە شێوەیەکی تێکدەرانە. شك لەوەدا نییە کە نووسین لە دەرەوەی بەرپرسیارییەتی زۆرتر لە سیاسەتی نادیموکراتیك، کارتێکەریی نەرێنی دەبێت لەســەر گەشەی کۆمەڵگا و ئەندێشەی ئازاد و ڕەخنەیی.

**پرسیار: ڕۆمانی کوردیی تا چ ئاستێك توانیویەتی سوودێکی تەندروست لە ئەدەبیاتی جیهانیی وەربگرێت و لە بەرژەوەندیی ئەدەب و(داهێنان)ی کولتووری کوردییدا بەکاری بهێنێت؟**

**د. هاشــم ئەحمەــدزادە:** پێوەندیــی ئەدەبی گــەلان و کارتێکەرییان لەســەر یەکتر دیاردەیەکی کۆنە. ئەگەر لە ڕۆژگارانی کۆندا ئەو پێوەندییە لەبەر ئاستی سەرەتاییبوونی ئامرازەکانــی پێوەندی لــە پلەیەکی ئەوتۆدا نەبووە، لە ســەردەمی نوێدا، بەتایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا، تێکەڵاویی فەرهەنگیی گەلانی جیهان گەیشــتووەتە ئاســتێکی چاوەڕواننەکراو.
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی دوو ئیمپراتۆریای عوســمانی و قاجار ئاڵوگۆڕی ئەدەبی گوڕوتینێکی ســەرنجڕاکێش بە خۆیەوە دەگرێت. ئامرازی چاپ لە دەیەکانی ســەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، دوای تێپەڕبوونی چوارسەد ســاڵ بەسەر مێژووی ئەم کەرەسە کارتێکەر و بڕیاردەرە لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەندێشەی مرۆڤ، دەگەنە ئیســتانبول و تەورێز. لەبەر زۆر هۆکاری دیار ئێمەی کورد نەمانتوانی ببینــە خاوەنی دامودەزگــای نەتەوەیی و بەم پێیە نەمانتوانــی ئافرێنەری ئەدەبیاتێك بین کە مۆرکی نەتەوەیی بە مانای جۆغرافیا و ناســنامەیەکی دیاریکراوی لەسەر بێت. لــە کاتێکدا ئەدەبیاتــی عەرەبی، تورکی و فارســی هاوتەریب لەگــەڵ دامەزراندنی بناغەکانــی دەوڵەت نەتەوەدا کەوتبوونە قۆناغی گەشــەی چەندایەتی و چلۆنایەتی و بە وەرگێڕانی بەردەوام و بەرفراوان ئەزموونەکانی ئەدەبی ڕۆژاواییان دەکردە خۆماڵی، ئێمە وەك نەتەوەیەکی پەراوێزکراو دواجار بە هۆی ئەو زمانانەوە ئاشــنای ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا

دەبووین و بە واتایەکی تر پێوەندییمان بە ڕۆژئاواوە لە ڕێگای زمانە سەردەستەکانی ئەو دەوڵەت- نەتەوانەوە بوو کە ئێمە ببووین بە بەشــێکی حاشالێکراوی ئەوان. بە درێژایی سەدەی بیستەم جگە لە باشووری کوردستان کە بە هۆی ئامادەبوونی کۆلۆنیالیستەکانی بریتانیایی و تایەتمەندییەکانی دەوڵەتی عێراق ئێمە هەلێکی وامان بۆ هەڵنەکەوت کە پێشــزەمینەکانی ماددی پەرەپێدانی وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەدەبی ڕۆژئاوا بەگوێرەی پێویست دەستەبەر بکەین. هەربۆیە هەتا ئەو دواییانەش ئێمە لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی ئەدەبی ڕۆژئاوایی بۆ سەر زمانی کوردی بێبەش بووین.
لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەلومەرج تا ڕادەیەکی بەرچاو گۆڕاوە و ئێســتا بە بەرەکەتی هەبوونی کۆمەڵێك دەستکەوتی سیاسی و ئابووری لە باشوور و هەروەها گۆڕانکارییەکانی ئێران و تورکیا و دەستکەوتی تاراوگەی کوردی دەتوانین قسە لە هەبوونی پێوەندییەکی ڕاســتەوخۆ لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژئاوا، ئەگەرچی لە ئاستێکی کەمدا، بکەین. ڕەوتی خێرای بەجیهانیبوونیــش کارتێکەریی ئەرێنی هەبووە لە گواســتنەوەی کۆمەڵێك بیر و هزری نوێ و بنەڕەتیی ئەدەبی بۆ ناو بازنەکانی ئەدەبی کوردی. ئەگەرچی هەتا ئێستا ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لەژێر کارتێکەریی ئەدەبی گەلانی دراوسێماندا بووینە، بەڵام دەبینین پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژاوادا بەرێوەیە و دەکرێت مرۆڤ هیوادار بێت ئەم ڕەوتە گەشــە بســتێنێت و ئێمەش بتوانین خاوەنی لانیکەم گوڵبژێری کورداندراوی بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەدەبی جیهانی بین.

**پرســیار: خوێنەرانی ئێمە لە ســەروەختی خوێندنــەوەی کاریگەرترین و گەورەترین ڕۆمانی دنیادا، بۆچی وەها هەرەمەکیی پێشــوازیی لەم ژانــرە دەکەن؟ تۆ بڵێی ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی ئەدەبی کوردان بێت؟**

**د. هاشــم ئەحمەدزادە:** جۆرەکانی ئەدەبی لە کێبەرکێــی چلۆنایەتییدا نین و ناکرێت یەکییان بەســەر یەکی تریاندا بەرزتر بنرخێنین. هەرکام لە ژانرە ئەدەبییەکان ئەگەر بە بنەمــا هونەرییەکانی خۆیان وەفادار بن ئەوە دەبنە بەرهەمی هونەری و بە گوێرەی چێژ و حەزی خوێنــەرەوەوە جێگا لە کتێبخانەی خوێندەوارانــدا دەکەنەوە. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە ســەر ڕۆمان، وەك هێگێــل دەڵێت، ڕۆمان هونــەری بورژوازییە و ئەوەش بەو مانایەیە کــە ئەمە ژانرێکی تازەیە و پێوەندییەکی هەروای هەیە لەگەڵ مۆدێرنیتە و دۆزراوە نوێیەکانــی مرۆڤ. من پێموایە ئێســتا بەرەبەرە ڕۆمان لەنێو کوردانیشــدا دەبێت بە ژانرێکی ناوەندی و بەهۆی تایبەتمەندییە ژانرییەکانی خۆیەوە پتر ڕەنگدەرەوەی

گرفتگەلی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە. ئەدەبی بەرجەستە جیاواز لە شێوە و قەوارەی ژانرییانە تەنیا جێگا بە ڕەوتی دژە ئەدەب لێژ دەکات، نەك بە جۆرەکانی جیهانی ئەدەب.

تۆ ئەگەر شیعریش نەخوێنییەوە شیعری بەرز قەت بێخوێنەرەوە نامێنێتەوە. ئەوەندەیە لە جیهانی پڕ لە هەیاهووی پیشەسازیدا ڕەنگە ئەدەبی گێڕانەوەیی پتر هەڵگری ئەو پێچەڵپێچییانە بێت کە وەك لابرینتی هەزارتوێی بۆرخێس گوزارەی لێ دەکات، نەتوانێت لە شێوەی شیعردا، بەوجۆرەی لە دابونەریتی فەرهەنگیی ئێمەدا خۆی نواندووە، خۆی دەربخات. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم هیچ داهێنانێکی هونەری و ئەدەبی جێگای داهێنانێکی تر ناگرێتەوە و هەر کامەیان بە گوێرەی کات و شوێن جەماوەری خۆی هەیە. سەردەمانێك دەیانگوت هونەری فیلم و هاتنە کایەی سینەما بوار بۆ ڕۆمان ناهێڵنەوە، کە تەلەڤیزیۆنیش هاتە کایەوە گوتیان ئیتر باوی سینەما نامێنێت. ئەوجۆرە پێشبینییە بەپەلانە بۆ ڤیدیۆ و دیڤیدیش دەکران. بەڵام دەبینین کە ئەم شتانە هیچیان وەراست نەگەڕاون و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەمجۆرە ئامرازانە بە شێوەیەکی بەرچاو بوار بۆ یەکتر خۆشتر دەکەن.

زۆر دەقی ڕۆمانی دەبن بە فیلم و زۆر فیلمیش لە دەقە ڕۆمانییەکاندا خۆ دەردەخەن. سەردەمانێك بانگەشەی مەرگی ڕۆمان کرا و ژانری دژە ڕۆمان سەریهەڵدا. گەرانی زۆری ڤیرجینیا وۆڵف بەشوێن ناوێکی تر بۆ ڕۆمان بێئاکام ماوە و ڕۆمان هەر بە ڕۆمانی ماوە و ڕێژەی چاپ و خۆشەویستیی ئەم ژانرە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نیشاندەری ئامادەبوونی لە هەموو کاتێك پتری ڕۆمانە لەناو هۆگرانی خوێندنەوە لە ئاستێکی جیهانیدا.

## پرسیار: ئەو هۆکارانە دەرهاویشتەی چین کە بوونەتە پاڵنەر تا خوێنەرانی ئەدەبی کوردیی تا ئەم ئاستە لە دەوری ڕۆماندا کۆببنەوە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** من حەز دەکەم ئامارێکی باوەڕپێکراوم هەبێت کە لە کوردستان خەڵك چەندە کتێب دەخوێننەوە و لەوەش وردتر دەمەوێت بزانم ئەوان چی دەخوێننەوە. ئەو ئامارانەی لەسەر وڵاتانی دراوسێی وەك ئێران و عێراق و تورکیا لەبەردەستدان زۆر ناهومێدکەرن و دەریدەخەن کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەرکەسەی ڕۆژانە نزیك بە پێنج خولەك کتێب دەخوێنێتەوە. پێموانییە ئەو ئامارە لەناو کوردەکاندا لەوە باشتر بێت. ئەگەر ئەوە ماوەی خوێندنەوەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بێت، نازانم قسەکردن لەسەر خولیای

کۆمەڵێك خوێنەرەوە بە ژانری ڕۆمانەوە چەندە هیوابەخشە. ئەگەر لە جیهانی سیاسەتدا ئێمە فێربووینە پاڵەوانخوڵقێن بین، با لە جیهانی ئەدەب و وشیارییدا هەوڵ بدەین حیساب لەسەر ئاستی خوێندنەوە لە پانتایی کۆمەڵگادا بکەین، نەك لەسەر ئەوەی کە چەند کەسێك چەندە دەخوێننەوە و چەندە خۆ ڕادەنێن.

لە نەبوونی ئامارێکی وردی ئەوەی کە ئاستی خوێندنەوە لەناو کورداندا چەندەیە و چ جۆرە دەقێك و چەندە دەخوێندرێتەوە، دواجار کاری ئێمە دەبێتە لێکدانەوەیەکی گۆترەیی. هێندێك دیاردەی دونیای ئەدەبی کوردی لە چەند ساڵی ڕابردوودا گوزارە لەوە دەکەن کە ڕۆمان پتر چاپ دەبێت و دەخوێندرێتەوە. ئەمە ئەگەر وابێت، شتێکە لە چەشنی ئەوەی لە ئوروپا لە سەدەی هەژدەهەم بەملاوەوە ڕوویداوە و لەگەڵ کۆمەڵناسیی ئەدەبیدا یەکدەگرێتەوە. ئەگەر ڕۆمان وەك لوکاچ دەڵێت حەماسەی جیهانێك بێت کە خوا وازی لێهێناوە، دەکرێت مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای کوردیدا سەرنج بداتە ئەو تێبینییە و بزانێت ئایا ماکەی سەرەکیی ڕۆمان واتا تاکبڕوایی چەندە و لە کەنگێوە لەم کۆمەڵگایەدا بووەتە ڕەوتێکی زاڵی کۆمەڵایەتی و هزری. ئەگەر بەم پێوەرە براونینە دیاردەی گەشەی ڕۆمان، ڕەنگە بتوانین دڵی خۆمان خۆش کەین کە مرۆڤی کورد بە بنەماگرتنی عەقل پێی ناوەتە جیهانێك کە ئیتر نە حەماسە، بەڵکو ڕۆمان دەتوانێت گوزارە لە لایەنە پڕ ڕەهەندەکانی هەبوونی تاکییانەی ئەو بکات.

**پرسیار: خوێنەرانی ئێمە ئەو توانستەیان هەیە لەگەڵ ڕەوتە فیکرییەکانی ڕۆماندا پتر یەکتریی بگرنەوە، تا ئازار و نیگەرانییەکان؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** هەر کەسە و بە گوێرەی توانایی خۆی لە دەقێك کە دەیخوێنێتەوە هەڵدەکرێنێت. هیچ هۆکارێك نییە کە خوێنەرەوەی کوردیش وا نەبێت. خوێندنەوەی هەرکەس ئاکامی ئەزموونە تاکی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسەیە.

ئەگەر سامانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان یاریدەدەر بێت، ئەوە دەقەکان دەبن بەو بەستێنەی کە لەکاتی خوێندنەوەدا دەرفەتی ئافراندنی دەق و مانای تازە بۆ خوێنەرەوە بڕەخسێنن. ئێمە نابێت پێمان وابێت ئینگلیزییەکان هەموو خوێنەرەوەی بێئەملاوئەولای جان دان و جان میلتۆن و کریستۆفێر مارلۆن و هەموو ئاماژەکانی ئەم دەقانە تێدەگەن. دواجار هەر کۆمەڵگایەك بژاردەیەکی تایبەتیی خۆی هەیە کە سەرقاڵ دەبێت بە تاوتوێی ئەدەبی. کوردیش لەم یاسایە ڕیزپەڕ نییە. ڕەنگە جیاوازییەکە لە ئاستەکاندا بێت و لە بواری چەندایەتییەوە بژاردەی ئێمە نەگاتەوە بژاردەی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا

پۆلێنبەندیی کۆمەڵایەتیی و رووناکبیری تا رادەیەکی زۆر شکڵی گرتووە و دوو بەستێنی پسپۆڕی و ئاماتۆری تەواو لێکتر جیا بوونەتەوە.

**پرسیار: بۆچی رێژەی زۆری خوێنەرانمان بە دوای ئازاردا دەگەڕێن لە نێو ئەو رۆمانانەی دەیانخوێننەوە، ئەگەر هاتوو رۆمانێك ئەم لایەنەی بەشێوە سەڵتەکە تەوزیف نەکرد، خراپە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** نازانم ئەو شتە چەندە وایە کە ئێوە دەیڵێن. ئەگەر ئەو قسەیەی ئێوە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و بابەتییانە و ورد بێت، شتێکی گرنگی لە هەناوی خۆیدا حەشارداوە و ئەویش ئەوەیە کە خوێنەرەوەی کورد رەنگدانەوەی هەلومەرجی دژواری مێژووی نوێی خۆیەتی کە تژییە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی و دەربەدەری. شەرت نییە رۆمان تەنیا قسەی ئازارمان بۆ بکات. بەڵام لەبەرئەوەی کە رۆمان ئەو جۆرە ئەدەبییەیە کە بە ناو هەناوی مرۆڤ و دیوی ناوەوەی دەروونی ئەودا شۆڕ دەبێتەوە، خۆیایە ئازار لایەنێکی بەردەوام ئامادەی ژیانی مرۆڤە و رۆمانی سەرکەوتوو ناتوانێت خۆ لەو تایبەتمەندییەی مرۆڤ نەبان بکات. رۆمانی باش رەنگە دەرخەری هاوکێشەی لایەنی ئاپۆلۆیی و دیۆنیزۆسیی بوون بێت ئەگەر شیاو بێت دەستکارییەکی ئەوا لە قسەکەی نیچەدا بکەین.

**پرسیار: دەشێت هەر رۆمانێك دەلالەت لە دەروونمان نەکات، وەکوو نووسراوێکی خراپ تەماشای بکەین؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەگەر پێناسەیەکی رۆمان بریتی بێت لە تێڕوانین لە مرۆڤ و ئەگەر مرۆڤ دواجار شتێك نەبێت جگە لە دەروونێك کە یادەوەرییەکان لە خۆیدا هەڵدەگرێت، رۆمان چۆن دەتوانێت ئاور لەم لایەنەی مرۆڤ نەداتەوە؟ رۆمان چۆن دەتوانێت گوێزەرەوەی ئاخافتنی دوولایەنانەی مرۆڤەکان بێت و نوێنەرایەتیی دەروون نەکات؟ رۆمانێك کە ئەرکی گرنگی چوونە ناو جیهانی دەروونی مرۆڤ رەچاو نەکات بەر لە هەر شتێك پێناسەی خۆی بردووەتە ژێر پرسیار.

**پرسیار: ئەگەر بە وردیی سەرنج لە رۆمانە کوردییەکان بدەین، بە سانایی هەست بەوە دەکەین کە کارئەکتەرەکانیان هەمیشە براوەن، هەمیشە لە ئەفسانەدا دەژین، یان**

**خەریکی خولقاندنی ئەفسـانەن. بۆچی لە ڕۆمانووسە کوردەکان هەوڵی ئەوەیان نەداوە سروشت بە کێش بکەن بۆ قسە لەسەرکردن؟**

**د. هاشـم ئەحمەدزادە:** دەبێت بزانین کە ڕۆمان لە کاتی سەرهەڵدانییەوە هەتا ئێستا گۆڕانکاریی زۆری بەسـەردا هاتووە و ئێستا لانیکەم پتر لە بیستوچوار جۆری جیاوازی ڕۆمـان هەبوونیان هەیە. ئەگەرچی هەموو جۆرەکانی ڕۆمان لە ژێر یەك ناودا پێناسـە دەکرێن، بەڵام لەڕاستیدا هێندێکجار جیاوازییەکان تا ڕادەیەکن کە مرۆڤ هەست دەکات لەگـەڵ دوو ژانـری جیاوازدا ڕووبـەڕووە. بۆ نموونە ئەوە تەنیا پێبەندیی بە پێناسـەی گشـتیی ڕۆمانە کە ئێـزن دەدات جۆرەیەکی ئەدەبیی وەك ڕۆمانی زانسـتی و ڕۆمانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی بخەینە خانەیەکەوە.

ڕۆمانی کوردی هەتا ئێسـتا بە شێوەیەکی گشتی نەیتوانیوە لە سیاسەت دەرباز بێت و هۆیەکەشـی ئاشکرایە. ئەگەرچی تا ڕادەیەك شوێنپێی سروشت لە هێندێك لە ڕۆمانە کوردییەکانـدا دیارە و وەسـفی جوگرافیا و گوندی کوردسـتان پێکهاتەی هێندێك لە ڕۆمانەکانە، بەڵام هێشـتا ڕۆمانێکی تەواو ناتورالیستی و پاستۆراڵمان نییە. گرفتەکە ئەوەیە کە سـەرهەڵدانی درەنگـی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیـدا وای کردووە کە نەتوانین هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییە شـێوازی و ناوەرۆکییەکانـی ڕۆمان لە ڕۆژئاوادا بچینە پێش. ئەوەی کە ڕۆمانووسـانی کورد لە هەلومەرجی ئێسـتادا پتر لەژێر کارتێکەریی شـێوەی زاڵی نووسـینی ڕۆمان لە ڕۆژئاوا و تا ڕادەیەك ئامریـکای لاتیندان زەحمەتە مەجال بە بەرهەمهێنانی ڕۆمانێك بدات کە لە شێوەی ڕۆمانی سەدەی هەژدە و نۆزدەی ڕۆژئاواییـدا بنووسـرێت. بە باوەڕی مـن ئەوە گرنگ نییە کە سروشـت و زیندەوەر لە ڕۆماندا ئامادەن یان نین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئامادەبوون یان نەبوونیان چەندە سروشتی ڕۆمانەکە خۆماڵی و سەکەوتوو دەکات.

لێرەدا هاتەوە بیرم ئاماژەیەك بە پێکهاتەی جوانی ڕۆمانەکەی کاك شـێرزاد حەسەن، (تەمی سەرخەرەند)، بکەم و وەسـفی سەرکەوتووانەی بزنەکە وەك نموونەیەك ببینم کە بەرپەرچی پرسـیارەکەی ئێوە دەداتەوە. هەبوونی ریشۆڵەکانیش لە(پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا و هەروەها " هەڵۆ و تەوارەکانی (ئەژدیها)(پیرۆز" و ""میر" و "پەریزاد") و سروشـتی خەیاڵاویی( غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ )نموونەی ترن لە ئامادەبوونی سروشت و زیندەوەر لە ڕۆمانی کوردیدا.

**پرسیار: دەتوانین بڵێین کلتووری ڕۆژهەڵات، کلتووریکە دەکرێت ببێت بە کەرەستەی گەلێك داهێنان. بەڵام دەبینین ڕۆژهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێوەرنەگرتووە لە بەرانبەر ڕۆژئاواییەکان. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کلتوور دەقی ئافرێنەرانە بەرهەم بهێنن، یان بینینی هەر کلتووریك لە دوورەوە باشتر قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چی؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** من لە ڕۆمانە فارسی و تورکی و کوردییەکانی ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەك ئاگادارم و پێموایە لە هەرسێك لەو زمانانەدا گرفتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمایەکی نێواندەقێتی کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوە. بێگومان ڕۆمانی عەرەبییش نابێت لەو تایبەتمەندییە بەدەر بێت. ڕەنگە گرفتەکە لەوەدا بێت کە ئەم ڕۆمانانە هەتا ئێستا نەیانتوانیبێت ببنە خاوەنی جێگایەکی شیاو و دیار لە ڕۆژئاوادا.
ئەوە تەواو ڕاستە کە ڕۆژهەڵات بە هۆی مێژوویەکی دوور و درێژی نووسینەوە دەتوانێت خۆراکی سەدان و بگرە هەزاران سووژەی گێڕانەوەیی بۆ ڕۆماننووسانی ئەم ناوچەیە دەستەبەر بکات. ئیتر ئەوە ماوەتەوە سەر هەبوونی ڕۆماننووسی وەك ئێمبێرتۆ ئێکۆ کە بتوانێت(ناوی سوورە گوڵ) بخوڵقێنێت. (ناوم سوورەیەی) ئۆرهان پامۆك نموونەیەکی سەرکەوتووی ڕچەیەکی لەم چەشنەیە.

**پرسیار: وەك دەزانین؛ وەرگێڕان پردێکە بۆ بە یەکتر گەیاندنی دوو کلتووری جوداوازی دوو میللەت بە یەکترییی، کەم تا زۆریش وەرگێڕی کورد ئەو هەوڵەی داوە کە کلتووری خۆی دەوڵەمەندتر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا کەموکورییەکی بەرچاو دەبیندرێ لە وەرنەگێڕانی دەقگەلێکی زۆر کە دەتوانین وەکو سەرچاوەیش سوودیان لێوەربگرین. بۆ نموونە، لە ئەدەبی فەڕەنسیدا جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێك شیعری(پۆل ئێلوار) و(ئۆکتاڤیۆ پاز) و چەند نووسەرێکی دی بترازێ، دەقگەلێکی دیکە نین بۆ ئەو خوێنەرانەی کە تەنیا زمانی کوردیی دەزانن. بە حوکمی ئەوەی ئێوە شارەزان لە زمانی سویدیی، پێتان وایە کێن ئەوانەی لەو زمانەوە دەتوانن(تا ئاستێك) بە دەستپاکیی دەق وەربگێڕن؟ هاوکات ئەو دەقگەلە گرنگانە کامانەن کە پێویستە بە زووترین کات وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردیی، تا لەم ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی قووڵ ئاگاداری ئەدەبی سویدیی ببین؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** پێموایە یەك لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردی دارشتنی پلانێکی وردە بۆ وەرگێڕان. وەرگێڕان نەك هەر یارمەتیدەرمانە لە

ئاشـــنابوونمان لەگەڵ ســـەرچاوە ئەدەبی و زانســـتییەکانی جیهانی ئەمـــڕۆ، بەڵکو ئەو بەســـتێنە بەرفراوانەیە کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ئاســـتی وشـــەیی و چەمکـــی و قووڵاییەوە. ڕۆڵی وەرگێڕان لە ئاســـتێکی جیهانـــی و مێژووییەوە کەمتر نەبووە لە داهێنانی ئەدەبی و دۆزینەوەی زانســـتی. ئەگەر وەرگێڕان نەبایە ئەســـتەم بوو فەرهەنگەکان یەکتریان ناســـیبا و مرۆڤەکان دەســـتیان بە ئەندێشـــەی یەکتر ڕاگەیبیا. ڕۆژهەڵات ئەزموونێکی مەزنی لەم بارەوە هەیە. (کەلیلە و دەمنە) و (هەزار و یەکشەو) دوو نموونەی بەرچاوی مێژوویەکن لە جێگۆڕکێی سامانی فەرهەنگیی گەلان و وڵاتانی جیاواز. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر ئەدەبی سویدی بێگومان زۆر بەرهەمی گەورەی ئەدەبی بەم زمانە نووسراون کە وەرگێڕانییان بە زمانی کوردی پێویستە.

لەمبـــارەوە هێندێك کار کـــراوە و هێندێك لە بەرهەمەکانی ئاســـترید لیندگرێن لە لایەن کەســـانی وەك کاك ئەنوەر قادر محەممەد و کاك خەبات عارفەوە کراونە کوردی. ڕەنگە ئێستا نەتوانم و لە چاوپێکەوتنێکی ئاوادا گونجاو نەبێت بیبلیۆگرافیای بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی سویدی بە کوردی ڕیز بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم دەقی ئەدەبیی نووسەرانی گەورەی ســـویدی وەك ئاگۆست سترێندبێرگ، ســـێلما لاگێرلویڤ، توماس ترانسترۆیمر، لارس نۆرێن، گوننار ئێکێلۆیڤ، ماریا گریپێ و هتد سامانێکی گەورەن کە هەبوونیان بـــە کوردی دەبنە هۆی دەوڵەمەندیی زمان و فەرهەنگی ئێمە. دڵنیام کەســـانێکی زۆر هەن کە دەتوانـــن ئەم کارە بکەن و هیوادارم پێوەندییە لابەلا و لاوەکییەکان نەبنە هۆی ئەوەی شیاوترین کەسانی ئەم بوارە پەراوێز بکرێن.

**پرســـیار: ئەگەر بۆ ڕابـــردوو بگەڕێینـــەوە، دەبینین: ئێســـتەی(یۆنان) لـــە بەرانبەر ســـەردەمی(ئەفلاتوون) و(ئەرســـتۆ تاتلیس) و ئەوانیدیدا، فەلســـەفە نەك هەر ڕووی لە کزیی کـــردووە، بەڵکو لەم ڕووەوە(بە دەگمەن نەبێت) باس لە ئێســـتەی یۆنان ناکرێت، بەو مانایەی بەردەوام بن لە فەلسەفە، هاوکات ئەم دیدە بۆ(ڕووسیا)یش بە هەمان شێوە لـــە بەردەمماندا قووت دەبێتەوە، بۆ نموونە؛ ئێســـتەیش جگە لە(تۆلســـتۆی) و(فیۆدۆر دۆستۆیێڤســـکی) بتزانێت باس لە ئەدەبیان ناکرێت بە شێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ئەدەب هەبێت، لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆیشمان: پێت وایـــە ئێمە ئەزموونگەلێکی نـــاوازەی وەهامان هەبن تا بەردەوام وەکو ســـەرچاوە بگەڕێینـــەوە کنیان؟ لە ئێســـتەدا(دەق)ێکی وەهامان هەیە وەربگێڕدرێت و لە ئاســـتی بەرهەمە ئێستێتیکییەکانی جیهاندا لە کێبەڕکێدا بێت(لە ڕووی فرە ڕەهەندییەوە)؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ناتوانم لەگەڵ بەشی یەکەمی پرسیارەکەتدا هاوڕابم. ئەوە دروست نییە کە مێژووی وڵاتێك وەك هێڵێکی دوور و درێژ ببینین و پێمان وابێت ئەو هێڵە بەردەوام لە هەڵکشاندایە. لەسەر رووسیاش هەست دەکەم شتەکە لە جێگای خۆیدا نییە و ئەگەرچی داستایۆڤیێسکی و تۆڵستۆی گرەوی تێپەڕینی زەمەنیان بردووەتەوە، بەڵام نووسەرانی گەورەی تریش لە ڕووسیای سەدەی بیستەمدا هەبوون و ناوگەلێکی وەك پاسترناك، ناباکۆڤ و سۆلژێنیێتسین نوێنەرایەتیی ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەدەبی ئەم وڵاتەیان کردووە. هەڵبەت وەك دەزانین ناباکۆڤ و سۆلژێنیێتسین بوونە قوربانیی زەبروزەنگی شۆڕش و سیاسەتی ستالینی.

ئەگەر دەقێکی ئەدەبی وەربگێردرێتە سەر زمانگەلی تر بۆ ئەوە نییە کە تەنیا بچێتە مەیدانی کێبەڕکێی ئەدەبییەوە. ڕەنگە دروستتر بێت بڵێین بۆ ناساندنی خۆمان پێویستیمان بەوە هەیە کە لانی کەم هێندێك لە بەرهەمە ئەدەبییەکانمان بە هێندێك زمانی سەرەکیی ڕۆژئاوایی و بەتایبەتی ئینگلیزی وەرگێڕدرێن. بەداخەوە لەم بارەوە ئێمە زۆر هەژارین و نەمانتوانیوە ڕوانگەی ڕۆژئاواییان لەسەر خۆمان بە لای ئەرێنیدا بشکێنینەوە و بڵێین ئێمەش مێژوویەکی ئەدەبی نووسراومان هەیە. لە کاتێکدا ئیبنی عەرەبی، فیردەوسی، سەنایی، عەتتار، حافز، مەلای ڕۆمی و هتد لەناو ڕۆژئاواییەکاندا تەواو ناسراون و وەرگێڕانی جیاواز و سەردەمییانە لە بەرهەمەکانیان بە زۆر زمان دەست دەکەوێت، مرۆڤ تەواو غەم دایدەگرێت کە دەقگەلی کلاسیکی کوردی وەرنەگێردراونەتە سەر زمانگەلی ڕۆژئاوایی و نەبوونەتە لایەنێکی پێناساندنی ئێمە بە جیهانی دەرەوە.

وەرگێڕانی دەقگەلی نوێی کوردی، لانی کەم هێندێك لەوان، بە زمانگەلی تر دەبێتە بەستێنێکی لەبار بۆ ناساندنی ئێستای مرۆڤی کورد و شێوەی گوزارەکردنی کوردەکان لە خۆیان. ئەزموونی ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی بە ئینگلیزی نیشانیداوە کە ڕەنگە بازارێکی گەورە چاوەڕوانیی دەقی وەرگێڕدراوی کوردی نەکات. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەست دەکەم ئەمە ئەرکێکی پێویستە و دەبێ ڕێگا گونجاوەکانی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە تاقی بکرێنەوە.

لە دەرەوەی وەرگێڕاندا و لە جیهانی نووسین بە زمانگەلی ئوروپایی لەلایەن کوردانی تاراوگەوە هێندێك ئەزموونی سەرکەوتوومان هەن کە توانیویانە لە ناساندنی کوردان بە جیهانی دەرەوە زۆر سەرکەوتوو بن. (تفەنگەکەی باوکم) لە نووسینی هونەر سەلیم ئەو بەرهەمە بە قەوارە تەنك، بەڵام بە ناوەڕۆك دەوڵەمەندە بوو کە وەك تۆپێك لە ڕۆژئاودا تەقییەوە و لە ڕوانگەی ژمارەی ئەو زمانانەی بوونە خانەخوێی دەقێك لەسەر کورد تەنانەت کەوتە پێش زۆربەی بەرهەمە تورکی و فارسی و عەرەبییەکانیشەوە.

**پرسیار: دوو نووسەر لە ئێستەدا نووسینەکانیان زۆر بە هەرمێتن، ئەوانیش:(عەتا نەهایی) و(بەختیار عەلی)ن، کە دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆمانەکانیانەوە کردراون. پرسیاری ئێمە ئەوەیە: لە گەلێک نووسیندا بەم نووسەرانە گوتراوە: داهێنەر... بۆچی بەشێک لە نووسەرانی ئێمە هێندە بە پەلە پاشگری(داهێنەر) دەخەنە پاڵ نووسەران، یان(دز)، یاخود هەر تەرزە دەستەواژەیەکی دی؟ لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم دوو ڕۆماننووسە داهێنەرن، هاوکات چۆن(داهێنان) ڕاڤە دەکەن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە سەدان لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دوو نووسەرە توانایەی کورد کرابن. ئەگەرچی بەوردی هەموو ئەو کارانەم کە لەسەر بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرە کراون شۆپاندووە، بەلام هێشتاش پێموانییە کارێکی ئەوتۆ کرابێت کە هەموو لایەنە ئەدەبییەکانی ئەم بەرهەمانە لێکدرابنەوە.

بەگشتی، دەکرێت بڵێین دوو چەشنە نووسین لەسەر کارەکانی کاک بەختیار و کاک عەتا هەتا ئێستا پێشکەش کراون: دەستەیەك کە زۆرینەن و بە شێوەیەکی پێداهەڵگوتنانە نزیکی بەرهەمەکانیان دەبنەوە و بەتایبەتی کاک بەختیار دەگەیەننە ئاسمان. دەستەیەکیش کە تا دەتوانن دژایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانیان دەکەن و دیسانیش پتر کاک بەختیار دەکەنە ئامانجی گۆیا ڕەخنەکانیان. لە پێشنیارکردنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبییەوە بۆ کاک بەختیار بگرە هەتا تاوانبارکردنی بە دزیی ئەدەبی و بە ئەوەی کە کوردی نازانێت و "میری جاهیلانە". هەر دوو بۆچوون بە باوەڕی من دوورن لە لێکدانەوەی ئەدەبی لەسەر بنەماکانی تیۆریی ئەدەبیی. ئەوەی کە دەڵێت کاک بەختیار دەبێت خەڵاتی نۆبێل وەرگرێت پێمان ناڵێت بۆ و ئەوەی کە دەڵێت بەختیار دزیی ئەدەبی دەکات نایسەلمێنێت کە چۆن ئەم کارە کراوە. دەبینین کە ئەم بۆچوونانەش ژەنگی قارەمانپەروەری و دژە قارەمانییان پێوە دیارە و وەبیرهێنەرەوەی هەڵسوکەوتە نادیموکراتیکەکانی جیهانی سیاسەتی کوردین.

من وەك کەسێك کە بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرەم خوێندوونەتەوە و بەخۆشییەوە شانسی دیدار و گفتوگۆ و دۆستایەتیم لەگەڵ هەردووکیان هەبووە و هەیە، پێموایە دەبێت بە واقیعبینییەکی زۆرترەوە لە کارەکانیان نزیك ببینەوە. بە شێوەیەکی گشتی کاک بەختیار و کاک عەتا دوو نووسەری گەورەن و توانیویانە لە ئاستی داهێنانی ئەدەبیدا هەنگاوی مەزن هەڵێننەوە. پێنج ڕۆمانەکەی بەختیار و سێ ڕۆمانەکەی عەتا گەنجینەیەکی گەورەی سامانی ئەدەبیی ئێمەن. ئەگەر بێتوو فەزایەك بخوڵقێت کە تێیدا کاری ڕەخنە ئەنجامی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقەکان بێت بە دوور لە هەموو

هــەرا و هوریای بــاو، ئێمە دەتوانین دڵخۆش بین بە ئافراندنی بەرهەمی باشــتر لەلایەن بەختیــار و عەتــاوە و لە هەمانکاتدا ئومێــدەوار بین بە پەرەپێدانــی هەلومەرجێك بۆ دەرکەوتنی نووسەری تواناتر. لە لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم دوو نووسەرەدا پێویستە بۆچوونێکی چەند رەهەندی و فرەدیسیپلینی رەچاوکەین و دەقەکانیان بکەین بە کەرەســەی وردکردنەوەی تیۆرییە ئامادەکانی جیهانی ئەدەب. لە دەربرینەکانمان لەسەر دەقەکانیاندا دەبێت لایەنی رێئالیســتی و ئاســتی ئەدەبی کوردی لــە بەرچاو بگرین. کاتێــك دەبینین لــە کۆرێکی کاك بەختیاردا پتر لە هەزار نەفەر ئامادە دەبن خۆشــحاڵ بــین بــە ریزێك کە جەماوەر لــە ئەدیبێکی کوردی دەگرن. لــە هەمانکاتدا دەبێت ئەو پرســیارەش بکەین ئایا ئامادەبوونــی جەماوەرێکی ئاوا بەرچاو نیشــانەی هۆگرییە لە ئەدەب یان گەرانە بەشــوێن پاڵەوانێکی مەســیحایی کە مژدەهێنەری رزگارییە. رەنگە سەرقاڵبوونی کاك بەختیار بە پتر لە بوارێکی ئەدەبی و دەرکەوتنی وەك وتار نووسێکی هزری و فەلسەفیش بێ کارتێکەری نەبووبن لەسەر خولقاندنی بوچوونێکی لەم شێوەیە لەسەر خۆیان. ئەوەش تایبەتمەندیی کۆمەڵگایەکی پۆلێننەکراوە کە تێیدا پێداهەڵگوتن دەرەتانی لێکدانەوەی ورد دەکوژێت.

لە راســتیدا بەرهەمی ئەدەبی ئەو بەستێنەیە کە بە هۆیەوە دەکرێت هەنگاوی جددی بۆ ناســینی خۆمان هەڵێنینەوە و بە خوێندنەوەی جۆراجۆر هەبوونی خۆمان و سووژەی کوردیمــان بخەینە بەرباس. هەمــوو لێکدانەوەیەك لە دەرەوەی دەســتکەوتە تیۆری و فکرییەکانــی ئەدەب دواجار دەربرینی رایەکی تاکەکەســییە کە خۆی لە پەســندان یان دژایەتیدا دەبینێتەوە و ئەمەش بە دوورە لە ئەزموونە ســەرکەوتووەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە جیهانێکدا، بەتایبەتی جیهانی کوردیدا، کە پتر لە هەموو کاتێ پێویســتیی بە دیالۆگ هەیە.

بە کورتی کاك بەختیار و کاك عەتا دوو نووسەری گەورەن و کارەکانیان جوانیکاریی ئەدەبیــی بەرزیان پێوە دیارە. بــەلام ئەوە بەو مانایە نییە کــە بەرهەمەکانیان لایەنی لاوازیان نییە. لێرەدا جێگای ئەوە نییە بچمە ســەر ریزکردنی خوێندنەوەی خۆم لەســەر بەرهەمەکانیــان و دەبێــت ئەم شــتە گرنگە هەڵگریــن بۆ کاتێکی تــر و مەجالێکی گونجاوی تر. تەنیا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئــەدەب و هونەردا. بەرهەمی ئەدەبی ئەو گوتارەیە کــە بە تێپەربوونی زەمەن گرنگیی خۆی لە دەســت نادات و دەتوانێــت نوێنەرایەتیی ئێپیســتیمەیەکی دیاریکراو بکات. (دکتۆر فاســتوس)ی مارلۆ رەنگە جوانتر لە هەر شــتێك حەزی بێپایانی مرۆڤ بە زانین نیشانبدات لە ســەردەمانێکدا کە سەدەکانی ناوەراست ئاوا دەبوون و ئاسۆی رێنێسانس

دیار دەكەوت. لە بەرهەمە تراژیکەکانی شێکسپیردا ڕۆحی سەردەمانێك وێنا دەکرێت کە بەدوای سەدەی سێزدەهەمدا بە ماگنا کارتاوە دەست پێدەکات و بەردەوام خوازیاری بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی پادشاکانە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەدەبی ئێمە دەتوانێت لە دەرەوەی حەزی ئێستای جەماوەرەکەیدا ببێتە ئەو گوتارەی کە نوێنەرایەتیی هەبوونی سەردەمانێکی تایبەت بکات لە کارلێکی مرۆڤی کورد و دەوروبەریدا؟

ڕەنگە داهێنان وەك کارێکی هونەری لە پێناسەیەکی خێرادا، بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا، بریتی بێت لە ئافراندنی جیهانێك کە وێڕای وێکچوویی لەگەڵ جیهانی واقیع خۆی بە تەنیا بتوانێت هەموو پێداویستییەکانی جیهانی خۆی دەستەبەر بکات. بە واتایەکی تر لە ئاکامی تێکەڵاویی خەیاڵ و واقیع و بە دەکارهێنانی تێکنیکی هونەریی گێڕانەوە جیهانێك وێنا دەکرێت کە ڕاڤە هەڵگرە و وێڕای لایەنی جوانیناسیی هونەری، بە دوور لە لاساییکردنەوە، لە گفتوگۆیەکی چڕدایە لەگەڵ دەقگەلی تردا. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانەکانی کاك بەختیار و کاك عەتا کەرەسەیەکی بە نرخن بۆ هەڵسەنگاندن لە بوارەکانی زمانی، ناوەڕۆکی، هونەری، جیهانبینی و جوانیناسییەوە. دەکرێ بە ئاراستەکردنی پرسگەلی جیاواز نە تەنیا تایبەتمەندییە دەقییەکان، بەڵکو ئاماژە کۆدەقییەکانیش بەوجۆرەی لەم ڕۆمانانەدا ئافرێندراون لێکبدرێنەوە و تێگەیشتنی ئێمە لەسەر جیهانی مرۆڤ و کۆمەڵگای کورد دەوڵەمەندتر بکرێت. دەکرێت لە بواری زمانییەوە بپرسین ئەم ڕۆمانانە چەندە توانیویانە تواناکانی زمانی کوردی پراکتیزە بکەن و ببنە هۆکاری گەشەپێدانی توانایی ئاخافتنی ئێمە لە بواری هەمبانەی وشە و پێکهاتەی بیرکردنەوە و درکاندن و دەربڕینی پاراودا. دەکرێت پێکهاتەی ئەو ڕۆمانانە ببێتە پرسیار لەمەڕ هارمۆنیی دەق و پێوەندیی جیهانی ڕۆمان بە جیهانی واقیعەوە. دەکرێت بۆ نموونە بپرسین هاوکێشەی جەلادەتی کۆتر و مۆزارت چەندە لە جێگای خۆیدایە. دەکرێت ئاستی ئەندێشە و جوانیی غەزەلەکانی غەزەلنووس و کەسایەتیی ئەو لەگەڵ تەون و سامانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ناوەوە و دەرەوەی ڕۆمانەکە بکەینە پرسیارێکی بووننناسانە. دەکرێت لە بۆچوونێکی بەراوردییانەدا لە شێوەی ئاخافتنی جەلادەت و غەزەلنووس و پەروانە و داپیرە و سەریاسەکان بکۆڵینەوە و بزانین ئەم وێکچوونییە لە ئاخافتنندا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. دەکرێت دیسانیش هەر لە ڕوانگەیەکی بەراوردییەوە ئاورێك لە کاراکتێرەکانی(چیای جادوویی) توماس مان و (کاری جوان)ی دەیڤید لاج بدەینەوە و بزانین ئاستی بیر و هۆش و ئاخافتنی ئەم کاراکتێرانە چەندە لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ناوەوەی ئەم ڕۆمانانە یەکتر دەگرنەوە. هەر لەم پێوەندییەشدا دەتوانین بپرسین ئایا شێوەی ئاخافتن و ئاستی ئەندێشەی کاراکتێرگەلی ڕۆمانەکانی کاك بەختیار بە بێ

هەبوونـــی ئەزموونی خوێندنی ئاکادێمیك چۆن دەتوانن پاســـاو بۆ ئەو هەمـوو دەربرینە فەلســـەفییانە بهێننەوە؟ ئەگەر پاساوی ئاســـتی بەرزی ئاخافتنی کاراکتێرەکانی لاچ و مان ئەو راســـتییەیە کە زۆربەیان مامۆستای زانکۆن، دەبیٚ پاساوی خوشکانی تۆبەکار و ئیســـحاقی لیۆزێرین چی بێت بۆ ئەو هەمـــووە تواناییە هزری و هونەرییانە؟ دەکرێت "کا"ی بەفر و وردەکارییە هونەری و تێکنیکییەکانی ئەم بەرهەمە لەگەڵ (غەزەلنووس) و(باغەکانـــی خەیـــاڵ) بەراوردکەین و بزانین لە ئاســـتی دارشـــتنی پێکهاتەکاندا چەندە وەســـتایی بە خەرج دراوە و چەندە هەوڵدراوە لە نێوان کەســـایەتی و رووداوەکانی رۆمان و جیهانـــی دەرەوەدا هاوئاهەنگی و وێکچوویی هەبێت؟ وەك وەبیرهێنانەوەیەك ئاماژە بە هەوڵی ئۆرهان پاموك دەکەم کە تەنیا بۆ شـــارەزابوون لەگەڵ شـــوێنی ژیانی "کا" دوو مانگ لەو شـــارەی کە پاڵەوانە خەیاڵییەکەی ئەو لە ئاڵمان تێیدا دەژیا، بەســـەر دەبات بۆ ئەوەی کە لە هەڵســـوکەوت و هاتوچۆی رۆژانەی ئەو تێبگات. تەنانەت بۆ دڵنیابوون لە ژمارەی ئەو شـــەمەندەفەرەی ســـالانێکی زۆر زووتر "کا" هاتوچۆی پێدەکرد پەنا بۆ نووســـینگەی مێترۆ دەبات و بە پرســـیارکردن خۆی دڵنیا دەکاتەوە کە "کا" ســـواری چ شەمەندەفەرێك دەبوو. ئایا ئەم وردەکارییە بۆ نموونە لە وەسفی فرۆکەخانەی سخیپۆلدا رەچاوکراوە؟ لەســـەر بەرهەمەکانی کاك عەتاش مرۆڤ دەتوانێت بە وردی قسە بکات و رەوتی گەشەی نووسینی ئەو لە (گوڵی شۆران)ەوە بۆ(باڵندەکانی دەم با) و (گرەوی بەختی هەلالە) بشـــوپهێنێت و بزانێت گۆرانکارییە زمانی و ناوەرۆکییەکان کامانەن. هەڵبەت لەبـــەر هەلومەرجی تایبەتیی شـــوێنکاتی ژیانی ئەو دەبێت پتر ســـەرنج بدەینە لایەنی ئالیگۆریکی بەرهەمەکانی. ئەمەش با هەڵگرین بۆ کاتێکی گونجاوتر.

**پرســـیار: نووســـەران هەمیشـــە لە ســـەفەردان لەگەڵ خۆیان و دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بە کویٚ گەیشتووی؟**

**د. هاشـــم ئەحمەدزادە:** وەك دەزانی مـن نووسەر نیم. لە زانکۆ مامۆستام و خەریکی وانـــە گوتنەوە و لێکۆڵینەوەم. ئەگەرچی دەنووســـم و هەوڵـــی بەردەوامیش بۆ فێربوون دەدەم، بەلام هەست دەکەم ئەو پرسیارە من ناگرێتەوە.

ئەوە هەر نووســـەران نین کە بەردەوام لە ســـەفەردان، بە مانایەك هەموو کەسێك لە ســـەفەردایە. لە لەدایکبوونەوە بۆ مردن. هەر کەسەش بە پێی توانای خۆی بە شوێنێك دەگات و دواجار هەموومان بە یەك شوێن دەگەین. هۆکارگەلی جیاواز، شێوە و ناوەرۆکی جیاواز بە سەفەری مرۆڤەکان دەبەخشێت. ئەزموونی من لە یەك رستەدا ئەوەیە کە بەر

لەوەی دەســـت بۆ قەڵەم بەری، هەزاران قەڵەمی بەر لە خۆت بەسەرکەوە، ئەگەر زانیت شـــتێك دەخەیتە ســـەر میراتی مرۆڤایەتی، ئەوا پێ بنێ ناو جیهانی پڕ لە بەرپرسیاریی نووسین.

کاك رابەری ئازیز، سوپاس بۆ پێوەندییە بەردەوامەکانت، سوپاس بۆ وەبیرهێنانەوەکانت. دڵنیام خوێنـــەرەوان ئاگادار دەکەیەوە کە ئەم گفتوگۆیە لـــە دوو قۆناغدا ئەنجامدراوە و من لە کاتی وەڵامدانەوەی بەشـــی دووهەمی پرســـیارەکانت نەمتوانی بچمەوە ســـەر وەڵامەکانم بە پرســـیارەکانی بەشـــی یەکەم، بۆیە ئەگەر دووپاتبوونەوەیەك ڕوویدا بێت، داوای لێبوردن لە تۆ و خوێنەرەوانی بەڕێزی ئەم دیمانەیە دەکەم.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ شاعیر و نووسەر (کەریم دەشتی)



**کەریم دەشتی:** شیعر وەکو ئەو ئاوە وایە کە لە هەندێك کەلێنی بەردیندا دێتە خوارەوە، سەرچاوەکەشی دیار نییە.

**پرســیار: بە درێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی، مەگەر تاك تاك، ئەگینا ئەوانەی وەکو ڕەخنەگر ناسراون، بە هیچ شێوەیەك داوای کۆمەکیان لە میتۆدە ڕەخنەی و زانستییەکان نەکردووە، بەڵکو تەنیا بۆچوونیان دەربڕیوە(بۆچوونی ساکار)، ئەمە بەدەر لەوەی تا ئێستە میتۆدەکان بە ڕێژەیەکی دڵخۆشکار نەناسراون و ڕاڤەیان بۆ نەکراوە، بە تێڕوانینی تۆ، ئەو هۆکارانە کامانەن کە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە ڕەخنانە؟**

**کەریم دەشــتی:** یەکێك لە گرفتە زۆر ئاڵۆزەکانی ڕەخنە و پرۆسێســی ڕەخنە لە نێو ئەدەبی کوردیدا(بەگشــتیی)، ئەمەیە: هەمیشە ئەو دەقانە دەکەن بە جێکاری خۆیان کە هێزی ئەوەیان تێدا نییە بۆ ڕەخنەگر بن بە مایەی جوڵاندنی هزر و زەین، دەخوازم بڵێم: ڕەخنەگــر ئەو دەقە هەڵدەبژێرێت کە توانای ئەوەی نییە ناچاری بکات تا بچێتەوە ســەر ئاستی میتۆدە بەهێزەکانی ڕەخنە، بەو مانایەی کە ئەو جۆرە دەقانە هەڵگری ئەو خوێنە نین کە مەعریفە بۆ ڕەخنەگر بەرهەمبهێنن، مەبەستم لە خودی مەعریفە بۆ ڕەخنەگر لە نێو گوتارە بەهێزەکانی نووسینی سەردەمە کە خوێنەر لە نێو کۆمەڵێك بابەتدا مەست دەکەن کە هەر هەموویان مایەی قســەکردن بن. مەرج نییە ڕەخنەگر پابەندی میتۆدێك بێت و بەردەوام ئیشی لەسەر بکات، چونکە ڕەخنەگری زیرەك مافی ئەوەی هەیە میتۆدی تایبەتی هەبێت و بە پرانسیپەکانی بۆچوونی خۆی کار لە نێو دەقدا بکات. لە ئێستەی ئەدەبیاتی خۆماندا پێویســتیمان بە بیرۆکەی بەهێز و هاوچەرخی ڕەخنەیی هەیە، ئەویش کاتێك دێتە کایەوە کە ڕەخنەگرەکانمان واز بهێنن لە هێزی دەرەوەی دەق و بچنە ناوەوەی دەقەکان و بەدوای ئەو دەقانەدا بگەڕێن کە شەختەی زەین هەڵدەتەکێنن و گوتاری بەهێز دروســت دەکەن، نەك ئــەو دەقانەی کە تەنیا و تەنیا چەند لاپەڕەیەکی پەخشــان ئامێز دەخولقێنــن، نموونەی ئەو ڕەخنە بەهێزانەمان لــە ئەدەبی جیهانیدا زۆرە کە ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریشیان بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستە سەرچاوە و مەرجەعی ڕۆشنبیرین، لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت و قەدەرێکی زۆر لە فەلســەفە و مەعریفە و ڕۆشــنبیرییەکی جددییــان بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە: بۆچوونەکانی(ت. س. ئیلیۆت) لە بارەی شــیعری میتافیزیکی و کتێبەکەی (واقعیە بلاڤفاف)ی ڕۆجی گارودی و ئەو ڕەخنانەی ســەبارەت بە ڕۆمانەکانی (دۆستۆیڤسکی) و(ســتاندال) و دۆنکیشۆت- ی(سێرڤانتیس) نووسراون، خوێنەر کاتێك ئەو نووســینانە دەخوێنێتەوە بابەتی تــازەی لەکن گەڵاڵە دەبێت، یاخود ئەو کتێبە شــیکاریی و ڕەخنەییانەی بۆ شــیعرەکانی(جەلالەدینی ڕۆمی) کراون، ئەوانە هەموویــان دەربڕی ئەوانەن کە ڕەخنەگر دەتوانێت لەســەر دەقە زیندووەکاندا، دەقێکی زیندووی ڕەخنەیی دروســت بکات، ئافەتی ڕەخنەی کوردی لەمەر ئەدەبیات پەخشــان

نووسینه، که دەبن به جۆرێك له سادەگۆیی بێ بنەما و مردوو، هاوکات هیچ ئیزافەیەك ناکەنە سەر کولتووری نەتەوەیی که کاریگەرێتیی خۆیان هەبێت، بۆیە لەلای ئێمەدا هەست به پرۆسیسێکی رەخنەییی کاریگەر ناکرێت، راستە هەندێك جار و هەندێك نووسەر ئەو هێزانەیان هەیە که دەقێکی رەخنەیی جوان و هاوچەرخ فرێ بدەن و مایەی دڵخۆشیی بن، بەڵام کەمن، ئیدی له نێو ژاوە ژاوی رەخنە بێسەروبەرەکاندا ون دەبن. له راستیدا، دەبێت رەخنە هێزێکی کاریگەر بۆ خۆی دروست بکات و له ژێرەوە هەموو خاوەن دەقەکان بخاتە دڵەراوکێی کەشف کردنیان، هەر لەبەر نەبوونی رەخنەی بەهێزیشە لەسەر دەق، شانی ئەدەبی کوردی شکاوە. ئەوەی تۆ دەتەوێت من باسی بکەم مەسەلەی زمانە که زۆر له دەقە رەخنەییەکان تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە، واتە: کاتێك رەخنەگرێك دێتە سەر باسی رۆمانێکی گەورە، لەباتی ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات کەشفەکانی خۆی به خوێنەر بناسێنێت، بەڵکو هەوڵدەدات هەڵە زمانییەکانی رۆمانەکە و نووسەری رۆمانەکە به خوێنەر بناسێنێت، ئەمجۆرە رەخنەیە مەبەستی دەق نییە، به قەدەر ئەوەی که مەبەستی دیلکردنی نووسەرەکەیە، له هەمانکاتیشدا هەوڵی کوشتنی ئەو نووسەرانەن له دیدی خوێنەراندا. ناکرێت چەند هەڵەیەکی زمانەوانی و چەند شێوازێك له بونیادی رستە بکەین به پێوەری ئەوەی که دەقەکە مردووە، راستە داهێنان لەسەر کەرەستەکانی بونیادی زمان دەوستێت و زمان زۆر گرنگە له دەقدا، بەڵام ئەوە ناگرێتەوە که ئێمە باس له هەڵەی رێزمانی بکەین و دەقەکە زەربی سفر بکەین. کەواتە: رەخنەگر دەبێت بچێتە نێو بابەتە گرنگەکانی زمانی دەق، هەر له سینتاکس و شوفرە و دەلالەتەکانەوە بگرە تا دەگاتە نێو تەقینەوە گەورەکانی ئەو زمانە، چونکە زانستی زمان کار له نێو پێوەندییەکان دەکات و باس له سیستەمەکانی زمان دەکات، ئەوەندە بەسەر هەڵەکانەوە ناوەستێت. نووسەر و داهێنەری زۆر گەورە هەن که زمانێکی باویان هەبووە و تا رادەیەکیش بێبەش نەبوون له هەڵەی رێنووس، بەڵام له هەمانکاتدا دەقەکانیان گەلێك گەورەن. پیشەی رەخنەگر ئەوە نییە ببێتە مامۆستای رێزمانی دەقەکە، بەڵکو پیشەی ئەو کارکردنە له نێو مانا دیار و شاراوەکانی دەق و کەشفکردنی جیهانبینیی خاوەن دەق که بۆ خوێنەر به دەری بخات ئەو دەقە تا چەند له نێو ئاسۆیەکی هیومانیزمیی ماناداردا مەلە دەکات و هەڵگری چ بنەما و فەلسەفە و رۆشنبیرییەکە. ئایا هەبوونی هەزار هەڵەی زمانەوانی چ له(دۆنکیشۆت) یاخود(برایانی کارامازۆف) و(جەنگ و ئاشتی) و(کۆمێدیای خواوەندی)ی دانتی کەم دەکاتەوە که خودی دانتی به زمانێکی لۆکاڵی نووسیویەتی؟ رەخنەگر دەبێت ئەو حەقیقەتەی لەبەرچاو بێت که داهێنان حاڵەتێکی جنونی و مندااڵنەیە، هەڵچوونی داهێنەرە که هەموو شتەکان

تێکەڵ بە قوری جوانی دەکات و پەیکەری نوور دروست دەکات، بۆیە دەبێت کەڵکەڵەی ئەوەی لە زەیندا بێت کە چۆن لەو دەقە ڕاڤە بکات کە دەخوازێت کاری لەسەر بکات. تۆ کە دەقێکی وەکو(هاملێت)ی شێکسپیر دەکەی بە بابەتی ڕەخنەیی خۆت، دەبێت ئاگادار بی لە مێژووی سەرهەڵدانی دانیمارکی و بزانی هاملێت لە نێو چ دەروونێکی خنکاوی ترادیسیۆنی ئەوان سەردەماندا نووسراوە، تا بتوانی پەی بەنهێنیی دەقەکە ببەی. لە نێو ڕەخنەدا، ڕەخنەگر نابێت ئەوەی بەسەردا بسەپێنرێت کە ئەڵتەرناتیڤی ئارگیومێنتیی هەبێت، دەکرێت ئەمە لە بابەتێکی زانستیدا حیسابی بۆ بکرێت، چونکە هەندێك جار گوتاری ڕەخنەیی هەموو ئارگیومێنتەکان وردوخاش دەکات و کەشفی پووچیی ئەوان دەکات. سنوور لەبەردەم ڕەخنەگردا ڕەهایە تا دەگاتە قووڵاییی ئاسمان، بابەتی هەیە و دەتوانێت کاریان لەسەر بکات، هەموو ئەو لەمپەر و بەربەستانەیش بەشێکن لە بۆچوون کە ڕەخنەگر پابەند دەکەن و لە نێو جغزێکی بچووکدا زیندانیی دەکەن کە ڕەخنەی هاوچەرخ ئەمە ڕەت دەکاتەوە.

**پرسیار: لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ڕیشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەمجۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزموونکراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەش سوودیان لێی وەرگرتووە - ئەمە لەم دەقگەلانەی دواییی تۆیشدا دەرکەوتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێك لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟**

**کەریم دەشتی:** کە بچینە نێو شیعر، ئیدی زەمەنی کپی تەواو دەبێت و ژاوە ژاو دەست پێ دەکات، ئەوەی خەریکی شیعر بێت دەستبەرداری ژیانێکی ئاسوودە و ڕۆحێکی حەساوە دەبێت، ئاسوودەیی و ڕۆحێکی حەساوە لە نێو ماڵی شیعردا جێگەیان نابێتەوە، چونکە شیعر خودای پرسیارەکانە، ئەو پرسیارانەی کە هەرگیز وەڵامیان نییە، بەڵام شیعر بێهوودە وەڵامی وەهمی ئەوان دەداتەوە، کە هەتا وەڵامدانەوەکانیشی بریتین لە جۆرە پرسیارگەلێکی دیکە. شیعر کۆژێتۆی پرسیارە یەك لە نێو یەکەکانە، قەبارەیەکی گەورەی هەیە لە دنیای وەهمدا، بەڵام وەهمێکی جوان، جوانییەك جیاواز لە جوانییەکانی دیکە، وەك ئەوەی(تۆماس مان) لە(مەرگ لە ڤینسیا) و(وایتمان) لە(چڵەگیا) و(ئیلیوت) لە(خنکان لە ئاودا)دا بە دوایدا دەگەڕان، نموونەمان زۆرن سەبارەت بەو وەهمە جوانانەی کۆمەڵێك ڕۆحی کۆمەڵێك گەریدە باسیان کردوون، لە ئەدەبی کوردیشدا زۆرن، بۆ نموونە(شێرکۆ بێکەس) لە(دەربەندی پەپوولە)دا گەورەترین وەهمی جوانی خوڵقاندووە، لەو پرسیارە قووڵانەی لە خۆی دەکات، سەبارەت بەو کچەی لە بارەکەدا لەبارەی

باوکییەوە کردبوونی، شێرکۆ لە رامانی خۆیدا، خودی خۆی دادەڕێژێتەوە، سەبارەت بە هەمان پرسیار، لەبارەی کچی خۆی، پرسیارێکە کتێبێك هەڵدەگرێت، هەروەها سەبارەت بە پرسیارەکانی(دڵشاد عەبدوڵڵا) لە دیوانی(شەوی دووەم)دا، لە نێو رەحمی سروشتێکی جوولە بەخشدا پرسیارەکانی دڵشاد دەچنە نێو پێستی رامانە قووڵەکان، بە رادەیەك قسە لەگەڵ بەرد دەکەن و هەڵوژە دەدوێنن، گەلێك نموونەی دیکەشمان هەن کە شایانی ئەوەن رەخنەگرەکان بۆیان بچن. بەمجۆرە من بە درێژایی چەندین ساڵە خەون بە وەهم و پرسیار دەچنمەوە، جوانییەك نەماوە وەهمێکی لێدروست نەکەم، بەڵام کەی شاعیر لە بەرانبەر قووڵاییی کەوندا دەتوانێت پەی بە جوانیی ببات، بۆیە شیعر عومری دەوێت و داوای فەنابوونی خۆتت لێدەکات، منیش قبووڵم کردووە، بۆیە شیعر لە دەرەوەی تایبەتمەندییەکان دەژییێت، ئەشقییایێکی عەجیبە، ناتوانێت لە نێو تاقە مێرگێکدا بژییێت، ناتوانێت لە ئاوێك بخواتەوە، بۆیە شاعیری راستەقینە هەمیشە تایبەتمەندییەکان پەرش و بڵاو دەکات و لە یەککاتدا لە نێو هەزاران دێری دژ بە یەکتریی دەژییێت و زەینی خۆی تژی هەرا دەکات، هەرایەك تا ئەبەد مەستانە. لە مەزامیرەکانی داوددا، مەغزایەك هەیە، ئەنگیزەیەك هەیە بۆ مردن، بەڵام بە وردی بۆی بچین هەموو ئەنگیزەکانی مردن بۆ بەتاڵکردنی چنگی مەرگە، بەوەی: ئاو لەبەرانبەریدا بووەستێت. من وەکو خۆم، تا ئێستا نەمتوانیوە بڵێم: بۆچی شیعر دەنووسم؟، هاوکات نەمخوێندووەتەوە کەسێك گوتبێتی بۆ شیعر دەنووسم، ئەگەر هەشبووبێت رازیی نەکردووم، شیعر وەکو ئەو ئاوە وایە کە لە هەندێك کەلێنی بەردیندا دێتە خوارەوە، سەرچاوەکەشی دیار نییە. دەکرێت تا رادەی مەرگ شیعر هەڵگری گەمە جوانەکانی منداڵیی بێت، هەڵگری کۆمەڵێك هەوڵ بێت بۆ گەڕانەوە بۆ نێو سەرەتایەك کە هێشتا وجود و سیما و رووخساری دیار نەبووبێت، نووسینی شیعر تەنیا ورد و خاشکردنی بەرانەتە. وەك گوتم: شیعر مەبەستێك نییە دایبڕێژین، کە کەوتە سەر کاغەز هوڵامیەتێك دەخولقێنێت، بەرەو منداڵیت دەباتەوە، بەڵام تۆ لە بازارەکانی گەورەییدا رۆحی خۆت بەسەر باخچەکانەوە دەبینیت، چەشنی سێو سوور دەچێتەوە، بۆشاییەکی گەورە دەکەوێتە میانی شیعر و منداڵێتیت، جەستە و رۆح. شیعر لە نێو هەمان ئەو بۆشاییەدا جوانی دەخولقێنێت.(ئیلیەت) لە کتێبی(سوودی شیعر و سوودی رەخنە)دا شیعر نانووسێت، بەڵام تەواو وەڵامی سەرسامییەکانی دەداتەوە، هێشتاش جێگەی گومانە وەڵام بێت. شاعیربوون دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و هەرگیز لێیان جودا نابێتەوە، بەڵام هەرگیز ئاوڕیشیان لێناداتەوە، ئەمەش سەیرە، وەکو ئەوەیە کە باس لە دڵەڕاوکێ بکات، بەڵام تەماشای نێوەڕۆکی دڵەڕاوکێیەکانی خۆی دەکات، چونکە شاعیر

ئەگەر بزانێت دڵەراوکێ چییە، پێویست بەوە ناکات بینووسێتەوە، جوانیی شیعر لە نادیاریی سیماکانیەوەیە، لە بێ سەرچاوەییەوەیە، لەمەدا کە هەموو ستایلەکانی ئەدەب یەکێکن، بۆ نموونە کە(گابریێل گاریسیا مارکیز) ڕۆمانی(سەد ساڵ تەنیایی)ی نووسی، بەسەرە قەڵەمێکی بچووك دەستی پێکرد کە نەیزانی ئەم سەرە قەڵەمە چ هەرایەکی نایەوە، لە نێو ڕۆمانەکەیدا(سلیونە) لە(شارە نادیارەکانی)دا وەهمەگەلێکی کەسێکی دەنووسییەوە، پاشان دەرکەوت هەموو ئەو وەهمانەی لە نێویاندا قوولبووەتەوە، هی خودی خۆی بوون.(پاپلۆ نیرۆدا) شیعری دەنووسی، بەڵام شیعرەکانی خاڵی بوون لە وەهم و دڵەراوکێ،(سەعدی یوسف) شیعر دەنووسێت، بەڵام شیعری خاڵییە لە وەهم، هەروەها(عەبدوڵڵا پەشێو)یش شیعر دەنووسێت، بەڵام دیسان شیعری ئەویش خاڵییە لە وەهم. ئەمان بە جۆرە گوتارێکی دیکە لە شیعر نزیکت دەکەنەوە، لەگەڵ گوتاری ڕەخنەدا دیوارێکی تەنکیان لە میانە، لە بەرداشی کۆتاییدا وەهم و بەرائەتی منداڵی یەکێکن، واتە: دوو دەستە خوشکی خونچەی نەکراوەی شیعرن. کە گوتمان شیعر یانی خۆ داماڵین لە هەموو شروشیتاڵی واقیع، دەرباز بوون لە شووشەی واقیع، ورد و خاشکردنی واقیع، واتە: هەڵی خوڵقاندنی دەقێکی ئیبداعیی ڕەخساوە. لای ئێمە تەوژمی سەلەفیی گوتاری ڕەخنە لەوە دایە لە ناواقیع بژی و لای ئەوان پیرۆزە، هیچ واقیعێکی شیعر پیرۆز نییە، هەموو واقعیەتێکی شیعریی، زیندانێکی گەورەیە، بۆ هەموو ئەو موفرەداتانەی شیعری نایاب دەخوڵقێنن. دواکەوتنی شاکاری گەورە لە شیعری کوردیدا لەسەر ئەوە هات کە چارەکە سەدەیەك شیعری واقیعی نووسرایەوە و پێمان وابوو بەو دروشمانە دەتوانین نەوەیەك ڕزگار بکەین، بەڵام دەبوایە بیر لەوە بکەینەوە کە جوانترین ڕزگارکارینەوە، ئەو شیعرەیە کەوا لە نێو نەقاوەتی وشەدا ئاسۆکان روون بکاتەوە، ئاستی داهێنان بەدەربخات، هەر کاتێك توانیمان لە پرۆسێسی داهێناندا لەمپەری واقیعەکان بەزێنین، سنووری داهێنان بە دیار دەخەین و هەمان ئەو ئیرڤانایەی تۆ باسی دەکەیت کە من بە(**الصفاء المطلق**) تێی دەگەم، دروست دەبێت. واقیع، ژاوە ژاوێکی گەورەیە، مرۆڤایەتیی هەبات دەکات لەو ژاوە ژاوە ڕزگاری بێت، چۆن دەبێت ئێمە لە نێو شیعردا مردن زیندوو بکەینەوە؟. ئیرڤانا خەسڵەتی سۆفیگەرانەیە، بۆیە لە واقیع ڕایان دەکرد و دەچوونە نێو خەلوەتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە خودا کە هێمنییەکی ڕۆحییان پێ ببەخشێت.

**پرسیار: شیعری ئێستە، بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان- شاعیر، کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو- مەبەستم ئەزموونی شاعیرانی پێش**

**ئێوەیـــە- کە گرنگییان دەدا بە خەمە جڤاتی/ کۆ-کان، ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێســـتە لــە بوونیادی دەقە(هاوچەرخ)ەکانەوە هەســـتی پێدەکردرێت، تـــا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعیی دەکات؟**

**کەریم دەشتی:** هەر کەسێك بزانێت نهێنیی دەقی زیندوو لە چیدایە، هەرگیز ناکەوێتە سەر شـــیعر نووسین، وەك گوتم شـــیعر بەوە مرۆڤ دەهەژێنێت و تا دوا ساتەکانی ژیان خەریکی دەکات کە ناتوانێت نهێنییەکانی بدۆزێتەوە، شـــیعر تەلیسمێکە کە کردتەوە، چەمکەکانی بەتاڵ دەبن،(نالی) دەزانێت هەوری ئاســـمان چییە، پێوەندیی نێوان هەور و خەمناکیی چییە، کە هاتووە کەشفی ئەمانە بکات، بەڵام جۆرێك تەجەلیات دەبەخشێت و دەیانکاتە شتێکی دیکە، وەختێك کە دەڵێت:

**(ئاسمان هەورین دەبێت، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین:**
**ئەی خودا چ بکەین لە نێو ئەم کاولەی کەس تیا نەماو؟)**
ئەم دوو دێڕە پرسیارێکی ئەزەلیی ئینسانێکە لە هەور و ئاسمان و غەمگینیی.

کلتووری نەتەوایەتی هەڵگری بابەتگەلێکی زۆرە هەر لە خوورەوشتی تاك تا دەگات بە دوا بەرهەمەکانی زانســـتیی و سۆســـیۆلۆژیی و مێژوویی، هەموو ئەو شتانە پێیان دەگوترێت(کولتووری نەتەوە). شیعر بە چاك و خراپییەوە دەبێت بە بەشێك لە کولتووری نەتەوە، لە نێو کولتووردا هەموو بەرهەمەکان یەکسانن، پێوەری چاك و خراپییان، ڕۆڵی کاریگەرییان، بەرزی و نزمییان، دەچنە نێو گوتاری ڕەخنە، کە ئەوەش بەشێکی کلتووری نەتەوەیە، ناتوانین(ئەرستۆڤانیس) لە نێو کلتووری گرێکدا جودا بکەینەوە لە(سۆفۆکلیس)، هاوکات ناتوانین لە نێو کلتووری نەتەوەی کوردیدا(حەریق) جودا بکەینەوە لە(جەزیری)، ئەمانە هەموویان کلتووری نەتەوەن، دەستنیشـــانکردنی شـــوێن و پایەی ئەمانە ئەرکی گوتاری ڕەخنەیە، مەبەســـتم ئەوەیە لە نێو کەوانەی کلتووری نەتەوەییدا شـــوێنێك لە شـــوێنێکی دی بەرزتر نییە، هەموویان پێکهاتەی کلتورن، بەڵام جودا بەندکردنی ئەمە ئەرکێکی دیکەی بەشێکی دیکەی کلتورە، بۆیە، شیعر بە تەنیا کلتووری نەتەوە دروست ناکات، بەڵکو هەموو بابەتەکانی دیکە بە یەکەوە کلتور دروست دەکەن. هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نەتەوەیـــەك، وەك ئەوە وایە باس لە دەریا بکەی، کە بە هەزاران هەزار ڕووبار و جۆگەلەی لێبووەتـــەوە، بۆیە تەقیم کردنی بەرهەمی نەوەیەك کارێکی ئاســـان نییە، چونکە لە پشـــتی خۆیانەوە کۆمەڵێك هـــۆکار و دەرەنجامیان هەڵگرتووە، بە کۆمەڵێك

داوی مێژوویی دووراونەتەوە، بە کۆمەڵێك تەقەڵی سیاسیی تان و پۆ بوون، دێرەکانیان هەڵگری ترس و دڵەراوکێ بوون، فۆرمەکانیان لە دایکبووی ناچاری بوون، بە گشتی، شیعری نەوەی من، شیعری دوای شکستێکی ڕۆحیی گەورە بوو، کە هەموو بنەماکانی ژیانی ورد و خاش کردبوو. ناکرێت نەوەیەك هەبووبێت شتێکی بۆ پێش خۆی نەکربێت، بۆیە هەموو کاتێك من پێموایە هەموو نەوەیەکی تازە داهێنانێکی زیادەی هەبووە لە نەوەی پێش خۆی چ لە ڕووی تێڕامان و چ لە ڕووی فۆرمەوە، چونکە ئیقاعی ژیان دەگۆڕێت کە نەوەیەك دەڕوات و نەوەیەکی دیکە دێتە پێشەوە. سەبارەت بەم باسە دەبێت جیاوازیی بکەین لە میانی قۆناغی شیعر و ڕەوتی ڕەخنەدا، بەرهەمی شیعریی نابێت بە سەرچاوەیەك بۆ ئەوەی هەمیشە بگەڕێیتەوە سەری و سوودی لێوەربگریت، تەنیا بۆ خوێندنەوە و چێژ لێوەرگرتنە، بەڵام دەکرێت مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر تەنزیری ڕەخنەیی و سوود لە لێکدانەوەکانی وەربگرێت، بە داخەوە، ئێمەی کورد بەرهەمێکی ئەوتۆی گوتاری ڕەخنەیەیی- شیعریمان دەست ناکەوێت لە نێو کلتووری خۆماندا تا وەك سەرچاوە بۆی بگەڕێینەوە و لەگەڵ ئێستەی گوتارەکاندا لێکی بدەینەوە و بەراوردیان بکەین و بایەخیان پێبدەین، ئەمەیان دەگمەنە، بەڵام من خۆم، نەك گەلێك جارا، بەڵکو هەمیشە دەگەڕێمەوە سەر بەرهەمە شیعرییە کلاسیکییەکان و دەیانخوێنمەوە. ڕەنگە لە نێو داوە دوورەکانی زەینـدا کاریگەرییان بمێنێت و بێئیرادە تێکەڵ بە بەرهەمی شیعری تازەی خۆمیان بکەم، بەڵام سەرچاوە نین. شیعر نیشتمانێکی تایبەتی شاعیرە، زۆر شاعیری بێ نیشتمان لە نێو نیشتمانی تایبەتی شیعری خۆیاندا ژیان و مردن، بەڵام هەمیشە نیشتمانی ڕاستەقینەی شاعیر خاکەکەیەتی کە بۆن و بەرامەی دەچێتەوە نێو ڕەگی شیعرەکانیەوە، هەموو شیعرەکانیشی گۆرانی بۆ نیشتمان دەچڕن، بەڵام بە شێواز و ناوەڕۆکی جۆراوجۆر، من کە بەسەر تەونی بەرێکەوە رامانێك بۆ جوانی دەچنم، نیشتمانی خۆم دەدوێنم، کە باس لە وەرگەڕانی ڕۆحی مرۆڤێك دەکەم، گوزارشت لە باخێکی نیشتمان دەکەم، هەر خۆی چنینەوەی داهێنان و پێشکەشکردنی شاکارێکی شیعرییە، جا بەسەر لێواری نەرسۆسیەتیش بێ هەر گەورەترین ڕۆحی نیشتمانییە. (لۆرانس) کە(ژنانی عاشق) دەنووسێت، پێوەندیی بە گۆرانی گوتن نییە بە نیشتمان، بەڵام گەورەترین نیشتمانپەروەرێتیی مومارەسە کردووە، بەوەی، ئەو داهێنانە گەورەیەی داوەتە وڵاتی خۆی، هەروەها(دانتی) لە شاکارەکانی خۆیدا، کازانتزاکیس(زۆربا)ی نووسی، بەڵام نیشتمانی خۆی زیندوو ڕاگرت بەو بەرهەمە، نیشتمانپەروەری شاعیران و ئەدیبان لەوەدایە شاکاری گەورە گەورە بۆ نەتەوەکان جێبهێڵن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: داهێنان کارێکە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، تایبەت نییە بە جوگرافیایێکی دەستنیشانکراوە و، کەواتە:

ناکرێت بڵێین ئەرکی زمان لە شیعردا چییە، چونکە شیعر واتە زمان، زمان لە شیعر دابڕێت شتێك نامێنێتەوە وەکو شیعر خۆی بنوێنێت. پێموایە، هەندێکجار بە زمانێکی سادە شاکارێکی گەورەی شیعری دروست دەبێت، هەندێك جاریش بە زمانێکی قورس و تۆکمە جۆرە شاکارێکی دیکەی شیعر خەڵق دەبێت، زمانی(سەعدوڵڵا پەرۆش) و(لەتیف هەڵمەت) و(عەبدوڵڵا پەشێو) زمانی سادەن، بەڵام شیعری نایابیان خوڵقاند، هەروەها زمانی(شێرکۆ بێکەس) و(ڕەفیق سابیر) و(ئەنوەر قادر محەمەد) زمانگەلێکی قورسن، بەڵام بەرهەمەگەلی نایابیشیان خوڵقاندووە. زمان بۆ شیعر و خوڵقاندنی کاریگەریی چ سادە و چ قورس وەستایی و کارامەیی دەوێت، زمان پێویستی بە شێلانێکی عەجیب هەیە لە نێو شیعردا، واتە: گەمەکردن بە زمان، دروستکردنی مانا قووڵەکان بە وشە، ئەتککردنی کاریگەرێتیی لە ڕێگەی موفرداتەوە، پێویستیی بە ئەشق و ڕۆشنبیرییەکی فرە لایەن هەیە.

**پرسیار: ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبنە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان (نووسەر-وەرگر)؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنین لە فیکری خوێنەردا تا تێکەڵبوون و هاومەستییەکی ڕەگئاژۆیی بخوڵقێنین، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لەوەها کاتێکدا کۆمەکمان پێدەبەخشن و لە ماهیەتی شیعر نزیکمان دەکەنەوە؟**

**کەریم دەشتی:** پێم باشە بڵێم: شیعر لە ئەمڕۆدا زیاتر ڕۆچوونە نێو مانا گرنگەکانە، ئەو مانایەنەی کە خۆیان لە شوێنە قایمەکان حەشارداوە، ئەو مانایانەی هەموو کەسێك پەییان پێ نابات، واتە: شیعر دەبێت شۆڕ ببێتەوە بۆ نێو ئەو کەلێن و شەقارانەی کە کۆدی مانا بەرزەکانیان تێدا ونبووە، ئەمڕۆ شیعر ئەگەر وێڵی واتە نهێنییەکان و واتە دامەزرێنەرەکان نەبێت هەرگیز ناتوانێت لە نێو دنیای پڕ لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا هاوشان لەگەڵ داهێنانەکانیدا بژیێت، بۆیە شیعر لە ڕۆژی ئەمڕۆدا جیاوازە لەگەڵ شیعری ڕابردوو، شاعیرانی ئەمڕۆ ڕێگە بە خۆیان نادەن هەموو شتێك کە هاتە پێش قەڵەمیان بینووسنەوە، بەڵکو ئەو شتانە دەنووسنەوە کە هەندێك جار قەڵەم دەشکێنن. زمەنی ئەوە بەسەرچوو لە نێو ئایدیای شیعردا یاری بە قژ و چاو بکەیت، بەڵکو زەمەنی ئەوە هاتووە تۆ قژێکی جوانتر دروست بکەیت، پەیکەری دابتاشی و ڕۆحی وەبەربێنی، ئەمڕۆ شیعر دەچێتە نێو هاوکێشە فەلسەفییەکان، بەڵام فەلسەفە نانووسێتەوە، ڕەنگە فەیلەسوفەکان بۆ نووسینی فەلسەفەی خۆیان سوود وەربگرن لەو جۆرە شیعرانەی کە من گوزارشتیان لێدەکەم و لە بارەیانەوە دەدوێم، بەڵام شیعر ناتوانێت فەلسەفە

بکات بە سەرچاوە بۆ خۆی، چونکە شیعر لە دەرەوەی دیوارەکانی فەلسەفە و حەقیقەتە فەرزکراوەکاندا دەوەستێت و مانایەك بۆ ژیان و بوون دروست دەکات. هەموو ژانرەکانی فەلسەفە لە پێناو ئیقناعکردنی بەرانبەردا کار دەکەن، بەڵام شیعر لە پێناو دروستکردنی واهیمەیەك کار دەکات کە مانایەك بدات بە ژیان، هاوکاتیش مرۆڤ لە هەڵدێرەکانی پرسیاری ترسناك رزگار بکات. شیعری ئەمرۆ هۆییێکی گرنگە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە رارەوەکانی بێهوودەیی و نائومێدی لەم سەر زەوییە نەجات بدات و بتوانێت بە سورای پشتی گەلایەك گەورەترین حووتی وەرسی و بێزاری راو بکات. ئەگەر رابردووی شیعری کوردی هەتا ئێستەش لەبەر پەنجەرەوە تەماشای مانگی دەکرد و رایدەکێشایە سەر زەوی، ئێستە شیعر لەسەر زەوییەوە رەگ و ریشەی مانگێکی جوان دروست دەکات، مانگێك بە هەزاران پارچەی مانا خۆی شووشتبێت، بە کورتی: شیعر دەبێت پارسەنگی مانەوە بێت و جەدوایەك بۆ رۆژانەمان دروست بکات و نەهێڵێت بخنکێین. ئەوە دیاردەی هەموو چاخەکانە کە خوێندنەوە لە برگەیەك لە برگەکانی مێژوودا کز دەبێت، مێژوو هەمیشە هەڵگری خاڵە پۆزەتیڤەکان نییە، چونکە تژی خۆکاری جودا جودایە. خوێندنەوە کارێکی دژوارە بۆ ئەوانەی دەزانن بخوێننەوە، خوێنەر دەبێت خوێندنەوەیەکی قووڵ و برشت ئامێری هەبێت و دیقەتدار بێت بۆ سەرجەم بابەتەکانی داهێنان و کەرەستەکانی گواستنەوەی چەمکەکان بۆ نێو هزر و زەین و تێرامان، خوێندنەوە پرۆسێسێکی مەعریفیی گەورەیە و دەستووری دژواری خۆی هەیە، من لە شوێنی تردا باسمکردووە. خوێندنەوە، وەك ئەوەی من باسی دەکەم، بریتی نییە لە کردنەوەی کتێب و بەس، بەڵکو بریتییە لە وەرگرتن و گەمەی واتاکان، پەیبردن بە هەزمکردنی چەمکەکان و ئاشکراکردنی کۆدەکانیان، بێئەو هاوکێشەیە خوێندنەوە دەبێت بە رەوتی نێو پۆلەکان، لەم رووەوە تەماشای خوێندنەوەکانی(ئەدۆنیس) بکە بۆ کولتووری ئەدەبی و شیعری عەرەب لە(التابت والمتحول)دا، هەروەها خوێندنەوەکانی(ئیدوارد سەعید) بۆ کاری رۆژهەڵاتناسی و خوێندنەوەی(صادق جلال) بۆ کولتووری ئایینی و خوێندنەوەی (ت. س. ئیلیۆت) بۆ رەخنەی میتافزیکی. کە دەڵێم: شیعر پارسەنگی ژیانە، من بۆ ئەوانە قسە دەکەم کەوا لەو نێوەندە دا ژیان بەسەر دەبەن، شاعیر، لە پشت نووسینی شیعرەکانی خۆیەوە، هیچ هیواییێکی دیکەی نییە، جگە لەوەی کە ببێ بە سەلوا بۆ رۆحی خۆی، ببێ بە وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کەوا لە نێو رۆحیدا سەر هەڵدەدەن. شاعیر، هەمیشە لە گێژاوێك دەژییێت کە خودی کتێب و قەڵەم و نووسین بۆیان دروست کردووە. خۆ ئەگەر شاعیر خۆی نەچووبایە نێو ئەمجۆرە ژیانەوە، ئەوا ئەویش وەکو ئەوانی دیکە دەژیا، خولیایەکی نەدەبوو بۆ پرسیارکردن. هەمیشە قەڵەم و کتێب مرۆڤ دەخەنە داوی

گیرۆدەیی و بیرکردنەوە، وا لە مرۆڤی شاعیر دەکەن کە هەمیشە بە دوای ئەڵتەرناتیڤێکی باشتری ژیانی فیکریدا بگەڕێت، وەهای لێدەکەن شۆڕ ببێتەوە بۆ نێو قووڵاییەکانی بیرکردنەوە، بە کورتی: کتێب لە ئەنجامدا وا لە شاعیر دەکات مرۆڤێکی دیکە بێت، گیانێکی جیاواز بێت، بە دیدێکی دیکەی جیاواز لە دەوروبەری، تەماشای دیاردەکانی ژیانی ڕۆحی بکات. بەمجۆرە شیعر بۆ شاعیر پارسەنگێکی بەهێزی ژیانە. ئەگەر بە وردی تەماشای ئەو شاعیرە گەورانەی بواری سۆفیگەرێتیی بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شیعر چۆن پارسەنگێکی ژیانی ئەوان بووە، هەندێکجار بویەری شیعری ئەوانی ڕاپێچداوە کە خاك و نیشتمانی خۆیان جێ بهێڵن و لە نێو دەقی شیعرەکانیاندا خاك و زێدی خۆیان دروست بکەن، یاخود، هەندێك جار شیعر وای لێکردوون خاك و نیشتمانی خۆیان لە نێو شەهادەتدا، لە پێناو دەقێکی شیعریی جاویداندا، دروست بکەن، لێرەوەیە من دەڵێم: شیعری ڕاستەقینە، شیعرێك کە بە هەڵکفانی خوێن دەنووسرێت، چارەنووسی شاعیر دەگۆڕێت و لە تەواوی مرۆڤەکانی سەر زەویی جودا دەکاتەوە و ڕووەو پاکییەکی جاویدان و عەشقێکی ئەبەدیی دەبات، تا وەهای لێدەکا لە ترۆپکی سۆزدا بوونی جەستەیی نامێنێت و دەکەوێتە نێو حاڵەتێکی هولامیی و بەرجەستە نابێت. لە کاتی خوێندنەوەکانی خۆمدا، جیاوازی ناکەم لە بەرهەمەکاندا، هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لە یەکەم دێرەوە ڕامدەکێشن تا دوا برستی خۆم لە گەڵیان دەبم، هەندێك بەرهەم بە ڕادەیەك سەرسامم دەکەن حەیفە دیقەتی خۆمیان پێنەبەخشم، هەندێك بەرهەمیش هەر لە یەکەم دێرەوە پێم دەڵێن: ئێمە خۆراکی ڕۆحی تۆ نیین. لە بیرم دێت کەوا یەکەمجار شیعری(بۆدلێر)م خوێندەوە، زۆر کاری لێنەکردم، ئەو کاتەی کە خوێندمەوە هێندە نەچووبوومە نێو دنیای ئەو شاعیرە نێودارانەوە، بەڵام دواجار کە گەڕامەوە سەر شیعرەکانی(بۆدلێر)، تێگەیشتم: گەورەترین شاعیرێکە کەوا لە نێو ئافەتێکی دەروونیی دژواردا کاری کردووە، شاعیرێك بوو ژیانی ڕۆژانە و شیعرەکانی بە ڕادەیەك تێکەڵ بە یەکتریی بوو بوون، لەیەکتر جودا ناکرێنەوە، بۆدلێر کە بە شاعیرە نەفرەتلێکراوەکە-نێوزەد کراوە، گوناهێکە مێژووی ڕەخنە لەکردار دەکات، شاعیرێك هەموو ژیانی بۆ میهرەبانی و سۆز و خۆشەویستی و بینینی بەرانبەر تەرخان کردبێت و دەقەکانی بەو ئاراستەیەدا بردبن، حەیفە نەفرەتلێکراوێك بێت، بەڵام زۆرجار مرۆڤ دەبێت بە قوربانیی بۆچوونەکانی کۆمەڵگە، کەم بووە لە شاعیر تێگەیشتبن،(بۆدلێر) دەڵێت: «عەبقەریەت ئەو منداڵییەیە، کە بە دەستی ئەنقەست زیندووی دەکەینەوە.) ئەو هەمیشە هەوڵیدەدا لە شیعرەکانیدا منداڵ بێ و بەرائەتی منداڵیی بکات بە پێوانە بۆ ژیان.

**پرسیار: ئێستێتیکا چییە و لە کوێی نووسیندا تێکەڵ بە جواننووسیی دەبێت؟**

**کەریم دەشـــتی:** ئەدەب یانی ئێستێتیکا، لەوە زیاتر هیچ پێناسەیەك بۆ ئەدەب خاڵی نییە لە کەمکردنەوەی ئـــەدەب، هەمـوو دەقێکی ئەدەبیی زیندوو جوانی لێدەتەکێتەوە، واتـــە: ئێمە ناتوانین جوانی لە ئەدەب جـــودا بکەینەوە، ئەگەر وەها نەبێت، ئیدی ئەدەب دەبێت بە قسەی رۆژانە، ئێستێتیکا هەر بە تەنیا لەوەدا نییە جوانی وەبەر دەقدا بکەیت، لە هەندێك کاتدا ناشیرین پۆشیی جوانترین دەقت بۆ دەرسکێنێت. لای زۆران وەها باوە کە ئێستێتیکا یانی جوانی، بەڵام وەها نییە، رەنگە لای یەکێك گوڵێکی سیس کاریگەریی زیاتری هەبێت لە گوڵێکی گەش، جۆبارێکی وشك جوانتر بێت لە دیمەنی جۆگەیەکی پڕ لە خورەی ئاو. ئێســـتێتیکا هەندەسەی رۆحە لە دەقدا، تۆ وەرە رۆمـانی(الحارس فی حقل الشوفان)ی(ســـالنجر) بخوێنەوە، هیچ جوانییەك لـــەو رۆمانەدا نییە، بەو مانایەی کەوا لە ئێســـتێتیکا گەیشتووین، نە جوانی تێدایە، نە باســـی جوانی دەکات، بەڵام نووسەر وەك ئەندازیارێـــك هێندە تۆکمە ئەو رۆمانەی دارشـــتووە، هێنـــدە جوان پەیوەندییەکان یەکالا دەکات، هێندە جوان سیســـتمەکانی ئاماژەدار کردووە، ئیدی خوێنەر هەست بەوە دەکات کە لە نێو جوانیـــی دەقێکدا خەریکە دەخنکێت، یاخود لە رۆمانی(میاه الربیع) ی(تۆرگینۆف)دا، ئەی ئەگەر بچینەوە سەر رۆمانی(الغرانیق المبکرە)ی ئیتماتۆف، ئەوسا دەزانین ئێســـتێتیکا ئەو هێزەیە کە ئەدەب بەبێ بوونی ئەو، مەحاڵە جاویدانی بەدەســـت بهێنێت.

**هەردی**- ی شاعیر دەڵێت:

**(ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم)**

یاخود **هێمن** دەڵێت:

**(هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی.. دەمێك مەستی)**

ئەمانە باس لە جوانیی ناکەن، بەڵام هێزێکی گەورە بۆ جوانیی دەخوڵقێنن، مەبەستم لەو نموونانە ئەمەیە: ئێســـتێتیکا ئەو جوانییە نییە کە چەمکەکەی لای ئێمە ناسراوە, ئێســـتێتیکا شتێکی دیکەیە، مانایەکی دیکەیە، رۆحی رێکخستنەوەی شتەکانە، یاخود پەرش و بڵاوکردنەوەی شیعرە بەنێو(با)دا.

**پرسیار: گەلێك ساڵە دەنووسیت و هەمیشە تێڕوانینەكانت جیاوازن، هاوكات زمانێكی تایبەت بە خۆیشت هەیە، بەڵام دوا بەدوای ئەم كۆئەزموونە فرە و كراوەیە، چۆن باس لە بەجێهێشتنی(خودی باو- گشتی باو) و(بوونی خود) و ئەفراندن و لەحزەی خوڵقاندنی دەقێكی جیاواز دەكەیت؟**

**كەریم دەشتی:** هەمیشە تاك و گرووپی(باو) دەكەونە پەراوێزەوە. بەردەوام بوون و مەلەكردن لە نێو(باو)دا هیچ ئیزافەیەك ناكاتە سەر بەرهەمی شاعیر، بۆیە شاعیر دەبێت هەمیشە ڕاست بڕوات و ئاورنەداتەوە، بەڵام هەندێكجار ئەو ڕاست ڕۆیشتن و ئاور نەدانەوەیە، هەندێك گەوهەری شیعریی جوانمان لەكیس دەدات، بۆیە دەبێت زۆر بە وردیی بەردەوامی بەو سەفەرە بدەین. خودی شاعیر دەبێت خودێكی كراوە و وەرگرێكی تازەش بێت. بۆ ئەوەی خودی شیعر هەڵگری گەورەترین سیحر و جاویدانی بێت، بەبێ پەرەپێدانی خودی شاعیر و دەوڵەمەندكردنی خود بە مەعریفەی تازە و ئێستێتیكای جیاواز و بیركردنەوەی قووڵ، هەموو خودە شیعرییەكان دووبارە دەچنەوە نێو ئەو(باو)ەی كە تۆ باسی دەكەیت. ئەدەبی كوردی زۆر درەنگ پێی لەسەر(باو) هەڵدەگرێت و زۆر درەنگ فریای هەنگاوی(تازە) و(نوێبوونەوە) دەكەوێت، هۆیەكەشی ئەمەیە: هەموو ئەو(باو)انە بە چەندین دیواری موقەددەس ئابڵۆقە دراون، بۆیە لێرەدا شاعیر و ڕۆماننووس پێداویستییان بە زات و جورئەتێكی زۆر هەیە تا ئەو(باو)یتییە ورد و خاش بكەن و شمەكی(هاوچەرخ)ی لەبەربكەن، بۆ ئەوەی تاكە شاعیری كورد لە نێو نەمرییدا بژیێت و هەمیشە تیشك بهاوێژێت. كلتووریكی زۆر و زەوەندی(باو)مان هەیە، ئیدی پێویستمان بە بوونی خودێكی(خەللاق) هەیە، تا(باو)ەكان ڕەت بكاتەوە و شتی تازە بهێنێتە كایەوە. پرۆسێسی هەڵتەكاندنی شەختەی باو، پرۆسێسی جیاوازبوونە، دەقی جیاواز، ئەو دەقەیە كە دیالۆگ لەگەڵ ئەقڵ و زەینی خوێنەردا بكات و بەرەو بەرزییەكانی داهێنان و بیركردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵتەكاندنی ببات، هەڵگری قەدەرێكی زۆر لە وەهم و سیحر و جوانی و كاریگەرێتیی بێت.

**پرسیار: کەسانێك هەن زۆر بە داخراویی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتەیەکی تر: تەنیا دەڵێن:(ئەم دەقە جوانە) و(ئەم دەقە ناشیرینە)، بە پێچەوەی جارێك بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری تووڕهەڵدانی ئەمجۆرە ڕستە بێگیانانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**کەریم دەشتی:** ئێمە نابێت ئەوەندە لەسەر ئەو قسانە بووەستین، لە هەموو چاخ و زەمانێك ئەمجۆرە بێ موبالاتیە هەر هەبووە، شاعیری ڕاستەقینە، دەبێت ڕێگە بۆ ئەم جۆرە قسانە بکاتەوە و نەخرێتە ژێر باری بێ بنەمایی و زۆرگۆیی. ڕەخنەگری زیرەك خۆی لەم قسانە بە دوور دەگرێت، چونکە ئەو کەرەستەی خۆی هەیە بۆ بەتاڵکردنی دەقێك لە ناوەڕۆکەکەی. هەر دەقێك ئەگەر هەڵگری جوانیی بێت، هەموو ناهەقییەکان دیلی سیحری خۆی دەکات، ئەم حاڵەتە زۆر ئاساییە، لەبەرئەوەی دەقی ئیبداعیی حوکمی زەوقی هەموو خوێنەرێك ناکات. هەندێك دەق بە جوانی لە قەڵەم دەدەین، ڕەنگە هەندێك دەقیش بە ناشیرین بشوبهێنین، مەسەلەیەکی ڕێژەییە، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دی دەگۆڕێت، زۆر دەقی گەورە هەبوون، لە دنیادا گەلێکۆیی ئەوەیان لەسەرکراوە کە لاوازن، هاوکاتیش ناوەڕۆکگەلی ناشیرینیان هەبووە، بەڵام بە ڕابردنی زەمانە دەرکەوتووە کە دەقێگەلێکی جاویدان بوون. هەندێکجار تێنەگەیشتن لە دەق وەها دەکات چەمکەکان نەگەن بە زەینی خوێنەر یاخود ڕەخنەگر، بۆیە هەڵوێستی لە بەرانبەر وەردەگرن. زۆربەی دەقە زیندووەکانیش بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە، دەقی زیندوو و پڕ لە داهێنان، جا ئەم دەقە چ سادە بێت، چ ئاڵۆز بێت، هێندە شتی لە ناخ و دواوەی خۆی هەڵگرتووە، خوێنەر و ڕەخنەگری هۆشیار بە دوایانـدا دەگەڕێن تا بیاندۆزنـەوە. کاری ئەدەب و نووسین و خوێندنەوە و ڕەخنە، کارگەلێکی گرنگ و قورسن، بۆ هەموو کەسێکیش دەستەبەر نابن.

**پرسیار: گەلێك لەو کەسانەی وەکو شاعیر و هزرڤانی(پێشەنگ) ناسراون لە نێوەندی ئەدەبیاتی کوردیدا، وابەستەن بە ئەوانیدیکە(ئەوروپییەکان)، ئەم وابەستەبوونەیش بووەتە هۆی دەرکەوتنی تارماییەك بەسەر دەقەکانیانەوە، هاوکات دەخوازن داهاتوویەکی مسۆگەر لە ئێستەدا ئامادەیی هەبێت، کەچی تەنیا جارێك بە چاوێکی قووڵەوە تەماشای ڕابردوو ناکەن و هەوڵنادەن بیگوازنەوە بۆ نێو ئێستە... ئەم جۆرەی(ونبوونی خود)ە، هاوکاتیش نیشتەجێبوون لە(زمانی ئەوانیدیکە) و باڵاکردنی ئەم نائاگاییە ڕیشئاژۆییە لەچییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟**

**کەریم دەشتی:** ئەدەبی هیچ میللەتێك بەبێ ئەدەبی ئەوانی دیکە تەکامول ناکات، هەموو ئەدەبەکان بە جیاوازی بیر و بۆچوونەکانیان پێویستیان بە ئەدەبی ئەوانی دیکەیە، هەموو ئەو ئەدەبانە لەسەر یەکتریی ئەزموونی ژیانی دەقەکانی خۆیان بەرێوە دەبەن. من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەدیبی کورد کەوتبێە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ئەوروپی، پاساویشم بۆ ئەمە ئەمەیە: ئەگەر وەها بووایە ئێستە دەبوو زۆر شتی باشمان هەبووایە و زۆر شاکاری گەورەی رۆمان و شیعرمان هەبووایە، لە هەمانکاتدا زۆربەی ئەدیبانی کورد زمانی ئەوروپی نازانن، تەنیا لە رێگەی زمانی عەرەبییەوە شارەزاییان پەیدا کردووە، لە هەمانکاتدا کەوتنە ژێر کاریگەرێتیی ئەدەبی ئەوروپی وەها ناکات ئەدەبەکەیان لەکەدار بکات، بە پێچەوانەوە، رەنگە ئەو کاریگەرێتییە ببێ بە هێزێك بۆ رەنگاو رەنگکردنی ئەدەبەکە، ئەگەر مەبەستت لە(ونبوونی خود)یش ئەوە بێت کە ئەدیبان کەوتبنە ژێر کۆنترۆڵی ئەدەبی ئەوروپی و خۆیان ونکردبێت، ئەوا من وەهای نابینم، ئەگەریش مەبەستت لەوە بێت کە ئەدیبی کورد تووشی حاڵەتێك لە دەرەوە نووسیی بووە و ناخی خۆی نانووسێتەوە، ئەوەیان تا رادەیەك دیارە، یەکێك لە ئیشکالیەتی دەقی ئەدەبی ئەمەیە: هەمیشە کار لە نێو دەرەوەی دەقدا دەکات و شتە رووکەش و سادەکان بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بە دەگمەن هەست بەوە دەکەیت کە گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن وەکو تاکێکی پڕ لە موعانات، چونکە لە راستیدا ئەدەب کارێکی زاتییە و هیچ هۆکارێکی دەرەکیی نابێت بە هۆی ئەوەی ئەدەبەکە بەهێز بکات لە کاتی گوزارشتکردندا، لەم رووەوە خۆرئاوا سەنگێکی بەهێزی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی جیهان، نەك هەر لە ئەدەب و رۆشنبیرییدا، بەڵکو لە هەموو مەوداکانی ژیاندا. خۆرئاوا هەوڵدەدات لە رێگەی بەرهەمهێنانی مەعریفە و تەکنیکیدا وەك سێنتراڵێك خۆی سەقامگیر بکات و رۆژهەڵات بخاتە پەراوێزی خۆیەوە، ئەمەشیان لە رێگەی بەهێزکردنی ئابووری خۆی دەبێت و لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانەوەیە کە هەوڵ دەدات هەموو شوێنێکی سەر ئەم زەوییە بکات بە بازاری ئازادی خۆی. خۆرئاواییەکان لە ژێر هەر چەترێکدا دەسەڵاتی خۆیان دابرێژن هەڵگری جۆرێك لە لیبراڵیەتێکی پرەگماتیکین، دەیانەوێت هەم ئازادیی بازار و هەم ئازادیی هەڵسوارانی جیهان بە دەست بهێنن، ئەمەیە کە جیهانگیریی بەرهەم دەهێنێت. رۆژهەڵات پابەندی کلتووری خۆیەتی، بەڵام نەیتوانیوە بەرهەمهێنەری تەکنیکیی بێت، تا ئێستەش لە نێو مەعریفەی رۆحانییدا دەژییێت. تەماشاکە، لە رۆژهەڵاتدا، دڵ کاریگەرترە لە ئەقڵ، نووشتە بەهێزترە لە نەشتەرگەریی، بۆیە خۆرئاوا هەمیشە باڵادەستە، چونکە بە خەیاڵی سەر زەویی دەژییێت، لە کاتێکدا رۆژهەڵات بە خەیاڵی یۆتۆپییێکی غەیبیی دەژییێت، ئەوان هەمیشە لە

ئێستەدا دەژین، لە نێو ئێستەدا کار دەکەن، ئاوڕ بۆ دواوە نادەنەوە و باوەڕییان بە پاڵەوان نییە، ئەمەش وای کردووە ڕۆژئاوا دوور بکەوێتەوە لە ئەفسانە و بێ سیمبۆڵ بژییێت. سیمبۆڵ دۆستی لای ئەوان کۆتایی هاتووە، ئێستەش ژین گرنگە لە لای ئەوان، بەڵام ڕۆژهەڵات وەها نییە، لە یەککاتدا پابەندی هەزاران هەزار سمبۆڵ و پیرۆزییە کەوا ئەم پیرۆزکردنە وایکردووە ئەقڵ لە نێو سوباتێکی ئەفسانە ژینیی درێژخایەندا بژییێت و بواری بەرهەمهێنانی لێ ببڕێت، جیهانگیریی پڕیەتی لە شتی جوان، بەڵام بۆ ئەو نەتەوانەی کە نازانن پێشوازی لێ بکەن و نازانن چۆن بەکاری بهێنن دەبێت بە شمشێرێکی دوو تیغیی، تیغێکیان ئەمەیە: ئەگەر ئەو نەتەوانە، بە تایبەت نەتەوە پەراوێزکراوەکان و نەتەوە پەرش و بڵاوەکان کە نازانن بەکاری بهێنن، بە زووترین کات جیهانگیریی هێندەی دیکە پەراوێزیان دەکات و لە بەرداشی کۆتاییدا لە نێویان دەبات، تیغەکەی دیکەش: بۆ ئەوانەی پێشوازییەکی زانستیانەی لێدەکەن دەبێت بە بەرهەمهێنەری بەختەوەریی. دواجار، هەمیشە و بە درێژاییی مێژوو بەختەوەرییەکان دێن، بەڵام نەزانەکان ورد و خاشی دەکەن. هێرمان هیسە، یەکێکە لە شاکار نووسەکانی ئەدەبی ئەڵمانی، لەم بارەیەوە بەشدارییەکی ئێجگار فراوانی کردووە و ڕۆمانی(لعبة الكريات الزجاجية) گەورەترین شاکاری ئەو ڕۆماننووسەیە کە لە هەمان ئەو ڕۆمانەشدا بە دوای ئاوی حەیاتدا دەگەڕێ. هێرمان هیسە هەڵگری جۆرێکی تایبەتی سۆفیگەرێتییە، بە تایبەت لە ڕۆمانی(سێزارتا)دا، سەرچاوەی نووسینەکانی(هێرمان هیسە) لە نێو ستوونەکانی بودایی و مەسیحییەت و ڕۆژهەڵاتە، ڕۆمانی(سەفەرێك بۆ ڕۆژهەڵات) هەوڵی باندێکە لە چەند کەسێك کە نیازی هەریەکەی بە ئامانجێکەوە شەتەك داوە و پاڵەوانەکانیش ڕێگەی خۆیان دەگرنەبەر، بەرەو ئەو کانی شەوقەی کە ئەوان پێیان وایە لە ڕۆژهەڵاتدا دەیدۆزنەوە، ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی سیحرئامێز ڕەنگرێژی کاری پاڵەوانەکانی خۆی دەکات. حەزی(هێرمان هیسە) بۆ ئەڤینی ڕۆژهەڵات و فاتیمەی ڕۆژهەڵاتی لە شێوەی حەجکردنێکە، بەڵام لە نێو تەکنیکێکی ئەندازەیی بەهێزدا، سەرەداوەکانی تان و پۆی ئەم ڕۆمانە زوو زوو ون دەبن و دەدۆزرێنەوە، لە ڕاستیدا، من بە عەشقی ئەمەوە ئەم ڕۆمانەم وەرگێڕاوە کە بزانن نووسەرانی دنیا بە ئومێدی ئەوەن کە ڕووەو سەچاوەکانی ڕۆژهەڵات بەڕێکەون و بابەتی نووسینەکانی خۆیان بدۆزنەوە و بە شاکار دەریان بهێنن. لە ڕاستیدا، هێرمان هیسە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی بە دوای ئەو(کاستالیایە)دا دەگەڕێت کە لە ڕۆمانی(گەمەی کەلا شووشەکان)دا باسی دەکات. ئەو ڕۆمانەی کە من وەرمگێڕاوە ڕۆمانێکی زۆر گرنگە، بەداخەوە تیراژێکی کەمی لێ چاپکراوە و زۆربەی خوێنەران نەیاندیوە، بەڵام تەمام وایە کەوا لە داهاتوویەکی نزیکدا چاپی دووەمی بکەمەوە.

**پرسیار: ئەلبێر کامو لە دیمانەیەکدا گوتوویەتی:(جەنگی نووسەر بۆ گۆڕانی ژیان و ئازادییە)، بەڵام ئەوەی نارۆشنە، ئەمەیە: چی(ژیان) بگۆڕدێت و چۆن(ئازادیی) بخوڵقێنرێتەوە، هاوکات، ئێمە وەکو کورد چووینەتە نێو ئەم جەنگەوە؟**

**کەریم دەشتی:** من پێم وانییە نووسەر ئەو هێزە گرێندازەرەی هەبێت تا بتوانێت لە ڕێگەی دەقەکانی خۆیەوە ژیانی مرۆڤایەتی بگۆڕێت، بەڵام ڕەنگە لە هێزی دەقێکدا هەبێت تەواو کاریگەر بێت بەسەر لایەنەکانی ئەو ژیانە، ئیدی نووسەر ئەو هێزەی هەیە کە بۆ ئازادی ئینسان گۆرانی بڵێت، دەقەکانی خۆی لەسەر ئەو تیژەوە دابڕێژێت کە خۆی باوەری پێیەتی و پێی وایە دەتوانێت خوێنەریش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. من نازانم(ئەڵبێر کامو) لە کوێدا ئەم قسەیەی کردووە، بەڵام پێم وایە مەبەستی لەوەیە کە نووسەر لە پێناوی گۆڕینی ژیان و جیهان کار دەکات و لە هەمانکاتدا، لە پێناوی ئازادیی ئینسانیشدا هزری خۆی هەڵدەرێژێت. هەموو نووسینەکانی(ئەلبێر کامو) نەیانتوانی ژیان بگۆڕن، بەڵام لە ڕێگەی دەقەکانی توانیی چەندین مرۆڤ بخاتە ژێر کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی خۆیەوە و گەلێك کەس هەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەستی قووڵی مرۆڤایەتیی و بەرپرسیاریەتیی کامو-وە شێوەی بیرکردنەوەیان گۆڕا و مرۆڤگەلێکی وجودیەتیان لێدروست بوو. دەتوانم بڵێم ڕێبازی ئەگزیستانسیالیزم بەرهەمی بیرکردنەوەی کامویە، هاوکاتیش هەندانێکی دیکەیە کەوا لە خەڵقەندەی ئەو پرسیارەیە: ئاخۆ جەدوای ژیان چییە؟ بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، هێشتا مرۆڤایەتی نەیتوانیوە وەڵامی پرسیارەکانی کامو بداتەوە. نووسەر هەمیشە لە جەنگدایە، جەنگ لەگەڵ ناخی خۆی، جەنگ لەگەڵ ئەوانی دیکە، بۆیە(ژان پۆل سارتەر) بە وردی ئەوە دەوروژێنێت کە دەڵێت:(ئاخ لە دۆزەخی ئەوانی دیکە)، ئیدی ئەم ڕستەیە لە مەوە دەرنابرێت کە بەرانبەر بە دوژمنان و دۆزەخی خۆی بزانێت، بەڵکو لەو پێودانگەوەیە کە تێنەگەیشتن و پەی پێ نەبردن هەیە لە نێو ڕۆحی بەرانبەردا کە وەها دەکات ببن بە کۆسپ لە ڕێگەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، بەڵام ئاخۆ نووسەر چۆن ڕووبەڕووی ئەم هەموو جەنگانە دەبێتەوە؟ کامە کەرەستەی زەینی و فیکری یاخود مەعریفیی دادی نووسەر دەدەن بۆ سەرکەوتن لەم جەنگەدا؟ تەواوی نووسەرانی ڕابردوو- ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان ژیان جوان بکەن و مرۆڤ لە کۆت و پێوەندی زەوی ڕزگار بکەن تا ئێستەش بەردەوامن، لەم ڕووەش کاریگەرێتیی زۆریان هەبووە، بەڵام هەمدیس هێزی ناحەزی ژیان ئاواتەکانی مرۆڤایەتی لە ژێر گا ناوە. یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی هەموو نووسەرە ڕاستەقینەکانی دنیا ئەمەیە: ئازادی بۆ مرۆڤایەتی دابین بکەن، دەقگەلێك

هەن ناوەرۆکەکانیان هەر هەمووی لە پێناوی سازدانی مرۆڤە بۆ ئەوەی ئەو ئازادییەی کە لێی سەندراوەتەوە بۆی بگەڕێتەوە، لەم رووەش قوربانی زۆریانداوە. خودی(ئەلبێر کامو) لەو کاتەی کە فەرەنسا وەکو داگیرکارێك لە جەزائیر حوکمی دەکرد، ئەو دەقەکانی خۆی لە دژی ئەوە دادەرشت، هەموو کتێبەکانی باس لە نەهێشتنی ناعەدالەتی و هێنانە کایەی فەزایەك دەکەن بۆ ئازادییەکی رەهای ژێر سایەی یاسا.(ئەلبێر کامو) لە جەنگێکی پیرۆزدا بوو، چ لە دەقە فەلسەفییەکانی، چ لە دەقە ئەدەبییەکانی، بۆیە ئەمرۆ وەکو نووسەرێکی زیندوو کار لە نێو دەقەکانیدا دەکرێت، ئێمە پێویستیمان بەو جۆرە نووسەرانە هەیە کە نێوەرۆکی دەقەکانیان پایەیەکی گرنگی مەعریفییان تێدا بێت، چونکە ئەوە تەنیا چەکی نووسەرە، بۆ ئەوەی بچێتە نێو جەنگەکان و بەسەرکەوتوویی بگەڕێتەوە، ئەگینا بە شمشێری دارین ئەو جەنگانە ناکرێن، ئەگەر کرایشن، مومکین نییە ئەنجامەکان لەگەڵ ویست و ئەقڵدا بگونجێن.

**پرسیار: لە دوای دیوانی(پیانۆی رۆژهەلات و ئەوانی دیکە)وە رووبەرووی گەورەترین پانتایی لە سادەیی دەبینەوە لە شیعری کەریم دەشتی- دا، لە ئەمرۆشدا خوێنەرانمان ئەوەندەی ئیستێتیکا و فەنتازیای شاعیران لە ئەمجۆرە سادەییەدا دەدۆزنەوە، تا ئەو ئاستە لە نێو ئەو دەقانەی پێیان دەگوترێت(فۆرمی گران)، نادۆزنەوە، بە حوکمی ئەوەی(کەریم دەشتی) لەم نێوەندەدا نێوەندێکی جیاوازتری هەیە لە ئەوانیدیکە، هاوکات تا مانای قووڵ درێژ بووەتەوە، چۆن باس لەم وێستگەیە دەکات کە لەوێدا سادەیی و مانای قووڵ تێکدەچرژێن؟**

**کەریم دەشتی:** دیوانی(پیانۆی رۆژهەلات و ئەوانی دی) بەکتێبی تاقانەی خۆم دەزانم، نەك لە رووی پیاهەڵدانەوە، بەڵکو لە رووی هەڵبژاردنی بابەتی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانەوە. زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانە(تەئەممولین) واتە: رامان ئامێزن، شاعیر لەم دیوانەدا لە ژێر کاریگەرێتیی سروشتەکانیدا کار دەکات و دوور دوور دەروانێت، هەوڵ دەدات ئەوەی کە خەونی پێوە دەبینێت لە شیعردا ساغی بکاتەوە، داخی بۆ هەڵبکێشێت. شیعر لەم دیوانە دا روخساری لە ژێر تەپوتۆزی رۆژگار و غوربەتی شاعیر و نمایشی حاڵەتەکانی گریانی ناخەوەی شاعیر دەشارێتەوە، هەموو شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە بە کەرەستەی رۆح نووسراون، بەو مانایەی کە لەسەر زەویی دوور کەوتوونەتەوە و لە حاڵەتی فریندان، لەوەدایە کە ئایا مرۆڤ چۆن لەسەر زەوییەك هەڵدەکات کە

هەموو حەسانەوەیەکی ڕۆحیی تێدا مەحاڵە؟ شیعر وەڵامی ئەم پرسیارە لە خۆی دەکات، بە دوای یۆتۆپیاکاندا دەگەڕێت، بەڵام بەداخەوە هەرگیز تیشکێك لە وەڵامی پێ نادۆزرێتەوە، بۆیە هەمیشە لە حاڵەتی سوورانەوەدایە. ئەمانە کۆمەڵێك بابەتی شەرانگیزترین لە شیعردا، کۆمەڵێك بابەتی پڕ لە مەترسین بۆ شاعیر، وەکو ئەو ماسییەی پێمان وایە نزیکە لە پێستی سەرەوەی ئاو، بۆیە دەستی بۆ دەبەین تا بیگرین، بەڵام بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر دوورە و دەخزێینە نێو قوڵاییی ئاوەکە، ئیدی تەڕ دەبین و هیچمان بۆ دەستگیر نابێت. شیعر هەوڵدان نییە بۆ دۆزینەوەی ئەم بابەتە، بە قەد ئەوەی بەدیهێنانی غایەتە پەنهانەکانە کە خودی شاعیریش نازانێت ئەو غایەتانە چین کە وەها ڕۆحی هەراسان دەکەن و دەیخەنە نێو گێژاوە قووڵەکانەوە، هەمان ئەو غایەتە کە شاعیرەکە تووشی کەڵگەڵەی گەڕان و سووڕان دەکات بۆ کەشفکردنی ماهیەتی ئەو غایەتەی کە شاعیری ڕاستەقینە بەو پرسیارانە قەڵس دەبێت کە سەدەیەکە دەیانەوێت شاعیر بخەنە بەر مەحەکی درکاندنی سەرچاوەکانی شیعر. شیعر خاوەنی هیچ سەرچاوەیەك نییە، ئاو لە هیچ سەرچاوەیەك ناخواتەوە، ڕۆحی شڵەژاوی شاعیر نەبێت کە خۆشی نازانێت ئەم شڵەژاوییە چ قەدەرێك دروستی کردووە، بەڵکو هەمیشە لە نێو نادیارییەکی کوشندەدا دەسووڕێتەوە کە شاعیری گەورە پێی وایە ئەگەر لە نێو ئەو نادیاری و مەجهولیەتە دەربکێشێت ئەوە زیندە بەچاڵی خۆی دەکات، چونکە شیعر بەو نادیارییەوە جوانە و هەر بەو نادیارییەشەوە ماوەتەوە و قسە لەگەڵ دنیادا دەکات، ئەوانەش کە سەرچاوەخوازن قودرەتی ئەوەیان نابێت جاویدانی ببەخشن بە دەقەکانی خۆیان، بۆیە ئەو شیعرانەی قەدەرێك لە مانەوە هەڵدەگرن هی ئەو شاعیرانەن کە هیچ شوناسێکیان بۆ ماهیەتی شیعر پێ نییە، ئەوانە لە بنارێکی غەرق بوو و لە تەمێکی خەستی لێکدانەوەدا کار دەکەن، پرۆسەیەکی فیزیکی بۆ لە نێوبردنی شیعر ئەنجام دەدەن، هەر بە هەمان ئەو لێکدانەوەیە کە ئەتراکتیفی شیعری زیندوو لەوەدایە تۆ لە کەنارەکانەوە چاوەڕوانی بکەیت، لە درزەکانی ڕۆحەوە بازرقە بکەیت. شیعر هەڵگری شووناسێکی خوداییە، جاویدانییە، غەیبانییە، وەکو شەوقێکی نادیار دەسوڕێتەوە، کەم کەسن ئەوانەی ئەو شەوقە لە شیعردا دیل دەکەن. گەلگامێش بەوە زیندووە کە بەدوای زیندەگیدا دەگەڕا کە گەڕان بوو بەدوای مەحاڵدا، ئەو جوانی لە مەحاڵ بۆ ئێمە بەجێ هێشت، بۆ بونیاتنانی زەینییەتێکی گەورە بۆ شیعر، بۆ بەغەیبانیکردنی شیعر کە خودی ئێستێتیکای شیعر لە بەغیبانی کردنیەتی، بەو مانایە نا کە بەرهەمهێنەری لێکدانەوەیەکی فەلسەفیی بێت، بەڵکو بەو چەمکەی کە هاومانان لەگەڵ مەحاڵ. ئێمە لە هەر شوێنێك بگەین بە چەمکە جوانەکانی شیعر، لەوێوە بە تەنیا دەمێنینەوە، لە هەر شوێنێك دەستمان

لە قژی بیرۆکەیەکی شیعریی جوان گیر بوو، لەوێدا شاعیر تەنیاترینی ئەو کەسانەیە کە وێڵن بەدوای شیعر، بەدوای مەحاڵ. دەستگیرکردنی مەحاڵ غایەتی شیعرە، بڕوانە هاوڕێیەکی گەورە هەبوو بۆ شیعر دوای سەرهەڵگرتنی ڕامبۆ بۆ حەبەشە و هەندەران کە ئەو هەواڵەیدا بە ڕامبۆ کە هەراو زەناییێکی زۆر هەیە لەبارەی شیعرەکانیەوە لە فەرەنسا، بە ڕامبۆی گوت:(بۆچی ناگەڕێیتەوە)، ئەمیش لە وەڵامدا گوتی:(ئەو کاتەی کە لە فەرەنسا شیعرم دەنووسی، منداڵ بووم، هیچم نەدەزانی، بەڵام ئێستە گەورەم و توانای نووسینی شیعرم نەماوە). ئەم گوزارشتە لە منداڵێتیی هونەری شیعرەوەیە، هاوکات گوزارشتە لەو مەحاڵەتی منداڵ و عەوداڵی بەدیهێنانی مەحاڵ. بۆیە تا ئەبەد شیعر ڕەنگی منداڵێتیی فڕێ نادات کە بۆ دواجاریش بەر لە سەرهەڵگرتنی و جێهێشتنی فەرەنسا(فرلین)ی لە بارێکی خراپدا بینی و بێ چەندوچوون گوتی:(دەستت بخەرە سەر مێزێك)، ئینجا دەرنافیسی لە دەستیدا و خوێنی(فرلین) بارزقەی کرد، لەوێوە ئاسۆی شیعری ڕامبۆ کوژایەوە، ئیدی ببڕای بڕ نەگەڕایەوە بۆ فەرەنسا و کەڵکەڵەی گەڕان و سووڕان و سەفەر جێی منداڵێتیی شیعریان گرتەوە، پاراستنی جێی مەحاڵگیرییان گرتەوە. ڕامبۆ سنووری وڵاتانی بڕی و ڕۆحی پڕاوپڕ لە شیعری خۆی بە سەرکێشی و بێهوودەیی گۆڕییەوە.(زەمەنی ئەوە بەسەرچوو بتوانین بە تەئەموول شیعرێکی گەورە بنووسین، زەمەنی ئەوە هاتووە بە شیعر تەئەمولێکی گەورە خەڵق بکەین) لە تەئەمولدا ئەندێشەی دەستگیرکردنی وێنەیەك، حەقیقەتێك، جەستەیەك دەکەین، کە هاتە دی، ئیدی مەودا بۆ شیعر نامێنێتەوە، بەڵام لە شیعردا ئەندێشەی ڕەها بوون و مەحاڵ و غەیب دەکەین کە هەرگیز بۆ شاعیر نایەنە دی و مەودا بۆ شیعر بە کراوەیی دەهێڵنەوە. بە هەمەحاڵ، هێشتا نازانین کە ئایا دەریا قووڵترە یان ڕۆحی مرۆڤ؟ شیعر تا چەندی تر لە نێو ئەم مەحاڵەدا دەژیێت؟ شیعر بەم مەحاڵە چاوی خۆی دەڕێژێ و هەر بەم مەحاڵەش شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا دەکات کە بە شمشێری سەرچاوە مەیدانەکەیان تەنیوە، دواجاریش تەنیا شاعیرانی مەحاڵ دەمێننەوە.

**پرسیار: بۆئەوەی ڕابردوو بەرەو جاویدانبوون بچێت، ئەم جاویدانبوونەش بە کۆمەکی وشە ڕابپێچرێت بۆ نێو دەق، گەرەکە تاکەکەس- نووسەر چی بکات؟**

**کەریم دەشتی:** هیچ بابەتێکی شیعریی، چ لە ئێستەدا بێت، چ لە ڕابردوودا، چ لە ئایندەدا، هێزی ئەوەی نییە جاویدان بێت، ئەگەر لە نێو دەقێکی ئەدەبیدا جاویدان نەکرێت، ئەو شاعیرە یاخود چیرۆکنووسە یاخود ڕۆژنامەنووسە جاویدانی بەو بابەت

و چەمکانە دەبەخشــێت کە لە نێــو دەقەکانیدا ڕۆحیان وەبەردەکرێــت و بۆ هەتا هەتا بــە زیندوویــان دەهێڵێتەوە، لە نێو ڕابردوودا کە زەمەنێکی بەســەرچووی وەســتاوە، گەوهەر و خشــڵ هــەن، بەڵام دەبێت لە قوڕ و لیتاوی ڕابردوو پــاك بکرێنەوە و بکرێن بە بابەتێگەلێکی ســەرنجڕاکێش، بۆ ئەوەی بتوانین دەقێکی شیعریی جوانیان لێدروست بکەین، واتە: تۆ دەبێت هێزێکی بیرکردنەوەی شیعریی قووڵت هەبێت بۆ ئەوەی وشەکان لە ژێر پەنجەتدا گەمە لەگەڵ ئەو ڕابردووەدا بکەن، وشە کاتێك دەتوانێت هەڵگری ئەو جاویدانکردنە بێت کە لە نێو زەینی شــاعیردا مەعریفەیەك یاریی پێ دەکات و ماناکان دەدۆزێتەوە. ناتوانین داوا لە نووسەر یاخود تاك بکەین کە چی بکات، تاکی شاعیر دەبێت لە نێو هەموو ئەو ئەتمۆسفێرانەدا سەرکێشییەکانی خۆی بخاتە ڕوو، بۆ دەستگیرکردنی ڕستەی داهێنان.

**پرسیار: دواهەمین بەرهەمت(بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە) بوو، کە لە نێوەرۆکەکەیدا بــاس لە زەمەنی منداڵی و ئەزموون و بوونیادی شــیعر نووســین دەکەیت، لە ڕێگەی گێڕانــەوەوە، گێڕانەوەیەکی جیاواز. پرســەکە لێرەدا ئەمەیە: گێڕانەوە بە چ شــێوەیەك ڕابردوو بەرەو باڵاکردن و نوێبوونەوە دەبات؟**

**کەریم دەشــتی:** کتێبی:(بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە) لە نێو دوو ســرووتدا کاری کردووە، یەکەم: ســرووتی منداڵێتیی، دووەم: ســرووتی ئەزموون. هەموو کەســێك لە ژیانیــدا بایی ئەوەنــدە منداڵێتیی هەیە بینووســێتەوە، بەڵام کاتێك شــاعیر بەو کارە هەڵدەســتێت هەوڵ دەدات جیاوازییەکانی منداڵێتیــی خۆی بنوێنێت، دەبێت لە هێزی دەقدا بێت ئەو منداڵێتییە بە ڕۆحێکی ئەدەبیی داهێنان ئامێز بگێڕێتەوە، نەك گێڕانەوەی حیکایەتئامێز. من هەوڵمداوە شــیعرییەتێك لە گێڕانەوەی منداڵێتیی خۆمدا دروست بکــەم، ئەمەییش کە کردوومە لەم بارەیەوە بە کەمتر لە دەقی شــیعریی نازانم، من لە پێشــەکییەکەی ئەم کتێبەدا گوتوومە:(سەرچاوەی عەشــق بە ڕابردوو، بە منداڵێتیی، هێشــتا وشــکی نەکردووە. هەموو نووســەرە ناودارەکانی دنیا منداڵێتیی بە بەشێکی گرنگ دەزانن لە ئەزموونی شــیعریی یان چیرۆکی خۆیان، من پێموایە ئەو ڕابردووە ئەم کاتە بەرەو باڵابوون هەڵدەکشــێت کە شــاعیر وەکو دەقێکی شیعری مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**پرسیار: ئەگەر ڕابردوو وەکو پێکهاتەی خود تەماشا بکردرێت، ئەوا نووسەرانی کورد بەشێك لەو پێکهاتەیە دەگوازنەوە بۆ نێو پرۆسەی نووسین، لێرەدا دەپرسم: بۆچی ڕابردووی گەلێك نووسەر بەرجەستەیە لە نووسینی ئێستەیاندا، هاوکات کەنگێ سۆز بۆ نۆستالیژیا مەعریفە بەرهەم دەهێنێت؟**

**کەریم دەشتی:** نۆستالژیا بەرهەمی دوای جەنگە گەورەکانی دنیایە، بەرهەمی حیکایەتە پڕ لە نەهامەتییەکانی مرۆڤە، بەرهەمی ئەو دەروون بریندارانەیە کەوا لە سەردەمەکانی پێشوودا بوونەتە قوربانیی، بۆیە زەحمەتە هیچ نووسەرێك بۆ ئەبەد دەستبەرداری ئەو گەڕانەوە خەمگینانە بێت بۆ ڕابردوو. نۆستالژیا غەریبکردنی واقیعێکە کە مۆری خۆی لەسەر سینەی شاعیردا بە جێ هێشتووە. ئەدەب توانای نییە مەعریفە بەرهەم بهێنێت، چونکە ئەدەب کارکردنە لە نێو هەست و نەست و لێکدانەوە، بەڵام مەعریفە دەتوانێت ئەدەبێکی چاك بەرهەم بهێنێت. بە هەرحاڵ، ئەدەبی نۆستالیژییش کاریگەرێتیی خۆی هەیە، دەقی گەورەی بەرهەمهێناوە، من پێموایە، ئەوەی بەڕاستی لە نێو ئەدەبدا کار بکات و دڵسۆزی داهێنان بێت، دەبێت زەخیرەیەکی باشی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەموو ئەو بوارانە دەقی چاك بەرهەم بهێنێت.

**پرسیار: ئەگەر نووسەر بەردەستترین کەرەستەی خاو بێت بۆ بنیادنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، لە دەقدا، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێت، وەکو خۆی؟**

**کەریم دەشتی:** خەیاڵ، کەرەستەیەکی گرنگی شاعیرە، ئەگەر هەموو کەرەستەی شاعیر نەبێت. من ئەندێشەی هیچ شیعر و هیچ شاعیرێك ناکەم بەنێ خەیاڵ، خەیاڵ بەم مانایەی کە من باسی دەکەم بریتییە لە پرۆسێسی خەڵقکردنی مانا لە شیعر، کە خودی ئەو پرۆسێسە بەبێ خوێندنەوەی بەردەوامی شاعیر و سەفەری شاعیر بەنێو کتێبدا تەواو نابێت، چونکە تەنیا لەم دوو چەمکەدا مەعریفەیەك لە زەینی خوێنەردا دروست دەبێت کە میکانیزمی خەیاڵە، واتە: مەعریفەی ئەدەبی ئەو هێزەیە کە بەرهەمهێنەری خەیاڵی شاعیرانەیە و هەر ئەمیشە کە شیعرییەت دەگەیەنێتە ئاستی فەنتازیا کە ترۆپکی خەیاڵە، بۆ نموونە:(دانتی) بە خەیاڵ و ئەندێشە(کۆمیدیای خواوەندی)ی لە هەرسێ بەشی(دۆزەخ، فیردەوس، پاکستان)دا دۆزییەوە و داهێنا، هەروەها(جۆن میلتۆن) لە(فیردەوسی ون بوو) دا. کەواتە: هێزی خەیاڵ، هێزێکی موقەددەسی شاعیرە.

**پرسیار: شیعر و نۆڤلێت و یادەوەرینامە- ت نووسیون، ئەمە بەدەرلەوەی کەوا چەند ڕۆمانێك و گەلێك گوتاری فیکری و ئەدەبیت وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام تا ئێستە تەنیا وەکو شاعیر ناسراوی، ئەمە بەدەر لەوەی نەمبینیوە لە نووسینێکدا ئێستێك بۆ وەرگێڕان بکەی، ئیدی، بەدەر لەو پێرگەراییەی ئەمڕۆی نێوەندەکە، بەربەستەکانی نەخوێندنەوەی نووسراوەکانی تاك، لەلایەن(پێڕە ستایشکارەکان)ەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**کەریم دەشتی:** من بۆ کاری وەرگێڕان هەر ئەوەندە دەڵێم: من وەرگێڕانم نەکردووە بە پیشەی خۆم، ئەگەر چەند کارێکیشم کردبێت تەنیا بۆ زەوق و سەلیقەی خۆم کردوومن، بە کۆمەکی ئەوان خزمەتی شیعرییەتی خۆم کردووە، شیعر خولیای سەرەکیی منە، هەر لە پێناوی شیعرە کە من لە نێو باخچەی ڕۆمان و فیکر و مەعریفەوە دەگەڕێم، مەبەستم دۆزینەوەی گەوهەرەکانی شیعرە. من، بە پێچەوانەی زۆران، بەدوای ئەوەدا ناگەڕێم نووسین و ستایشی ئەوانی دیکە بەرزم بکەنەوە، بەڵکو دەمەوێت لە ڕێگەی شیعرەکانی خۆمەوە هەنگاو بۆ ئاسمان بهاوێژم. ئەوانەی بەناهەق بەرز دەکرێنەوە، زۆر زوو دەکەونە خوارەوە، لای من ئەوە گرنگە کە باوەڕ بە هەموو لایەنەکان بهێنن کە لە هێزی داهێنان داین و بەداهێنانیش لە بڕستماندا هەیە نەتەوەیەکی پەرتەواز زیندوو بکەینەوە.

**پرسیار: گەلێك شاعیر و نووسەر باسیان لە(لەحزەی نووسین) کردووە، بەڵام بۆچی کەس نەهاتووە باس لە(سیحری نووسین) بکات؟ کەریم دەشتی چۆن باس لەمانە دەکات، هەروەها کاریگەریشیان بەسەر یەکترییەوە؟**

**کەریم دەشتی:** من تەنیا باس لە ساتەکانی نووسینی شیعر دەکەم، کە بۆ من و ئەزموونی شیعریم گرنگن، هیچ شیعرێك لەخۆوە نارسکێت، ئەگەر هێزی بیرۆکەیەك لە ناخەوەرا شاعیر نەسووتێنێت، بۆیە فۆرمەڵە کردنی چەمکێکی شیعریی پێویستی بە شڵەژانێکی گەورەی زەین و سینەوە هەیە، بۆ شیعر گرنگە کە تۆ لە نێو مانایەکدا هەنگاوەکانی خۆت دەست پێکەیت و فۆرمێکی تێدا بەرجەستە بکەیت. من زۆرجار تووشی لەحزەی نووسینی شیعر هاتووم، دوای ئەوەی کە هەموو پێکهاتەکانیم لە ناخەوەڕا مشت و ماڵ کردوون، بەڵام کە هاتوومەتە سەر نووسینی دەستە پاچە بوویمە و نەمتوانیوە بینووسم. هیچ ژانرێکی ئەدەبیی ئەوەندەی نووسینی شیعر گران نییە، مەبەستم شیعری باشە، نەك ڕیزکردنی وشە، چونکە شیعر لە نێو وەهم و ئەندێشە و

سیحر و درووددا دێتەکایەوە، نەك لە نێو ڕەحمی واقیع. هەندێك شیعر بە نێوی واقیعەوە دەنووســرێن، بەڵام جاویدانییان بۆ نییە، کە دەڵێم ســیحری نووسین مەبەستم لەوە نییە کەوا وەکو جارێکیتریش گوتوومە چوکلات بکەم بە کۆتر، بەڵکو مەبەســتم لە سیحری نووســین ئەدەبە. تۆ چــۆن دەقێك فرێ دەدیتە نێوەندێك کــە هەڵگری قەدەرێکی زۆری سەرسامی و فرە دیدی و جیهان و شووناس بێت، بتوانێت گەورەترین کاریگەریی بەسەر خوێنــەرەوە بەجێ بهێڵێــت، خوێنەر بخاتە نێو کومەڵێك لێکدانــەوەی ڕەنگاو ڕەنگ. هەندێك جار هەمان ئەو ســیحرە دەچێتە نێو یارییەکانی زمان و وردو خاشکردینەوە، بە شێوەیەك دەق خۆی دەنوێنێت وەك ئەوەی تۆ لە بەرانبەر ساختومانێکی چەندین لایەنەدا بێت، هەندێك جاریش دەچێتە نێو نهێنییەکانی مانا و خوێنەر بەرەو قوڵایی دەبات.

**پرسیار: شاعیر دەتوانێت پێوەندییە ڕۆحیەکانی بپچڕێنێت لەگەڵ نۆستالیژیای؟ بەدەر لە نۆستالیژیا، چی تر دەتوانێت کۆمەکی شاعیر بکات و پێوەندییەکی پتەوتر و قووڵتری لەگەڵدا بگرێت؟**

**کەریم دەشتی:** پچڕاندنی پێوەندییە ڕۆحییەکان لەگەڵ زەمەنی ڕابردوو کارێکی سانا نییە، هەروەها دروستکردنی ئەم پێوەندییە بە ئاسانی ناکرێت، چونکە شاعیر کۆمەڵێك ئاوێنەی هەیە لە نێو زەمەنەکانی ڕابردووی خۆیدا کە دەشــێ بلێم لە نێو پەراوێزەکانی منداڵییدا ونی کردوون، هەمیشە هەوڵدەدات بیاندۆزێتەوە، پرۆسێسی دوزینەوەی وردە ئاوێنەکانــی منداڵێتیی لە نێو پانتاییە دوورەکانی زەمەن، پرۆسێســێکی دژوارە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کایە هەڵوەشــاوانە دووبارە دروســت بکەیتەوە بە زمانێکی هاوچەرخ و شیعریی دایبرێژی. ئەدەبی نۆســتالیژیا لە دوای جەنگە گەورەکان سەریهەڵدا، کاتێك خەڵکــی لە نێو حاڵەتێکی دەروونی و ئابووریــی و کۆمەڵایەتیی دژواردا دەژیان، هیچ ڕووناکییــەك لە پێش چاویاندا نەمابوو، دنیا تاریــك و تەنگ بوو بوو، بۆیە بە ناچاری کەوتنــە دوای ڕابردووەکانی خۆیان، ســەلوای دڵی خۆیان بە غەریبیــی کردنی ڕابردوو دەدایەوە، هەوڵی بەرجەستەکردنی یادگارییەکانی خۆیان دەدا و دایاندەڕشتنەوە، ئەمەش وایکرد کە کلتووری‌کی زۆری نۆســتالیژیی سەرهەڵبدات.(ئەلفریدی مۆس) گەورەترین شاعیری نۆستالیژیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی شیعرەکانی گوزارشتیان لە ڕابردوو کردبوو، نالی- یش لە چامە درێژەکەیدا کەوا وەکو نامە بۆ(سالم) ی نووسیوە، ئەدەبێکی نۆستالیژیی نووسیوە، غەریبیی نیشتمانی خۆی دەکات، دوای نەفی بوونی، ئەمڕۆکەیش کە شیعرەکانی (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی) بۆ زمانەکانی دنیا وەردەگێڕدرێن، گەورەترین

بەشی خوێنەران بۆ لای خۆیان رادەکێشن، ئیدی ئەو هەستە ئینسانییە گەورەیە کە باس لەو نۆستالیژیایە دەکات،گوزارشت لە غوربەتەکانی ناخی خۆی دەکات، دواجار، من کەمتر شاعیرانی گەورە دەبینم کە لەو حاڵەتە دابڕا بن.

## پرسیار: چۆن دەڕوانیت لە پیوەندیی نێوان شیعر و خەیاڵ؟

**کەریم دەشتی:** خەیاڵ بابەتی سەرەکیی هەموو داهێنانێکە بە هەموو ژانەرەکانییەوە، بەبێ خەیاڵ ئەدەب لە مانا مرۆییەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە و پۆرترێتی مژادێکی وشك هەڵدەگرێت، هەر ئەمەیشە کە ئەدەب و داهێنان لە باقیی بوارەکانی دیکە جودا دەکاتەوە، خەیاڵە، خەیاڵ بەو مانایەی کە بەرهەمهێنەری بوارەکانی فیکر و جوانیی بێت، بۆیە من زۆرجار گوتوومە:(ئەدەب بە گشتی، شیعر بە تایبەتی، جگە لە وەهم شتێکی دیکە نیین)، ئیدی هەر کاتێك شاعیر لە خەیاڵ و وەهم دابڕێت، ئەوا دەقەکانی شێوەی واقیعی مردوو وەردەگرن، لە سنوورەکانی داهێنان دەچنە دەرەوە، ئەو خەیاڵەی کە من بە ستوونی هەرە بەهێزی شیعری دادەنێم دەگات بە ئاستی فەنتازیا کە هەرەمی هەرە بەرزی خەیاڵە، لەوێ شاعیر دەچێتەوە نێو هەموو یارییە سیحراوییەکان، ئەو یارییانەی(هیرمان هیسە) رۆمانی(گەمەی کەلا شووشەکان) ی پێ نووسیوە و دانتی(کۆمیدیا) و ملتون(بەهەشتی ون)ی پێ نووسیوە. ئایا ئەگەر خەیاڵ لە شیعرە بەنێوبانگەکەی(ت. س. ئەلیوت) کە ناوی(وێرانە خاك) ە یاخود(دەشتایی نەهاتی )ییە دابڕێنی، هیچی تێدا دەمێنێتەوە؟ هەروەها لە زۆربەی شیعری کلاسیکیی کوردی و شیعری هاوچەرخ، بۆیە من دەڵێم: خەیاڵ هەرێمێکە شاعیر یارییە جوانەکانی خۆی لەوێ ئەنجام دەدات. پیوەندیی شاعیر لەگەڵ خوێندنەوەدا بوونی نییە، بەڵکو شاعیر خۆی خوێنەرێکی بەهێزە، دابڕان لەو سیفەتە دابڕانە لە جوانکردنی خەیاڵ و کوشتنی ئێستێتیکا. کاتێك باس لە خەیاڵ دەکەین، دەبێت بڵێین خەیاڵ دەرگەکانی گومان دەکاتەوە، ئەو گومانی خوڵقێنەری هەموو پرسیارەکانە، پرسیار لە نهێنییەکان وکەون و دروستبوونی مرۆڤ، پرسیار لە سەرچاوەکانی جوانی(ئاشنباخ) لە رۆمانی(مردن لە ڤینیسیا) عەودالی هەمان ئەو جوانییەیە کە جۆرێك لە وێرانی رۆحیی لە ئاستیدا دروست دەکات، ئەو هێزی خەیاڵە دەدرێت بە گومان و هێزی گومانیش دەچێتە نێو جەستەی پرسیارەوە، کەواتە ئەمە پرۆسێسی تەولیدی داهێنانە، هەر ئەمەشە جیهانبینیی بۆ شاعیر دروست دەکات. بۆ وێناکردنی ریتواڵێکی شیعریی بەرز و باڵا پێویستمان بە ئەندێشە و خەیاڵی باڵا هەیە، ئەگینا هەر لە نێو چوارچێوەی بێ نێوەڕۆکیی دەمێنینەوە، هەر کاتێك بیرۆکەیەکی

شـــیعریی له هزر و زەینی شاعیر دروستبوو، پێویســـتی به کۆمەڵێك کەرەستەی گرنگ هەیــه بۆ دارشــتنی ئەم بیرۆکەیه که گرینگترینیان پرۆسێســی خەیاڵکردنه ســەبارەت بــەم بیرۆکەیــه، ئەگینا بیرۆکه به تەنیا ناتوانێت ڕێگە بگرێــت و بچێته نێو باخه پڕ له شەوقەکانی جوان دارشتنی دەق، دەبێت به جۆرێك له تەجرید و له هەموو ئەتراکتیفێك بەتاڵ دەبێتەوە.

**پرسیار: زمان له بەرانبەر شاعیری باڵادا هیچی بۆ دەکرێت؟ شاعیر، بۆ ئەوەی بەسەر زماندا زاڵبێت گەرەکه چی بکات؟**

**کەریم دەشــتی:** دەکرێت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بڵێم: ئایا هیچ شاعیرێکی باڵا هەیە بــه بێئەوەی خاوەنی زمانێکی باڵا بێت؟ ئایا شــاعیری باڵا، جگه له زمانێکی تۆکمەی باڵا چی ترە؟ زمانی مردوو، زیندانی مانای گەورەیه، واته: هەر شاعیرێك ئەگەر بیەوێت مانایەکی باڵا ببەخشــێت به شیعر به زمانێکی مردوو، ئەوە بەو چەمکه دێت زیندانێك بۆ شــیعر دروســت دەکات و تیایدا بۆ هەتا هەتایه خورپه ڕۆحییــەکان و هەڵکفکفانی خوێنــی شــیعری تێدا بەندکراو دەبێت، جا بۆ ئەوەی شــاعیر بەســەر زمانــدا زاڵبێت، سەرەتاییترینەهەنگاو ئەمەیه: دەبێت هەڵگری ئەو باوەڕە بێت که زمان پێویستی به خۆ تازەکردنەوە هەیه، پێویســتی به دووبارە خەڵقکردنەوە هەیه، زمان هێزی ڕاکێشــکاری دەوروبــەرە، چونکه هەموو جوانییەکانی شــیعری تێیدا کۆ دەبێتــەوە، بەمجۆرە وەکو چۆن(ڕیلکه) پێی وایه که شــاعیران لوولەیەکی مووقەددەســن شەرابی ژیان و جاویدانی تێدا دەپاڵێورێت، ئەوهاش زمان ئەو خوێنه پیرۆزەی شــیعره که بەردەوامی به شیعر و به شــاعیران دەبەخشــێت. بەداخەوە، له ئەمرۆی شــیعری کوردیدا به تایبەتی ئەوانەی که ئەزموونەکەیان تازەیه، هێنده بایەخ به زمانی شیعریی خۆیان نادەن، بۆیه شیعرەکانیان ناکەونه بەر دڵان. زمان بەو مانایەی که من باسی دەکەم کیمیای شیعره، پارسەنگەکانی شــیعر بۆ بابەتەکان دروست دەکات، نەشــارەزایی له زماندا هۆیەکه بۆ وردوخاشکردنی پارســەنگی بابەتی شیعر. نهێنیەکانی زمانی شــیعری زۆرن، دەبێ پێوەندییەکانی نێو سیســتمی زمان له کاتی نووســینی شــیعردا کەشــف بکرێن، بەبێ ئەم کارە هەر زوو ناوەرۆکی شــیعر فۆرمات دەکرێت و ئاســەواری نامێنێت. له لایەکی دیکەوە، هەموو ئەوانەی به زمانێکی خراپ شــیعر دەنوســن، هەر زوو دەپووکێنــەوە و دینامیکیەتیان نامێنێت، گەمەکردن له نێو زمانــدا بەو واتەیه نایەت که بنەما ئەندازەییەکانی زمان هەڵتەکێنیت، بەڵکو بەو مانایە دێت که ڕزگاری بکەیت له دەست(باو)، واته: له مانای

ئاســاییی خۆی دەربیهێنێت. دەبێت زیاتر بــەرەو زمانێکی هاوچەرخ بچیت کە بتوانێت بەرگــەی فراوانبوونی ماناکان بگرێت و تەقینەوەی خــۆی ئەنجام بدات، ئەمڕۆ زمانی شــیعر خەریکە کاڵ دەبێتەوە و خەریکە شــیعر بخوات و بەهایەکی ئێســتێتێکیی بۆ نەهێڵێــت، بۆیە زمان پڕیەتی لــە نهێنی، ئێمە دەبێت گەوهەری ڕاســتەقینەی زمانی نووسین لە نێو ئەم نهێنییانە دەربهێنین، چونکە نووسینی ڕۆمانێکی گەورە بە زمانێکی تۆکمە و باڵا بەشداری کردنیەتی لە بەهێزکردنی جەستەی نەتەوە و کلتور.

**پرســیار: لە پێشەکی دیوانە شــیعرییەکەتدا، واتە(پیانۆی ڕۆژهەڵات و ئەوانی دی)، نووســیوتە:(کاتێك قەڵەم هەڵدەگرم و دەچمە نێو ئاوایی شــیعر... هتد) ســەبارەت بەم نیوە ڕســتەیە پێتوایە شــیعر ئاوایی(گوند)ی هەبێت؟ شــیعری تۆ لــە کانیی ئاواییدا هەڵدەقوڵێت؟ شیعر لە گوندەوە دەبێت بە شار و نیشتمان؟**

**کەریم دەشــتی:** من لەم ڕستەیەدا مەبەســتم نییە بابەتێکی وەها لەسەر مەسەلەی شــیعر بوروژێنم، باوەڕیشــم بەوە نییە، من تەنیا باوەڕم بە شــیعری ساغ و پتەو هەیە، باوەڕم بە هیچی دیکە نییە لەبارەی ئەم مەســەلانەوە، ئەوەی مەبەستمە لەم دێڕە کە تۆ پرســیارێکی وەهات لێدروســت کردووە، ئەمەیە: کاتێك من دەمەوێت بچمە نێو دنیای شــیعر، مەبەستم لە وشەی(ئاوایی) گوند یاخود شــار نییە، ئەم چەمکە لە نێو شیعری باشدا دەتوێتەوە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کاتێك دەچم بۆ نێو دنیای پڕ لە خرۆشانی شیعر، دنیای پڕ لە خەیاڵ و کەفوکوڵی داهێنان، تەقینەوەیەك بەرەو ڕووم هەڵدەکشێت، چونکە شــیعر وەهمێکی ئێجگار ئەفسوونە، ناتوانین بە(دەشــت) و(شار) بیبەستینەوە،(یەسەنین) شــاعیرێکی گوندەواریی بــوو، بەڵام هێزێك لە شــیعرەکانیدا هەیە کە تا ئێســتەیش سەرســامیی بۆ شــار دروستکردووە، بۆیە شوێن لە شــیعردا جگە لە چەمکی(جوانی)ی شــتێکی دیکە نییە. من خۆم کوڕی شارم، بە چەمکەکانی شــار گەورەبوویمە، ڕەنگە بتوانین بۆ ئەم پرسیارەی تۆ باس لە کاریگەرێتیی شوێن بکەین بەسەر شیعرەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە کتێبی(جوانیی شوێن)ی(باشلار) باشترین لێکۆڵینەوە بێ لەبارەی ئەو کاریگەرێتییە. نالی بەو بەلاغەتەوە لە دەشتی شارەزوور، شارێکی گەورەی بۆ شیعرەکانی دروســتکرد کە توحفەیەکە لە گەمەکردن لە نێو زانستی جوانییدا، هەروەها(مەولەوی تاوەگۆزی)ی شاعیر لە پشت نووسینی شیعرەوە هیچ هیوایەکی دیکەی نییە، جگە لەوەی کە ببێت بە سەلوا بۆ ڕۆحی خۆی و ئەوانی دیکە، ببێت بە وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە ڕۆحیدا سەر هەڵدەدەن.

**پرسیار: لە شیعری تۆدا ئەوەندەی گرنگی بە مانا و قووڵبوونەوە دراوە، تا ئەم ئاستە گرنگیی بە موزیك و ریتمی دێرەکان نەدراوە. شیعر و قووڵبوونەوە، شیعر و مانا، شیعر و ئێستێتیکا، شیعر و فەنتازیا، کەنگێ و لە کوێوە یەکتری دەگرنەوە؟ هاوکات دەشێت ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەمانە دابنرێت؟**

**کەریم دەشتی:** شیعر، بۆ هەموو ئەو شاعیرانەی بۆ بەهێزکردنی ئەزموونی خۆیان شیعر دەنووسن، بۆ ئەوەیە کە بچنە نێو مانا گەورەکان، مانا بەهادارەکان، هەمان ئەو مانایانەی کە بە ئاسانی راو ناکرێن و خۆیان لە نێو پانتاییە قەبەکان شاردووەتەوە، ئەو مانایانەی کە دەست هەموو کەس ناکەون و هیلاکیی زۆری دەوێت بۆ دەستگیر کردنیان، بۆیە هەمیشە شاعیر لە هەرێمە شاردراوەکاندا دەگەرێت بۆ ئەوەی مانا بەرزەکان بدۆزێتەوە، شاعیر ئەگەر ویڵی مانا دامەزرێنەرەکان نەبێت، ناتوانێت پارسەنگێك لە نێوان پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و رووبەروبوونەوە لەگەڵ شیعردا دروست بکات، هەر ئەمەیشە کە وەها دەکات شاعیر جیاواز بێت، لە پێگەکانی جیاوازییەوە هەنگاو هەڵبهێنێت، بەڵام بایەخدان بەو مانا گرنگانە، نابێ ئەوەمان لەبیرببێتەوە کە شیعر پێویستی بە کۆمەڵێك موتیفەی دیکە هەیە، پێویستی بە جوانکاریی هەیە، ئەو جوانکارییەش خۆی لە ریتم و موزیك و زماندا دەبینێتەوە، بەتایبەتی زمان کە ستوونێکی پتەوی مانەوەی شیعرە، بە بێ زمانی بەهێز و هاچەرخ ناتوانێت مانا بە شیعر ببەخشێت، بەواتایەکی دیکە: شیعر بە بێ زمانێکی وەها لە هەموو ماناکاندا بەتاڵ دەبێتەوە. زمان جوانی دەبەخشێت بە شیعر و هەڵگری مانا بەهێزەکانە، بۆیە پێوەندیی نێوان زمانی بەهێز و مانای بەهێز و جوانیی بەهێز، پێوەندیگەلێکی پتەون، بەو مانایە دەڵێم: زمانی لاواز ناتوانێت هەڵگری مانای بەهێز بێت، هەروەها مانای بەهێز لە نێو زمانی بەهێزدا جاویدانیی بۆ شیعر دروست دەکات، لەبەرئەوەیە زمان گرنگە، وەك چۆن ئەم پێوەندییەی هەیە لەگەڵ مانادا، هەروەها لەگەڵ ریتم و موزیك و جوانیشدا پێوەندیی تایبەتی خۆی هەیە، پێوەندییەك کە هەمیشە درێژ دەبێتەوە.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ(محەمەد ڕەحیم)ی ڕەخنەگردا



**محەمـــەد ڕەحیمیان:** کاتـــی پێکهاتنی دەق، کاتێکی ئوســـتوورەییە، لە ســـەرووی زمانە و تایبەتە.

(محەمـــەد ڕەحیمیان)ی چیرۆکنووس و ڕەخنەگر، لــەم هەڤپەیڤینەی خوارەوەدا، لە بارەی گەلێك پرس و ڕەهەندی پێوەندیدار بە بوارەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی، ڕوانینەکانی خســتوونەتە ڕوو، بێجگــە لەمەش ئێســتگەلێکی لەســەر هەر یەکێکیــان کردووە و بەشێوەیەکی جیاواز و ورد و ئاگادار، هاوکاتیش تایبەت، ڕۆچووەتە نێو پرسەکانەوە...

ئەم نووســەرەش وەك چەندە نووســەری تری کوردســتانی ڕۆژهەلات، کە گوتوبێژم لەگەلیاندا کردووە، هێشــتا لە نێوەندی ئەدەبی کوردیی، لە باشــووردا نەبوونەتە ناو، هەولیشــی بۆ نادەن، بەلام وەختێك لەگەل وەلامەکانیان، لە بەرانبەر پرسیارەکانماندا، بــەر یەکتریی دەکەوین، ئەوجا تێدەگەین کە تا چ ئاســتێك ئاگــادارن لە تیۆر و میتۆدە کــۆن و تازەکانی جیهــان، لەوانیش گرنگتر، ئەوەیە کە بە وردیی قۆناغی کلاســیزمی فەرهەنگی خۆیان خوێندووەتەوە...

محەمــەد ڕەحیمیان، لــەم گوتوبێژەی خــوارەوەدا، وەك یەکێك لەو کەســە نادیار و ئاگادارانــە، بە وردیی لە هەمبەر کۆمەلێك پرســی ئەدەبی و ڕۆشــنبیریی کوردی و جیهانی، ئێستی کردووە و بە ڕوانینەکانی خۆیمان ئاشنا دەکات. با سەرنج لە وەلامەکانی بدەین:

**پرســیار: کەسانێك هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەلدەسەنگێنن، بە واتەیەکی تر: تەنیا دەلێن(ئەم دەقە جوانە) و(ئەم دەقە ناشیرینە)، بێئەوەی بپرســن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەمجۆرە هەلسەنگانانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**محەمـــەد ڕەحیمیـــان:** دیــارە هەر کەســێك بــە پێــی بۆچوونی خۆی دیــاردەکان هەلدەســـەنگێنێت و لە ئاستی زانیاری و زەوقی خۆیەوە دەڕوانێتە جیهانی دەوروبەری و هەروەها جیهانی دەق، بەلام ئەو بۆچوونەی کە لە پێناو دەقێکدا بە بێ پشت ئەستووریی فیکری، قەناعەت بە جوانی یان ناشــیرینیی دەق دەکات، بۆچوونێکی تەسکە و لە هەر چەشــنە مەعریفەیەك بێ وەرییە. ئەمە هەلســەنگاندنێکی زەوقییــە و ئیتر هیچ. لەم چەشنە هەلسەنگاندنانەدا، کەسەکان قەناعەت بە هەستێکی کاتەکی و بەرتەسك دەکەن و پێوەرێکی مەعریفییان پێ نییە و زەوق و تێگەیشتنی خۆیان لە ڕوالەتی دەقدا کورت دەکەنەوە.

بۆچوونێکــی وەهــا شــۆڕنابێتەوە نێو دەقەکە و بێجگە لە هەســتێکی بەرتەســك، تێگەیشتنپکی مەعریفی و ئەدەبیی لە بەرانبەر دەقەکەدا نییە، کەواتە؛ کاتی خوێندنەوەی

دەق لە لای بۆچوونێکی وەهادا، کاتێکی ناوشـــیار و بێ وەرییە لە پێوەرەکانی هزری و مەعریفی و ئەدەبیی. بۆچوونی وەها دەقەکە بە پرسیارەوە ناخوێنێتەوە، پرسیار شۆڕناکاتە ناخی دەقەوە، کە بە پرســـیار شۆڕنەبوویتە ناخی دەقەوە، دیارە دەقیش هیچ پرسیارێکت لە بەرانبەردا قووت ناکاتەوە. ئیتر خۆشت بەرپرسیار بەوە نازانی کە وەڵامی پرسیارێکی وەك: بۆچـــی جوانە؟ یان بۆچی ناشـــیرینە؟ بدەیتەوە، چونکە ئەم جوانی و ناشـــیرینییەی دەریدەبڕیت، لە ناخی بۆچوونێکی مەعریفییەوە هەڵنەقوڵاوە.

ئەگەر بێتوو بە بێ سیستمێکی مەعریفی و بە بێ کەرەسەی پێویستی وەك وشیاریی ئەدەبی و وشیاریی لێکدانەوە، بچیتە قووڵاییی دەریای دەقەوە، مەلەت بۆ ناکرێت و هیچ گەوهەرێکت دەســـت ناکەوێت. قەناعەت بە پێوەرێك، وەك هەستێکی ڕووت و قووت، بێجگـــە لە داوەرییەکی داخراو و ســـانا، پێناســـەیەك پێکناهێنێت. هەروا کە زەوقێکی بەرتەسکت هەبێت سەبارەت بە دەق، ئەوا ئەو دەقە هیچ چەشنە مەعریفە و جوانییەکی ڕەسەنت بۆ دەرناخات.

**پرســـیار: کەنگێ دەتوانین بڵێین ئـــەم ئەدەبە(زارەکییە) و ئەویدیکە(نووســـراوکراو)ە؟ هاوکات ئەو ڕەخنەیە(بنیاتنەر)ە و ئەویدی(ڕووخێنەر)ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە ســـەرچاوەیان گرتـــووە و کەنگێ و بۆچی دەتوانین ئەم پرســـیار و پێودانگانە دەربڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** پرســـیارەکەتان دوو لایەنی جیاواز دەگرێتەوە. زارەکی بوون یان نەبوونی دەق دەچێتە خانەی چەشنەکانی دەربڕینەوە، بەڵام بنیاتنەر یان ڕووخێنەربوونی دەق، دەچێتە خانەی چەشـــنەکانی ڕەخنەوە. ئەدەبی زارەکیـــی تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە: نەنووسراوەتەوە، ســـەرچاوە و کات و مێژووی پێکهاتنی نادیارە، مۆرکی گشتیی پێوەیە، زمانێکی ســـانای هەیە، کتوپڕ و بە بێ مەبەست و بە بێ وشیارییەکی ئەدەبیی خوڵقاون. تاك ڕەهەندین و ناوەڕۆکی ســـاکاری خۆیان بە بێ یاســـا و ڕێســـای ئەدەبیی دەردەبڕن.

ئەدەبی بە نووســـراوکراویش دوو جۆرە، ڕەنگە ئەدەبی زارەکی بێت کە نووسراوەتەوە. لەم ئەدەبە زارەکییەدا کە نووسراوەتەوە، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە عەرزم کردن، دەمێننەوە، بێجگە لەوەی کە لە چەشـــنی زارەکی بوون هەڵگەڕاوەنەتەوە ســـەر چەشنی نووسراوە. شێوەی دووهەمی ئەدەبی نووسراوە، بە مانا عامەکەیەتی، واتە ئەدەبێك کە لە کات و ســـاتێکی تایبەتیدا، کەسێکی دیاریکراو بە وشیارییەکی ئەدەبی و مەعریفییەوە

دەینووسـێت و چەشـنی جۆراوجۆری هەیە و سـتایل و مۆرکی کەسایەتییەکی تایبەتی پێوەیە. لەم بوارەدا ئەدەبی زارەکیی و نووسـراوە، سـنووری دیاریکراوی خۆیان هەیە و پێویست نییە لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکرێن.
سـەبارەت بە لایەنی دووەمی پرسـیارەکەتان، بە بڕوای من هەمـوو ڕەخنەیەك، بە مەرجێـك کە ڕەخنە بێت، بنیاتنەرە و هیچ دەقێك بە ڕەخنە ناڕووخێت، بەڵکو لەسـەر را دەبووژێتـەوە. کەواتـە: ئەگـەر بێتوو دەقێك بـە ڕەخنە بڕووخێت، دیـارە ڕەخنەکە نەیڕووخاندووە، بەڵکو ئەو دەقە خۆی تایبەتمەندییەکانی مانەوەی هەڵنەگرتووەتە خۆوە. واتە: ڕەخنە حوکم بەسەر ڕووخاندنی هیچ دەقێکەوە ناکات، بەڵکو لێی بێدەنگ دەبێت، یان حوکمـی ڕووخاندنەکەی دەخوێنێتـەوە، کە لە هەردوو چەشـنەکەیدا ئەمە خودی دەقەکەیە قەتیس و نا تەواوە، نەك ڕەخنە قەتیسی کردبێت.

**پرسیار: ڕەخنەگرەکانمان بە دەر لە کاری خۆیان(ڕەخنەگر)یی، هاوکات(بەدیل دۆزەرەوە) یشن، پێتوایە ئەم دووانە گەرەکیانە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟ کەنگێ دەقی ئەدەبیی(ئەڵتەرناتیڤ) دەخوازێت؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** ئەگەر مەبەستت لە بەدیل دۆزینەوە ئەوە بێت کە ڕەخنەگر بەدیل بۆ دەقە ئەدەبییەکان بدۆزێتەوە، واتە بڵێ دەق بە چ شێوەیەك بنووسرێت، یان چ شێواز و قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ نووسین پێشنیار بکات، دیارە لە ئەرکی خۆی دوورکەوتووەتەوە و ئەرکێکی وە ئەسـتۆ گرتـووە نەك هەر کاری وی نییە، بەڵکو دەرەقەتیشـی نایەت. ڕەخنەگـر خاوەن هیچ ئەکادیمی یان قوتابخانەیەکـی تایبەت بۆ خوێندنەوەی دەق نییە و ناشـبێ هەبێت. مەبەسـتم ئەوەیە کە ڕەخنەگر بۆ خوێندنەوەی دەق پێش زەنییەتێکی تایبەتیـی نییە، ئەوەی کە قوتابخانە یان تیۆرییـەك دەکاتە ئامیانی خوێندنەوەی دەق، لواوی و پتانسیەلەکان(زەرفییەت)یی خودی دەقەکەیە.
ڕەخنەگـر ڕاڤەکار(تەئویلگـەر)ی دەقە و قوتـار. پاوانی ڕەخنەگر، ئـەو دەقەیە کە دەیخوێنێتەوە. ئەو لە شـارەزاییی خۆی لە سەر قوتابخانە و تیۆرییە ئەدەبییەکان، وەك کەرەسـەیەك بۆ خوێندنەوەی دەق، کەڵك وەردەگرێت، نەك ئەڵتەرناتیڤێك بە پێی فڵانە تیۆری بۆ دەقەکان بدۆزێتەوە. ڕەخنەگرێك کە ئەرکی وەها دەخاتە سەرشانی خۆی، دەشێ فەیلەسووف، کۆمەڵناس، سیاسێکار و ئابووریناس، یان ڕیفۆرمخوازێکی کۆمەڵایەتیی بێت، بەڵام ڕەخنەگر نییە. کاری ڕەخنەگر بینینە نەك دۆزینەوە. ڕەخنەگر لایەنە سلبـی و ئیجابییەکانی دەق دەبینێت و بە پێی شارەزاییی خۆی دەیانخوێنێتەوە، کاری ئەو نییە

بڵێت ئەم دەقە خراپە و بەدیلەکەشی ئەمەیە.

دەقی ئەدەبــی خوێندنەوە و لێکدانــەوە دەخوازێت، بــەڵام ئەڵتەرناتیڤ ناخوازێت. ئەوەی بەدیل دەخوازێت شێوازی خوێندنەوەی دەقە بە پێی سەردەم، نەك خودی دەقەكە. بەدیل دۆزینــەوە و بەئەكادیمی كردنی دڵخوازانــەی دەق، دیكتاتۆریەتێكە پەیتا پەیتا دەقەكان و شێوازە ئەدەبییەكان لە سێدارە دەدات، بە هۆی ترازان لەو یاسا و ڕێسایانەی كە ڕەخنەگری دیكتاتۆر دایڕشتوون.

دیــارە هەموو ڕەخنەگرێك لە لایەكەوە شــارەزای تیۆرییە ئەدەبییەكانە و لە لایەكی دیكەشــەوە لە دەلاقەی دەقە ئەدەبییەكانەوە لەگەڵ هەمــوو لایەنەكانی كۆمەڵایەتیی، كولتووریی، مێژوویی، ڕامیاریی و ئاڵوگۆڕەكانی كۆمەڵگە، پێوەندیی هەیە. پرســیار ئەوەیە كــە قوتابخانە ئەدەبییەكان چــۆن ســەرهەڵدەدەن و چ هۆگەلێكی مەعریفی و فەلسەفیی و زەوقیی، كۆمەڵایەتیی، كولتووریی، ڕامیاریی و مێژوویی، دەبنە هۆكاری سەرهەڵدانی قوتابخانەیەكی ئەدەبیی؟ ڕەخنەگران بە هۆی ئەو پێوەندییەی كە لە دەلاقەی دەقەوە لەگەڵ ئەو هۆكارانەی عەرزم كردن، هەیانە، ئەگەر بەدیل دۆزەرەوە نەبن و ئەگەر ئەكادیمیــی تایبەت چێ نەكەن، دیارە ڕێگە خۆشــكارن و مامانــی لە دایكبوونی ئەو قوتابخانانەیەن كە سەر هەڵدەدەن.

هیــچ ڕەخنەگرێك نــە پێی دەكرێت و نە مافی ئەوەی هەیە، نە پێویستیشــە بە دوای ئەڵتەرناتیــڤ دۆزینەوە، یان پێكهێنانی كەســگەل و ئەكادیمیای تایبەتەوە بێت، چون قوتابخانە ئەدەبییەكان وەك خودی دەقە ئەدەبییەكان، ملكەچی یاســا قۆرخكراوەكان و پاوانە داخراو و ڕێســا ڕەقەكانی ئەكادیمیا و دیكتاتۆرەكان نابن، بەڵام لە بیری نەكەین كە ڕەنگــە ڕەخنەگر بە پێی شــارەزاییی خۆیەوە تیۆرییەكی تــازە دابڕێژێت و هەر بەو تیۆرییەشــەوە دەقەكان بخوێنێتەوە. دیارە تیۆرە تازەكان پێداویستیی سەردەمن، ئەگەر هاتوو تایبەتمەندیی مەعریفی و فەلسەفەی كۆمەڵایەتی و ئەدەبیی سەردەمیان پێ بوو، ئەوا دەبنە بناغە دانەری قوتابخانەیەك كە پێداویستیی سەردەمە، بۆیە با ڕەخنەگرەكانمان لە بەدیل دۆزینەوە و خوێندنەوەی دەقەكان بە قوتابخانەیەكی تازەوە نەترســێنین، بەڵكو دەبێت لە تێنەگەیشتن لە پێویستایەتیی سەردەم بترسین. ئەوەش بزانین كە ئەڵتەرناتیڤی هــەر قوتابخانەیەك لفــەو دووانەیەكی خۆیەتی كە درەنگتر لە دایــك دەبێت. واتە هەر قوتابخانەیەك لە پێكهاتەی خۆیدا بەســتێنێكی بۆ ســەرهەڵدانی قوتابخانەیەكی تازە نەبێت، نەزۆكە. وەك ستایلی(هیندی) لە ئەدەبی فارسیدا.

هەر دەقێكی ئەدەبیی هەروا كە بەری لە مێژووی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، هەرواش دەبێــت مێژووی دەقێكی تــازە بخوڵقێنێت. ئەگــەر هاتوو ڕۆژێــك كۆمەڵگەیەك لە

مێژووی ئەدەبیی خۆیدا پێویستی بە سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی تازە و بە پێی ئەوەش خوێندنەوەیەکی تازە نەبوو، دیارە کاتژمێری مێژوو لەوێدا ڕاوەستاوە.

**پرسیار: ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبنە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان(نووسەر- وەرگر)؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگایییانە بچەسپێنین لە فیکری خوێنەر، تا تیکەڵبوون و هاومەستییەکی ڕەگناژۆیی بخوڵقێت، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** دەقێك کە دەخوڵقێت، ئیتر دەبێت لە پێوەندیی نێوان دەق و وەرگر قسە بکرێت. هەر دەقێك جیهانی تایبەتیی خۆی هەیە و لە کاتێکدا کە دەخوێندرێتەوە، مافی بە سەر نووسەرەوە نییە. دەق بە نیزامی دەلالەتی تایبەتی خۆیەوە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە. من ڕەخنەگر بە دەلالی نێوان خوێنەر و نووسەر نازانم کە بیەوێت پاساوی نووسەر بدات، یان لە هەوڵی تێگەیشتنی خوێنەر لە نووسەر بێت. من پێموایە ڕەخنەگر شێوازی خوێندنەوەی دەق فێری خوێنەر بکات باشترە تا ئەوەی بێتوو دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان هەڵوەشێنێتەوە و بیانخاتە بەردەستی خوێنەر.

هیچ چەشنە چێژێك لە دەقێکی هەڵوەشاوە و لەتوپەت کراودا بوونی نییە. سیحری هاومەستی، لە شێوەی خوێندنەوەی دەقدایە. ڕەخنە چەشنێك لە چەشنەکانی خوێندنەوەیە کە بە شێوازی تایبەتی خۆی، ڕەهەندەکان و لایەنەکانی ڕەمزاوی دەق، دەردەبڕێت. دەقی سەرکەوتوو خۆی لە خۆیدا چێژێکی ئەدەبی و هاومەستییەکی سیحراویی تێدایە، بەڵام ئەوە خوێنەرە کە دەبێت بە شارەزاییی خۆی و بە پێش ئاگایی و مەعریفەیەکی ئەدەبی و هونەرییەوە، بچێتە پێشوازیی دەقەوە.

دەق لە بەرانبەر خوێنەرێکی وەهادا دەقێکی کراوە و چێژمەندە. تۆڕێکی نهێنی لە ناخی دەقدایە کە بە کەشفی ئەو تۆڕە جیهانی چێژاویی دەقت لێدەردەکەوێت. تۆڕێك کە لە بەستێنێکی ئێستێتیکدا، تۆخمە عاتفی و ڕەوانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسانە و مێژووییەکان، بە شێوەیەکی ڕەمزاویی لە یەکتریی تەنراون. ئەگەر بێتوو خوێنەر بە مەعریفەیەکی جوانیناسانەوە بچێتە ناخی دەقەوە، بە ئاگاییەوە لە جیاوازیی جیهانی واقیع و جیهانی دەق، هەروەها لە جیاوازیی نیزامی دەلالەتی ئەو دوو جیهانە تێبگات، دیارە دەگاتە ئەوپەڕی چێژەوە.

پێوەندیی نێوان دەق و خوێنەر لە ئاستێکدایە کە بە بێ خوێنەر، دەق دیاردەیەکی کاڵ و لە خۆ نامۆیە.(ڕیفە تێر) گوتەنی: «هەموو شیعرێك لە کاتی خوێندنەوەیدا پێکدێت».

**پرسیار: ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێت لە خوڵقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشـــانی لەگەڵ(پێکهاتەکانـــی دەق) فەراهەم دەکات، بە دەر لە ســـەروەختی لە دایکبوونی دەقێکی شیعریی؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** ئەگەر بێتوو هاوڕای(ڕۆلان بارت) بین و بڕوا بە «مەرگی نووسەر» پاش لە دایکبوونی دەقی شیعری، بێنین، ئیتر شاعیر مافێکی بەسەر دەقە شیعرییەکەوە نامێنێت و ئەویش لە ئاست دەقەکەی خۆیدا خوێنەرێکە. کاتێك شـــاعیر و نووسەری ئێمە سەبارەت بە دەقەکەی خۆیان وە دەنگ دێن و لە بەرانبەر ڕەخنەدا هەڵویست دەگرن، دیارە هێشـــتا بە بیرۆکەی «مەرگی نووســـەر» بڕوایەکی وەهایان نییە. جاری واش هەیە شـــاعیر لەسەر بیرو بڕوا جۆراوجۆرەکان، سەبارەت بە دەقە شیعرییەکەی وە جواب دێت و شـــیکاری دەقەکەی خۆی دەکات و دەســـت دەکات بە لێکدانەوەی شیعرەکەی. ئەمشێوە هەڵســـوکەوتە لە بـــواری ئەدەبی ئێمەدا، خۆی بۆ خۆی ئـــەو حەقیقەتە ڕادەگەیەنێت کە دەقەکان سەربەخۆییەکی وەهایان نییە و بەستراونەتەوە بە نووسەرەکانیانەوە، واتە هێشتا دەقێکی ناتەواون.

با ئەوەش بڵێم کە بە ڕای من بۆ خوڵقاندنی مانا، خوێنەر هاوشـــانی دەقنووس نییە، بەڵکو هاوشـــانی پێکهاتەکانی دەقەکەیە. چون پرۆســـەی خوێندنـــەوەی دەق لە غیابی دەقنووســـدا، بەڕێوە دەچێت و ئەو هاوشانییە، هاوشـــانیی نێوان دەق و خوێنەرە، بە بێ حزووری دەقنووس.

لە پرۆسەی پێکهاتنی دەقێکدا، دوو چەشنە هاوشانی بەدی دەکرێن. یەکەم هاوشانیی دەق و نووسەرەکەی(هاوشـــانی شیعر و شـــاعیر)، دووهەم هاوشانیی دەق و خوێنەر. هەر هونەرمەندێـــك پـــاش خوڵقاندنی دەقەکەی، بەجێی دەهێڵێـــت، هەر وەك خودا کە پاش خوڵقاندنی جیهان، بەجێی هێشـــت و دەرگەی ڕاڤەی بە ڕووی مرۆڤدا ئاواڵە کرد. کاتی پێکهاتنی دەق، کاتێکی ئوســـتوورەییە کە لە ســـەروەی زەمانـــە و کاتێکی تایبەتییە کە تەنیا بۆ نووســـەری هونەرمەنـــد دەخوڵقێت و بەس. هەڵبـــەت نامەوێت بەهۆی بە ئوستوورەیی کردنی ئەو کاتەوە، خۆم لە مەعریفەی ئەو کات و ساتە دەرباز بکەم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کاتە کاتێکە وەك بڵێی زەمەن ڕاوەستابێت و نووسەر لە دەرەوەی زەمەندا لەگەڵ خۆی بدوێت. وەك بڵێی نووسەر بچێتە جیهانێکی بێ زەمەنەوە. جیهانێك کە تەنیا یەکجار و بە شێوەیەکی تێکەڵاو لە ئاگایی و نا ئاگایی، دەئەزموودرێت.

وەك دەزانـــن بناغەی پێکهاتنی قوتابخانەی پێکهاتەخوازی، لەم پرســـیارە گرنگەوە

دەستیی پێکرد کە دەق بە چ شێوەیەك لە پێکهاتەکانی خۆیدا مانا پێکدەهێنێت؟ واتە؛ مانای دەقەکان لەو پێکهاتەیەدا چۆن دەگونجێن؟ ئەم پرسیارە سەرەکی و مەعریفییە، پرسیارێکی قووڵتری لێکەوتەوە: ئاخۆ نیزامی دەلالەتی دەقە ئەدەبییەکان بە چ شێوەیەك پێکدێن کە مانای جۆراوجۆر، واتە چەندمانایی و جاری واش هەیە مانا دژوازەکان، پێکدەهێنێت؟ ئاخۆ ئەم گونجایشتە چۆن پێکدێت؟ دیارە لە بۆچوونێکی لەم چەشنەدا، پاش خوڵقانی دەق، نووسەریش وەك خوێنەرێك لە دەرەوەی جیهانی دەقدایە و هاوشانیی ئەو بۆ پێکهێنانی مانا و ڕاڤە و شرۆڤەی دەق، تێدەکۆشێت.

**پرسیار: لە ئێستەدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ڕیشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەمجۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزموونکراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێك لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** ئەم چەشنە شیعرە لە مەنتقی زمان نزیکترە و هێزی زمان بۆ دەربڕین و گەمە لە بواری خۆیدا، پتر دەنوێنێت. جاری وا هەیە کە زمانی شیعر بە هۆی فرت و فێڵەکانی مۆسیقا و سەروا و پاشەلی شیعریی، دەچێتە پەراوێزەوە و لواوی و پتانسیەلەکانی لە قوژبنی ئەم چەشنە فێڵە هونەریانەدا، دەشاردرێتەوە، بەڵام لەم چەشنە شیعرەدا کە ئاماژەت پێ کرد، شاعیر بە ڕاشکاوی دەزانێت کە بێجگە لە وشە، هیچ کەرەسەیەکی تری لەبەر دەستدا نییە، دەبێت شەشدانگی هەوڵ و هێز و هزری هونەریی خۆی لە پانتاییی زماندا دەکاربێنێت و بە هۆی تاقانەی زمانەوە شیعرێك بخوڵقێنێت. لە وەها دەرفەتێکدایە کە یەکەی وشەکان کەسایەتیی خۆیان دەدۆزنەوە و بەرفراوانتر لە دەلالەتێکی مانایی، بیچمێکی هونەریی دەگرنە خۆوە.
ڕەنگە ئەم چەشنە شیعرە ئاکامی پێکهاتەخوازی بێت کە زمانیان وەك سەرەکیترین توخمی پێکهاتەیی لە قەڵەم دەدات. وەك(یاکۆبسین) کە شیعری بە ڕووداوێکی زمانیی دەزانی، یان شێت و شەیدایەکی زمانی وەك(ڕۆلان بارت) کە دەیوت:(زمان خوڵقێنەری جیهانی منە).
من ئێستە نازانم ئەم تێکچڕژانەی قسەی ئاسایی و شیعر لە چ ئاستێکدایە، بەڵام ئەوەندە دەزانم لە ئەزموونێکی سەرکەوتووانەدا، ئەوە قسە ئاساییەکانن کە لە تەونی شیعرەکەدا دەتوێنەوە و بیچمێکی ئەدەبیی دەگرنە خۆوە. هەروەها ئەم چەشنە شیعرە، ئەگەر ببێتە هۆی ئاوردانەوەی شاعیرکانمان لە کەسایەتی و شووناس و دەوری سەرەکیی

زمان له ئەدەب و هەڵکشـــان بەرەو بە ســـووژەکردنی زمان، قازانجێکی باشی هەیە. بۆ وێنە؛ لە بواری شیعری کوردیدا، شـیعری شێرکۆ بێکەس ئەزموونێکی سەرکەوتووە بۆ ئەم مەبەستە.

**پرســـیار: پێتوایە هـــۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێك، بەشـــێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کـــە بنیاتـــی دەق لە مانا داخراوەکانەوە ســـەرچاوە بگرێت؟ بە واتەیەکـــی تر: بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی دەق بپارێزرێن لە کاڵگەرایی و بوونی کاتیی، چی بکەین باشە؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** لای من مانای داخراو، ئەو مانا شـــیتاڵ شیتاڵ کراوەیە کە پەل دەهاوێتـــە سەرانســـەری دەق و هەموو کـــون و قوژبنەکانی داگـــیر دەکات. ئەگەر ئێوە پێتان وابێت کە «هۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێك، بەشـــێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیاتـــی دەق لە مانا داخراوەکانەوە ســـەرچاوە بگرێت»، ئەوا مـــن دەڵێم ئەوە پێکهاتەی دەقە کـــە بنیاتێکی وەهـــا پێکدەهێنێت. چون لەســـەر ئەو بڕوایەم کـــە پێکهاتە مانا دەخوڵقێنێـــت. دیارە پێکهاتەیەکی قەتیس و داخـــراوە، مانایەکی داخراوە و بێوەری لە ڕاقـــە پێکدەهێنێت و بە زیت و زەقی هەرای مانایەکی بێ شـــرۆڤە دەکات. هەروەك لە باری کۆمەڵناســـییەوە لەسەر ئەو بڕوایەم کە کۆمەڵگە و نەریتە داخراو و بارگاویەکان، دیکتاتۆر پێکدەهێنن.

دیارە پێکهاتەیەك کە لەسەر نیزام و تۆڕێکی دەلالەتی چەند لایەن و چەند ڕەهەندی دابڕێژرێت، لواوی ئەوەی هەیە کە پڕاوپڕ لە پتانســـیەلە زمانییەکان کەڵك وەربگرێت، هێزی ئەوەی هەبێت بە شـــێوەیەکی دینامیکی و پەیتا پەیتا بەســـەر خۆی بشکێتەوە و پێش بە چەقبەستنی مانایەکی سەرەکی و تەوەرەیی بگرێت، مانایەکی سواو و رووخاوە و تاکرەهەندیی پێك ناهێنێت. بەم پێیە ئەوە پێکهاتەی دەقەکە خۆیەتی کە دەبێت خۆی لە «کاڵگەرایی و بوونی کاتیی» بپارێزێت. بۆ وێنە: پێکهاتەی زۆربەی شیعرەکانی(حافزی شـیرازی) بە چەشـــنێك دارێژراون کە مانا لەوێدا وەك ماســـییەکە کە خۆی بە دەستەوە نادات و لە دەســـتی ڕاوچییەکەی دەخلیســـکێت. تا بێتوو مانایەك لـــە زەینی خوێنەر پێك بێت، خێرا مانایەکـــی دیکە جێگیر دەبێتەوە. هەر هونەرمەندێك لە هەر بوارێکی هونەریدا بێت، پێویستە بە زمان و کەرەسەی تایبەتیی خۆی رابێت و بتوانێت لەو فەزا بێ زەمەنەدا کە عەرزم کردی، کەڵك و بەهرەی شیاو وەربگرێت.

**پرسیار: شیعری ئێستە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یاخود شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرنگیی دەدات بە خەمە گشتییەکان، ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستە لە بنیاتی دەقە(هاوچەرخ)ەکانەوە هەستی پێ دەکرێت، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعیی دەکات؟**

**محەممەد ڕەحیمیان:** شیعری باش و دەقی ڕاستەقینە بە مانا هونەرییەکەی، لە گۆڕەپانی زماندا بۆ خۆی ئیبداعێکی تەواوە، بۆیە ماهیەتی ئیبداعی بوون یان نەبوونی شیعر(بە بڕوای من) ناچێتەوە سەر ئەوەی کە ئایا وریای خەمە خودییەکانە یان دەربایستی خەمە کۆکانە. ئەوەی کە دەڵێی «شیعری ئێستە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان کردووە و شیعری پێشوو گرنگیی دەدات بە خەمە گشتییەکان»، شتێکی مێژووییە و دەچێتەوە سەر مێژووی پێناسەی شیعر. شیعر نە ئەرکێکی بارگاویکراوی لە حاند خەمی مرۆڤدا هەیە، نە دەربایستی ئەوەیە کە بە دەربڕینی خەمەکانەوە مەشروعیەت و ڕەوایی بدات بە خۆی. بە دڵنیاییەوە لە پێناو شیعردا، ئیتر ئێمە وەك(ئەفلاتوون) بیرناکەینەوە و شیعر ناخەینە ژێر ڕکێفی دیکتاتۆریەتی مانا و کۆمەڵگەوە. چاوەروانی ئێمە لە شیعر چێژێکی هونەرییە.

چاوەروانیی ئێمە لە شیعر، ساماندانی ئەو ئاوێنە سیحراوییەیە کە خۆمانی تێدا دەبینین. شیعر ئەو دەنگەیە کە ئێمە تێیدا ڕەوایەت دەکرێین. شیعر چێژێکی زمانییە کە بە سامانێکی زمانییەوە ئێمە لە خۆمان تێدەگەیەنێت. شیعر کە ڕووی لە خەمی تاکەکەسی شاعیر بێت، ئەزموونێکی ئینسانییە کەلە موڵکی زماندا دەئەزموندرێت و ڕەوایەتییەکە لە چرکەساتێکی ئینسانی. چرکەساتێك کە ڕەنگە بێجگە لە شاعیر و بێجگە لە زمانی تایبەتیی شیعر، بەهیچ شێوەیەکی تر نەئەزمووندرێت. شاعیر پێغەمبەرێك نییە کە کۆمەڵگە لە خەمەکانی تێ بگەیەنێت و پەرۆشی ئاڵۆزییەکانی مرۆڤ بێت، شاعیر بە ئەوپەڕی لێ بردووییەوە ساتەکانی خۆی دەکاتە قوربانی؛ بەڵکو کورتەساتێك بچێتە ناخی جیهانی زمانەوە و جیهانی خۆی لەو جیهانەدا بئەزموونێت.

کە دەڵێین خەمی(کۆ) و خەمی(تاك)، خەریکین لە دەرەوەی شیعر و بە لۆژیکی جیهانی نا شیعرەوە دەدوێین. لە بیری دەکەین کە شیعر لە بەستێنی هونەر و بە لۆژیکی تایبەتی وشەوە دەدوێت، بۆیە ئیبداع و خوڵقێنەرایەتیی شیعر بەهیچ کلۆجێك ناچێتەوە سەر چەشنی خەمەکانی شاعیر، بەڵکو دەچێتەوە سەر مامەڵەی شاعیر لەگەڵ ئەزموونە زمانییەکەی و ئەو جیهانە زمانییەی کە دەیخوڵقێنێت. واتە ئەو بڕست و هێزەی کە لە پێناو زماندا هەیەتی. هەر خەمێکی کۆ، خەمێکی خودییە و هەر خەمێکی خودییش،

خەمێکــی کۆیە، گرنگ ئەوەیە لە هەر چەشــنێکدا ئەمانە خەمی مرۆڤن. شــاعیر بە ئەزموونێکی هونەرییەوە دەبێتە قوربانیی کۆمەڵگە و ئەو خەمانە لە ئاراستەی زماندا تاقی دەکاتەوە و بە شێوە و ستایلێکی تایبەتییەوە دەیانگێڕێتەوە.

**پرسیار: بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەرنەکراوە، بە شێوەیەك کە سەرچاوەمان لەم بارەیەوە هەبێت، لە کاتێکدا دەبوو ئێســتە زیاتر لە جاران بایەخی پێ درابا، چونکە نــا ئامادەییــی لە ڕۆژگارێکی وەکو ئێســتەدا، هەم(بۆشــایی) و هــەم (قەیران) و هەم دەرگەی(داخستنی سەردەمیك)یشمان بە ڕوودا دەکاتەوە؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** کەســێك بــە ناوی(فردینان برونیتە)، رســتەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت:(ئێمە هەرگیز خۆمان ناناســین، ئەگەر بێتوو تەنیا خۆمان بناســین)، ناسین و تێگەیشتن لە دیتران، دیتران لە خۆ تێگەیاندن، پێویستییەکی سەردەمیانەیە. تێگەیشتنی فیکری و فەرهەنگیی سەرەکیترین گوتاری سەردەمن. لە ئێستەدا پێویستمان بەوەیە کە دەرگەی جیهان بە ڕووی خۆماندا بکەینەوە و لە ئاسۆیەکی بەرفراوانیش بڕوانین، بۆئەوەی گوتارێکی شووناســی و مەعریفیی لەگــەڵ هەموو جیهان بخەینە گــەڕ، ئەگەر نا لە قەفەسی تەنیاییــی خۆماندا دەرزێین.

تێگەیشتن لە بیرو بڕواکان، تێگەیشتن لە لایەنە وێکچووەکان، سۆزی مرۆڤ سەبارەت بــە یەکدی دەبزوێنێت. مێــژووی تاڵ و خوێناویی مرۆڤ بە هۆی بێ ســۆزیی لە حاند یەکتریدا، پێکهاتووە. مرۆڤەکان چەندە زیاتر لە یەکتر تێ بگەن، هێندە هێمنتر دەبن.

ڕەخنەی بەراوردکاریی هەر لە هەڵســەنگاندنی خاڵــە وێکچووەکان، یان دۆزینەوەی تۆخمە هاوشــێوەکان لە دەقە ئەدەبییەکانــدا کورت نابێتەوە. ڕەخنــەی بەراوردکاریی ســەرەتا پێوەندییــە مێژووییەکانی نێوان دەقەکان دەدۆزێتەوە. بــە بڕوای من، ڕەخنەی بەراوردکاریی تێرم و زاراوەیەکی میتۆدۆلۆژیکە بۆ شــێوەی کردنەوەی ئاسۆی دەقەکان بە ڕووی یەکترییاندا، شیکاری پێوەندی و دانوگرتنی ئەدەبیی نەتەوەکانە. ئەگەر لەگەڵ ئەدەبــی گەلانی تر نەدوێین، ئەگــەر لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبیەکانیانــدا وتوویژ نەکەین، لەگەڵ قەیرانێکی هەرە گەورە ڕووبەڕوو دەبینەوە، ئەوەش تێنەگەیشــتن لە هەست و بیر و سۆزی دیترانە. واتە تێنەگەیشتن لە بەشێکی هەرە زۆری جیهان. واتە تێنەگەیشتن لە خۆمان، واتە کورتکردنەوەی جیهان. واتە بێبەری بوون لە بەشێکی زۆر لە ئەزموونەکانی جیهان. بێبەری بوون لە شێوەی جۆراوجۆری دەربڕینی ئەزموونەکان لە پێناو جیهاندا.

نا شــارەزاییی لە گرنگایەتیــی ڕەخنەی بەراوردکاریی، غیابــی گوتاری نێوان دەق،

نا شــارەزایی لــە ژانرە ئەدەبییەکان، نە ناســینی ئەدەبیاتی جیهان و تێنەگەیشــتن لە زمانەکانی تر، تێنەگەیشــتن لە توخمە وێکچووەکانی ئــەدەب، دەرنەکەوتنی لواوی و پتانســیەلە گشــتی و تایبەتییەکانی ئەدەبی کوردیی، نەخوێندنــەوەی ئەدەبی کوردیی بــە پێوەری تیۆرییە ئەدەبییەکان، لە هۆکارە ســەرەکییەکانی بایــەخ نەدان بە ڕەخنەی بەراوردکارییە.

ئامادەگیی گوتار لە هەموو بوارەکاندا، پێداویستیی سەرەکیی سەردەمە. نا ئامادەگیی گوتار و ئاســۆ داخراوەکان، ڕەنگە سەرەکیترین پێوەری دواکەوتوویی نەتەوەکان بێت لە ئێستەی جیهاندا.

**پرســیار: لە ئێستەدا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاســتن لە خستنە ڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕێکلامەی لێرەدا مەبەستمە دابەشبووە بەسەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حزبەکان. نووسەری ئیبداعکار بۆ ئەوەی پردێك دروست بکات، بۆ بەیەکتر گەیشتنی داهێنان- ڕێکلام، چی دەبێت بە کۆمەککارێکی تەندروست؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** بەو پێناسەیەی کە جەنابتان بۆ ڕێکلامی دەکەن، دیارە مەبەست ڕێکلامی داســەپێنەر و ڕەســمییە. بە ڕای من ئیبداعێك کە داهێنان و ڕێکلام پێکەوە جۆش بدات، موعجیزەیە، ئەگەرچی لە ئاستی موعجیزەشدا ئیمانی پێ ناهێنم. ڕێکلام لە عەقلانییەتێکی خۆســەپێن و چەقبەستوو، بەڵام داهێنان لە عەقلانییەتپکی ڕەها و دڵفراوانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕێکلام کۆی یەکدەنگی و تاکرەهەندی و تەوەرەگەراییە و ئارەزوومەندی یەکانگیری زەوقــە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام داهێنان کۆی چــەند دەنگی و چــەند ڕەهەندی و ئارەزوومەندیی دەربازبوون لــە تەوەرەگەرایی و یەکانگیرییە.

بوونــی ڕێکلامــی ئەدەبیی بــە تەوەرەیەکی مەبەســتمەندەوە بەندە، بــەڵام بوونی داهێنان لە تێکشــکاندنی تەوەرە و لە بێ مەبەستیدایە. ڕێکلام دادەبەزێتە نێو خەڵکی ڕەشــۆکی، بەڵام داهێنان بەرەو نوخبە هەڵدەکشــێت. ڕێکلام شــتێکی تر دەگێڕێتەوە، بەڵام داهێنان خۆی دەگێڕێتەوە. بەم پێیە ڕێکلام تەواو ئەو شــتە نییە کە دەیگێڕێتەوە، بەڵام داهێنــان پتەوییەکی بێ برانەوەیە. دیارە لەم پێوەرەدا ڕێکلام بۆ ئاگاداریی نییە، بەڵکو کورتکردنەوەی ئاگادارییە. مەبەستێکی تایبەتە لە لایەن دەسەڵاتەوە دەنەخشێت و بوارە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵدەسەنگێندرێت، ئینجا بۆ داخستنی شوێنێکی تایبەتــی لە کۆمەڵگە، بە قەوارەیەکی تایبەتییەوە ڕادەگەیەندرێت، کە داهێنان بە هیچ کلۆجێك لەم کەشە تەنگانەدا ناگونجێت و دەست بە جێ دەخنکێت.

داهێنانێك كە خۆی بدات بە دەستی دەسەڵاتەوە، ئیتر بێ دەسەڵاتە و بوونێكی نییە. داهێنانێك كە ویستی بە هەر كەرەسەیەك بێت، بێجگە لە خۆی، خۆی رابگەیەنێت یان رەوایی و مەشروعیەت بدات بە خۆی، دانەهاتووە، یان لە هەوەڵین هەنگاودا خۆی دەكوژێت.

من گومانم هەیە لە بوونی پردێك كە داهێنان و رێكلام پێك بگەیەنێت. ئەگەر پردێكی وەهاش هەبێت، ئەوە نەك لەلایەن داهێنەر یان دەقەوە، بەڵكو دەبێت لە لایەن دەسەڵاتی نوخبەگەرا و لە كۆمەڵگەیەكی پڕاوپڕ لە پێویستیی داهێنان، چێ بكرێ؟ من لە شوێنێكی تردا وتارێكم لەسەر پێویستیی داهێنان نووسیوە.

كۆمەڵگە و دەسەڵاتێكی نوخبەگەرا دەتوانن ئاستی دەق لە سەرەوەی ئاستی رێكلامەوە راگرن و رێكلام لە ئاستی ئاگاداربیەكی بێلایەن بۆ ئاگاداربوونەوەی خەڵك لە بوونی دەق، وەرگرێت. بەم چەشنە، رێكلام دەقەكە ناخوێنێتەوە و نابێتە هۆی داخستنی ئاسۆ فراوانەكانی دەق. لێرەدا رێكلام خوازیاری وەرگرتن و قەناعەتی خوێنەر نابێت و هەوڵی دەستەمۆكردنی دەق و خوێنەرەكانی نادات. رێكلامی دەق-خوێنەرتەوەر، چێژەكانی خوێنەر دێنێتەوە بیری و دەق و خوێنەر بە یەكتری دەناسێنێت. لە مەڵبەندێكی وەهادا، چێژ و پێداویستییەكانی خوێنەر و لواوییەكانی دەق مەبەستن، نەوەك چێژ و مەبەستەكانی دەسەڵات.

**پرسیار: پێوەندیی نێوان(دەق) و(چێژ) لە نێو ئەدەبی ئێمە تا دێت كاڵ و كاڵتر دەبێتەوە، تا ئێستەیش ئێستگەلێك بۆ ئەم دوو زاراوانە نەكراون لە لایەن رەخنەگرانمان(ئەگەر بڕیارە رەخنەگرمان هەبێت)، بۆ ئەوەی تێكەڵاوبوونێكی رەگناژیی بخوڵقێنین، پێویستە لە كوێوە دەست پێ بكەین؟**

**محەمەد رەحیمیان:** ئێوە زۆر رەشبینانە دەڕواننە پرۆسەی ئەدەبی كوردەواری، ئێوە پێشتر سوژەكە دەسڕنەوە، ئینجا لە بوون و تایبەتمەندییەكانی پرسیار دەكەن. ئەگەر دەقمان نەبێت رەخنەگرمان نییە، كە رەخنەگرمان نەبوو، ئەم وتووێژەمان رووبەڕووی قەیرانی بوون دەبێتەوە.

لە چاو ئەو بارودۆخەی بۆ ئێمەی كورد رەخساوە، گەلێك كاری باش كراوە و گەلێك تیۆری خوێندراونەتەوە. ئێوە پێتان وایە رەخنە و ئەدەبی فارسیی ئێران بەو هەموو مەجال و دەرفەتەی كە هەیانبووە و هەیانە، چەندە بە رۆژ كراون؟ چەندە ئاكادیمیەكانی شارەزای تیۆرییە ئەدەبییەكانن؟ هێشتا زۆربەی هەرە زۆری وێژەوانەكانی ئەكادیمیەكانی

ئێران لە شیعری(نیما یوشیج) و(فرووغی فەرووخزاد) و(ئەحمەدی شاملوو) چێژ وەرناگرن. هێشـــتا لە ئەکادیمیــە ئەدەبییەکانی ئێراندا رەخنە و تیۆریی ئەدەبی و باســی ئەدەبیی جیهان و خوێندنەوەی ئەدەب بە تیۆریە تازەکانەوە بقەیە.

من ناڵێم رەزامەندیی بارودۆخی ئەدەب و رەخنەی کوردیم، بەڵام کە دەڵێین رەخنەمان نییــە، رەخنەگرمان نییە، دەقمان نییە، چێژی ئەدەبیمان نییـــە و هتد، برێك دەکەوینە بەســـتێنی دروشــمدان و کەش و هەوایەکی ژورنالیستییەوە. گەلێك کەم و کوریمان لە بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا هەس، دەبێت هەوڵی مەعریفی و تەکوزمەندانەی بۆ بدەین. ئێمە هێندەی باســی بوون دەکەین، سەد ئەوەندەیش باسی نەبوون دەکەین. دیارە دەبێت پێشتر باوەر بە بوونی بابەتێك بکەین، ئینجا خەسارەکان و کەموکورییەکان بخەینە ژێر باســێکی مەعریفی و فیکرییەوە، دەنا ئەگەر بێتوو پێش گریمانەی باسەکەمان نەبوونی بابەتەکە بێت، دیارە خەســارە و رەهەندەکان و لایەنە واقیعییەکانی شــتەکە بە باشــی ناناسین.

بە بەختەوەرییەوە، ئێمە دەقمان هەیە و دەقی باشیشمان هەیە و رەخنەگری پڕ تەقەللا و جددی و رەخنەی بەپێزیشمان دەس دەکەوێت و من بە ئانقەست فەکت ناهێنمەوە، بەڵام لە چاو ئەوەی کە چێژ دەچێتەوە ئاسۆی پێوەندیی دەق و خوێنەر، نایشارمەوە کە مەزاجی خوێندنەوەمان هێشتا زۆر باش پەروەردە نەکراوە. ئێوە کە دەڵێن: «پێوەندیی نێوان(دەق) و(چێــژ) لــە نێو ئەدەبی ئێمــەدا تا دێــت کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە»، بە رای من شــتێکی نامێژووییە. من ســەبارەت بە دەق، چێژ بە مانا (بارت)ییەکەی وەردەگرم، هەروەك دەق بە مانا(بارت)ییەکەی پێناسە دەکەم. باشە ئەم زاراوانە لە ئێپستمێکی تازەوە هاتوونەتە نێو مەعریفەی ئەدەبیی ئێمەوە، ئەی ئێستە چۆن دەبێت بڵێین کاڵتر دەبنەوە؟ مەگین ئەم پێوەندییەی دەق و چێژە لە چ ســەردەمێکەوە هاتوونەتە نێو گوتاری ئێمەوە، تا باســی کاڵبوونەوەیان بکەین؟ ئەم گوتارانە هێشــتا مێژوویەکی ئەزموونراویان لای ئێمە پێك نەهێناوە، تا لە کاڵبوونەوەیان بدوێین. بۆ خوڵقاندنی تیکەڵاوبوونێکی رەگئاژۆییی دەق و چێژ، پێویستە پەیتا پەیتا دەقی بە پێز و جوان بێتە بەردەم نووسەران و شاعیرەکانمان، هاوکاتیــش وەك پرۆســەیەکی جددی و نەبــڕاوە بڕواننــە کاری بەرهەمهێنانی خۆیان، پێویســتایەتییەکان و زەوقی سەردەم بناســن، بۆ خۆیان زەوقی سەردەمیانەیان هەبێت، بەرهەمی تازە و ســەردەمیانە و ئیبداعییان هەبێت، رەخنەگرەکان لەسەر بەرهەمەکان بێنە قسە و بێ پسانەوە بیانخوێننەوە، لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، زەرروورەتی داهێنــان ببێتە زەرروورەتی هەناوی کۆمەڵگە، چێــژی ئەدەبیی خەڵك پەروەردە بکرێت، ئەمانــەش بە یارمەتیــی بنکە فەرهەنگی و ئەدەبی و نووســەر و رەخنەگرەکانەوە دێنە

ئەنجام. دەبێت هەموومان لێوان لێو بین لە چێژی دەربڕین.

(جۆرج دویت) دەڵێت: «نە شتێك بۆ دەربڕین هەیە، نە هێز و خولیای دەربڕین، ئەوەی هەیە پێویستایەتیی دەربڕینە».

**پرسیار: کەنگێ زمان و گوتن ڕووبەڕووی بەربەککەوتنێکی قووڵ و ئیستێتیك و بابەتییانە دەبنەوە؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** جاران زمانیان وەك کەرەستەیەك دەزانی کە ئەوپەڕی ئەرکەکەی دەربڕینی مانا و گەیاندنی مەبەستێك بوو. ئەم چەشنە ڕوانینە لاواز و تواناکانی زمانی دەکوشت و دەسەڵاتی کوشندەی مانای بەسەر زماندا دەسەپاند. لێرەدا زمان دەبووە قوربانیی مانا، ئەگەرچی لە بواری هونەردا لایەنی ڕەسەن و ئیستێتیکیی زمان دەرفەتی دەرکەوتنی پەیدا کردووە.

بڕواننە شیعرەکانی(نالی) و(مەحوی) و(بێسارانی) و(مەولەوی)، دەبینن کە شیعرەکانیان لە ژێر جوانیی زماندا هەڵکەوتوون. مەبەستمە بڵێم کە بەستێنی ئەدەب و هونەر، یان با بڵێین بەستێنی جوانیناسییە کە ئەو لایەنە شاردراوەی زمان دەردەخات. ڕەنگە لە پێناو ئەم پرسیارە مەعریفییەی کە دەڵێت: ئاخۆ ئەو نهێنییە چییە کە دەبێت بە هۆکاری جیاوازیی شیعر و قسەی ئاسایی؟ دەبێت بڵێین کە ڕۆژگارێك مۆسیقا و خەیاڵ ئەو جیاوازییەیان دیاری دەکرد، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئێپستمەی شیعر گۆڕاوە. شیعر ئەو بەستێنە چێژاوییە کە مەودای هەڵقوڵینی زمانە بە لایەنە شاردراوەکانییەوە.

ئیتر زمان کەرەسەیەکی پێوەندیی ڕووت نییە، بەڵکو بۆ خۆی سووژەیەکە. زمان لێرەدا ئۆبژە یان ئامرازێك نییە بۆ پێناسەی شتەکان، بەڵکو بۆ خۆی وەك سووژەیەکە شتەکان و بگرە مرۆڤیش دەبنە ئۆبژەی ئەو. ڕەنگە ئەگەر زمان نەبووایە، ئەوا هیچ شتێکی دیکەیش بوونی نەبووایە. من ناچمە سەر بوارە فەلسەفییەکانی زمانەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە هونەر و ئەدەب ئەو بەستێنەن کە زمان وەك خۆی دەردەکەوێت و کارکردی ڕاستەقینەی خۆی دەنوێنێت.

زمان لە بواری هونەردا دەبێت بە بابەت و بۆ خۆیشی ئەو بابەتە دەخوێنێتەوە، واتە زمان لە ڕەسانەیەتیی و خەسڵەتی واقیعیی خۆی نزیك دەبێتەوە. هەموو شتێ وەك(مارتن هایدگەر) و(فریدریك نیچە) بۆی دەچن، واقیعییەتی خۆی لە زمانەوە وەردەگرێت و سەرچاوەی حەقیقەتی شتەکان دەچێتەوە سەر زمان.(مارسێل پرۆست) دەڵێت: ئەدەبیات شادمانی دۆزینەوەی واقیعیەتە.

**پرسیار:(دوریس لیسینگ) روانینی وەهایە: «هەندێك كەس بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ڕەخنە ڕەسەنایەتیی لە مرۆڤدا كاڵ دەكاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستم هێناون». ئەم ڕستەیەی لیسینگ لە كوێدا ناكۆك یان تەبا دەكەوێتەوە لەگەڵ(داهێنەر) و(داهێنان)ی ئەدەبیی؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** (دوریس لیسینگ) وەك وەرگری خەلاتی نۆبڵی ٢٠٠٧، پێی وایە كە ڕەسەنایەتی و داهێنانی خۆی لە ڕەخنەوە بە دەست هیناوە و(گابریل گاریسیا ماكیز) یش هەر وەك كەسێك كە پێشتر ئەو خەلاتەی وەرگرتووە، دەڵێت: ڕەخنەگران پێیان وایە لە خودی من شارەزاترن لە بەرهەمەكانم، ئەمەش ئێگجار وەرزم دەكات، یان(ئانتوان چیخەف) ڕەخنەگر بە خەرەنگیزەیەك دەزانێت كە بەرپەرچی گاشیفەكان(ئەو گایانەی كە زەویی پێ دەكێڵن) دەدات و ناهێڵێ شیفە(كێلانی زەوی)یەكەیان ببڕن. من هیچ ناكۆكییەك لە بۆچوونەكەی(لیسینگ)دا نابینم.

ڕەخنەگر كە دەق دەخوێنێتەوە، ڕەهەندە نادیارەكانی ڕوون دەكاتەوە، پەرە و گەشەی دەق و ڕەمزەكانی داهێنانی دەق دەردەخات. داهێنان كات و ساتێكی پیرۆز و دوور لە وشیارییە، وەحییەكی ئینسانییە، بەڵام ڕەخنە كات و ساتی خودئاگاییی داهێنەرە. ڕەخنە(خوێندنەوە) لایەنێكە كە لە نەبوونیدا بەرهەمەكە ناتەواوە. كە ڕەخنە هاتە قسە، نووسەر ئاكامی كارەكەی خۆی بە تەواوی دەبینێت.

ڕەخنە ئەو ئەزموونە گرنگەیە كە دوانە لە یەك دژەكان، واتە وشیاری و نا وشیاریی، لە خۆیدا كۆدەكاتەوە. ڕەخنە بەرهەمێكە كە بەرهەمێكی داهێنەرانە بەرهەمی دێنێت. ڕەسانایەتیی فیكری و ئێستێتیكیی داهێنان بە بێ ڕەخنە نادیارە. ڕەخنە پێكهاتەی ئێپستمە و ئێستێتیكە و داهێنان لە باوەشی خۆیدا پەروەردە دەكات. با لێرەدا ئەوە دەست نیشان بكەین كە ڕەخنە لە پاش داهێنانەوەیە، نەك پێش داهێنان. هیچ ڕەخنەیەك ناتوانێت ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی پێكهاتنی داهێنان. ڕەخنە داهێنانەكان دەخوێنێتەوە و شییان دەكاتەوە.

ئەگەر ڕەخنە بكەوێتە پێش داهێنانەوە، دەبێتە هۆی كاڵی و كرچیی داهێنان. واتە ئەگەر ڕەخنەیەك ئیدیعای ئەوە بكات كە هاتووە ڕەوشت و شێوازەكانی داهێنان دیاری بكات، دیارە دەبێتە هۆی قەتیس بوونی داهێنان. ئەم شێوە ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ داهێنانـدا دەیەوێت داهێنان چوارچێوەدار و قەوارەمەند بكات، لە حاڵێكدا كە یاسا و ڕێسا دانان بۆ داهێنان لەگەڵ بوونی داهێنان، تەبایە. داهێنان لە گۆڕەپانێكی ڕەها و بێ

پەرژیندا پێکدێت. لە زیندانی فۆرمەڵەکاندا پەروەردە نابێت، بەو شێوەیەی کە زیندانی یاساکان ئازادی پێك ناهێنێت.

**پرسیار: ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرسەی خاو بێت، بۆ بنیاتنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێت؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** دەکرێت ئێمە لە شیکاری نووسراوەیەکی هونەری و ئەدەبیدا لە هۆکار و کەرەسەکانی ئەو تەلارە بدوێین، بەڵام نووسەر بەردەوام و بێ برانەوە نووسەر نییە. کات و ساتەکانی نووسین، کات و ساتانێکی تایبەتین و نووسەر لەو کاتانەدا نووسەرە و دیاردەیەك وەك نووسینی لێ دەکەوێتەوە. ئەمن کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆ نووسەر و خەیاڵ و کەرەسەکانی دی پێناسە ناکەم. لە پێکهاتنی ئەو تەلارەی باسی دەکەی، خودئاگایی و نا خودئاگایی، کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبی و زەین و بیر و خەیاڵی نووسەر بە شێوەیەکی تێکهەڵچوو لە تۆڕێکی هەستمەنددا، ڕۆحێك لە وشە دەکەوێتە بەریان و شووناسێکی وشەییان دەدرێتێ.
لەم پرۆسە زمانی- هونەریەدا ئیتر هیچ کامێك لەم کەرەسانە زەق نابنەوە و هەر کامێك لەمانە، واتە خودی نووسەر یان خەیاڵ یان کەرەسەکانی دی بەرجەستە بکرێنەوە، ڕەسەنایەتی و سامانی دەقەکە دەشێوێت. بۆیە من نامەوێت شوێنێکی تایبەتی لەم تەلارەدا بۆ خەیاڵی نووسەر دابنێم. خەیاڵ و هەموو کەرەسەکان دەبێت وەك یەکتریی لەو تەلارەدا بدرەوشێنەوە و هیچیان بەسەر ئەوەی دیکەدا نەشکێتەوە.

**پرسیار: چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** جیهان بە شێوەیەکی ترسناك واقیعییە. ڕەنگە گەورەترین ئازاری مرۆڤ لە واقیعی بوونی جیهانەوە سەرچاوە بگرێت. لە بەرانبەر ئەم واقیعەدا پێویستە هەر چەندە پێمان دەکرێت پێناسە و شووناسی ڕاستەقینەی بدۆزینەوە، خەسڵەتەکانی بناسین و خۆمانی لێ نەدزینەوە. ڕەنگە لەم بوارەدا فەلسەفە گەورەترین خزمەتی بە مەعریفەی مرۆڤ کردبێت، هەروەها هونەر و ئەدەبیات بە باشترین شێوە لەم خەسڵەتەی جیهان تێیان گەیاندووین.
بەشێکی هەرە زۆری ئایدیۆلۆژیا و ئایینەکان، ئاکامی هەڵاتنی مرۆڤن لە واقیع.

(ســیلورلوترنژە) دەڵێت:(کۆشــکی زۆربەی چەمکەکان لەســەر گۆڕە خاڵییەکاندا چێ کراون). وا دیارە تاڵیی واقیع بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ دەستەو داوێنی فەنتازیا بێت. با لە عالەمی فەنتازیادا دابەزین و لە جیهان وەك خۆی تێ بگەین. فەنتازیا هیچ واقیعێك ناگۆڕێت، بەڵکو مرۆڤی لێ دەخافڵێنێ.

ڕەنگــە فەنتازیا بــە چێژێکی خەیاڵییەوە دەمێك سەرخۆشــت بــکات، بەڵام تاڵیی واقیــع، بوونــی واقیعمان لــێ ناگۆڕێت. بۆیە پێویســتە مەعریفەیەکــی واقیعیی لە جیهان پێك بهێنین و بە شــێوە و کەرەســە لواوەکانییەوە هەوڵــی خولیاکانمان بدەین. وەك خۆی بیگێڕینەوە تا بیناســین. چەندە لــەم واقیعە دوور بکەوینەوە، هێندە بێگانەی خەســڵەتەکانی جیهان دەبین. من نازانم بۆ زەینییەت و بیرێکی قووڵی فەلســەفیی وەك زەینییەتی(بەختیار عەلی) جیهانی ڕۆمانەکانی هێندە فەنتازیی و دەرهەســتیین، ڕەنگە بەرێزیان شــێوازی تایبەتــی خۆیان هەبێت بۆ گێڕانەوەی واقیــع، ڕەنگە پێی وابێت کە ڕەوایەتییەك لە چەشــنی ڕەوایەتیی داستایۆڤســکی دەرەقەتی بابەتەکانی نەیەت، بەڵام ڕاســتییەکەی ئەوەیە کە ئەم فەتنازیا قووڵانە لە کەش و هەوایەکی خەست و مەنددا لە بوونی خۆمان دوورمان دەخەنەوە. لە کێشــەکانمان، لە ژان و خولیاکانمان، لە واقیعی خۆمان تێمان ناگەیەنن.

لە پێوەندیی نێوان واقیع و مرۆڤدا، گێڕانەوە ســیحرێکە بۆ تێگەیشــتن و دەستەبەر کردنی جیهان و خەســڵەتەکانی. تێگەیشتن لە مرۆڤ بە مانا واقیعیەکەی. دۆزینەوەی خۆمان لە ئاوێنەی گێڕانەوەدا؛ ئێســتە ڕۆمان بەم ســیحرە هاتووەتە پاوانی مەعریفەی مرۆڤەوە. من بەش بە حاڵی خۆم لە فەلسەفەی بەختیار پتر چێژ وەردەگرم، تا ڕۆمانەکانی. هەربەم گەمژییەش دەمێنمەوە تا فەلسەفەی بەختیار لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگ بداتەوە.

**پرســیار: دەق دەتوانێت ببــێت بــە ئەڵتەرناتیڤ لە بەرانبــەر نامۆیی و بیزاری، تا دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببات؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** دەق واتە جیهانی هونەر، هونەریش ئەو بەســتێنەیە کە خولیا و ئــاوات و ڕەنج و ژان و بێزارییەکانی مرۆڤ قەوارەیەکی جوانیناســانە و مەعریفیی بە خۆوە دەگرێت. بەشــێك لە ئازارەکانی مرۆڤ لە تارماییی ئازارەوە دەکەوێت. ئازارە بێ شووناســەکان، ڕەنجە ڕەمۆکەکان و خەمە نامۆکان، کە بــە لێڵیی بمێننەوە، پتر دەبنە هۆی ئازار و ڕەنجەڕۆییی مرۆڤ، کە بوون بە فیکر، کە بوون بە مەعریفە، کە بوون بە دەردێکی شووناسمەند، چارەسەر و تاوتووێ کردنەوەیان گەلێك ئاسانترە.

دەق، خولیــا و نامۆیی و ڕەنجەکانمان قەوارەمەنــد دەکات، ئەزموونێکی خۆیی لە هەســت و کاتە نامۆکانمــان بۆ پێکدەهێنێت. دەق نابێت بــە ئەڵتەرناتیڤ لە بەرانبەر نامۆیی و بێزاریدا، دەق بۆ خۆی کۆیێکی مەعریفیی و قەوارەمەندە لە شووناسی بێزاری و نامۆییەکان، تێگەیشتنێکە لە بێزارییەکان.

لە ســەروەختی تەنگانەدا کە دەق ئازارەکانــت بۆ دەگێڕێتەوە، تۆ لەگەڵیدا دەدوێی و سووک دەبیەوە. کەواتە خەســڵەتی مرۆڤە کە لە تارماییی شتەکان پتر سڵ دەکاتەوە، تا خودی شتەکان. جیهانی دەق دیوی ئاشنای ئەو جیهانە نامۆیەیە کە تێیدا دەژیین.

من لــە گۆڤاری(رامان)، لە وتارێکدا ســەبارەت بە(گۆڕســتانی چراکان)ی(شــێرکۆ بێکەس)، ئاماژەم بەوە کردووە کە «مێژووی ئازار، ئەزموونێکی بە باڵای ژیانی مرۆڤی لە پشــتە، کە بە گێڕانەوەی دەچێتە بەســتێنی ئەزموونــەوە، ئەزموونێك کە تێکەڵی هەست و عاتیفە و ئازارە».

**پرســیار: دیکارت ڕوانینێکی وەهایە: «من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم»، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام(بیرکردنەوە) دەتوانی(بوون)ێکی پڕ جووڵە و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێت، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشــیار تا چەند پەیوەســتە بە(ئاگایی) و(ئەوانی دیکە)وە؟**

**محەمــەد ڕەحیمیان:** دیکارت لــەم وتەیەدا کە دەڵێت: «مــن بیردەکەمەوە، کەواتە هــەم»، بیرکردنەوە و تێ فکرین دەخاتە پێش بوونەوە. واتە بوونی مرۆڤ دەبەســتێتەوە بە بیرمەندیی ئەو. فەیلەســووفانی پێش دیکارت لە بوونەوە دەســتیان پێدەکرد، بەڵام دیــکارت لە بیرەوە دەســتی پێکرد. پێوەری بوون لای دیــکارت بیرمەندی و بیرکردنەوە بــوو. لە ڕوانگەی دیکارتــەوە مرۆڤ پێوەری بوون و جیهانــە و پێوەری بوونی ئەویش بیرکردنەوەیە. لە بواری هونەرییەوە چەمکێکی نوێ هاتە گۆڕێ.

چەمکــی وەنواندنــەوە(representation)، واتە لواوی تێگەیشــتن لە جیهان، لە چوارچێوەی وێنەیەکدا. ئەم وێنە دیکارتییە لایەنێکی مەعریفیی دەگرێتە خۆوە. ئەگەر ئەم وێنەیە لەگــەڵ وێنەی(ئەفلاتون) بەراورد بکەین، وێنەکەی ئەفلاتوون لاســایی و مەحاکاتە و هیچ چەشنە داهێنان و ئیبداعێکی تێدا بەدی ناکرێت. لە وێنەی ئەفلاتووندا مــرۆڤ لە بەرانبەر جیهاندا بێوەری لەهەر چەشــنە تێفکرینە، بۆیە دەبێت ئەوەی هەیە ببینێت و دووپاتی بکاتەوە.

بناغــەی وێنەی دیکارت گومانە. دیکارت لە گومانەوە دەســتی پێکرد، گومان لە

خــۆی، لە جیهان، لە بــوون، گومانێك كە دڵنیایی یان یەقینــی دیكارتی لێكەوتەوە. گومــان تەنیا دڵنیابییەك بوو كە دیكارت هەیبــوو. بیركردنەوەی دیكارت لە گومانەوە دەســت پێدەكات. بیركردنەوەیەك ئیبداعكاری بــەردەوام پێكدەهێنێت، كە گومانی لە بــوون هەبێت، بە وەڵامە چەقبەســتوو و ئامادەكانی ئەقلاتوونی قەناعەت نەكات. لای دیــكارت ئەوە گومانە كە بیركردنەوە پێكدەهێنێت. بــا بڵێین هونەر جۆرێك گومان لە بوونــی جیهانە. هونەر جیهانێك پێكدەهێنێت كە تــازە دەبێتەوە. نواندنەوەی دیكارت قاپێكە لێوانلێو لە گومان، كە بیرۆكە گوماناوییەكەی هونەرمەند لەم قاپەدا بە شێوەی تەمسیل و خوازە و هێما خۆی دەنوێنێت.

كاتی گومانكردن، كاتی ئاگاییی مرۆڤە لە خۆی و لە جیهان و لە هەموو دیاردەكانی دەوروبــەری. ئەگەر هاتوو بە گومانــی دیكارتییەوە رووبەرووی جیهــان ببێتەوە، ئیتر جیهانێكی تاكرەهەند و پاوانمەند و ناســراوت نابێت، بەڵكو لەگەڵ جیهانێك رووبەروو دەبێتــەوە كە هەر جارێك لایەنێكی خۆی دەردەخات. واتــە گێڕانەوە و خوێندنەوەیەكی داهێنانانە لە جیهان و دیاردەكانی پێكدەهێنێت.

**پرســیار: گەلێك لە نووســەران پێیان وایە پلەبەندی بۆ ئەدەبی چیرۆكنووسین باشە، یانی پێویســتە نووسەر یەكەمجار چیرۆك بنووســێت، ئەوجا نۆڤلێت، دواتریش ڕۆمان. ئەم ڕوانگەیە چۆن لێكدەدەیتەوە؟**

**محەمەد رەحیمیان:** من لەگەڵ ئەم چەشــنە پلە دابەستنەدا نیم. وەبیری بێنینەوە كە هەوەڵین رۆمانوسەكان ئەزموونی چیرۆكیان(بەو مانایەی ئێوە مەبەستتانە) نەبووە. لەم پلە دابەستنەدا مەبەست ئەوەیە كە نووسەر هێدی هێدی خۆی بە نووسین رابێنێت، ئینجا داوێنــی كارەكەی بلاوتر بكاتەوە، واتە كورتە چیرۆكنووس دوایی دەبێت بە رۆماننووس، لە حاڵێكدا كە كورتەچیرۆك و رۆمان تەكنیك و چەشــنی نووســینی جیاوازیان هەیە. مەرج نییە ئەوەی رۆمانی باش دەنووســێت كورتەچیرۆكی باشیش بنووسێت، یان كورتە چیرۆكنووسی باش، خوڵقێنەری رۆمانی باشیش بێت.

بــۆ نووســینی هەر كامێك لەمانە پێویســتە ئەزموونی باشــت هەبێــت، هاوكات دەرەقەتــی زمان و تەكنیكەكەیــان دبێت. هەڵەیەكی گەورەیە ئەگــەر بێتو جیاوازیی ئەم ســێ چەشنە رەوایەتە لە(بارست)یاندا ببینینەوە، واتە پێمان وابێت كە بە زیادكردنی لاپەرەكانی كورتەچیرۆك نۆڤلێت دروســت دەبێت و بــە درێژبوونەوەی نۆڤلێتیش رۆمان دەخوڵقێت. دیارە ئەم سێ چەشنە رەواییە هەر یەكێكیان شێوەی رەوایی و بابەت و زمان

و چەشنی گەڕانەوەی تایبەتیی خۆیان هەیە. تۆ ناتوانی لە چەشنە ڕەوایی یان بابەت یان شێوە زمانی ڕۆمان لە کورتە چیرۆکیشدا کەڵك وەربگریت. هەر نووسەرێك دەبێت بۆ نووسینی هەر کامێك لەم چەشنە ڕەواییانە ڕاهاتبێت، دواجاریش لە کاتی نووسینیاندا تێکەڵیان نەکات و سنووورە تەکنیکیەکانیان بپارێزێت.

**پرسیار: ئەگەر بە وردیی لە چیرۆکنووسی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیك بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی(داهێنان) و(نوێخوازی)ین و خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وەها نین، ئەو گوتارانەی لە ئێستەی چیرۆکنووسانی هاونەوەی خۆتدا دەیانبینیت، تا چەند نزیکن لە حەقیقەت؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** هەر سەردەمێك گوتاری تایبەتی خۆی هەیە. گوتاری نوێخوازی چیرۆکنووسانی حەفتاکان بەشێك لە واقیعیەتی کۆمەڵگەی کوردیی بووە. ئێستە ئەم گوتارە چەندە توانیویەتی دابەزێتە نێو دەقی چیرۆکەکان، باسێکی ترە و من ناچمە سەری، بەڵام دڵەڕاوکێی چیرۆکنووسی ئێستەی ئێمەش داهێنان و نوێبوونەوەیە. ئەوەی ئێوە حوکم دەدەن کە چیرۆکنووسانی ئەودەم خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت زانیوە، لای من بڕیارێکی تەواو مێژوویی و ڕاست یان حوکمێکی تاقیکراوە نییە. چیرۆکی ئەو سەردەمە گەلێك تایبەتمەندیی مێژوویی و هونەریی هەیە و ئاوا بێ سێ و دوو، حوکمدان لەسەری بە دروست نازانم.

(گادامێر) دەڵێت: «هەر دەقێك بە ئاسۆی فیکریی بەردەنگەکانیەوە بەستراوەتەوە و ئەم ئاسۆیەش ئاسۆیەکی مێژووییە». بە پێی ئەم گوتەیەی(گادامێر) بێت، بە سێ توخمی گرنگی(دەق) و(ئاسۆی فیکری بەردەنگ)و(مێژوو)، دەبێت دەقەکان بخوێنینەوە. گوتار پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە کە(بە داخەوە) لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە هۆی جۆراو جۆرەوە، گوتار بە مانا حەقیقیەکەی ناگونجێت، چونکە بەردەنگی چیرۆکەکانمان بێ دەنگن، یان با بڵێین داخراوەیی کۆمەڵگە، ئەو ئاسۆ پێویستەمان لێ دەرناخات.

گوتاری چیرۆکنووسانی هاونەوەی من، گێڕانەوەی برینە مێژووییەکان، گێڕانەوەی کۆمەڵگە و ئازادیخوازییە، با بڵێین گوتاری زاڵ، گوتاری ڕەخنە و گومانە. ڕەخنە و گومان لە جیهان و لە سیاسەت، لە مێژوو، لە کۆمەڵگە، لە ئایین، بەڵام هەوڵێکی ئاگاییانەش لە ئارادایە کە ئەم گوتارە لە ئاسۆیەکی مەعریفی و هونەریدا پێك بێت.

**پرسیار: رۆحی مرۆڤ(بە تایبەت نووسەری چیرۆك و رۆمان) تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لە نێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووك بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتین؟ هاوکات ئایا مرۆڤ جگە لە خۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی(خود)ەوە؟**

**محەمەد رەحیمیان:** چیرۆکنووس پاش نووســینی چیرۆکەکەی، دەق بە جێ دەهێڵێت. لای من بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکانی(شێرزاد حەسەن) یان(عەتا نەهایی)، ئیتر بیر لە ئەوان و دڵەراوکێکانیان و کەسایەتیی ئەوان ناکەینەوە. ئەوان وەك بگێڕێك جیهان دەگێڕنەوە، مرۆڤ دەگێڕنەوە، کۆمەڵگە دەگێڕنەوە، ژان و خۆشییەکانی مرۆڤ دەگێڕنەوە؛ جیهانێکی تــازە دەخوڵقێنن کە جیهانێکی رەواییــە و تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە، جیهانێك کە دەبێت بیخوێنیتەوە، لەو جیهانەدا دەتوانیت وەك مرۆڤێك خۆت بخوێنیتەوە و ئەوەت لە بیر بێت کە نووسەریش هەر وەك تۆ مرۆڤێکە لە نێو ئەو جیهانەدا.

تــۆ دەڵێیت: «مرۆڤ جگە لە خۆی نیشــتەجێی هەزاران دیــاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی ترە»، من دەڵێم: دەق نیشــتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی پێکراو و بێدەنگی ترە، چونکە مرۆڤ تا نەنووسرێتەوە، تا نەگێڕدرێتەوە، تا چەشنێکی هونەریی بە خۆیەوە نەگرێت، بە خاوەن ئەو کاردانەوە نابێت کە باســی دەکەی. دەق بە ژمارەی خوێنەرەکانی دەنگــی هەیە، ئامادەگیــی ئەوەی هەیە لەگەڵ هەر مرۆڤێکدا گوتار ســاز بکات. دەق ســتراتیژی خــۆی رادەگەیەنێت، ئیتر نــۆرەی بەردەنگە کە دەبێت ئامادەگیی ســازدانی گوتاری هەبێت.

**پرســیار: ئایا مرۆڤ ئەو کتێبە نییە کە کۆی مێژووی پێشــووی مرۆڤایەتیی لەسەر نووســراوە؟ ئایا هەر ئەو جەســتەیەی ئێمە کە لە نێو دیوارەکانیدا بەندین، بۆ خۆی ئەو جەمسەری لێکچوونە نییە کە ئێمە بە هەموو ئەوانی ترەوە گرێ دەدات؟**

**محەمــەد رەحیمیان:** نا، بــە رای من ئێمە کۆی مێژووی پێشــوو نین، ئێمە دەوامی مێژووین. ئەگەر ئێمە کۆی مێژووی پێشــوو بین، ئەوا مێژوو راوەستاوە. ئێمە خەریکی گوتارین لەگەڵ مێژوودا. دیکتاتۆرەکان لەســەر دووبارەبوونــەوە و لێکچوون داکۆکی دەکەن و دایمە ئێستە بە رابردوو دەخوێننەوە و هەر رووداوێك و هەر کەسێك بە دووپاتەی هاوتایەکی خۆیان دەزانن و هەوڵ دەدەن بۆ هەر دیاردەیەك وێنەیەکی مێژوویی دابتاشن. راســتە ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا(بە داخەوە) لە غیابی گوتاردا دەژیین، بەڵام لە بەستێنی

هونەردا هەمیشە گوتارێك لە ئارادایە لەگەڵ رابردوو.

(لاس) لە(گوڵی شۆران)ی(عەتا نەهایی)دا هەر لاسەکەی(لاس و خە زاڵ) نییە، چونکە لە سەردەمێکی دیکەدایە. (لاس)ی عەتا لەگەڵ قەیرانگەلێکی نوێی وەك قەیرانی شووناس و نەتەوە و مێژوو رووبەرووە، بەڵام قەیرانی(لاس)ی بەیتەکان خۆشەویستییە. بەم حاڵەش دەکرێت گوتارێك لە نێوانیاندا پێك بێت. ئێمە لە مێژوو دانابڕێین، بەڵام دیارە دووپاتەکراوەی مێژوویش نین. مرۆڤی هەر سەردەمێك دەبێت بە فاکتەرەکانی ئەو سەردەمە بخوێندرێتەوە. مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا لەسەر را دەنووسرێتەوە.

**پرسیار: کە چیرۆك یان رۆمان دەدوێت، چی دەدوێت؟ ئایا خودێکی ناوازە و تایبەت دەدوێت، یان رۆحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکات، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێك دەکات لە نێو خودی چیرۆکنووسدا نیشتەجێیە و چیرۆکنووسی کردووەتە ناخود؟**

**محەمەد رەحیمیان:** چیرۆك یان رۆمان وەك دەقێك دەدوێت، کەوایە وەك جیهانێکی سەربەخۆ دەدوێت، کە تۆ لە خوێندنەوەیدا ویستی خۆتە کە خۆت، دیتران یان نووسەر بخوێنیتەوە. دەق ستراتیژیەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و جیهانێکی داهێنراوە کە دەقاو دەق لەگەڵ جیهانی واقیع یەکتریی ناگرنەوە. رۆمان و چیرۆك وەك دوو دەق، جیهانی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەستەمۆ نابن، بۆیە ناکرێت بە خودێکی ناوازە وەك نووسەر یان هەر کەسێکی دیکەوە، دەست نیشانیان بکەین.

دەق، وەك بەرهەمێکی هونەریی لە کاتێکی تایبەت و لە جەمسەری خودئاگا و نا خودئاگای نووسەر و کۆمەڵگە و مێژوو و فەلسەفە، لە پێکهاتەیەکی رەوایی و جوانیناسەنەدا خوڵقاوە. جیهانی دەق بە هیچ شتێك دەلالەت ناکات، بێجگە لە دەلالەتکردن لە خۆی. جیهانی دەق جیهانێکی زمانییە و نابێت زمان لە دەلالەتدا کورتکەینەوە. کە زمان لە دەلالەتدا کورت ببێتەوە، کارکردی رەسەنی خۆی کە نا کارکردی و نا بەیانگەرییە، لە دەست دەدات، کەوابوو جیهانی دەق تا سنووری جیهانێکی دەستەمۆ و بێ راڤە دادەبەزێت.

**پرسیار: ڕۆمانی ئێستەی کوردی، بە دەر لە گوتنی حەرام و حەڵاڵەکان، دەیەوێت چیمان پێ بڵێت؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** من لەگەڵ چەشنی پرسیارەکەتان تەواو ناتەبام. دیارە پێناسەی من و تۆ لە هونەر و ڕۆمان زۆر جیاوازن. گوتنی حەڵاڵ و حەرامەکان ئەرکی ڕۆمانی کوردی یان هیچ ڕۆمانێکی تر نییە. ڕۆمان پێگەی هونەریی خۆی هەیە. ڕۆمان دیاردەکان و چەمکەکان دەگێڕێتەوە. ئێوە گوتنی حەرام و حەڵاڵەکان وەك ئەرکێك دەخەنە سەرشانی ڕۆمانی کوردی و بەو پێش گریمانەوە پرسیارەکەتان دەردەبڕن.

بە ڕای ئێوە گوتنی حەڵاڵ و حەرامەکان ئەرکێکی سروشتیی ڕۆمانە، ئینجا دەتانەوێت بزانن کە بێجگە لەمانە ڕۆمان چیی تری هەیە پێمان بڵێت. ڕۆمان قازیی شەرع نییە، ئایین نییە. کاری ڕۆمان گێڕانەوەیە و ئیتر هیچ. ڕۆمانی کوردی پێش هەموو شتێك دەیەوێت بڵێت منیش ڕەوایەتێکم لە جیهانی مرۆڤایەتی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، ئێستە لەم بوارەدا چەندە سەرکەوتووە، لە شوێنی خۆیدا شیاوی باسە.

**پرسیار: دوو نووسەر لە ئێستەدا نووسینەکانیان زۆر بە هەرمێتن، ئەوانیش:(عەتا نەهایی) و(بەختیار عەلی)ن، کە دەیان لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆمانەکانیانەوە نووسراون. پرسیاری ئێمە ئەمەیە: لە گەلێك نووسیندا بەم نووسەرانە گوتراوە: داهێنەر... بۆچی بەشێك لە نووسەرانی ئێمە هێندە بە پەلە پاشگری(داهێنەر) یان(دز) دەخەنە پاڵ نووسەرانەوە، یاخود هەر تەرزە دەستەواژەیەکی دی؟ لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم دوو ڕۆماننووسە داهێنەرن یان نا؟ ئەدی چۆن(داهێنان) ڕاڤە دەکەن؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** لە پێشدا با ئەوە ڕوون بکەمەوە کە پاشگری داهێنەر بۆ(عەتا نەهایی) یان(بەختیار عەلی) پاشگرێکی بە پەلە نییە، ئەو خەسارەی کە باسیشی دەکەی، ئەوان ناگرێتەوە، بەڵام دیارە گەلێك نووسەر یان بە ناو ڕەخنەگر لە پانتاییی ئەدەبی ئێمەدا هەن کە شرۆڤە و نووسین و بڕیارەکانیان سەبارەت بە دەقە ئەدەبییەکان ئاستێکی زانستی و ئەدەبی و ڕەخنەییان نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکی سەرمەستیی نەتەوایەتی، یان دۆستایەتی و خۆشەویستی و ناخۆشەویستییان هەیە.

ئەم نووسەرە بەڕێزانە لە بیری دەکەن کە ئێمە لە ڕەخنەدا لەگەڵ دەق ڕووبەڕووین، نەك لەگەڵ کەسەکاندا، لە لایەکی تریشەوە بڕیاری هەست ئامێزدان لە سەر دەقێکدا، ئەو دەقە قەتیس دەکات و لە عەقڵانیەتی ڕەخنەیی کە ئەدەب دەبوژێنێتەوە، دووورمان

دەخاتەوە. بۆ تاوتوویکردنی دەقە ئەدەبییەکان پێویستە بە بێتەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە نووسەر کێیە و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ئێمەدا هەیە، بدوێین.

سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان، لە روانگەی منەوە ئەم دوو نوسەرانە داهێنەرن، هاوکاتیش بە دڵنیاییەوە گەلێك داهێنەری تریشمان لە بواری رۆمان و کورتە چیرۆکدا هەیە. لای من داهێنەر کەسێکە دارشتنێکی تازەی لە بواری زماندا هەبێت و بتوانێت جیهانێکی تازەی رەوایی بخوڵقێنێت. رەنگە شێوازی نووسین یان رەوایەتی(عەتا نەهایی) یان(بەختیار عەلی) لە ئەدەبی غەیرە کورد تاقی کرابێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم نووسەرانە چەندە لە لواوی و زرووفەکانی زمانی کوردی لە بەستێنێکی رەواییدا کەڵك وەردەگرن و چەندە پتانسیەیلەکانی رەواییی ئەم زمانە دەردەخەن.

داهێنان بریتیە لە دەربرین و گێرانەوەی مێژوو و مرۆڤ و هەست و ئازار و خۆشییەکانی بە زمانێکی رەوایی و تێگەیاندنی مرۆڤ لە هەستە شاراوەکانی، بە زمان و شێوازێکی تازە و جوانیناسانەوە. کاك(بەختیار) و کاك(عەتا) لە ئاسەواری خۆیاندا هەر یەك بەش بە حاڵی خۆیان داهێنانیان بووە، هەڵبەت لە کارە جۆراوجۆرەکانیاندا جیاوازن. ئەوان لە دەقەکانیاندا گەلێك تایبەتمەندییان هەیە و بە گەلێك لە هەستەکانم و بەشێك لە پرسیارەکانم وەڵامیان داوەتەوە و بەشێك لە هەست و سۆزە لێڵەکانمیان شی کردووەتەوە و چێژی ئەدەبییان پێ بەخشیوم.

**پرسیار: ئەگەر بۆ رابردوو بگەڕێینەوە دەبینین ئێستەی(یۆنان) لە بەرانبەر سەردەمی(ئەفلاتوون) و(ئەرستۆتالیس) و ئەوانیدیدا، فەلسەفە نەك رووی لە کزیی کردووە، بەڵکو لەم رووەوە(بە دەگمەن نەبێت) باس لە ئێستەی یۆنان ناکرێت، بەو مانایەی بەردەوام بن لە فەلسەفە، هاوکات ئەم دیدە بۆ(رووسیا)یش بە هەمان شێوە لە بەردەمماندا قووت دەبێتەوە، بۆ نموونە: ئێستەیش جگە لە(تۆلستۆی) و(فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی)، باس لە ئەدەبیان ناکرێت بە شێوەیەك کە رەنگدانەوەی لە سەر رەوتی ئەدەب هەبێت، لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆیشمانەوە پێتوایە ئێمە ئەزموونگەلێکی ناوازەی وەهامان هەبن تا بەردەوام وەکو سەرچاوە بگەڕێینەوە کنیان؟ لە ئێستەدا(دەق)ێکی وەهامان هەیە وەربگێردرێن و لە ئاستی بەرهەمە ئێستیێتیکییەکانی جیهاندا لە کێبەرکێدا بن(لە رووی فرەرەهەندییەوە)؟**

**محەمەد رەحیمیان:** هۆی ئەو بارودۆخەی یۆنان و رووسیا کە باستکرد، گەلێك جیاوازە و نابێت لەگەڵ ئێستەی ئێمەی کورددا بەراورد بکرێت. دیارە بۆ بەردەوامیدان لە بواری

ئـــەدەب و هونەردا ڕەهەندگەلێکی وەك بارودۆخی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەلسـەفیی و ئەدەبیی، هەروەها بارودۆخی جیهانی و بەرهەمهاتنی دەقە جیهانییەکان لـــە کۆمەڵگـەی ئەدەبی کـوردی و زەوق و چێژی مەزاجی کـوردەواری و ڕێککەوتنی لەگەڵ مەزاجی سـەردەم، شوێنی گرنگیان هەیە. شیکاری و بەراوردی ڕاستەقینەی ئەو هۆیانە کە یۆنانیان لە ئاسـتی کانگایەکی مێژووی فەلسـەفە بەجێهێشت و(تۆڵستۆی) و(داستایۆڤسـکی)یان کرد بە دوایین بەرەی ئەدەبیی ڕووسـیا، ڕەنگە گەلێك لە خەسـار و مەترسـییەکانی بەرەرووبوومان لێ ڕوونکاتەوە، بـەڵام نابێت لە بیری کەین کە مێژووی ئەدەبیی ئێمە، بە تایبەت لە بواری ڕۆماندا لاوە و هێشتا دەرفەتی ڕاستەقینەی ئەوەمان بۆ نەڕەخساوە کە بە زمانی ڕەوایی و ئەدەبی، خۆمان بە جیهان بناسێنین.

ئەو کارانەی(بەهمەنی قوبادی) بە فیلمەکانی دەیانکات، هێشـتا ڕۆمان نەیکردووە، هەڵبـەت نابێت لەم بەراوردکارییەدا هەل و دەرفەتەکانی سـینەما لە بەرچاو نەگرین. بێتەوەی بیر لە یۆتۆپیا بکەمەوە، بە کورتی دەبێت بڵێم کە بۆ بەردەوامیدان لە پانتاییی مێژووی ئەدەبـی جیهان، بۆ ئەوەی کۆمەڵی کوردەواریـش وەك گەلێك لە نەتەوەکانی ئەم سـەردەمە کە بەرهەمی جیهانی و فرەڕەهەندی دەخوڵقێنێت، پێویسـتە پێشـتر لە واقیع و لواویەکانی خۆمان تێ بگەین، ڕەخنەی ڕاسـتەقینە پەروەردە بکەین، لە چێژی سەردەم و پێویستییەکانی تێ بگەین، بەرهەمە باشەکانی جیهان وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی، زەوقی جەماوەر بە بەرهەمی باش گۆش بکەین، پێش بە سیاسی و حزبی بوونی ئـەدەب بگرین، پەرە بە ئازادیی مـرۆڤ و بیروڕای تاکەکەس بدەین، هەر بەرهەمێك کە بڵاوببێتەوە خوێندنەوە و ڕەخنە و گوتارمان لە سـەری هەبێت و بەستێنێکی وەها دابین بکرێت، تا پەیتا پەیتا بەرهەمی باش لە کۆمەڵگەکەماندا بخوڵقێت.

ئێسـتەیش لـە ڕوانگەی من، بـە دڵنیاییەوە هەم لە بواری شـیعر و هەم لە بواری ڕۆمانیشدا، دەقی وەهامان هەیە کە وەربگێڕدرێن و لە ئاستی بەرهەمەکانی دیکەدا بن، هەر وەك لە بواری سینەمادا لەو ئاستە داین، بەڵام من بە ئانقەست بە گەلێك هۆوە ئەو ئاسەوارە ناوبەردە ناکەم.

**پرسـیار: وەك دەزانین؛ وەرگێڕان پردێکە بۆ بە یەکترگەیاندنی دوو کلتووری جوایەزی دوو میللـەت، کەم تـا زۆریش وەرگێڕی کورد ئـەو هەوڵەی داوە کـە کلتووری خۆی دەوڵەمەندتـر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشـدا کەموکورییەکی بەرچـاو دەبیندرێت لە وەرنەگێڕانی دەقگەلێکی زۆر، کە دەتوانین وەکو سـەرچاوەیش سـوودیان لێوەربگرین. بـۆ نموونە، لە ئەدەبی فەڕەنسـیدا جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێك شـیعری(پۆل ئیلوار)**

**و(ئۆکتاڤیۆ پاز) و چەند نووسەرێکی دی، دەقگەلێکی دی نیین بۆ ئەو خوێنەرانەی تەنیا زمانی کوردیی دەزانن. بە حوکمی ئەوەی ئێوە شارەزان لە زمانی فارسیی؛ کێن ئەوانەی لەو زمانەوە دەتوانن(تا ئاستێك) بە دەستپاکیی دەق وەربگێڕن؟ هاوکات ئەو دەقە گرنگانە کامانەن کە پێویستە بە زووترینکات وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردیی، تا لەم ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی قووڵ ئاگاداری ئەدەبی فارسیی بین؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** لای ئێمە وەرگێڕگەلێکی شارەزا و بەتوانا هەن، وەك(ئەحمەدی قازی)و(عەبدوڵخالق یەعقووبی) و(یوونس ڕەزایی) و(ئەمین گەردیگلانی) و(مەنسوور تەیفووری) و(ڕەهبەر مەحموودزادە) و(عەتا نەهایی) و(ڕەزا شەجیعی)، کە بە پێی ئەو وەرگێڕدراوانە کە لێیانم دیوە، بۆم دەرکەوتووە لە وەرگێڕان و تەکنیکی ئەو هونەرە و لایەنە گرنگە زمانییەکەی گەلێك شاژەزان، دیارە چاوەڕوانیی زۆرتریشمان لێیان هەیە.

لە گەنجینەی ئەدەبی فارسیشدا گەلێك دەقی دەوڵەمەند و شیاو هەن، کە پێویستە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردیی، کە هەم کتێبخانەی کوردی بە هۆیانەوە دەوڵەمەند بکرێت، هەم زرووفەکانی زمانی کوردیی تاقی بکرێنەوە. با ئەوەیش بڵێین کە لە باری مێژوویی و فەرهەنگی و زەوقیەوە، بە تایبەت لە ئەدەبی کلاسیکیی فارسیدا، کورد برابەشە و بەم ئەدەبە بێگانە نییە، واتە لە پێکهاتنیدا ئەدەبی کوردیش بەشداریی کردووە.

سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەت لە بواری ڕۆماندا، بە ڕای من ئاسەواری(مەحموود دەوڵەت ئابادی) و(سادقی هیدایەت) و(غولامحوسێن ساعیدی) و(بیژەن نەجدی) و(هۆشەنگ گولشیری) و(جەمالزادە) و(محەمەد محەمەدعەلی) و(بارام سادقی) و(سادقی چووبەك) و(بوزورگ عەلەوی) و(ئەحمەد مەحموود) و(عەلی محەمەد ئەفغانی) و(عەباس مەعرووفی) و(شەهرنووش پارسی پوور) و(مونیرە ڕەوانی پوور) و(ڕەزا بەراهەنی) و(مەنسوورکووشا) و(زۆیا پیرزاد) و(فەریبا وەفی) پێویستە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردیی. هەروەها لە بواری شانۆدا ئاسەواری(بارام بەیزایی) و(محەمەد چەرمشیر) و(قوتبەدین سادقی) و(چیستا یەسربی) و(پەری سابری) و(حەمید ئەمجەد) کەڵکی زۆریان دەبێت، بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەدەبی کوردیی. هەروەها پێمخۆشە ئەم هەلە بقۆزمەوە و داکۆکی بکەم لەسەر وەرگێڕانی ئاسەواری(بابەك ئەحمەدی) و(موراد فەرهادپوور) و(ڕامین جەهانبەگلوو) و(محەمەد جەعفەر پوویەندە) و(حوسێن عەلی نەوزەری) و(محەمەد زەیمەران)، پێموایە لە بواری هونەر و فەلسەفەدا پێویستی هەرە

گرنگی کتێبخانەی کوردی و کۆمەڵگەی کوردەوارین.

**پرسیار: دەتوانین بڵێین کولتووری ڕۆژهەڵات کولتوورێکە دەکرێت ببێتە کەرەسەی گەلێك داهێنان. بەڵام دەبینین ڕۆژهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێی وەرنەگرتووە، لە بەرانبەر ڕۆژئاواییەکاندا. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کلتوور دەقی ئافرێنەرانە بەرهەم بهێنن، یان بینینی هەر کلتوورێك لە دوورەوە باشتر قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چی؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** (ئیمانۆیل کانت) دەڵێت: «هونەر پیشاندانی شتێکی جوان نییە، بەڵکو پیشاندانی جوانیی شتێکە». جوانییەکان و کەرەستە ئافرێنەرەکان لە کلتووری ئێمەدا گەلێك زۆر و بریقەدارن، بەڵام پێش هەر شتێك دەبێت باوەڕمان بەم واقیعە هەبێت. وردبوونەوە و لێکۆڵین لە کلتووری خۆمان پێویستە، تا بەرینی و لایەنە شاراوەکانمان لێدەرکەوێت.

گەشە و نەشەی هەر کلتوورێك لە سەردەمی خۆیدا پشت قایمە بە کلتووری پێش خۆی، بە چەشنێك کە بەبێ ئەم داڵدەیە هیچ کولتوورێك ڕەسانایەتیی نابێت. مەرج بووژانەوەی سەردەمە لە داوێن ڕابردوو، لە باسی کەڵك وەرنەگرتن لە کلتووری ڕۆژهەڵات، لە لایەن ڕۆژهەڵاتییەکانەوە، گەلێك هۆکردی گرنگ هەن، لەوانەش شارەزا نەبوونی نووسەرانە لە کلتووری خۆیان، کە پێویستە ئەو گەنجینە بە نرخە بە لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانەوە، کۆبکرێتەوە. لە لایەکیشەوە چەشنی خوێندنەوەی ئەو کلتوورە گرنگە.

ئەگەر بێتوو لە ڕوانگەیەکی تازەوە لاپەرەی کلتوورەکەمان هەڵدەینەوە، گەلێك نهێنیی تازەمان لێدەردەکەون. دیارە بۆچوونی تازە و خوێندنەوەی تازەش لایەنە تازەکانمان لێ دەردەخەن؛ شێوازێکیش بۆ چەشنی ئافراندن و کەڵك وەرگرتن لە کلتوور پێویستە، بە چەشنێك ئەگەر هاتوو کلتوورت کرد بە ئامیانی ئافراندن، دەبێت شێواز و ستراتژیەکیشت بۆ ئەو کارە هەبێت. جاری وا هەیە نووسەرەکانمان ئوستوورە یان بەیت، یان داب و نەریتێك دەکەنە هەوێنی کارەکانیان، بەڵام ئەو شتە کلتوورییە بە ڕووت و قووتیی دەگێڕنەوە و هیچ لایەکی ئافرێنەرانە یان هونەرییان پێوە دیار نییە.

بە کورتی، سێ مەرجی گرنگ بۆ ڕەنگدانەوەی کلتوور لە ئاسەواری ئەدەبی سەردەمدا پێویستن:

١- شارەزابوون لە بارەی ئەو کلتوورە.

٢- ڕوانین و خوێندنەوەی تازە و سەردەمیانە.

٣- دۆزینەوەی شێوازی کەڵك وەرگرتن لەو کلتوورە.

لێرەدایە کە زانست و جیهانبینی و هونەر و ئافراندن تێکەڵ دەبن و شوێنەوارێکی خۆماڵی- جیهانیی دەخوڵقێت. هەموو نووسەرێکی جیهانیی، لە(فیۆدۆر داستایۆڤسکی)یەوە تا(گابریل گارسیا مارکیز) و(خۆرخێ لویس بۆرخێس)، بە کلتووری خۆیان گۆش کراون و بەرهەمی کلتووری خۆیانن.

کلتووری ئێمەش توانست و لواوی پەروەردەکردنی نووسەری لەم چەشنەی هەیە، ئەوە کەسەکانن دەبێت خۆیان لە داوێنی ئەم کلتوورەدا پەروەردە بکەن. هەروا کە کلتوور مرۆڤی مەزن پێکدێنێت، مرۆڤی مەزنیش کلتوور پێکدێنێت. لە نێو بەیت و حەیران و کایە و گەمە و چیرۆك و حیکایەت و مێژووی کوردیدا، گەلێك دیمەن و دیاردەی شاراوە هەن، کە بەستێنێکی پتەون بۆ ئافراندنی گەورە لە بواری ڕۆمان و شانۆدا.

**پرسیار: ئەگەر بە وردیی سەرنج لە ڕۆمانە کوردییەکان بدەین، دەبینین بەشی زۆری کارئەکتەر و پاڵەوانەکانیان ئەفسانەیی و سوپەرمانیین. پرسی ئێمە ئەمەیە: بۆچی زیندەوەران و سروشت تا ئاستێکی باش تەوزیف نەکراون لە نێو ئەم ژانرە فرە ڕەهەندەدا؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** سوپەرمان و ئەفسانە میراتی دێرینەی چیرۆك و ڕەوایەتی کوردەواری و نەتەوەکانی تریشن. دیارە گێڕانەوەی واقیع بە چەشنێك کە هەم واقیع بێت و هەم شێوازی هونەریی هەبێت، دژوارترە، بۆیە زۆربەی نووسەران دەکەونە ئەم داوەوە کە بە سوپەرمان یان ئەفسووناوی کردنی کەش و هەوای ڕۆمانەکانیان، چەشنی داستانی و هونەری بدەن بە کارەکانیان.

کەش و هەوای خەستی ئوستوورە و ئەفسانە، یان سوپەرمان لە ڕۆماندا، پێم وا نییە سیمای ئێمە پیشانبدات، یان چێژ و سۆزێکی قووڵ بە خوێنەر ببەخشێت و بتوانێت جیهانی من بگێڕێتەوە. ڕۆمانی ئەفسووناوی و فەنتازیی، ڕەنگە بە چەشنی حیکایەت سەرگەرمت بکات، بەڵام ناتوانێت هەستە ڕاستەقینەکانت بگێڕێتەوە و هەست و هەڵویستت بداتێ و ڕەوایەتێك بێت لەو جیهانەی کە تێیدا دەژییت. ئەم چەشنە ڕۆمانانە لە ئاستی حیکایەتیشدا نین، چونکە حیکایەت بە شێوازی تایبەتی خۆی گەلێك نهێنیی کۆمەڵایەتی و کلتووری و تایبەتمەندیی هونەری زارەکیی دەگرێتە خۆوە، کە ئیتر لە شێوازی ڕۆماندا ئەم نهێنی و تایبەتمەندییە دەفەوتێن. من بەش بە حاڵی خۆم چێژ لەم چەشنە ڕۆمانانە وەرناگرم، بۆیە ناویان دەنێم(ڕۆمانی سەر زارەکی).

لێرەدا راستییەك هەیە با پشت چاوی نەخەین، ئەویش ئەمەیە کە زمانی رەوایی و چەشنی گێڕانەوە زۆر گرنگن. با رۆمانێکی ئەفسانەیی و بگرە ئوستوورەییشمان هەبێت، با دار و دەوەن لەم رۆمانەدا دەور بگێڕن، بەڵام ئەگەر لەم رۆمانەدا زمان و چەشنی گێڕانەوە بە تەونی کارەکەدا بگونجێن و بابەتەکە لە نێو زمان و شێوەی رەواییدا خۆشبێ، رۆمانێکی سەرکەوتوو دەبێت. ریالیسمە جادووییەکەی مارکیز، یان لە شێوازی کاری(جیمز جۆیس)ەوە تا دەگەیتە(هێمینگوای) و(فاکنەر) و(ویرجینیا وۆلف) و(فیۆدۆر داستایۆڤسکی)، بڕوانە ئەو شێوازە جۆراوجۆرانە کە چۆن لە بواری زمان و چەشنی رەواییدا سەرکەوتوون.

لە رۆمانی کوردیدا هێماکانی(شێرزاد حەسەن) و فەنتازیای(بەختیار عەلی) و ریالیسمی(عەتا نەهایی) و ئاوری ئەوان لە کلتووری کوردەواریی، بە بەختەوەرییەوە ئەزموونگەلێکی سەرکەوتوون.

**پرسیار: دەشێ هەر رۆمانێك دەلالەت لە دەروونمان نەکات، وەکو نووسراوێکی خراپ تەماشای بکەین؟ هاوکاتیش، بۆچی رێژەی زۆری خوێنەرانمان بە دوای ئازاردا دەگەرێن لە نێو ئەو رۆمانانەی دەیانخوێننەوە، ئەگەر هاتوو رۆمانێك ئەم لایەنەی بە شێوە سەڵتەکە تەوزیف نەکرد، خراپە؟**

**محەمەد رەحیمیان:** رۆمان رەوایەتیی مرۆڤ و گێڕانەوەی جیهانە. بەم پێیە بێت، هەر رۆمانێك بەشێك لە دەروونمانی تێدایە و دەروونی ئێمەی مرۆڤ و هەروەها جیهانیش تەنیا ئازار نییە، دیارە گەلێك خۆشی و چێژیشیان تێدایە. رەنگە بارودۆخی کورد وەهای کردبێت کە ئێمە لە هەر دەقێکدا بە شوێن ئازارەکانمانەوە بگەرێین و لە گێڕانەوەی ئەو ئازارانەوە بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ چێژ وەربگرین، بەڵام دەبێت زەوقی خۆمان وەها رابێنین کە لە خۆشییەکانی جیهانیش چێژ وەربگرێت.

لە روانگەی منەوە؛ ئەرکی رۆمان نابێت لە چێژ و ئازارەکانی مرۆڤدا کورت بکرێتەوە. رۆمان رەوایەتییەکی زمانییە لە مرۆڤ، لە جیهان، لە بوون. من بەش بە حاڵی خۆم پتر لە شێوازی رەوایی و با بڵێین زمانی رەوایی رۆمان و چەشنی گێڕانەوە و لایەنە هونەرییەکانی چێژ وەردەگرم، نەك لە ئازار یان خۆشی و ناخۆشییەکانی.

**پرسیار: خوێنەرانی ئێمە ئەو توانستەیان هەیە لەگەڵ رەوتە فیکرییەکانی رۆماندا پتر یەکتریی بگرنەوە، تا ئازار و نیگەرانییەکان؟ جگە لەمەیش، ئەو هۆکارانە دەرهاوێشتەی**

**چین کە بوونەتە پاڵنەر، تا خوێنەرانی ئەدەبی کوردیی تا ئەم ئاستە لە دەوری ڕۆماندا کۆببنەوە؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** باشتر وایە خوێنەرانی ئێمە پێش هەموو شتێك لەگەڵ ڕەوتە هونەری و ڕەواییەکانی ڕۆمان یەکتریی بگرنەوە. هەر فیکر و فەلسەفەیەك، هەر ئازار و نیگەرانییەك کە هەمانە، پێش هەر شتێك دەبێت لە قەوارەیەکی هونەری و ڕەواییدا بتوێنەوە و خوێنەر لەم پەنجەرەوە بڕوانێتە ڕۆمانەوە.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەشت، دەبێت ئەوە بڵێم کە مەیل بە گێڕانەوە، مەیلێکی زاتی و سروشتییە لە مرۆڤدا، وەك(تۆدۆرۆف) دەڵێت: «چیرۆك ژیانە و نەبوونیشی مەرگ»، بوون و مانەوە ئێستە سەرەکیترین مەسەلەی کوردن. لە لایەکی ترەوە خۆ دەربڕین لەم بارودۆخەدا گەورەترین پێویستیی ئێمەیە. ڕەنگە کۆبوونەوە لە دەوری ڕۆماندا تەوافقێکی نا خودئاگای گشتیی ئێمە بێت بۆ مانەوە. ڕەنگە ڕۆمان چارەنووسی هەموو کوردێك بێت.

**پرسیار: خوێنەرانی ئێمە لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین ڕۆمانی دنیادا، بۆچی وەها هەرەمەکی پێشوازیی لەم ژانرە دەکەن؟ تۆ بڵێیت ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی(ئەدەب)مان بێت؟**

**محەمەد ڕەحیمیان:** دیارە نابێت ئێمە لە بوارە هونەرییەکانی دیکە خۆمان بخافڵێنین و زەوقێکی تاکلایەن و تاکرەهەند پەروەردە بکەین، وەك لە ڕابردوودا، نەك لە نێو کورد، بەڵکو لە نێو نەتەوەی فارسیشدا شیعر گەورەترین و کاریگەرترین ژانری ئەدەبیی بووە، بۆیە دەبینین چ قەیرانێکی ئەدەبی و زەوقیی لێکەوتووەتەوە.

ڕەنگە بە پێی سەردەم و زەوقی سەردەمەوە، ژانرێك برەوی زیاتری هەبێت لە ژانرێکی تر، بەڵام لە بیری نەکەین کە هەموو ژانرەکان و هەموو شێوە هونەرییەکان پێویستیی کۆمەڵگەی مرۆڤن و هەر شێوازێکی هونەریی بەشێك لە توانستەکانی گرتووەتە خۆ. جاری وا هەیە ئەوەی بە شیعر دەخوڵقێت، بە ڕۆمان ناکرێت، یاخود ئەوەی بە شانۆ دەردەکەوێت، بە ڕۆمان و شیعر دەرناکەوێت و ئەوەی بە پەیکەر دەردەبڕدرێت، بە هیچ یەکێك لەمانەی سەرەوە ناگوترێت.

لە بارەی ئەوەی کە ئێستە پێشوازییەکی باش لە ڕۆمان، وەك ژانرێکی ئەدەبیی دەکرێت، لە لایەکەوە گرایشتێکی هەمەلایەنەی جیهانییە، لە لایەکیشەوە ڕۆمان لە کوردەواریدا

وەك شێواز و ئەزموونێکی تازە لە قەڵەم دەدرێت و ڕەنگە باشتریش دەرەقەتی دەربڕینی جیهانی کوردەواری بێت. با بڵێین ئەم پێشوازییە زەوقێکی پەروەردەی سەردەمە.

## بیۆگرافیا:

ـ دانیشتووی(تیکابی هەوشار)ە.

ـ ماستەری هەیە لە زمان و ئەدەبی فارسیدا.

ـ وانەبێژی زمان و ئەدەبی فارسییە، لە پۆلی پێش دانشگاهی و زانکۆی پەیامی نوور و ئازادی شاری تیکاب.

ـ ڕەخنەگرە لە بواری چیرۆك و ڕۆمانی کوردی و فارسیدا.

ـ نووسەر و دەرهێنەری شانۆیە، بە زمانی کوردی.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ شاعیر(ڕەزا عەلی پوور)



**ڕەزا عەلی پوور:** جۆرێك لە ڕێژەگەریێتی لە فەزای خوێندنەوەی ڕەخنەییی ئێمەدا هەیە کە بە ڕای من ئەمە دژ بە خودی ڕەخنە و داهێنانە.

ڕەزا عــەلی پــوور یەکێکە لەو شــاعیرانەی خاوەن زمان و تایبەتمەنــدی و فۆرم و ڕوانینی خۆیەتی، ئەمانەیش لە سەروەختی خوێندنەوەی دەقە شیعریی و گوتارە فیکریی و ڕۆشــنبیرییەکانیدا، دەرکەوتوون. لە سەروەختی خوێندنەوەی شیعرەکانی ویدا، هەست دەکەین ئەزموونێکی دەوڵەمەند و فرەدیدگا بەشدارە لە ڕۆنانی بنیاتەکاندا.

شــیعر لە کن وی لە زمانەوە ســەردەکەوێت. بە فیکر و مانا و وێنە و ئێستێتیکادا تێدەپەڕێــت، لەوێشــەوە دەڕوات، دواجار لە شــیعرییەتدا نیشــتەجێ دەبێت، لە دوای هەمــوو ئەمانەیش دەگات بە ئافراندن. جوداوازبوون یەکێکە لەو هەنگاوانەی دەبێت بە کۆمەککار تا لە نوێبوونەوەیەکی بەردەوامدا بین، واتە: لە تاکئەزموونی و تاکرەهەندیی بیرکردنەوە و دەقنووســیندا چەق نەبەســتین، دەشێ هەر ئەمەیش بووبێت بە یەکێك لەو هەوڵانەی بە شــێوەیەکی پۆزەتیڤ گەلێك لێکۆڵینەوە و وتارگەل لە بارەی شیعرەکانی وییەوە بنووسرێن.

ئەگەر تەماشــای ئەزموونی ئەم شــاعیرە بکەین، ئەوە دەبینین دەقگەلێکی باشــی بڵاوکردوونەتەوە و دوورە لە هەمــوو ساکارنووسی و قەرەباڵغییانەی کە ئەمڕۆ دۆخەکانی ئەدەبــی و ڕۆشــنبیری و ڕۆژنامەڤانیی کوردییان قۆرخکردووە، هەر نووســەرێکیش بە شێوەیەکی وەها بنووسێت، هەڵبەت بیرکردنەوەیەکی قووڵیش لە پشت نووسینەکانییەوە بێت، کورتبڕی و خەڵقکردنی جوانیی جوداواز بەرهەمدەهێنێت.

لــەم هەڤپەیڤینەدا، لــە بارەی گەلێك پرســی تایبــەت بە ئەدەب و ڕۆشــنبیریی، هەڵوێســتەگەلێکی جدیدیــی کراون لە لایــەن (ڕەزا عەلی پــوور)ەوە، واتە: بە وردی لە ســەر ئەدەبی کلاسیك و هاوچەرخ وەســتاوە، هاوکاتیش لە بارەی گەلێك پرسی دیکەی وەکو فەلســەفە و تیۆرییە ئەدەبییەکان و ڕەخنە و گەلێك لایەنی دیکەش، ڕوانینەکانی خستوونەتە ڕوو، هەڵبەت هەموو ئەمانەیش لە نێو بۆتەی وەڵامەکانیدا پێکهەڵپژێنراون و لە ئەنجامیشدا دیدگەلێکی جوداواز، خۆیانمان پیشاندەدەن.

**پرســیار: ئەگەر تەماشــای شــیعر بکەین لە جیهاندا، بەردەوام بەرەو ســادەیی(نەك ساکاری) دەکشێت، بەڵام ئێوە و کۆمەڵێك کەسی دی بە فۆڕمی گران دەنووسن، هۆکاری ئەم جۆرە فۆڕمە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** پێموایە بە شــێوەیەکی گشتی بەدحاڵیبوونێك سەبارەت بە فۆرم لە لای ئێمە هەیە و لێرەدا هەوڵ دەدەم سەرەتا سەبارەت بە فۆڕم، بەو مانایەی بڕوام پێیەتی

باس بکەم، دواجار هەر لەسەر ئەساسی ئەو باوەڕە هەمەگیرەی سەبارەت بە فۆڕم هەیە، وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە.

فۆڕم لە دەق و بەرهەمی هونەریدا بوونێکی پارادۆکسیکاڵ و تاقانەی هەیە و هەر دەق و بەرهەمێکی هونەری خاوەن فۆڕمێکی تایبەتە(یان دەبێت وابێت) و ناکرێت لە دواجاردا بە تەواوەتی لەو فۆڕمە تێبگەین و بە جیا لێکی بدەینەوە. تێگەیشتن لە فۆڕم بەو شێوەیەی فۆڕمالیستەکان دەیانکرد، یاخۆ تەنانەت بنەماخوازەکان هەوڵیان دەدات لە ژێر ناوی بنەما هاوبەشەکاندا پێی بگەن لە هەمان لۆژیکی «بازارۆف» پێڕەوی دەکات کە بۆ پەیبردن و دۆزینەوەی گیانی بۆق، هەلا هەلای بکەین، لەم نموونەیەوە دەتوانم بڵێم فۆڕمی دەق، بریتییە لە گیانی دەق، واتە ئەو شتەیە کە کارکرد دەدات بە هەموو توخم و ئەندامەکان و هەر هەوڵێك بۆ جیاکردنەوەی ئەم فۆڕمە دەتوانێت گەلێك مەترسیی دیکەی بە شوێنەوە بێت. کەواتە ئەگەر ئەم ریسکە بکەم و بمەوێت پێناسەیەك لە فۆڕم ئاراستە بکەم، کە دەزانم پێناسەیەکی ناقس دەبێت، فورم دەبێتە ئەو توخمە نەبینراو و ئامادەیەی کە کارکردی تایبەتی دەدات بە هەموو توخمەکانی دیکە و ژیانیان پێدەدات، ئەم دیدگایەش سەبارەت بە فۆڕم ڕێك بە پێچەوانەی دیدی میکانیکی و هەژارانەی فۆڕمالیستەکانە سەبارەت بە فۆڕم. فۆڕم لێرەدا لە خۆگر و ڕێکخەری ناوەڕۆك(مێژوویی، فەلسەفی، ئەدەبی و...) و مانا و بابەت و شێواز و بنەمایە و هەروەها هەموو ئەمانە پێکەوە فۆڕم پێکدینن، ناکرێت بە لۆژیکی ئەرەستوویی لەم پێوەندییە دوو لایەنە تێبگەین، واتە(حدوس) و(حادس) لە لای ئەرەستوو یەکێك نین. بە هەرحاڵ، ئەمەوێت بڵێم فۆڕمی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی، هاوکات کۆی هەموو توخمەکانە و هیچکامیشیان نییە. با بێمە سەر ئەو وێنایەی لای ئێمە بە زۆری لە بارەی فۆڕمەوە هەیە، من بێئەوەی لێرەدا بمەوێت لەسەر ئەو مانایە لە فۆڕم بدوێم، تەنیا ئەوندە دەڵێم لەم پێناسەدا بە شێوەیەکی سلبی فۆڕم بریتییە لەو شتەی ناوەڕۆك نییە، واتە بریتییە لە شێوەی ڕێکخستن و چنین و... هەندێك جار هەندێ باسی بە ڕواڵەت پێشکەوتووانەش دەکرێن، وەك ئەوەی فۆڕم دابەش دەکرێت بە سەر فۆڕمی دەرەکی و ناوەکیدا، بەڵام ئەمە بە رای من پێش ئەوەی فۆڕم بێت، بریتییە لە ناوەڕۆك و لە هەندێ حاڵەتدا بنەما یان ستراکتۆرمان لە بری فۆڕم داناوە، بە هەرحاڵ، با ئەو پێناسە ناتەواو و نادیاردەیە بکەم بە بنەڕەتی باسەکە و لەوێوە وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە. دیارە ئەمە باسێکی سواوە کە بڵێم بۆ من لە کاتی نووسیندا جیاوازییەك لە نێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا نییە و ئەوی کە بە ناوی فۆڕمەوە دەردەکەوێت، ڕەنگە ناوەڕۆك بێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە ناوەڕۆك و فۆڕم و ستراکتۆر و... پێکەوە و لە بزاوتدان. بۆ من پێشوەخت

هیچ سـنوورێك جگە لـە مەرجە ناوخۆییەكانی دەق لە كاتی نووسـیندا بوونی نییە و ئەوی دەمێنێتەوە تەنیا هەوڵدانە بە ئاراسـتەی «كەشف» و «داهێنان»دا، لەم حاڵەتەدا گرنگ تەنیا ئەو فۆرمە دەرەكییە نییە كە پێشوەخت بروام پێی بووە، یان حەزم كردووە وەك قاڵبێـك كەڵكی لێوەربگرم، گرنگ ئەو یەكانگیرییەیە لە نێوان فۆرم و ناوەرۆك و دیكەی توخمەكاندا ببێت، داهێنەر ناتوانێت پێشـوەخت بڕیار بدات بە فۆرمێك، دژوار، یان سانا بنووسێت. ئەوی ئەو بڕیارەی دابێت و تا دوا ئەنجامی دەقیش پێبەندی بووبێت، لەو هەوڵەی دەقێكی زیندوو ناكەوێتەوە، چونكە پرۆسەی داهێنان هەمووی پلانێكی لە پێشـدا دیاریكراو نییە و ناكرێت بە سەر هەموو لایەكیدا زاڵ ببین. بەڵام دیارە جۆرێك لە قەسـد و نییەت هەیە و ناكرێت حاشـا لە ڕۆڵی گرنگی بكەین و ئەمەش باسـێكی جیاوازە.

سەبارەت بە فۆرم، وەك گوتم هەوڵی من ئەوەیە لە نێوان داهێنان و كەشفدا باڵانسێك دروست بكەم و بە پێی میدیۆمێك ناوی ئەدەبە و ژانرێك كە ناوی شیعرە، هەندێ ئیمكان و سنوور دێتە بەردەم و هەڵبژاردنی ئەو ئیمكانانە، هەروەها شێوەی خۆ دوورخستنەوە لە هەندێ لەو ئاسـتەنگانە و كۆمەڵێك فاكتەری دیكە(وەك دیدی شاعیر بۆ شیعر و داوای چیی لێ دەكات و هەروەها توانایی خەیاڵاندن و بەهرە و...) تارادەیەك قەدەری شیعرەكە دیاری دەكرێت.

بەم پێشـەكییەوە ئەگەر بگەڕێمەوە سـەر پرسیارەكە و بە شـێوەی كۆنكرێتی وەڵام بدەمەوە، دەڵێم؛ ڕاستە پاش سەرهەڵدانی جۆرێكی شیعری پۆست مۆدێرنی و دەربازبوون لە ئەدەبی مۆدێرنیسـتی، سـادەیی و تەنانەت(كیتچ) بەشێك بوو لە تایبەتمەندییەكانی چەشـنێكی شـیعری، بەڵام هاوكات شـیعر هەرگیز و بە تایبەت پاش (بودلێر) بە تاقە ئاراستەیەكدا نەڕۆیشـتووە، بۆ وێنە سەیرێكی خێرای خەریتەی شیعری سەدەی بیستەم بكەن، لـە لایەكەوە(ئیلیـۆت) بە(وێرانە خاك) و(چوارشـەممەی خۆڵەمێشـی)یەوە كە ئاگایی ئایینی و مێژوویی دەوری سەرەكیی لا دەبینێت خەریكی داهێنانە و لەملاشەوە سـوریالییەكان بە تەلاقدانی ئاگایی و ڕووكردن لە نەسـت و شێتی و ئیماژیستەكان بە ڕۆیشـتن بەرەو وێنە عەینییەكان و كەسانی وەك یێتس و پێسوا بە ڕووكردێكی زەینی، هەروەها فوتوریسـتەكان و ڕۆمانتیكە دواییەكان بە سـادەیی جیاواز لە كیتچ ئامادەن. بە گشـتی، مەبەسـتمە بڵێم پارادایمی سادەكردنەوەی شـیعر، جگە لەوەی مێژووەكەی بە درێژایی تەمەنی خودی شـیعرە، شـتێك نییە تایبەتی ئەم سەردەمە بێت، وەك چۆن ڕۆیشتن بەرەو(وەك ئێوە دەڵێن)(فۆرمی گران) دەتوانێت وەها بێت.

ئەگەرچی بۆ من هەوڵدانێكی هەڵبژاردنە بە ئاراسـتەی ئەوەدا نییە شـتەكان بكەم

بە ســادە و گران و پاشان یەکیان هەڵبژێرم و بە شێوەی هەوڵدەرانە لەسەر لایەنێك كار بکەم، بەڵام پێموایە هەر شـاعیرێك لە شوێنێکدا بە هەندێ خسڵەت دەگات و دیدێکی ســەبارەت بە شــیعر بۆ دروست دەبێت، واتە لە پێش نووســینی شیعرەوە هەر شاعیرێك پێناســەیەکی(هەر چەند نا روون و لێڵیش بێت) لەسەر شیعر هەیە، ئەم دید و پێناسەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئاراستە و ئیتیجاهی ئەو شاعیرە دیاری دەکات، لە نموونەیەکی سادەدا بۆ کەســێك کە شیعر بریتییە لە کەلامێکی کێش و ســەروادار، ناتوانێت یان نایەوێت شــیعری بێ کێش و سەروا بنووسێت، یان لەوێدا کە کەسێك فۆرم وەك ئەوەی باسمکرد دەبینێت ناتوانێت هەموو هەوڵی بە ئاراســتەی ناوەڕۆکدا بڕوات و... پاش هەموو ئەم باســانە، پێموایە لە ئێســتەدا شیعر بوونێکی پارادۆکســیکاڵ دەژی و هەر ئەمەش لە فۆرمــی دەقەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و هەر ئەو کاتانەی وا شــیعری ســادە دەنووســرێت، گومانتان نەبێت گرانترین و دژوارترین دەقەکانیش دەنووسرێن، ئەمە بەشێکی پێوەندیی بە ژیانی خودی شیعرەوە هەیە و بەشێکیشی پێوەندیی بە دۆخی ئێستەی جیهانەوە هەیە، کە شــیعریش بوونەوەرێکی هەســتیار و زیندووی ناو ئەم جیهانە پارادۆکسیکاڵەیە. با نموونەیــەك بهێنمەوە، ڕەنگە لە هیچ کاتێکــی جیهاندا ئەوەندە ناوەند و چالاکی بواری ئاشتی، بوونی نەبووبێت، وەك چۆن هیچ کاتێکیش لە جیهاندا هێندە چەك و تەقەمەنی بوونی نەبووە، ئایا بە ئاگایی شیعر لە دەیان پارادۆکس و دژوازیی لەمە ئاڵۆزتر، بە ڕای ئێوە شیعر دەتوانێت بچێتە دەڤەرێکی بێ پارادۆکس و سادە و بێ مەترسییەوە؟ من پێم وانییە شیعر ئەم کێشە و پارادۆکسانە ناوەکی نەکاتەوە.

**پرسیار: هەموو شاعیرە ئافرێنەرەکان، دەقەکانیان لە سەروەختی بڵاوبوونەوەیاندا زوو هەزم نەکراوە، هەســت دەکەین دوا کۆشــیعری ئێوەیش بەرەو ڕووی ئەم نەخوێندنەوەیە بووەتەوە. یەکێك لە ڕەهەندەکانــی خوێندنەوەیش لە کاتێدا دەردەکەوێت کە خوێنەران ڕوانینی خۆیان بووەشــێنن، بەڵام لە دوای چاپکردنی کۆ شــیعرەکەتان تا ئێســتە دوو نووســینم بینیوە لــە بارەیەوە. پێتوایە هــۆکار بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کــە ئێوە تیکەڵ بە پێرگــەراکان نەبووبن، یان هۆکارگەلێ دی لە پشــت ئەم قەیرانــەی نەخوێندنەوەیەدا هەن؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** ئەوی ڕاستی بێت تا ئێستە زیاتر لە دە خوێندنەوەی جیاواز لەسەر ئەو کتێبە شــیعرییە کراوە، دیارە بەشــێکی بەرچاوی لە کوردستانی ئێراندا بووە و هەر لەوێش بڵاوبوونەتەوە، ڕەنگە بە پێی ئەو دیاردەیەی ناوی قەیرانی ڕەخنە و خوێندنەوەی

لێدەنرێت، تا رادەیەك بەختەوەریش بووبم! بەڵام بە دەر لەوە حەز دەکەم لە سێ ڕەهەندەوە سەیری ئەم باسە بکەین:

**ڕەهەنــدی یەکەم:** بروانــن مـودێرن بوون(لە هەمـوو بوارێکــدا) وەك بودلێر و دواجار تا ئێســتەش کەســانی دیکە باســی لێدەکەن، هەمیشــە ڕەهەندێکی هەیە کە ریسکە و بەدواهاتەکانــی نادیارە، ئەمەش بە تایبەت لە شــوێنێکدا کــە عەقڵی باو ناتوانێت شــتی جیاواز و تــازە خێرا وەربگرێت، دیــارە بەرەنگاریی دەکات، ئــەم بەرەنگارییەش میکانیزمگەلێکــی جیــاوازی هەیە، ڕەنگــە یەکێکیان بریتی بێت لــە بێدەنگبوون و یەکێکیشــیان هێرشکردنە سەری و یەکێکیشیان بریتی بێت لەوەی بە ناوی نا ڕەسەن و یان نا- نوێ و... دەستنیشــان بکرێت، دیــارە ئەم میکانیزمەی دواییان لە دوو لایەنی لــە ڕواڵەتدا دژ بەیەك و لە ئەنجامدا لە یەك لۆژیکی هاوبەشــەوە ســەرچاوە دەگرێت، هەردووکیــان دەیانەوێت تەجرەبەکردن لە شــوێنێکدا کە خۆیان تێیدا گیرســاونەتەوە، ڕاوەستێنن، هەڵبەت گرفتەکانی ڕەخنەی ئێمە تەنیا لەوێدا ناوەستێت و لە وتارێکدا کە چەند ســاڵ لەوەپێش لە گۆڤاری(دەق)دا بڵاومکردووەتەوە بە وردی لەسەر هەندێ لایەنی ئەم خەســارە دواوم و دیارە کەسانی دیکەش باسی باشیان لە کێشەی ڕەخنە، یان گرفت و خەســارەکانی لای ئێمە کردووە، بۆیە نامەوێت ئەمانە پاتە بکەمەوە، بەڵام گرنگترین فاکتــەران لەم بوارەدا(لــە ڕوانگەی منەوە) چەند خاڵێکــن، یەکێکیان نەبوونی بوێری و ئەخلاقــی ڕەخنەگرانە و بەرپرســایەتیی ڕەخنەگر لە هەمبــەر هەڵبژاردن و جوانی و تازەبیدا، یەکێکی دیکەش نەمانی کایەی ئەدەب و ڕەخنەی جدیە لە ناوەندی نووسینی کوردیدا و جێگیربوونی نووســینی ئینشــایی ڕۆژنامەیی و... لە بری ڕەخنە. خاڵێکی دیکە نوێ نەبوونەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە بە پێی نوێکارییەکانی دەق، بروانن ئێســتەش هەر بەو پێوەرانەی شــیعری بۆ وێنە شــاملوو دەخوێنرایەوە باس لە دەقی کەسانی وەك منیش دەکرێت، دیارە گومانێك لەوەدا نییە ئەم دوو شــیعرە جیاوازن و بۆ تێگەیشــتن و درك کردنیان پێویســتمان بە ترازان لەو پێوەرانە هەیە. لێرەدا تەنیا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ڕەخنە بە پێی دەق و تەنانەت پێش ئەویش دەبێت بگۆردرێت و ئەمەش کــەمبووە، نموونەیەکی دیکــە: ئــایا دەکرێت ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە)و (پیاوێکی شــەپقە ڕەشــی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین)، بە پێوەری(گەلەگورگ) بخوێنرێنەوە؟

**ڕەهەندی دووەم:** بروانن بەشــێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبیی کوردستان، خۆشیان شاعیر و نووســەرن و لە لێکدانەوەیەکی هەڵەدا وا دەزانن باســکردن لە شیعر و بەرهەمێکی

نویێ و جیاواز بە مانای سڕینەوەی کاری خۆیانە، لێرەوە یان لێی بێدەنگ دەبن، یاخۆ دێن و بە شێوەی ئاماژەی نا دیاردە لێی ئەدوێن و نوێکارییەکانی بە ناوی ئەوەی کە شتێکی ئەوتۆ نییە، یان ئێمە پێشتر کاری وامان نووسیوە و... ناوزەد دەکەن، هەموو ئەمانەش لەدەرنجامدا وای لێدێت کە دەقی سەرکەوتوو لە پەراوێزدا بێت، بەڵام ئەکرێت بۆ دڵخۆشی دانەوەی خۆشمان بێت بڕوامان بەم وتەیەی نیما یووشیج هەبێت کە دەڵێت: بێژنگ بەدەست لە دواوە دێت» و زەمەن لە ڕەخنەگرانی ئێمە هۆشیارترە.

**ڕەهەندی سێیەم:** بڕوانن ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەدەب و کایەی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لە چاو باشوور مێژوویەکی جیاوازی هەیە و لە کوردستانی باشووردا نووسەر و داهێنەر ئیمکاناتێکی زیاتری لەبەر دەستدایە، بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا وا نەبووە و ئەگەر ئەم ٢٠ ساڵەی دوایی بکەین بە پێوەر دەبینین بە چاوێکی لاوەکی و هەندێجار بەزەییەکی ناسیۆنالیستییەوە سەیری ئەدەب لە کوردستانی ئێراندا کراوە، ئەگەر ئەمە لە گوتە و گوتاریشدا نەوترابێت لە ناخودئاگای هەندێ نووسین و کارکردنی گۆڤارەکاندا بینراوە کە وەك ئەدەبێکی پەراوێزی، بەمجۆرە سەیری ئەدەبی کوردستانی ئێران کراوە کە هەموو ڕووداوە جدییەکانی ئەدەب لە باشووردا ڕوو ئەدەن، ڕەنگە لە داهاتوودا دەقی باش لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیش بکەوێتەوە و هەندێك نووسەر و گۆڤاری جددی لەم هەڵەیە بەدەرن و ناکرێت ئەمە بە گوتارێکی هەمەگیر بزانین، بۆ خۆم ئەوکاتەی لە حەوتەنامەی (ڕۆژهەڵات)دا ئیشم دەکرد، دیدی تەندروست و سالمی ئەو نووسەرانەی باشوور و دەرەوەی وڵات کە لەگەڵماندا هاوکارییان دەکرد، بینی. دیارە حاشا لە توانایی و دەسەڵاتی نووسینی هەندێ لە نووسەرانی کوردستانی عێراق ناکرێت و باسێکیش لەوەدا نییە هەندێ نووسەر و شاعیری ڕۆژهەڵاتیش زۆر نا پرۆفیشناڵانە ئیش دەکەن، بەڵام هاوکات هەندێ ڕووداوی گرنگی ئەدەبی لە کوردستانی ئێراندا ڕوویاندا کە بەو شێوەی پێویستی دەکرد، ئاوڕی لێنەدرایەوە. وەك چۆن ئاوڕ لە بەشێکی دەق و داهێنانی جددیی خودی کوردستانی باشووریش نادرێتەوە، چ بگات بە دەقی ڕۆژهەڵات. ڕەنگە ئەم ئاوڕ لێنەدانەوەیە تارادەیەك شیعری منیش بگرێتەوە. هەڵبەت بەشبەحاڵی خۆم کۆمەڵێك شاعیر و نووسەری جددیی باشوور ئاوڕیان لە بەرهەمەکانم داوەتەوە و لەسەریان نووسیوە، بە هەر حاڵ ئەم باسە کە جەخت لەسەر شەقکردن بکەین زۆر بە لای منەوە گرنگ و جددی نییە و هەستدەکەم زیاتر لە پەراوێزەکانی ئەدەبە و گرفتێکی دیکەش زیاد دەکات هەرچەند وەك واقیعیش بوونی هەیە، بەڵام پێموایە ئەگەر بۆ خوێندنەوە و ئاوڕلێدانەوە(نەك سڕینەوەی جیاوازییەکانیان لە بەرهەمهێناندا) لێك

نزیك بكرێنەوە باشتر بێت، ئەمەش ئەكرێت زیاتر بیری لێبكەینەوە.

**پرسیار: لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا شاعیران گرووپیان دروستكردووە، بۆ نموونە كەسانێك پێیان دەگوترێت(شاعیرانی بەرەی چوار) هێندەی بزانم ئێوە یەكێكن لە پێشڕەوانی ئەم تەرزە شیعرە، هەروەها شاعیرانی(شیعری شیت)یش هەن، ڕەنگە هی دیكەش هەبن و ئێمە شارەزاییمان لە بارەیانەوە نەبێت، یان ناوی بنووسەكانمان نەبیستبێت. ئایا ئێوە چ ڕایەكتان هەیە بۆ ئەم گرووپبەندییانە؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** بڕوانن، گرووپ بەو مانا پێشوەختەی لە زەینی ئێمەدا هەیە، لە كوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بوونی نییە، ئەگەریش بووبێت من لێی ئاگادار نیم و ئەو ناوانەش لە لایەن خودی شاعیران و ڕەخنەگرانەوە لە هەندێ ئاراستەی شیعری نراوە، ئەو ناولێنانەش زۆرجار لۆژیكێكی موحكەمی لە پشتەوە نییە، ڕەنگە بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دەرخستنی هەندێ لایەنی شیعری، بەڵام هاوكاتیش لەگەڵ مەترسیی دابەزاندن و كورتكردنەوەدا بەرەوروو دەبێت، من خۆم ماوەیەك هەوڵی تیۆریزە و ناونانی ئەو چەشنە شیعر نووسینە تایبەتەی خۆمم بوو، بەڵام دواجار بینیم تاوشت و تەحەمولی فەزای ئەدەبیی ڕۆژهەلات لەوە كەمترە شتەكان لە دەڤەری گشتیدا و بێ پەردەپۆشی یەكلا بكرێنەوە و نووسەر و شاعیر تەوزیحی بەرهەمی خۆی بدات، لە لایەكی دیكەشەوە خودی ئەو بە گرووپكردن و لە خانەیەكدا و لە ژێر ناوێكدا كۆكردنەوەیە دەبێت بە هۆی ئەوەی هەموو ڕەهەندە ژیاندەر و جیاوازەكان لە چەند خاڵی هاوبەشدا كۆ و كورت بكرێنەوە و ئەو خانەیەش هێندە هەراو ببێتەوە، كە زۆركەسی تێ بئاخنرێت، ئەمەش لە ئەنجامدا لە زیانی دەقی جددی و پێشڕەوە. من بۆ خۆم یەكێك بووم لەو كەسانەی هەڵەیەكی وەهام كرد و دواتر كە پەیم بە خەسارەكانی برد، دەستم لێی كێشایەوە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم؛ ڕاستە هەندێ فاكتەری هاوبەش لە نێوان(بۆ وێنە) شیعری من و كەسانی دیكەدا هەیە، بەڵام بە ڕای من، ئەبێت كێشەكە بۆ ناوخۆی ئەو دەقانەش ببرێت و لەوێدا بە دوای خاڵە دژ و جیاوازەكاندا بگەڕێین، نەك خاڵە هاوبەشەكاندا، من ئەم تێگەیشتنەم لە خوێندنەوەی (ژیژەك) بۆ دیالێكتیكی هێگێل بەدەست هێنا كە لە دیالێكتیكدا بە ڕای(ژیژەك) ئەمە جیاوازی و خاڵە دژ و دژوازەكانن گرنگن. بە زمانێكی سادە واتە سەنتێز بریتی نییە لە كۆی خاڵە هاوبەشەكانی تێز و ئانتی تێز، بەڵكو بریتییە لە بەشە دژ و دژوازەكانی هەردوولا، ئەو گرووپبەندی و ناونانە بە نیسبەتی شاعیرانی پێش خۆی و كەسانی دەرەوەی جەغزەكەوە بە دوای دژایەتی و جیاوازییەكاندا دەگەڕێت، بەڵام

پاش ئەوە کە کەسانێکی کۆکردەوە، جەخت لەسەر خاڵە هاوبەشەکان دەکات. ئەمەش بە ڕای من حەزێکی شێوازناسانەی لێکۆڵینەوەی کلاسیکییە لە ڕواڵەتیکی ئەمڕۆییدا، پێموایە ئەبێت ئەو لۆژیکی دژایەتی و جیاوازی بینینە بەرەو ناوەوەی خودی ئەو گرووپ و دەستانەش ببردرێت، هەڵبەت ئەمە تەنیا هەڵەیەك نییە ئێمە کردبمان، زۆرجار سوریالییەکان بەیەك چاو دەبینرێن، لە هەموویاندا ئەو هێڵە هاوبەشانە دەدۆزرێنەوە کە لە مانیفێستەکەیاندا هەیە، بەڵام بۆ من جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڕێنە ماگریت و سالڤادۆر دالیدا هەیە و مەودای نێوانیان بە قەد مەودای نێوان جەکسۆن پوولاك و کاندینسکییە. بە گشتی، من لەگەڵ گرووپبەندی و ناونانـدا دژایەتیم نییە، بەو مەرجەی دژوازی و جیاوازییەکانی ناو ئەو گرووپەش دیاری بکرێت و تەنیا لە ئاستی ناودا نەوەستین. چونکوو پاش نیچە ئەمە فێربووین ناونان بەشێکە لە حەزی مرۆڤ بۆ دەستەمۆکردن و دابەزاندن. تێگەیشتن لە شیعری ڕۆژهەڵاتیش تەنیا بە ڕێگەی ئەو ناولێنان و ناسینی گرووپانەدا ناڕوات.

**پرسیار: باشە کە ئێمە لە ڕێگەی گرووپەکانەوە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) نەناسین، وەك ئێوە لە وەڵامەکەی پرسیاری سەرەوەماندا ئاماژەتان بۆی کردووە، ئەدی چۆن بیناسین؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** وەك گوتم؛ ناکرێت ئێمە لە ڕێگەی ناوەوە لە حەقیقەتی ئەو شیعر و دەقانە تێبگەین، چونکە ڕەنگە ناو لێرەدا بەشێك بێت لە حەزی ناونەران، نەك حەقیقەتی گرووپ و ڕەوتەکە، وەك چۆن دەکرێت هیچ پێوەندییەك لە نێوان ناوێك و ناو لێنراوەکەیدا نەبێت، بەڵام پاش جێهێشتنی ئەم کێشەیەش پێموایە شیعر و ئەدەبی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هیچ شوێنێکی دیکەش، قەت بریتی نییە لە کۆی هەموو گرووپەکان، چونکە هەمیشە ڕەوت و کەس و لایەنانێك هەن کە لە ناو ئەو گرووپانەدا نین و بە حسێب نایەن، دەکرێت گرنگیش بن، ئەمەش دەرەنجامی لۆژیکی گشتگیرانە و یەکدەستکردن و کۆکردنەوەی هەموو دژایەتی و جوداوازییەك و ئیستسنایەکە لە ژێر چەترێکدا، دیارە لێرەدا ناسینێك ئەگەر هەبێت ناقسە و ئایدیۆلۆژیك، لە بنەڕەتیشدا ناسین و خوێندنەوەی ئەدەبی شوێنکاتیێکی تایبەت، تەنیا خوێندنەوەی گشتبینانەی مانیفێستی گرووپەکانی نییە، ناسینی دەقەکان و بەرهەمی کەسەکانە بە جودا، لە دواجاریشدا دەکرێت دۆزینەوەی هەندێك ڕەهەندی هاوبەشیش هەبێت. من پێموایە بە دەر لەم باسانە ئێستە لە کوردستاندا بۆ ناسین و تێگەیشتنی شیعری - بۆ وێنە من

- ناســین و موتالای هیچکام لەو گرووپانە و تەنانەت شــاعیرەکانیش یارمەتیدەر نییە، هەرچەند هەندێ لەو شــاعیرانە حەزدەکەن بێنە ئەو ریزەوە و پاشــان بڵێن ئێمەش پێشتر هەندێ کارمان کردووە، لە کاتێکدا پاش ئەو دەقانەی من، هەندێ کاریان کرد و بەشێکی بەرچاویشــیان ناسەرکەوتوو بوون و تەنیا لە رواڵەتدا لە شیعری من دەچن، کەواتە کۆی ئەو باســانە هیچ پێوەندییەکی بە ناسینی شــیعری منەوە نییە و زۆر سادقانە خۆشم بە نابەختەوەر دەزانم کە جگە لە رەندیی «مامۆستا هێمن» هیچم لە دەسکەوتی شاعیرانی زیندوو و مردووی رۆژهەڵات وەرنەگرتووە، هەرچەند گومانم نییە لە کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتــدا کۆمەڵــێ کاری باشــکراوە و دەکرێت، بەڵام مــن وام زانیوە بە کەڵکی بەرهەمی شیعریی من(باش، یان خراپ)نایەن، ئەیەر شتێکیشم وەرگرتبێت وەها گۆڕاوە و کارکــردی دیکــەی پێدراوە کە رەنگە بە وەرگرتن دانەنرێت؛ وەك جیناســی شــیعری کلاســیك کە لە شیعری منیشدا هەیە و بە پێچەوانەی شیعری کلاسیك ئیدی کارکردی رازاندنەوەیی نییە، یان ســاختاری شــیعری درێژی شاعیرانی کوردستانی عێراق کە لای من بە لێکدران لەگەڵ تەجرەبەی شیعری فارسی و سترەکتۆری هەندێ دەقی وەك گەمیی ســەرخۆش، بەردی هەتاو، ئاناباز، لوورە و وێرانەخاك و... سترەکتۆرێکی تەواو جیاوازی لێدەکەوێتەوە. دەرکەوتەشــی لە کتێبــی(قاڵبیەك دەناســم...) و شیعری درێژی(بمگرن ئەگینا حەوت و حەوت دەکاتە ٧٧) و... دا دەبینرێت. کەواتە ئەگەر بریار بێت شــیعری مــن بناســرێت، دەبێت بگەرێنــەوە بۆ دەقــەکان، رەنگە ئەوکات چەنــد رەهەندێکی هاوبەشــیش لەگەڵ شــیعری کەســانی دیکەدا(بە حوکمی جوگرافیا و تەجرەبەی ژیاو و سەرچاوەی هاوبەشــی خوێندنەوە وەك پێوەندیی دووری نێوان دەقی) بدۆزرێتەوە، کە بە رای من ئەمە هێندە گرنگ نییە چونکە ئەگەر بشبێت بە نیسبەتی منەوە نزیکایەتی لە توخمە ســەرەکییەکاندا نییە و ئەوەش زیاتر بە کەڵکی لێکۆڵەوەرەکان دێت، بە کەڵکی ئەوانە دێت وا حەز دەکەن رەهەندێکی هاوبەشــیان(هەرچی بێت) لەگەڵ شیعری جددی و پێشرەودا هەبێت. هەڵبەت من پێموایە ناسینی شیعری رۆژهەڵات زۆر دژوار نییە، زیاتر لە(٩٥)لە ســەدی ئەو دەقانەی بە ناوی شیعرەوە رۆژانە لە وێبلاگە سەیر و سەمەرەکاندا، لە کۆڕ و شــەوە شــیعرییەکاندا دەردەکەون بە پێوەرێکــی رەخنەگرانەی ناوەنجیش، لە خانەی ئەدەبی جددی و تازەگەرانە دەردەچن، کەواتە کەمتر لە(٥)لە سەدی دەمێنێتەوە کە ئەمە گرنگە و حەق نییە بە سانایی فەرامۆش بکرێت، من پێموایە لەو بەشەدا رووداوی شیعری خولقاوە و دەخولقێت.

**پرسیار: ئەو هۆکارانە کامانەن کە پەلکێشیان کردی بۆ نێو فەزاکانی نووسین و خوێندنەوە، لە کاتێکدا لە نێو کۆمەڵگەیەکی دوور لە کلتووری کوردیدا ژیاوی؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** ڕەنگە وەك تەجرەبەی زۆر کەسی دیکە و وەك فرۆید باسی کردووە، یەکەم هەوڵەکان بۆ منیش پاڵنەری دەروونی بووبیتن، بەڵام دواجار مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوە و بیرکردنەوەوە بە جۆرێك لە خودئاگایی دەگات بۆ درێژەدان بە کایەی نووسین و داهێنان. مرۆڤ بەردەوام هەست بە(بۆشایی- dehiscence)ەك لە لای خۆی دەکات و وەك لاکان دەڵێت هەوڵدەدا بەسەر ئەو بۆشاییەدا زاڵ ببێت و پڕی بکاتەوە، ئەم بۆشاییبیە دەکرێت لە پێوەندیی نێوان مرۆڤ لەگەڵ سروشت، ئەویدی و جیهاندا درك بکرێت، دواجار مەیلی وێنەسازی لە خود، مرۆڤ پەلکێش دەکات تا بە شێوەی جیاواز ئەو درز و بۆشاییە پڕ بکاتەوە، لای لاکان خاڵی بەرانبەری بۆشایی ناوبراو، پشکووتنە و ئەمەش واتە جیایی لە نێوان کلتوور و سروشتدا، کەواتە وەها مەیلێك دەتوانێت دەرئەنجامی کلتووریی جیاوازی لێ بکەوێتەوە، چونکە مەیل لە خۆیدا ئازاد نییە و وەك لاکان دەڵێت(مەیل"desir"، مەیلی ئەویدییە)، ئەم ئەویدییەش دەکرێت یاسا و پاژانێکی دۆخی نمادین و(بەگشتی) کۆمەڵگە بێ، کەسەکان بە شێوەی جیاواز و لە چوارچێوەی مەیلی زۆرجار «ئەویدیی گەورە»دا هەوڵ بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزە دەدەن، لێرەدا دەرگایەك دەکرێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیاکان تا ڕۆڵی پڕکردنەوە بگێڕن، بەڵام هاوکات مەیلی نووسین و داهێنانیش جێگەی خۆی هەیە. بەم پێیە ڕەنگە هەڵبژاردنێکی ئازادانە لە نێواندا نەبووبێت و ئەو پەلکێشبوونەی ئێوە باسی دەکەن لە مەیلی ئەویدییەوە و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بووبێت، دیارە لە دواجاردا مرۆڤ ئەو بۆشاییە دەیهاوێژێ دەکات و فرێی ئەداتە دنیای دەرەوە و وەها هەست دەکات ئەم جیهانە یان ئەو کۆمەڵگایە شتێکی کەمە و بۆشاییەکی تێدایە و ئەم دەتوانێت پڕی بکاتەوە و لێرەوە سیاسەت و داهێنان و کارگێڕانی خۆیان وەردەگرن، یان باشتر بڵێم هەڵدەبژێرن. بە نیسبەتی منیشەوە هەروا بووە؛ هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زاتییە و دواجار هەستکردن بە بوونی بۆشاییەك لە جیهانی داهێناندا و ئەم وەهمە کە ڕەنگە بتوانم پڕی بکەمەوە، بەرەو کردەی نووسین ڕایکێشاوم.

**پرسیار: ئەگەر تەماشای وڵاتە ئەوروپییەکان بکەین دەبینین لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی ژیاندا، وەکو لایەنی بیرکردنەوەش گەشە دەکەن، بەڵام بە نیسبەت کوردستان**

**ئـەم پرۆسـەیە وەها نییە. ئێمـە بیرکردنەوەکانمان لاوازن، یاخود قـووڵ ڕۆناچینە نێو ڕەهەندەکانی کیشە گەورە ئینسانییەکانەوە؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** ئەوی ڕاستی بێت من لە ڕۆژئاوا نەژیاوم و تەجرەبەی ژیانکردم لەوێدا نەبـووە، بۆیە ڕەنگە نەکرێت ئەو هاوتەرییبییەی ئێوە ئاماژەتان پێدا، درکی بکەم، ئەوی زیاتر لە دنیای ڕۆژئاوادا بە کەسـێکی وەك من گەیشتووە، ئەدەب و فیکری ڕۆژئاواییە لـە گوزەری کتێب و نووسـینەکانەوە، ئەوەش لە ڕەوتی ژیانـی ڕۆژئاوادا بینیومە ئەو وێنە ئایدیۆلۆژیك و ناقسـەیە کە لە ڕێی میدیاکان و تیڤییەوە پێم گەیشـتووە، لەگەڵ هەندێ وێنە لە ڕێگەی سـینەماوە. واتـە تەجرەبەیەکی خوێندنەوەییم بووە و نازانم ئەم تەجرەبە چەندە شیاویی ئەوەم پێدەدات لەسەر ئەو پرسە بدوێم. بەڵام گومانم لەوەدا نییە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بە پێی ئەو ناسینە ناقسەی لێم هەیە، لایەنێکی لەسەر ئەساسی فیکر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا دامەزراوە و لە پشت سیستمی دەسەڵاتداری و عەقڵی باو و شعوری خەڵکەوە، بیرمەندانی ڕۆژئاوایی ئامادەییان هەیە و ئەو کاتەی کلێسایەك دەبێنم، لووتێر و کالوین ئامادەن و ئەو کاتانەی دەسـکەوتێکی تەکنەلۆژیك دەبینین، ناتوانین دیکارت و بیکێـن فەرامۆش بکەیـن. بەجۆرێك لە جۆرەکان منیش ئەوەم قەبووڵە، سیاسـەت و کۆمەڵگـەی ڕۆژئاوایی تەرجەمەی بیری بیرمەندانییەتی. مودێرنیتە لە سـەرەتای لە دایکبوونییەوە و بە تایبەت لە سـەردەمی ڕۆشـنگەریدا مەیلێکی جگە لە بەختەوەری هێنان و کاریگەریێتی دانان لە سەر ڕەوتی ژیان و جیهانی کەسەکان نەبووە. بە نیسبەتی لای ئێمـەوە چەندین جیاوازیـی گەورە هەیە کە من تەنیا بە چەنـد خاڵ ئاماژە دەکەم؛ سـەودای کاریگەریێتی دانان لەسەر جیهان و ژیان، بەرهەمی ئاڵوگۆڕێکی مێژووییە لە ڕۆژئاوادا و لەدایکبوونی سوبژە لای دیکارت بە بێ گۆڕان لە جیهان و ئوبژەدا مانایەکی نییە، ئەگەرچی مارکس فەیلەسووفانی پێش خۆی بەوە تاوانبار دەکرد کە تەنیا جیهانیان تەفسیرکردووە و دەبێت لەمە بە دوا بیگۆڕن، بەڵام دەزانین هەر خودی ئەو تەفسیرکردنە، بـە تایبەت لە دیـکارت بەو لاوە بنەڕەتێك بۆ ئاڵوگۆڕ سـاز دەکات. بـەڵام لای ئێمە نەبوونی وەها مێژوویەك و نەبوونی تەفسـیر و بە دوای ئەوەشدا گۆڕان، وەها دەکات ئەو جیاوازییەی ئێوە باسـی دەکـەن، ببینرێت. خاڵێکی گرنگی دیکـە ئەمەیە کە ئێمە تا ئێستەشی پێوە بێت بە سوننەت و عەقڵی باو و جێکەوتە(تا ڕادەیەکیش لە قاڵبـی حزب و عورفـدا) دەجووڵێینەوە و کەمتر گوێ لە عەقڵی نووسـەران و بیرمەندانمان دەگرین، واتە سوبژەی ڕۆشـنبیری دەرەوەی حزب گوێی لێ نەگیراوە، من نموونەیەکی وام نەدیوە لە کوردسـتاندا ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پاڵ نوخبەی حزبی و سیاسـی و ئایینیدا، گوێ لەم

سوبژەیەش گیرابێت و کرابێت بە سەرچاوە، با بەرهەمی خۆی لاوازیش بێت لانی کەم خۆ چەمك و بیری بیرمەندانێکی وەرگێڕاوە کە بۆ گوێ لێگرتن دەبن. سەیر لەوەدایە لە باتیی خەڵك، دەسەلات زیاتر گوێی لێگرتووە(با بە قسەشی نەکردبێت) و ویستوویەتی بە لای خۆیدا رایبکێشێت. بە هەر حاڵ ئەوەی راستی بێت ئێمە سوننەتێکی ئەوتۆی فیکریمان نەبووە و بە شێوەیەکی گشتی دنیامان لە تەرجەمەی جیهانبینیی ئایینییەوە دیوە و لەو قەرائەتەشدا کە بەر ئێمە کەوتووە گۆڕان و شك و گومان لە ئەستۆی «عەبد»دا نەبووە، ئەگەرچی سەروەری و هەیمەنەی ئەم خوێندنەوەیە، تا رادەیەك کەم بووەتەوە، بەڵام بە هەمان لۆژیك درێژەی بە خۆی دەدات و بەداخەوە پرۆژەی گرنگی نوێکردنەوە(نەك ئێحیا و زیندووکردنەوە، یان حزب دامەزراندن) لەم بوارەدا لە ناو کورددا نابینرێت بەو شێوەی لای فارسەکان رۆشنبیریی دینی کردوویەتی، پاش ئەمەش بەسەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیاکان و سازبوونی حزبگەلێك بە مودێلی پڕ گرفتی لێنینی لە کوردستاندا، ئەو لۆژیکە سوننەتییە بە هەمان کارکردەوە دووپات بووەوە و حزب پیرۆزکرا و «ئەندام»یش لێرەدا «ئەرك»ی گوێگرتن و پیڕەویی رەهای پێدرا،(جگە لەو پاساوە دیارانەی خۆیان دەڵێن لەخۆڕا نییە و نزیکایەتیی قووڵتر هەیە کە ئەو لایەن و حزبە سیاسییانە کە دەبێت لە بنەڕەتدا دژ بە یەك بن خێرا و بە سانایی ئیئتلاف ویەکگرتنی – هەندێ جاریش ستراتیژی– دەکەن و لێکتریش دادەبڕن و جیا دەبنەوە کە لە هەردوو حاڵەتدا زیاتر لەبەر گرفتی خودی مودێلەکەیە لەم سەردەمەدا و ناوی جیاوازی لێدەنرێت) هەروەها لە بواری حزبایەتیشدا تازەگەریی سترەکتۆری و بنەڕەتی و مودێلی نوێ لە ئاستی نەبووندایە. ئەو سوبژانە بەو هەمووە پارادۆکسەوە دیسان گوێگری خۆیشیان هەیە بەڵام سوبژەی نووسەر و رۆشنبیر نا. دیارە لە رۆژئاواشدا هەموو کەسەکان «کانت»یان نەخوێندووەتەوە و(توکوییل) ناناسن، بەڵام بە رێگە و شێوەی جۆراوجۆر(لە رێگەی یاسا نووسین و پەرلەمانتاریزم و...) لەسەر ژیانی هەموویان کاریگەرێتییان داناوە، هەروەها لە رۆژئاوادا لە نێوان ئەندیشەی کەسێکی وەك ژیژەك و خەڵکدا هێندە حەڵقەی نێوەنجیی دیکە وەك شیکەرەوەکانی، گۆڤار و تیڤی و... هەیە کە ئەو ئەندیشەیە دەچێتە ناو خەڵکەوە، لێرەدا نموونەیەکم بیر دەکەوێتەوە، حەز دەکەم بیڵێم؛ هەموومان دەزانین فیکری ژاك دریدا فیکرێکی نا یەکگرتوو و ئاڵۆزە، بردنی بۆ ناو ژیانی خەڵکیش شتێکی دژوارتر، بەڵام لە نیۆیۆرك میعماریکی ناسراو بە ناوی بێرنارد شۆمی، لەسەر ئەساسی ئەو ئەندیشیە پارکێکی گشتیی بۆ خەڵك تەراحی و دروستکردووە، بۆ وێنە ئەم ئایدیایەی دریدا کە دەڵێت دالەکان بە دوای یەکدا دێن و گەیشتن بە مەدلوولی کۆتایی بوونی نییە، لای شۆمی بووە بە سازکردنی هەندێ پلیکانی بێ مەبەست لە پارکەکەدا،

که به هیچ شـــوێنێکت ناگەیەنێت و ئەوەی هەیە لــە پلێکانەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەڕۆیت. بە هەرحاڵ، لای ئێمە ئەگەر بیرمەندانێکمان ببێت کە ئەندیشـــە و فیکرێکیان ببێت، لەبەر نەبوونی هەندێ حەڵقەی پێویســـت و لەبەرئـــەوەی خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان خۆیان بێ نیاز دەبینن لە فیکر، ئەو هاوتەریبییەی ئێوە مەبەستتانە سازنەبووە. هەڵبەت نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەبێت لە ســـەر پرۆژەی نووسەران و بیرمەندانی کورد و ئەو پرس و بابەتانەی دەیوروژێنن ڕابمێنین کە ئایا پرســـی پێویســـت و گرنگن یان پووچەڵ، هەرچەند ویدەچێت پاش ئەو ڕامانە، بەرهەمی(وەرگیراو و وەرگێڕدراو، یان داهێنراوی) بەشـــێکیان سەرچاوەیەکی پێویســـتتر و جێ متمانەتر بێت لەو سەرچاوانەی دیکەمان وا ئێستە زاڵن. ئەمە لە کاتێکدا وەك ژیژەك دەڵێت لەم سەردەمەدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا بە بێ وڵامدانەوە بە هەندێ پرســـی فەلسەفی ناتوانیت ڕێگەی خۆت بدۆزیتەوە و لێرەوە هەر کاممان دەبێت شـــتێکی هاوشـــێوەی فەیلەسووف بین، چونکە ئەمرۆ زیاتر لە هەموو ســـەردەمێك باســـە ڕۆشـــنبیری و فیکرییەکان دەتوانن لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەربکەون، باسانی وەك ئازادی، عەدالەت، دەسەڵات، هەڵبژاردن، شوناس، ئیرادە، بازاڕ، سەرمایە...

**پرســـیار: لە دنیای(ڕۆشنبیری)انی ئێستەی کوردســـتاندا کۆمەڵێك گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بەکارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێك و کەسێك وەکو(ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسینن؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** تا ڕادەیەك باسم لە گرووپ و گرفتەکانی کرد، بەڵام ئەوەی کە ئایا بوونی پرۆژەیەك بۆ باســـکردن و ڕەخنە و شـــیکردنەوە لە لایەن چەند کەسێکەوە دەبێت بـــە هۆی ئەوەی دەرکەوتەیەکی ڕووناکبیریی باشـــمان ببێت؟ تەجرەبە نیشـــانیداوە ئەمە بابەتێکی نێگەتیڤ نییە، بەڵام دیســـان دووپاتی دەکەمەوە نابێت جەختی زۆر لە ســـەر هاوشـــێوەیی بکرێت و هەموومان لە قاڵبێکدا بیر بکەینەوە، ئەگەر وابێت ئەکرێت ئەم حوکمەمان بەســـەردا بسەپێت «ئەگەر هەموومان وەك یەك بیر بکەینەوە، دیارە هیچمان بیر ناکەینەوە». ئێســـتە لە ئەورووپادا چەند فەیلەســـووفێکی چەپی(وەك سلاڤۆی ژیژەك و ئالێـــن بەدیۆ و جورجۆ ئاگامبێن) ئامادەن، کە کەڵکەڵەی هاوبەشـــیان هەیە و لە ژێر ناوی سیاســـەتی ڕادیکاڵ و سیاســـەتی حەقیقی و... دا پرۆژەیـــەك وەك ڕەخنەگرتن لە دیموکراســـی و مافی مرۆڤ و... لە کەڵکەڵە هاوبەشەکانیانە، بەڵام سەرەڕای کەڵکەڵە هاوبەشـــەکانییان، جیاوازیـــی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەگەرچـــی بەرهەمی کەمیان لێ

وەرگێڕدراوە، بەڵام تا ئەو شوێنەی ئاگادار بم، جددیترین ڕەخنەکان لە یەکتریی، هەر خۆیان گرتوویانە. بۆ نموونە سەیری ڕەخنەی ژاك ڕانسییێر بکەن لە ئاگامبێن، یان ڕەخنەی ژیژەك لە بەدیۆ و... تا ئەو شوێنەی من ئاگاداربووبم هەندێ لەو گرووپانە کاریگەرێتییان هەبووە، بۆ نموونە لێرەدا ئاماژە بە دوو گرووپی(ڕەهەند) بە تایبەتی و هەروەها(وێران) و(جوایەز) دەدەم، ئەمە ناشاردرێتەوە تا ڕادەیەك ئەو گرووپانە کاریگەرێتییان لە سەر فەزای ڕووناکبیریی و ئەدەبیی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەبووە، ئەمەش ئاساییە لە پشت هەر گرووپبەندییەکەوە وەك هەر دیاردەیەکی دیکە، هەندێ قەسد و ئەنگیزەی ڕانەگەیەندراوی لە پشتەوە ببێت(وەك ناساندن و مەشهوورکردنی کەس و کەسانێك و سنوورکێشان لە نێوان خود و دیتراندا و...) بەڵام ئەرکی ڕەخنە دەرخستنی دەرکەوتەکان و بەدواهاتەکانییەتی، ئەرکی هەڵسەنگاندنی کاریگەرێتی و توانایی و نەستی کار و بەرهەمەکانە، نەك نییەت و ئەنگیزەکانی پشتەوە. ئەوەش کە ئەو گرووپانە هەردەم کەسێك وەك ڕووناکبیری گەورەی کورد دەناسێنن، من لێی ئاگادار نیم، بەڵام هێندە دەزانم ئەگەر هەردەم لەسەر ئەساسی لۆژیکێکی دیاریکراو و ڕەخنەیی ڕایەکیان ببێت و بیگۆڕن، ئەمە پۆزەتیڤە، واتە ئەگەر ئەو گۆڕینی بیروڕایە بە مانای چەقنەبەستن و گۆڕان بێت پۆزەتیڤە، خۆ ئەگەر بە مانای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی و شتی لەو چەشنە بێت، ئەوا پاش ماوەیەك کارکردی خۆی لە دەست دەدات و کەس گوێ لە قسەی ناگرێت. هەڵبەت بە گشتی لەسەر ئەو بڕوایەشم کە ئێستە توانا و ڕۆڵی میدیا لە چاو گرووپبەندی، لە بەرجەستەکردنەوە(وەك ڕووناکبیری گەورە و شاعیر و هونەرمەند و...) زیاترە، بەڵام ئەو کەسەی بڕواتە ناو ئەو کایەوە، ئەبێت چاوەڕێی ئەوەش بێت وەك چۆن شەرعییەتی خۆی لە گرووپ و میدیا، یان حزبێك وەرگرتووە، هەر لەوێداش بیدۆڕێنێت، وەك دەزانین لەم بوارەدا لۆژیکی میدیا ئەستێرەسازییە و ئەم کارگەیەش هەرگیز لەسەر ئەستێرەیەك ناوەستێت، ئەبێت یەکێکی دیکە لە جێیدا دابنێت، ئەمە لۆژیکی میدیایە، با ئەخلاقیش نەبێت.

**پرسیار: کۆمەڵگە و تاکی کوردیی تا چەند توانیویانە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانە بەردەوامەکانی ئەدەبدا ڕێ بکەن؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** من لەسەر ئەو ڕایەم ئەدەب و کۆمەڵگە حاڵەتیکی دووفاقی و وەك موریس بلانشۆ دەڵێت لێکخەڵافکراویان هەیە. واتە ئەگەرچی لە ناو یەکدان، بەڵام جیان و دوو مێژووی جیاواز دەژین و هەندێجار ئەم دوو مێژووە بەسەر یەکتریی

دەکەون، بەڵام ژیانێکی هاوکات سەربەخۆ و تێکەڵیشیان هەیە. مێژووی ئەدەب بریتییە لە هەوێن و کۆکراوەی مێژووی کۆمەڵگە و مێژووی ئەدەب خۆیشی. لەملاشەوە مێژووی کۆمەڵگە بریتییە لەو مێژووە باوەی وا دەیناسین لەگەڵ مێژووی ئەدەبیشدا کە بەشێکییەتی. ئەگەر توانیبم مەبەستەکەم رابگەیەنم، ئەتوانین لێرەوە بەم ئەنجامە بگەین: پێوەندیی ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵگەدا پێوەندییەکی دیالێکتیکییە و راستەوخۆ نییە، چونکە ئەدەب چەندە گوێ لە پرۆسەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرێت، زۆر زیاتر و پێش ئەوەش لە درێژەی مێژووی خودی ئەدەبدا دەجوولێتەوە، هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە بڵێین ئەدەب لە واقیع دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر دووریش بکەوێتەوە و ئەم دوورکەوتنەوەیە وەك پەرچەکردارێك ببینین، دیسان کاریگەرێتیی ناراستەوخۆ وەردەگرێت و وەك بنەماخوازیی پێکهاتەیی و لووسیێن گۆڵدمەن دەریخستووە، دەتوانێت هەندێ لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژیان و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شوێنکاتێك، تەنانەت لە فۆرماڵترین بەرهەمەکانی ئەو شوێنکاتەشدا ببینینەوە، بەڵام ئەمە بەو مانا دیتێرمینیستی و جەبرییە نییە کە گۆڵدمەن پێی وایە دەق هەرچەند هەوڵبدات، لە شعووری رێگە پێدراوی ئەو سترەکتۆرە تێناپەڕێنێت، چونکە ئەدەب ئەگەر لەگەڵ رەوتی مێژووی کۆمەڵایەتیدا دەروات، لەملاشەوە مێژوویەکی ناوخۆییتریش دەژی، راستە مێژووی کۆمەڵایەتیی من بریتییە لەو واقیعەی ئێستە تێیدا دەژیم، بەڵام مێژووی شیعری من تەنیا بریتی نییە لە مێژووی ئەم واقیعە و مێژووی شیعری کوردی، بەڵکو مێژوویەکی دیکەشی لە پشتەوەیە کە مێژووی ئەدەبی جیهانییە، کەواتە ئەدەب پێ بە پێی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ناگۆردرێت و پێ بە پێی ئەوانە و پێ بە پێی مێژووی ئەدەبی جیهانیش دەگۆردرێت، لێرەدا ئەتوانین باس لەوە بکەین کە کۆمەڵگە و تاکی کورد لەگەڵ بەشێکی ئەو گۆڕانەدا کە مێژووی ناوخۆیی خودی ئەدەب و داهێنانە تووشی گۆڕان نایەت و بمانەوێت یان نا، مەودایەك دروستدەکرێ و هەر هەوڵێك بۆ پڕکردنەوەی ئەم مەودایە لە لایەن داهێنان و ئەدەبەوە، بەرای من کارەساتی لێدەکەوێتەوە. با چەند نموونەیەك بهێنینەوە، ئەگەر ئەم پێناسە گشتییەی لووکاچ سەبارەت بە رۆمان قەبووڵ بکەین کە رۆمان حەماسەی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن و بورژوازییە، ئایا ئێمە دەبێت بوەستین تا بورژوازی و تاکی مۆدێرن لە لای ئێمەش سەرهەڵدەدەن، ئینجا رۆمان بنووسین؟ یان ئەگەر لە باری بووتیقایی و جوانیناسییەوە لەوە ئاگادار ببینەوە کە سەردەمی کێش و سەروا، یان رۆمانی جووتیاری و... بەسەرچووە، دەبێت دیسان ئێمە پێداگر بین و بڵێین: چونکە واقیعی ئێمە رێك وەك واقیعی رۆژئاوا نەبووە و ئێمە لە دواترین، کەواتە جارێ دەبێت رۆمانی جووتیاری بنووسین و دەست لە کێش

و سەروا هەڵنەگرین؟ دیارە ئەوەی ئەدەبی ئێمە دەیەوێت ئاگاداری دوایین دەسکەوت و هەوڵەکانی ئەدەبی پێشڕەوی جیهانی بێت، لەبەرئەوەیە چەندە سەر بە مێژووی تایبەتی کۆمەڵگەی خۆیەتی، ئەوەندەش سەر بەو ئەدەبەیە، با لەوێدادا لەبەر گەلێك هۆکار حسێبی هاوولاتیی پلە یەکی بۆ نەکرێت، یان باشتر بڵێم نەتوانێت بەشێك لەو مێژووە بنووسێت، بەڵام ناکرێت لە هەوڵەکان ئاگادار نەبێت و سوودیان لێوەرنەگرێت. پرسەکە لێرەوە وەڵام دەدەینەوە کە تاك و کۆمەڵی ئێمە لەبەرئەوەی لەو مێژووە بە شێوەی پسپۆڕانە و کارامە ئاگادار نییە و تەنیا مێژووی ئەدەبی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی دەژی و لە پرۆسەی گۆڕانە ناوخۆییەکانی ئەدەب کەوتووەتە دواوە، ئێستە کە لەگەڵ دەقێکدا بەرەوروو دەبێت ئیتر هەست بە دووری و نامۆ بوون دەکات. ڕێچارەش ئەوە نییە ئەدەب دابەزێنین یان خیانەت لە مێژووی خۆی بکات، ڕێگە ئەوەیە خوێنەر لەگەڵ ئەو مێژووەدا ئاشت بکرێتەوە و پێی بناسێنرێت. دیارە ئەمە چارەسەرێکی دەرەدەقییە و من ناتوانم هیچ شتێکی دیکە بڵێم، چونکە لەسەر ئەو رایەم گەر هەر مەرجێکی دەرەدەقی بۆ داهێنەر دابنێین سنووردارمان کردووەتەوە، ڕەنگە هەموومان لەم ئاڵۆزی و گرفتە ئاگاداربین کە لە لایەکەوە تۆ دەتەوێت ئەدەبێکی ئەمرۆیی بخولقێنی و لە پێوەر و دەستکەوتە ئەدەبییەکانی ئەمرۆ لە تەکنیکەوە بۆ تەجرەبە فۆرمییەکانەوە، نەکەویتە دواوە، لە لایەکی دیکەشەوە خوێنەری تۆ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا نامۆیە. دیارە من نامەوێت بڵێم هیچ ئاسۆیەکی هاوبەش لە نێوان دەق و خوێنەری ئێمەدا نییە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر گرفتێك ببێت، تەنیا لە لای دەق نییە، بەڵکو ئەمە خوێنەریشە بەشداریی چالاکانەی نییە. ئەوەشمان لە بیر نەچێت لە تیۆرییەکانی ئەورۆدا ئەوەی گرنگە خوێنەر و خوێنەری چالاکە، نەك وەرگری پەسیڤ و بەرخۆر.

## پرسیار: چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

**ڕەزا عەلی پوور:** ئەوی ڕاستی بێت من بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە ئەگەر واقیع، لە ڕووی فانتازیاوە بنیات بنرێت بە کوێ دەگات و چ دەرکەوتەیەکی دەبێت، ڕەنگە سامناك و مەترسیدار بێت، هەروەها پێم وانییە ئەدەب، خەیاڵ و فانتازیا و داهێنان بە گشتی ئەڵتەرناتیڤێکی تەواوکاری بۆ واقیع پێ بێت، یان ئەگەر پێشی بێت بکرێت بە کردە دەربێت، یان شتێکی بەجێ بێت، جگە لەوەش خەیاڵ و فانتازیا یەکجۆر نییە و پێشم وانییە داهێنان هێندە توتالیتەر بێت کە بیەوێت ببێت بە جێگرەوە، هێندە دەزانم ئەو داهێنان و ئەدەبەی بە لای منەوە گرنگن، بە نیسبەتی واقیعەوە هەمیشە لە پێگەی

ئۆپۆزیسیۆندایە و نەیویستووە ببێت بە جێگرەوەی تۆتالیتەر، بەڵام ئەمە هەوڵی هەموو داهێنانێکە کە کاریگەریێتی دابنێت و شتێك لە واقیع، کەم، یان شتێکی پێ زیاد بکات.

ڕەنگە لەم سەردەمەدا کە زانست و تەکنۆلۆژیا دەیانەوێ خەیاڵ (بە فەرامۆشکردنی جیاوازی دانانەکانی کوڵریج بۆ خەیاڵ) مۆنۆپۆل بکەن و زیاتر لە ئەدەب و داهێنان ختوکەی خەیاڵ دەدەن و دیاردە خەیاڵی و سەیر و سەمەرە و فانتازیکەکان زیاتر لە بازاڕ و دەڤەری تەکنۆلۆژیادا دەخولقێت، ڕەنگە ئیدی ئەرکی ئەدەب و داهێنان گەڕانەوە بێت بۆ واقیع و دوورکەوتنەوە لەدەوڵەمەندیی خەیاڵ و فانتازیا و جووڵەیەکی پێچەوانەی ببێت، وەك ئەو شتەی لە لای بێکێت دەیبینین. هەڵبەت بێکێت هێند دەچێتە پێشەوە کە تەنانەت فەلسەفەش تێدەپەڕێنێت، گومانێك لەوەدا نییە کاتێ بێکێت دەڵێت: «هەر پێشتریش دەمزانی ئەدەب شتێکی بورژوازییە»، مەبەستی ئەو ئەدەبەیە کە بە تەکنیکبازی و خۆ قەڵەو و دەوڵەمەندکردن، لە لۆژیکی تەکنۆلۆژیا و سەرمایە پێڕەوی دەکات، ئەمەش بەشێکی زۆری ئەدەبی گرتووەتەوە، بۆیە بە دیاردەیەکی بورژوازی باسی خودی ئەدەب دەکات، لێرەدا ئەدەب و داهێنان لەگەڵ کۆمەڵێك پارادۆکسی چارەسەر نەکراودا بەرەو روو دەبن؛ خەیاڵ و فانتازیا و تەکنیك و شتی تازە و... هەموو کراونەتە بەشێك لە لۆژیکی سەرمایە و بازاڕ، ئەی؛ ئایا ئەدەب دەبێت دەستبەرداری بێت، یان بەو لۆژیکە بجووڵێتەوە؟ بە هەرحاڵ، ئەگەر ئەدەب ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی ببێت، ناتوانێت بە ڕێگەی دەسەڵاتدا بڕوات و ببێت بە واقیعێك کە هەیە و زاڵە، ئەگەر واش بێت گومانم نییە ئەدەبێك و خەیاڵکردنێکی دیکە لە حاست ئەو ئەدەبە بە واقیع بووەدا سەرهەڵدەدات.

سلاڤۆی ژیژەك لە تالیران دەگێڕێتەوە کە لە کاتی شۆڕشێکدا بە هاوڕێکانی دەڵێت گوێ بگرن! لایەنی ئێمە سەردەکەوێت، دەپرسن کام لا؟ دەڵێت سبەینێ کام لا سەرکەوت دەردەکەوێت، ئەمە نموونەی کەلبی مەسەلەکی «cynicism"یە کە ژیژەك لە بەرانبەریدا دەڵێت چەپی ئەمڕۆ بە کەلبی مەسەلەکییەکی بەراوەژوو، هەمیشە دەڵێت لایەنی شکست خواردوو لایەنی منە، بەڵام بە ڕای من ئەدەب دەڵێت کێ سەرکەوت(نەك تێك شکا و نەما) من هەر ڕەخنەگرم و ئۆپۆزیسیۆن و لێرەوە شوێن دادەنێم، کەواتە نایەوێت ببێت بە واقیع و دەسەڵات. بە ڕای من، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرس و گرفتانە و دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ ئۆپۆزیسیۆن مانەوەی ڕاستەقینە(هەڵبەت مەبەستم دۆزینەوە بە شێوەی تیۆریك نییە) ئەتوانێت ئەدەبی سەرکەوتووی لێ بێتەدەر تا دواجاریش ئەگەر ویستی لەسەر واقیع کاریگەریێتی دابنێت، دیارە ئەمە بەشێکی ئەدەبە و هەموو ئەدەب نییە و هەروەها ئۆپۆزیسیۆن بوونیش بە شێوەی خودی ئەدەب مەبەستە.

**پرسیار: (لێسینگ) ڕوانینی وەهایە:(هەندێك كەس بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ڕەخنە ڕەسەنایەتیی لە مرۆڤدا كاڵدەكاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەســتم هیناون). ئەم ڕستەیەی لێسینگ لە كوێوە ناكۆك و تەبا دەكەوێتەوە لەگەڵ(داهێنەر) و(داهێنان)ی ئەدەبیــدا؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** بڕوانن، من نازانم ڕەســەنایەتی لەم وتەیەدا بە چ مانایەك هاتووە و وا دیــارە نزیكایەتیی لەگەڵ مانای داهێنان و ئافرانــدن «creation»دا هەیە، هێندە دەزانــم ڕەســەنایەتیی چەمكێكــی ناقــس و پڕ كێشــەیە بــۆ دوان لەســەر ڕەخنە و كاریگەرێتیی ڕەخنە لەســەر پرۆســەی داهێنان. بە هەرحاڵ، بەم ڕوونكردنەوە كورتەوە ئەكرێت پرســیارەكە بەمشــێوەیە كــورت بكەینەوە؛ ئایــا ڕەخنە بە بــاری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤــدا چ كاریگەری و چۆن دانوســتانێكی لەگەڵ داهێنــان و داهێنەردا هەیە؟ بۆ وەڵامدانــەوە بەم پرســیارە ڕەنگە پێویســت بێت تا ڕادەیەك لەســەر چەمكی ڕەخنە و داهێنان ڕاوەســتین و پێناســەیەكیان لێ بكەین و بنەڕەتێكی مانایی دامەزرێنین. وەك دەزانرێــت ڕەخنــە بەشــێكی جیانەكراوەیە لە مێــژووی مۆدێرنی ڕۆژئاوا و خۆیشــی مێژوویەكــی گــەورەی لەرۆڵ و مانا و پێناســە تێپەڕكردووە، دیــارە دەكرێت مێژووی ڕەخنە وەك هەندێ بڕوایان پێیەتی ببەینەوە بۆ گفتوگۆ ڕەخنەییەكانی ســوقرات لەگەڵ ســۆفتاییەكاندا كە ئەفلاتوون بۆمان دەگێڕێتەوە، بەڵام بــە بێئەوەی بمانەوێت خۆمان بخەینــە ناو پێناســەیەكی هــەراو و دووروودرێژ لە ڕەخنە، ئەتوانــین وردتر و بە هەندێ تەســامولحەوە ســەرەتای «ڕەخنە» بگەڕێنینەوە بۆ ڕۆشــنگەری، ئەمەش بە دوو دەلیل: یەكەمیــان ئەوەی لە ســەدەی هــەژدەدا ئێمە لەگەڵ كەســانێكدا بــەرەوروو دەبین كە خەریكــی داوەری كردنن لەســەر بەرهەمــە هونەری و ئەدەبییەكان و تەنیا لە ئاســتی جوانیناســیی و چۆنێتیی پرۆســەی داهێنــان و تیۆرییەكاندا نامێننــەوە، لێرەوە ئێمە كارئەكتەرێــك بە ناوی ڕەخنەگر دەبینین كە پێشــتر نەبووە، ئەوەش پێشــتر خەســڵەتی ڕەخنەگرانەی بووبێت، زیاتر كارئەكتەری فەیلەســووف و نووســەر بــووە، دیارە كاتێك كارئەكتەرێكــی تازە لە دایك دەبێت، ئەبێت ڕۆڵ و كاركــردی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش هۆكاری دووەمە، واتە پێناســەی ئەو ڕۆڵە و مانا و كاركردی. بۆیە دەبینین نووســەرانی ئینیســكلۆپیدیای ڕۆشنگەری سەرفەسڵێك یان وتارێك لەســەر كریتیك دەكەنەوە و مانای دەكەنەوە، لەوێدادا فەیلەســووفانی ڕۆشنگەری ڕەخنە بە مانای «داوەری كردن و هەڵســەنگاندنی هــەر بەرهەمێكــی هونەری، هــەر دیاردەیەكــی كۆمەڵایەتی» مانا

دەکەنەوە. بە گشتی، لە دایکبوونی کارئەکتەرێك بە ناوی ڕەخنەگر و بە ڕەسمی ناسینی کردەیەك بە ناوی کریتیك لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدە، بە تەواویی جێ دەکەوێت. بۆیە کەسانێك پێیان وەهایە سەدەی ڕۆشنگەری واتە سەدەی ڕەخنەگری. بە هەرحاڵ، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا(کانت) باسی ڕەخنە دەکات و لە وتەیەکی ڕاستدا «سەردەمی ڕەخنە» دادەمەزرێنێت و هەموو شتێك دەکات بە ڕێڕەوی ڕەخنە، دیارە(کانت) لە درێژەی پرۆژەی ڕۆشنگەریدا ڕەخنە بە هەمان هەڵسەنگاندن و داوەری کردن لە نێوان ڕاست و نا ڕاستدا دادەنێت و سنووردارێشی دەکاتەوە واتە دەڤەری بۆ دیاری دەکات، بەڵام لە دوو خاڵدا جیاوازیش دەبینرێت، لە میتۆد و لە زەینی کردنەوەدا، بە هەرحاڵ، ئەو پێناسانە تا ئێستەش درێژەیان هەیە و دواجار لە لای هێگێل ڕەخنە بریتی دەبێت لە خودئاگایی، هێگێل بە پێی سروشتی دیالێکتیکەکەی، جگە لە خودئاگایی، بە ڕەخنە ڕۆڵی ڕەفزکردنەوە و هەروەها بەرزکردنەوەش دەدات، لێرەوە ئەتوانین بڵێین ڕەخنە تا ئێستەش لە نێوان ئەو پێناسەیەی(کانت و هێگێل)دا وەك پاندۆل لە هاتوچۆدا بووە. بە هەرحاڵ، دیارە ڕۆڵی ڕەخنە(لەوکاتەوە) هەندێ ئاڵوگۆڕی بە خۆوە بینیوە، بەڵام من پێموایە لە چوارچێوەی هێگێل و کانت و تارادەیەکیش مارکس نەترازاوە، ئەگەر ترازابێتیش بە وتەیەك «عەرەزی» بووە، نەك «جەوهەری». بە هەرحاڵ، دەکرێت ڕەخنە بە هەڵسەنگاندن و بە خودئاگایی گەیشتن و بە خودئاگایی گەیاندن و هەروەها بە ڕەفز و تەئیید کردن بزانین.

دیارە ئەگەر بمانەوێت وردتر ببینەوە، ئەوا ئەتوانین باس لەوە بکەین ئەگەر چی کرۆکی ڕەخنە گۆڕانێکی وەهای بە سەردا نەهاتووە، بەڵام شێوەکانی ڕەخنە چەشناو چەشنتر بووەتەوە و میتۆد توانیویەتی هەندێ ڕۆڵی لاوەکیی دیکەش بدات بە ڕەخنە، وەك دەبینین ئادۆرنۆ و فرانکفۆرتییەکان کاتێك باس لە ڕەخنەی ناونشین "Immanent" دەکەن، جگە لەوەی گەڕاونەتەوە بۆ مارکس و هێگێل، شێوە و ڕووکردێکیان بەو مەبەستانە زیاد کردووە، هەڵبەت ڕوونتر لە هێگێل کە چەمکی گەشەپێدان و بەرزکردنەوە ئەهێنێتە ئارا، ئەمان پرۆژەی ڕزگاریدەر بوون لە ڕەخنە داوا دەکەن، هەروەها لە باتیی ڕووکردن بە لای ڕواڵەت و دەرکەوتەکان، دەگەڕێنەوە بۆ هەناو و بانگەشە و پارادۆکسەکان، بۆ ئایدیا و ئایدیۆلۆژیاکان، ئەم گەڕانەوەش بۆ ناخودئاگا، هەمان شتە کە لە دەروونناسییەوە دەچێتە لای ئەوان و دواجار تا ئێستەش درێژەی هەیە، ئەگەر گۆشە دیدێکی بەربڵاومان هەبێت، ئەبینین لە پاش کانت و هێگێل و مارکسەوە، لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕەخنەدا ئاڵوگۆڕییەکی بنەڕەتیی ڕووی نەداوە و ئەوی گۆڕان بووە لە شێوە و بابەتی بەرباسی ڕەخنەدا بووە. هەڵبەت دیارە گۆڕینی

میتۆد و بابەت هەندێجار گۆڕینی ئەرك و مەبەستیشی لێدەكەوێتەوە، بەڵام بە گشتی دەمەوێت بڵێم رەخنە ئێستەش داوەریكردن و هەڵسەنگاندن و مەبەستداریی فەرامۆش نەكردووە بۆ دەرخستنی حەقیقەت، لانی كەم بۆ پێشاندانی هەڵە و ناتەواوی و ئایدیۆلۆژیا، بۆ تەعالی و رزگاركردن و بۆ رووخاندن. ئەمەش لە سەرەتای لە دایكبوونی رەخنە و رەخنەگرەوە لەگەڵیدا بووە. بە هەرحاڵ، با باسێكی خودی داهێنان بكەین و دوایی بگەڕێینەوە سەر پێوەندیی رەخنە و داهێنان. سەبارەت بە خودی داهێنان ئەتوانین بە دوو شێوە بۆی برۆین، یەكەمیان بە شێوەی چەمكی كە چەمكی داهێنان بگرین و پێناسەی بكەین و دەركەوتەكانی لای كەسەكان و لە روانگە فیكری و فەلسەفی و ئەدەبییەكاندا بدۆزینەوە، رەوتێكی دیكەش ئەوەیە كە بە شێوەیەكی مێژوویی بگەڕێینەوە بۆ دەركەوتەكانی داهێنان. بە رای من، قسەكردن لەسەر داهێنان، یەكەمجار قسەكردنە لەسەر ئەو شتانەی وا داهێنراون، دووەم جاریش قسە كردنە لەسەر ئەو قسانەی وا لەسەر داهێنان كراون. ئەگەر ئاور بدەینەوە لە مێژووی فەلسەفە، بێگومان یەكێك لە پرسە سەرەكیانەی تا ئەمرۆیش فەیلەسووفان پێوەی خەریكن، پرسی داهێنانە، واتە داهێنان چییە و لە كوێوە سەرچاوە دەگرێت و باشتر وایە چۆن بێت و... كۆمەڵێك پرسیاری دیكە كە بە دەوری ئەم پرسەوە سازدەبن. ئەگەر ئێمە بەم روانگەوە لە باسەكە بروانین، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ یۆنانی باستان. دیارە بارستایی ئەم باسانە هێندە زۆرە كە لە توانای من و ئەم وتووێژەدا نییە، بەڵام سەرەرای گرفتدار بوون هەوڵ دەدەم خەریتەیەك لەو باسانە بەدەستەوە بدەم. لە یۆنانی باستاندا داهێنان بە شێوەیەكی گشتی بریتی بووە لە دروستكردن. لە سەرەتاوە هەمووی ئەو كارانەی شتێكی تێدا چێ كراوە، یۆنانییەكان وەك یەك شت لێیان دەروانی و هەموویان بە «تەخنە» كە ئەمرۆ گۆراوە بۆ تەكنیك، دەبینیت. دواجار وردتر دەبنەوە... داهێنانی تەولیدی و ئیكتسابی لە یەكتر جیا دەكەنەوە و لە نێو ئەم دوو جۆرە داهێنانەشدا دیسان بەرهەمەكان دەبن بە دووكەرتەوە، كەرتێكی داهێنانی خودایی و ئیلاهییە، كەرتێكی دیكەشی داهێنانی مرۆڤانەیە. ئەفلاتوون نرخێكی وەها بۆ داهێنانی مرۆڤانە بەو مانایە كە شیعر و هونەر دەگرێتەوە، دانانێت، لەبەر ئەوەی ئەفلاتوون لەسەر ئەو بڕوایە بوو كە هەموو ئەو شتانەی لەم دنیادا هەیە، هەموو تەقلید و لاساییكردنەوەیەكن لە شتانێكی تر كە لە دنیای ئایدیال و مۆسۆلدا هەن و هەموویان فەرعێكن لەو ئەسڵەی وا لەو دنیایەی تردا هەیە. ئەم دیدە لە لای ئەرەستوو بە جۆرێكی دیكە دەدۆزینەوە، ئەویش هەر بەو روانگەوە(وەك شتێك كە دروستدەكرێت) لە داهێنان دەروانێت، بەڵام بە لای ئەرەستووەوە خودی تەقلید سووك ناكرێت و پێی

وایە بەرهەم ئەگەر تەقلیدکردنیش بێت لە شتی دیکە، دیسان نرخی خۆی هەیە. لە سەدەکانی ناوەراستدا کەمترین تەئەمول بە نیسبەتی داهێنانەوە بووە، ئەوەش لەبەر ئەو هەلومەرجە کلتووری و عەقیدەتییە بوو کە لەو کاتەدا زاڵبووە. چونکە کلتوور ببوو بە پاشکۆیەکی ئاییینیی باوکانی کلێسا، هەموو کەسەکان ناچاربوون خۆیان لە ئاوێنەی ئاییندا ببیننەوە و داهێنەریش دیسان ناچار بوو خۆی لە نێو ئەو ئاوێنەیەدا ببینێتەوە، بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە، لەو سەدەیانەشدا تەئەمولاتێك لەسەر داهێنان کراوە، وەك نووسراوەکانی ئاگۆستین کە باس لە تایبەتمەندییەکانی داهێنانی خودایی و پاشان داهێنانی هونەری لە کۆمەڵگەی خودایی و ئینسانیدا دەکات. بەڵام کە دواتر لەم قۆناغە ئەترازێین و دوای دیکارت کە سوبژە و ئوبژە لە یەکتریی جیا دەکاتەوە، هەلومەرجەکە تا رادەیەکی زۆر دەگۆردرێت. ئەگەرچی تا ئەو شوێنەی ئاگادار بم دیکارت لەسەر داهێنانی ئەدەبی و هونەری نەدواوە، بەڵام مانایەکی سوبژەی دیکارتی یانی مرۆڤی داهێنەر. لە دوای ئەم گۆرانکارییانەی وا لە فەلسەفەی رۆژئاوادا پێکدێت و دنیایەکی مۆدێرن سازدەبێت، ئەگەین بە فەیلەسووفانێك کە بە شێوەیەك تێرامـاون لە چەمکی داهێنان، کە تا ئێستاش ئەو حوکمانەی لەسەر داهێنان داویانە بە نرخن و قورسایەتیی خۆیان هەیە.(کانت) لە «تریلۆژی»یەکەی خۆیدا کە کتێبێکی بە نێوی «رەخنەی وزەی داوەری»ە، باس لە «جوانیی و ئەمری والا» دەکات. ئەگەرچی خۆی دەبوێرێ لە پێناسەیەکی روونی داهێنانی ئەدەبی و هونەری، بەڵام پێموایە قسەکردن لە جوانی و ئەمری والا بە لای «کانت»ەوە، قسەکردنە لەسەر داهێنان، یانی سەرەرای ئەوەی زیاترین قسەکردنی «کانت» لەم کتێبەدا پەیوەستە بە چەمکگەلێکی وەك جوانی و زەوق و(ئەمری والا)وە، بەڵام دیسان قسەکانی باسکردنن لەسەر داهێنان. بە کورتی، بە لای(کانت)ەوە داهێنان بەو مانایەیە کە هونەرمەند(ئازادانە) بە ئایدیا و زەینییەتی خۆی مادییەت(عەینییەت) ببەخشێ. کانت وەك جوانی لە نێوان داهێنانی سروشتی و مرۆڤانەدا جیاوازی دادەنێت و ئەڵێت جوانیی سروشتی هیچ قازانجێکی تێدا نییە و غایەتێکیشی بۆ نییە. بە بروای کانت، غایەتی بەرهەمی مرۆڤانە کە مرۆڤییە و مرۆڤ دروستی دەکات، لە نێو خۆیدایە. بە گشتیی، کانت لەسەر ئەو بروایە بوو کە داهێنانی هونەری هەلومەرجێکی تایبەتە کە لە نێوان بەرەورووربوونەوەی زەینییەتی کەسی داهێنەر لەگەڵ عەینیەت و سروشتدا دروست دەبێت، هەروەها کانت جەختی لەسەر نبووغ و بلیمەتی دەکردەوە و ئەمەش دوایی لای رۆمانتیکەکان رەنگدانەوەی تایبەتی بوو. روانگەی کانت تا رادەیەك خۆی درێژ دەکاتەوە بۆ لای هێگێلی ئایدیالیستیش. هێگێل لەسەر ئەو بروایە بە ئایدیا و تەسەوراتەوە،

هەلومەرجێکی سوبژێکتیڤ بە دەستەوە دەدرێت کە بە نێوی داهێنانەوە دەناسرێت و دەتوانێت دەقێك یان پارچە مۆسیقایەك بێت، هەروەها هێگێل پێیوایە هونەر و ئەدەب داهێنراوی ڕۆحە و لەبەرئەوەش ڕۆح ڕەها و موتڵەقە، کەواتە دەبێت داهێنانیش وابێت، هەڵبەت هێگێل جگە لەوەی گرنگی بە گشتییەت دەدات و ئیرادەی ئازادی لە داهێناندا بۆ گرنگە، ڕەهەندێکی مێژووییش بە دیدی کانت زیاد دەکات کە ئەمەش گەلێك گرنگە و هەر لێرەوە دەرکەوتەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری وەك شتێکی نەگۆڕ نابینێت و لە ڕەوتی مێژوویەکی بەرەو پێشدا مێژوومەندی دەکاتەوە. هێگێل لە دەرئەنجامی ئایدیای ڕۆحی موتڵەق، کە قسە لە حەرەکەتی تەکامولیی مێژوو دەکات، دەگات بەوەی بڵێت هونەر سێ دەورانی گشتیی تێپەڕاندووە؛ دەورانی هونەری نمادین(هونەری میسری باستان بە نموونە دەهێنێتەوە)، دەورانی هونەری کلاسیك(کە پەیکەرتاشی لە یۆنان و ڕۆمدا ئەگاتە تەشقی خۆی) قۆناغێکی تر بە هونەری ڕۆمانتیك نێوی ئەبات، کە ئەمەش بە دوا شوێن و پێگەی بزاوتی هونەری دایدەنێت. لێرەدایە کە هێگێل بە شێوەیەکی غەمگینانە دەگاتە مەرگی هونەر و دەڵێت مەعنەوییەتی سەردەمی ئێمە ئیدی وەك پێشتر ڕێگەی ئەوە نادات هونەر لەگەڵ ئەمری ڕەهادا یەکبگرێت و حەقیقەت دەربخات لە باڵتیی هونەریش، بۆ ئەم مەبەستە ئایین و فەلسەفە بە پێشرەوتر دادەنێت، هەرچەند تا ئەو شوێنەی ئاگادار بم ئەم چەمکەی(مەرگی هونەر) بەکار نەبردووە، دیارە کە بگەینە مەرگی هونەر بە ناچاریی مەبەست مەرگی داهێنەری هونەریشە، بە گشتیی، عەینییەتدان بە زەینییەت و تێکەڵبوونی ڕۆحی ئوبژێکتیڤ و ڕۆحی سوبژێکتیڤ، نیسبەتی داهێنەر و سروشت و دنیای عەینی، تەسەورات و حەقیقەت، کۆمەڵە چەمکێکن کە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەش خۆی درێژ ئەکاتەوە، دیارە دیدی ڕۆمانتیکەکان جیاوازە لە دیدی ئایدیالیستەکان و ئەوان گرنگی بە داهێنەر و ڕۆڵی داهێنەر دەدەن و ڕۆمانتیکەکان گەلێك باسی جیاوازیان لەسەر داهێنان هێنایە ئارا کە بە زۆری جەختیان لەسەر سوبژەی داهێنەر و حاڵەتەکانی دەکرد، ئەگەرچی ڕۆمانتیکەکان پڕهەڵەترین باسەکانیان لەسەر داهێنان کردووە، بەڵام زیاترین کاریگەریشیان لەسەر شێوە دیدەکان بۆ داهێنان و نییەتی داهێنەر بووە، تا ڕادەیەك لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا لە هەندێ شوێندا ڕەهەندی ڕۆمانتیك دەدرێت بە چەمکی داهێنان و نییەتی داهێنەر، ئەمەش باسێکی ترە و لێرەدا قسەی لێناکەین. لە هەناوی مۆدێرنیتەدا ڕووداوێك ڕوودەدات کە بە ڕای ئادۆرنۆ پێچەوانەی بزاوتی مۆدێرنەیە، ئەویش هاتنی مۆدێرنیزمە(مۆدێرنیزمی هونەری و ئەدەبی). مۆدێرنیزم بە مانایەك لە ماناکانی ئادۆرنۆ، ڕەخنەگری مۆدێرنیتەیە و

بریتییه لەو هەوڵە ئەدەبی و هونەرییانەی بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە ئاراوە. ئەگەر سەرەتای مۆدێرنیزم بگەڕێنینەوە بۆ لای واگنێری ڕۆمانتیك و بە تایبەت بودلێر، لەوێداوە تیدەگەین گۆڕانێکی قووڵ بەسەر مانا و چەمکی داهێنان و بەسەر خودی داهێنەریشدا دێت، بودلێر بە پێچەوانەی ئایدیالیست و ڕۆمانتیکەکانەوە کە ئایدیالیستەکان بارودۆخێکی عالی و ئیستعلاییان بۆ(داهێنان) و ئەویان(ڕۆمانتیکەکان) بارودۆخێکی عالی و بەرزەجێیان بۆ(داهێنەر) لە بەرچاو دەگرت، بارودۆخێکی تا ڕادەیەك دوولایەنە بۆ داهێنان و داهێنەر لە بەرچاو دەگرێت، واتە هەم خۆی(لێرەدا بە مانای داهێنەر) لە شێوەی کەسێکی نەجیبزادە و ئەشرافدا دەبینییێت و هەم وەك کەسێکی پیس و نەجیس. بودلێر بەمشێوە سەرەتای ڕوانینێك دروست دەکات کە بیچم دەدات بە مۆدێرنیزم، بەو مانایەی کە نە داهێنەر کەسێکی پیرۆز و پارێزراوە، نە داهێنان بارودۆخیکی پیرۆزە و پارێزراو، نەمانی «خەرمانەی پیرۆز» لەم بوارەدا خوازەیەکی ناسراوە، بەم دیدەوە نوێگەری لای بودلێر هەمیشە دوو ڕووی هەیە، دواجاریش نیچە کاتێك ستایشی هونەرمەند و ئافرێنەر دەکات، ئەم دوو ڕەهەندە پێکەوە دێن، لایەنێکی داهێنەر کە هەمان کەسی ئەشرافزادە و ماقووڵە، لایەنێکی دیکەشی ئەم کەسە تاوانبار و نەجیسەیە، بۆدلێر بەردەوام خۆی لەو بارودۆخەدا دەبینیت. بە ڕای من، ئەم شەقبردنەی داهێنەر تا لای داستایۆڤسکیش بەرجەستەیە و تەنانەت لە هەندێ شوێندا بابەتی خودی داهێنانیش دەبێت بە جەنگی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە و دەبێت بە ناوەرۆکی سیدقیی هەندێ بەرهەم. دواتر کەسانێکی دیکە بیروڕایان لەسەر چەمکی داهێنان خستە ناو خانەی هەندێ زانستی وەك کۆمەڵناسی و دەروونناسی و فەلسەفەوە، کە دەروونناسی بە جەختکردنی لە سەر تاك، و ئێگزیستانسیالیزم بە باسکردن لە داهێنان وەك دەرکێشانی بوون لە نەبوون و مارکسیزم بە سەیرکردنی داهێنان وەك بەرهەمهێنان، گرنگیی زۆرتریان هەیە، دیارە لەو دەڤەرانەشدا گەلێك باسی جیاواز و جۆراوجۆر هاتە ئاراوە، بۆ نموونە؛ تەنیا لە سوننەتی مارکسیستیدا گەلێك ڕوانینی جیاواز دەبینین کە لە جەمسەرێکەوە داهێنەر وەك کرێکار و بەرهەمەکەشی وەك بەرهەمهێنان(تولید) دەبینرێت، لە جەمسەرێکی دیکەوە ئادۆرنۆ بەرهەمی هونەری وەك مۆنادی لایبنیتسی دەبینێت و پرۆسەیەکی ئاڵۆزتر بۆ بەرهەم لە نێو مێژوودا(هاوکات سەربەخۆ و لە پێوەندیشدا بە کۆمەڵگە و واقیعەوە) وێنا دەکات. بە گشتیی، لە سەدەی بیستەمدا ڕوانینەکان گەلێك بەربڵاو و جۆراوجۆر بوونەوە و ئەگەر لە درێژەی باسەکەماندا پێویست بوو، ئەوا ئاوریان لێدەدەینەوە. بەم پێشەکییە درێژەوە، دەمەوێت بە شێوەیەکی کورت لەسەر پێوەندیی

داهێنان و ڕەخنە بدوێم. وەك دەزانین ڕەخنەگر و ڕەخنە بەو مانا ڕەسمی و فەرمییەی دەیناسین زادەی سەردەمی مۆدێرنەیە و ناكرێت مێژووی ببەینەوە بۆ دواترەوە، هەڵبەت وەك گوترا دیدی ڕەخنەیی شتێك نییە تەنیا تایبەتی سەردەمی مۆدێرنە بێت. بە هەرحاڵ، بە پێچەوانەی ڕەخنە، داهێنەر و داهێنان مێژوویەكی دوور و درێژتریان هەیە، لێرەوە دەتوانین بڵێین؛ داهێنەر پێش ڕەخنەگر كەوتووە و بووە، لەو كاتەشدا كە ڕەخنەگر لە دایكبووە، دیسان بە دوای داهێنەردا ڕۆیشتووە، بەڵام ڕەخنە تەنیا لەوێدادا نەوەستا كە لە دواوە و دەرەوەی داهێنەر و داهێنانەوە بێت، بە وردبوونەوە لە مانا و پێناسەی داهێنەر بە تایبەت لە بۆدلێر بەولاوە دەبینین ئەم ڕەخنەگرە دەچێتە هەناوی داهێنەریشەوە و هەموو داهێنەرێكی مۆدێرن بە جۆرێك لە جۆرەكان ڕەخنەگرێكیشە و ئەمە هەم لە بەرهەمەكانیدا و هەم لەو ئاگاییەی سەبارەت بە دەقی خۆی و دیتران وەریدەگرێت، دەردەكەوێت.

لە لایەكی دیكەشەوە وەك دەبینین ڕەخنەگر و ڕەخنە وەك بوونەوەرێكی سەربەخۆ و ڕەسمی و خاوەن جێگە و پێگەش ناسراوە، لێرەدا پێموایە ئەتوانین بە شێوەیەكی ساكار چوار جۆر پێوەندیی لە نێوان ڕەخنە و داهێناندا بدۆزینەوە:

١- ڕەخنە لە پشت داهێنانەوە دەڕوات.

٢- ڕەخنە لە هەناوی داهێناندایە.

٣- ڕەخنە و داهێنان هاوتەریبی یەكتر دەڕۆن، ئەگەرچی ڕەخنە لە داهێنان دەدوێت، بەڵام بوونێكی سەربەخۆشی هەیە.

٤- داهێنەر بە دوای ڕەخنە و پێشنیارە تیۆریك و ڕەخنەییەكاندا دەڕوات.

من پێموایە، ئەوی بۆ داهێنان مەترسیدارە، حاڵەتی چوارەمە و باشترین حاڵەتیش بە نیسبەتی داهێنانەوە حاڵەتی دووەمە، بە نیسبەتی ڕەخنەشەوە حاڵەتی سێیەم باشترین حاڵەتە. ئەو جیاوازییانەش لەسەر ڕۆڵی ڕەخنە دێنە ئارا و دەبن بەهۆی ئەوەی ڕەخنە بە مەترسیدار یان بە ڕزگاریدەر بزانین، جیاوازییەكە لە تەفسیری شوێن و پێگەی ڕەخنە و لە پاش یان پێش بوونی، نەك لەسەر خودی ڕەخنە و نەفسی ڕەخنە، چونكە هەموو دەقێكی داهێنەرانە و بە تایبەت وەك گوتم لە بۆدلێر بەملاوە، وزەیەكی ڕەخنەگرانەشی تێدایە.

**پرسیار: بە درێژاییی مێژووی ئەدەبی كوردی، داهێنان هەبووە و بەردەوامیش دەبێت، ئەمەیش لە(نالی) و(مەولەویدا) و(سالم) و(كوردی)یەوە بگرە، تا گەییشتن بە سەردەمی ئەمڕۆمان. لێرەدا دەشێت ئەوە بڵێم كە ئافراندن پێوەندیی بە هەبوونی مرۆڤەوە هەیە،**

**واتە: تا ژیان کردن لەســـەر زەویی بەردەوام بێت، ئەم ڕەھەندەیش درێژە دەکێشێت. ئایا کۆمەڵگـــەی کوردیی تا چەنـــد کراوە بووە لە بەرانبـــەر قبووڵکردنی دەقە نەمرەکاندا؟ هـــاوکات ئێمە دەزانین کە دەقی ڕەســـەن، مەگەر چۆن، ئەگینا هـــەردەم دژ دەکەوێتەوە لەگەڵ مێژوودا، بۆیە لە پاڵ ئەم پرســـانەی ســـەرەوە، دەپرســـم: دەوری مێژوو چییە لە ناساندن و پەردەپۆشکردنی داهێنان؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگەی خۆمان کە بە کۆمەڵگەی کوردی دەیناســـین و(خودی ئەم زاراوەیەش لێرەدا گشـــتی و گرفتســـازە، بەڵام ئێمە بە ناچاریی وەریدەگرین) تا بزانین داهێنان یان ئافراندن لەم زەمینەیەدا بە چ پرۆســـەیەکدا تێپەڕیوە و شـــوێنکات چی لێکردووە و لەگەڵ وێرانەیەك لە قســـە نەکردن بەرەوروور دەبینەوە، ئەمەش زۆر ســـادەیە، چونکە مرۆڤی کورد مرۆڤێکی تێرامانی نەبووە، تا لەو کارانەی وا دەیانـــکات رابمێنێـــت و بیریان لێ بکاتەوە و شـــەرحیان بکات. بۆیە بە شـــێوەیەکی گشتیی، ئەتوانم بڵێم، ئێمە لە سەرەتاوە تا ئەم دواییانە، داهێنانی ئەدەبی و هونەریمان داهێنانێکی خودئاگا نەبووە، ئەمە بەو مانایەی کە کەسی داهێنەر لەگەڵ ئەو بەرهەمەی دایدەهێنا بە هوشیارییەوە بەرەوروو نەبووەتەوە و ئاگاییەکی ئەوتۆی لە ماهییەت و نیگا و فیکری پشـــتەوەی بەرهەمەکەی نەبووە، بەشـــێکی زۆری ئـــەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك کە مرۆڤی کورد تێیدا بووە، واتە سەردەمێکی سوننەتی کە پێوەندیی مرۆڤ لەو دنیا و ســـەردەمەدا وەك هەمان پێوەندییە کە ماسی بە ئاوەوە هەیەتی، چۆن ماسی نازانێت لە نێو ئاودایە، ئەمیش(واتە مرۆڤی ســـوننەتیی ســـەردەمی سوننەت) نازانێت لە چ ســـەردەمێك و قۆناغێکدایە، بەم پێیەش ئەو کردارانەی لە خۆی دەینوێنێت و ئەو بەرهەمانەی ســـازیان دەکات، بە تەواوەتی نازانێت چین و لە کوێدان و لە چ ساتێکدان، ئاســـاییە هەندێ کەس لەگەڵ ئەم دیدەدا نەبن، بەڵام مەبەست ئەوەیە مرۆڤی سوننەتیی سەردەمی سوننەت لای ئێمە کەمترین ئاگایی و هوشیاریی لەسەر خۆی و بەرهەمەکانی بووە. ئەمە تایبەتمەندیی زۆربەی کۆمەڵگە سوننەتیەکانە، ڕەنگە سەرەڕای ئەمە نەتوانین بە شـــێوەی ڕەهـــا بڵێین تاکی ئافرێنـــەر و داهێنەر هیچ چەشـــنە خودئاگاییەکی نەبووە لـــە داهێنانەکەیدا و بە شـــێوەیەکی ناخودئاگا کاری کردووە، بـــەڵام ئەتوانین بڵێین ئەو خودئاگاییەی لە سەردەمی مۆدێرندا داهێنەر بە نیسبەتی دەق و بەرهەمەوە هەیەتی و تا ڕادەیەك هوشیاریی سەبارەت بە کارەکەی خۆی هەیە، لە لای ئێمە نەبووە. مرۆڤی ئێمە لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدا سەرقاڵی داهێنان بووە کە ئەم هۆشیارییەی لێ زەوتکراوە و ئاگایی پێویســـتی بە نیســـبەتی دەقی خۆیەوە نەبووە، ڕەنگە هەندێجار ستایشی کاری

خۆی کردبێت و گوتبێتی ئەم کارانە ئەم بایەخەیان هەیە، بەڵام نەیزانیوە لە کام بەستێن و بافتدا سەرقاڵی ئەمجۆرە کارکردنەیە و دواجار بەرهەمەکەی دەرژێتە چ خانەیەکەوە و بڕیارە بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات و چی بگۆڕێت. بۆیە زۆرجار دەبینین دەقاو دەق و بە شێوەی تەقلیدی شتێکیان بۆ لای کۆمەڵگەی خۆیان گواستووەتەوە، بۆ نموونە ئەمە چ پێویستییەکە کێش و وەزنی عەرووزی عەرەبی کە وەك ئەدۆنیس لە نووسینێکدا دەیسەلمێنێت ئەو کێشە پێوەندیی بەسەر مرۆڤی وشتر سواری سەحراوە بووە و لە لایەن شاعیرە کلاسیکیەکانمانەوە بۆ لای ئێمەش دەگوازرێتەوە، دیارە دەکرێت هەندێ هۆکاری وەك زاڵبوونی کلتووری عەرەبی و مەعریفەی ئیسلامی ناو ببەین، بەڵام پرسیارەکە پرسیارێکی بووتیقایی و جوانیناسانەشە و لێرەدا(بە ڕای من) ئەوە وەڵامی شیاوی نییە. بێگومان دەتوانین هەندێ پاساو بهێنینەوە کە بۆچی ئەم «کێش»ە یان هەندێ حاڵەتی دیکە هاتوونەتە لای ئێمە، بەڵام ئەم پاساوانە لە دەرەنجامدا بەرەورووی ئەم پرس و واقیعە دەبێتەوە کە ئایا نەدەکرا شتێکی دیکە ببوایە؟ ئایا ئەمە باشترین هەڵبژاردن و بەربژار بووە؟ لێرەدایە پرسی هۆشیاری و تێڕامان لە بەرانبەر ئەو کارانەدا دێتە ئاراوە و لە لای شاعیرەکانی ئێمە ئەم شتە نەبووە(بۆیە باس لە شیعریش دەکەین، چونکە شیعر وەك یەکەم دەرکەوتەیەکی داهێنەرانەی هونەری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەردەکەوێت). لە پەنای ئەوەشدا کۆمەڵگەی ئێمە چونکە کۆمەڵگەیەك بووە لە ژێر کاریگەریی ئایینیدا، جۆرە بەرەورووبوونەوەیەکی دیکەی لەگەڵ داهێناندا هەبووە، ئەمە چاك دەزانین لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئایین یاخود گوتارە دیکە باڵادەستن، لایەنەکانی دیکە ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ ئەو گوتارانەدا هاوئاهەنگ بکەن، ئەو خۆ هاوئاهەنگ کردنە بەشێکیشی دەکەوێتە سەر ئافراندن و داهێنان، هەڵبەت نابێت ئەمە بەو مانایە بگرین کە ئایین یەکسەر دەرگەکانی ئافراندن و داهێنان دادەخات، یان بۆ خۆی قۆرغی دەکات، بەڵام حاشا لەوەش ناکرێت کە بە تایبەت ئەو کاتەی ڕاڤە و خوێندنەوەیەکی ئایینی زاڵ بێت کە گوێ بە داهێنان نەدات هەندێك بەربەست و لەمپەر دەکەونە بەردەم داهێنان. لێرەدا ئیتر تۆ ناچار دەبیت پێمل بە هەندێ لەو ڕێسا و یاسایانە بیت کە لە گوتارە باڵادەستەکەوە دێت، ئەدەب و هونەریش تا ڕادەیەك پێڕەوییان لەم بارودۆخە کردووە.

بە پێی ئەو ڕاڤە و قەرائەتەی لە ئایین دەکرێت، دەتوانێت ڕادەی دەرفەتی ئازاد بۆ داهێنان کەم و زۆر بێت. لە نێو ئەو قەرائەتە دینییەشدا لای ئێمە زاڵبووە، بە زۆری داهێنان ئەمرێکی سەرکۆنەکراوە؛ ئەگەر داهێنان وەك تەرحێکی تازە بێنینە ئارا کە لە فۆرمەکانی دیکەی کۆمەڵگە پێڕەوی ناکات، لە لای ئێمە هەلومەرجێکی وەها پێش هاتووە کە ئافراندن و داهێنان بە چاوێکی سووکەوە و وەك بیدعەتێك(کە مانایەکی

نێگەتیڤــی لــە بیری ئایینیی لای ئێمە بووە) ســەیری کراوە، ئەمەوێــت جگە لە ڕۆڵی ئەو قەرائەتە تایبەتە لە ئایین، ئاماژە بەوەش بدەم کە ســاختی کۆمەڵایەتیی زاڵی ئێمە جۆرێك بووە کە تازە بوون و داهێنانی نەویستووە و تازە بوونی وەك بە دواهاتی داهێنان تەنیا لە سروشــت داوا کردووە ئەمەش بە ڕای مــن تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگەیەیە وا ژیانی کشــتوکاڵی و دەرەبەگایەتی تێیدا باڵادەســتە. زەختی ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەو کەسە سەربزێوانەی وا لە کۆمەڵگەدا خولیای ئافراندن و داهێنانیان هەیە، بیر لە دۆخی ئەو کەســانە لە شــوێنێکدا بکەرەوە کە داهێنان بە چاوی قەدەغە و ناپێویســت ســەیر دەکرێــت، داهێنان و گــۆڕان وەك بیدعەت و بیدعەتیش وەك ئەمرێکی ســەرکۆنەکراو ســەیری دەکرێــت و بە چاوێکی ســووك و ناگرنگ لە داهێنــەر دەڕوانن(کە بە ڕای من تازەگەریی ئێمــە ناچارە زیاتر لەو چاوە و تایبەتمەندییەکانــی ورد ببێتەوە)، ئیتر دیارە چەندە گرفت و خەســار بەرەورووی داهێنان دەبێتەوە. ئەم نەریتەش لە لای ئێمە بووە و لە خۆشــترین حاڵەتدا داهێنەر وەك کەسێکی لاســاییکار و تەقلیدی لە بەرچاو دەگرێت و هەرچــی بکات ناتوانێت ببێت بــە داهێنەری جیهانێك کــە دەتوانێت جیهانی وێنە، شیعر، یان چیرۆکێك بێت، بەڵکو ئافرێنەر و خالق بوون تەنیا بە ناوی خوداوەیە و تەنیا سروشــتە تازە دەبێتەوە و... بێگومان ئەمجۆرە تەفســیر و ڕاڤەکردنە لە داهێنان، ڕاڤە کردنێکــە بە زیانــی داهێنان، دیارە دەوترێت ئایین لە حەقیقەتــی خۆیدا دژ بە داهێنان نییە و تەفســیرگەلی هەڵە و ناڕەوا لە ئایین ئافراندن و داهێنان ڕەفز دەکاتەوە، گەرچی مــن ئاگادارییەکی ئەوتــۆم لەم بوارەدا نییە، بەڵام ئەوەنــدە دەزانم هەر لە چوارچێوەی ئاییندا گەلێك داهێنانی شیعری و پەخشانی(لە زمانی فارسیدا) کراوە، هەر چۆنێك بێت داهێنان لەو تەفســیرانەی لای ئێمە زاڵبووە و بە تایبەت بەو سترەکتۆرە عەشیرەییەوە کە بووە زیانی زۆری دیوە، بە ڕای من، لەو شوێنکاتانەدا داهێنان تەنیا ئەو کات دەرووی بۆ دەکرێتەوە کە خۆی سووك و بچووك بکاتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاریگەریەتییەکانی ئەم حاڵەتەش دەبینین لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا، دەســەڵاتی ئافرێنەر و داهێنەربوون لە داهێنەر ئەســەندرێتەوە. مرۆڤی داهێنەر بەردەوام دەبێت خۆی ســووك نیشانبدات و لە دیوەخانەکاندا قەشــمەری و لاســایی بکاتەوە بۆ ڕابواردنی دەسەڵات گۆرانی بڵێت، یان خۆی بچووك نیشانبدات وەك کەسێك کە ناتوانێت دەستکاریی شتەکان بکات، ناتوانێت شــت و دنیای تازە بخولقێنێت و تەنیا لاســایی سروشت و... دەکاتەوە و وەسف دەکات. لە کاتێکدا ئەمە دیدێکی هەڵەیە بۆ داهێنان و داهێنەر و هیچ پێویست ناکات ئافرێنەر و داهێنــەری دەق و بەرهەم لە بەرانبەر داهێنــەری جیهان دابنرێت ئەمە هەڵەیەکە کە یۆنانییەکان توانییان خۆیانی لێ دەرباز بکەن، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە جۆرێکی

دیکە بەرۆکی داهێنەری رۆژئاواشی گرتەوە.

وەك وترا ئەم زەینییەتانە مرۆڤی ئافرێنەر و کەسی داهێنەر تووشی گرفت دەکات، چونکە داهێنان بەردەوام بە شێوەیەکی دیالێکتیکی لەگەڵ مێژوو و ئێستەی خۆیدا پێوەندیی هەیە و بەرەو ئایندە دەڕوات، بەڵام لەلای ئێمە کە سوننەتەکان و ئەو شتانەی وا بە مێژووەوە بەستراونەتەوە، پیرۆز دەکرێن و جەختێکی زۆر لەسەر پاراستنیان دەکرێت، دیسان لە نرخی داهێنان کەم دەبێتەوە و تەنیا ڕووی لە ڕابردوو دەکرێت. حەز دەکەم نموونەیەك بهێنمەوە؛ لەپاڵ ئەو فاکتەرە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی بۆ غیابی داهێنان و نەبوونی هیچ دەقێکی کوردی لە چەند سەدەدا باسی لێکراوە من دیدی هەڵە سەبارەت بە داهێنانیش بە گرفت و لەمپەرێك دەزانم و ناکرێت تەنیا بڵێین ئێمە ئەدەبمان بووە، بەڵام لە مێژوودا فەوتاوە(ڕەنگە بۆمان گرنگ نەبووبێت وا نەپارێزراوە)، یان بە زمانی عەرەبی نووسراوە، جگە لەوەی بە دروستی دەوترێت عەرەبی زمانی زاڵ و پیرۆز بووە، دەبێت دیسان بپرسین بۆچی کورد هێندە کەم بە عەرەبیش نووسیویە و هێندە بێ سەرنج بە داهێنان بە زمانی کوردی بووە؟ بەدەر لەم خاڵە دەرەکییانە، دڵنیام ئەگەر دیدێکی دروست سەبارەت بە داهێنان لە ناوخۆی کۆمەڵگەی کوردیدا ببوایە ئەو کەسانە بە کوردیش دەیاننووسی، من ئەمە لە ڕوانینێکی ناسیۆنالیستییەوە ناڵێم و تەنیا دەمەوێت بڵێم یەکگرتنی ئەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و ئەو قەرائەتە ئایینییەی لای ئێمە بووە داهێنان و ئەدەبی بێ بەها کردووەتەوە بۆیە یان نەنووسراوە یان بە عەرەبی نووسراوە؛ ئەو عەرەبی نووسینەش خۆی مەعلوولی ئەو ڕاڤە وخوێندنەوە زاڵ و هەڵەیەیە نەك عیللەتی غیابی داهێنان لە چەند سەدەدا، ئەگینا خۆ فیردەوسی و حافز کافر نەبوونە کە بە فارسی نووسیویانە.

بە هەرحاڵ ئەگەر لە وەها زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بۆ داهێنانی کوردی و ئەو سەرەتایانەی کە زۆریش دوور نییە، بڕوانین و یەکەم خۆ پیشاندانەکانی لە شیعردا ببینینەوە، کەسەکان تا ڕادەیەك بە لادانێك خەریکی داهێنانن، بەو مانایە کە یان ئەو ئیپیستمە زاڵە(وەك فۆکۆ دەڵێت) لە بەرچاو ناگرن، یان ڕاڤە و سترەکتۆری دەسەڵات تا ڕادەیەك گۆڕاوە، کە ئەمەیان لە ڕاستتر دەچێت. بە هەر حاڵ پاش دەستپێکردنی تەجرەبەی میرنشینی(بە تەقلید لە دەسەڵاتی ناوەندیی تورك و فارس کە پشتگیرییان لە نووسەر و شاعیر دەکرد)، کۆمەڵێك کەس لە ناو ئەو میرنشینانەشدا دەروویان بۆ دەکرێتەوە بێن و دەس بدەنە داهێنانی ئەدەبی. هەڵبەت لە نەستی ئەو دەقانەوە(بڕوانە مەلای جزیری و مەولەوی و مەحوی و...) دەردەکەوێت هێشتا شتانێك لە دید و تەفسیری پێشوو سەبارەت بە داهێنان، لای داهێنەر ماوەتەوە و دەربازبوونی تەواوەتی نەکراوە،

بۆیە زۆرجار دەبینریێت شاعیر و نووسەری کلاسیکمان بەردەوام هەست بە گوناە دەکات، یـان زۆرجار دان بەوەدا دەنێـت داهێنەرێکی وەها نییە کە بۆ نموونە جوانییەکی جوانتر و سـەرتر لە سروشت بخولقێنێت، یاخۆ لەگەڵ خودادا، وەك بوونەوەرێکی پێشبڕکێکەر دابینێن. هەموو ئەمانە و ئەو مەدح و ستایشەی کە هەم لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەم لە ئەدەبیاتی فارسیدا نموونەیان زۆرە، جگە لە بواری بڕوایی و عیرفانی و سوونەتی ئەدەبی، پێشـانی دەدات خۆیشیان هەندێجار وەهایانزانیوە چما تاوانێکیان کردووە و بەمە پاکانە بـۆ گوناە و تاوانەکانیان دەکـەن، کە تاوانی داهێنانە. یان بە بارێکی دیکەدا وەسـفی بەردەوام و پۆزەتیڤی بەهار و سروشـت جگە لە بابەت و سوننەتێکی ئەدەبی، دەرخەری ئەوەشـە کە داهێنەر خەریکی کەفارەدانە. باسـمان لەسـەر ئەوە نییە سروشت جوانترە یـان دەقێك، باس لەوەدایە کە خودی ئەم پرسـیار و هاوکێشـەیە هەڵەیە و نابێت بەو ئاراسـتەیەدا بپرسرێت و ئەو دوو جوانییە بەراورد ناکرێن، بەڵام کە ئەو هاوکێشەیە ساز دەبێت داهێنان زیانی گەورەی لێ دەدرێت. ئەگەر وەك لاکان بۆ مەیل بڕوانین. بە کورتی من پێموایە بەشـێکی زۆری ئەو ئەدەبەی ئێمە مەیلی ئەو گوتارە و مەیلی چین و توێژی دەسـەڵاتدار بووە، چینێك کە داهێنان و گۆڕانی پێ گەورە و پەسـەند نەبووە، هەڵبەت من ئیستسـنایەك وەك بەشێکی ئەدەبی فۆلکلۆر و هەندێك لە بەیتەکان بە لامەوە لەو دۆخە دەردەچن کە بەو ئیستسنایەوە خودی ئەو گشتییەتە(ئەدەبی کلاسیکمان) شوناس بە خۆی دەدات. بە هەرحاڵ، ئەم قۆناغە تا دێینە دنیایەکی لە مۆدێرن چوو و تا ئەو کاتەی دیـاردە مۆدێرنەکان بەرەورووما‌ن دەکرێنەوە، کەم و زۆر بەردەوامە، واتە بارودۆخێك کە داهێنان و ئافراندنی مرۆیی تێیدا بەهای واقیعیی نییە.

**پرسـیار: لە ڕوانگەی ئێوەوە، ئەو بەربەستانە چین کە دێنە بەردەم ئافراندن؟ هاوکات ئافراندن بەهۆی بەربەسـتەکانەوە دەوەسـتێنرێت، مەبەسـتم ئەوەیە: ئایا تاکەکان، یان گرووپ یان کۆمەڵگە، دەتوانن ڕێگری لە خۆناساندنی ئافراندن بکەن؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** قسـەکردن لەسـەر ئەوەی ئێستە بەربەسـتەکانی داهێنانی ئێمە و بارودۆخی داهێنان چۆنە، ڕەنگە قسـەکردنێکی زۆر گشتیی لێ بکەویتەوە، یان با بڵێین بگەین بە هەندێك دەرەنجامی گشـتیی کە ئەم دەرئەنجامانە لەدواییدا، ڕەنگە نەتوانن دۆخێکی کەیفیمان بە نیسـبەتی داهێنانەوە بۆ سـاز بکەن. بەڵام ئەگەر لە درێژەی ئەو قۆناغەیدا کە باسـمکرد بڕوانین، دەبینین لە سـەردەمێکدا هەوڵ دەدرێت نرخ و بەها بۆ داهێنان بگەڕێتەوە، دەتوانین ئەم هەوڵە بە جۆرێك لە سەرەتای نزیکبوونەوەی کۆمەڵگە

لە مۆدێرن بوون بدۆزینەوە و ئەو کات هونەر و داهێنان بەرەبەرە سیکۆلار دەکرێتەوە، من بۆ خۆم پێموایە هەوڵێك کە کەسانێك وەکو «گۆران» داویانە بۆ نویٚ کردنەوەی ئەدەبی و هونەری،(سەرەرای ئەوەی دەکرێت لە ناخودئاگادا هەندێك رەهەندی سوننەتی و تا رادەیەك لە ژێر هەمان گوتاری زاڵی ئایینیدا بدۆزینەوە) روویەکی هەوڵدانە بە ئاراستەی سیکۆلارکردن و زەوینی کردنەوەی ئافراندن و داهێنان، ئەمەش ناراستەوخۆ ترازانە لەو زەینییەتە هەڵەیەی بە نیسبەتی ئافراندن و کاری تازە و بیدعەتەوە هەبوو، بۆیە من جیاوازییەکی قووڵ دەبینم لە نێوان وەسفی عەینی و سیکۆلارانەی سروشت لای گۆران و زۆرینەی شیعری کلاسیك کە ترس لە گوناه تێیدا زاڵە هەر چۆن دیدی گۆرانیش بۆ سروشت جێگەی رەخنەیە، بەڵام بە رای من گۆران زیاتر نزیکە لە سروشت وەك خودی سروشت. لە هەرحاڵدا، لەو سەردەمەدا هەندێك لە بەها و نرخەکانی داهێنان کە پێشتر لێی سەندرابووەوە، بۆی دەگەرێتەوە و ئەمجار ئەمێنێتەوە پێوەندییەکی راستەوخۆتری داهێنەر لەگەڵ هەستی و دنیادا، پێشتر کە داهێنەری ئێمە لەگەڵ دنیادا بەرەورووو ئەبووەوە، لەگەڵ واسیتەیەکدا یان بابڵێین بارودۆخێکدا بەرەوروو ئەبووەوە کە ئەبوایە بە جۆرێك رەچاویان بکات یان ئەبوا لە بەرانبەر هەندێك لەو فێرکارییە ئایینییانە چاوی بنوقاندایە، یان بهاتایە لە فیلتێری ئەوانەوە سەیری کارەکەی خۆی و هەستیی بکردایە. بەڵام بە سیکۆلار بوونەوە و زەوینی بوونەوەی داهێنان، داهێنەر ئیمکانی بەرەوروو بوونەوەیەکی سەربەخۆتر و واقیعی تری لەگەڵ دنیادا دەبێت، یان لانی کەم واسیتە - لە زۆر کاتدا ئایدیۆلۆژیا - و ناکۆکە دەگۆردرێت. ئەمجۆرە بەرەورووبوونەوەیە سەرەرای ئەوەی هەندێك ئیمکان دەدات بە داهێنەر، تووشی هەندێك گرفتیشی دەکات. ئەویش پێویستیگەلێکە دنیای مودێرن دەیخاتە ئەستۆی، پێوستیگەلێك وەك ئەوەی تۆ ناچاریت جەخت لەسەر نوێبوون بکەیت، نوێبوونێکی رۆژانە. ئەم نوێبوونە بەردەوامە کە بە لای نالییەوە کەڵکەڵە نەبووە، بە لای کەسانێکی مۆدێرنەوە دەبێت بە کەڵکەڵە و پێوەر و تا ئێستەش خۆی درێژ ئەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە، بارودۆخگەلێکی دیکەش هەیە وەك هەندیٚ دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نویٚ کە ئەبێت داهێنەر وەڵامیان پیٚ بداتەوە، بۆ نموونە ئەو کاتانەی گوتاری سیاسی داوای ئەوە دەکات کە تەعبیر و تەئویلی سیاسیی خۆت بە نیسبەتی کۆمەڵگەوە دەرببریت یان با بڵێم تەعەهود و دەرەوەستیی سیاسیت هەبێت و واقیع وەك ئەو شتەی ئایدیۆلۆژیا دەڵێت دەربیریت، ئیتر ئەمجار داهێنان بە ناوکۆییەکی دیکەوە ناچار دەکرێت. ئەمانە ئەو شتانەن زۆرجار وەکو بەرگرن و هەندێجاریش پێویستیی سەردەم، با بڵێین ئەو واقیعەن کە لە بەردەم تۆدا دەوەستن، تۆش بۆ داهێنانی خۆت ناچاری ئاوریان لیٚ بدەیتەوە و تەکلیفی خۆت لەگەڵیاندا روون

بکەیتەوە. با لەمە بگەڕێین، چونکە زۆر شـتی دیکە هەن کە کاریگەرن و ڕەنگە ئاستی باسەکە دابەزێنێت. بەڵام بە کورتی بارودۆخی سیاسیی و ئابووری(ئەوشتەی مارکس بە ژێرخان ناوی دەبات) و دەسـەڵاتە ئامادەکانی کۆمەڵگە(ئەو شتەی فوکۆ بە گوتار ناوی دەبات) کاریگەریی هەیە لەسـەر ئەوەی داهێنان بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات، داهێنەریش پەروەردەی ئەو بارودۆخەیە و بەرهەمەکەشـی تارادەیەك پەرچەکردار بەو بارودۆخەیە کە تێیدا دەژی، ئەمە بەو مانایە نییە کە سـەد لەسـەد پێوەندییەکی یەك بە یەك لە نێوان ئەمانەدا(کۆمەڵگـە و دەقدا) هەیە، یانی وانییە بڵێـین، چونکە تۆ زادەی ئەم کۆمەڵگە و هەلومەرجەیت، ئیدی بەرهەمەکەشـت دەقاودەق ئاوێنەیەتی و ڕەنگدەرەوەی سـەد لە سـەدی دۆخەکەیە، من لەسـەر ئەم بڕوایە نیـم، بەڵام بۆ تێگەیشـتن لە هەلومەرجی داهێنـان، ئەبێت پاش بەرهەمەکان ئاوڕبدەینەوە لەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئابوورییانەی کە کەسانی داهێنەر تێیدا داهێنانیان بووە.

**پرسـیار: ئەگـەر کەمێـك ورد ببینەوە بۆمـان دەردەکەوێت بەشـی زۆری ئەوانەی هاوکات شیعر و ڕەخنەشیان نووسیوە، دەقە شیعرییەکانیان جوداوازتر و قووڵترن لە هی ئەوانیدیکە، دەکرێت لە بارەی ئەزموونی(ڕەزا عەلی پوور)یش وەها بڵێین؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** با سەرەتا ئەوە بڵێم من بەو مانا ناسراو و پرۆفیشناڵەی لە ڕەخنەگر هەیـە، کاری ڕەخنەییم نەکردووە، بەڵام ئەمە ناشـارمەوە، پاش ئـەدەب، هۆگرییەکی سـەیرم بـە ژانرێکەوە هەیە کە ناوی قەتعـە، یان(گزینە گویە)ی لێنـراوە و حەزدەکەم لەوێداوە دیدێکی ڕەخنەییم بۆ چەمکەکان و خۆم و دەوروبەرم هەبێت، پێشم وایە مەرج نییە ئەوەی شـاعیرێکی باش بێت، حەتمەن دەبێت لـە بوارێکی ڕەخنەییدا ئیش بکات، بەڵام لەم سەردەمەدا کە پێموایە شیعر و ئەدەب قاییمترین سەنگەرە بۆ ململانێ لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەی مرۆڤ بەرەو بوونێکی خاڵی و بۆش دەبەن، بوونی دیدی ڕەخنەگرانە بە لای شـیعر و شـاعیرەوە ئەتوانێت زیاتر لە حەقیقەتی شـیعری و شیعرییەت نزیکی بکاتەوە، بەڵام دیارە ئەم دیدە ڕەخنەییە لە شـیعردا بە میکانیزمێکی جیادا تێدەپەڕی، هاوکات هەندێك جار ڕیسکێکە بۆ شیعریش، لێرەدا ئەمێنێتەوە سەر توانایی و بەهرەی شـاعیر کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لەسەر ئەو بڕوایەشم تەنیا دیدی ڕەخنەگرانە و بە ئۆپۆزیسـیۆن کردنی ئەدەب نییە کە جوداوازی و قووڵبوون بدات بە شـیعر، بەڵام بۆ من گرنگە کە شـیعر هـاوکات هەم تێڕامانی(تاملی) بێت و هەم هەسـتیارانە و بە سـانایی نەکرێت بە کاڵایەکی پێشـەی کلتوور، ئەمەش ئـەوکات دەکرێت کە دیدێکی

ڕەخنەگرانەی هەبێت و بە سانایی قووت نەدرێت.

**پرسـیار: موزیك و واتای شیعرەكانی ئێوە ناوەكیین، نەك دەرەكیی، واتە لە قووڵایی دەقەكانتان خۆیان مانیفیسـت دەكەن، پێڕەوكردنی ئەم شێوازەیش زیاتر لە لای ئێوە و كوردە تاراوگەنشینەكانەوە ئیشـی بۆ كراوە. ئەم حاڵەتە لە(قاڵبیەك دەناسم لە هەرچی گوڵیەتـی ماندووە)دا بە تەواویی ڕەنگی داوەتـەوە. جوداوازییەكانی دەقی ڕووكەش(لە هەموو لایەنێكی پێكهاتەكەیەوە) و دەقێكی قووڵبووەوە لە چیدا دەبینیت؟**

**ڕەزا عەلـی پـوور:** ڕەنگـە ئەمە بگەڕێتەوە بـۆ چۆنییەتیی ڕوانینی من بۆ شـیعر بە شـێوەیەكی گشـتی و مۆسـیقا بە تایبەتی و مۆسیقا لە شـیعردا بە تایبەتیتر. من پێموایـە هونەرەكان ئەگەرچی بوونێكی جوایەز دەژیـن، بەڵام لە دواجاردا دەربڕینێكی هاوبەشیشیان هەیە و دەتوانن لەسەر یەكتریدا كاریگەریی دابنێن، لێرەوە شیعر هەرگیز ناتوانێت بیَ سەرنج بێت بۆ هونەرەكانی دیكە، ئەمەش تەنیا مۆسیقا ناگرێتەوە، بەڵكو دیكەی هونەرەكان و سینەما و تەنانەت فەلسەفە و زانستیش دەگرێتەوە، دیارە وەك چۆن لە دەڤەری شیعردا كۆمەڵێك گۆڕانی گەورە كراون، لە دەڤەرەكانی دیكەشدا هەروابووە، لەبنەڕەتدا دەتوانین بڵێین شۆڕشـی نوێبوونەوەی شـیعری لە هەموو شوێنێكدا بەشێكی شۆڕشـكردن بووە لە مۆسـیقا و كێش و وێنەی شـیعری و چۆنییەتیی وێنە دارشـتن، هەروەها مەعریفەیش، كەواتە ئەتوانین بە شیكاریی ئەو گۆڕان و تازەكردنەوە ئەدەبییانە بە سـانایی لەوە تێبگەین، دەبێت گۆڕانێك لە مەعریفەی تۆدا سـەبارەت بە هەستی و جیهان ڕوویدا(فەلسـەفە)، گۆڕانێك لە دیدی تۆ سـەبارەت بە كێش و مۆسیقای ناوەكی و دەرەكی(مۆسـیقا) و شـێوەی وێنەسـازی و خودی وێنە(وێنەگری و سینەما) ڕوویدات تا بتوانیت بە نوێكردنەوە هەڵبسـتی، لێـرەدا نامەوێت بڵێم هەموو نوێكردنەوەیەك بە یەكجار و هاوكات دەبێت هەموو ئەو لایەنانە ڕەچاو بكات، مەرج نییە هەمیشە وابێت، بەڵام پێموایە ئەو گۆڕانانە نابێت لای شـاعیری نوێخواز پشتگویَ بخرێن. وەك چۆن من پێموایە(گۆران) ئەو شاعیرەیە كە شێوەكاری و ڕەنگ و جوزئی بینییەكەی تەنیا لە پاش هاتنی كامێراوەیە پێی دەگات، واتە وێنەی شـیعری لای گۆران ئەوكات دەگۆردرێت كە دیدی جیهان سـەبارەت بە وێنە گۆڕاوە، ئەمەش سەنعەتی كامێرا و شێوەكاری دەیكات، ئەگەرچی لەسـەردەمی (گۆران)دا وێنەی ڕەنگی نەبـووە، بەڵام دەبینین وێنە لای گۆران ڕەنگـی هەیە و تا ئێسـتەش - بە ڕای مـن- ڕەنگیترین وێنە شـیعرییەكانی كوردیی نووسـیوە، دیارە ناكرێت بڵێین پێش گۆران ڕەنگ لە وێنە شـیعرییەكاندا نەبووە، بەڵام

ئەمە تەنیا لای گۆرانە کە ڕەنگ ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووسساز دەگێڕێت. بە هەرحاڵ، دەبینین لە وێنەسازیی شیعری کلاسیکدا، دیدێکی مینیاتۆرانەی ڕووبەر دیتوو و زەینی زاڵە، لە گۆران بەملاوە وێنەی شیعری زیاتر عەینی دەبێتەوە، لە بزووتنەوەی ڕوانگە و کفری بەملاوە ئێمە کۆمەڵێك فوتۆ دەبینین کە هەندێك جاریش کامێرا دەجووڵێت، لەملاترەوە من منداڵی سەردەمێکم کە چاوم بە تیڤی و سینەما پشکوتووە، بۆیە زیاتر لە ڕەسم و فۆتۆ، ئەمە وێنەی سینەماییە(بە جووڵە و ڕەنگاو ڕەنگییەوە) سوودی لێوەردەگرم و کاریگەریی لە سەرم دەبێت، ئەمە بە نیسبەتی مۆسیقاشەوە هەروایە، گوێی کەسێکی وەك من بە هەندێك دەنگ و مۆسیقا کراوەتەوە کە لە سەردەمی گۆراندا نەبووە، هەروەها دەبینین پێشتر ئەگەر لای نالی و شاعیرانی کلاسیك دەنگی سروشت و مۆسیقای سوننەتی هەبووە، شیعریش زۆر لەوە ناترازێت، لای گۆران بە چەند دەنگی جوداوازتر دەگەین؛ مۆسیقای کلاسیك و سروود و...، لە ڕوانگە بەملاوە سروود و مۆسیقای ڕۆمانتیك و هەندێك جار مودێرن لە مۆسیقای شیعرەکاندا دەبیستین، کە جوداوازن لەو دنیا هێشتا ئارام و هێورەی گۆران، چونکە لە ڕوانگەییەکان بەملاوە، ئیدی شاخ و سروشت تەنیا دەنگی با و هاژەی ئاو و... تێدا نییە، بەڵکو دەنگی فیشەك و گوللەی دەبابە و بۆمباش لە پاڵ سرووددا هەیە، هەرچەند من پێموایە لە ناخودئاگادا ئەو شاعیرانە هارمۆنیی ئۆرگانیکیان گەلێك بەلاوە گرنگ بووە، بۆیە لە دواجاردا ئێمە مۆسیقایەکی ڕیتمێك و هاوئاهەنگ لە شیعرەکانیان دەبیستین، بەڵام من بۆ خۆم ئەوەندە هارمۆنی و هاوئاهەنگی و هاورێتمیم بۆ گرنگ نییە، ئەمە بەو مانایە نییە کە حەتمەن دەبێت ئەو شاعیرانە گوێیان لەو مۆسیقایانە گرتبێت و ئاگاداریی تەخەسوسییان لەو مۆسیقایانە بووبێت، بەڵام دەنگ و ئیقاع کە ئەگۆردرێن، بێگومان شاعیری هەستیار و حەساس ئەو دەنگانە دەقۆزێتەوە و بە شێوەی تایبەتیی خۆی ئاوریان لێ ئەداتەوە، ئەم باسانەش پیوەندیی بەسەر جوانیناسییەوە هەیە و من بڕوام بە جوانیی هاوسەنگ و هاوکێش(متقارن و متوازن) لەم سەردەمەدا نییە، بەڵام هەست دەکەم بەشێکی بەرچاوی ئەدەبی ئێمە تا ئێستەش هاوسەنگی و(ناوەند)ی لە جوانیدا بۆ گرنگە. هەڵبەت مەرج نییە گۆرانی شیعری هەمیشە پێبەند بێت بە گۆران لە هونەرەکانی دیکەدا دیارە ئەم باسانە گەلێك لێدوانی زیاتری پێویستە، دەکرێت لە بنەرەتدا ئەم پرسە ڕەفز بکەنەوە کە شیعر و هونەرەکان پیوەندییان لەگەڵ یەکدیدا هەبێت، یاخۆ ئەو دابەشکارییانەی لێرەدا کردم، کەسێك بە هەڵەی بزانێت، سەرەرای ئەوەی بڕوام بە دروستبونی ئەم ڕا و سەرنجانەم هەیە، بەڵام لێرەدا پێداگرییەکی زۆر لە دەقیق و وردبوونیان ناکەم، وەك چۆن مەبەستیشم قسەکردنی بێ بەرپرسایەتی نەبووە، تەنیا لێکدانەوەی خێرای خۆم بۆ

ئەو پرسە دەربڕیوە کە بیرم لێ کردووەتەوە و حەزیش دەکەم کەسانی دیکە زیاتر لەو باسە بدوێن، چونکە پێموایە ئەم چەشنە لێکدانەوەیەی شیعری کوردی، ئەتوانێت جگە لە شیعر هەندێ شتی نوێ بە سینەما و مۆسیقامان بدات و خوێندنەوەی سەرنجڕاکێشیشی لێدەکەوێتەوە. سەبارەت بە خۆشم، من لە ڕێگەی خوێندنەوە و دیتن و بیستنی کونجکۆڵانە و هەروەها پێوەندیم لەگەڵ هەندێك هاوڕێی موزیسیەن و دەرهێنەر و شێوەکارەوە، دیدم بۆ مۆسیقا و وێنە لە نێو شیعردا بیچمی گرتووە، کە بە داخەوە تا ئێستەش هەرگیز دیدێکی کامڵ و یەکانگیر و یەکپارچە نەبووە، بۆیە ڕەنگە دەرکەوتەی جوداوازیشی لێ بکەوێتەوە. هەڵبەت ئەمەشمان لە بیر نەچێت ئاهەنگی ژیان و ئیقاعی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ لە ئاهەنگی - بۆ نموونە - سەردەمی نالی و گۆران جوداوازترە و هەر ئەمەش کاریگەریێتی لەسەر مۆسیقا دادەنێت، بەڵام لێرەدا ئەمێنیتەوە سەر ئەوەی شاعیر چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو گۆڕان و زانیاریانەدا دەکات. بەشبەحاڵی خۆم لە ئێستەدا زیاترین هاوڕێکانم کەسانی دەرهێنەر و موزیسیەن و شێوەکارن، هەر ئەمەش بۆ من وەك بەختێك بووە تاکو بە دوای هەندێك ڕەهەندی پێویست و بە کەڵکهاتوو بۆ گۆڕانی شیعریی خۆم بگەڕێم و زانیاریم ببەمە سەر و کاریگەریتییەك لەمبارەیەوە دیاربکەوێت لە شیعر و چیرۆکمدا، با ئەوەشمان لە بیر نەچێت؛ چەندە ئێمە ڕەهەندی هاوبەش لە نێوان مۆسیقا وەك هونەرێك یان وێنە و سینەما لەگەڵ وێنە و مۆسیقای شیعریشدا بدۆزینەوە، شیعر بە شێوەی تایبەتیی خۆی ئەو توخمانە دەتوێنێتەوە، بۆیە دەبینین لەوێدادا کە مۆسیقا ئەیەوێت بە تەواوەتی بەر گوێ بکەوێت، لە شیعردا لای من دەیەوێت مۆسیقا هاوکات ببێت، بەڵام بشاردرێتەوە، یان لەوێدادا کە سینەما بەرەو کادر و قاپگەلێکی کامڵ و شەفافییەت(بە تایبەت لە فیلمە هۆلیودییەکاندا) لە وێنەدا دەڕوات، وێنەی شیعر لای من لە عینییەت ڕادەکات و وێنەگەلێکی زمانی دەخولقێن لە شکاندنی ئەو وێنانە و تەنانەت لەتوپەتکردنیانەوە تا سەر سنووری بریکۆلاژ دەڕوات، ئەمەش زیاتر لەوەی لەگەڵ وێنە سینەماییەکانی ئەمڕۆدا یەکبگرێت، نزیکایەتیی لەگەڵ وێنەی سینەمای ئەمپێرسیۆنیزمی ئەڵمانی و شەپۆلی نوێی فەرەنسەدا هەیە، ئەم وتەیە بە مانای دژوازی لەگەڵ وتە پێشووەکانمدا نییە کە باسم لە جۆرێك لە یەکانگیریی کرد، چونکە لێرەدا من دەست دەکەم بە هەڵبژاردن و بە ئاگایی لەوەی کە ئەمڕۆ لە سینەمادا چ جۆرە وێنەگرتنانێك زاڵترە، پشتی لێدەکەم ،(وەك چۆن ئێمەی کورد لە سەردەمی کلیپ و تیڤیدا هێشتا گوێ لە مۆسیقای سەردەمی هاتنی ڕادوێ دەگرین و حەقە) ڕەنگە بۆ شاعیرانێکی دیکە ئەم هەڵبژاردنە ئاگایانە شتانێکی دیکە بێت. هەرچەند من پێموایە ناسین و زانیاریی بەشێکی زۆری ئەدیبانی ئێستەی ئێمە لەسەر خودی ئەدەب و ئەدەبی

جیهان، گەلێك هەژارانە و کەمە و نائاگا بێ سەوادن چ بگات بەوەی ئاستی ئاگایی و خوێندەواریی مۆسیقایی و سینەمایی و شێوەکارییان و... ببەنەسەر. دیارە لەم بارەوە دۆخی نووسەر و شاعیرمان لە هونەرمەندان زۆر باشترە کە هەر دەڵێی باسانی تیۆریك و جوانیناسی و مودێرنیزمی هونەری و... هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە.

بە نیسبەتی شاعیرانی دەرەوەی کوردستانیشەوە، ئەگەر ئەو گۆڕانە لە مۆسیقای شیعرییاندا هەبێت، بە لای منەوە سروشتییە و هەر دەبێت جوداواز بێت، لانی کەم هۆکارێکی سادەی ئەمەش دەتوانێت گۆڕینی ئیقاعی ژیان بێت(بەو شێوەیەی بۆدلێر باسی دەکات) لای ئەو کەسانە، ئەمە جگە لە هەڵبژاردنی ئاگایانە و هۆشیارانەی خۆیان کە دەور دەبینێت.

**پرسیار: خوێنەر ئەگەر تەواو وردبێتەوە لە کتێبی(قاڵبێك دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە)ی ئێوە، پەی بە قووڵ روانین و زمانێکی تۆکمە دەبات، لە پاڵ ئەمانەیشدا کۆکردنەوەی وێنەگەلێکی چڕ لە چەند دێڕێکی کورتدا، هیی لەمانە، فۆرمیش پڕیەتی لە سیمبۆڵ. هەبوونی ئەم باڵاییە لە(قووڵ روانین) لە شتەکان و(زمانی تۆکمەی دەق) و(وێنەگەلی چڕ لە دێڕی کورتدا)، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەتای خوێندنەوەتان بەرفراوان بووە، هاوکات وردبوونەوەتان لە چەمکەکان و دەوروبەر بووەتە هۆکاری ئەوەی کە(قاڵبێك دەناسم...) هێندە کاریگەر بکەوێتەوە، یان چی؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** با سەرەتا ئەوە بڵێم حەز ناکەم لەسەر ئەو کتێبە بە وردی بدوێم، ئەمەش بە چەند دەلیل؛ یەك: ئەو کتێبە تەجرەبەیەکی تایبەت بوو، ئەم ماوەیەش هەوڵم ئەوە بووە تێیپەڕێنم، هەڵبەت پێموایە ئێستەش گەلێك پێشنیازی شیعریی تێدایە کە ئەتوانن لانی کەم چەند هەنگاو(گەورە، یان بچووك) شیعر بەرەو پێشەوە ببەن، بەڵام خۆم دەمەوێت لە شوێنێکی دیکەوە دەست پێ بکەمەوە، هەرچەند دەزانم لە دواجاردا جۆرێك بەردەوامیێتی دەبینرێتەوە. دوو: لەبەرئەوەی کەسانێکی دیکە، کەم تا کورت باسیانکردووە حەزناکەم خوێنەر خوێندنەوە و ڕاڤەی من لە چاو ئەو خوێندنەوانە بە دروستتر دابنێت، هەروەها پێم خۆش نییە جەهەت و ئاراستە بدەم بەو خوێندنەوانەی ڕەنگە لە داهاتوودا لەسەری بکرێن، سێ: سوننەتێك لای ئێمە بەری بە نووسەر گرتووە کەمتر لە فۆرمی دەقی خۆی بدوێت، یان بە شەرمەوە بدوێت، ئەم سوونەتە زیانهێنە و نامودێرن، زۆرجار هونەرمەند و داهێنەری مودێرن فۆرمی بەرهەمی خۆی تەوزیح داوە ئەمەش دەبوا لە(گۆران)ەوە دەستی پێبکردایە وەك نیما، بەڵام نیما کردی و گۆران نا، نەبوونی سوننەتی

دووان لەسەر بەرهەمی خود وایکردووە یان هیچ نەڵێین یان کاتێ ئەدوێین زۆر نارسیستی و ناتیۆریك و زیاتر لەسەر خۆمان بدوێین ئەمەش وەك پەرچەکردارێکی دەروونی، چما ئەگەر وا نەدوێین پێمان بووترێت بەرهەمەکەمان بێبایەخە. ڕەنگە ئەمە بەر بە منیش بگرێت تا بە شێوەی کۆنکرێت لەسەر ئەو کتێبە نەدوێم، بەڵام با بە شێوەیەکی گشتی لێرەوە دەست پێ بکەم، هاوڕێیەکی دەرهێنەرم(دەرهێنەری سینەما) وتارێکی لەسەر ئەو کتێبە شیعرە نووسیوە و لەوێدادا باس لە کەڵك وەرگرتنی شیعرەکە دەکات لە هەندێك تەکنیکی سینەمایی بۆ وێنەگرتن و... حەزدەکەم لێرەوە باس لە شتێك بکەم کە ڕەنگە نەتوانم زۆر بە وردی شی بکەمەوە. بڕوانن، من پێموایە هەر شیعرێك لە یەکەم هەستی شاعیرەوە کە بە هەستی یەکەم دەناسرێت، تا کۆتاییی شیعرەکە کۆمەڵێك ئیمکان و دەرفەتی لەبەردەمدا دەخولقێت و کۆمەڵێك سنووردارێتی و ئاستەنگیش دێنە بەردەمی کە زەرفییەت و پتانسییەلی شیعرەکە دیاری دەکەن، بە نیسبەتی ئەو کتێبەوە پێموایە ئەو زەرفییەت و پتانسییەلانە تێیدا بە شێوەیەکی بە جێ ڕۆڵیان بینیوە و توانیویانە دەقێکی زیندوو بەرجەستە بکەنەوە، بۆیە کەسێك بە دیدیکی سینەمایی و ئێوە بەو دیدەوە باسی دەکەن، ئەگەر بە تەساموحەوە شیعر بە لێکدران و دیالێکتیکی زەینییەت و دیدی شاعیر(وەك بوونەوەرێکی زیندوو) لەگەڵ زمان(دیسان وەك بوونەوەرێکی زیندوو) بزانین، دەبێت هاوکێشەیەك لێرەدا ساز ببێت و بگەینە ڕەهەندی سێیەم کە دەبێت ئەمەش زیندوو بێت. دواجار لە خوێندنەوەشدا ئەتوانێت ڕۆڵی جوداواز بگێڕێت، وەك چۆن لای ئێوە ئەو دەقە ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە و لای کەسێکی دیکە بە شێوەیەکی دیکە، هەڵبەت دیارە دەکرێت ئەمانە تەنیا بە ناوی ڕاڤە و خوێندنەوەی هەندێ کەس دابنرێن و بەس، بەڵام ئەمە سڕینەوەی ساختەییانەی پرسەکەیە. لێرەدا حەز دەکەم چەند خاڵێك باس بکەم کە بێ پێوەند نییە، بڕوانن؛ سەرەڕای ڕێزدانان بۆ خوێندنەوە و ڕاڤە جوداوازەکان، بە ڕای من دەقی سەرکەوتوو، یان نا سەرکەوتوومان هەیە، ئەم وتەیە چەندە سادەیە، بەڵام زۆرجار فەرامۆشی دەکەین و ڕەخنەی ئێستەشمان خۆی لە قەرەی ئەمە نادات، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم: دەبێت ڕەخنەگر ڕەخنە کورت بکاتەوە بۆ سەلبی و ئیجابی گوتن، بە پێچەوانەوە؛ مەبەست ئەوەیە بیری ڕەخنە بخەینەوە لەگەڵ دەقدا دەرگیر ببێت و بە شوێنێکی تازەترمان بگەیەنێت، بێگومان ئەو شوێنە نابێت خونسا و پەسیڤ بێت، لێرەدا ئەگەر حوکمێکیش لەسەر دەق بدرێت لە ڕەوتی خوێندنەوە و ڕەخنەگرتن و بە لۆژیکی ڕەخنەیی و دەلیل و بەڵگەوەیە، من پێموایە لۆژیکی ئەو ڕەخنەیەی کە بێ مەبەست شتی سەیر و بێ بەڵگە بارگاویی دەق دەکات، هەمان لۆژیکە کە کەسێك دەقێك لەخۆڕا ڕەفز دەکاتەوە، چونکە هەردووکیان زۆر سادە دەق

فەرامۆش دەکەن و لە دەرەوە یان لەسەرەوەی دەق ئەدوێن و ڕەخنە نادیاردە دەبێتەوە. بە ڕای من پاش خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی جددی، بمانەوێت یان نا، ڕەخنە دەچێتە نێو خانەی بایەخدانانەوە، هەرچەندە پێداگرییەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ڕەخنە تەنیا لە دەڤەری خەسڵەت دۆزینەوە و ویژەگیدا بمێنێتەوە، بەڵام ڕەخنە ناتوانێت نەچێتە دەڤەری بایەخی و ئەرزشییەوە، دیارە ڕەنگە لێرەدا ئایدیۆلۆژیا ئامادە بێت، بەڵام ئەو کاتەش خوێندنەوەی پەسیڤمان هەیە ئایدیۆلۆژیایەکی مەترسیدارتر بە دەمامکەوە دەردەکەوێت. ئەمە جگە لەوەی من هیچ نەکەوتوومەتە ناو ئایدیۆلۆژیاوە، ئەگەر بڵێم لەم چیرۆکەدا گۆشەدیدی گێڕەوەر هەڵەی تێدایە و کتوپڕ لە گێڕەوەری سنووردارەوە بە بێ هیچ پاساوێکی لۆژیکی داستانی، دەبێت بە گێڕەوەری هەموو شتزان، دیارە ئەم نموونەیە دەکەوێتە دەڤەری بووتیقاییەوە، بەڵام زۆرجار ڕەخنەگر لەمەش نادوێت. بە داخەوە جۆرێك لە ڕێژەگەریتی لە فەزای خوێندنەوەی ڕەخنەییی ئێمەدا هەیە کە بە ڕای من ئەمە دژ بە خودی ڕەخنە و داهێنانە، من بەمشێوەیە لە ڕێژەگەریتی تێگەیشتووم:(نابێت بە بێ شك و گومان و بە دڵنیاییەوە، بە دۆگما و موتلەقەکانەوە بنووسێین)، کەچی ئەوی لە پشت خوێندنەوەی ڕەخنەییمانەوە ئامادەیە، ئەمەیە: «هیچ حەقیقەتێك بوونی نییە و هەموو شتەکان لە ئاستێکدان و هیچ دەقێك لە هیچ دەقێکی دیکە باشتر نییە و تەنیا جوداوازن، بە پێی ئەمەش هەموو دەق و هەموو خوێندنەوەیەك جوداوازن، کەواتە ناکرێت بەراورد بکرێن»، ئەم لۆژیکە ئەگەر ئەوەندە ڕۆتینیش نەبێت، بەڵام ئەو کاتەی ڕەخنە «بڕیار» نادات واتە هەیە و بڕوای پێیەتی، ئایا فاشیزم، تەنیا لە دیمۆکراسی جوداوازە؟ ئەی ئەرکی ڕەخنە ئەوە نییە بڵێت فاشیزم(لەبەر ئەم خاڵانە) مەترسیدارە و دیمۆکراسیش ئەم گرفتانەی هەیە؟ بە ڕای من، لەو کاتانەدا وەك سلاڤۆی ژیژەك دەڵێت دەبێت بوێریی ئەوەمان هەبێت، تا ڕادەیەك(ڕەنگە لە دیدی ڕێژەگەرایەکەوە) دۆگمانە و ڕادیکاڵانە بجووڵێینەوە و بەرگری بکەین لە دەق و خوێندەنەوەی سەرکەوتووتر، هاوکات حەقیقەت و نا حەقیقەت وەك یەکتریی(یان تەنیا وەك جیاواز) نەبینین، هەر بە پێی ئەمەش، من پێموایە نابێت تەنیا لە ئاستی جوداوازبووندا بوەستین و لەدواجاردا نەگەین بەوەی کە ئیفلیجبوون یان سەرکەوتوویی دەقێك بسەلمێنین. پاش ئەم لادانە لە پرسیارەکە ئەگەر نەمەوێت ئەو ژێستە بە ڕواڵەت ڕۆشنبیرانەیە بگرم، سەبارەت بەو دەقە دەڵێم: من هەوڵم ئەوە بووە لەوێدادا و لە کۆمەڵێك نووسینی دیکەدا هەندێ پێشنیاری شیعریش بدەم و لە شیعرییەت و حەقیقەتی شیعری نزیك ببمەوە، یاخۆ بوارێك بڕەخسێنم بۆ ئەو شتەی ئالێن بەدیۆ ناوی ڕووداوی حەقیقەتی و لاکان ناوی ڕۆحی حەقیقەتی لێ دەنێت. من بڕوام بە بوونی حەقیقەت لە دەست نەداوە، ناڵێم لای من و ئەو دەقەیە، بەڵام هەوڵی

مـــن ئەوە بـــووە رووداوی حەقیقەت رووبدات. ئەمەش بە رای من ئەو کات لە شـــیعردا دەکرێت کە وەك گوتم هاوسـەنگییەك(هەڵبەت هاوسەنگی تەنیا لێرەدا) و دیالێکتیکی بەردەوام لە نێوان زماندا و لەگەڵ زەینییەتی شـاعیردا رووبدات، بە پێی ئەوەش شـیعر دەبێتە ئەو مەنزوومە بینیامینییە کە هەر کام لە توخمەکان و پاژەکان لە پێوەندییەکی دیالێکتیکـــی و زیندوودا دەبن لەگەڵ یەکتردا، واتە: وێنــە، زمان، فیکر و... جێگەی تایبەتی خۆیان دەگرن.

**پرســیار: نووسەرانی هەولێر و سـلێمانی، بە دەگمەن نەبێت ئاور نادەنەوە لە شیعری ئێـوە و هاوشـارییەکانتان، لە کاتێکدا ئێوە باش ئاگادارن لە شـیعری ئەوان. هۆکاری ئەم فەرامۆشـکردنە بۆ پێرگەرایی(شـارچییەتیی) دەگەڕێتەوە، یان ئەوەیە کە تا ئێستە نەتوانراوە تەواو نزیك بکەونەوە لە شیعری ئێوە؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** راسـتیتان دەوێت؛ نازانم چ هۆکارێکی لە پشـتە، دەبێت لە خۆیان بپرســن. وەك لە وەڵامێکی دیکەشـدا گوتـم؛ جۆرێك کەمتەرخەمـی و گوێنەدان بە هەندێك رووداوی جێ سەرنجی ئەدەبیی رۆژهەڵات، لای نووسەران و رەخنەگرانی باشوور دەبینرێـت، بەڵام ئەگەر وردتر بروانین ناکرێـت رەخنەیەکی وەها بگیرێت و بە رەخنەگر بگوترێـت: حەتمەن دەبێت ئاور لەو دەقانە بدەیتەوە، ئەمە هەڵەیە و ناکرێت. ئەتوانی و مافی خۆیەتی ئاوری لێ بداتەوە یان نا. هەرچەندە ئەم مافەش بۆ ئێوە هەیە بپرســن: بۆ ئاوری لێ ناداتەوە؟ وەك گوتم من ئەم وەڵامە نازانم و خۆیان باشـتر دەزانن، بەڵام وەك مەزەندە کردن ئەکرێت هەندێك خاڵ باس بکەم؛

**یەکەم:** هەســت دەکــەم کەمتەرخەمی و بێ ســەرنجبوونێك هەیە کــە لێرەدا وەك عیللەت، نەك مەعلوول، دەردەکەوێت. واتە بە نیسبەتی ناسینی ئەدەبی نزیك لە خۆی، کەمتەرخەمە و کونجکۆڵ نییە، نزیکبینە و دوورتر لە خۆی نابینێت.

**دووەم:** ئاوری لە ئەدەبی رۆژهەڵات داوەتەوە و بە رای ئەو شتێکی جێ سەرنجی تێدا نەبووە کە لە سەری بوەستێت، پێموابێت کەمتر وەهایە.

**ســێیەم:** رەنگە بە ئایدیۆلۆژیای ســود بینانەوە بڕوانێت و سوودێکی بۆی نەبێت تا خۆی بە دەقێکەوە خەریك بکات کە نە نووســەرەکەی دەبینێت و نە دەیناسێت، هاوکات نە ســوودێکی بۆی هەیە... ئەکرێت هەندێك لە باسەکە وردتر ببینەوە و بۆ هەرکام لەو مەزەندانــە کۆمەڵێك بەڵگە بدۆزینەوە، بەڵام هەســت دەکەم من شـیاوی ئەوەم نەبێت

لەسەر ئەو پرسە بدوێم، ئەو چەند خاڵەش تەنیا حەدس و مەزەندەن.

**پرسیار: زمانی نووسینی شیعری ئێوە بارگاوی کراوە بە(فیکر)، ئەمەیش بە شێوەیەك لە شێوەکان، لە نێو نووسەرە کوردەکاندا، تا ئاستی نەبوون، نییە. نووسەر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئیستیتیکیی - لە دەقێکی شیعرییدا - فیکر تەوزیف بکات، پێویستی بە چییە بۆ ئەوەی شیعر زاڵ بکات بەسەر فیکر، لە دەقە شیعرییەکانیدا؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** پێش هەموو شتێك با جوداوازییەك دابنێین لە نێوان فیکر و مەعریفەی شیعری و فیکر و مەعریفەی فەلسەفی یان کۆمەڵناسانە و... لە بنەڕەتدا بە ڕای من ئەو دوو مەعریفەیە لە یەکتریی جوداوازن، لەبەرئەوەی لەسەر ئەو باسە زۆر دواون، من لێرەدا ئەو باسانە دووپات ناکەمەوە، تەنیا دەڵێم فیکر لە شیعردا مەبەست نییە، بەڵام لە فەلسەفەدا داهێنانی مەعریفە مەبەستە و ئەگەر حەقیقەتیش مەبەست بێت، ئەوا حەقیقەت لەوێدادا و لە گوزەری مەعریفەوە وەدەست دێت، هاوکات ئەو حەقیقەتەش لە جنسی مەعریفەیە، با ئەوەش ڕوون بکەینەوە مەعریفەی شیعری یان فیکر لە شیعردا ئەوکات پێویست و گرنگە کە بتوانێت لە نێو ئەو مەنزوومە فۆرمییەدا لە جێگەی خۆیدا بێت و نەبێت بە توخمی زاڵ، هەموو ئەمانەش وەك گوتم دەبێت لە ناو فۆرمدا بتوێتەوە، وەك پێشتریش لە شوێنێکی دیکەدا گوتوومە؛ بۆ من لە شیعردا فیکر و مەعریفە تا ئەوێ گرنگە کە لە ئاراستەی گەیشتن بە حەقیقەتی شیعریدا(نزیك لەو مانایەی ئالێن بەدیۆ شیی کردووەتەوە) بێت، چونکە حەقیقەتی شیعری لە مەعریفە سەرتر دەڕوات، واتە ناتوانین ئەو ڕووداو- حەقیقەتە کورت بکەینەوە بۆ سەر مەعریفەیەك، یان چەند تەکنیکێك کە پاش ماوەیەك وەك فۆرمولێکیان لێ دێت. لێرەشدا دیارە هەستیناسی، جوانیناسی، شیعرناسی و توانایی شاعیر دەوری تایبەت دەگێڕن بۆ ئەوەی ئەو حەقیقەتە ڕووبدات، ئەمە بە مانای ئەوە نییە بڵێین شیعر هەمان سەودای فەلسەفەی لەسەردایە؛ واتە گەڕان بۆ حەقیقەت، شیعر دیاردەیەکی مەعریفیی ڕووت نییە وەك چۆن تەنیا جوانی و هەست و سۆزیش نییە، بەڵکو دەمەوێت بڵێم، شیعر تەنانەت ئەو کاتانەش حەقیقەتێکی بەدەستەوە نەبێت، لە «ڕۆحی حەقیقەت» بە کەشف و شهود و داهێنان و... پارێزگاری دەکات و دەریدەخات هەرگیز بە تەنیا نە مەعریفەیە، نە دیدیکی جوانیناسانەیە، نە مانایە، نە تەکنیکە، نە ناوەڕۆکە، هاوکات هەموو ئەمانەشە و هیچکامیان لە فۆرمی شیعریدا کورت نابنەوە و بە تەنیا بەرجەستە نابنەوە و مەعریفەی شیعریش قەت نابێت بەوەی وەك تیر و

دۆکتەرینە دەرببردرێت(بێهوودە نییە ئالتووسێر هونەر لە ریزی ئایدیۆلۆژیا دەردەکات). جاری وا هەیە ئەم حەقیقەتە شیعرییە وەك مالارمێ دەڵێت تەنیا ئیلقا دەبێت. بۆ من ئەم حەقیقەتی شیعرییە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئەو شتە لێڵ و دەستەمۆ نەکراوەدا نییە کە بە شیعرییەت ناوی دەبرێت، ڕەنگە لە هەندێك شوێندا تەنیا دوو ناوی جوداواز بن بۆ یەك شت، بەم جوداوازییەوە کە لێرەدا حەقیقەتی شیعری و شیعرییەت بە مانایەکی سانتیمانتاڵ قەت بوونی نابێت، بەڵام لە لای هەندێك ئەوکاتەی تەنیا و تەنیا بیر لە شیعرییەتی فۆرمیك دەکەنەوە، هەم شیعرییەت لە دەست دەدرێت، هەم بیرکردنەوە و حەقیقەت.

**پرسیار: کۆمەڵێك نووسەر لە بارەی(قاڵبیەك دەناسم...)ەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە، وتاریان نووسیوە، بۆ نموونە:(هەندرێن) و(ئەحمەدی مەلا) و(ڕەهبەر مەحموود زادە) و(سەردار عەزیز) و(هاشم سەراج) و چەند کەسێکی دیکەیش، ئەمانە هەر یەکێکیان و لە ڕوانگەی خۆیانەوە، هاوکاتیش هەر یەکێکیان لایەنێکیان هەڵبژاردووە و ئیشیان لەسەر کردووە. دواجاریش، هەر یەکێك لەو نووسەرانە، کەم تا زۆر دوورکەوتوونەتەوە لە ڕەخنە بێ ئامانج و پەسندکار و ڕەتکارەوەکان، بەو مانایەی دێڕێك لێرە، یەکێك لەوێ-یان هەڵنەبژاردووە بۆ قسە لەسەر کردن، بەڵکو باسیان لە خودی دەق کردووە. مەبەستەکانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی چین؟ جوانترین ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، لە بارەی ئەم ئەزموونەتانەوە نووسرابێت، کام نووسینە، هاوکاتیش بۆچی؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** وەك دەزانین لێکۆڵینەوە و ڕەخنە پێکەوە جیاوازن و ناکرێت هەموو کات لە خانەیەکدا دایانبنێین، بەڵام سەبارەت بە ڕەخنە، مەبەستی ڕەخنە بە شێوەیەکی سادە ئەوەیە وا سوبژەی ڕەخنەگر بە شوێنییەوەیە، کەواتە بە ڕێژەی هەر ڕەخنەیەك ئەوەندە مەبەستمان هەیە، بەڵام ئەوەی کە ڕەخنەی سەرکەوتوو دەبێت بە شوێن چ مەبەستانێکەوە بێت، دەمانباتەوە بۆ سەر ڕساڵەت و ئەرکی ڕەخنە، دیارە بە پێی جیاوازیی ڕوانگە و مەنهەجە ڕەخنەییەکانیش ئەمە جیاوازە و ڕەنگە باسێکی دووروودرێژی لێ بکەوێتەوە. لێرەدا من تەنیا لە هەندێ خاڵ باس دەکەم، بەرای من ڕەخنە ئەوکات سەرکەوتووە کە بەم خاڵانە بگات؛ یەکەم خودی دەقی ڕەخنەیی دەقێکی پاشکۆ نەبێت، واتە کاتێك ڕەخنەیەك دەخوێنینەوە چەشنێك سەربەخۆیی تێدا بێت کە پێویست نەکات ڕەخنەکە حاڵەتی پێوەبەستراوی بە دەقەوە بگرێت، پێوەندیی دەق بە جیهان و هەستییەوە چۆنە، دەبێت پێوەندیی ڕەخنەش بەدەقەوە وابێت، واتە ڕاستە دەق سەبارەتە بە هەستی و جیهان

و یان ولاتێــك و... بەڵام مەرج نییە بۆ ئەوەی پێوەندی لەگەڵ بەرهەمێكی ئەمریكای لاتیندا ســاز بكەین حەتمەن خۆیشــمان ئەوێت ببینین، ئەم مەرجە بە مانای ئەوە نییە ئێمــە لە دەق بگەڕێین و ڕەخنە بخوێنینەوە، بەڵكو مەبەســت ئەوەیە ڕەخنە پێویســتە هەوڵ بدات ســەربەخۆ و ئۆتونۆمیكاڵ بێت و دەقی كێشابێتە ناوخۆیەوە، هەروەها وەك دەق داهێنەرانە بێت و كەشــفی تازە و قســەی تازەی پێبێت. مەرجی دووەم ڕواڵەتێكی ئەخلاقیی هەیە و ئەوەیە كە ڕەخنە غەدری لە دەق نەكردبێت، واتە دەق وەك ئەو شتەی كــە نییــە و دەردەكەوێت و وەك ئەوەی كە هەیە و شــاردوویەتیەوە، دەربخات، ئەنجامە ئەخلاقییەكەشــی بە زمانێكی ســادە، واتە لە دابەزاندن و هەڵكشانی لەخۆرای دەق خۆ بپارێزێت، مەرجی ســێهەم لە هەناوی مەرجی دووەمەوە دێت، واتە دەرخســتنی نەستی دەق، ئەمەش واتە دەربازبوون لە ڕووبەر و خودئاگاییی، من ئەو ڕەخنەیە بە ســەركەوتوو دەزانم كە تەنیا لەوە نادوێت دەق چیی گوتووە، بەڵكو لەوەش دەدوێت دەق چ شتانێكی سەركوت كردووە...

هەروەها دەرخســتنی پێگەی فۆرم لە دەقدا و نیشــاندانی ئەوەی كە دەق چ شتێكی بە دەقانی پێشــتر زیادكردووە، یان كەم كردووە، هەروەها ئاشكراكردنی پێگەی سوبژەی ڕەخنەگر لە دەقی ڕەخنەدا بۆ من گرنگە، ســلاڤۆی ژیژەك دەڵێت: دەبێت بزانین سوبژەی ئاخێوەر لە كوێدا و لە كام پێگەوە دەدوێت، ئەم زانینە واتە گێژ نەخواردن لە نێو تەفسیرە بێ ئەنجامەكاندا و هەروەها بە بەرپرسایەتییەوە قسەكردن. وەك پێشتریش گوتم؛ ڕێژەگەرێتی وەك ئافەتێكی ڕەخنەی ئێمە دەیەوێت بە ونكردنی پێگەی ئەو سوبژەیە ئازادییەكی ڕەها وەربگرێت لەوەی یان شــتی بەڵگەنەویســت(بدیهی) و كۆن و ئاشكرا و ناپێوەند بڵێت، یــان تەنیا حوكمی خــۆی بدات، بە بێئەوەی بڵــێ حوكمــم داوە و چاوەڕوانی ئەوە بێت لەسەر ئەو حوكمەی قسە بكرێت، ڕووی دیكەی تەفسیركردنی خونسا، ڕەفزكردنەوە، یان تەئیید كردنی موتڵەقی دەقە، بەڵام هەردوویان لە ژێر ناوی خوێندنەوە جۆراوجۆرەكاندا دەردەكــەون. ڕەخنەگرتــن واتە بوێری و هەمــوو بوێرێكیش خۆی بۆ ریســك دادەنێت، مالارمێ لە شیعری ناسراوی مۆرە هەڵداندا دەڵێت ئەندێشە(ڕەخنە) مۆرە هەڵدانە، واتە ریسكە، بەڵام ڕەخنەی ئێمە دەیەوێت تەنیا لە دەسكەوت و ئەمنییەت كەڵك وەربگرێت و ریسك نەكات، ئەمەش خیانەتە بە ڕەخنە و ئەندێشە. بە رای من ئەوەی كە ڕەخنەگر بە بەڵگاندنەوە رای خۆی لەســەر دەق دەربرێت و بكەوێتە نێو لایەنگرییەوە، باشترە لەوەی لە ڕێژەگەرێتیی خەســاودا ڕێ بكات، ڕاستە ڕەخنەی ئێستە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیك نییە، بەڵام ڕەخنە دەبێت بەردەوام ئامادەیی ئەوەی هەبێت بكەوێتە دەڤەری داوەرییەوە. والتەر بینیامین لە چەند تێزدا ســەبارەت بە ڕەخنە دەڵێت ئەو ڕەخنەگرەی ناتوانێت هەڵوێست

بگرێت، بێدەنگ بێ باشـتره، هەروەها دەڵێت ڕەخنەگـر داوەریی کۆتایی خۆی دەکات، واتـە تەنیا لەوە نادوێت کە دەق ئەمەیـە و ئەوەیە، دەبێت بڵێت لەبەر ئەم خاڵانە(ئەمە) باشـە و(ئەوە) خراپ، ئەوەش واتە وەفادار مانەوە بە مەیلی ڕەخنە و وەفاداریش بە مەیل واتە نابەختەوەر بوون، چونکە لابردنی سوود و بەرژەوەندییەکانە بۆ گەیشتن بە ڕووداو- حەقیقـەت، یان وەبیر هێنانەوەی ڕۆحـی حەقیقەت. دیارە نامەوێـت بڵێم ئێمە دەبێت هەموو باسە بووتیقایی و ڕاڤەییەکانی ڕەخنە لاببەین و تەنیا داوەری بکەین، مەبەستمە بڵێم ڕەخنە تەنیا خوێندنەوەی بووتیقایی و یان ڕاڤەکردنی بێلایەنانە نییە، ئەمە بەشێکە لە ڕەخنە، بەڵام هەمووی نییە، ڕەنگە ئەمە دوگمانە بکەوێتە بەرچاو، بەڵام بۆ من ئەمە قەبووڵ ناکرێت کە ڕەخنە تەنیا تەفسیری(مانایی و جوانیناسانەی) بێ داوەری بکات. بە هەرحاڵ، دیارە دەکرێت ئەم لیستە هەروا درێژەی هەبێت، بەڵام بۆ من ئەو مەرجانە کە بـە بەڵگە و فاکت هێنانەوە جێبەجێ بن و ڕەخنە کەشـفی تازە و داهێنەرانەی کردبێت لە پێشـترن. ڕاستە ئەو کەسـانە و هەروەها هەندێ کەسـی دیکەش لەسەر ئەو کتێبە نووسـیویانە، ئەو دەقانەی لەو مەرجانەی سـەرەوە نزیکتر بن، بۆ من وەك خوێنەر، نەك شاعیری ئەو کتێبە، سەرکەوتووترن.

**پرسـیار: لـە لاپەڕە(٣١)ی(قاڵبیـەك دەناسـم)دا دوو دێـری وەهـا هەن:(باوەڕکەن، تەرجومەی هیچتان نیم/ ئەگینا تا مردن، ئەمردم). ئەم ڕوانینەی ئێوە قسەیەکی(فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی)ی هێنایەوە بیرم؛ وەختێك لە کۆڕێك دانیشتووە، نووسەرێك هەڵدەستێت وتارێك دەخوێنێتەوە، چەپڵەکەلی بێشـوماری بۆ لێدەدەن، هاوکات ئەویش هەڵدەستێت و وتارێکـی خۆی دەخوێنێتەوە، بەڵام نەك هەر چەپڵەی بۆ لێنادەن، بەڵکو گاڵتەیشـی پێدەکەن. دۆستۆیڤسـکی لەوێدا پرچی خۆی دەرنێتەوە و دەڵێت:(تا مردن لێم تێناگەن)، هەڵبەت کە مرد و چەندین سـاڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕی، لێی تێگەیشتن. هەرچی(ڕەزا عەلـی پوور)یشـە، لەم دوو دێـرەدا باس لـەوە دەکات کە «ئەگەر» هاتبـا ئێوە «لێم تێگەیشـتبان»، ئەوا لە ئێسـتەوە «مردبووم» و لە دوای مردن دەسـتم پێدەکرد. واتە: هەمان ڕوانینتان هەیە، هەر یەکێکیشتان بە شێوەیەکی جوداواز. ئەوە بۆچی نووسەرانی ئافرێنەر، مەگەر چۆن، ئەگینا هەمیشـە لەدوای مردنیانـەوە دەردەکەون، ئەم نهێنییە چییە؟ ئێمە نووسـەری داهێنەرمـان نییە، یان ئەوەتا هێشـتا ڕەخنەمان بە پێی خۆی ناڕوات؟**

**ڕەزا عەلـی پوور:** هەڵبەت وەك ئاماژەتان پێداوە، هەمووجار وانییە کە پاش مردنی

نووســـەر لە بەرهەمەکانی تێبگەین، بـــە واتایەك داهێنەر دەیەوێـــت درزێك بخاتە ناو ئەمـــری واقیعیی لاکانییەوە، هەروەها بـــە پێی دیالێکتیکی مەیل، چونکە دەیەوێت لە ئەمری ئامادە سەرتر بڕوات، هەندێك جار مەودایەکی لەگەڵ عەقڵ و تێگەیشتنی باوی ســـەردەمدا بۆ دروســـت دەبێت، ئەم مەودایە دەبێت بـــە دەق و بەرهەم، واتە بە ڕای من بەرهەمی ئەدەبی و هونەری هەم دەلالەت دەکاتە سەر ئەو مەودایە و هەم لەو مەودایەدا دەوەســـتێت، وەك ناوکـــۆی(Mediation)ی هێگێلی، بـــەڵام بەجیاوازییەکەوە لێرەدا هەندێـــك جار لایەنی بەرانبەر، واتە خوێنەر و وەرگر ئامادەیی ئەوەیان نییە، یان کەمتر ئامادەن بەشـــی خۆیان بخەنە ســـەر ئەو ناوکۆییە و لە دیالێکتیکی خوێندنەوەدا بەشدار بن. بە هەرحاڵ، دەکرێت بە شێوەیەکی ڕۆمانتیك باس لەوە بکەین کە عەقڵی نووسەر و داهێنەر سەرترە لە ئیپێستمی زاڵی کۆمەڵگەکەی... بەڵام بە ڕای من ناکرێت(بە تایبەت لە ئێســـتەدا) خۆمان بەو گریمانەوە ببەســـتینەوە، من ناڵێم هەموو بەرهەمێك لە کاتی خۆیدا خێرا درك دەکرێت، بەڵام ئەم درککردنە تەنیا لەبەرئەوە نییە نووسەر مەودایەکی ئێجگار زۆری هەیە، دەکرێت هەندێك جار بەدحاڵیبوون بێت بەرهەمێك بخاتە پشتگوێ، یاخۆ زاڵبوونی ڕوانینێك و... بە نیسبەتی ئەو دوو دێڕەشەوە وا لەو شیعرە هەڵتانبژاردووە، حەزدەکەم لە کۆنتێکستی خۆیدا بخوێندرێتەوە و بزانین کام پێرسۆنای شیعری و ڕوو لە چ کەسانێك گوتوویە. ڕاڤەی من بۆ ئەو دێڕە ئەمەیە کە پێرسۆنایەکی گەنج ڕووی دەمی لە بەرەو جیلی پێش خۆیەتی و دەڵێت تەرجەمەی ئێوە نیم و دەمەوێت خۆم بگوازمەوە، وەك چۆن لە شـــوێنێکدا دەڵێت باوکم دەیویست مێژوو و جوغرافیا بگۆڕێت، بەڵام ئەم دەیەوێت خۆی بگۆڕێت و خۆی بگوازێتەوە. فۆکۆ دەڵێت سەدەی نۆزدە، سەدەی هەوڵدان بـــوو بۆ گۆڕینی مێژوو(ســـەیری ئەو هەمووە یۆتۆپیا دارێژی و خـــەون و پلانە گەورەیە بکەین لە سەدەی نۆزدەوە سەرچاوەی دەگرت و دواجار لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا دەگەیشت بە شۆڕش، ئەمەشمان لە بیر نەچێت دیویێکی شۆڕشەکان گۆڕینی مێژووە)، سەدەی بیست؛ گۆڕینی جوگرافیا(پەرەسەندنی کۆچبەری و پەنابەری و تەنانەت دوو شـــەڕی گەورەی جیهانی، ویستی گۆڕینی نەخشەی دنیایان لەگەڵدا بوو)، لە سەدەی بیســـت و یەکەمدا ڕەنگە گۆڕینی شوناسی تاکی و گواستنەوەی خود، لە باتیی گۆڕانی مێژوو و جوگرافیا جێگیر بووبێت، دیارە ئەم ئایدیایە نزیکە لە خەونی گۆڕینی جوگرافیا و پەنابـــەری، بەڵام دەزانین دنیـــای مەجازی و ئەنتەرنێت و چات و syberspace و... لـــە هەمـــوو کات زیاتر ئەم هەڵەی بۆ خۆ گۆڕین و دانی شوناســـی دڵخواز و ســـەیر بە خود بە شـــێوەی مەجازی ڕەخساندووە و ئەمانە و بیۆژێنێتیك و ئەندازیاریی ژێنێتیك و colonism هاوکات نیشانەیەکیشن بۆ وەڵامدانەوە بەم نیازە.

به هەرحاڵ، من پێموایە، لەو دوو دێڕەدا پێرسۆنا ئەگەر ململانێیەکی بێت نەك بە نیسبەتی خوێنەرەوە، بەڵکو هەست دەکەم بە نیسبەتی خۆی و کەسانی پێش خۆیەتی و تا ئەوێش کە هەموو کێشەکان فڕێ دەداتە سەرشانی لایەنێکی دەرەکی، ناوەڕۆکی ململانێکەی تیکراری و ئەنجامەکەشی کۆمیکە، بەڵام ئەوکاتەی کێشەکانی دیهاوێژی ناکات و روو لە خۆی دەکات و لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە ململانێ، شتی تازە و(ڕەنگە) تراژیك روو دەدات و ئەمە گرنگە.

**پرسیار: وەك دەزانین؛ وەرگێڕان پردێکە بۆ بە یەکتر گەیاندنی دوو کلتووری جوداوازی دوو میللەت، کەم تا زۆریش وەرگێڕی کورد ئەو هەوڵەی داوە کە کلتووری خۆی دەوڵەمەندتر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا کەموکوڕییەکی بەرچاو دەبینرێت لە وەرنەگێڕانی دەقگەلێکی زۆر، کە دەتوانین وەکو مەرجەعیش سوودیان لێوەربگرین. بۆ نموونە، لە ئەدەبی فەڕەنسیدا جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێك شیعری(پۆل ئێلوار) و(ئۆکتاڤیۆ پاز) و چەند نووسەرێکی دی، بترازێت، دەقگەلێکی دیکە نین بۆ ئەو خوێنەرانەی کە تەنیا زمانی کوردی دەزانن، لە بارەی زمانی فارسییشەوە تەنیا نووسینی(سادقی هیدایەت) و(فرووغی فەرووخزاد) و(ئەحمەدی شاملوو) و چەند نووسەرێکی دیکە وەرگێڕدراون، هەندێکیشیان وێنەی نووسینەکانیان شێواندووە. بە حوکمی ئەوەی ئێوە فارسیزانن، هاوکات دەقگەلێك(چیرۆکەکان)ی خۆتان وەرگێڕاوە، پێتان وایە کێن ئەوانەی لەو زمانەوە دەتوانن(تا ئاستێك) بە دەستپاکیی دەق وەربگێڕن؟ هاوکات ئەو دەقگەلە گرنگانە کامانەن کە پێویستە بە زووترین کات وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، تا لەم ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی قووڵ ئاگاداری ئەدەبی ئێران ببین؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** من ئێستە بە تەواوەتیی ئاگاداری ئەوە نیم پڕۆژەی وەرگێڕان لە کوردستانی عێراقدا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و بەشبەحاڵی خۆشم جگە لە چەند دەقی ئێجگار کەم نەبێت، کاری وەرگێڕانم نەکردووە، کەواتە ڕەنگە وەك وەرگێڕ سەلاحییەت و شیاویی قسەکردنم لەم بارەوە نەبێت، هەرچەند وەك کەسێك کە بەردەوام لەگەڵ وەرگێڕاندا سەروپێوەندم هەیە و لە نێوان لانی کەم، دوو زمانی کوردی و فارسیدا لە هاتووچۆدام، دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵ بدەم، بەڵام هەست دەکەم دەبێت کەسانی شارەزا و پسپۆڕی ئەو بوارە خۆیان لەسەر وەرگێڕان و پڕۆژەکانیان بدوێن. تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم؛ کەم نین ئەو ناوەند و دەزگایانەی وا تەنیا لەسەر وەرگێڕان ئیش دەکەن و وەرگێڕ خەریکە وەك سوبژەیەکی دانپێدانراو و پێویست دەناسرێت و شەئن و پێگەی

خۆی بە دەست دێنێت، بەڵام تەنیا گەڕانەوەی ڕێز و گرنگی بۆ وەرگێڕ و وەرگێڕان چارەساز نییە، تا ئەو کاتەی ئەو هەوڵانە لە پڕۆژەوە نەبن بە پرۆسە، کۆمەڵێك گرفت هەردەمێنێتەوە و هیوادارم پسپۆڕانی ئەو بوارە لە پاڵ وەرگێڕاندا زیاتر گرنگی بە وەرگێڕان ناسیش بدەن. سەبارەت بە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیی فارسیش، دیارە هەوڵی وەرگێڕان لە زمانی فارسیدا گەلێك خێرا و چالاکە و سەرەرای هەندێ گرفتی وەشاندن، دیسان لە زووترین کاتدا دەقی ئەو نووسەرانەی خەڵاتێك وەك نۆبێل دەبەن دەگاتە بازاڕ، هەروەها لە بواری فیکری و فەلسەفیشدا کەم تا زۆر جگە لە دەقە کلاسیکە گرنگەکانی فەلسەفە، بەرهەمی کۆمەڵێك فەیلەسووفی دیکەش لەبەردەستی خوێنەردا هەیە، دیارە کەم و کورتییش هەیە. پێوەندی وەرگێڕی کوردیش زیاتر لەگەڵ ئەم لایەنەدایە، واتە زیاتر لەوەی بەرهەمی داهێنەر و نووسەری فارس وەربگێڕێت، بەرهەمی وەرگێڕەکانی وەرگێڕاوە، سەبارەت بەوەش بۆچی کەمتر دەقی خودی نووسەر و شاعیرانی فارس وەردەگێڕدرێت و وەرگێڕدراوە، ڕاستییەکەی من زۆر بیرم لێ نەکردووەتەوە و نازانم لەبەرچی وەهایە، ئەگەرچی هەر ئێستە کۆمەڵێك وەرگێڕی بە توانا لە کوردستانی ئێراندا هەن و کاری باش دەکەن. ڕەنگە جگە لە چەند نموونەیەك نەبێت، ئێمە زیاتر بە دوو شێوە تەماشای کتێبخانەی فارسیمان کردووە؛ کتێبخانەی فارسی وەك ئەو بەرهەمانەی وەریگێڕدراوە و دەبێ وەریبگێڕین و وەك بەرهەمەکانی خۆی کە خۆی دایهێناون و دەبێ بیخوێنینەوە، بەڵام ئەوەی بۆچی هەست بەوە ناکرێت وەك ئێوە دەڵێن وەرگێڕەکان بەرهەمی خودی نوسەران و شاعیرانی فارس وەربگێڕن، دەکرێت هەندێ سەرنج و مەزەندە دەرببڕین، بەڵام وەها باشترە ئەم پرسیارەش لە خودی وەرگێڕەکان بکرێت.

**پرسیار: ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، دەبینین: ئێستەی(یۆنان) لە بەرانبەر سەردەمی(ئەفلاتوون) و(ئەرستۆ تاتلیس) و ئەوانیدیدا، فەلسەفە نەك هەر ڕووی لە کزیی کردووە، بەڵکو لەم ڕووەوە(بە دەگمەن نەبێت) باس لە ئێستەی یۆنان ناکرێت، بەو مانایەی کە بەردەوام بن لە فەلسەفە، هاوکات ئەم دیدە بۆ(ڕوسیا)یش بە هەمان شێوە لە بەردەمماندا قووت دەبێتەوە. بۆ نموونە؛ ئێستەیش جگە لە(تۆلستۆی) و(فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی) بترازێت، باس لە ئەدەبیان ناکرێت، بە شێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ئەدەب هەبێت، لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆیشمان: پێتان وایە ئێمە ئەزموونگەلێکی ناوازەی وەهامان هەبن تا بەردەوام وەکو سەرچاوە**

**بگەڕێینەوە کنیان؟ لە ئێستەدا(دەق)ێکی وەهامان هەیە کە وەربگێڕدرێت و لە ئاستی بەرهەمە ئێستێتیکییەکانی جیهاندا لە کێبەرکێدا بێت (لە ڕووی فرەڕەهەندییەوە)؟**

**ڕەزا عەلی پوور:** سەبارەت بە کزبوونی فەلسەفە لە یۆنان و ئەدەب لە رووسیادا، هەرکامیان هۆکاری جیاوازیان هەیە و لەم بارەیەوە گەلێك باسکراوە و لە توانای منیشدا نییە بەو باسانە شتێك زیاد بکەم، تەنیا ئەوەندە نەبێت، دەڵێم: چارەسەری ئەو گرفتە لە هەرکوێدا بێت، لە گەرانەوەدا نییە بۆ رابردوو، کەواتە سەبارەت بە ئەدەبی کوردیش هەر لەسەر ئەو رایەم، واتە ئەگەر ئێمە پێشتر سەردەمێکی ئەدەبیی زێرینمان ببووایە و ئێستە لە نوشوستیدا بووینایە، پێم وابێت رێگەی دەربازبوون ئەوە نەبوو بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەم و دەقانە، وەك چۆن دەکرا یەکێك لە هۆیەکانی ئەو نوشوستییە بەسەرچاوە کردنی ئەدەبی ئەو سەردەمە زێرینە ببوایە. بە هەرحاڵ، دەکرێت بە جۆرێکی دیکەش بیر لەم پرسیارە بکەینەوە، ئایا ئێمە دەقانێکمان هەیە کە هێشتا لە ئیمکان و پوتانسییەلەکانی بە تەواوی کەڵکمان وەرنەگرتبێت؟ من بێئەوەی بروام بە دەقی سەرمەدی و جاویدانی هەبێت، بروام بەوە هەیە کۆمەڵێك دەق کلاسیك دەبن و جێگەی تایبەتی وەردەگرن، ئەو دەقانەش لە هەر سەردەمێکدا بە جۆرێك تەماشایان دەکرێت، ڕەنگە بتوانن هەندێ ئیمکان بدەن بە نووسەران و خوێنەرانیان، ئەمە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی لە هەر سەردەمێکدا چ شتانێك گرنگ دەبن و چەندە ئەو دەقانە توانای ئەوەیان هەیە لە دیالێکتیکی خوێندنەوەی ئەمڕۆدا ئامادەییان هەبێت. سەبارەت بە ئەدەبی پێش ئێستەش، من پێموایە هەندێ دەقی شاعیرانی کلاسیکمان بە تایبەت نالی، مەحوی و شێخ ڕەزا، توانای ئەوەیان هەیە لەو دیالێکتیکەدا بەشدار بن. هەروەها بەشێکی ئەدەبی فۆلکلۆر(بەیتەکان)یش. بەڵام ئەوەی کە ئەو دەقانە بتوانن شتێکمان لە ئێستەدا بۆ بکەن و بن بەو خاڵەی ئەدەبمان جیهانی بکەنەوە، یان تێکەڵ بە ئەدەبی جیهانیمان بکەن... پێموانییە، هەروەها تێکەڵبوون بە ئەدەبی جیهانی(وەك بابەتی یونیڤێرساڵ) و چوونە کێبەرکێی ئەدەبی کوردی(وەك بابەتی لۆکاڵی)، تا رادەیەك لە لۆژیکی پاژ و گشتی هێگێلی پیڕەوی دەکات وتەنیا پێوەندیی بە ئاستی ئێستێتیکییەوە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش وەك زمانی کوردی کاریگەرن، پێشتر لە بابەتێك بۆ گۆڤاری(زریبار) لەسەر ئەم پرسە دواوم، بۆیە نامەوێت ئەو باسانە دووپات بکەمەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە توانای خودی دەق لە باری فۆرم و ساخت و ناوەرۆك و... هوە، بۆ تێکەڵبوون بە کایەی ئەدەبی جیهانی، مەرجی پێویستن نەك کافی و تەواوکەر. هەروەها پێمواپە لە پێشترین گرفتی ئەدەبی ئێمە لەمبارەوە(تێکەڵبوون بە ئەمری جیهانی)

ئێستێتیك نییە، بەڵكو مانایە وەك خاڵێكی لە پێش و سەرەتایی، واتە ئەم پرسە كە ئەدەبی ئێمە چ مانا و قسەیەكی تازەی پێیە چونكوو گەر قسەیەكی تازەی پێ نەبێت فۆرمێكی تایبەت و تازەش نادۆزێتەوە.

## بیۆگرافیا:

- ڕەزا عەلی پوور لە ساڵی **١٩٧٨** لە شاری سەقز لە دایك بووە.
- پێشتر لە سنە دەژیا، ئێستەش لە (تاران)ە.
- بەرپرسی بەشی كوردی هەفتەنامەی (سیروان) و لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەق) بووە، هەروەها لە هەفتەنامەی (ڕۆژهەڵات)یش بەرپرسی بەشی كوردی بووە.
- چەندین شیعری لە گۆڤار و هەفتەنامەكاندا بڵاوكردوونەتەوە و سەرنجی ڕەخنەگران و شاعیرانی بە لای دەقەكانیدا ڕاكێشاوە. ئەم شاعیرە جۆرە شیعر و نووسینێكی تایبەت بە خۆی هەیە كە هەندێك لە گەنجەكان ڕوویان لێی كردووە و پێشوازیی لێ دەكەن.
- كتێبی شیعریی كە ناوی (قاڵبیەك دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە)یە، بڵاوكردووەتەوە، هاوكاتیش كتێبی (ئم) و گەلێك كتێبی دیكەیشی، ئامادەی چاپن.
- چەند چیرۆكێكی بە زمانی كوردی و فارسی بڵاوكردوونەتەوە، ئیستەش كۆمەڵە چیرۆكێكی ئامادەی چاپن.
- كۆمەڵێك وتار و یاداشتی فیكری و تیۆریی نووسیون، كە لە گۆڤار و هەفتەنامەكاندا بڵاوبوونەتەوە.

# دیمانە لەگەڵ (کاروان عومەر کاکەسوور)ی ڕۆماننووس



**کاروان عومەر کاکەسوور:** ئەگەر هەر نووسەرێك یۆتۆپیایەکی هەبێت، یۆتۆپیای من زۆر لە مامزێرەوە نزیکە.

کاروان عومەر کاکەسوور یەکێکە لە نووسەرە هەرە جددییەکانی ئێمە، ئەو بەهۆی کتێبی (منداڵیم ئاسکێك بوو بەسەر پەلکە زێرینەکاندا باز بازێنی دەکرد)ەوە ناسراوە، هەم دەتوانین وەکو ڕۆمان، هەمیش وەکو یاداشتی نووسەر تەماشای بکەین. چیرۆك و ڕۆمانەکانی کاروان تێکەڵ بە قووری واقیعن، لە پاڵ ئەمەیشدا تێکەڵییەکی زۆر سەیریان هەیە لەگەڵ فەنتازیادا... ئێمە لە نێو چیرۆك و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەدا ناتوانین واقیع و خەیاڵ لە یەکتریی جیا بکەینەوە، ئەمەیش یەکێکە لە فێڵە هونەرییەکانی نووسەرەکان، کە دەخوازن لە ڕێگەی ئەم تێکترنجاندنەوە، خوێنەر بەرەو نادیارییەکانی جوانیناسانە ببەن... ئەگەر نووسەری ئافرێنەر لە ڕێگەی زمانەوە بناسرێتەوە، ئەوا کاروان گەلێك لە مێژە (زمان)ی خۆی هەیە و تایبەتمەندێتیی پاراستووە. نووسەری ڕۆمان پێویستی بە هەبوونی زمانێکی پاراو هەیە، بۆ ڕاوکردنی خوێنەر، ئەوە بۆیە ئێمە لە دوای خوێندنەوەی هەر چیرۆك ـ ڕۆمانێکی کاروانـدا، ڕاوکردنی دەکرێین، بەڵام بە شێوەیەك کە خۆمان مەیلمان لێیەتی، نەك لە ڕێگەی خەیاڵاتەوە سەیرەکانی نووسراوەکانەوە...

دواهەمین کتێبی ئەم نووسەرە، ڕۆمانی (مامزێر)ە، هەزمکردنی ئەم ڕۆمانە قورسە، ئەمەیش بە حوکمی ئەوەی بە شێوازی ڕیالیزمی سیحریی نەنووسراوە، وەك نووسەرگەلێکی دی لەسەر ئەم سکەیە دەڕۆن و بەردەوامن، بەڵکو بە شێوەیەك نەنووسراوە، کە جۆرێك لە فرەڕەهەندیی لە خۆدا هەڵگرتووە و بە تەنیا لایەنێکەوە خۆی نەبەستووەتەوە و بە تەنیا لایەنێکیشی قایلمان ناکات... دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، ویستم لە بارەی گەلێك پرسیاری تایبەت و هەڵێنجراو لە نێویدا، دیمانەیەك لەگەڵ نووسەردا بکەم، پرسیارەکانم ئاراستەی کردن، هاوکات لەگەڵ هەندێك ڕەهەندی دیکەش تێکەڵم کردبوون، ئەویش لە ڕێگەی وەڵامەکانییەوە پێشوازیی لێکردم...

ڕاستە ئەم دیمانەیە تایبەتە بە ڕۆمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەم (تاکرەهەند) ییە نەبووەتە بەربەست لە بەردەم نووسەردا؟، تا ئارەزوومەندانە نەدوێت و لە بارەی گەلێك پرسی دیکەی هاورایەڵ بە ڕۆمان و چیرۆکی کوردییەوە، تا ئەندازەیەکی باشیش قسەکردن لەسەر گوتەگەلێك و خودی نووسەر و نووسراوەکانی (ئەوانیدی)کەوە، ڕوانینەکانی نەخاتە ڕوو... لێرەدا دەست لە پێشەکیی هەڵدەگرم، با پێکەوە پرسیار و وەڵامەکان بخوێنینەوە:

**پرسیار: هەم بیستوومە و هەم خوێندوومەتەوە کە نووسەرێك بۆچوونێکی وەهای هەیە:(نووسینی یەکەم ڕستەی ڕۆمان، تا ئەوپەڕی قورسە)، دەشێ بۆ هەر نووسینێکی جیددیی ئەم سەختییە لە بەردەم نووسەردا قووت ببێتەوە. ئایا ئەو وەختەی یەکەم ڕستەی ئەم ڕۆمانەت نووسی بەرەوڕووی ئەم حاڵەتە بوویتەوە؟ چ کاتە بوو؟**

**کاروان عومەر کاکەسوور:** ئەم پرسیارە ئەگەرچی بەڕواڵەت ئاسان دێتە بەرچاو، بەڵام ڕاستییەکەی وەڵامدانەوەی قورسە. ئاسان نییە لەو چیرۆك و ڕۆمانانەی بە شێوازی ستاندارد نانووسرێن، شوێنێك بۆ سەرەتا و کۆتایی دیاری بکەین. کێشەی یەکەم لێرەدا ئەوەندەی لەگەڵ تەکنیکەکانی گێڕانەوە(Narrative techniques) دایە، ئەوەندە لەگەڵ وشە و دێڕەکاندا نییە. هەر لە سەرەتاوە دوو جۆر کات خۆیان دەسەپێنن:

**یەکەم:** کاتی تێکست، واتە ئەو کاتەی تۆ درێژە بە پرۆسێسی گێڕانەوە دەدەیت.

**دووەم:** کاتی ڕووداو، یاخود کاتی حیکایەت. بە مانایەکی دیکە تۆ لە ڕێگای خەیاڵەوە شێوازەکانی گێڕانەوە دادەهێنیت، بەو مەبەستەی سیستەمی کاتی ڕووداو تێکبشکێنیت و کاتی سەربەخۆی چیرۆك یان ڕۆمان دابمەزرێنیت. لە چیرۆك و ڕۆمانی ئەمرۆدا کات زیاتر لە ئاراستەیەکی هەیە، کە ئەمەش دەستنیشانکردنی شوێن زەحمەت دەکات، چونکە هەموو ئەو پرۆسێسانە لەناو خوددا ڕوو دەدەن و تایبەتمەندێتیی کارەکتەر پێکدەهێنن. لێرەوەیە تەمومژ دەردەکەوێت، چونکە هەتا جووڵەکان لەناو خوددا زیاتر بن، پتر پێوەندیی نێوان خود و بابەت ئاڵۆز دەکەن و لەگەڵیدا قەبارەی تەمومژیش گەورەتر دەبێت، کە خۆی لە کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگرییدا دەبینێتەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتی کلتوور. هەر لێرەشەوەیە غوربەت و نیگەرانییش دەردەکەون، کە بوونەتە دوو تایبەتمەندیی کارەکتەر هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمڕۆ. هەڵکۆڵینی خود هەمیشە لەگەڵ داهێنانی بیرۆکەی میتۆلۆژیادا هاوشان بووە. هەر ڕۆمان خۆی چەمکێکی ناعەقڵانییە، بەوەی لە ڕێگای فەنتازیاوە ئەو دنیایە دادەمەزرێنێت، کە بەهۆی جیاوازییەکانییەوە خۆی لە دنیای فاکتواڵ جیا دەکاتەوە. چی دیکە ئەو شتانە گرینگ نین، کە چاوی ئاسایی دەیانبینێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ پێداویستییە دیاریکراوەکان بەکار دەهێنرێن، بەڵکو ئەوانە لە کۆنتێکستی خۆیان دوور دەخرێنەوە و لەگەڵ لۆژیکی میتۆلۆژیادا ڕێکدەخرێن، کە کارەکتەر خۆی دایهێناون. کەواتە تەعبیرکردن لەم دنیا تایبەتەی خود کارێکی تا بڵێی دژوارە، بۆیە ناکرێت لە ڕێگای ئەو وشە و دێڕانەوە جارێکی دیکە

بگەیتەوە ئەو دنیایەی پێشوو. مەبەستم ئەوەیە تێکست تەنها ئەو وشە و رستە و پەرەگرافانە نین، کە ئێمە لە ڕێگای چاوەوە دەیانبینین و دواجار دەتوانین شوێنەکانیان دەستنیشان بکەین، بەڵکو لەنێوان وشەکاندا، لەودیوی دێڕەکاندا و لە پشت پەرەگرافەکاندا چەند رووبەرێکی شاراوە هەن، کە لە ڕێگای خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانەوە ئاشکرا دەبن و دینامیکییەتی خۆیان وەردەگرن. تەنانەت(بۆرخیس) دەگاتە ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنێت، کە پرۆسێسەکە، پرۆسێسی تەعبیرکردن نییە، بەڵکو ئاماژەدانە و ئێمە تەنها دەتوانین ئاماژە بە شت بدەین و وا لە خوێنەریش بکەین ئەو شتانە لە ڕێگای ئیماجینێیشن(تصور)ەوە هەست پێ بکات. لە شوێنێکی شیعری(ئاسوودەیی)دا دەڵێت:(هیچ پیتێك لە کتێبەکانی کتێبخانەدا بەدی ناکرێت، بەڵام کاتێك دەیانکەمەوە، پیت دەردەکەون). خاڵی دەستپێکردن سەختە، نەك هەر لەوەی چ رستەیەك دەکەیتە سەرەتا، بەڵکو لەوەی بە چ شێوازێك کارەکتەرەکانت پێشکەش دەکەیت بە چ ڕێگایەك بیرۆکەکانت دەگەیەنیت. کاتێ لە ڕۆماننووسی فەرەنسی(جیل لیرۆی) دەپرسن بۆچی لە ڕۆمانی(سروودی ئەلامبا)دا راناوی کەسی یەکەمی تاك(من)ی بەکارهێناوە، لە وەڵامدا دەڵێت نەدەکرا لە ناخی کارەکتەرەکەی دوور بکەوێتەوە، کە ژیانێکی تا بڵێی تایبەت و جیاوازی هەیە، بۆیە راناوی کەسی سێیەمی تاك لە توانایدا نەبوو دنیای ئەو دەربخات. لە بەرانبەر ئەوەدا راناوی کەسی دووەمی تاك(تۆ) لای(میشێل بوتۆر) گرنگییەکی زۆر تایبەتی پێدەدرێت، چونکە ئەو راناوە هەندێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەوەی وەکو راناوی کەسی یەکەمی تاك نابێتە ڕێگر لە بەردەم وەسفکردنی دنیای دەرەوەی کارەکتەر. لە لایەکی دیکە ڕۆماننووس دەتوانێت لەو کاتانە فریای کارەکتەر بکەوێت، کە ئەو خۆی توانای قسەکردنی نامێنێت. لە پاڵ ئەوەدا ڕێگا لە کارەکتەر دەگرێت نهێنییەکانی خۆی بشارێتەوە. لە هێنانەوەی ئەو نموونانەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کێشەکە لەوەش تێدەپەڕێت، کە پێوەندیی تەنها بە یەکەم رستەوە هەبێت، بەڵکو مەسەلەی تەکنیك دەکەوێتە پێش هەموو شتەکانی دیکەوە، کە ئەمە لای هەندێ نووسەر بە هۆشیارییەوە چاوی لێدەکرێت و لای هەندێکی دیکە تەنها خۆرسکانە دەردەکەوێت. لای ئەوانەی بە شێوازی ستانداردیش دەنووسن، هیچ بایەخێکی نییە. هەر لێرە ئێمە دەکەوینە بەردەم پێوەندییەکی دیکە، ئەویش پێوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە و وێنەیە، کە هەموو ئەمانە یەکتر تەواو دەکەن. من خۆم پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکی(دانا فایەق)ی چیرۆکنووسدا ئەم پێوەندییەم نیشانداوە. کاتێك نووسەر لە بەرانبەر دەستپێکدا دۆش دادەمێنێت، ئەوا کارلێکی نێوان زمان و بیرکردنەوە و وێنەکان هێشتا پێك نەهاتووە، بەڵام دواتر کاتێك ئەو پرۆسێسە ئاکتیڤ دەبێت،

کێشەکە ئەو قورساییەی نامێنێت. پێشتریش باسم لەوە کردووە، کە جارێکیان لە شەمەندەفەر دابەزیم و ڕستەی(لە گەراج دابەزی) لە مێشکمدا زرنگایەوە. لە ماوەی دوو ڕۆژدا چیرۆکێکی درێژم بە ناوی(پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن) نووسی، کە زیاتر لە چل لاپەرەیە. کەواتە وێنەکان بە تەڵخی لە خەیاڵی مندا هەبوون، بەڵام هێشتا کارلێکەکان دروست نەبووبوون. نووسینیش شتێك نییە بێجگە لە پێداچوونەوەی یادەوەری بەشێوەیەکی پێچەوانەیی(Reverse). ئایا ئەوەی ئەوسا لە کاتی دابەزیندا لە مێشکمدا زرنگایەوە، ڕستە بوو؟ بێگومان نەخێر، چونکە وەکو(بۆرخیس) باوەڕی وایە وشە تەنها نیشانە و سیمبۆلە. ئایا دەنگ بوو؟ نەخێر، دەنگ دەبیسترێت. بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوە وێنە، یاخود ئاماژە بوو. کەواتە وشە لە ڕووی مێژووییەوە لە وێنە و ئاماژە نوێترە.(فردیناند دی سۆسێر) پێی وایە زمان سیستەمی ئاماژەکانە و هەموو سیمبۆلیکی زمانیش لە دال و مەدلول پێکهاتووە، دەنگ و نووسراو، کە بەپێی یاسای سینتاگماتیك و سیتسەم بەڕێوە دەبرێن. لە جۆگرافیا فێری ئەوە کراوین، کە بوونی هەور بەتەنیا بەس نییە بۆ بارین، بەڵکو دەبێت فاکتەرەکانی دیکەی وەکو(با) و پلەی گەرمیی گونجاویش لە گۆڕێدا بن. ئەوسا لە کتێبخانە فەرمانبەر بووم، تەلەفۆنم بۆ شێفەکەم کرد و گوتم نەخۆشم، نایەم بۆ دەوام، چونکە دەمویست چیرۆکەکەم تەواو بکەم، کە بەرواڵەت لە یەك ڕستەوە دەستی پێکرد، بەڵام ڕاستییەکەی لە وێنەیەك، یان لە ئاماژەیەکەوە سەریهەڵدا. جا هەر بەڕاستییش نووسەر لە کاتی نووسیندا لە حاڵەتێك دایە، کە دەکرێت بە نەخۆشیی دابنێین. لێرەدا من لەگەڵ ئەو ڕایەی(مێشێل بوتۆر) دام، کە دەڵێت:(ئەوە ڕۆمان خۆیەتی خۆی دادەڕێژێت، نەوەك ڕۆماننووس)، بەڵام ئەوەندەش دەڵێم، کە نووسەر، چونکو تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ دەرەوەی خۆی هەیە و پابەندیشە بە کۆمەڵێك فاکتەری مێژوو، جۆگرافیا، زمان، سایکۆلۆژیا، بایۆلۆژیا و فیزیاوە، ئەوا خاوەنی خودێکی بیرکەرەوەی جیاوازە، کە ئەمەش وا دەکات هەڵگری زیاترین وێنە و ئاماژە بێت. کەواتە هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری چەند ڕواری(عفوی) یانە بێتە بەرچاو، بەڵام دواجار هەر بەرهەمی کارلێکردنی ئەو وێنانەیە لەگەڵ زماندا لە ساتەوەختی خەیاڵ و بیرکردنەوەدا، چونکە وەکو گوتمان هەموو ئەو وێنانە لە ڕووی مێژووییەوە دەکەونە پێش کاتی ئەفراندنی تێکست و لە شێوەی یادەوەریی تاك و کۆدا دەردەکەون. دەگەینە ئەوەی بڵێین هەموو خوێندنەوەکان چ لەسەر ئاستی بینین و چ لەسەر ئاستی فیکر و ئەقڵدا گرینگن و ئەو دینامیکییەتە مسۆگەر دەکەن. من خۆم ئەو کاتەی خەریکی نووسینم، لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دەخوێنمەوە و پتر سەرنج لە وردەکاریی شتەکان دەدەم. بیرۆکەی ڕۆمانی(مامزێڕ) لە زۆر زووە لە خەیاڵی مندا

هەبوو، بەڵام هیچم لەبارەی کارەکتەرەکانمەوە نەدەزانی، بەڵکو لەگەڵ دەرکەوتنیاندا وردە وردە پێیان ئاشنا دەبووم. ئەوەندە هەیە هەموو رووداوە سیاسی و ئابوورییەکانی نەوەدەکان چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە رۆڵێکی گەورەیان لەوەدا بینی، کە ئەو تێکستە بەم ئاراستەیەدا بجووڵێنن. دەتوانم بڵێم ئەو کاتەی لە زانکۆ خەریکی لێکۆڵینەوەی ئایینەکان بووم، لە هەموو شتێك زیاتر سیحری کات و شوێن تەفرەیان دەدام، هەر بۆیە پێش ئەوەی هیچ کارەکتەرێك بوونی هەبێت، خۆم تەنیا لەناو ئەو فەزا میتۆلۆژییەدا تاق و تەنیا بووم. پێوەندیی نێوان رۆماننووس و کارەکتەر پێچەوانەی پێوەندیی نێوان پزیشك و نەخۆشە. نەخۆش وەسفی حاڵەتەکانی خۆی دەکات و دکتۆر لەژێر رۆشنایی قسەکانی ئەودا هەنگاو دەنێت، بەڵام ئەوە نووسەرە دەردەکانی خۆی بۆ کارەکتەر وەسف دەکات و ئەو لە رێگایانەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. حاڵەتێك هەیە لە کاتی نووسیندا، کە خۆشت وەکو نووسەرێك هەستی پێدەکەیت، ئەویش ئەوەیە زۆرجار وا دەزانی سەرچاوەی بیرکردنەوە و زمانی کارەکتەرەکەت تۆ نییت، بەڵکو هەر خۆیەتی، یان سەرچاوەیەکی دیکەیە، بۆیە هەندێ جار وا روو دەدات، کە نەزانی چۆن ئەم دێڕ و ئەو پەرەگرافەت نووسیوە. دەمەوێت پێت بڵێم ئەمەش بەشێوەیەك لە شێوەکان کاری ئێمە دژوار دەکات، لەوەی بزانین کوێ سەرەتایە و کوێ کۆتاییە. من لە کاتی نووسینی(مامزێڕ)دا کێشەکەم بە پلەی یەکەم لەگەڵ شێوازی گێڕانەوەدا بوو. زۆر گرینگ بوو ئەو خاڵە بدۆزمەوە، کە نە سەرەتا بێت و نە کۆتاییە، هەتا کارەکتەرە سەرەکییەکەمی لێ دەربخەم. ئەگەر سەرنج بدەیت، ئەوا دەبینیت تێکستەکە لە شوێنێك دەست پێدەکات، کە هەر سێ کاتی رابردوو و ئێستا و ئایندە پێکەوە دەبەستێتەوە:(لە رێگا، کاتێ جەنگاوەرە رێشنەکان رووتوقووت بەسەر لمە داخبووەکەدا دەیانهێنایین، لەناو سەرجەمی دیلەکاندا تەنها چاوی منیان نەبەستبوو... ئێستایش، کە ئەوەتا شەکەت و ماندوو خراوینەتە ناو ئەم قەفەزە گەورانەی بەر هەتاوی چلەی ئەم هاوینە پرووکێنەرەوە، تەنها پرسیار لە من ناکەن). هەروەها شوێنەکەش، کە بیابانە، دوو سیفەتی دژی لە خۆیدا هەڵگرتووە بە رۆژ زۆر گەرم و بە شەویش ئێجگار سارد، کە ئەمەش زەمینەی بۆ ئەوە خۆش کرد، هەتا لە رێگای ئەو دوو حاڵەتەوە هەم شتە لەیەکچووەکان و هەم شتە جیاوازەکان بیری کارەکتەر بخرێنەوە. کەواتە من نازانم ماوەی نێوان سەرەتای بیرکردنەوەی من لە نووسینی ئەو تێکستە و خولقاندنی یەکەم رستەدا چەندە، بۆیە وەکو(بۆرخێس) پێ لەسەر ئەوە دادەگرم، کە وشە تەنها سیمبۆلە و هیچی دیکە.

**پرسیار: بەشێوەیەك لە شێوەكان سوودت لە مێژوو وەرگرتووە، ئێمە دەبینین لە رابردوودا ئەوانەی لەسەروەختی نووسینی چیرۆك و رۆماندا گەراونەتەوە بۆ مێژوو، پتر لەوەی ئاگادار بن كە خەریكی چیرۆك و رۆمان نووسینن، خۆیان بۆ بەرەنگاریی و ئایدیۆلۆژیا تەرخان كردووە، خۆ رەنگە هەندێكیان بەبێئەوەی ئاگاداریش بن، وەهایان بەسەر هاتبێت. بەڵام تۆ وەكو ئەزموونی دووهەمت لە رۆماندا، چۆن توانیوتە بەسەر ئەم بەربەستە گەورەیەدا باز بدەی؟**

**كاروان عومەر كاكەسوور:** ئەوەی دەتوانێت لە ئاستی دەسەڵاتی مێژوودا بوەستێتەوە، كە هەمیشە بارگاوییە بە ئایدۆلۆژیای زاڵ، خەیاڵ و فانتازیایە. هیچ گوتارێك نییە مێژوویی نەبێت، مادام هیچ كردارێك ناكەوێتە دەرەوەی بازنەی كاتی فیزیكییەوە، بۆیە كاتێك نووسەر لە وزەیدا نییە لە رێگای تێروانینی جیاوازی خۆیەوە مێژووی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت، ئەوا مێژووی فەرمی لەناو گوتاری ئەودا ئامادەیە. دەتوانم بڵێم(مامزێر) نە گێرانەوەی رووداوی مێژوویییە لە رێگای رۆمانەوە و نە نووسینی رۆمانە لە رێگای گێرانەوەی مێژووەوە، بەڵكو هەوڵێكە بۆ پێكهێنانی گوتارێكی تەواو سەربەخۆ. هونەری نووسینی رۆمان ئەوە بەسەر رۆماننووسدا دەسەپێنێت، كە وێنەیەكی دیكەی كۆمەڵگا نیشان بدات، ئەمە هەر خۆی تێكشكاندنی گوتاری مێژووە، كە ئەوەی دووەمیان پابەندە بە كۆمەڵێك مەرجی ئەكادیمی و زانستی و مەبەستیەتی وێنەیەكی هاوشێوەی واقیع دەربخات. تۆ دەست دەخەیتە سەر خاڵێكی گرینگ، كاتێ دەڵێیت هەندێك نووسەر بەبێئەوەی ئاگایان لێ بێت، ئەدەبی خۆیان بۆ بەرەنگاریی و ئایدیۆلۆژیا تەرخان كردووە. وەكو گوتمان ئەوە لە نەبوونی تێروانینی جیاواز و لە نەبوونی خەیاڵ و فەنتازیای كاریگەرەوە لای رۆماننووس روو دەدات. بەڵێ، كاتێك رۆماننووس دەبێتە مێژوونووس، ئەوە لە هۆشیارییەوە نییە، بەڵكو تەنها ئەوەیە، كە نەیتوانیوە سەربەخۆیی خود بپارێزێت، بەوەی پێوەندیی خود بە واقیع رووكەش و راستەوخۆ دادەمەزرێنێت، لە كاتێكدا یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی رۆمان ئەوەیە، كە پێوەندیی خود و بابەت لەسەر ئاستی سیمبۆل پێكدەهێنێت. هەندێك لە رۆماننووسانی ئێمە هەتا ئێستاش پەیرەوی گرێچنی سەرەتا _ ناوەراست _ كۆتایی دەكەن، كە هەر خۆی لە بنەرەتدا گرێچنی مێژووە، بەڵام كەمێك ئارایشتیان لە زماندا كردووە، بەوەی بەشێوەیەكی میكانیكییانە رەگەزی شیعرییان خزاندۆتە ناویەوە، بۆیە ئەو جۆرە رۆمانە كار لەسەر گواستنەوە و ئاسانكردنەوەی ئایدۆلۆژیا دەكات. مەبەستیش لە ئایدۆلۆژیا هەموو ئەو بیروبۆچوونانەن، كە لە ماوەیەكی دیاریكراودا لە

کۆمەڵگــا باون. ڕەخنەی ئێمە هەتا ئێســتا هێزێکی ئەوەندە گــەورەی لە خۆیدا بەدی نەکردووە، هەتا بتوانێت ســتایلی ئەو جۆرە ڕۆمانە لەگەڵ ســتایلی گێڕانەوەی ئاساییدا پۆلێن بکات، بگرە زۆرجار بەو زمانە وەسفییەی خۆی ڕەواجیشی پێدەدات. ڕاستییەکەی لــەو جۆرە ڕۆمانەدا جیــاوازی لەنێوان بابەت و بیرۆکەدا نەکــراوە، بەوەی تەنها یەکەم هەیە و دووەم بوونی نییە. بابەت خۆی ئەو کەرەســە خاوەیە، کە لەســەر ئاستی کۆ، لە خەیاڵــی هەمووماندا هەیە و لە ڕێگای تێڕوانینەوە، واتە لە ڕێگای زمان و بیرۆکەکانی خۆمانەوە ئەو بابەتە لەســەر ئاســتی کۆمەڵایەتییەوە دەخەینە ســەر ئاســتی خود. بە مانایەکی دیکە بابــەت، یاخود ناوەڕۆك ئەزموونێکــی کۆمەڵایەتییە، ئەوە تێڕوانین و تەکنیکن تایبەتمەندیی پێدەبەخشــن، بــەڵام کاتێك بیرۆکە نییــە، تێڕوانین نییە، ئەوا ئەرکــی زمان تەنهــا دەبێتە گواســتنەوەی ڕووداو لە دۆخی ســەرزارەکییەوە بۆ دۆخی تۆمارکــردن و تایبەتمەنــدی نایەتە کایەوە. بۆ نموونە کاتێك دەڵێین(شــێخ مەحموودی حەفید)، ئەوا خێــرا بابەتێکی ئامادەمان دەکەوێتە بەردەســت، کە خۆی لە مێژوویێکی تراژیدییدا دەبینێتەوە. کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات، کاتێك ڕۆماننووس وا دەزانێت ئــەو بابەتە یارمەتیدەرێکی باشــە بۆ نووســینی ڕۆمان، بەوەی لــە ماوەیەکی کورتدا بێشــومار وێنەت دەخاتە بەردەم، بەڵام ڕاســتییەکەی لێرەوەیە ئەو بابەتە زەحمەتە، کە دەبێــت تــۆ زیاترین وێنە تێکبشــکێنێت و وێنــەی دیکەیان لەجــێ دابنێیت، کە ئەو پرۆسێســە تەنهــا لە ڕێگای تێڕوانینی جیاوازی نووســەر و تەکنیکەکانی نووســینەوە جێبەجێ دەبێت. ئەم کێشــەیە لە ئەدەبی ئەنفالــدا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، کە خۆم لەمەوپێــش چەند جاری دیکە لەبارەیەوە دواوم. نووســەری ئێمە، کــە ئەوەندە لەگەڵ دەســەڵاتی مێژوو تەبایە و بە شــوێنی دڵنیاییەکانی خۆی دەزانێــت، ئەوە لە لایەك بۆ کەمیــی هۆشــیاری و لە لایەکی دیکە بۆ نەبوونی پرســیار و نیگەرانیــی دەگەڕێتەوە بەرامبەر بەو چەمکە.(جەیمس جۆیس) لە ڕۆمانی(ئۆلیس)، لەســەر زمانی(ســتیڤن)ەوە دەڵێت:(مێژوو خەونێکی دێوەزمەیە، دەبێت هەوڵ بدەم لێی بەئاگا بێمەوە). لە(مامزێر) دا ئەوەی گرینگیی پێــدراوە، مێژوو نییە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤی مێژوو(Alternative History) و مێژووی گریمانــی(Virtual History)ین، کە لە لایەك تێکەڵکردنی خەیاڵــە لەگــەڵ ڕووداوی ڕاســتەقینەدا و لــە لایەکی دیکە گۆڕینی کات و شــوێن و کۆنتێکســتی ڕووداوە، کە ئەمە زیاتر لە میتۆلۆژیا نزیــك دەبێتەوە. ئەمەش بە پلەی یەکــەم بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، کــە کات مانایەکــی ســایکۆلۆژیی هەیــە و لەناو ئێتمۆســفێرێکی میتۆلۆژییدا دەردەکەوێت، کە دوورە لەو کاتەی لە کەلێندەردا هەیە. ئەوەش وای پێویســت دەکرد پشــت بە گێڕانەوەی کەسی(Subjective Narration)

ببەستریت، کە لە بنەرەتدا تەکنیکێکی سینەماییە. بەپێی پێویستیش هەردوو راناوی کەسی یەکەمی تاك و کەسی دووەمی تاك جێگۆرکێیان پێکراوە. بۆ ئەو حاڵەتە رۆحی و سایکۆلۆژییەی کارەکتەرەکە لەناو قەفەز و لە بیاباندا بەدیلکراوی بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و وەسفی دەوروبەری دەکات، ئەم تەکنیکە گونجاو بوو، بۆئەوەی جیهانی ناوەوە زیاتر بایەخی پێ بدریت. بە مانایەکی دیکە تێکستەکە بەرەو میتۆلۆژیا، نەوەك مێژوو، ئاراستە بکرێت. جۆرێك لە ئاڵوێری وێنە و بیرۆکە لەنێوان دنیای ناوەوە و دەرەوەدا پێکهاتووە. یان بە مانایەکی دیکە دنیای فیزیکی، واتە جۆگرافیا و دنیای میتافیزیکی، واتە ئەو دنیا میتافۆرییەی، کە کارەکتەر لە رێگای خەیاڵەکانی خۆیەوە دایهێناوە، تێکەڵی یەکتر دەبن. ئەو وێنانەی لە دەرەوە لە رێگای بینینەوە بۆ ناوەوە دەگوازرێنەوە، لەگەڵ سیستەمی میتۆلۆژیادا رێکدەخرێن، کە ئەو میتۆلۆژیایە چ کارەکتەر خۆی دایهێناوە و چ وەکو یادەوەریی کۆ لە نەستیدا ئامادەیە. لە رێگای ناردنەوەی ئەو وێنانە بۆ دەرەوە، پرۆسێسی کۆنتاکتکردن بەردەوام دەبێت، کە خۆی لە تێکەڵکردنی زەمەنی سایکۆلۆژی و زەمەنی سروشتییدا دەبینێتەوە. بە مانایەکی دیکە هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە خاوەنی مانا، هەتا بە خوددا تێنەپەرێت. کاتێکیش بەوێدا تێدەپەرێت، ماهیەتی دەگۆرێت، چونکە لە رێگای بینینەوە شتەکان لەباری جێگیرییەوە بۆ باری جووڵە دەگۆرێن. وەکو گوتیشمان لەگەڵ سیستەمی میتۆلۆژیادا ریکدەخرێن و لەژێر دەسەڵاتی مێژوو دێنە دەرێ. دواجار یۆتۆپیایەك هەیە و لە کۆی خەیاڵی کارەکتەرەکان پێکدێت. یەکێك لە ئەرکەکانی مێژوو کورتکردنەوەی واقیع و سنووردارکردنی رووداوە بە مەبەستی دانانی فۆرمێکی دیاریکراو، بەڵام میتۆلۆژیا بەپێچەوانەوە وەکو(میرسیا ئیلیاد) دەڵێت:(لەسەر رەگەزی جیاواز و سترەکچەری جیاواز رێکخراوە. لەجیاتی رووداو، توخمەکان و لەجیاتی کارەکتەرە مێژووییەکان، مۆدێلە کۆنەکان، لای خۆی دەهێڵێتەوە). وەك دەبینین میتۆلۆژیا بەشێوەیەکی دەمامکدراو و لەسەر ئاستی سیمبۆلدا دەردەکەوێت و وەکو زمانیش خاوەنی کۆمەڵێك میتافۆرە. ئەویش وەکو ئەدەب رەگەزی ئیکزۆتیکا لە خۆی دەگرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو زمانە مەبەستیەتی لە رێگای ئاماژەوە خۆی دەربخات، نەك راستەخۆ خۆی بدرکێنیت، کە ئەمەش وا دەکات وەکو ئەدەب ببێتە چالاکییەکی فیکری و خۆی لەژێر دەسەڵاتی واقیع بێنێتە دەرێ. ئەدەبی جیدی هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووە ئەڵتەرناتیڤی مێژوو بدۆزێتەوە، بۆ نموونە لای(ساموێل بیکیت) عەدەم(Scratch) لە شوێنی مێژوو دایە، کە سەرچاوەیە بۆ دڵەراوکێ و سەرسامی. بەگشتی رۆماننووسە گەورەکان هەر لە(دۆیستۆیڤسکی) و(جەیمس جۆیس) و(کافکا) و(تۆماس مان) و(کنوت هامسۆن)ەوە

هەتا(كازانتزاكى) و(ئەلبێرت كامۆ) و(سامويێل بيكيت) و(هێرمان هێسە) و(ئومبێرتۆ ئيكۆ) لەناو ميتافيزيكادا دنياى جياوازى خۆيان دامەزراندووە، چونكە ميتافيزيكا پێچەوانەى يەقينى ئايدۆلۆژيا بە هەردوو ڕەهەندى سياسى و ئايينييەوە، بەرهەمهێنەرى پرسيار و سەرسامى و تەمومژ و ئيكزۆتيكايە، لە كاتێكدا ئايدۆلۆژيا خۆى وەڵامى ئامادەى هەيە بۆ پرسيار و بۆ ڕەواندنەوەى تەمومژ و بۆ بەتاڵكردنەوەى هەموو لوغزەكان، لەپاڵ ئەوەدا موعجيزەكانى خۆى دەخاتە شوێنى ئيكزۆتيكا. مێژوونووس هەميشە لەوە دەترسێت بە ناپاك دابنرێت، بۆيە تا لە توانايدا بێت بۆ ساغكردنەوە و يەكلاكردنەوەى ڕووداو، ميتۆدە زانستييەكان دەگرێتە بەر، لە كاتێكدا ڕۆماننووس ئەو ناپاكييەى قەبووڵە و وەكو گەمەيەكى هونەرى سەيرى دەكات. ئەگەر(مامزێر) ويستبێتى مێژوويەكى جياواز لە مێژووى فەرمى پێكبهێنێت، ئەوا هاوكات هەوڵى ئەوەشى داوە هەر لەسەر ئاستى سيمبۆلدا كۆنتاكت لەگەڵ جۆگرافيادا بكات. بە مانايەكى ديكە شوێنيش وەكو كات بە شێوەيەك تەوزيف بكات، كە لەگەڵ دنياى ناوەوە ڕێكبكەوێت و ڕەهەندە ئيستاتيكى و نۆستالژييەكەى بخرێتە بەرچاو، بەرادەيەك بتوانێت لەژێر دەسەڵاتى مێژوو دەربهێنێت و بەپێى سيستەمى ميتۆلۆژيا ڕێكى بخاتەوە. ئەگەر سەرنج بدەيت تێكەڵييەك هەيە لەنێوان(سروشت) و(شارستانييەت)دا، كە(كلۆد ليڤى شتراوس) بە نەكوڵاو(Raw) و كوڵاو(Cooked) ناويان دەبات. كارەكتەرەكان چ لەناو سروشت و چ لەناو شارستانييەت، يان بە مانايەكى ديكە لەناو كلتووردا دەژين. تەنانەت تێكەڵييەك هەيە لەنێوان مرۆڤ و گياندار و باڵندەكاندا، كە هەندێكيان زۆر دەمێكە نەماون. واى لێدێت مرۆڤەكان بە چاوى خۆيان گۆرانكارييەكانى ئەسپ دەبينن، كە لە هەر قۆناغێكى مێژووييدا قەبارەكەى دەگۆڕێت و ناوێكى نوێ هەڵدەگرێت. لە هەموو ئەمانەدا دەمەوێت بڵێم مادام تێكستەكە لەسەر ئاستى سيمبۆل و ميتافۆر بنياتنراوە، كەواتە شوێنيش وەكو كات رياليستى نييە. مامەڵەى كارەكتەر ڕاستەخۆ لەگەڵ شوێندا نييە، بەڵكو لەگەڵ وەهمى جۆگرافيا(Geography illusion) دايە. هەر يەكەيان تێڕوانينێكى جياوازى بۆ شوێن هەيە و بەشێوەى سەربەخۆى خۆى شتەكان دەبينێت. لايەنى ماترياليى شوێن بە وردەكارييەكانى ڕووى دەرەوەى لاى ئەوان گرينگ نييە.(گۆتە) دەمێكە وتوويەتى ژيان سەرابە. بەلاى(ئێدمۆند هۆسرل)ەوە حەقيقەتى شتەكان بوونێكى رياليستييانەن، بەڵام ئەبستراكت نيين. ئەو شتانە بوونى سەربەخۆيان نييە، بەڵكو گريمانيين و ئێمە لە ڕێگاى هۆش و هەستەكانمانەوە هەستيان پێدەكەين. لە ڕێگاى پرۆسەى بيركردنەوەوە ئێمە دەزانين، كە فيكرمان لەو حاڵەتدا ئاماژە بە شتێك دەدات. دەمەوێت لێرە

هەڵوێستەیەك بکەم، چونکە نایشارمەوە لە کاتی نووسینی(مامزێر)دا فەلسەفەی(هۆسرل)، کە بە فینۆمینۆلۆجیا ناسراوە، زۆر کۆمەکی کردووم. مەبەستیشم زیاتر ئەو لایەنەیە، کە بایەخ بە خود دەدات. بەلاتەوە سەیر نەبێت، ئەگەر بڵێم من لە منداڵییەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان بەو دیدگایەی(هۆسرل) لە دنیام ڕوانیوە. ڕووبەڕوو لەگەڵ دیاردەدا، بەبێ بوونی هیچ هۆکارێکی دەرەکی لەنێوان من و ئەو دیاردەیەدا، هەتا لە ناسینیدا یارمەتییم بدات. لە کاتی نووسینی کتێبی منداڵییمدا زیاتر هەستم بەوە کرد. لەوێ زانییم بە درێژاییی تەمەنم میتافیزیکا چ بەشێکی گەورەی لە ژیانی مندا داگیر کردووە.(سیوەیلی)یش لە یەکێك لە تێبینییەکانی لەبارەی ئەو کتێبەوە هەر وای پێ گوتم. هەروەها(سیوەیلی) سەرچاوەی ئیماجینێیشنەکانی بۆ لیبیدۆ گێڕایەوە، کە لە منی منداڵدا بۆتە پاڵنەری گەورە لە خولقاندنی ئەو وێنانەدا، بەوەی ئەو وێنانە سیمای ناعەقلانییان هەیە. هەستکردن لە فینۆمینۆلۆجیای(هۆسرل)دا واتە وێنەگرتنی دنیا. مرۆڤ هەمیشە دنیا بەقەدەر قەبارەی هەستەکانی خۆی بچووك دەکاتەوە، کە ناو لەو میتۆدە دەنێت بچووکردنەوەی فینۆمینۆلۆجی(reduction phenomenologique). واتە حەقیقەت ئەوەیە، کە لەو ساتەدا لە ئێمە دیارە و دەبێت لەوە بکۆڵدرێتەوە، چونکە ئەو لە شوێنی ئەو حەقیقەتەشە، کە شاراوەیە. تێگەیشتن لە بابەت لە ڕێگای ئەزموونەوە، نەك لە ڕێگای ئەو حوکمانەی پێشتر لەبارەیانەوە هەمانە، واتە گواستنەوەی ئەو شتانە لە باری واقیعەوە بۆ باری بیرکردنەوە. بەپێچەوانەی(هایدگەر)ەوە، کە پێی وایە سەرچاوەی مرۆڤ و زمان یەکێکن، کە زەمەنە، ئەوا لای(هۆسرل) مانا هەیە، بۆیە زمان بوونی هەیە، چونکە زمان یەکسانە بە قەبارەی ئەو شتانەی لێمانەوە دیارن، بۆیە(هۆسرل) دەیەوێت لە پێوەندیی نێوان کرداری مەعریفە و ئۆبژێکتی مەعریفە، واتە ئەو شتەی، کە پێویستە لێی تێبگەین؛ بکۆڵێتەوە. لە هەموو ئەمانەدا ویستم لە لایەك لەبارەی تێڕوانینی خۆمەوە بۆ مێژوو و جۆگرافیا بدوێم و لە لایەکی دیکە بەشێك لەو ئەزموونەی خۆمت بۆ باس بکەم، کە لەگەڵ ئەو تێکستەدا هەمە.(میکایل باختین) لە کتێبی(شێوازەکانی کات و شوێن لە ڕۆماندا) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە لە کاری هونەرییدا ئاسان نییە کات و شوێن لە یەکتر جیا بکرێنەوە، بۆیە(باختین) لە کتێبی(تەنگوچەڵەمەکانی شیعرییەتی دۆیستۆیڤسکی)دا چەمکی شوێنکات(کۆرۆنۆتوپ Coronotup ) بەکار دەهێنێت. لای(گاستۆن باشلار)یش لایەنی خەیاڵ، نەوەك لایەنی پۆزیتیڤی(وچعی)ی شوێن جێگای بایەخە. بۆ ئەوەی زیاتریش لە پرسیارەکەی تۆ نزیك ببمەوە، ئەوا دەڵێم ئەزموونی ژیانی پێرسۆناڵیی خۆم، بەتایبەتی هی سەردەمی منداڵییم، زۆر کۆمەکی کردووم، کە

لە تێڕوانینی خۆمەوە شتەکان وێنا بکەم. هەرچەند ئەم تێکستە لە بەشێك لە پێکهاتەی خۆیدا تەعبیر لە دنیای کۆن دەکات، بەڵام ناکرێت تێڕوانینەکان لەم سەردەمە دابڕین، وەکو(هانز ڕۆبێرت یاوس) پێی وایە هەموو تێکستێك بەرهەمی ئەو سەردەم و ژینگەیەیە، کە نووسەر تیایاندا ژیاوە. ئەگەر جارێکی دیکە بۆ لای چەمکی شوێنکات(کۆرۆنۆتوپ Coronotup)ی(باختین) بگەڕێینەوە، کە وەکو بەشێك لە میکانیزمی گێڕانەوەی فرەدەنگی(پۆلیفۆنی Polyphony)ی کاری پێدەکات، ئەوا دەبینین شوێنکات لە توانایدا هەیە هەموو شتەکان چ لەسەر ئاستی مێژوو و چ لەسەر ئاستی جۆگرافیادا پێکەوە ببەستێتەوە. واتە شوێنکات دنیای کۆن و دنیای نوێش پێکەوە دەخاتە ناو سپێیس(فچاو)ەوە و دنیای دیکەیان لێ پێکدەهێنێت، کە هەر لای(باختین) ئەمە بەشێکە لە پرۆسیسی دەقئاوێزان(Intertextual). بە منداڵی بەردەوام خۆم لەنێوان دوو زەمەنی پێچەوانەی یەکتردا دەدۆزیەوە، زەمەنێك، کە هی ڕابردوو بوو، هەمیشە وام دەزانی من ئەوەیانم لە دەستم چووە. لەلایەکی دیکە پەلەی گەورەبوونم بوو، وامدەزانی گەورەبوون ڕزگاربوونە لە دەسەڵاتی باوکی خێزان و قوتابخانە و گەیشتنە بە دڵنیایی. هەمیشە هەستێکی سەیرم بەرامبەر بە شوێنیش هەبووە، کە وام زانیوە هەڵەیەك لە شوێندا هەیە و بەناتەواوی هاتۆتە بەرچاوم. ویستوومە لە ڕێگای خەیاڵەوە ڕێکی بخەمەوە. ئەمە لە منداڵییەوە لەگەڵ مندا هاتووە. وا دیارە هەر ئەم هەستەشە وای لێکردووم بەئاسانی لەگەڵ شوێندا ڕانەیەم و ئەدرێسەکانم لێ تێکەڵ بێت. هەروەها باوەڕێکی دیکەم هەبووە، کە شوێن لە بەردەم هێرشەکانی زەمەندا خۆی ناگرێت، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دا بووم لە خەیاڵی خۆمدا ئەو شوێنانە بخولقێنم، کە زەمەن نەتوانێت زەفەریان پێ بەرێت. ئەگەر هەر نووسەرێك یۆتۆپیایەکی هەبێت، ئەوە یۆتۆپیای من زۆر لە(مامزێر)ەوە نزیکە. دواجار دەمەوێت بڵێم(مامزێر) تێکستێك نییە بۆ گەڕانەوەی تێڕوانینی ئێمە بۆ کات و شوێنێکی دیاریکراو، بۆیە ناشتوانین نە بەش بەش واقیعی پێ بخوێنینەوە و نە لە واقیعیشەوە بیخوێنینەوە، چونکە وەکو گوتم هەوڵی ئەوەی داوە واقیعێکی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت.

**پرسیار: لە بەرهەمەکانی دیکەشتدا ئەگەرچی مامەڵەیەکی فانتازییانەت لەگەڵ شوێندا کردووە، بەڵام ئەو مامەڵەیە نەگەیشتۆتە ئەوەی ناوی ڕاستەقینەی ئەو شوێنانە بشاریتەوە، بەتایبەتی هەولێر، کە بەردەوام لە چیرۆك و ڕۆمانەکانتدا ئامادەیە، بەڵام لە(مامزێر)دا ناوت لە شوێن نەناوە، ئەگەرچی هەندێك شوێنی لۆکاڵی ناویان هەیە.**

**ئایا تۆ بەگشتی چۆن ئەو تایبەتمەندییە لە بەرهەمەکانتدا پێکدەهێنیت و لە مامزێڕدا بەتایبەتی چ پلانێکتان هەبووە؟**

**کاروان عومەر کاکەسوور:** بایەخدانی من بە هەولێر زۆر هۆکاری هەیە، ئەگەرچی وەکو گوتم هەولێری من هەولێری سیمبۆلییە، نەك هەولێری مێژوویی. مەسەلەکە هەر ئەوە نییە من لەو شارە لە دایك بووم و بەشێکی ژیانی خۆمم تێدا بەسەر بردووە، بەتایبەتی منداڵی و هەرزەکارییم، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا ئەو بایەخدانە پێوەندیی بەو شێوازەی ئیشکردنەی خۆشمەوە هەیە، کە هەمیشە دەمەوێت لەبارەی شتی پەراوێزخراوەوە بنووسم. دڵنیا بە ئەگەر خەڵکی هەر شارێکی دیکەی کوردستانیش بوومایە، هەر لەبارەی هەولێرەوە دەمنووسی، چونکە هەمیشە ڕوو لەو شوێنانە دەکەم، کە کەسانی دیکە بە گرنگیان نازانن، جا مەرج نییە ئەو شوێنانە تەنها جۆگرافیای ماتریالی بن چ لەسەر ڕووی خاك و چ لەسەر ڕووی جەستەدا، بەڵکو لە ڕۆح و خەیاڵیشدا بەدوای شوێنە پەراوێزخراوەکاندا دەگەڕێم. دەشمەوێت پێت بڵێم، کە من لەبارەی زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستانم نووسیوە هەر لە کەرکووك و موسڵەوە هەتا سلێمانی و ورمێ. ئەمە بێجگە لە وڵاتانی دیکەی وەکو عێراق، سوریا، تورکیا، یۆنان، ئەڵمانیا و دانمارکیش لە بەرهەمی مندا دەردەکەون. من وەکو نووسەرێکی ئەدەبی گێڕانەوە، بەپێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن لەبارەی شتێکەوە نانووسن، کە هیچی لەبارەیەوە نازانن، من مەبەستم ئەوەیە لەبارەی ئەو شتانەوە بنووسم، کە هیچیان لەبارەیەوە نازانم، چونکە نووسەر کاتێك لەبارەی شتە نەزانراوەکانەوە دەنووسێت، هەموو سەرەنجامەکان تێدەپەڕێنێت و دەکەوێتە بەردەمی پرۆسێسی ئەزموونگەرییەوە.(پیگی لویدێنز) لە کتێبی(پرۆسێسی نووسین)دا دەڵێت منداڵ حەز دەکات لەبارەی ئەو شتانەوە بنووسێت، کە دەیانناسێت، هەستیان پێدەکات، سەرسامی دەکەن، پرسیاری لا دەورووژێنن و ئەوانەی باوەڕی پێیانە. هەموو ئەوانەی(پیگی لویدێنز) ڕاستن بۆ ئەو کاتەی ئێمە فێری نووسین دەبین، بەڵام لە پرۆسێسی نووسینی فانتازیادا، نووسەر تێکڕای ئەو شتانە تێدەپەڕێنێت. جارێکیان یەکێك لە هاوڕێکانم لێی پرسیم ئاخۆ بەرهەمی نوێم چییە، پێم گوت:(هەوڵ دەدەم لەبارەی عادیل سەلیمەوە بنووسم). ئەو هاوڕێیەم کاتێ ئەو تێکستەی خوێندەوە، نەیشاردەوە، کە وایزانی بوو من ژیاننامەی ئەو مرۆڤە دەنووسمەوە، بۆیە پێی گوتم:(ئەمجارە، کاتێ خەریکی نووسینی بەرهەمێك بوویت لەبارەی بابەتێکەوە، بڵێ هەوڵ دەدەم لەبارەی ئەو بابەتەوە نەنووسم، نەك بنووسم). ڕاستییەکەی من قەرزاری ئەو پیاوەم، کە یەکەمین کەس بوو بیەوێت تۆقە لەگەڵ منداڵێکی پەراوێزخراوی وەکو مندا بکات. ئەو دەستە

له دەستی هەموو ئەو پیاوانەی دیکە جیاواز بوو، کە من لە ژیانی خۆمدا بینیبوومن، بۆیە ئەو تێکستەم لەبارەیەوە نووسی، کە ناوی(لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنووسم)م لێناوە، بەڵام هەموو ئەو خۆشەویستی و ڕێزەی من بەرامبەر بەو مرۆڤەم هەبوو، وایان لێنەکردم ڕاستەوخۆ لەبارەیەوە بنووسم و پێیدا هەڵبڵێم. ئەگەر لەبارەی(عەبدولخالیق مەعروف)،(جەمیل ڕەنجبەر)،(ناسیح کۆچەر) و(یوسف دەرگەلەیی)یشەوە بنووسم، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە یادەوەریی منداڵیی مندا هەن، هەر پەیڕەوی ئەو میتۆدە دەکەم. گوتەیەکی(میدیا ڕەوف بێگەرد)، کە لەبارەی نواندنەوە کردوویەتی، تەواو هەژاندوومی.(میدیا بێگەرد)ی ئەکتەر لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت:(کاتێك دەمەوێت ڕۆڵی کەسێك ببینم، هەوڵدەدەم ڕقم لەو کەسە بێت، نەوەك خۆشم بوێت). من لەو گوتەیەی(میدیا بێگەرد) چاك تێدەگەم، بەوەی ئەم لە ڕێگای ئەو ڕقەیەوە هەموو ئەو هەستە نهێنییانە لە خۆیدا دەدۆزێتەوە، کە لە حاڵەتی خۆشەویستییدا دەرناکەون. دیارە ئەو ڕقەی(میدیا بێگەرد) باسی لێوە دەکات، ڕقێکی پارادۆکسالییە، کە دواجار هەر دەبێتەوە خۆشەویستی. من خۆم کاتێك دەمەوێت تێکستێکی ئەدەبی بنووسم، لەبارەی ئەو بابەتەوە نانووسم، کە مەبەستمە، بەڵکو ئەو جێدەهێڵم و دژەکەی دەکەمە ئامانج. ئەو پارادۆکساڵەم لە زۆربەی بەرهەمەکانمدا لەبەرچاو گرتووە. لە ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!!)دا زۆر بەئاسانی دەمتوانی بە کەرەسەکانی مێژوو کار بکەم. بە زەحمەتم نەدەزانی، ئەگەر باس لە هێرشی بەعس و ڕژاندنی گازی کیماوی بکەم، ئەمە لە دەست هەموو کەسێك دێت، بەڵکو لایەنە سیمبۆلییەکەی ئەنفالم بەلاوە گرینگ بوو، بۆیە ئەو گوتەیەی(بەختیار عەلی)م لە پێشەکییەکەیدا نووسی، کە باس لەوە دەکات، مەرج نییە ئەدەبی ئەنفال ئەوە بێت، کە باس لە خودی ئەنفال دەکات.(مامزێر)یشم هەر بەم میتۆدە نووسی. جۆگرافیایەکی سیمبۆلییە، نەك شارێك، یان وڵات و کێشوەرێکی دیاریکراو. ئەوە نووسەرە شوێنی لۆکاڵی دەکاتە شوێنی بەناوبانگ، نەك بەپێچەوانەوە. هیچ کاتێك شوێنی بەناوبانگ ناتوانێت نووسەرێکی لۆکاڵی گەورە بکات.(مارکیز) گوندێکی بچووکی خوارووی ئەمریکای بە هەموو دنیا ناساند. لە ئەدەبدا شوێنی لۆکاڵی و شوێنی سەرەکی بوونیان نییە، ئەوە تواناکانی زمانە ئەو سیفەتانە بە شوێن دەبەخشێت. هەموو نووسەرێك بیەوێت و نەیەوێت ئەو شوێنە زیاتر کاری لێدەکات، کە تێیدا لە دایك بووە و گەورە بووە، بەڵام ئەوە هونەری نووسینە ئەو کاریگەرییە بەرەو داهێنان ئاراستە دەکات، بەوەی لە ڕێگای فانتازیا و زمانەوە سیما ئاشکراکانی ئەو شوێنە بۆ کۆمەڵێك سیمای دیکە دەگۆڕێت، کە لەگەڵ واقیعی خوددا دەگونجێت.(گۆنتەر گراس)، لە(دانتزیگ) لە دایك و گەورە بووە، بۆیە ئەو شارە لە ڕۆمانەکانی ئەودا بەو شێوەیە ڕەنگی داوەتەوە.

خۆی دەڵێت:(ویستوومە سەرلەنوێ ئەو شتانە دروست بکەمەوە، کە سیاسەت تێکی شکاندوون. کاتێك مرۆڤ بەگشتی و نووسەر بەتایبەتی هەوڵ دەدات واقیع دروست بکاتەوە، ئەوا ئەو واقیعە گۆڕانی بەسەردا دێت و تێکەڵی میتۆلۆژیا دەبێت). هەروەها دەڵێت:(من نەك هەر دانتزیگ خۆی، بەڵکو ئەو مرۆڤانەیش کاریان لێکردووم، کە ناچار بوون گوند و شاری خۆیان جێبهێڵن و لەوێ بگیرسێنەوە). دەگاتە ئەوەی بڵێت:(هەرچەند ویستبێتم بنووسم، ئەو بابەتە خۆی بەسەرمدا سەپاندووە). بەڵام(گۆنتەر گراس) شوێنێکی جیاواز لە شوێنی ڕاستەقینەی دروستکردۆتەوە، بۆیە ناتوانین وەکو مێژوو بیخوێنینەوە. جۆگرافیا خۆی تەنها شوناسی تۆبۆگرافیی هەیە، بەڵام ئەوە مرۆڤە لە ڕێگای ئەزموونەکانی خۆیەوە لەناو زەمەن شوناسی دیکە دەداتە پاڵ جۆگرافیا. شوێنی پیرۆز، شوێنی حەرام، شوێنی حەوانەوە، شوێنی ئەشکەنجە، شوێنی پاك و شوێنی پیس، هەموویان ئەنجامی ئەزموونەکانی مرۆڤن لەناو کۆنتێکستی مێژوودا. ئەدەب لەسەر ئاستی ئیستاتیکادا مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەی شوێن دەکات. پرۆسێسی خوڵقاندنی کارەکتەری جیاواز بەبێ پرۆسیسی خوڵقاندنی جۆگرافیای جیاواز، جێبەجێ نابێت. لای من چ لە(مامزێر) و چ لە بەرهەمەکانی دیکەشمدا خوڵقاندنەوەی شوێنی بەسەرچوو، یان دروستکردنی شوێنی گریمانی، ئەنجامی نیگەرانی و نەگونجانە لەگەڵ شوێنی ئێستادا. ڕاست دەکەیت لە(مامزێر)دا نەك شوێن، بگرە کارەکتەری سەرەکییش ناوی نییە، چونکە هەردووکیان سیمای سیمبۆلییان هەیە. بە مانایەکی دیکە هەوڵدراوە ئەو ئاراستە ئاشکرایەی لەنێوان تێکستی ستاندارد و واقیعێکی دیارکراوادا هەیە، بسڕدرێتەوە، یاخود بە شێوەیەکی شاراوە دەربخرێت.

**پرسیار: لەم ڕۆمانەدا ئەوەندەی پشت بەگێڕانەوە بەستراوە، ئەوەندە وتوویژ و وەسف نابینین، هاوکات کارەکتەرەکانیش زۆربەیان کەسانی بێدەنگن وەکو قسەکردن، بەڵکو لەدەروونی خۆیانداو لەگەڵ خۆیان دەپەیڤن، کەچی دەورووبەر ڕەت ناکەنەوە، ئەمەیش لەکن من سەیرە، چونکە هەر ڕۆمانێکم خوێندبێتەوە، ئەگەر کارەکتەرەکانی کەمدووبن، بێزاریشن لەژیان، بەڵام وەکو لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، لە(مامزێر)دا هەست بەم حاڵەتە ناکەین. جوداوازیی تۆ بۆ تەوزیفکردنی ئەم لایەنە لەسەرەوەختی بیرکردنەوەدا دروستبوو، یان لەسەروەختی نووسیندا؟ چونکە پێموایە نووسین تێکەڵەیەکە لە ئاگایی و نا ئاگایی.**

**کاروان عومەر کاکەسوور:** هیچ نووسەرێك ناتوانێت دەستبەرداری وەسف بێت،

چونکــە یەکێکە لە پێکهاتە گرینگەکانی ئەدەبی گێڕانەوە، بەڵام وەســف پێوەندیی بە دیدگای ئەو کەســەوە هەیە، کە لە خۆی و لە دەوروبەر دەڕوانێت. لە هەموو ڕستەیەکی تەواودا وەسف هەیە، بەڵام وەسف لەو ڕستانەی کرداریان تیا نییە، بەروونی دەردەکەوێت وەکو(کچێکی ژیرە)،(کوڕێکی رووخۆشە)،(ماڵێکی رووناکە) و(دارستانێکی چڕە). هەرچی ئەو ڕستانەن، کە کرداریان تێدایە، ئەوا هەندێك جار ئەو وەسفە لەسەر ئاستی گراماتیکدا دەرناکەوێت. بۆ نموونە ئەگەر بڵێم:(رابەر دەنووسێت)، ئەوا لە ڕووی گراماتیکەوە وەسف دەرناکەوێت، بەڵام ئەگەر لە ڕووی پراکتیکەوە سەرنج لەو ڕستەیە بدەین، دەبینین وەسف هەیە، بەڵام بە کردارەوە بەندە و بەشــێوەیەکی شاراوە دەردەکەوێت، چونکە ئێمە خۆمان دەبێت بیهێنینە بەرچاو، کە(رابەر) چۆن دەنووســێت. مادام ئەو بکەرە و کرداری نووسین بەجێ دەهێنێت، کەواتە دەبێت بەشــێوەیەك لە شێوەکان بنووسێت. ئەگەر بڵێین:(رابەر خێرا، یان چاك، دەنووســێت) ئەوا وەســف بەروونی دەردەکەوێت. من خۆم کاتێك وەسف دەخەمــە پاڵ کردارەوە، کە بزانم ئەو وەســفە ئەرکێکی دیکەی جیا لە وەســف دەگرێتە ئەســتۆ. بۆ نموونە ئەگەر ســەرنج لە یەکەم ڕستەی تێکســتەکە بدەیت، کە ئاوایە:(لە ڕێگا، کاتێ جەنگاوەرە ڕیشنەکان رووتوقووت بەسەر لمە داخبووەکەدا دەیانهێنایەن)، ئەوا هەر سێ وشەی(ڕیشنەکان) و(رووتوقووت) و(داخبووەکان) بێجگە لە ئەرکی وەسفکردن، ئەرکــی ئاماژە و ئیماجینێیشنیشــیان هەیە و دواجار خزمەتــی بیرۆکەی میتۆلۆژیاکە دەکەن، کە تێکســتەکەی لەســەر بنیاتنراوە. وەك دەبینیت ئەوانە تەنها وەســف نین، بەڵکو ســێ چەمکن، کە ئاماژە بە جەســتە، دەســەڵات و جۆگرافیا دەدەن و بەدرێژایی تێکســتەکە خۆیان نوێ دەکەنەوە. مەبەســتم لە هێنانەوەی ئەو نموونانەدا ئەوەیە، کە وەســف لە(مامزێڕ)دا هەیە، بەڵام بەشێکە لە پرۆسیســی گێڕانەوە. لەگەڵ فراوانبوونی دیدگادا، وەســفیش چڕتر دەبێت و ئەرکەکانی وەکو لێکدانەوە و گێڕانەوە و ســیمبۆل و ئیستاتیکا چاکتر بەجێ دەهێنێت. لە(مامزێڕ)دا تەنها وەسفی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییانە دەکرێن، کە کارەکتەریان تیایە و زیاتر لەشێوەی خەون و زیندەخەوندا دەردەخرێن. کات و شوێن تەنها کاتێ دەکەونە ناو پرۆسێسی وەسفەوە، کە لەگەڵ بینین و ئیماجینێیشنەوە کارلێك دروست دەکەن، چونکە وەسفکردنی ئەو دوانە بەبێ تێڕوانینی کارەکتەر، ناتوانن ئێتمۆسفۆری ڕۆمان بهێننە گۆڕێ و نابنە ڕەگەزی ئاکتیڤ. وەکو گوتم وەسف لە(مامزێڕ) دا بە کردارەوە پەیوەســتە، کە هــەر ئەمەش ڕێگای لەوە گرتووە ڕەوتــی گێڕانەوە خاو بێتەوە، چونکە زۆر لەوانەی لەبارەی تیۆری گێڕانەوەوە نووسیویانە، وەکو(جیرار جینێت) و(ژان ڕیکاردۆ)، پێیان وایە وەسف ڕەوتی گێڕانەوە خاو دەکاتەوە.(جیرار جینێت) گێڕانەوە و وەســف بەوە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، کە یەکەمیــان ڕووداو و کردار دەگێڕێتەوە، بەڵام

دووەمیان خۆی بە شتەکانەوە پەیوەست دەکات. لای منیش وەکو هەندێك لە نووسەرانی سەردەمەکەم وەسف پێکهاتەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی گێڕانەوە. باوەڕم بەوە نییە ڕستەی وەکو(هەتاوێکی خۆش) بوو، یان ڕۆژێکی(باراناوی بوو) بکەمە دەسپێکی هیچ پەرەگرافێکم، بەڵکو مەبەستمە وەرگر خۆی ئەوانە لە کۆنتێکستی ماناکاندا بدۆزێتەوە، یاخود بیانهێنێتە بەرچاو. واتە ئەرکی وەسف وەکو پرۆسێسێکی ئەزموونگەری، کەشفکردنە، نەك زیادەڕۆیی لە باسکردنی ڕووی شتەکان. بە بڕوای من ئەوە گێڕانەوەیە وەسف ئاراستە دەکات، نەوەك بەپێچەوانەوە. من خۆم باوەڕم بەوە نییە وێنە بەڕوونی و تەواوی ئاراستەی(وەرگر/ خوێنەر) بکەم، بەڵکو یەکێك لەو یارییانەی حەزم لێیەتی ئەوەیە، کە وەرگر بەپێی ئەزموونی خۆی بەشێك لەو وێنە ناتەواوە، تەواو بکات.(ئالان ڕۆب گریێ)، کە یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی گۆڕانی گەورەی لە شێوازی وەسفدا کردووە، پێی وایە خوێنەر دەتوانێت لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی ڕیالزمییدا باز بەسەر زۆر لەو لاپەڕانەدا بدات، کە بۆ وەسف تەرخان کراون، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا مەحاڵە ئەمەی بۆ بکرێت، چونکە ماناکانی لە دەست دەچن. تۆ ڕاست دەکەیت چ وەسف و چ دیالۆگ ڕووبەرێکی زۆر لە(مامزێر) داگیر ناکەن، چونکە وەکو پێشتریش گوتم جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان زیاتر بایەخی پێدراوە. دیالۆگی نێوان کەسەکانیش لە واقیعەوە بۆ زەمەن گۆڕاون، بۆیە کاتێك لە ڕێگای یادەوەرییەکی تێکشکاوەوە لەناو قەفەز دەردەخرێنەوە، ئەوا گۆڕانیان بەسەردا دێت. وەکو(بێرجیسۆن) دەڵێت:(ئێمە ناتوانین بە هەمان هۆشیارییەوە لە دوو ماوەی زەمەنیی وەکویەکدا بژین). بێگومان ڕووداوەکان چ لە ڕووی ناوەرۆك و چ لە ڕووی فۆرمەوە دەگۆڕێن، چونکە هەستی کەسەکان وەکو(شۆپینهاوەر) پێی وایە بەپێچەوانەی ئیرادە، کە ئەوەی دواییان شتێکی گرینگ و بنەڕەتییە لە تاك و لە ڕێگای ئەقلەوە تاك بەڕێوە دەبات، بەهۆی زەمەنەوە دەگۆڕێت. واتە هەستەکان پێچەوانەی ئیرادە لەژێر کاریگەریی کاتدا دەگۆڕێن، بەوەی دەکرێت پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و نوێ بکرێنەوە. لە(مامزێر)یشدا جاری وا هەیە ڕووداوەکان، بیرۆکەکان و گوتەی کەسەکان هەر تەواو گۆڕاون و ئەم بەناتەواوی بیری دەکەونەوە، کە ئەمەش وادەکات بەشێوەیەکی هەندێك جیاواز بیانگێڕێتەوە. واتە دیالۆگیش هەر لەشێوەی مەنەلۆژی شانۆیی(Dramatic Monologue)دا دەردەکەوێت. بۆ نموونە سەرنجت بۆ دیالۆگی نێوان کارەکتەری سەرەکی و(گۆڵدا) رادەکێشم، کە باس لەوە دەکەن، کاتێ شێر ڕەوەیەك ئاسك ڕاو دەنێت، ئەوا ئەوان جوانترین دیمەن دەبینن، چونکە شاخی ئاسکەکان، کاتێ لە هەوادا دەلەرنەوە، لە چەند درەختێك دەچن. مەبەستم ئەوەیە وەسف تێکەڵی دیالۆگەکانیش دەبێت. من وەکو نووسەری تێکستەکە نامەوێت

لەوە زیاتر دەست بخەمە ناو کاروباری رەخنەگرانەوە. بەڵام بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە کارەکتەرەکان لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگن، بەڵام دەوروبەر رەت ناکەنەوە، ئەوە کێشەکە لە دەرەوەی قەبوولکردن و رەتکردنەوەوەیە، چونکە وەکو پێشتر گوتم شوێن بەشێوەیەکی ڤێربالْ(لفظی) بوونی هەیە و لە رێگای زمانەوە داهێنراوە، تەنها لە رێگای ئیماجینێیشنەوە دەکرێت هەستی پێ بکرێت. ئەمەش وای کردووە هەموو پێوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوە لەسەر ئاستی سیمبۆلدا دەربکەون، وەکو(هایدگەر) پێی وایە بوونی مرۆڤ هەر خۆی بوونێکی دیالۆگییە و لەو رێگایەوە مرۆڤ دیالۆگ لەگەڵ دنیادا دەکات.

**پرسیار: لە پاڵ ئەوەی کە زمانی نووسینت لەم رۆمانەدا تا ئاستێك قورسە، لە هەندێك پەرەگرافیشدا بارگاویکراوە بە سیمبۆڵ، هاوکات گرنگییەکی ئەوتۆیشت بە لایەنی سێکس و فەنتازیا داوە. پرسیاری ئێمە ئەمەیە: هەندێك نووسەر باس لەوە دەکەن کە پێویستە لەمەو دوا بە سادەیی بنووسین(نەك ساکاری)، چونکە خوێنەر تاقەتی ئەوەی نەماوە وەکو ئایین کۆدەکانی دەقی ئەدەبی بکاتەوە. چۆن لەم تەرزە روانینە دەنواڕی لە بەرانبەر رۆمانەکەتدا؟**

**کاروان عومەر کاکەسوور:** پێشتریش گوتوومە کێشەی گەورە لەناو رۆشنبیریی ئێمەدا ئەوەیە، کە زۆربەی شتەکان لەسەر ئاستی زارەکییدا هەن و ناگەنە ئاستی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەوە. ئەوانە لە وزەیاندا نییە بۆچوونەکانیان لەو ساکارییە دەربهێنن و بیانخەنە سەر ئاستی فیکر و مەعریفەوە، بۆیە جار جار لە گفتوگۆکاندا دەرفەت دەهێنن و شەرمنانە و بەخێرایی یەك دوو رای لەم شێوەیە دەردەبڕن. باوەڕ ناکەم تۆ هیچ لێکۆڵینەوەیەکت نە بە زمانی کوردی و نە بە زمانی دیکە دەست بکەوێت، کە پشتگیری لە رۆمانی سادە بکات، بۆ ئەوەی مانا کۆنکرێتییەکانی تێبگەیت و گفتوگۆیان لەبارەیەوە بکەیت. نووسەر هەیە رۆمانی نووسیوە و مانگانە گفتوگۆ دەکات، بەڵام لە هیچ یەکێك لەو گفتوگۆیانەدا دێڕێکت پێ ناڵێت، کە پێوەندیی بە رۆمانەوە هەبێت. تۆ ناتوانی لەبارەی ئەو وەسفانەیەوە هیچ شتێك بڵێیت. ئەو نووسەرە ئەگەر جار جار بە رستەیەك یان دوان تێکستێك بسڕێتەوە و رەواج بە یەکێکی دیکە بدات، ئەوە هیچ گرینگییەکی نییە، چونکە لە پشت ئەو بڕیارەوە خوێندنەوە نییە. نووسین پرۆسێسێکە لەناو خودی داهێنەردا روو دەدات. بە مانایەکی دیکە نووسین گواستنەوەی سۆز و خرۆشەکانی خودە لە کۆمەڵێك وێنەی نارۆشنەوە بۆ ئاستی ئاماژە، کە ئەوەی ئەو

پرۆسێسە جێبەجێ دەکات، زمانە. کەواتە زمان ئەو شتانە دەگوازێتەوە، کە لەناو خوددا کەڵەکـــە کراون. ئەوەی دەتوانێت خودی نووســەرێك لە خودی نووســەرێکی دیکە جیا بکاتەوە، خوێندنەوەیە چ لەسەر ئاستی بینین و چ لەسەر ئاستی ئەقڵدا. نووسەر لە ڕێگای خوێندنەوەکانەوە ئەو وێنانە کەڵەکە دەکات، بۆیە پێکهاتەی ئەو وێنانە پێوەندیی بە جۆر و مەودای بینین و تێڕوانینی نووســەرەوە هەیە. کاتێك پێکهاتەی وێنەکان فرەڕەهەند و ئاڵۆزن، ئەوا هاوکات بۆ گواستنەوەیان زمانێکی چڕ و بارگاوی بە مەعریفە و ئێستاتیکا دەخوازن. کاتێکیش وێنەکان ســادەن، ئەوا زمانیش ســادەیە. ئەو نووسەرەی دەتوانێت تێکســتی قورس بەرهەم بهێنێت، بێگومان لەسەر بەرهەمهێنانی تێکستی سادە پەکی ناکەوێت. ئەوە نووسەری سادەنووسە لە توانایدا نییە زمانێکی کاریگەر دابهێنێت. باوەڕ مەکە هیچ نووســەرێك بیەوێت سادە بنووســێت، بەڵام وەکو گوتم هەر نووسەرێك خۆی دەنووســێتەوە. هەندێك نووسەر کاتێ هەست دەکەن تێکســتەکانیان زیاد لە پێویست لاوازن، ناوی ســادەیان لێدەنێن و لە گفتوگۆکان، نەك لە لێکۆڵینەوەدا، هێرش دەکەنە ســەر تێکســتی جیدی و دەڵێن ئەدەبی سادە بە کەڵکی ئەم ســەردەمە دێت. ڕێگام بدە بــا بیرەوەرییەکی چەند هاورێیەك و خۆمت بۆ بگێڕمەوە. لە پۆلی شەشــەمی ئامادەیی بەرەبەری تاقیکردنەوەی بەکالۆریا لە ماڵی هاورێیەك دەمانخوێند و شــەوان لە سەربان دەخەوتین. بەیانییان دایکی ئەو هاورێیەمان هێڵکەورۆنی بۆ دەکردین. ئەو حەزی دەکرد هێلکەکان بەشێوەیەك ڕۆ بکاتە ناو تاوەکەوە، کە زەردێنە بەجیا و سپێنەش بەجیا بێت، بــەڵام لە چوار دانە، ئەگەر دانەیەکی لە دەســت دەربچووایە. هــەر کاتێك یەکێك لەو هێلکانە بەپێی ویســتی خۆی دەردەچوو، شانازیی بەخۆیەوە دەکرد و دەیگوت بزانن چۆن دەرچــوو! ئاوێنەیە! ئاوێنە! بەڵام کاتێك زەردێنەکە تێکەڵی ســپێنەکە دەبوو، دەیوت با ئــاوا بێت، خۆم ویســتم ئاوا بێت. ئێمەش پێدەکەنین، هەتــا دوایی خۆی دانی بەوە دانا، کــە تواناکەی هەر ئەوەندەیە. لەمــەوە یەکێك لە هاورێکانمان، کە لە کاروباری ناندین شــارەزا بوو، خۆی بەخێرایی زەردێنە و ســپێنەی لە یەکتر جیا دەکردەوە. هەتا ئێستاش ئێمە بەیادی ئەو ڕۆژانە پێدەکەنین.

چۆن داوا لە(بێکێت) بکەین ئاسان بنووسێت، ئەگەر ئەو سەرچاوەیەی بە هونەرەکەی تەعبیری لێوە دەکات، هەمان ئەو سەرچاوەیە بێت، کە(شۆپینهاوەر) و(هایدگەر) لە ڕێگای فەلســەفەوە تەعبیری لێدەکەن؟ چۆن داوا لە(ڤێرجینا وولف) بکەیت لەسەر(شەپۆڵەکان) ی سادەیی بنووسێت، ئەگەر ئەویش وەکو(جەیمس جۆیس) تەعبیر لەو سەرچاوەیە بکات، کە هەمان ســەرچاوەی تیۆرەکانی(فرۆید) و(یۆنگ) بێت؟ هەموویان کار لەسەر بیرۆکەی شەپۆلی هۆش و میتۆلۆژیا و سیمبۆل دەکەن، بەڵام بە ڕێگای جیاواز. تەنانەت(جەیمس

جۆیس) نکووڵی لەوە دەکات، کە ئەو شـــێوازەی لە(فرۆیـــد)ەوە وەرگرتبێت، بەڵکو پێی وایە راستەوخۆ لە سەرچاوەکەوە هێناویەتی. هەر کام لە رۆماننووسە گرینگەکانی دنیا دەگریت، پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ یەکێك لە کایەکانی مەعریفەی وەکو فەلســـەفە، ســـایکۆلۆژیا و سۆســـیۆلۆژیادا هەبووە، ئەگەر لەگەڵ هەموویانـــدا نەیبووبێت.(میلان کۆندێرا)، کە خۆی یەکێکە لەوانەی لە رێگای هونەری رۆمانەوە تەعبیری فەلسەفییانە لە ســـەردەمی خۆی دەکات، دەڵێت رۆمان لەپێش(فرۆید)ەوە تیۆری شەپۆلی هۆش و بەر لە(مارکس) شەری چینایەتی و زووتر لە فینۆمینۆلۆجییەکان فینۆمینۆلۆجیای دۆزیەوە. ئەگەر ســـادەیی ئامانج بێـــت، نەوەك قووڵی، ئەوا نابێت جیـــاوازی لەنێوان(رۆکامبۆل) و(گـــەران بەدوای کاتی ونبوودا) بکەین. نابێت جیـــاوازی لەنێوان رۆمانەکانی(عەزیزی مەلای رەش) و(خەســـرۆ جاف) لەگەڵ ئەوانەی(بەختیار عەلی)یدا بکەین. ئەگەر نووسین بەگشتی و رۆمان بەتایبەتی بریتی بێت لە تێپەرکردنی زمانی رۆژانە، ئەوا ئێمە خۆمان لە بەردەمی چەمکێکی رێژەییدا دەبینینەوە و هیچ پێوەرێك ناتوانێت ئەو رێژەیە دیاری بـــکات، چونکە ئـــەوە رێژەی یارییەکانـــی زمان و خەیاڵ و فانتازیا و هەڵوەسەیشـــن و دەرخســـتنی چەپاندن و حاڵەتی هیســـتریایە. ئەگەر رۆمان بە ســـادەیی کاری بکردایە، ئەوا نەدەبووە جێگای بایەخی فەیلەســـووف و بیرمەندانی وەکو(جۆرج لۆکاچ)،(لۆســـیان گۆڵدمان)،(میکایل باختـــین)،(رۆلان بارت) و(جیل دۆلۆز) و دەیانی دیکە. ئەگەر رۆمان ســـادە بکرابوایەتەوە،(ئەلبێرت کامۆ) و(ژان پۆل سارتەر) و(کۆڵن وێلسن) و زۆری دیکە نەیاندەکـــردە کەناڵێك بۆ دەربرینی رێبازە فەلســـەفییەکانی خۆیـــان، کە ئەو رۆمانانە بەشـــدارییەکی گەورەیان لـــە پێکهێنانی هۆشـــیاریی فیکرییدا کـــردووە. نەخێر، ئەوە قووڵییـــە، نەك ســـادەیی ئامانجی رۆماننـــووس، چونکە لە ســـادەییدا تێکرامان دەبین بە یەك، چونکە ســـادەیی ئـــەو حاڵەتە جێگیرەیە، کە هەموومان لە ســـاتێکدا لە خۆیدا کـــۆ دەکاتەوە. ئەوە قووڵییـــە دەمانخاتە بەردەمی ریســـك و پەلاو(تحدی)کردنەوە. هەر یەکێکمان بە لایەکدا دەبات و خولیای داهێنانی رێگومکەمان لا دروست دەکات، وەکو ئـــەو رێگومکەیەی(بۆرخیـــس) هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانکـــرد. من خۆم پێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن ئەمرۆ لەم سەردەمە ئێلیکترۆنییەدا دەبێت زمانی نووسین ئاسان بکرێتەوە، دەڵێم لەگەڵ زۆربوونی پارچەکانی تەکنەلۆژیای ئێلیکترۆنییدا، ئەرکی نووسەر قورستر دەبێت. ئەمرۆ کامێرای میتاڵ پێشبرکێی کامێرای چاو دەکات، بگرە لە هەوڵی ئەوە دایە دەســـتی بەســـەردا بگرێت، بۆیە ئەگەر کامێرای چاو وێنەکانی ئاڵۆزتر و سەرنجراکێشتر نەکات، ئەوا ناتوانێت جیاوازییەکانی خۆی بپارێزێت. پاراستنی ئەو جیاوازییانەش تەنها بەوە دەبێت، کە لەپاڵ وێنەکانی چاودا دەبێت پشـــت بە وێنە ئەقڵییەکانیش ببەسترێت.

ئەمڕۆ دەبینین ڕۆماننووسە دیارەکانی دنیا ئەوانەن، کە دەتوانن وێنەی جیاواز لە وێنەی دیگیتاڵ بەرهەم بهێنن، تەنانەت خودی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیش وەکو سینەما دەکەنە تەکنیـــك و دەیانخەنە خزمەتـــی هونەری ڕۆمانەوە.(دان بـــراون) چاکترین نموونەیە، کە زانستی تەکنیکی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و کۆدەکان بەکار دەهێنێت، بۆیە سەیر نییە ئەگەر زۆربەی ناونیشـــانی ڕۆمانەکانی ئاماژە بن بۆ ئەو شـــێوازە وەکو(کۆدی داڤینشی) و(قـــەڵای دیگیتاڵ)، کـــە تیایاندا زانســـت و فانتازیا و واقیع و مێـــژوو تێکەڵی یەکتر دەکات. لـــەم ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێیەکم بەرنامەیەکـــی تەلەڤیزیۆنییمان لەبارەی ژیانی مارەکانەوە بینی، کە(ئارام غەفوور)ی ژۆرنالیســـت ئامادەی کردبوو. ئەو بەرنامەیە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی ئێمە چاکتر و هۆشـــیارانەتر کاری لەســـەر بیرۆکە و فۆرم و وێنەدا کردبوو. ئەگەر ڕۆماننووس نەتوانێت وێنەی جیاواز لەو وێنانەی(ئارام غەفوور) بەرهەم بهێنێت، بۆچی دەنووســـێت؟(ئەحلام مەنســـوور)،(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)،(حسێن عارف)،(حەمەفەریق حەسەن)،(دڵشاد مەریوانی)،(ڕەوف بێگەرد)،(ڕەوف حەسەن)،(سەلاح عومەر)،(شـــێرزاد حەسەن)،(شیرین ك)(عەبدوڵلا سەراج) و(محەمەد موکری) و هەندێکی دیکە لە چیرۆکنووسانی ئێمە بۆیە توانیان تا ڕادەیەکی زۆر ویژدانی سەردەمەکەی خۆیان بن، چونکە لە دەستیان هات وێنەی گەورەتر و ئاڵۆزتر لەوەی لە بەرچاوی ئاساییدا بوو، بەرهەم بهێنن، بەڵام ئەمڕۆ سەردەمەکە زۆر لەوەی پێشوو زەحمەتترە. خۆمان لە بەردەم پارادۆکسالیێکی گەورەدا دەبینینەوە، کاتێ لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا داوای وێنەی سادەمان لێدەکەن. لەم سەردەمە ئیلیکترۆنییکەدا وێنەکان ڕۆڵی دووفاقیانە دەبینن، لەلایەك کار لەســـەر ڕوونکردنەوەی واقیع دەکەن، بەوەی زۆر بەئاسانی ئەو زۆنە نەزانراوانە چ لەناو خەیاڵ و چ لەناو واقیعدا کەشـــف دەکەن، کە دەبوایە نووسەر لە ڕێگای زمان و خەیاڵی خۆیەوە پێیان بگات و لە لایەکی دیکە نووســـەر دەخەنە بەردەم پەلاوی گەورەتر، بەوەی دەبێت هەموو ئەو وێنانە تێپەڕێنێت و وێنەی گەورەتر بەرهەم بهێنێت. ئاسانکردنەوەی زمانـــی ئەدەبی واتا تەعبیر نەکردن لە خود. ئەگەر وایە نووســـین هیچ ئەرکێك ناگرێتە ئەستۆ و بۆچی و بۆ کێ بنووسین؟ لێرەشدا مەبەستمان لە چرکردنەوەی زمان، ئاڵۆزکردنی نییـــە. گەرەکمان نییە بڵێین دەبێت کۆنتاکتـــی زمان لەگەڵ دەرەوەدا ئاڵۆز بێت، بەڵکو بەپێچەوانـــەوە مەبەســـتمان لە چرکردنـــەوەی مانایە. من خۆم هەوڵ بـــۆ چڕیی مانا و سادەییی کۆنتاکت دەدەم. هەر ئەمە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، کە تا لە توانادایە لە ڕێگای بایەخدان بە ڕەوانیی زمانەوانی، دروســـتیی ڕێنووس و تۆکمەییی خاڵبەندییەوە کار لەســـەر ئاســـانکردنەوەی ئەو کۆنتاکتەدا بکەین. بەداخەوە زۆر لە نووسەرانی ئێمە ئەمانـــە لە بەرچاو ناگـــرن و وا دەزانن ڕۆڵی گرینگیان لە پێکهێنانی تێکســـتدا نییە.

من خۆم دەزانم ئەمڕۆ ڕۆمانی سادە چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە ڕەواجی هەیە و زیاتر دەخوێندرێتەوە و لەبارەیەوە دەنووسرێت، بەڵام من ناتوانم دەستبەرداری شێوازی خۆم ببم، کە تەعبیرە لە خودی خۆم. لەپاڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش ڕۆمانی جیددی چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە نەك گرینگیی خۆی پاراستووە، بەڵکو لە جاران زیاتر بایەخی پێ دەدرێت. ڕۆمانەکانی(دان براون) لە سەرتاپای دنیادا بەرادەیەکی زۆر دەخوێنرێنەوە، ئەگەرچی ئاسانیش نیین. لەپاڵ ئەوەدا زنجیرە کتێبی(هاری پۆتێر)ی(ژ. ك. ڕۆلینگ) یش زۆریان لێ دەفرۆشێن، بەڵام ئەوەندە ڕووکەشن، کە هیچ مەرجێکی هونەرییان تیادا بەدی ناکرێت. پێکهاتەی(مامزێر) بەشێوەیەکە، کە نەدەکرا فۆرمێکی دیکەی هەبێت. وەکو گوتم مامەڵەکردنە لەگەڵ چەمکی میتۆلۆژیا و تەنها ئەو زمانە دەیتوانی بەرهەمی بهێنێت. بۆ نموونە من سەرنجت بۆ دیالۆگی نێوان کارەکتەری سەرەکی و پووری ڕادەکێشم، کە لەبارەی دۆزەخەوەیە. ئەو بیرۆکەیە وەکو زۆربەی بیرۆکەکانی دیکە بەشێوەیەکی خۆرسکانە زمانی ڕۆژانەی تێپەڕاند. دیارە من باس لە چاکی و خراپیی تێکستەکە ناکەم، بەقەدەر ئەوەی دەمەوێت بڵێم ئەو زمانە نەدەکرا ئاسایی بێت، مادام هەر لە بنەڕەتەوە تێکڕای بیرۆکەکان لە ئاستی ئاساییەوە چوونەتە ئاستی میتافۆر و سیمبۆلەوە.

**پرسیار: لە سەروەختی خوێندنەوەی(مامزێر)دا، شێوازی گۆڕینی(کات) و(شوێن) بەقووڵیی کاری بۆ کراوە، وەکو پێشتریش گوتمان زمانی تێکستەکە بارگاوییە بە سیمبۆل. ئایا زمان کاتێك تێکەڵی فیکر دەبێت، دەتوانێت تایبەتمەندێتیی هەر یەکێك لە کارەکتەرەکان بپارێزێت؟ وەك دەبینین هەر یەکێك لە کارەکتەرەکان لەوانە(بیبی کەناری، سیڤەری مارژەن، مەروان نابلسی، ڤادڤێلا و هتد) لە دیالۆگەکانیاندا کۆمەڵێك بیرۆکە دەخەنە ڕوو. ئایا ئەمە ڕیسکێکی گەورە نییە؟ تا چەند هەستت بەمانە کردووە؟ خۆت بڕیارت داوە کارئەکتەرەکان وەها بدوێن، یان سەربەستییەکی تەواوت پێ بەخشیون؟**

**کاروان عومەر کاکەسوور:** ڕۆماننووس ناتوانێت سەربەستی بە کارەکتەرەکانی بدات، ئەگەر پێش هەموو شتێك خۆی سەربەست نەبێت. ئەو سەربەستییەش تەنها کاتێك بە دەست دەهێنیت، کە تۆ خۆت بە نووسەرێکی ئەزموونگەر دەزانیت و ترست لەوە نییە لە کوێ تێکدەشکێیت. گوێ بەوە نادەیت چەند لەگەڵ خواستی خوێنەر و واقیعی ڕۆشنبیریی خۆت ناکۆکییت. وەکو(ئەندرێ جید) دەڵێت:(مەبەستی چاك هەرگیز

ناتوانێت ئەدەبی باش بەرهەم بهێنێت). من هیچ کاتێك لەگەڵ نووسیندا مەبەستی چاك و پاکم نییە، بەڵکو خۆم بە نووسەرێکی شەڕانگێز دەزانم و هەر لێرەشەوەیە ئەوەندە سەربەستم. سەربەستی لە نووسیندا، واتە چیتر ئەو ئەنجامانە بۆ تۆ گرینگ نەبن، کە لە بەردەست دان، بەڵکو خۆت لە ڕێگای تێڕوانینی خۆتەوە شتەکان کەشف بکەیت. چێژی بەرهەمهێنانی هەر تێکستێکیش لەو ڕیسکانە دایە، کە نووسەر چ لەسەر ئاستی فیکر و چ لەسەر ئاستی هونەردا دەیانکات. وەکو چۆن پرسیارەکەی تۆ پێوەندیی بە سەربەستی لە هونەردا هەیە، منیش هەر لەو ڕوانگەیەوە وەڵامی دەدەمەوە. بە ڕای من ئەو نووسەرەی ترسی لە تێکشکان هەبێت و بەرگەی گاڵتەپێکردنی کەسانی دیکە نەگرێت، هەرگیز ناتوانێت بە گیانێکی داهێنەرانەوە ڕیسك بکات و شتی نوێ بدۆزێتەوە. بیرت نەچێت ڕۆشنبیریی ئێمە وزەیەکی ئێجگار زۆر لەپێناوی گاڵتەپێکردندا بەکار دەهێنێت. ئەو گاڵتەپێکردنەش ئەنجامی نەبوونی پرسیار و ڕەخنەیە. گاڵتەپێکردن، کە ڕۆڵەی گوێڕایەڵ و بەوەفای کلتووری قەبوولنەکردن و سڕینەوەیە، چاکترین ڕێگایە بۆئەوەی نووسەری ئێمە بەهۆیەوە کۆمەڵێك بەرهەمی جیدی بەلاوە بنێت و خۆی لە بەرپرسیارێتیی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بدزێتەوە. من خۆم یەکێکم لەوانەی بەرگەی گاڵتەپێکردنیان گرتووە.(ئەرستۆ تالیس) لە ئاسمانی دەروانی و لە ئەستێرەکان ورد دەبووەوە، لەپڕ کەوتە بیرێکەوە. کارەکەرەکەی بەگاڵتەجارییەوە گوتی:(چۆن دەبێت فەیلەسووف بیەوێت لە ئاسمان و ئەستێرەکان بکۆڵێتەوە و نەتوانێت بیرێك لە بەردەمی خۆیدا ببینێت؟). کەچی هەر ئەو گاڵتەجارییەی کارەکەرەکە بووە جێگای بایەخی فەلسەفە هەر لە لای(ئەفلاتون)ەوە، کە گوتی:(گاڵتەپێکردن ڕووبەڕووی هەر کەسێك دەبێتەوە، کە خەریکی فەلسەفەیە)، هەتا ئەمڕۆ. هەندێك دەپرسن تۆ بڵێی لە ڕووداوی کەوتنە ناو بیرەکەوە،(تالیس) گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی، کە ئاو پێکهاتەی بنەڕەتیی بوونە؟ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان ئەوەیە، کە شوێنی هەموو شتێکی تیا دەبێتەوە. زەوییەکی سیحرییە، لە یەك کاتدا چوار وەرزی هەیە و هەموو شتێکی لێدەڕوێنرێت، گرینگ ئەوەیە بزانیت چۆنی دەڕوێنیت. شیعر وا نییە. لە کۆمەڵگا داخراوەکان دەچێت، ڕەگەزی جیاواز قەبووڵ ناکات. هەر ڕەگەزێکی دیکەی بچێتە سەر، شێوەی دەگۆڕێت و دەبێتە شتێکی دیکە، هەر بۆیە شیعر ئەو هەموو پاشگرەی هەیە. سەرنج لە پێوەندیی نێوان ڕۆمان لەگەڵ هەردوو بواری شانۆ و سینەما بدە، کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لێیان دانەبڕاوە. لێرە مەبەستم نییە بڵێم ڕۆمان لە شیعر گرینگترە، بەڵکو تەنها دەمەوێت لەم ڕووەوە جیاوازیی نێوان هەردووکیان دەربخەم.(باختین) زمانی شیعر و زمانی ڕۆمان بەوە جیا دەکاتەوە، کە یەکەمیان مەنەلۆژە و لە زمانی خواوەند دەچێت، بۆیە شاعیر بێجگە

له زمانی خۆی، هیچ زمانێکی دیکه بەکار ناهێنێت، بەڵام زمانی ڕۆمان، کە دیالۆگە، لـە توانایدا هەیە فرەدەنگ بێـت چ لە ڕووی زوبان و چ لـە ڕووی دەنگەوە، دەتوانێت زمانـی ئەدەبـی و نائەدەبییش بەکاربهێنێت، کـە نەك هەر نابێته هـۆی لاوازبوونی، بەڵکو بەهێزیشـی دەکات. هەر کارەکتەرێك لە ئەنجامی کۆمەلێك فاکتەرەوە دروست دەبێت. پێموایە سروشتی بیرۆکەکان خۆیان پێویستیان کردبێت لە لایەك چ شێوازێك لە کارەکتەر دەربکەویت و لە لایەکی دیکەش کام کارەکتەر لە کام کارەکتەر زیاتر بایەخی پێ بدرێت. دەنگی هەر یەکەیان لەوەی دیکەیان جیاوازە، چونکە شێوازی بیرکردنەوەیان جیـاوازە و هەر یەکەی تەعبیر لـە میتۆلۆژیای تایبەتی خۆی دەکات، بەڵام زۆر جاریش ئـەو میتۆلۆژیایانە، بەهۆی ئەوەی ڕەگەزی هاوبـەش لەنێوانیاندا هەیە، تێکەڵی یەکتر دەبن. بەڵێ، لەگەڵتام هەر یەکەیان کۆمەڵێك بیرۆکەی ئاڵۆز دەردەبرن، کە ئەمەش لای من بەئاگاییەوە کراوە. ڕاسـتییەکەی هەر هەموویان کاریگەرییان لەسـەر پێکهێنانی کارەکتەریستی کارەکتەری سـەرەکییدا هەیە. سروشتی ئەم تێکستە ئاوایە، کە لەسەر چەنـد بیرۆکەیەك وەسـتاوە. نارەتەر(چیرۆکبێژ)ێکی نیوترال هەیـە وێنەکان بەناتەواوی بەرەو دەرەوە، یاخود با بڵێین بۆ لای وەرگر دەگوازێتەوە، بەو مەبەسـتەی وەرگر خۆی لە دیدگای خۆیەوە ئەو وێنانە تەواو بکات و هەسـتی ڕەخنـەی لا پێك بێت. دواجار زیاتر تێکەڵـی ئێتمۆسـفێری ڕۆمانەکەی ببێت. لە ئەدەبدا ئەوە بـە خەوش دانانرێت، ئەگەر کارەکتەر بیرۆکەکانی خۆی بەشێوەیەکی فەلسەفی دەرببڕێت، بە مەرجێك ئەوە زەمینەی بۆ خۆش کرا بێت و ئەو گوتانە کۆنتێکسـتی خۆیان لەناو تێکسـتەکەدا هەبێت، نەك لـە ئەنجامی ئیلهامی ناکاوەوە خولقا بن. وەك دەبینین کارەکتەرەکانی(مامزیر) باسـی ئازار و نیگەرانییەکانی خۆیان دەکەن و گوتەکانیان دوورن لە هوتاف و ئامۆژگارییەوە. ئەوەندە هەیە ڕەگـەزی ئیکزۆتیکا، هەندێك جار کۆمیدیاش لە هەموویاندا هەیە. هیچ یەکێك لەو بیرۆکانە بەشێوەیەکی ڕەها ناخرینە ڕوو، بەڵکو ئەوان تەنها لە گۆشەنیگای خۆیانەوە دەریاندەبرن. ئەو هۆشـیارییەی هەیە هەمووی لای کارەکتەری سـەرەکی کۆ نەبووەتـەوە، بەڵکو بەپێچەوانـەوە هەموو ئەوانی دیکە لەو زیاتر خاوەنی هۆشـیاریین و لە ڕێگای ئەوەوە ئەو هۆشـیارییە دەگاتە وەرگر. هەروەها تێکسـتەکە لە ماوەیەکی دیاریکـراوی ژیانی کارەکتـەر جێگیر نەبووە، بەڵکو لە ڕێگـای تەکنیکی جۆراوجۆری گێڕانـەوەوە زۆربەی ژیانی دەردەخرێت، کە ئەمەش جیاوازیی ئاسـتەکانی هۆشـیاریی کارەکتەر لە سەردەمێکەوە بۆ سـەردەمێکی دیکەی تەمەنیەوە نیشاندەدات. نووسەری ئەدەبی بەوە لە نووسـەری بوارەکانی دیکە جیـا دەکرێتەوە، کە زمانێکی تایبەتی هەیە و سـیمای ئـەو زمانە لە هیچ کاتێکـدا ون نابێت، هەتا کاتێك ڕاسـتەوخۆش لەبارەی

فیکرەوە دەنووسێت.(دۆستۆیڤسکی) دەیویست بابەتێك لەبارەی ئەوە بنووسێت، چۆن خەڵك خۆی لەوە بپارێزێت، کە خوو بە ئەلکوهوولەوە نەگرێت، کەچی دوور لە ویستی خۆی ئاراستەی ئەو مەبەستەی گۆڕا و ڕۆمانی(تاوان و سزا)ی نووسی.

**پرسیار: لە سەرجەم بەرهەمەکانتدا یادەوەریی - بەتایبەت سەردەمی منداڵیت - کۆمەکی کردووی، ئەم سوودوەرگرتنە لە گەلەك نووسینی ڕۆمانی دیکەی نووسەرانیش ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە(شێرزاد حەسەن)، بەڵام تەوزیفکردنی یادەوەری لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی تۆدا بەشێوەیەکی دی کەوتووەتەوە، واتا: هێندەی واقیع دەبینین، هێندەیش دەسەڵاتی فەنتازیا، ئەگەر پتریش نەبێت. ئەم خاڵە لەم ڕۆمانەی دواییشتدا ڕەنگیداوەتەوە. لێرەوە، چۆن باس لەو کۆمەك و تەوزیفکردنانەی(یادەوەری) دەکەی، بەتایبەتی لە مامزێردا؟**

**کاروان عومەر کاکەسوور:** خاڵی هاوبەش لەنێوان تێکرای ئەو نووسەرانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا کردووم، پرسیارە لەبارەی منداڵییەوە. هەموو جارێك وا دەزانم سەرجەمی شتەکانی خۆمم گوتووە و تەواو، کەچی هەرکە جارێکی دیکە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبمەوە، هەست دەکەم دەبێت سەرلەنوێ و جیاوازتر لەوانەی پێشوو، دەست پێ بکەمەوە. ئەگەر لە شوێنی منداڵی، هەر بابەتێکی دیکە بوایە، دڵنیام ئێستا شتێکم نەدەما، بیڵێم. ئەمەش هەر خۆی مانای ئەوەیە، کە منداڵی، چەمکێکی نارۆشن و پەنهانە و ناچێتە ژێر ڕکێفی پێناسە و وەسفەوە، بگرە لە ئاستی هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی وەکو کات، شوێن، زمان و فانتازیادا ئاراستەی هەیە و بەشێکی جیانەکراوەی هەموو ئەوانەیە. منداڵی ڕووبەرێکی کراوەیە بەرامبەر بە دنیا، بەڵام گەورەیی جۆرێکە لە ئەنجام. لای من نووسین لەبارەی منداڵییەوە وەکو ئەوە وایە بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێم، کە هێشتا ڕوویان نەداوە و هیچیان لەبارەیەوە نازانم، بەڵام گەورەیی هەر دەڵێی ئەنجامێکی بەدەستهاتووە. ئەمە مانای ئەوە نییە من لەبارەی گەورەییەوە نەمنووسیوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم، کە منداڵی بەتەنیا دەتوانێت لە هەر تێکستێکی ئەدەبییدا هەبێت، بەڵام گەورەیی بەبێ منداڵی، ئەزموونێکی ناتەواوە. لە زۆنەی منداڵییدا دووری لە هەموو سەرچاوە مەعریفی و ئەزموونی ساڵەهای ساڵی خۆت، دووری لە کلێشە و قاڵبە فیکری و تەکنیکییەکان، بەڵکو لەوێوە خۆت بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕێیت. ئینجا دەزانی منداڵی شوێن نییە، کات نییە، بەڵکو مانایە، بۆیە مەحاڵە بتوانیت لێی تێپەڕیت. منداڵی دارشتنەوەی ژیانە بەپێی

یاساکانی هونەر، نەوەك بەپێی کرۆنۆلۆژیای مێژوو. لە هونەردا، کە ڕۆمان یەکێکە لە جۆرەکانی، گواستنەوە لە گەورەییەوە بۆ منداڵی، گواستنەوەی ڕووی کامێرای چاوە لەسەر ڕووی شتەکانەوە بۆ ناوەوەیان، بۆ وردەکاریی شتەکان. مرۆڤ هەمیشە بۆ سەرەتا دەگەڕێتەوە، چونکە مرۆڤ بەردەوام بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە. لێرەوەیە مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت لە مێژووی خۆی بکۆڵێتەوە و بەردەوام بە پێوەندیی خودی خۆی و دەوروبەردا دەچێتەوە. ئەگەر مێژووی ڕاستەقینە وەکو(هیگل) دەڵێت هاوکات بێت لەگەڵ دەرکەوتنی ئەقڵ لە مرۆڤدا، ئەوا من دەڵێم منداڵی زۆنەیەکە ناکەوێتە ناو مێژووەوە، بۆیە هەموو گەشتێك بۆ منداڵی و هەموو گەڕانەوەیەك بۆ گەورەیی، لەگەڵ پارێزی زۆرم بەرانبەر بە چەمکی گەڕانەوە؛ گواستنەوەیە لە نامێژووەوە بۆ مێژوو، لە فیزیکەوە بۆ میتافیزیکا، لە جوگرافیای فاکتواڵەوە بۆ جوگرافیای گریمانی، کە ئەو گواستنەوەیە هەر جارێك ڕێگایەکی جیاواز لەوانەی پێشووی خۆی دەگرێت. بە مانایەکی دیکە منداڵی چەمکێکی ئینفینیتییە و کۆتایی نایەت. واتە ناکرێت لە ڕووی چەندایەتییەوە لێی بڕوانین. ڕاستتر ناتوانین باوەر بەوە بهێنین، کە زۆربی بەرهەمهێنان لەناو ئەو کانەدا(مەبەستم لە منداڵییە، کە دەکرێت بە کانی بچوێنین، وەکو کانی بەرد و خەڵوز و نەوت)، دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و لەناوچوونی مادە لەو کانەدا. لەگەڵ گەڕانەوە بۆ منداڵییدا، ڕەگەزیش ماهیەت و پێناسەی خۆی لە دەست دەدات. لە هەردوو ڕەگەزەکە(مێ) و(نێر)دا ڕەگەزێکی سەربەخۆ پێکدێت و لەژێر دەسەلاتی گراماتیك دێتە دەرێ. هەر دەڵێی لەبارەی ڕەگەزێکی تەواو جیاوازی مرۆڤەوە دەنووسێت. باوەڕم بە تێربوون نییە لە منداڵی، چونکە تامی هەر گەڕانەوەیەك بۆ منداڵی، جیاوازە لە تامی گەڕانەوەیەکی دیکە، لەبەرئەوەی هەر جارێك تۆ لەو گەڕانەوەیەدا کەسانی جیاواز چ لە خۆت و چ لەوانەی پێشووت لەگەڵدایە. بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم جیاوازیی لەنێوان منداڵیی نووسەر و منداڵیی کارەکتەردا هەیە. هەر یەکەیان خاوەنی منداڵیی خۆیەتی. ئەمە تێکەڵبوونی فاکتواڵ و خەیاڵە. ئەگەر هەر تێکستێك کورتکردنەوەی کاتی فیزیکی بێت بۆ کاتی سیمبۆلی، ئەوا تەمەنی کارەکتەریش لەناو ئەو سیستەمەدا کاتێکی سیمبۆلییە و لەوێدا دووبارە منداڵی و گەورەیی لەسەر ئاستی میتافۆردا دەردەکەون. کاتێ لە ئەدەبی شەپۆلی هۆش دەڕوانین، هەست دەکەین یەکێك لە ڕەگەزەکانی ئەو شێوازە، دووبارەکردنەوەیە. زۆرجار دووبارەکردنەوەی وشە، ڕستە، پەرەگراف و بیرۆکە دەبینین، کە ئەمە جۆرێکە لە گەڕانەوە، یاخود نۆستالژیا بۆ ڕابردووی کارەکتەر، نەوەك هی نووسەر، ئەگەرچی ژیانی کارەکتەر بە شێوەیەك لە شێوەکان ژیانی نووسەرە. ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لای(فۆکنەر)

زۆر بەروونـــی دەردەکەوێـــت. من هەمیشـــە جیاوازییەکـــی گەورە لەنێـــوان منداڵیی مێژوویـــی و منداڵیـــی خەیاڵدا دەکەم، بۆیە مـــن لە کتێبـــی منداڵییشـــمدا منداڵیی مێژوویی خۆم و کەسانی دیکەم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو لە ڕێگای فانتازیاوە هەوڵمداوە ئەو سیســـتەمە کرۆنۆلۆژیایە تێکبشـــکێنم و جۆگرافیایەکی فانتازی لەپاڵ ئەو مێژووە خەیاڵییـــەی منداڵییدا دروســـت بکەم. لە(مامزێر)یشـــدا هەر لـــەو دیدگایەوە منداڵی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئەو ســـتایلە چ لەپێش(مامزێر) هەبووە و چ لە بەرهەمەکانی دیکـــەی دواییمدا وەکو(منارەی ئاوەدانی) و(کەناڵـــی مەیموونە چەکدارەکان) و(کازینۆی منداڵان)یشـــدا، کە هێشـــتا چاپ نەکراون، بەشـــێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. وەکو زووتر گوتم هەر نووســـەرێك خودی خۆی دەنووسێتەوە، بۆیە من خۆم بەردەوام جیاوازیی دەکەم لەنێوان ئەو نووســـەرەی بەقووڵی لەگەڵ چەمکی منداڵییدا کار دەکات و لەگەڵ ئـــەوەی میکانیکییانە لەبـــارەی منداڵییەوە دەنووســـێت، کە ئـــەوەی دواییان، چونکە نەیتوانیوە خەیاڵی منداڵی لە خۆیدا بپارێزێت، تەنها کۆمەڵێك وێنەی سادە بەدەستەوە دەدات. کەواتە خەیاڵ، کە گرینگترین میکانیزمە، گوتاری ئەدەب پشتی پێ دەبەستێت، بـــەوەی هـــەردوو ڕەهەندی ســـایکۆلۆژی و بایۆلۆجی لـــە خۆی دەگرێت؛ لەو شـــێوازی نووســـینەدا گومە. ڕەخنەگرەکان دەڵێن ڕۆمانی(داڤید کۆپێرفیلد) ئەوەندە پڕە لە هەست و نهێنیی منداڵی، هەر دەڵێی(چارلس دیکینز) بە منداڵی ئەو تێکستەی نووسیوە. من خۆم بەشـــێوەیەك لە شـــێوەکان قەرزاری(دیکینز)م. ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی، کە وای لە من کردبێت ئەوەندە لەبارەی منداڵییەوە بنووســـم، ڕۆمانی(ئۆلیڤەر تویســـت)ی ئەو نووســـەرە بێت. ئێمە لە پۆلی پێنجەمـــی ئامادەیی لە وانەی ئەدەبی ئینگلیزی ئەو ڕۆمانەمان خوێند. ڕاســـتە بەشـــێوەیەکی وا ئاســـان کرابووەوە، کە ئێمە لێی تێبگەین، بەڵام دەتوانم بڵێم چێژی خۆی ون نەکردبوو.(ئۆلیڤەر تویســـت) ئەو منداڵەی هەر لەگەڵ لەدایکبوونی، دایکی دەمرێت. ئەوسا دکتۆرەکان ئەڵقە لە پەنجەی دایکدا نابینن، بۆیە وا دەزانن ئەو کۆرپەلەیە زۆڵە. لێرەوە ئازارەکانی(ئۆلیڤەر) دەســـت پێدەکات. سەرنج لە دووبارەبوونەوەی چەمکی(زۆڵ) بدە لە بەرهەمەکانی مندا، تەنانەت ئەوەتا(مامزێر)، کە بـــە زمانی عیـــبری مانـــای زۆڵ دەگەیەنێت، بۆتە ناونیشـــانی ئەم بەرهەمەشـــم. لەو ســـەردەمە منێکـــی هـــەرزەکاری تێکشـــکاو و پەراوێزخراوی نـــاو کۆمەڵگای کوردی تێکەڵییەکی ڕۆحیی ســـەیرم لەگەڵ(ئۆلیڤەر تویست)دا هەبوو. نازانم بۆچی مەسەلەی زۆڵییەکەی یەخەی خەیاڵەکانی منی بەرنەدەدا، ئەگەرچی دوایی زانیم، کە(ســـالی)، ئەو سیســـتەرە پیرەی بە پلانی(مۆنکس)ی برای(ئۆلیڤەر) لە باوکیەوە، ئەلقەکەی لە(ئاگنێس) ی دایکی(ئۆلیڤەر) دزیوە، کە ناوی خۆی لەسەر هەڵکەنراوە، بۆئەوەی(ئۆلیڤەر) نەزانێت

کــێ دایکوباوکیەتی و لــە میراتی باوانی بێ بەشــی بکات، چونکە لە وەســیەتەکەدا گوتراوە، کە منداڵە بەدرەوشــتەکان نابێت میراتیان بەر بکەوێت. دیارە(ئۆلیڤەر) دواجار دەزانیت، کە(مۆنکس) برایەتی و بەردەوام ویستوویەتی ناوبانگی بزڕێنێت. دیمەنەکانی ئــەو ڕۆمانە زۆر کاریان لە من دەکــرد، کە وام دەزانی لە هەولێــر ڕوویداوە. ڕەگەزی شوێن بەشــێوەیەکی سیحریی ســەیر تەوزیف کراوە، لە نەخۆشــخانەوە بۆ هەتیوخانە، لەوێــوە بۆ شــوێنی ناشــتنی مــردوو و دواجار دادگــا و لای ئەو باندانــەی منداڵانی وەکو(ئۆلیڤەر) بۆ کاری دزی و دەســتبڕی بەکار دەهێنن. لە هەتیوخانە شــەڕی منداڵان لەســەر خواردن، کە بەشــیان ناکات. ئەو کەوچکە دارەی چێشتلێنەرەکە بە(ئۆلیڤەر)یدا دەکێشــێت، چونکــە داوای خواردنی زیاتر دەکات. گواســتنەوەی لــە هەتیوخانەوە بۆ لای(ســاوەربری)، ئــەو پیاوە درێــژ و باریکەی هەمیشــە چاکەتێکی ڕەشــی پەڕپووت دەپۆشێت و کاریشی ناشتنی مردووە. بۆیە کۆنتراکتی ناشتنی مردووەکانی هەتیوخانەی گرتووە، چونکە جەســتەی ئەوانە بەهۆی بەدخۆراکییەوە چەند بڵێی ڕەق و لاوازن و ئەو لە دروســتکردنی تابووتەکانیاندا تەختەی زۆر بــەکار ناهێنێت. تامەزرۆییم بۆ زانینی کۆتاییی ڕۆمانەکە نەیدەهێشــت من چاوەڕێی ئەوە بم، مامۆستای ئینگلیزی هەر ڕۆژێ بەشــێکی کەممان لەو ڕۆمانە پێ بڵێت، بۆیە کتێبەکەم بە زمانی عەرەبی لە(ســائیب ئەکــرەم)ی هاوڕێم وەرگرت، کە لە میســر چاپکرابوو و ئاســانیش کرابووەوە.(ســائیب ئەکرەم) یادی بەخێر، لەپاڵ(هۆشــەنگ وەزیری)دا پێش ئەوەی ماڵیشمان بۆ ڕووناکی بۆ لای ئەوان بگوازینــەوە، چاکترین هاوڕێی ئەو ڕۆژگارەم بــوو، کە بەردەوام گفتوگۆمان لەبارەی کتێبەوە دەکرد. بابەتێکی ســەربەخۆم لەبارەی ئەو هاوڕێیەمەوە نووســیوە، کە بەداخەوە لە تورکیا لە ڕێگای قاچاغ گیانی لە دەســتدا. ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە و ناوە ســەیرەکانی وەکو(میســتەر بەمبێل)،(فەیگین)،(بیــل سایکس)،(نانســی)،(جاك دۆکنز)،(میســتەر بــراون لۆ)،(چارلۆت)،(نــواها) و زۆری دیکە لێم جیــا نەدەبوونەوە. ماوەیەکی زۆر من دەمویست تێکستێکی لەم شێوەیە بنووسم، بەتایبەتی کاتێ ئێواران لەگەڵ خۆرئاوابوون بەلای(هەتیوخانە) و(خانووی بەساڵاچووان)دا دەگەڕامەوە، کە نزیکی ماڵی خۆمان بوون لە ڕووناکی. دوایی تێگەیشــتم، کە ئەمــەی من دەمەوێت بیکەم، تەنها لاســایکردنەوەیە، بۆیە دەســتم لــەو بیرۆکەیە هەڵگرت، بەڵام سەرســامییم بەو ئێتمۆســفێرە هەر وەکو خۆی مایەوە. بەهەر حاڵ ویستم پێت بڵێم، کە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە دەشــێت یەکێك بێت لەو هۆکارانەی، کە هەر لە ســەرەتاوە بوونەتە تەقینەوەی یادەوەریی منداڵیی من، کە پڕیەتی لە ئازار و تێکشکان.(دیکینز) خۆیشی منداڵییەکی زۆر ســەختی بەســەر بردووە. دیارە هۆگرییــم بەو ڕۆمانە بۆ ئــەوە دەگەڕایەوە، کە من

ئەزموونێکی ڕۆحی و ویژدانی و وجوودیی سەیرم لە خۆمدا بەدی دەکرد و ڕووداوەکانی و ئیتمۆسفێرەکەی دەیانتوانی بەئاسانی کارلێك لەگەڵ ئەو ئەزموونەی مندا پێکبهێنن. من چاوەڕێی ئەوە بووم فێری هونەرەکانی گێڕانەوە ببم، هەتا تەعبیر لەو هەموو هەستە ئاڵۆز و پەنهانە بکەم، کە ئاسان نەبوو تەنها لەسەر ئاستی بایۆلۆجییدا بیاندرکێنم. وەکو زووتریش گوتم، یەکێك لەو شتانەی نووسەرێك لە نووسەرێکی دیکە جیا دەکاتەوە، نووسینەوەی خودە. لێرەوەیە دەتوانم چاکتر وەڵامی بەشی دوایی پرسیارەکەت بدەمەوە و بڵێم من لە ژینگەیەکی زۆر میتۆلۆژیی لە دایك بووم و گەورە بووم. بەدرێژاییی ژیانی خۆم کەسانی جیاوازم چ لە گەڕەك و چ لە قوتابخانە ناسیوە. زۆر سوودم لە ئەزموونی خۆم و ئەوانە وەرگرتووە و لە نووسینەکانمدا تەوزیفم کردوون.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ نووسەر(بەکر عەلی)



**بەکر عەلی:** ئەدەب لە ژیانی سیاســیی سەدەی(٢٠)ی ئێمەدا، بێجگە لە سیستمێکی بەرگری، هیچی تر نییە.

## تەوەری یەکەم: لە بارەی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کوردییەوە

**پرسیار: ڕۆشنبیری کوردی تا چ ڕاددەیەك توانیویەتی بە کەرەسەی مۆدێرن دۆخی گشتیی کوردستان بخوێنێتەوە، واتە ڕۆشنبیری کورد چ سیفەتێکی هەیە؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد بیر لە چی دەکاتەوە؟ ئایا ئەوەی پێی دەگوترێت(شاعیری گەورە، یان نووسەری گەورە) بە دەستەواژەیەکی لۆژیکی دادەنێن؟ ئەدی دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیریی تا چ ئاستێك تێکەڵ بە یەکترین؟ لای ئێمە کاری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن چۆن ئەنجام دراوە؟ لە بارەی پۆلێتکردنی ڕەخنە بەسەر(ڕوخێنەر/ بنیاتنەر)دا دەڵێن چی؟ پێشنیارکردنی ئەڵتەرناتیڤ لەم بوارەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەدی بایەخی ڕەخنەی بەراوردکاری بۆ ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی لە چیدایە؟**

**بەکر عەلی:** من پێوایە ئێمە هەڵەیەکی بابەتیی دەکەین، ئەگەر بە پێی تیۆرە باوەکانی پێناسەکردنی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری، هەولی سەپاندنی سیفەتە دنیاییەکان بدەین بە سەر ڕۆشنبیری کوردیدا. لەبەر هیچ نا، ڕەنگە تەنیا لەبەرئەوەی کە دۆخی سیاسیی کورد هیچ خاڵێك و هیچ سیفەتێکی هاوبەشی لەگەڵ دۆخەکانی تری دنیادا نەبووە، لەبەرئەوەش کە ڕۆشنبیری هاوچەرخی کورد لە دۆخی سیاسیی کوردییەوە لە دایك بووە، ئەوا ئەوەی بخوازێت هەوڵی دەستنیشانکردنی سیفەتەکانی ڕۆشنبیری کوردی بدات، دەبێت لە پێشمەرجە سیاسییەکانی دۆخی کوردستان تێبگات.

با ئێمە لە نزیکترین سەدەی هاوچەرخەوە هەوڵی دەستنیشانکردنی ئەم بوونەوەرەمان بدەین... لە تەواوی سەدەی(٢٠)دا ئەم بەشەی کوردستان لە نێو بزووتنەوەیەکی چەکداری موزمندا ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و پەروەردەییی خۆی ژیاند. لەم سەدەیەدا کورد لە بەردەم ترسناکترین هەڕەشەی قڕکردن و دزێوترین ماشێنەی ڕژێمەکانی فاشیزمدا توانیی هەم لە ڕووی بیۆلۆگییەوە و هەم لە ڕووی مەعنەوییەوە، سیستمێکی بەرگری بۆ خۆی چێ بکات، کە لە پرۆسەی لەنێوچوون خۆی دەرباز بکات و لە ڕووی ئیرادەوە، ئیرادەی بە زیندوویی مانەوە Überleben,Survive ببێتە سەرەکیترین تەکنیکەکانی عەقلانیەتی سیاسی ئەو. هەڵبەت ئەم ڕەهەندەی من لێرەدا وا بە خێرایی ئاماژەی پێدەدەم، پێویستی بە کارپێکردنی فراوانتر هەیە و گرێدراوە بە گرنگترین کێڵگەی

مەعریفییەوە، کە ئەویش مرۆڤناسییە Anthropolgie، کێڵگەیەك تا هەنووکە – بە داخەوە – نووکی پێنووسی هیچ نووسەرێك(بە دەر لە پێنووسی مەسعود محەمەد) ئەم کێڵگەیەی نەك هەر نەکێڵاوە، بەڵکو ڕتووشی نەکردووە.

لەم دەستپێکەوە، کە ڕەنگە دەروازەیەکی کورت و چڕ بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێوە، ئێمەش با بپرسین: ئایا بە چ کەرەسەیەك ڕۆشنبیر توانیویەتی دۆخی خۆی بخوێنێتەوە، ئایا ڕۆشنبیری کورد بیر لە چی دەکاتەوە؟ پێموایە کۆششێکی گرانی ناوێت، تا بمانەوێت لەوە تێبگەین کە لە سەدەی(٢٠)دا تەنیا دوو تەوژمی ئیدیۆلۆگی زاڵبوون بەسەر کەشوهەوای زەوی و ئاسمانی ئەم کایەیەدا، کە بریتی بوون لە ناسیۆنالیزم و مارکسیزم. هەردوو ئەم تەوژمە، کە دوو دیاردەی سەردەمی نوێی خۆرئاوابوون و هاتبوونە نێو ناوچەکەوە، بوونە تاکە کەرەسەی فیکریی، لە دنیای سیاسەت و ئەدەبیاتی ناوچەکەدا، واتە بریتی بوون لە بارگاویکردنی ئیدیۆلۆگییانەی ئەو بزووتنەوە چەکدارییەی کورد پیادەی دەکرد؛ مەکیاجکردنێکی ئیدیۆلۆگییانەی بزووتنەوەکە بوون. لە ڕاستیدا تێکڕای بزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردستان، ئەوانەشی لە دوای نسکۆی(١٩٧٥)ەوە لە دایکبوون، بریتی بوون لە پرۆسەی مەکیاجکردنی خەباتی چەکداریی، بە ئیدۆلۆگی و تیۆرە باوەکانی شۆڕش، نەك خۆ موتوربەکردن بێت بە ڕۆحێکی مێژوویی و فەلسەفیی، کە لێوەی تیۆرییەکی سیاسی دابڕێژێت، کە ئەم پرۆسە مێژووییە و ئەم کارلێکردنە ڕۆحی و فەلسەفییە ڕووی نەداوە، دەرئەنجامەکەی ئەوەیە ئەمڕۆ کە دەسەڵاتی کوردی مەشقی فەرمانڕەوایی و سیاسەت دەکات و چ ئاگاییەکی لە بارەی فەلسەفەی سیاسەت و ئەخلاقەوە نییە، بۆیە دەبینین چەند زەلیل و کز، هەم لە بەردەم کێشەکانی ناوەوە و هەم لە ڕووی کێشەکانی دەرەوە، دانیشتووە.

دیارە دۆخی سیاسی کاریگەریی توندی لەسەر دۆخی دەروونی و ڕەوشتی و عەقڵیی کۆمەڵگە هەیە. بەم پێیە، ئەدەبیاتی کوردی ڕەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە فیزیکییە بووە، کە لەلایەن خۆیەوە ئەمیش ببێتە ماشینەی بەرگریکردن. ئەدەب لە ژیانی سیاسیی سەدەی(٢٠)ی ئێمەدا، بێجگە لە سیستمێکی بەرگریی، هیچی تر نییە. ئەمە داوایەك بووە بەر لەوەی حزبی کوردی بیسەپێنێت بەسەر ڕووناکبیراندا، بەرتەکێکی ڕۆحیی ئەدیبی کورد بووە، لە پاڵ بەرتەکە بیۆلۆگییەکەیدا، بە ڕووی ئەو ماشێنە زەبەلاحەی ڕژێمەکانی قڕکردندا.

تا ئێرە دەشێت بڵێین لۆگیکێك لە نێوان سەرخان و ژێرخانی کوردیدا هەبووە، بەڵام هەر لەو سەدەیەدا و هەر لەو کایەیەدا، بە دەر لەم دوو تەوژمە، دیاردەی ئەدەبی و هونەریی، کە بەشە زیندووە ئێستێتیکییەکەی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیەن، بە پێی برستی

خۆی و ڕووبەری هەڵکەوتوو بۆی لە کاردا بووە. لە ڕاستیدا هەموو سەردەمێك دیاردەی ناوازەی خۆی هەیە، هەمـــوو مێژوویەکیش قۆناغی جیاکەرەوە و دابڕکاری خۆی دێنێتە ئاراوە، بە نموونە لە ســـەردەمێکدا ئێمە کە(نالی)مان هەبووە، دواتریش (مەحوی) شـــك دەبەین، پاشـــان کە(پیرەمێرد) و(بێکەس) ڕووی سیســـتمە بەرگرییەکە دەنەخشـــێنن، بە بانگەشـــەکردنی هاندانی کۆمەڵگە بـــۆ خوێندن،(گۆران) دێت و ڕۆحە جوانەکەی ژیان و سروشتی ئەو هەرێمە دەنووسێتەوە، تا دەگاتە لەحزەی(شێرکۆ بێکەس) و دار و چیاو کانی و ئاسمان و زەمینی کوردستان دەکاتە پێشمەرگەی بەرگریی.

لە هەشـــتاکاندا (محەمەد عومەر عوســـمان) ســـەرهەڵدەدات و لەحـــزە بێهوودە و بێماناکانمان پێ ئاشنا دەکاتەوە، ئازارێکمان بۆ دەکاتە شیعر، کە هەر تەنیاکان نایچێژن، بەڵکو لە بنەڕەتدا کۆمەڵگە پێوەی دەتلێتەوە. کەواتە لە هەر یەکێك لەو ســـەردەمانەدا ڕۆحێکی هەڵکەوتوو پەیدابووە، کە شیاوی ئەوەیە پێی بگوترێت (مامۆستا) و نەوەکانی دواتـــر، واتە ئێمە و ئەوانەی دێن، ئاوی ڕۆحـــی و فیکرییان لێدەخۆنەوە. واتە، من هیچ هەڵەکارییەك و چ کێشـــەیەك لەوەدا نابینمەوە بـــە داهێنەرێك، بە ڕۆحێکی خەلاق، بە عەقڵێکی ئەفرێنەر بگوترێت مامۆســـتا، یان هەر دەستەواژەیەکی تری لەو شێوەیە. تا ئێستەش لە خۆرئاوادا بە پلاتۆن دەڵێن باوکی فەلسەفە، بە هیگڵ دەڵێن مامۆستا و باوکی فەلسەفەی مۆدێرن، بە نیتچە دەڵێن مامۆستای ڕەخنە و پەروەردیاری ئیندیڤیدوالیزم.

لە پاش ڕاپەڕینیشـــەوە، کە دۆخی سیاســـیی کورد گۆڕا و بـــەرەو خودفەرمانڕەوایی دەڕۆیشـــتین، ئیدی جیهانی ژیانی کوردی گۆڕا و ئەدەبێکی تر و ڕۆشـــنبیرییەکی تر، با بڵێین، جیهانبینییەکی تری نوێ هاتە گۆڕێ. واتە ئەم وەرچەرخانە سیاســـییە بووە مایەی وەرچەرخانێکی ڕۆشـــنبیری و دەروونی و ڕەوشتی. لێرەوە، مادامەکی ئێمە لە دۆخێکی سیاســـیی نوێدا دەژین، ئەوا دەبێت تەکنیکی نوێمان بۆ ڕاڤەکردن هەبێت، لەبەرئەوەش کە ڕۆحی ســـەردەم Zeitgeist لە قەوارە و بیچمێکی تردا خۆی شێوەگیر دەکات، ئەوا دەبێت هەم سیاســـەت و هەم ڕۆشـــنبیری هەڵگری ڕەوتار و ئاکارێکـــی تر بن، بەڵام بە داخەوە لە (ڕاپەڕین) بە دواوە، ئەم لۆگیکە ئیشی نەکرد، لە ڕاپەڕین بەدواوە، نالۆگیك، ناعەقلانیەت، ناسیاســـەت، نا مـــۆڕال Amoral بووە ئارەزووی ئیشـــکردنی حزب و دەســـەڵاتی کوردیی. پێدەچێت ئەمە شاهۆی بەرپابوونی بیری ڕەخنەی مۆدێرنەی کوردی بێت لە دەســـەڵاتی کوردی، ڕەخنەیەك لەبەرئـــەوەی لە دۆخێکی گرژ و مۆنەوە هاتبوو، ئەویش گرژ و مۆن دەینواند. واتە با بڵێین بیری ڕەخنەی کوردی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاسوودە نەبوو.

ئەگـــەر تا ئێرە ســـەرکەوتوو بووبێتـــم لە نیگارکردنـــی وێنەیەکی گشـــتیی دۆخی

کوردستاندا، ئەوا دەڵێم ئەوەی وامان لێدەکات لەو مێژووە جەنجاڵ و تێکەڵەی سیاسەت و ڕۆشـــنبیریی کوردی حاڵی ببین، تەنیا خوێندنەوەیەکی کولتوورناسییە، کە بریتییە لە پێکەوە گرێدانی هەموو ئەو سوبیەکت و ئۆبیەکتانەی کۆی ستەرەکتوری ڕۆحی و عەقلی و ئەخلاقـــی و دەروونیی کۆمەڵگەکەمان پێکدەهێنێت. هەڵبەت هێندەی من ئاگایی و زانیاریم لابێت، کولتوورناس و کولتوورخوێن لە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا، هێشتا لە دایك نەبووە. ئەگەر ئەم دەستنیشـــانکردنەم دروســت بکەوێتـــەوە، ئەوا دەتوانین بە ئاسانی لەوە تێبگەن، کە ڕۆشنبیری کوردی بیر لە چی دەکاتەوە. دیارە ئەگەر سەلماندمان کە ڕۆشـــنبیری کورد بیر دەکاتەوە، ئەوا ئەم ڕۆشنبیرە بیر لە هەر چییەك بکاتەوە، هێشتا بـــیر لە(بیرکردنەوە) ناکاتەوە. ئەوەی من لە ســـەراپای ئەدەبیاتی کوردیدا هەڵمهێنجاوە، ئەم ئەدەبیاتە تەنیا بیر لە ســـۆزەکان، لە هەســـتە جوانەکان، لەشیعر دەکاتەوە، ئەمەش ســـەروکاری پتر لەگەڵ ڕامان و تێڕامانەکاندا Kontemplation هەیە، کە بەدەرە لە کایەی بیرکردنەوەی عەقلی و فەلسەفیی. ڕۆشنبیری کورد بیر لە هەبوون و کات، بیر لە مێژوو، لە دەروونناسی، لە مرۆناسی و لە کۆمەڵناسی ناکاتەوە.

کە ئەم کێڵگانەش تێکرا دەبنە کلتووری هەر کۆمەڵگە و هەر شارســـتانیەتێك، ئەوا کلتوورناس نەك هەر مێژووی بەرپابوونی ئەم دیاردانە دەنووسێتەوە، بەڵکو کارلێکردنی ئەم توخمانە لەگەڵ یەکتریدا بۆ خۆی دەبێتە مێژوویەك، کە لە نێو گەشەی شارستانییانە و کلتوورییانەی کۆمەڵگەدا بەردەوام ئامادەییی دەبێت.

تێکڕای کەلێن و خەوشەکانی نێو ڕۆشنبیریی کوردی، ئا لەم نەبوونییە کلتوورییەوە دێنە دەرێ، کە ئەفســـوس تا ئێســـتە هیچ دەســـتێك نەیتوانیوە دەستنیشانی سیفەتە تایبەتی و گشـــتییەکانیمان بۆ بکات. لێرەوە، من هەمیشـــە جەخت لەوە دەکەمەوە کە ئێمە دەستنیشانکارمان نییە، واتە دیاگنۆستیکەر Diagnostiker.

لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا، دەستنیشانکار زۆر بە پەلە حوکمی داوە بەسەر دەقەکان و ڕووداوەکانـــدا، بەم دەقی گوتووە جوان و زیندوو، بەویتر تێنەپەڕ و مردوو. ئا ئەمە ڕووە وەرسکارەکەی نێو کلتوور و ئەدەبیاتی کوردییە.

هەڵبـــەت چ کلتوورێکـــی تەواو و تەندروســـتی ڕەها لە نێو هیچ شارســـتانیەتێکدا شـــك نابرێت، هەر کلتوورێك لە نێو خۆیـــدا ڕووبەرێکی فراوانی هەڵەکاری و ناتەواوی دەیگرێتـــەوە، هەر کلتوورێك پڕێتی لە برێکی گەورەی توخم و ڕەگەزە وەرســـکارەکان. لە نێو کایەی ڕۆشـــنبیریی کوردیدا، لەبەرئەوەی ڕەگەزی فەلسەفە، فیکر و تیۆری شك نابەین، ئەوا ئاسۆی بیرکردنەوەمان و ڕێژمانی هەڵسەنگاندنمان تەنگ و تەسك بووەتەوە.

بەم پێیە بێت، دیاردەی حوکمدانی خێرا لە دایك دەبێت. ئەوەی حوکمی خێرای لەم شێوازەش بسەپێنێت، ئەوە لە بیرکردنەوەی ئێستێتیکیی هەڵدێت.

وەك هەمووان دەشزانین، کاری رەخنە هیچ نییە بێجگە لە کاری هەڵسەنگاندن، ئەمیش لە لایەن خۆیەوە بریتییە لە کردەی خوێندنەوەی دەق و رۆچوونە ناویەوە، لە پێناوی هێنانە دەرەوەی گوتارە پەنهانەکەی، کە پێدەچێت مەبەستی سەرەکیی دەقەکە بێت. ئەم هێنانە دەرەوەیەی دەق، بۆ بەر رووناکیی، بریتییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن، واتە با بڵێین هەڵسەنگاندن کردەی وردکردنەوە و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەیە بۆ یەکەکانی خۆی و بۆ ئەو کایەیانەی کە تێیدا خۆی پەخش دەکاتەوە.

هەرکاتێك ئەم وردکردنەوەیە لەسەر خوێندنەوەی دەقێك کرا، ئیدی مانای ئەوەیە ئێمە خۆمان لە حوکمی پەلە دوورەپەرێز رادەگرین، ئەمەش رێگری ئەو حوکمە ناکات ئەگەر دەقێکی کلاسیکی تا هەنووکە هەر زیندوو مابێتەوە، پێی بڵێین نەمر، یاخود جوان، یان دەقێکی هاوچەرخ، یان تەنانەت گوتارێکی جوان، حوکمی جوانی بەسەردا نەدەین.

بەم پێیە بێت، کردەی هەڵسەنگاندن لە رووی ئێستێتیکی و دەروونییەوە، بریتییە لە کردەی خۆئاسوودەکردن، نەك وەرسکردن. لێرەوە بیری رەخنەیی دروست دەبێت، کە لە ئیشکردنی ئەوەدا بێت ئەو وەرسییە کلتوورییە بڕەوێنێتەوە، دەبێت کاری ئەدەبیی، کاری رەخنەیی، پرۆسەی زانین، ئاسوودەیی و کامەرانیمان تێدا بەرپا بکەن، وەك هەوڵەکەی نیتچە بۆ(زانستی شاد)، نەك وەرسی و بێزاریی. ئەوەی تەماشای ئەدەبیاتی دوای راپەرین بکات، تێدەگات کە کایەی رۆشنبیریی کوردی هیچ نییە، بێجگە لە ماشینەی بەرهەمهێنانی وەرسیی. زۆر دەگمەنن ئەو دەقانەی شادمانی دەهێنن، زۆر کەمن ئەو گوتارانەی زانستی شاد و ئارەزووی زانینمان پێدەبەخشن. لێرەوەیە، وەك لە سەرەوەدا ئاماژەم پێدا، نووسینی کوردی گرژومۆنە، هەروەك واقیعی کوردیی.

بەم پێیە بێت، من دوو جۆر نووسین، جا ئەو نووسینە گوتار بێت، رەخنە بێت، یان دەق بێت، لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا دەستنیشان دەکەم: نووسینی وەرس و نووسینی شاد.

ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ گۆڕینی ئەو پۆلێنکردنە باوەی نووسین و رەخنە، بۆ رەخنەی بنیاتنەر و رەخنەی روخێنەر، هەڵبەت ئاوەڵناوی(روخێنەر/ بنیاتنەر) لە نێو رێڕمانی ئیدیۆلۆگییەوە خواستراوە، بەڵام هەردوو ئاوەڵناوی(وەرس/ شاد) هەم لە جوانیناسی و هەم لە دەروونناسیەوە خواستراون. لەبەرئەوەی رەخنەش بریتییە لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێستێتیکییانە و فەلسەفییانە و سایکۆلۆگییانە و مێژووییانەی دەق،

ئـــەوا کۆی ئەم توخمانە کردەی ڕەخنە وەك کردەیەکی مەعریفی شـــادیهێن بەرجەســـتە دەکـــەن. لەبەر هیچ نا، زۆر بە ســـادەیی، لەبەرئـــەوەی کاری ڕاســـتەقینەی ڕەخنە، نە بریتییە لە ڕووخاندن، نە بریتیشـــە لە بنیاتنان، بەڵکو بریتییە لە پێدانی خۆشـــبەختی و شـــادمانیی بە خوێنەر. من کە ڕۆمانی(شـــاری مۆســـیقارە ســـپییەکان)م خوێندەوە، هەســـتمکرد دەقێك دەخوێنمەوە کە سەراپامی کردووە بە گوێچکە، بووم بە بوونەوەرێك تەنیا ئارەزووی بیســـتن دەکەم، گوێم لە تاکە دەنگێکە: ئەی مرۆڤ خۆشـــبەخت بە، کە دەتوانیت ببیستی. ئایا هیچ خوێنەرێك هەیە دەقێکی لەو جۆرە بخوێنێتەوە و خۆشحاڵ و شادمان نەبێت؟ ئایا دەقێکی لەمجۆرە پێویستی بە ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕوخێنەرە، یان داوای هەڵسەنگێنەرێکی شادیهێن دەکات، کە بە جۆری پێتەر سلۆتەردایك فەرمانێکی ئێســـتێتیکیی Ästhetische Imperativ هەڵگرتبێت، کـــە ئەمیش لە فەرمانی کاتیگۆرییانەی ئیمانۆیل کانتەوە خواستوویەتی.

ئەم فەرمانە داخوازیکارە، وای لە من کرد هەوڵی خوێندنەوەیەکی ئێســـتێتیکیی بۆ بدەم، ئەوەبوو نووســـینێکم لەسەر نووســـی: لە دایکبوونی موزیك لە ڕۆحی ڕۆمانەوە، کە ســـەرەتای هەوڵێکە بۆ لەدایکبوونی ڕەخنەی شاد. ڕەنگە ئەم داخوازییەش بەس بێت بۆ دیتنی بنخان و پشـــتخانی هەر دەقێك، کە لە پێناویدا ڕەخنە چاویلکەی فەلســـەفی و ئێســـتێتیکی و دەروونشـــیکاری و مێژوویی دەکاتە چاوی. بەمجۆرە، لەم سەردەمەدا ئیدی بیانووی ئەوەمان پێیە کە چیدی نابێت ئەو پۆلێنکردنە ئیدیۆلۆگییە رزیوە چالاك بکەین، بەڵکو بیربکەینەوە لەوەی پتر لە چاوێك بۆ دیتن، پتر لە دەســـتێك بۆ گرتن، پتر لە پێیەك بۆ ڕۆیشتن، پتر لە گوێیەك بۆ بیستن، پتر لە زەمینێك بۆ دامەزراندن، پتر لە ئاسمانێك بۆ کرانەوە ببەخشینە کردەی ڕەخنە و وشیاریی ڕەخنە.

ڕۆشنبیری کوردی، تا لەو نەخۆشییە ئیدیۆلۆگییە ساغ نەبێتەوە، ئەوا بەردەوام لە ڕووی ئیدیۆلۆگییەوە جۆرێك لە ئەڵتەرناتیڤ دەســـەپێنێت بەسەر واقیعدا، کە لەلایەن خۆیەوە کردەی ڕەخنەش دەبێتە دەردێکی تری ئەو جەســـتەیە، لە کاتێکدا ڕەخنەی شادیهێن هیچ کات پێشنیازی ئەڵتەرناتیڤ ناســـەپێنێت، چونکە ئەو ناخوازێت گوتارێك، سیستمێك وەلابخات و یەکێکی تر بسەپێنێت. ئەگەر وەها بێت، یەکێك لە هەرە نیشانەکانی ڕەخنە، کە بریتییە لە جووڵە و بزاوت، دەدۆڕێنێت، لە کاتێکدا ڕەخنە وەك دەستنیشـــانکردنی پزیشك بۆ نەخۆشییەکانی نەخۆشـــێك، کاردەکات، دەتوانێت ئامۆژگاریی ئەوە بدات بە نەخۆشـــەکە، کە شـــێوازی ژیانت هەڵەیـــە و بۆ ئەوەی چاك بیتەوە و تەندروســـت بیت، ئـــەوا دەبێت شـــێوازی ژیانت بگۆڕیت؛ ئەمە ئـــەو فەرمانە ئێســـتێتیکییەیە کە ڕەخنە هەڵگریێتی.

ئەوەشی سەبارەت بە(ڕەخنەی بەراوردکاری)یە، ئەوا بە دیدی ئێمە ئەم بوارە بریتییە لە هەرە زیندووترین ئۆرگانی نێو ئەدەبیاتی هەر کۆمەڵگەیەك، چونکە لە ڕێی ئەم بەشەوە ڕەخنە نەك هەر لە سەرچاوە خۆماڵییەکانەوە، بەڵکو لە کانیاوە بایەخدارەکانی مرۆڤایەتیشەوە ئاوی ڕەخنە دەخواتەوە. ئەم شێوازە لە ڕێی بەراوردکردنەوە هەوڵی هاوتاکردن و هاوشێوەکردنی دەق دەدات، لەگەڵ دەقەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆیدا، کە لە ڕێیەوە گەلێك نهێنیی پەنهانی خۆی و گەلێك ئاستی هاوتا و هاوبەشی خۆماڵێتی و گەردوونێتیی دەق دەدۆزرێتەوە.

ڕەخنەی بەراوردکاریی، دەتوانین کتومت بیچوێنین بەو جۆرە دەرگایانەی نەك تەنیا هەر بە ڕووی دەرەوەدا، یان تەنیا بە ڕووی ناوەوەدا دەکرێنەوە، بەڵکو لە یەك کاتدا دەرگایەکە هەم بە ڕووی ناوەوە و هەم بە ڕووی دەرەوەشدا دەکرێتەوە.

لەم ڕووەشەوە، ئەفسووس ئەدەبیاتی کوردی هەنگاوێکی ئەوتۆی نەهاویشتووە. هەڵبەت ناکرێت لەم دەرفەتەدا یەکێك لەو هەوڵە جددییانە باس نەکەین، کە بە شێوەیەکی ئەکادیمیی ئاستە تیۆرییەکەی ئەدەبی بەراوردکاریی بۆ هێناین، ئەویش کارەکەی مامۆستا(عەزیز گەردی)یە لەسەر ڕەخنە و ئەدەبی بەراوردکاریی. لە ڕووی پراکتیکیشەوە کارە تاقانەکەی مامۆستا(عومەر مەعروف بەرزنجی) لەسەر ڕەخنەی بەراوردکاریی، لە نێوان(گۆران) و ئەدەبی ئینگلیزیی، کە هەمیشە شایانی باسکردنە.

ئەگەر مێژووی بەر لە ڕاپەڕین، بریتی بووبێت لە مێژووی تێکەڵبوونی سەرانسەرییانەی ژیانی سیاسی و ئەدەبیی، ئەوا لە پاش ڕاپەڕینەوە تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ئەم تێکەڵییە یەکالا بووبێتەوە... کایەکان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیی خۆیان بەدەست هێنابێتەوە، ئیدی لەم قۆناغەدا هەر کەموکورییەك لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئەدەبیمان هەبێت، مایەی تووڕەبوون و ڕەخنەیە و دەتوانین بەرۆکی لایەنی شارەزا و تایبەتمەند بە بوارەکەی خۆی بگرین.

واتە دەبوو لە سەرەتای سەدەی (٢١)دا نیشانە سەرەتاییەکانی ئەم دیاردەیە ببینین. بە هیوای ئەوەی زانکۆکان و ڕووناکبیران کاری فراوان بۆ ئەم بوارە گرنگە بکەن، لە پێناوی بەرهەمهێنانی هونەر و ئەدەبێکی دروستدا، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو دەرفەتە ڕەخساوە کە پرسیارەکانی مرۆڤی کورد بگوازرێنەوە سەر ئاستێکی وجودی و گەردوونیانە، لەبەرئەوەی تا ڕادەیەکی گەلێك گرنگ، قۆناغی هەرەشەی دەرەکیمان ئەگەر کۆتاییشی پێ نەهێنابێت، ئەوا ڕامانگرتووە. لێرەوە، ئەدەبیاتی سەدەی(٢١)، دەبێت هەوڵی گواستنەوەی ئەو ڕۆحی بەرگری و حەماسییە بگوازێتەوە سەر بیری تێگەیشتن لە جیهان. لەو قۆناغەدا، ئەگەر ئەدەب هۆکارێکی بەرگریکردن بووبێت، لە

پێناوی بەزیندوویی مانەوە لە نێو جیهاندا، ئەوا ئێستە کاتی ئەوەیە ببێتە ڕێچکەیەکی کولتووری و شارستانییانە، بۆ چوونە نێو جیهان. لێرەوە، ئەدەب و ڕەخنەی بەراوردکاری ئیشی ڕاستەقینەی خۆی بەجێ دەهێنێت و ئەو دەرگایانە دەکاتەوە، کە لە یەك کاتدا بە ڕووی ناوەوە و دەرەوەدا دەکرێنەوە.

## تەوەری دووەم: لە بارەی ئارەزووی گۆڕانەوە

**پرسیار: گۆڕان لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە چییە؟ ئایا کۆمەڵگەی کوردی تا چەند گۆڕانی بەرپا کردووە، واتە ئایا گۆڕان بەسەر تەدەبیاتی سیاسی و ڕووناکبیری و ئاکار و دەروونی ئەم کۆمەڵگەیەدا هاتووە، ئەگەرنا، ئەوا ئێمە چی لە واقیعێك بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیاکان نایگۆڕن، یان ناتوانن بیگۆڕن؟**

**بەکر عەلی:** وەك چۆن مێژووی مرۆڤایەتی هیچ نییە، بێجگە لە مێژووی(گۆڕان)، ئەوا گۆڕانیش بۆ ئەوە بەرپابووە کە واقیعە تاڵ و تاریکەکان بگۆڕیت. مرۆڤ بوونەوەرێکە هەمیشە شتی زۆرتر و چاکتری دەوێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێستە لە ئارادا هەیە، کە خراپ و کەمە و لەبەرئەوە پێویستە بگۆڕێت. هەر واقیعێکیش چەندە تاڵ بێت، نابێت تفی تێ بکەین، یان بەرشەقی بدەین، وەرسمان بکات، بەڵکو دەبێت ڕووناکیی بخەینە سەر و ڕۆشنی بکەینەوە، واتە شیی بکەینەوە و لێی تێبگەین و دواتر بیگۆڕین. دەبێت ئەو قەناعەتەمان لا دروست بێت، کە هیچ هێزێکی ستەم و بەرباد و نامەعقول ناتوانێت تەمەنێکی هەمیشەیی هەبێت. مێژووی مرۆڤایەتی لێوانلێوە لە نموونەی وەها، کە ڕاستیی ئەم قسەیەمان بۆ ساغ دەکاتەوە.

ئەوەی مارکسیش گوتوویەتی، فیلۆسۆفان تا ئێستە جیهانیان لێکداوەتەوە، لە کاتێکدا مەسەلەکە گۆڕینێتی. لێرەدا کورت دەهێنێت، واتە دەشێت کەرتێکی دروست بێت کە گۆڕانەکەیەتی، چونکە جیهان سەرەتا پێویستی بە شیکردنەوە و لێ تێگەیشتنە، پاشان دەشێت بگۆڕدرێت. ئەگەرچی هایدێگەریش ئەم گوتەیە دەخاتە بەردەم ڕەخنەوە، بەڵام شۆپنهاوەر دروست گوزارشتی لەم دۆخە کردووە و دەڵێت:(ئەگەر جیهان لە ڕووی تیۆرییەوە نەبێتە کێشە، ئەوا لە ڕووی پراکتیکیشەوە نابێتە کێشە)، کەواتە دەبێت سەرەتا کێشەکە، واقیعەکە، دنیاکە بخوێنرێتەوە، ئەوسا تێدەگەین کێشەیەك لە ئارادا هەیە و داوای گۆڕان دەکات.

لێرەوە، شێوازێك لە شێوازەکانی ستەمکردن لە واقیع، بریتییە لەوەی بگوترێت ئەم واقیعە شیاوی گۆڕان نییە. لە ڕاستیدا یەکەمین گۆڕان دەبێت بەسەر ئەمجۆرە خەیاڵ و

عەقڵ و سەرەدا بێت، چونکە ئەوەی نەتوانێت واقیع بگۆڕێت، ناچار ئیلغای دەکاتەوە. لێرەوە، بە دیویێکدا پرۆسەی گۆڕان لەسەر زەمینی واقیعدا کاتێك سەرکەوتوو دەبێت، کە لە ژێرزەمینی واقیعەوە تەنگژەیەك بۆ گۆڕان خۆی مەڵاسدابێت، بە دیویێکی تریشدا، گۆڕان لە سەرەوە دادەبەزێتە خوارەوە، واتە ئەگەر لە نێو سەردا، لە نێو هۆشدا گۆڕان چێ بوو، ئەوا دادەبەزێتە خوارەوە بۆ بەرپێ، بۆ سەرزەوی، واتە دەبێتە ڕەوتار و ڕەوشت. لێرەوە ئەگەر تەماشای مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، دەبینین گۆڕان بووە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بە پێچەوانەشەوە.

ئەگەر پەنا بەرینە بەر نموونەی کۆنکرێتیی، ئێمە دەتوانین ئەو گۆڕانکارییە لە نێو تاك و لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشدا ببینینەوە. لەوەتەی لەم هەرێمەدا قەوارەیەکی فەرمانڕەوایی و خۆبەڕێوەبردن چێ بووە، واتە لەوەتەی ژیانی سیاسیی تاك و کۆمەڵگە لە فۆرمێکی سیاسیی تردا دەژی، لەو کاتەوە وشیارییەك و مۆدێلێکی تری جیاواز پیادە دەکرێت، بە تایبەت لەگەڵ هاتنی ئەمریکییەکاندا، کە دۆخی سیاسی و ئابووریی ئەم دەڤەرەی گۆڕی، پاشاگەردانییەکی سیاسی و فەرمانڕەوایی، هاوشان لەگەڵ کرانەوەی بازاڕ و ئابووریی، بە رووی بازارەکانی جیهاندا، ئیشکردنی سیاسیی حزبەکانی کوردستانی گۆڕی بۆ ئیشکردنی بازرگانی و خۆدۆزینەوە لە نێو بازاڕ و بانکەکانی دنیادا، بۆ ئەمەش ڕێبازی قۆرخکردنی دەسەڵات و مۆنۆپۆلکردنی پارە و سامانی ئەم هەرێمەیان گرتەبەر. ئیدی نەك هەر دۆخی سیاسی و ئاسمانی ژیانی ئەم هەرێمە شێوا و گەندەڵ بوو، بەڵکو دۆخی ڕۆحی و دەروونیی تاك و کۆمەڵگەی ئێمەی شڵەقاند و هاوکێشەیەکی تری دیالەکتیکی ژێرخان و سەرخانی بۆ ئەم قۆناغە دارشتووە. ئەم شڵەقاندنە بووە مایەی کەڵەکەبوونی سامان و پارەیەکی خەیاڵیی، لای نوخبەی دەسەڵات بە دیویێکدا، بە دیویێکی تریشدا زۆربوونی ڕووبەری هەژاری و نەداری لە سەر دیمۆگرافیای چینەکانی ئەم هەرێمەدا. ئەمە ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ گوتاری(ئەفسانەی شار... سەبارەت بە کلتووری بەفیڕۆدانی ژیاری- ڕۆژنامەی هاوڵاتی) و گوتاری(کۆمەڵگە و دژەکەی... کۆپلەیەك لە نهێنییە نوێکانی کۆمەڵگەی کوردی- ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر)، دەبینیت کە لەوێدا یەکەمین هەوڵەکانی دەستنیشانکردنی بڕێك لەو دیاردە نوێیانەمان داوە، کە لە هەنووکەی کۆمەڵگەی کوردی و کلتوورەکەیدا دەژین. دیاردەی کەڵەکەکردنی پارە و قۆرخکردنی دەسەڵات، لای دوو حزبی پاوانخواز ڕەنگیدایەوە بەسەر سایکۆلۆژیای تاك و کۆی ئەم کۆمەڵگەیەدا. بەرپرسەکان و دەوڵەمەندەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو ململانێیەکی شێوێنەریان خستە نێو کایەکان و چینەکانی کۆمەڵگاوە، واتە کایەی کۆمەڵایەتیی کوردییان بارگاوی کرد بە ململانێ، لە پێناوی زۆرهەبوونی و دەسەڵاتدا،

ململانێیەك کە بارکراوە بە هێزە هەستییە ناوەکییەکانی مرۆڤ، واتە ئیرەیی و چنۆکی و لاسایی کردنەوە، کە ئەمەش یەکێکە لەو دیاردە نوێیانەی نێو کۆمەڵگە، کە پێش ڕاپەڕین بوونی نەبوو. ئەم دیاردەیە کۆمەڵگەی وەرچەرخاند بۆ سەر ئاستێکی تری بەرهەم هێنانی کلتووریی، کە ئەگەر لەگەڵ قۆناغی پێش ڕاپەڕیندا بەراوردی بکەین، چ خاڵێکی هاوبەشی تێدا نابینینەوە. واتە ئەگەر لەو سەردەمەدا تیۆرییەکەی مارکس بۆ گۆڕانی دیالێکتیکیانەی نێوان(سەرخان/ ژێرخان)، یاخود لێکدانەوەکانی مەسعود محەمەد بۆ کاریگەریی ئیرادەی مرۆڤ لەسەر واقیع و دەوروبەرەکەی، دروست بوو بێت، ئەوا لە مرۆ بە دواوە کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە تەکنیکێکی تری شیکردنەوە و لێکدانەوە هەیە، ئەو تەکنیکەش دەبێت بەتەکنیکی مرۆیی Anthropotechnik ئیش بکات، کە ڕێچکەیەکی فەلسەفییە بۆ ناسینی مرۆڤ لە نێو گەشەی کلتووریی خۆیدا.

مرۆڤ هونەرمەندترین بوونەوەرە، ئەو خاوەنی هەموو تەکنیکەکانی ناسینی جیهان و دەستگرتن بەسەر جیهانە. هەموو مێژووی گەشەی تەکنیکی و کلتووریی مرۆڤ، دەشێت بەمجۆرە کورت بکەینەوە: مرۆڤ سەرەتا ئاگری دۆزییەوە، پاشان ئاگردانی بۆ دروستکرد، دواتریش مقاشی بۆ داهێنا. ئایا ئەم دۆزینەوە و دروستکردن و داهێنانە بریتی نییە لە تەکنیك و هونەرەکانی نەمری و بەزیندوویی مانەوە و گەشە و گۆڕانی مرۆیی؟

لێرەوەیە کۆمەڵگەی کوردیی پاش ڕاپەڕین، نەك لە ڕووی سیاسییەوە جیاوازە لە هی پێش ڕاپەڕین، بەڵکو ئەدەبەکەشی لە هی پێش ڕاپەڕین ناچێت. زۆر بە کورتی دەتوانین بڵێین: ئەمرۆ سوبیەکت و ئۆبیەکت لە نێو هاوکێشەیەکی تەوا جیاواز لەوەی پێش ڕاپەڕین فۆرمەلە دەکرێن.

## تەوەری سێیەم: لە بارەی ڕەخنەی ئایینەوە

**پرسیار: بۆچی ئەمڕۆ پرسی ئایین دووبارە خۆی دەسەپێنێتەوە؟ ئایا دەشێت لە جیهانی مۆدێرندا کۆمەڵگەیەکی بە بێ ئایین هەبێت؟ ئایا بە بێ هەبوونی دەسەڵات و یاساکان، مرۆڤ ناتوانێت ئازادانەتر باس لە هەبوون و ژیان و ئاوەزی خۆی بکات؟ ئایا ئایین بەرگری لە ئازادیی فیکر و ژیانی تاکەکەس دەکات؟ کەنگێ ئایین دەبێتە بەربەست لە بەردەم کرانەوە بە ڕووی جیهاندا؟ بۆچی مێژووی ئایین گرێدراوی مێژووی مرۆڤە؟**

**بەکر عەلی:** ئەو چەند پرسیارەی لە بارەی ئایینەوە کردووتانە، پێم باش بوو تێکڕا پێکەوە گرێیان بدەمەوە و تەوەرێکی سەربەخۆی لێ پێکبهێنم، بۆ ئەمەش ناچارم بیۆگرافیایەکی گشتی ئەم دیاردە دێرینە بنووسمەوە و دواتر پیشانی بدەم کە چۆن ئاین وەك فاکتۆرێکی سایکۆلۆژییانە دەبێتە ئامرازی ترساندنی مرۆڤ بە پرسیارەکانی زیندووبوونەوە و دوارۆژ و قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ.

بەرلەوەشی ئەو بیۆگرافییە دەستپێبکەم، دەپرسم ئێمە لە چ سەردەمێکدا دەژین وا مەسەلەی ئاین دووبارە پاش پتر لەچەند سەدەیەك خۆی دەسەپێنێتەوە بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بەر لە کۆمەڵگا پاشکەوتووەکان؟ واتە ئەوە چییە کە پێی دەگوترێت گەڕانەوەی ئایین؟

لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەدوای ئەوەی مەلاکانی ئێران توانییان شۆڕشی گەلانی ئێران وەرچەرخێننە سەر چەرخی ئاینی ئیسلام و دواتر حکومەتی ئیسلامی دابمەزرێنن و دەست بکەن بە بلاوکردنەوە و ناردنەدەرەوەی ئینقیلابی ئیسلامی(ئەم میراتییەش لە خودی ئیسلامەوە بۆیان ماوەتەوە نەك داهێنراوێکی ئێرانییەکان بێت) ئیدی لووتی مرۆڤ بە ئاسانی دەیتوانی بۆنی هالاوێکی ئیسلامی بکات کە پێدەچێت بەتەواوی ئەو دەڤەرەدا بلاوببێتەوە. ئەوە بوو هەر لە هەشتاکانی سەدەی(٢٠)دا لە لوبناندا خۆیان سەپاند، بۆ عێراقیش لەڕێی حزبی دەعوە و ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی زەمینەکە ئاسانتر بوو، هەر خودی حکومەتی ئێران بووە زەمینە و پاڵپشتێکی گەورەی

مەعنەوی بۆ ئیسلامییە ڕادیکالەکانی تاڵیبان(ئەگەرچی جیاوازی ئاینزاییان هەبوو)، ئەم پەلهاویشتنە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە دوای شکستی سەدام لەناوگۆڕەپانی فەلەستیندا، لەودەمەوە ئێرانییەکان توانییان ئیسلامییە فەلەستینییەکان لەرێی پڕچەککردنی مادی و مەعنەوییەوە کۆنترۆل بکەن و شەڕی ڕزگارکردنی قودس ڕابگەیەنن. شەڕێك وای لە فیلۆسۆفێکی وەك ژاك دێریدا بکات، بڵێت: شەڕی جیهان ئەمجارە شەڕ دەبێت لەسەر ئۆرشلیم/ قودس. ئەمەش وەك ئاماژەیەکی فیلۆسۆف بە سەردەمی پاش کۆمۆنیزم. ئیدی لەگەڵ تەشەنەکردنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە بیچمە ڕادیکالەکەیدا لەلایەن قاعیدە و تاڵیبانی ئەفگانستانەوە و دواتر پەلامارەکانی(١١)ی سێپتێمبەر، خۆرئاواییەکانی ڕووبەڕووی گرانترین مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی کردەوە لەبەردەم هەڕەشەیەکی زۆرگەورە و سامناك و لێزانەوە، کە بەشێکی ئەو هەڕەشەیە لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا نیشتەجێن، چونکە زۆربەی پەلاماردەرەکانی ئەو هێرشە نیشتەجێی وڵاتە ئەوروپییەکان بوون. لێرەوە پاراستنی ئاسایش بووە ئەرکی سەرەکی سیاسی و سەربازی ئەم وڵاتانە. لە پاڵ ئەم لایەنەدا زانکۆکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ماسمیدیا کەوتنە سەر باس و لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی گەڕانەوەی ئایین، بۆ ئەمەش زۆر بیرمەند لێکۆڵینەوە و بۆچوونیان ڕاگەیاند، لەوانە ژاك دێریدا و بۆدریار و هابەرماز و سلۆتەردایك و سلاڤۆی زیزەك و جیۆرگیۆ ئاگامبن.

عەقلی خۆرئاوا کەوتە سەر بیرکردنەوە لەسەر ئایین و خودا و تیرۆریزم، هەمووشیان لەو خاڵەوە دەرچوون کە ئاینە مۆنۆتایزمەکان(تاکخوداپەرەستی، واتە، جولەکایەتی، مەسیحی و ئیسلام) سەرچاوەی گێچەڵەکەن.(مۆنۆتایزم لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەونەکان، واتە کاتێك ئەخناتۆن لەسەدەی(١٤)ی پێش زایین، ئایینزای ئاتۆنی تاکخودایی داهێنا. موساش کە لەڕاستیدا هەر سەر بە فیرعەونییەکانە وەك میسریناس جان ئاسمان لێکۆڵینەوەی وردی لێکردووە ئەم بیرۆکەیە دەهێنێتە نێو جوولەکایەتییەوە. فرۆیدیش لە کتێبی موسای پیاودا هەمان شت ساغ دەکاتەوە. ئەم ڕەگەزە تا ساتی ژاك دێریدا درێژەی هەیە، وەك فیلۆسۆف پیتەر سلۆتەردایك لە کتێبی "دێریدای میسری"دا زۆر وردکارانە ئەم ئیلەمێنتە ئاشکرا دەکات، ئەم کتێبە ئێمە کردوومانەتە کوردی و لە دەرفەتێکدا بڵاوی دەکەینەوە.)

جەنگی یەکەمی دنیا فاشیزم و کۆمۆنیزمی بەرهەم هێنا، جەنگی دووەم شەڕی ساردی لێکەوتەوە، تەواوبوونی شەڕی ساردیش ئەو شەڕەی بەرهەمهێنا، کە پێی دەگوترێت تیرۆریزم، شەڕێك کە تەنیا مۆنۆتایزمەکان لێی بەرپرسیارن. ئیدی لە بری ئەوەی باس لە پێکدادانی کلتوورەکان بکرێت، لە ڕاستیدا دەبێت باس لە پێکدادانی مۆنۆتایستەکان

بکرێــت. پێکدادانێك ئەگەر هەر لایەك بیباتەوە، ئەوا دەبێتە مایەی لەنێوبردنی هەموو لایــەکان، وەك هانا ئارێندت دەڵێت. لەبەرئەوە پێویســتە ئەم ئایینە جیهانییانە کار بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی کلتووری و شارستانی بکەن، وەك سلۆتەردایك لە کتێبــی (جۆشی خودا)دا دەڵێت.

ئەم ســێ یەزدانە مۆنۆتایستە هەرســێکیان هەمان بنەڕەتییان هەیە، هەمان ڕیشە و هەمان خێزانیان هەیە. هەرسێکیان هەمان شت دەجوونەوە کە لە سێ تێکستی پیرۆزی نێو جیاوازدا دایانرشتووە. بە پێی خودی دەقەکان سیفەتەکانی هەرسێ یەزدانەکە(ئەڵڵا، یەهوا، یەزدانی باوك) لە یەکەوە نزیکن، تۆڵەخواز، بەزەبر، تورە، ســزادەر، باڵا، تاقانە، هەرسێکیان داوای جەنگ و خۆسەپاندن و جیهاد دەکەن. هەرسێکیان مەبەستیانە هەموو ئەوانە لەنێوبەرن کە بڕوایان بەوان نییە و توندترین ســزایان دەدەن، ئایا بیرۆکەی دۆزەخ چییە، وەك سلۆتەردایك دەڵێت جگە لە بانکی کەڵەکەکردنی تورەیی خودا تیایدا.

لە نێو کتێبــی ئەم ئایینانەدا خودا هەموو شــتێکی ورد و درشتی سەبارەت بەم دنیا و ئەودیو دنیا نووسیوە، هەموو شتەکان بە چارە و قیسمەت و نسیب پێشتر دیاریکراون، مرۆڤ دەستی لەهیچ شتێکدا نییە. خودای ئیسلام وەهای سەپاندووە، هەموو ئەو شتانەی دەیکەین و نایکەین و بەسەرماندا دێت و نایەت پێشتر لە سەرمان نووسراوە. لە قورئاندا هاتووە:(بشــلێ ئەوەی خودا بۆی نەنووسیبێ توشمان نایەت.) کەواتە چی دەمێنێتەوە بۆ ئــیرادە و ئازادیی مرۆڤ، چی دەمێنێتەوە بۆ زەمەن و مێژوو، بۆ ئێســتە و داهاتوو، بۆ مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هونەرمەندی خەلاق و داهێنەر لە نێو جیهاندا، ئەگەر شتەکان مەحکووم بن بەو حەتمیەتە فەناتیزمە؟ ئەی چ بەهایەك دەدرێت بە ئازادی؟ دیارە لە نێو رووبەری ئایینداچ ســووچ و قوژبنێك بۆ ئازادی نییە. لای جووەکانیش مرۆڤ بۆ ئەوە هەڵبژێردراوە تاوەکو ببێتە بەرپرسیاری ئەوانیتر،ئەمەش جۆرێکە لە فشارێك لەهێزێکی باڵاوە دەخرێتە ســەر مرۆڤ، بەرپرســیارێتییەك کە چ ئازادییەکی تێدا نییە و جۆرێکە لەناچارکردنێکی ڕەها.

باوەڕ مرۆڤی لە مرۆڤبوون خســتووە، ژیانی ژەهراوی کردووە، ڕێ لەمرۆڤ دەگرێت بە خۆی و بە جیهان بئاوزێت. لە ڕاســتیدا ئەوەی مرۆڤ پێویســتێتی پیشاژۆیەکی ترە، مرۆڤ پێویستی بە ئیشکردن و کاری داهێنانە((بەر لە هەرشت و یەکەمین شت کارەکان. واتە مەشــق، مەشق، مەشــق.)) وەك نیتچە دەڵێت. ئیشــکردن، ڕاهێنان، مەشقکردن بریتین لە ڕێچکەی گوزەراندنی ژیان بە شــێوەیەکی هونەریی. واتە بریتین لە داهێنانی نوێ و دەربازبوون لە دووبارەبوونەوە. لە باوەڕدا هەموو شــتەکان لە هەر ســەردەمێکدا هــەر دووبارەبوونەوەیەکی ڕووتن و هیچی تر، هەڵە دەکەیــن ئەگەر پێمان وابێت ئایین

سیستمێکە چ نێوەرۆکێکی مەعریفی هەڵنەگرتووە، بەپێچەوانەوە ئەو هەڵگری جۆرێك مەعریفــەی تایبەتە کە ناودەبرێت بە مەعریفەی رەهای دڵنیا، بێ هۆکار نییە کەســی ئایینی دڵنیایە لەوەی هەموو شت دەزانێت، لە کاتێکدا کەسی ئایینی دەزانێت کە هیچ نازانێت.

ئیشــکردن و راهێنان ئەفراندنی بەردەوامی مرۆڤە بــە کارلێکردنی لەگەڵ ژیاندا. ((ئەمە تەوەرێکی زۆر گرنگە کە بابەتی نوێترین کتێبــی فەیلەسوف پیتەر سلۆتەردایکە بــە ناوی: تۆ دەبێت ژیانت بگۆریت، کە ئەگەر بوار هەبێت لە دەرفەتێکدا شــتێکی لە بارەوە دەنووسین لەو کتێبەدا سلۆتەردایك دەیەوێت بیسەلمێنێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی مەشــقکارە، ئاینیش لەم بــوارەدا هیچ نییــە، بێجگە لە بەکۆدکردنی ئەم سیســتمی مەشــقکردنە. لێرەوە ئەو وتە پڕ لوغزە دەڵێت، کە نە ئاین هەیە و نە ئایینەکان هەن، بەڵکو ئەوەی لە ئارادایە تەنیا بە هەڵە تێگەیشتنێکی سیستمی مەشقکردنی رۆحانیەتە، واتە هەوڵی ئەم کتێبە رزگارکردنی ژیانە لە مانا هەڵەکانی ئەو سیستمە بەدحاڵە.)).

مۆدێرنــە توانی ئەم بیرکردنەوەیە بگۆرێت و گومان لە باوەر بکات، مۆدێرنە مرۆڤی لە تارمایی باوەرەوە گەیاندە عەقل،لە حەتمییەتەوە گەیاندە ئازادی. رستەیەکی ناوداری ئەڵمانی هەیە دەڵێت : هەمیشــە شــتێکی تر دێت جیاواز لەوەی پیاو بیری لێدەکاتەوە. ماناکەشی دیارە ئەوەیە مرۆڤ چەندێك بیر بکاتەوە و پلان داڕێژێت بەڵام دواجار لەلایەن هێزێکــی ترەوە شــتی تر دێت ئەوە نییە کە تۆ ویســتووتە و بــیرت لێکردۆتەوە. بەڵام مۆدێرنە هاتوو پیشــانی داین کە مرۆڤ هەموو ئەوشــتانە دەکات کە دەیخوازێت. بۆیە فیلۆسۆف پیتەر سلۆتەردایك دەڵێت هەموو مۆدێرنە بریتییە لە گۆرینی ئەو رستەیە.

مرۆڤی مۆدێرن پێی وایە دەتوانێت تا ئەوپەری سنوور، تا دوا تخوبی ناکۆتا هەرشتێك بخوازێت بە ئەنجامی بگەیەنێت، بۆیە هەروا ســووك و سانا باوەر بە باوەر ناهێنێت. لە شارســتانی خۆرئاوادا پرۆســەی سێکولاریزاسیۆن لە ماوەی(٣٠٠) ســاڵی رابردوودا وەك پرۆگرامێکــی بــە جیهانیکردن و بــە دنیاییکردنی مرۆڤ بەرنامــەی پەروەردەکردنی مرۆڤێکــی نوێی داهێنا، کە لە رێگەیەوە مرۆڤی خۆرئاوایی تا رادەیەکی بەرچاو توانیی لە ژێر دەســەڵاتی یەزدان و لە تارمایی باوەر دەربهێنێت. لەم بوارەشدا، دەسپێشخەری تاقانە نیتچەی فیلۆســۆف و شــاعیر بوو کە خۆی لەو تێمایە هەڵقورتان کە هیچ کەس لەوەوبــەر جورئەتی ناوهێنانــی نەدەکرد، وەك ســلۆتەردایك دەڵێت ئــەو لە مێژووی بەشــەریەتدا یەکەمــین کەس بووە کــە حیکایەتخوانی خورافــە غەیبییەکانی رەوانەی بیمارخانە و مەصەحەکان کرد، چونکە لای ئەو فیلۆســۆف پزیشکی کلتوورە، بەڵام لە دنیای خۆرهەڵاتدا هێشــتا مرۆڤ کۆیلەی باوەرە، هێشتا مرۆڤ نەبووەتە بوونەوەرێکی

جیهاندار. تا ئێستاش لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتدا ئایین تاکە سەرچاوەی رەوشت و ئەخلاقە، تاکە سەرچاوەی زانینی میتافیزیکە، تاکە سەرچاوەی پیادەکردنی رەگەزە رۆحییەکانی ناوەوەی مرۆڤە، تاکە سەرچاوەی راڤەکردن سروشتە. تا ئێستاش رۆحێکی نیمچە نیتچەیی شك نابەین، لە کاتێکدا دەشێت لە دەرەوەی ئایین هەموو ئەو ژێدەر و سەرچاوانە ببینرێنەوە کە ئایین هیچیان لە بارەوە نازانێت و کەسانی ئایینی بانگەشەی ئەوە دەکەن، گوایە ئایین لە بارەی هەموو شتێکەوە گوتنی خۆی هەیە. جولەکایەتی شتێکیان نەبووە بە ناوی ئایینەوە، گریکەکانیش هیچیان لە بارەی ئایینەوە نەدەزانی و مەزنترین شارستانیەتیشیان بەرپا کرد، هیندەکان و چینییەکانیش تەنیا شتێکی کەمیان دەزانی.

لە سەردەمی نویّ بە دواوە ئیدی ئایین دەرەقەتی راڤەی هەموو کایەکانی ژیانی مۆدێرن نایەت، ئایین چی دەڵێت بەرانبەر بە پرۆگرامی پەروەردەکردن و فێربوونی مرۆڤ، بەرانبەر بە سیستمی پزیشکایەتی، بەرانبەر بە سیستمی سیاسی، بەرانبەر بە زانست و تەکنەلۆژیا. پێموایە بیّ هیچ خۆماندووکردنێك هەمووان دەزانین وەڵامی ئەم پرسیارانە چین، کەچی سەمەرەکە لەوەدایە مرۆڤ هێشتا لە دەست ئەو خورافەیە دەرباز نەبووە، وەك دەزانین ژمارەی ئایینپەروەران بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە، ساڵانە ملیۆنەها حەجاج دەچنە مەککە و مەدینە، رۆژانی یەکشەمانیش(٥٠٠٠٠) تا (٦٠٠٠٠) کەس بۆ نوێژکردن لە ڤاتیکان کۆدەبنەوە. کەواتە ئەمە کێشەیەکی هەم خۆرهەڵاتییە و هەم خۆرئاواییە، بەڵام مەسەلەکە لەوەدایە خۆرئاواییەکان ئەم کێشەیە دەخوێننەوە و دەیکەن بە پرسیار، بەڵام خۆرهەڵاتییەکان زۆر خەمساردانە بەرخورد دەکەن لەگەڵیدا، هەربۆیە تا ئێستە عەقڵی خۆرهەڵاتی ناتوانێت دەستنیشانی سیفتەکانی خۆی بکات، دواجاریش ئەو پرسیارە ئایینیانە دروست نەبوون، کە لە راستیدا پرسیاری ژیاری و کلتوورین. ئەگەر کلتوورێکیش خۆی نەناسێت، پێم وانییە بیەوێت کلتووری ئەویتر بناسێت، لەبەر یەك هۆی سادە، ئەویش ئەوەیە ئەو چ بایەخێك بە ناسین نادات، واتە با بڵێین ئەو بیر ناکاتەوە، چونکە وەك زانایەك گوتوویەتی کلتووری ئیسلام لە سەدەی(١٣) بە دواوە لە بیرکردنەوە راوەستاوە. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە گرێی دەدەمەوە بەو پرسیارە بایەخدارەتانەوە سەبارەت بە ناسینی کلتوورەکان لە دەرەوە تەماشایان بکرێت، یان لە ناوەوە، واتە لە رێگەی خۆمانەوە تەماشای خۆمان بکەین، یان بە چاوی ئەویتر خۆمان ببینین.

هەڵبەت پێناچێت عەقڵی مرۆڤ بە تەواوی لە دەست تارماییی باوەری ئایینی قوتاربووبێت، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە بیرکردنەوەی میتافیزیکی کەرتی هەرە

گــەورەی رۆحی ئەو پێکدەهێنێــت، بیرکردنەوە لە(نادیار) دیــوە دیارەکەی ژیانی ئەوی فەرامــۆش کردووە. ئەوەشــی هایدێگەر ناوی دەنێت بە((لەیادکردن و فەرامۆشــکردنی بــوون)) پێدەچێــت هەمان پەیام بێت. بێجگــە لەوەش، ترس لە مــردن بووەتە مایەی پرسیاری مرۆڤ لەودیو دنیا و لە دوای مردن. ئەم خاڵانەش کە رۆحی ئایین پێکدەهێنن، وامان لێدەکەن بڵێین ناتوانین کۆمەڵگەیەکی بێ ئایین بهێنینە بەرچاومان.

با ئێمە بپرسین: بۆچی لە پاش هەر کارەساتێکدا، وەك زریان و مانگگیران و خۆرگیران، دەســت دەکەینەوە بە نوێژکردن و نزاکردن بۆ یەزدانی مەزن، کە بمانپارێزێت؟ بۆچی لە پــاش هەر جەنگ و وێرانــە و خاپوورییەك، ئێمــە دەگەڕێینەوە بۆ شــوێن رزگارکار و فریادرەســێك، کە ئەویش خودای مەزنە؟ ئەمە لە نێو رۆحی هەموو شارستانیەتەکاندا ئامادەیە. هایدێگەر فیلۆســۆفێکی چەند مەزنی هەبوونگــەرا و ئۆنتۆلۆگی بناغەییە، لــە پاش ئەو خاپووری و وێرانەیەی جەنگی دووەمــی جیهان هێنای، هەر نەیتوانی لەو تارماییە دەرباز ببێت، کاتێك لە وەڵامی پرســیارێکدا دەڵێت: تەنیا خودایەك فریامان دەکەوێت. جا ئێمە نازانین مەبەستی لەو خودایە کامەیە. کەواتە شێوازی هەبوونی مرۆڤ لە نێو جیهانیشدا، هێشتا ناتوانین بڵێین شێوازێکی عەقڵانییە، وەك بانگەشەکارانی ئەم تیۆرە هەمیشە ئەمە دەجوونەوە، چونکە ئەگەر ئەو بوونەوەرێکی عەقڵانیی بێت، ژیرانە رەوتــار و بیرکردنەوە دەنوێنێت و خۆی لە کارەســات و جەنگــە وێرانکارەکان لادەدات؛ ئەگــەر عەقڵانیی بێت، چیتر نابێت تارمایــی باوەڕ گەمژانە رۆحی زەوت بکات، بەڵکو دەبێت ژیرانە ئیرادە و عەقڵی خۆی بە شــێوەیەکی خۆبەخۆیانە بخاتەگەڕ. بێهۆ نییە کە هەموو پرۆژەی رۆشنگەریی بریتی بێت لەو رستەیەی کانتی فیلۆسۆف: رۆشنگەری واتە دەرچوون لە دۆخی کاڵفامیی عەقڵ، واتە دەرچوون لە گێلییەوە بۆ عەقڵ.

ئایین کایەیەکی ناعەقڵانییە، کە رێگە لەوەش دەگرێت بخوازێت ببێتە بوونەوەرێکی عەقڵانیــی... لە ئایینــدا مرۆڤی عاقڵ مرۆڤێکــە تەنیا(باوەڕ) دەهێنێــت. لە دیندا، لەبەرئەوەی وەڵامی پێشتر ئامادەییی هەیە، ئەوا دەرفەتی پرسیار و گەڕان و گومانکردن لە پلەی ژێر ســفرەوەیە. جیهانی ســێکولار توانیی ئەم دەرفەتە بۆ مرۆڤ، دیارە سەرەتا بــۆ مرۆڤی ئەوروپاییــی خۆرئاوا برەخســێنێت، کە گومان بکات، پرســیار بکات، لە تارماییەوە بچێت بەرەو عەقڵ. هەر ئەم شارستانیەتە لە رێی چوونەدەرەوە بەرەو جیهان، توانیی هەم خۆی بسەپێنێت بەسەر کلتوورەکانی تردا، هەم خۆی بناسێنێت بەوان و هەم ئەوانیش بناسێت. لێرەوە بەشی هەرە گەورەی سەرچاوەکانی شارستانیەتی خۆرهەڵاتییان لە کتێبە دەگمەن و توحفە نایابەکانیان، بردەوە بۆ مۆزەخانەکانی خۆیان و لەوێدا بوونە ئەو دۆکومێنتانەی لێیانەوە زانستی خۆرهەڵاتناسییان داهێنا. کەواتە کێڵگەی ناسینی

شارستانی و کلتوورەکان، بە پلەی نایاب per excelenc خۆرئاواییە، لێرەوە، ئێمەش هەر بەم چاویلکەیە تەماشای خۆمان کردووە.
دەڵێن ئازار و کارەسات مرۆڤ وشیار دەکەنەوە. پێدەچێت وەها بێت، چونکە لە پاش جەنگـی دووەمی جیهانییـەوە، دیاردەی کلتووری تۆلێرانس و بەخشـندەیی و لێبوردن و قبووڵکردنـی ئەویـتر و بیرۆکەی جیاوازی بە نێو ئەوروپییەکاندا تەشەنەیسـەند. ئەم کلتووره سەرەتا لە سایەی فەلسەفەی بوونگەری، دواتریش تەوژمی مۆدێرنە و پاشمۆدێرنە گەیشـتە نێو سەر و دڵی گەڵێك لە کۆمەڵگەکانی تریشەوە، بە رادەیەك ئەوەی ئەمرۆ لە کوردسـتاندا بانگەشـەی هەر بیرێکی ئازادی و هەر دانپێدانانێك بە جیاوازی و هەر رێزگرتنێکی مافی مرۆڤ دەدرێت، ئەوا سەرچاوەکەی ئەو تەوژمە فەلسەفییانەی خۆرئاوا بوون، کە چەند رۆشنبیر و نووسەر و ئەدیبێك هێنایان. بەم پێیە بێت، دنیای کوردیش بە شـێوەیەك لە شێوەکان بەشداریی لەم کلتوورەدا کردووە، چونکە ئەگەر ئەو بەشدارییەی نەبێت، مانای وایە ئێمە میللەتێك نین لە سـەر ئەم زەمینە، ماسـییەك نین لە نێو ئەم ئاوەدا.
ئێستەش، بەشـداری کردنمان دەبێت بەو ئاراستەیە بێت، کە رووە شارستانیەتیەکەی کێشـەکە بگرێتەوە، واتە هـەوڵ بدرێت ئایین وەك سیسـتمێکی رۆحییانەی مرۆڤ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژیان بە شارستانی بکرێت و بکرێتە توخمێکی پێکهێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی. گوتاری ئایینی، کە تا ئێستە تاکە سەرچاوەمان بووە، تا ئێستە شارووبەری ئەم هەرێمەی پێك هێناوە، ئیدی ببێتە یەکێك لە بەشـداریکارانی پرۆسـەی کۆمەڵایەتی و شارستانیی، نەك تاکە یاریکاری یاریگاکە بێت.
لەبەرئەوەی ئایینیش گوتارێکی ناعەقلانییە، ئەوا نابێت لە لایەن رۆشنبیری مۆدێرنەوە وەك هێزێکی تاریك تەماشا بکرێت، چونکە عەقل کە خۆی بە توخمێکی رووناك و کراوە دەبینێـت، دەبێت بەرانبەر توخمە پێکهێنەرەکانی کلتوور، کراوە بێت، چونکە هەسـت دەکـەم ئەمرۆی کۆمەڵگەی ئێمە، هـەم ئیرادەی باوەری هەیە، هـەم ئارەزووی عەقل. ئەگەر ئایین(بەڵگە) بەڵگەنەویسـتەکانی بۆ دابینکردبێت، ئەوا رۆشـنبیر و عەقل فێری گومان و پرسیاری کردووە. هیوادارم ئەم قسەیەم بە حوکمێکی رادیکاڵی بێبناغە لێك نەدرێتەوە، کاتێك دەڵێم عەقل فێری کردووین، لێرەدا بواری ئەوەم نییە پتر سۆراغی ئەم حوکمە بکەم، بەڵام ئەوەش بە لامەوە روونە کە لە نێو کایەی رۆشـنبیری ئێمەدا پرسیار لە گەردوون، لە سروشـت و هێزەکانی، لە دەوروبەر و ژینگەی ئیکۆلۆگی، پرسـیار لە رۆح، لە بوون و لە گەلێك شـتی تریش، کە سەرچاوەی دروستبوونی عەقڵن، هێشتا لە مندالدانـی نەبووندا خامۆش و متە، چونکە لەبەرئەوەی عەقلی ئایینی پێی وایە تەنیا

مزگەوت هەیە، لای ئەو شوێنەکانی تری سروشت؛ چیاکان و دارستانەکان و بیابانەکان و دەریاکان و زەمین و ئاسمان شوێنی لاوەکین، شوێنەکانی تری شارستانی وەك زانکۆکان و شانۆکان و سینەماکان و یاریگاکان و گوندەکان و شارۆچکەکان و شارەکان، بواری دۆزینەوەی خودایان تێدا نییە. ئەم عەقڵیەتە دەبێت کۆتاییی پێ بێت و ئیتر تێبگات کە مرۆڤ لە پێوەندییەکی جیۆگرافی و ئیکۆلۆگی و ئۆنتۆلۆگیدا ژیان دروست دەکات، ئەگەر ئەو بوارانەش تا ئێستە شتی لاوەکی بووبن، ئەوا لەمەوپاش کاری سەرەکیی رۆشنبیری کوردی، بریتییە لە بایەخدان بە لایەنە لاوەکییە فەرامۆشکراوەکان. ئایا تا ئێستەش مەسعود محەمەدی لێدەرچێت، هیچ مێشکێکی کوردی پرسی لە کاریگەری ژینگە و دەوروبەر بەسەر ئیرادە و عەقڵی مرۆڤەوە کردووە؟ غیابی ئەم پرسیارانە ئاماژەن لەسەر نەبوونی تەوژمی بیرکردنەوە لەم بەریانەدا، بۆیە کاری گرنگ لە سەدەی(٢١) دا، لە نێو کایەی رۆشنبیری کوردیدا، پاش ئەوەی ئەم هەرێمە لە رووی سیاسییەوە خەریکی سازکردنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمە، بریتییە لە کۆششکردن بۆ هاندانی کلتووری راهێنان و مەشقکردنی رۆح و عەقڵی مرۆڤ لە نێو ژیاندا، بۆ پیادەکردنی ئارەزووە رۆحییەکان، لەو کاتەشدا کە دەخوازین بچینە نێو جیهانەوە، دەبێت دید و رەوتارەکانمان بگۆڕین، چونکە ئەگەر ئێمە نەمانتوانی جیهان بگۆڕین، خۆ دەتوانین خۆمان بگۆڕین، وەك سلۆتەر دایك- ی فیلۆسۆف دەڵێت.

لە رووی ئەدەبیاتیشەوە، دەبێت هەم نووسەر و هەم خوێنەر دەقی تاکئاراستە نەنووسن و نەخوێننەوە، ئەوان دەبێت مەشقی فیکری و ئاکاری کلتووریی فرەئاراستە بکەن، ئەوسا نە ئایین دەتوانێت ببێتە لەمپەری گەشەکردنی کۆمەڵگە و نە جیهانی مەدەنیش بەرپەرچی ئایین دەداتەوە، ئەمەش سەرەتای لەدایکبوونی بیرکردنەوەیەکی جیاوازە، کە نە هێزی میتافیزیکی و نە هێزی نامیتافیزیکی شوناسی پێنادەن، بەڵکو ململانێ و دیالۆگ گەشەی پێدەدەن؛ کلتووری دەوڵەمەند ئەوەیە کە لە نێو خۆیدا فرەکێشە بێت، کلتووری هەژاریش ئەوەیە تاك کێشە بێت و لە کێشەدا هەژار بێت.

# تەوەری چوارەم: چەند پرس

**پرسیار: دەوری مێژوو چییە لە ناساندن و پەردەپۆشکردنی داهێناندا.**

**بەکر عەلی:** ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، پێموایە ئێوە لێرەدا مەبەستتان لە مێژوو بریتی نییە لە کۆی ئەو رووداوانەی لــە زنجیرەیەکدا پێکەوە گرێ دەدرێنەوە و کتێبــی مێژوو پێکدەهێنن، بەڵکو مەبەستتان لەو زەمەنەیە کە تیایدا رێ لەبەردەم کارێکی داهێنانیان خــۆش دەکات، یان دەگرێت. ئەگەری ئەوەی(مێژوو) وەك زەمەنی کارلێکردنی چالاکییە هونەری و زانستی و ئەدەبی و داهێنانەکان تەماشا بکەین، دەرگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە ئەم چالاکییانە، با بڵێین ئەم داهێنانە مرۆییە ببەســتینەوە بە رۆحی ئەو سەردەمەی لێوەی داهێنراوە. من باوەرم وایە کاری داهێنان تەنیا ئاوێنە و رەنگدانەوەی واقیع نییە، بەڵکــو کردنەوەی لۆچەکانیشــیتی. لێرەدا دەبێت بە ئاگاییەوە لە دەســتەواژەی(واقیع) تێبگەین. دیارە مەبەســت لەوەیە بگوترێت، ئێمە ئەمرۆ واقیعێکی ســاختە، گەندەڵ، بەرباد، ئــازاراوی، بێ رەهەند و بێ Perspektiv دەژیــن، ئەگەر ئەدەب ئاوێنە بێت، کەواتە ئەمیش دەبێتە بەشــێکی نووســراوی ئەو واقیعە بەربــادە. بەمەش ئەدەب وەك میدیۆم و هۆکارێکی هەرە ســەرەکییانەی ناساندن و پشــکنینی لۆچە شاراوەکانی ناو واقیعی هەر کلتورێك دەبێتە کامێرایەکی فۆتۆگراف و بەس. بەمەش هەموو ســیفەتە ئێســتێتیکی و فەلســەفییەکانی خۆی دەدۆرێنێت. چونکە ئەگەر بــەو جۆرە بێت، لە ئەمــرۆدا کامێرایەکی دیگیتال زۆر جوانتر وێنەی کورســییەکت بــۆ دەگرێت، کە زۆر لە کورســییەکەی ڤان گۆخ جوانــترە، بەڵام دیارە وەها نییە، چونکە هونەری کورســی دروســتکردنەکە، تێکەڵەیەکە لە هەســتە ناوەکییە جوانەکان و لە رووە سروشــتییەکە و لە دەســترەنگینیی ئەوەی کورسییەکەی دروســتکردووە. لە ئاستێکی تریشدا دەبینین لە ئەدەبیاتیشدا شــتەکە هەمان جۆرە، (پیرەمێرد) و(گۆران) تا رادەیەك لە هەمان واقیع و زەمەنــدا ژیاون، کە ئەگەر بــە پێی ئەو تیۆرییە بووایە، دەبوو ئــەم دووانە و تەواوی ئەو شــاعیر و ئەدیبانەی ئەو ســەردەمە وەك یەك شیعریان بنووســیبایە و رەنگدانەوەی هەمان واقیع بن. بەڵام دیارە خوێندکارێکی ناوەندی بە ئاسانی دەتوانێت ئەو دووانە لە

یەکــتر جیا بکاتەوە. لێرەوە دەبینین لەناو مێــژوو/ زەمەندا دوو ئاوێنە هەیە، یەکێکیان ڕواڵەت و رووکاری واقیع پیشــاندەدات، بێگومان ئەمــەش ناکرێت فەرامۆش بکرێت، ئەویتریــان ئاوێنەی بنەوەی مێژوو، نهێنییە شــاردراوەکەی ژێــرەوەی واقیع. ئەگەر لەم دوو ئاوێنەیەوە قۆناغە زەمەنییەکانی لەدایکبوونی داهێنان دەستنیشان بکرێت، ئەوسا تێدەگەین داهێنان و مێژوو لە چ پێوەندییەکدان. با دوو نموونەی تر بهێنینەوە کە پێمان دەڵێن داهێنان کە لە ساتێکی مێژوویدا لەدایك دەبێت، تەنیا تەعبیر لەو زەمەنە ناکات، بەڵکو بۆ زەمەنەکانی داهاتووشــن، ئایا ســۆفیزمی(مەحوی)، یان شیعریەتی(محەمەد عومەر عوســمان) تەنیا بۆ ئەو واقیعە کاتییە نووســراون کە لە کۆتایی سەدەی(١٩)لای مەحوی و لە کۆتاییەکانی ســەدەی(٢٠)لای محەمەد عومەر گوزەراندوویانە، یان ئەوانە داهێنانێکن کە پێموایە پتر بۆ ئەم سەردەمە، بۆ ئەم زەمەنە، بۆ ئەم سەدەیە و سەدەکانی دادێن نووســراون، هەســت دەکەم ئەم دوو شــاعیرە دوو کۆچەری هەمیشەیی ناو ڕۆح و دەروونی کۆمەڵگای کوردین کە لە هیچ هەوارگەیەك و لە هیچ وێستەگەیەکی مێژوودا بارگە ناخەن و نیشتەجێ نابن. بەم پێیە مانای ئەوە نییە کە پێمان وابێت ئەدەب کارێکی ناواقیعییــە، بەڵکو ئەمە دیوێکی وێنەیەکەیەتی و دیوەکەی تری بریتییە لە کردنەوەی لۆچەکانی و پشــکنینی نهێنییەکانی. لێرەوەیە مێژوو هیچ نییە جگە لە هۆشیاری بەو ڕووداوانەی لە داهاتوودا لە ناوەوەی هەنووکەوە دێنەدەرێ. هەر داهێنەرێکیش هۆشیاری ئەوەی هەبوو کە بەتەنیا لەســەر ڕواڵەت نەنیشــێتەوە، بەڵکو ڕۆچێتە جیهانی ژێرەوەی واقیع ئەوە داهێنانەکەی بۆ هەمیشەیی دەبێت.

**پرســیار: منیــش وەك د. ئەحمەدی مەلا، پێموایە پێویســتە بــە وردی وەڵامی ئەو پرســیارە بدرێتەوە لە لایەن ڕۆشــنبیران و وەرگێــڕان و نووســەرانمانەوە: "بۆچی لەم بیست ســاڵەی دواییدا ڕۆمــاننووسین و وەرگێڕان، بە شێوەیەکی لێشاو لە نێو کلتووری کوردیدا ســەرهەڵدەدەن؟" بۆچی خوێنەرانمان لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەتریــن ڕۆمانی دنیادا، وەها هەرەمەکی پێشــوازی لەم ژانرە دەکەن؟ هاوکاتیش تۆ بڵێیت ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی(ئەدەب) بێت؟ لە ئێستەدا ڕۆمان بە لێشــاو وەردەگێڕدرێت، خوێنەرانی و نووسەرانیشمان بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر ڕوویان لــەم ژانرەی نووســین کردووە، بەڵام بە بێئــەوەی لێکۆڵینەوەگەلی قووڵ و کاریگەر لە بارەی ئەم تەرزە نووســینە بخوێننەوە، پرسیاری منیش لێرەدا ئەمەیە: بۆچی ژانرەکانی دیکەی نووســینی لە کوردســتاندا تا ئەو ئاستە بەرزە ڕوو لە فەرامۆشبوون دەچن، هەم لە لایەن خوێنەر و هەم لە لایەن نووسەرانیشــەوە(تەنانەت گەلێك لەوانەیش کە پێشتر**

**چیرۆك و شیعریان نووسیوە، ئێستە وازیان لەم دوو ژانرە هێناوە و ڕوویان بەرەو لای ڕۆمان وەرچەرخاندووە، هاوکاتیش بەشی زۆری ئەو هەوڵە ڕۆماننووسینانە شکستیان هێناوە لە بەرانبەر ڕەوتی داهێناندا، بێجگە لەوەی کە دەزگەکانی چاپ و وەشاندنیش بایکۆتی شیعریان کردووە، هەڵبەت بە ڕای زۆرێك لە شاعیرانیشەوە، ئەمە بۆ کاریگەریی گەورەی ڕۆمان دەگەڕێتەوە). لە پاڵ ئەمانەیشدا، ناکرێت نەپرسین: تۆ بڵێیت ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی ئەدەبی کوردیی بێت؟**

**بەکرعەلی:** شتێکی لۆگیکییە، لەبەرئەوەی شیعری خۆماڵی لە ئاویلکە و گیانەڵادایە، ئەوا ئەدەبیاتی کوردی لە گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی دووربینێکی تر بۆ تەماشاکردنی دنیا و بۆ داهێنانی وردبینێکی تری بینینی دیاردە و نهێنییەکانی ناوخۆی. شتەکە وەهایە تا ڕووبەری سیاسی و دەسەڵاتی خۆیی فراوانتر بێت هۆشیاری فراوانتر دەبێت. ڕۆمانیش تاکە ژانری ئەدەبییە کە ئەو هۆشیارییە مێژووییەی تێدا بەرجەستە ببێت. دۆخی سیاسی ئێستای کوردستانیش کە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی تەواو جیاواز دەژی، ئەوا لە نێو خۆیدا حەشارگەیەکی گەورەی چێ کردووە کە تەنیا ڕۆمان، جا خۆماڵی بێت یان وەرگێڕدراو، دەرەقەتی پشکنینی ئەو لۆچە تاریکانەی ناو دەروونی مرۆڤی نوێی کوردی و ئەو ڕووبەرە گرمۆڵەکراوانەی نێو ئێستای کۆمەڵگای کوردی دێت. مرۆڤ تا زیاتر هەست بکات بە جیهان و بە مێژوو، زیاتر پێویستی بە شانۆ و بە ڕۆمان هەیە وەك لە شیعر، چونکە تەنیا ئەم دووانە دەتوانن ڕۆحی سەردەم نمایش بکەن. بە داخەوە گڕی شانۆ لە کزبوونەوەدایە، بەڵام ڕۆمان تا ڕادەیەکی بەرچاو ساتە پڕ تەوژمەکانی خۆی دەژێنێت. لە ماوەی هەر هیچ نەبێت ئەم(١٠) ساڵەی ڕابوردوودا چەند ڕۆمانێکی گەورەی خۆماڵی و وەرگێڕدراو هاتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە کە من بە سەرەتای لە دایکبوونی ئەو هۆشیارییە مێژووییەی تێدەگەم کە لای مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی بە ڕۆحی جیهان Weltgeist ، وەك هیگڵ دەڵێت، دروست دەبێت. بە لای منەوە ئەمە پێشاژۆیەکی زۆر لۆگیکییە کاتێك کۆمەڵگا بەدەنگ ڕۆحی جیهانەوە دەچێت، لەبەرئەوەی، بەپێی هیگڵ دۆخی کۆمەڵگا بریتییە لە دۆخی جیهان. بە مانایەکی تر، لەناو ڕۆماندا ڕووبەرێکی کراوە هەیە بۆ ئیشکردنی سایکۆلۆژیا و فەلسەفە، بەوەشدا لەناو کایەی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەگەری فەلسەفە و پسایکۆلۆژیا ئەگەرێکی دوورە، ئەوا نووسەری کوردی هەوڵ دەدات بەو پاشخانە فیکرییەی هەیەتی خەیاڵ و فانتازیا بارگاوی بکات بە توخمە فەلسەفییەکان، دیارە بۆ ئەمەش سوودی لە سەرچاوە ئەدەبییەکانی جیهانی دەرەوەی خۆی وەرگرتووە، ئەم تەوژمەش دەتوانین بڵێین لە دوای کارەکانی

دەستۆیڤسکی و نیتچە، دواتر نووسەر و فیلۆسۆفە وجودییەکانەوە دەرکەوت، دیارە کامۆ و سارتر پێشەنگی ئەم بوارەن، بە لای ئەمانەوە خودی فەلسەفەش جگە لە کارێکی ئەدەبی چیتر نییە، بۆیە ئێستا لە خۆرئاوا زۆرجار لە بری ئەوەی بگوترێت کارەکانی سارتر، دەگوترێت ئەدەبیاتی سارتر.

ئەمرۆش لە کوردستاندا، لە پاڵ ئەم زەمینە سیاسی و فیکرییەدا ناشبێت چاوپۆشی بکەین لە یەکێك لە هۆکارەکانی تری تەشەنەسەندنی دیاردەی ڕۆمان، کە بریتییە لە بەرفراوانبوونی زەمینەی ماددیی، واتە بازاری ئابووری لەبار بۆ ئەم دیاردەیە. بازارێك کە لەبەر هۆکارە سیاسییەکە تەنیا لە کوردستانی بەشەکەی خۆماندا قەتیس نییە، بەڵکو تەشەنەشی کردووە بۆ پارچەکانی تری کوردستان، بە تایبەتی کوردستانی خۆرهەڵات کە بەشێکی فرۆشتنی کتێبە چاپکراوەکانی لای خۆمان پێموایە لەوێیە.

**ڕابەر فاریق: دیکارت ڕوانینی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام(بیرکردنەوە) دەتوانێت(بوون)ێکی جووڵەدار و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێت، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند پەیوەستە بە(ئاگایی) و(ئەوانیدیکە)وە؟**

**بەکر عەلی:** بە بێ درێژکردنەوەی کاریگەریی ئەم ڕستەیە لەسەر بیری فەلسەفی و لەسەر هێزی ژیان، ڕاستەوخۆ دەچمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، ئەویش پرسیارە لە چۆنێتی و لە شێوازی بوونێکی داهێنەر...

دیارە مرۆڤ بوونەوەرێکە لە ناو بووندایە، تەنانەت ئەگەر بیریش نەکاتەوە، بەڵام لەم حاڵەتەیاندا مرۆڤ دەبێتە ئاژەڵێکی دووپێ و بەس، بەڵام شێوازی لەناو بووندا بوون، بەو ڕێچکە هایدیگەرییەی دەیناسین، بریتییە لەوەی مرۆڤ لە پەرۆشیدا بۆ مەسەلەی (بوون)، لە بیرکردنەوەیدا لە بوون بۆ یادهێنانەوەی بوون دەبێتە بوونێکی ڕەسەن، ئەوەشی بەردەبێتەوە ناو ئارەزووی دابینکردنی شتگەلە پووچەکانی ڕۆژانەوە، ئەوەی هایدیگەر پێی دەڵێت بوونەوەرەکان و شتەکان، ئەوە دەبێتە بوونێکی نارەسەن. لێرەوە دەبینین بیرکردنەوە لای هایدێگەر کردەوەیەکە لە کردەوەکانی بایەخدان و پەرۆشبوون بۆ(بوون). ئەم دۆخە هایدێگەرییە لای فۆکۆ لە ڕێی پیادەکردنی هونەر و ئیتیکی بوونەوە دەبێتە شێوازێکی هونەرییانەی(خودپەرۆشی)، هەمان ئەم گوتارە ئیتیکەیە لای فیلۆسۆفی نوێی ئەڵمانی پیتەر سلۆتەردایك دەبێت ڕێچکەی مەشقکردن و ڕاهێنانی مرۆڤ. هەڵبەت گەر تەماشای سەرهەڵدانی فیلۆسۆفی بکەین، دەبینین

بەدرێژایــی پتر لە(٢٥٠٠ ) ســاڵی مێژووی درێژی خۆی، فەلســەفە هیچ نەبووە جگە لە مەشقکردنێکی رۆحی و ڕاهێنانێکی عەقلی و وەرزشێکی ئەخلاقییانەی مرۆڤایەتی لە پێناوی پەروەردەکردنی خودی خۆیدا... سلۆتەردایك لێرەوە پێی وایە مێژووی بیرکردنەوە و ئــاکار بریتیە لە کردەوەیەکی ئەتلەتیکــی و ئەکرۆباتیکی کە مرۆڤ لە چالاکییەکی ئاســکێتیکیدا(زوهدگەرادا) توانیویەتــی شارســتانی پــێ بگەیەنێت. لە ڕاســتیدا لە نێوانان(تاك) و(ئەوانیتر)دا تەنیا بایەخدان و پەرۆشــی Sorge هەیە. هەنگاوی یەکەمی بیرکردنــەوە لای تاك لە گەڕانەوە بۆ کرداری غەمی خۆخواردن یاخود خودپەرۆشــییەوە دەســت پێدەکات، لێرەدا ئەم خودپەرۆشییە لە مانا ئیگۆیزم و منپەرستییەکەوە دوورە، بەڵکو پتر پێوەستە بە هەڵوێست و ڕەوتاری ئەو کەسەی لە ناو خودی خۆیدا شەڕ لەگەڵ دژەکانی خۆیدا دەکات، واتە ئەو(خود)ەی لە نێو خۆیدا(ئەوانیتر) دەدۆزێتەوە. هەر خودێك ئەم پەرۆشییەی بۆ خۆی تێدا بوو، ئەوە ڕێز لە تاکایەتی لە مانا گشتییەکەیدا دەگرێت. نیتچە فێری کردووین ئەوەی سووکایەتییەکانی خۆی بناسێت ئەوە ڕێز لەخۆی دەگرێت. بەو مانایەشی کە ئێوە دەتانەوێت ئەوا تاکی داهێنەر ئەو کەسەیە ڕەخنە لە خۆی بگرێت، خۆی لەبەر یەکهەڵبوەشێنێتەوە، تاکی داهێنەر کەسێکە هەست بکات داهێنانی ئەو لە خۆیەکالاکردنەوە و لە خۆڕوخاندندایە. کافکا لە شــوێنێکدا زۆر جوان باس لەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت: "لە شەڕی نێوان خۆت و جیهاندا، جیهان بکەرە دووەم،" واتە یەکەمین شــەڕی ڕاســتەقینە ئەوەیە لەگەڵ خۆتدا بەرپای بکەیت. لە ئاگاییشــدا بە ئەوانیترەوە، ئەوا هەمــوو دەزانین مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، من هیچ کاتێك ناتوانم مرۆڤی دابڕاو بهێنمە پێشــچاوی خۆم. سیفەتی هەرەسەرەکی مرۆڤ ئەوەیە کە ئەو لە ناو(کۆ)دا هەیە... لە رووی وجودیشە دیسانەوە دەزانین کە بوونی مرۆیی بوونە لەگەڵ ئەوانیتردا. هەر تاکێك گەر لەم پرینســیپە تێگەیشت ئەوســا دەزانێت ڕێچکەی ژیان بریتییە لەو ڕاهێنانەی کە پەروەردەی عەقل و ســەرمان دەکات و لێوەی پێکانمان هەڵدەهێنینەوە. واتە ئاگایی و ڕەفتار بە شێوەیەکی زوهدگەرییانە، وەك(هونەرمەندە برسی)یەکەی کافکا و وەك ژیانە شاعیرییەکەی محەمەد عومەر عوسمانی خۆمان پێکەوە مەشق بکەین. بۆ من ئەم شــاعیرە لە پاش مەحوییەوە گەورەترین هونەرمەنی زوهدگەرایە. نیتچەش پێی وابوو زەمین بریتییە لە هەسارەیەکی زوهدگەرایی.

کــە مێــژووی مرۆڤایەتیش بریتی بێت لە مێژووی گەشــەکردنی هــۆش و ڕەفتار، واتە بریتییە لە گەشەکردنی(ســەر) بۆ ســەرەوە. دەستەواژەی((سەر/ سەروو)) بریتییە لە نیشــانەیەکی نەك هەر زمانەوانییانەی گەشــەکردن، بەڵکو عەقلییانەی گەشــەکردنی شاقووڵییانە و ستوونییانەی مرۆڤ. کە سلۆتەردایك بەم گەشەیە دەڵێت گەشەی ستوونی

Vertikalisch. لەم پێوەندییەشدا وشەگەلی وەك((سەرخانی مارکس، بەرزەمن یاخود سەروومنی فرۆید، هەروەها سوپەرمان یاخود سەروومرۆڤی نیتچە)) هیچ نین جگە لە و گەشە فیکرییەی بەسەر رۆحی مرۆڤدا هاتووە و دواجاریش دابەزیوەتە خوارەوە بۆ بەرپێ و کراوەتە سوپەرمارکت و سوپەرستارو سوپەر...

**رابەر فاریق: ئەگەر بۆ رابردوو بگەڕێینەوە، دەبینین کە ئێستەی(یۆنان) لە بەرانبەر سەردەمی(ئەفلاتوون) و(ئەرستۆ تاتلیس) و ئەوانیدیدا، فەلسەفە نەك هەر رووی لە کزیی کردووە، بەڵکو لەم رووەوە(بە دەگمەن نەبێت) باس لە ئێستەی یۆنان ناکرێت، بەو مانایەی کە: بەردەوام بن لە فەلسەفە، هاوکات ئەم دیدە بۆ(رووسیا)یش بە هەمان شێوە لە بەردەممماندا قووت دەبێتەوە، بۆ نموونە؛ ئێستەیش بێجگە لە(تۆلستۆی) و(فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی)، باس لە ئەدەبیان ناکرێت، بە شێوەیەك کە رەنگدانەوەی لەسەر رەوتی ئەدەب هەبێت لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆیشمان: پێتوایە ئێمە ئەزموونگەلێکی ناوازەی وەهامان هەبن، تا بەردەوام وەك سەرچاوە بگەڕێینەوە کنیان؟ لە ئێستەدا(دەق)ێکی وەهامان هەیە(بێجگە لە فیکر، بۆ نموونە چیرۆك و رۆمان و یادداشت) وەربگێڕدرێت و لە ئاستی بەرهەمە ئێستێتیکییەکانی جیهاندا لە کێبەرکێدا بێت(لە رووی فرەڕەهەندی و جوانناسییەوە)؟**

**بەکر عەلی:** ئەم پرسیارە چەندێك درێژ داتانرشتووە، هێندەش پێویستی بەوەڵامێکی درێژە، لەبەرئەوەی لێرەدا ئەو دەرفەتە شك نابەم، ناچارم بە خێرایی ئاماژە بەوە بدەم، کە سووری شارستانی هەر وەك سووری ژیان وەهایە، واتە هەموو زیندەووەرێك، هەموو دیاردەیەك، وەك تاك و وەك کۆ، شیاوی مردن و ئاوابوونن. ئەوە تەنیا مرۆڤ نییە کە دەمرێت، بەڵکو شارستانیش دەمرێت. ئایا مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژووی تاکە یەك شارستانی، یان دەیەها شارستانی جۆراوجۆر، هەر لە ژاپۆن و چین و هیندستانی ئاسیاوە بیگرە، تا بە ناو میزۆپۆتامیای خۆرهەڵاتی ناوەراستدا تێپەڕ دەبێت بۆ سەرەوە لای گریکەکان و پاشان بۆ سەرووتر لای رۆمەکان و تا دەگاتە ئەمەریکای خواروو و ژوورو... گریکەکان و رۆمەکان بەر لە هاتنی مەسیح یەکەمین هەنگاویان نا بۆ چوونە ناو جیهانەوە، سەردەمی ئەوان ئاوابوو، بەڵام ئەمرۆ تەواوی شارستانی خۆرئاوا درێژەپێدەری ئەو دەستپێکەی ئەوانە. هەموو شارستانییەك شیاوی نغرۆبوونە، چونکە وەك پۆل ڤالیری دەڵێت: چاڵی مێژوو هێندە فراوانە جێی هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە.

**پرسیار: هەر ئینسانێك كە دێتە دنیا، لە سەفەرگەلێكدایە، تۆ لەم سەفەرگەلەدا بە كوێ گەییشتووی؟**

**بەكر عەلی:** من هەمیشە لە دۆخی هیوا خواستندام، واتە هەمیشە چاوم بڕیوەتە ئەوەی بە ئامانجێك بگەم، بەڵام هەر دەڕۆم و پێی ناگەم، بەم پێیە لەبەرئەوەی لە ژیاندام ئەوا هەمیشە لە ڕەوتكردندام، واتە لە جووڵە و گۆڕاندام، ئەم خودڕەوكردنەش جۆرێكە لەو خودپەرۆشییەی لە سەرەوە باسم لێوە كرد. پێموایە هەموو كەس هەمان ئەم دۆخەی من دەژی، بەڵام هەندێك دەركی پێناكەن، هەندێك ناراستگۆیانە دەیشارنەوە و هەندێكیش ناوێرن هەقیقەتی بە ئامانج نەگەیشتن وەك شكستی خۆیان ئاشكرا بكەن. ئەوەشی ئەم حاڵەتەی تێدا نەبێت مەسەلەیەكی ئاڵۆز نییە، چونكە ئەوەی پێی نەبێت پێویستی بە پێڵاو نییە.

# دیمانە لەگەڵ نووسەر (موراد ئەعزەمی)



**موراد ئەعزەمی:** داهێنان لە یەکەم لایەی دەلالەتیی خۆیدا، بە واتای تێپەڕاندن و بەزاندنی سنوورەکانی پێشووە لە حەوزەی ئەدەبدا.

موراد ئەعزەمی یەکێکە لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی، کە ڕوانینی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ ئاڵۆزی و ئیشکالیەتەکانی ئەدەبی کلاسیك و هاوچەرخ، ئەمەیش لەوێوە دەردەکەوێت: کاتێك کە دەقەکانی دەخوێنینەوە و سەرنجی ورد لە گوتارە ڕەخنەییەکانی دەدەین. لە پاڵ ئەمانەیشدا، ئاگادارە لە بەشێکی زۆری تیۆریی و ڕێبازە ئەدەبییەکان و قۆناغەکانی ئەدەبی ئەورووپی و کوردیی، بۆ ئەمەیشیان لەم گوتوبێژەی خوارەوەدا هەستی پێ بکەین. لێرەدا، لە بارەی کۆمەڵێك پرسی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی و ئەورووپیی، لە بەرانبەر پرسیارەکاندا، وەڵامەکانی خۆی خستوونەتە ڕوو:

- لە دایکبووی هاوینی ساڵی ١٩٦٨ ی گوندی (کانی سپی)ی مەڵبەندی شنۆ، لە دایك بووە و لە بنەماڵەی (قازی مەلا محەمەدی ئەعزەمی)یە.
- لە حەفتاکانەوە دەستی بە کاری ئەدەبیی (شیعر و چیرۆك) کردووە و لە هەشتەکانەوە ڕووی لە کاری ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبی کردووە.
- لەسەر زۆرێك لە شەپۆلە ئەدەبی و کتێب و دەقە ئەدەبییەکانی وڵات و ئەودیو، هەروەها فارسی جیهانی، ڕەخنەگەلی نووسیون، وەك (لادان لە نۆری زمانی، لە شیعری هاوچاخی کوردیدا ـ دەق، دیموکراس و دەسەڵات ـ گوتاری مۆدێرن و کۆمەڵگای سوننەتیی ـ ڕەخنەی کوردی و گوتاری سێهەم ـ شوێنەواری گوتاری زانستیی لە زمانی کوردیدا ـ خوێندنەوەی غەزەلی مەحوی ـ باڵندەی ڕەنگامەی ڕەوایەت ـ بەیاننامەی قاڵبیەکی ماندووـ شیزۆ شیعر و ...)دەیان گوتاری دیکەیشی لە کۆوارەکانی هەردوو دیودا، وەك (سروە، مهاباد، ڕۆژهەڵات، ئاسۆ، سیروان، زرێبار، پەیژە، شین، وانە، ڕامان...) بڵاوکردوونەتەوە.
- لە فیستیڤاڵ و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، وەك (چوار دەورە فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە، کۆنگرەی زانستیی ڕەخنەی شنۆ، کۆنگرەکانی ڕەخنە لەسەر ئاسەوارەکانی: عەتا نەهایی، یوونس ڕەزایی، ناسر وەحیدی، فەرهەنگی زارەکی موکریان و ...)دا، وەك ئەندامی لیژنەی زانستی، بەشداریی کردووە.
- ماوەی ١٠ ساڵی بەردەوامە وەك بەرپرسی بەشی شیعر و ڕەخنەی ئەنجوومەنی ئەدەبیی شنۆ (تیریژ)، کار بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن دەکات.
- لیسانسی هەیە، ئێستەش خوێندکاری فەوقی لیسانسی دەروونناسیە...
- دانیشتووی شاری (شنۆ)یە.
- دوو بەرگ لە هەڵبژاردەی گوتارەکانی ئامادەی چاپن، بەڵام لەبەر هەندێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و تاکەکەسیی، هێشتا بڵاوی نەکردوونەتەوە.

**پرسیار: کەسانێك زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، واتە تەنیا دەڵێن(ئەم دەقە جوانە)،(ئەم دەقە ناشیرینە)، بە بێئەوەی بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**موراد ئەعزەمی:** لەم پرسیارەدا چەند چەمکی سەرەکی و بنەڕەتیی سەر بە رەخنەی ئەدەبیی حزوریان هەیە، کە پێویستە بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی مەنتیقی و هەمەلایەن، سەرەتا روانگەی خۆمان سەبارەت بەوان ساغ کەینەوە. چەمکی دەق، سەر بە جیهانی مۆدێرن و ئاراستەیەکی سەر بە تەفەککوری نوێی رەخنەییی هەیە. لەو قۆناغەوە کە فۆرمالیستەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ جیهانی بەرهەم، پێویستە فۆرم و شێوەی بەرهەمهاتنی ئەم، لێك بدرێتەوە، تا دەلالەتە شاراوە و ژێرخانە مانابییەکانی بێنە روو، ئیتر خودی بەرهەمهێنەر و چەمکەکانی سەر بە جیهانی ئەم، دەکەونە پەراوێزەوە. لەم قۆناغەرا، چەمکگەلی وەك: بەرهەم، ئاسەوار،...، مەیدانیان بۆ(دەق) بەتاڵکرد. واتا ئەو نووسراوەی لە نووسەر و بەرهەمهێنەرەکەی دادەبڕێت و دەبێتە خاوەنی ژیان و جیهان و هەستییەکی سەربەخۆ. ئەم روانگەیە سەبارەت بە دەق، لە چەندین قۆناغی دی تێدەپەڕێت، تا دەگاتە قۆناغی روانینی کەسانێکی وەك رۆلان بارت، کە بە راشکاوی تیۆریی مەرگی دانەر(مرگ مولف)-ی هێنایە بەرباس. لەم پرۆسەیەدا پێکهاتەخوازەکانیش زۆرترین شوێنیان لە سەر ئەم چەمکە و شێوەی خوێندنەوەی هەبووە.

بەمجۆرە، بۆ شۆڕبوونەوە بۆ ناخی دەق، پێوەر و پارسەنگگەلێك پێویستن. ئەم پێوەر و پارسەنگانە لە مەکتەبە رەخنەییبە جوداکاندا، جوداوازن، بەڵام هەروەك باسکرا، لە جیهانی دوا سوننەتی و مۆدێرندا، خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەم مەکتەبە جوداوازانەدا هەیە، ئەمیش قەناعەتکردنە بە خودی دەق، بۆ وە دەستهێنانەوەی بەڵگەگەلێك، بۆ هەڵسەنگاندنی دەق و خۆپاراستن لە دەستەویەخەبوون لەگەڵ جیهانی دەرەوەی دەق، بە تایبەت کەوتنە نێو گێژاوی ژیان و خووخدەی داهێنەرەکەی، بۆ هەڵسەنگاندنی. سەرەکیترین پارسەنگی فۆرمالیستەکان، رادەی لادان لە فۆرمی زمانی و زمانی باو و رێژەی کارکردی چەمکگەلی وەك: ناسیاوی سڕینەوە و بەرجەستەکردنەوە و...، لە نێو زمانی دەقدایە. ئەم پێودانگە لە لای پێکهاتەخوازەکان دەبێتە کەشفی پێکهاتەی دەق و چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان ماکەکانی دەق لەگەڵ یەکتری و شێوەی دارشتنەوەیان لە نێو پێکهاتەی گشتیی دەق، هەروەها کەشف و لێکدانەوەی(دژایەتی و هاوتەریبی) یەکان، لە ناخی دەقدا. ئەم چەند نموونەیە، چەند پاساوێکن بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی

دەق، بووتیقـــای تایبەتی خۆی دەوێت و لە بەراوردکردنی زەوقی و ئێســـتێتیکایی ڕەها جوایەزە. هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ڕەخنەیی، پێویستی بە بووتیقا و میتودولۆژیای تایبەتیـــی خۆی هەیـــە، کە خاوەنی گوتـــار و تیرمینۆلۆژیایەکی تایبـــەت بە خۆیەتی، کـــە جیـــاوازە لەگەڵ گوتاری نارەخنەیـــی و نائەدەبی و زەوقی و بازاریی. ڕەســـتەگەلی وەك:(ئەم دەقە جوانە)،(ئەم دەقە ناشیرینە) سەر بەم گوتارە زەوقی و نائەدەبیەن. پەرژانە ســـەر دۆزینەوەی میکانیزمی جوان، یان ناشـــیرینبوونی دەقێك، دەچێتە خانەی گوتاری ڕەخنەیی و بووتیقاییی دەقەوە.

**پرســـیار: کـــەی دەتوانـــین بڵێـــین ئـــەم ئەدەبە(زارەکییـــە) و ئەویدیکـــە بـــە (نووســـراوەکراو)ە؟ هـــاوکات ئـــەو ڕەخنەیە(بنیاتنـــەر)ە و ئەویدیکە(ڕووخێنـــەر)ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟**

**موراد ئەعزەمی:** ئەدەب بە مانا گشـــتیەکەی، دوو لقی لـــێ جودا دەبێتەوە، ئەدەبی زارەکی(شـــەفاهی) و ئەدەبی نووسراو(مەکتووب). دیارە ئەدەبی زارەکیش، ئەو مەڵبەندە هەراوە داگیر دەکات کە ســـەر بە فۆلکلۆر و تەواوی ئەو ئاســـەوار و بەرهەمانەن، کە بە بێتەوەی بەرهەم هێنەرەکەیان دیار بێت، زار بە زار و ســـینگ بە ســـینگ و بەرە دوای بەرە، ڕاگوێز دەکرێنەوە و من نێویان دەنێم(ڕۆحی سەیالی دەقگەلی ڕەها و دەڵەمەیی). وەك(حەماســـە و ئەفســـانە و...)ەکانی کۆنی میللەتان، وەك بەیـــت و حەیران و بەند و بالـــۆرە و ئاواز و حەقایەتی خۆمان. ئەدەبی نووســـراوەش، هەر ئەو ڕۆحە ســـەیالەکەیە کە لەســـەر دەستی نووسەرێکی دیار و ناســـراو، ڕاگوێز کراوەتە نێو چوارچێوەی داخراو و بەربەســـتکراوی لاپـــەڕەوە. بـــەڵام لە نێوان ئەم دوو پێناســـانەی ئەدەبدا، پێناســـەی ســـێهەمیش بوونی هەیە، ئەویـــش ئەدەبی زارەکیی بە نووســـراوەکراوە، واتا دەقێك کە لـــە دووتوێی خۆیدا، ڕۆحە ســـەیالە دەڵەمەییە خاوەن نادیارەکـــەی وەکۆکردووەتەوە و لە دۆخی دەنگی و فۆنیمی و ژیانی ســـینگ بە ســـینگییەوە، ڕاگوێـــز کراوەتەوە ژیانی بە نوســـراوەکراو و جیهانی خۆیندنەوەوە. نموونەی ئەم پێناســـە ســـێهەمینە، لەم چەند ســـاڵانەدا وردە وردە بەرەو زۆربوون هەڵکشـــاوە، وەك(گەنجی ســـەر بە مۆر)ی ئەحمەد بەحری و(دەســـتە بوخچە)ی جەعفەر حوســـێن پوور و(فەرهەنگـــی زارەکی موکریانی)ی ســـەلاح پایانیانی، کە هێشـــتا هەر دوو بەرگی(ئـ و ب)ی دەرچووە؛ تەنانەت خوێندنەوە پێکهاتەخوازانەکـــەی بەیت و حەیرانی ڕەهبەر مەحموودزادە، لە دەقی(پێکهاتەی بەیتی کوردی)دا. بەڵام باســـی بەشی دووهەمی پرسیارەکە، واتا ڕەخنەی(بنیاتنەر) و(ڕوخێنەر)،

تەواو جیاوازە لە بەشـەکەی پێشـوو. بۆ ئەوەی بتوانین بە نیزامێکی بایەخدەر بگەین، سەبارەت بە جۆری ڕەخنە و دابەشکردنی دەقی ڕەخنەیی و گوتاری ڕەخنەیی، بە(بنیاتنەر) و(ڕوخێنەر)، پێویسـتە سەرەتا بە کورتترین و خێراترین شـێوە، بەرجەستەترین ئەرك و ئەسـپاردەی ڕەخنە دەستنیشان بکەین. مەکتەب و نیزامە فیکرییە جۆراوجۆرەکان، هەر کام بە لەونێك و شـێوەیەکی جوداواز ڕەخنە و ئەسـپاردە و ئەرکەکـەی دەکەن. بەڵام دەکرێت بە شـێوەیەکی تەحلیلگەرایانە، ئاوا ئەم ئەرك و پێناسانە، لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە: ڕەخنە، خوێندنەوەیەکی ڕێسـامەندە، کە بە درێژاییی ئەم، پرۆسەی دۆزینەوە و بەرجەسـتەکردنی لایەنە داهێنەرانە و خەللاقانەی دەق و شـوێنکاتەکانی تێپەڕاندن، بەرەو دەوڵەمەندکردنی کەلەپووری داهێنان، بەر لە دەقی بەردەست، بێتە دی. بەمجۆرە، دەتوانین سـنووری دوو جەمسەریی(بنیاتنەر/ ڕوخێنەر)یی ڕەخنە، بە شێوەیەکی ڕێژەیی دیـاری بکەین. ڕەخنەی بنیاتنەر: ئەو ڕەخنەیەیە کە دوای بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسـە ئەسـپاردراوە، کە چەند یاسـاو تەمهید و میتۆد و تەکنیکی نوێی تر، بە کۆی یاسـا و تەمهیـد و میتۆد و تەکنیکەکانی پێشـوو، بۆ بەرهەمهێنـان و داهێنانی دەقی نوێی تر، لە ناخی دەقی بەردەسـتی دەربکێشـێت. واتا دەوری کاتالالیـزۆر، بۆ بنیاتنانەوەی دەقـی تر، دەگێڕێت. لە بەرانبەردا، ئاوەڵ دوانەکـەی دیکەی ئەم، دووانەلێك دژە، واتا ڕەخنەی(ڕوخێنـەر) ئەو گوتارە ڕەخنەییەیە کە دوای قامك دانانە سـەر لایەنە کزەکانی دەقێك و دەستنیشـانکردنی ناتەباییەکانی ماکەکانی نێـو دەق، وزەی دۆزینەوەی هیچ جۆرە لەحزە و ڕەوتارێکی داهێنەرانەی لە نێو دەقدا نییە و دوای تێکدانی هەستی دەقی بەردەستی، هیچ ڕێگەیەکیش بۆ بنیاتنانەوەی دەقی داهێنەرانەی تر، خۆش ناکات.

**پرسـیار: ڕەخنەگرانمـان، بـەدەر لـە کاری خۆیـان "ڕەخنەگر"یـی، هـاوکات (بەدیلدۆزەرەوە)شـن، پێتوایە ئەم دووانە گەرەکیان بە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟ کەنگێ دەقی ئەدەبی(ئەڵتەرناتیڤ) دەخوازێت؟**

**مـوراد ئەعزەمی:** بـۆ ئەوەی بتوانین دەلاقەیـەك بەرەو وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارە بکەینەوە، سـەرەتا پێویسـتە بۆچوونی خۆمان بەرانبەر چەمکی(بەدیلدۆزەرەوە) سـاغ بکەینەوە، بەو مەرجەی دەچینە ناخی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، کە ئەم چەمکە خاوەنی ئەم دەلالەتە بێت: ڕەخنەگر، لەگەڵ ئەوەی خەریکە دەقێکی تەحلیلی و ڕەخنەیی لەسەر دەقێکی ئەدەبیی دی بەرهەم دەهێنێت، هاوکات دەقێکی تاقانەی ئەدەبیش دەخوڵقێنێت. واتا دەقە ڕەخنەییەکە، دواجار بۆ خۆی وەك دەقێکی سەربەخۆ، دەست دەکات بە ژیانێکی

تاقانــەی دی، لە گوێن دەقە ئەدەبییەکە. بەم مەرجە ئاوا باســەکەمان درێژە پێدەدەین. بەرانبەر بە دیاردەی ڕەخنە و ڕەخنەگر، دوو ڕوانگەی گشتی هەن. یەکەم؛ ئەو ڕوانگەیەی کاری ڕەخنە، وەك کارێکی پســپۆڕانەی مەیلەو زانســتی پێناســە دەکات، کە دوورە لە کاری ئەدەبی و پرۆســەی خولقاندنی دەقی خەڵلاقانە. مەنتق و تەکووزی، زاڵە بەســەر شهوود و لادان لە نۆرم. بەو ڕوانگەیەوە، کاری ڕەخنە پێویستی بە زاڵبوون بەسەر چەند زانستی دیکەی وەك تیۆریی ئەدەبی، فەلســەفە، دەروونناسی، زمانناسی، دەقناسی... یەوە هەیە، دەکرێت وەك وانەیەکی ئاکادیمیســتی لە زانکۆکان بگوترێتەوە و ڕەخنەگری ئاکادیمیــك بخەملێــن و باربێن. بەمجۆرە، دوو کاری ڕەخنــە و ئەدەب، تەواو لە یەکتر جوداواز و سەربەخۆن.

ڕوانگەی دووهەم، لەســەر ئەم بۆچوونە دامەزراوە کە ڕەخنە پرۆسەیەکی خەڵلاقانە و داهێنەرانەیە، پێویستی بە کەسی داهێنەر و خەڵلاقیش هەیە. ئەگەرچی لەم ڕوانگەیەشدا، دان بەم ڕاســتییەدا دەنرێت کە ڕەخنە پێویستی بە زانیاریی فرەلایەنی(تیۆریی ئەدەبی، فەلســەفی، کۆمەڵایەتی، زمانناســی، دەروونناســی...)یەوە هەیە، بەڵام لە نەهایەتدا دەقی ڕەخنەیی لەســەر دەستی تاکێکی خاوەن داهێنەرایەتی بەرهەم دێت و کاری ڕەخنە ناکەوێتــە خانەی فێربوون و چوارچێــوەی ئاکادیمیك. هەروەك دەقــی ئەدەبی و کاری ئەدەبی، کە زۆرتر داهێنەرانە و خەڵلاقانە و شــهوودییە، تا پرۆژەیەکی خاوەن تەکووزی و مەنتــق و گەڵاڵەمەنــد. بەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین ســەر بە هۆدەی بەشــی دووهەمی پرســیارەکەدا بکەین و باســی ئەڵتەرناتیڤی دەقی ئەدەبیش بکەین. بــە پێی ڕوانگەی دووهەم، دوا بە دوای بەرهەمهاتنی دەقێکی ئەدەبیی، دەقی ڕەخنەییش لەســەر بناغەی دەقە ئەدەبییەکە بەرهەم دێت، بەڵام کە دەقی دووهەم(دەقی ڕەخنەیی) بەرهەم هات، ئیتر ئەمەشیان تەواو دەقێکی سەربەخۆ و داهێنەرانەیە، کە بۆی هەیە وەك ئەڵتەرناتیڤی دەقە ئەدەبییە سەرەکییەکە، ژیانی خۆی دەست پێ بکات و درێژەی پێ بدات، وەك دەقی(SZ) ی بارت، کە لەسەر(ســارازین)ی باڵزاکی نووســیوە، دواجاریش وەك دەقێکی سەربەخۆ، چەندین دەقی تر لەسەر ئەم دەقە ڕەخنەییە نووسران.

**پرســیار: ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان(نووســەر-وەرگر)؟ بۆ ئەوەی ســیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنن لە فیکری خوێنەر، تا تێکەڵبوون و هاومەســتییەکەی ڕەگناژۆیی بخولقێت، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟**

**مووراد ئەعزەمی:** دوانەی(نووسەر- وەرگر)، سەر بە نیزامی زمانناسی- ئەدەبی یاکوبسن- ە، کە سەبارەت بەم پێوەندییە، چەند ماکەی دیش دەستنیشان دەکات. لەم نیزامە پێوەندگرییە زمانناسانەیەدا، ئەگەر نووسەر(بنێر) بێت و خوێنەر(وەرگر)، دەق دەبێتە(پەیام) و(بابەت)، کە لەسەر بەستێنێك و بە هۆی سیستمێکی ڕەمزی و کۆدبەندیی تایبەت، لە ڕێگەی ڕەهەند و کاناڵێکی پێوەندیگرتنی دیاریکراو، بەرەو وەرگر بە ڕێ دەکرێت. بە پێی ئەم بۆچوونە، دەتوانین ئاماژە بە شەش ماکەی ژێرەوە بکەین:

١. نووسەر/ بنێر
٢. خوێنەر/ وەرگر
٣. بابەت/ دەق(بابەتی دەق)
٤. بەستێن (لاپەڕە)
٥. ڕەمز (سیستمی دەلالەتی- زمانی)
٦. ڕەهەندی پێوەندیگرتن (کاناڵی زمانی)

هەڵبەتە، بۆ ئەوەی ئەم پێوەندییە سەربگرێت و سەربکەوێت، پێویستە سەرەتا دوو جەمسەری پێوەندیی، لە ڕێگەی ڕەهەند و کاناڵێکەوە بتوانن پێوەندیی پێکەوە بگرن، جا ئەم ڕەهەندە چ دیداریی بێت، چ لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆن و چ دەقی نووسراو بێت. دواجار پێویستە هەردوو لایەن، لە سیستمی ڕەمزی و دەلالەتیی پەیام تێبگەن. کەسێك کە زمانی کوردی نازانێت، هیچ پێوەندییەك لەگەڵ ئەم دەقەی بەردەستی ناگرێت. ئەدەب و دەقی ئەدەبیی، شتێکی زیاتر لە شەش مەرجەکەی گۆڕین دەخوازن، بۆ پێوەندیگرتن و کارکردی خۆیان، ئەوانیش وزەی ئێستێتیکاییی خوێنەر/ وەرگرن. دیارە دەقی ئەدەبیی، بەو ڕەفتارە سەرەڕۆییانەی سەبارەت بە زمانی ستاندارد و نائەدەبیی هەیەتی، وشیارانە و ناوشیارانە، هەستی ئێستێتیکاییی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕا دەکێشێت. نامۆکردنەوە، ناسیاویی سرینەوە، واژە داتاشین،... و هەروەها بە خوڵقاندنی نەستێکی قووڵی ورووژێنەر، هەست و نەستی خوێنەر داگیر دەکات و بەرەو جیهانی خۆی ڕاکێش دەکات.

**پرسیار: لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی لە زۆر لایەنەوە چوونەتە نێو یەکترییەوە، ئەگەرچی ئەمجۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزموونکراوە، بەڵام شاعیرانی کوردیش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێك لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟**

**مووراد ئەعزەمی:** لە پۆلێنکردنێکی گشتیدا، بە ڕەچاوکردنی شێوەی دانوستان لەگەڵ ماکەکانی زمانی، زمان بە دوو بەشی گشتی(زمانی باو و ڕۆژانە/ زمانی ناباو، ئەدەبی) دابەش دەبێت. زمانی نۆرم، ئەو نیزامە دەلالەتییە کەلامییەیە، کە لە چوارچێوە باو و داڕێژراو و یاسا ڕێزمانییەکانی دابینکراو لانادات و کارکردی پێوەندیگرتنی هەیە. زمان لەم نیزامەدا کەرەسەیەکە و ئەوەی ئامانجە، مەبەست و نێوەرۆك و مانای کەلامەکەیە. لەم قۆناغەدا، زمان هەر چی ڕوونتر و بێ (گرێ و گۆڵ)تر و ڕەوانتر بێت، ئەرکی ڕاگواستنەوەی پەیام و ڕاسپاردەکەی خۆی باشتر بەڕێوە بەرێت، سەرکەوتووتر و بە نرختره. لە بەرانبەر ئەم لایەنەی زماندا، لایەنی ئەدەبی و ئێستێتیکاییی زمان ڕاوەستاوە. لەم قۆناغەدا، زمان ئیتر کەرەسەیەکی ڕووت نییە بۆ ڕاگواستنەوەی مانا و مەبەست، بەڵکو زمان خۆی مەبەستە و بە تەواوی وزە و تواناوە، بە هەموو جۆرە تەمهید و فێڵەوە گەرەکیەتی ببینرێت.

بە کورتی، لایەن و قۆناغی یەکەم، پێناسە ئەرەستووییەکەی زمان دەگرێتەوە، کە لە نیزامە جوانیناسانەکەیدا، هەرچی لە سروشتدا بوونی هەیە، بێ ئەملاو ئەولا ئامانجێکی هەیە، لە بەرانبەر ئەم کارکردەدا، قۆناغی دووهەم، لە پێناسە (کانت)یەکەی زماندا دەگونجێت، کە لە(ڕەخنە لەسەر وزەی داوەری)دا، لە ژێر باسی (فۆرمی جوان)دا، دەڵێت: لە ئاسەواری هونەریدا، لە کارکردی جوانیناسانەی کەرەستە دەلالەتیەکاندا، ئامانجێکی دەرەکی و جودا لە خودی کەرەسەکان و لە دەرەوەی ئەواندا بوونیان نییە و کەرەستە و ئامانج هەر بۆ خۆیانن. با بە هێنانەوەی نموونەیەك، باسەکەمان کۆکەینەوە. شووشە(جام) کەرەسەیەکی سەرەکیی خاوە، دوای ئەوەی کاری لەسەر دەکرێت و فۆرمی دەدرێتێ، دوو کاراکتێر و دوو هەستی جیاوازی دەدرێتێ. یەکەم، ئەوکاتەی لە سەنگ و سوێ دەدرێت و ساف و لووس دەکرێت، تا ڕووناکی و تیشك، بێ لەمپەر لێی تێپەڕێ. باشترین جام لەم کارکردەدا، ئەو جامەیە کە بکرێت بە بێ لەمپەر و چێژ و خێچ و خوارییەك، بە بێئەوەی خۆی ببینرێت، بتوانین بڕوانینە ئەودیوی جامەکە. ئەمە قۆناغ و کارکردی کەرەسەییی فۆرمە. بەڵام کاتێك نەخش و نیگار و وێنەی جۆراوجۆر لەسەر هەمان جامەکەی گۆڕین و بە دەست هونەرمەندێك هەڵکەنرێت، ئیتر لە کاتی ڕوانینی جامەکە، ئەوەی ئیدراك و هەستی جوانیناسانەمان دەبزوێنێت، نەك ئەوەی ئەوبەر جامەکە، کە خودی جامەکە و نەخش و نیگارەکانیەتی. لێرەدا جامەکە، کە فۆرمی جوانی بە خۆیەوە گرتووە، لە کارکردی کەرەسەبوون دوورکەوتووەتەوە و خۆی بووەتە مەبەست و ئامانج. وەك دیتمان، لە هەردوو قۆناغدا، ئۆبژە بە پێی ئەو فۆرمە تایبەتەی پێی دراوە، لە قۆناغ و دۆخی یەکەم و سەرەکیی خۆی دوورکەوتووەتەوە، بەڵام دوورکەوتنەکە بە دوو ئاڕاستەی

جیاوازدا بەدی دێت. یەکەم، ئەو ئاراســتەیەی کە ئۆبژەکە، تا ئەو جێگەیەی بگونجێت، ون دەبێت، تا ئەرکە تایبەتیەکەی خۆی رابپەرێنێت، بەڵام لە ئاراستەکەی دیدا، فۆرمەکە وای کردووە خودی ئوبژەکە ببینرێت و سەرنجراکێش بێت. بە پێی ئەم بۆچوونانە، زمانی کارکردیی و کەرەسەیی، زمانە باو و نۆرماڵە کەرەسەیەکەی پێوەندیگرتن و راگەیاندنە، زمانی ئەدەبیش فۆرمە ئێستێتیکییەکەیە. ئەمە سنوور بەندییەکەی دیار و وەرگیراوەی قۆناغی مۆدێرنیتەیە، کە ئیتر ســالانێك بە هەوڵی تاقمە نۆرمشکێنە پۆستمۆدێرنەکان تێکدراون، وەك ئەو هەولانەی هونەری شێوەکاری(دۆشام)، یان وێنە و نیگاری(گرۆنیکا)ی پیکاســۆ، یان کارەکانی(ئەندی وارهــۆڵ)، دواتریش لە دەقەکانی بارت و تیۆریەکانی دریدا و بۆچوونەکانی کۆندراو...، ســنووری نێوان ئەم دوولایەنە دیاریکراوە کەمرەنگ بووەوە. تەنانەت سنووری نێوان ژانرەکانیش بەرەو سڕینەوە چووە.

هایدگێر بۆچوونێکی - تا رادەیەك - روونکارەوەی هەیە، ســەبارەت بەم کاراکتێر و پێناســەیەی جوانی. هایدگێر دەڵێت: تەنانەت کەرەسەش، کاتێك لە کار دەکەوێت و لە کارکردی رۆژانە و باوی خۆی دەمێنێتەوە، دەبێتەوە ئەو شتەی بەر لەمە هەبوو. هایدگێر بەم پێناسەیە دەڵێت(پێناسەی سلبــی). لەم روانگەیەوە، دەستتێوەردان و لە کارخستنی کەرەسەش، دۆخێکی جوانیناســانە بەرهەم دەهێنێت. وەك ئەو کارەی (مارسێل دۆشان) ســەبارەت بە کاســەی توالێت کردی و لــە جێگای خۆی و کارکردیی ســەرەکیی خۆی وەلای ناو هێنایە ناوەراســتی پێشــانگەی هونەری. بەمجۆرە، کەرەســەی لە کارکردی ســەرەکیی خۆی خســت و پێناسەی سلبیی جوانیناســانەی دایێ. لە دەقە شیعریەکانی ئەورۆدا، بــەم روانگەیەوە کە هاتنە بەرباس، جوانی و هونــەر، لە رێگەی دەکارکردنی کەرەسەگەلی ناسیاو و رۆژانە، بەڵام لە قۆناغێکی نوێ و دۆخێکی جیاوازدا، دەخولقێت. لە پانتاییی ئەدەبی فارســیدا، ســەید عەلی ســالحی، بە پێی ئەم روانگەیەوە، بناغەی شیعری گوتار(گفتار)ی دارشت و سەرکەوتووش بوو. لە شیعری کوردیشدا، شاعیرانێکی وەك کامــیــز کەریمی، ئەم ئەزموونەیان تاقی کردووەتەوە، بەڵام زمانی کوردی خاوەنی وزەی کەڵەکەبووی لە رادەبەدەرە بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەقگەلی شیعری لەم بوارەدا. بە پێــی ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییەی هەمانە، ئەدەبی کوردی خاوەنی کەلەپووری دەوڵەمەندی وەك(بەیت و حەیران و...)- ە، کە شیعری گوتار دەتوانێت بە لێشاو کەڵکی لێوەربگرێت و خۆی پێ قەبە بکات.

**پرسیار: شیعری ئێستە، بە شێوەیەکی بەرفراوان رووی لە خەمە بچووکە خودییەکان/ خودی شــاعیر کردووە، بە پێچەوانەی ئەزموونگەلی شیعری پێشوو، کە گرنگییان دەدا**

**بــە خەمە کۆکان. ئەم گۆڕانکارییەی ئێســتە لە بنیاتی دەقە هاوچەرخەکانەوە هەســتی پێدەکرێت، تا چەند خزمەت بە ئیبداع دەکات؟**

**مــوراد ئەعزەمی:** داهێنان لە یەکەم لایــەی دەلالەتیی خۆیدا، بە واتای تێپەڕاندن و بەزاندنی سنوورەکانی پێشــووە لە حەوزەی ئەدەبدا. دەقێك بە داهێنەرانە دێتە حەساو، کە ســنووری دەقەکانی بەر لە خۆی بەزاندبێت. ئەم پێناسەیە، خەسڵەتێکی نێواندەقی لە خۆدا حەشــارداوە، واتا بەرهەمهاتنی هەر دەقێــك و داهێنەرانەبوون، یان نەبوونی، بەســتراوەتەوە بە دەقی بەر لە خۆی و کۆی لیژگەی دەقەکانی دەوروپشتی. تا ئێرە باسی دەقی داهێنەرانەمان کرد، ئێســتە دەچینە سەر چەمکەکانی(خەمە بچووکە خودییەکان) و(خەمــە کۆکان). لــەو کاتەوە مرۆڤ خۆی لە جیهانی مۆدێرنــدا دیتەوە و بیرۆکەکانی کەســانێکی وەك دێکارتی لە فەلسەفەدا و فرۆید لە دەروونناسیدا بڵاوبووەوە، چەمکی خود و پێناســەی تاك تۆخبوونەوە. کەلان ڕەوایەتەکان جێیان بۆ وردە ڕەوایەتەکان بەتاڵ کرد. لەم فەزایەدا ئەدەبیش ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات و گوتاری ڕەوایەتی بیرەوەری و گرفتە قەبەکانی وە لا نا و جەختی کردە سەر گێڕانەوەی دەروون و خودی خۆی و ئەزموونە تاکە کەسییەکان و خولیا و ویستە ئاشکرا و شاراوەکانی. ئەمە ئاڵوگۆڕێکی گشتیی بوو، کە بەســەر ڕەوتی فیکری و ژیار و ژیانی مرۆڤدا هات، ئەدەب و ژانری شیعریشی گرتەوە. ئێســتە پێوەندیی ئەمشــێوە جیهانبینییە و داهێنانی ئەدەبیی چۆناوچۆن باس بکرێت؟ هەر دەقێکی داهێنەرانەی ئەدەبیی خودانی هەر شێوە جیهانبینییەك، پرۆسەی داهێنانی خــۆی بەڕێوە دەبات. لە وانەیە کزی و بە قەوەتی تێدا بەدی بکرێت، بەڵام ڕاناوەســتێت و لە بەرەوپێشــچوون ناکەوێت. وەك باســکرا، ئەگەر داهێنان بە واتای تێپەڕاندن بێت، کەوابوو ئەو شــاعیرەی خەریکی پشــکنین و سەنگ و ســووککردنی خودی خۆیەتی، بۆ داهێنانی دەقێکی خەللاقانە، پێویســتە لەگەڵ ئەوەی لە نێو کەشــوهەوای هەنووکەدا هەناسە هەڵدەکێشێت، سنوورەکانی دوێنێ ببەزێنێت و بەرەو سبەی بڕوانێت.

**پرسیار: ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێت لە خوڵقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشــانی لەگــەڵ پێکهاتەی دەقدا فەراهــەم دەکات؟ بە دەر لەســەر وەختی لە دایکبوونی دەق؟**

**مــوراد ئەعزەمــی:** ئــەو دەمەی بــارت باســی مەرگی(دانــەری) کرد، باســی لە دایکبوونی(خوێنەر)ی هێنایە گۆڕێ. چەمکی(دانەر/ خوێنەر) لەم تیۆرییەدا، باســێکی

هەراوە. کورتەباسێك لە سەر ئەم چەمکانە، بۆ گەیشتن بە مەبەست دەبێتە یاریدەدەرمان. بارت لە تیۆرییەکەیدا باسی مەرگی(دانەر) دەکات، نەك نووسەر. جیاوازیی ئەم دوو چەمکانە لەمەدایە:(دانەر) ئەو کەسە تاقانەیەیە، کە خاوەنی فیزیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و کاراکتێری تایبەت بە خۆیەتی، خوخدە و هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆی هەیە، ناونیشانی دیارە و خاوەنی ژیانی رۆژانەیە و لە قۆناغێکدا هاتووەتە دنیا و سەردەمانێکیش دەمرێت، بەڵام(نووسەر)، ئەو کەسە (میسالی) و نەوعیەیە کە سنوورەکانی بەربەست نەکراوە (undeterminate) و کەسێکی دیاریکراو نییە، لە واقیعدا شوێنگە و پێگەیەکە بە پارادایمێکی تایبەت، کە هەر کەسێك لە نێوەندی ئەم شوێنگەیەدا دانیشێت، بە پێی بارودۆخێکی دیاریکراو، پارادایمێکی وەسفکراو، کردەوە و رەوتارەکەی پێشبینی دەکرێت. واتا وەها باسی دەکرێت کە:(هەر کەسێکی خاوەن هەست و هۆش و زەینێکی نۆرماڵ بێت و لەگەڵ ئەم دیاردانە رووبەروو ببێتەوە و بکەوێتە نێوەندی ئەم دۆخەوە، ئەم رەوتارەی لێ رەچاو دەکرێت.) بارت باسی مەرگی ئەم کەسە ناکات. لە قۆناغی دووهەمدا، بارت باسی(خوێنەر) دەکات، خوێنەری(میسالی)ی بارتیش هەر هەمان تایبەتمەندییەکانی (نووسەر)ە میسالییەکەی گۆڕینی هەیە. واتا شوێنگەیەکە هەر کەسێك پێی تێ بکەوێت، کردەوەیەکی تایبەت و دیاری لێ رەچاو دەکرێت. وەك دەبینن، لێرەدا(نووسەر) هەمان(خوێنەر)ە، واتا(نووسەر) دوای داهێنان و تەواوبوونی(دەق) و مەرگی(دانەر)، خوێنەرێکە و بە قەرا خوێنەرێك هەستییەکەی بوونی هەیە و بەس. دوای بەرهەمهاتن و تەواوبوونی دەق، نووسەر و خوێنەر لە یەك ئاست ئاستن، بە قەرا یەك لە حاند دەقدا بەشیان هەیە و لە پرۆسەی دەلالەتبەخشی و ماناسازیی دەقدا، لە یەك ئاستدان.

سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەیش، واتا چۆنیەتیی سازبوونی هاوشانیی دەقنووس لە تەك پێکهاتەی دەق، پێویستە بە روانگەیەکی ترەوە بروانینە دەق و پرۆسەی بەرهەمهاتنی.(لوسین گۆڵدمەن)، لە جێگەیەکدا سەبارەت بە(دەق و دەقنووس و کۆمەڵگە) دەڵێت: دەق، خاوەنی ئەو پێکهاتە و پێوەندییانەیە، کە لە کۆمەڵگەدا، لە نێوان دیاردەکان و دەستەڵاتدا پێکهاتوونە.(دەقنووس) وەك دیاردە و ماکەیەك لە کۆی دیاردە و ماکەکانی نێو ئەم رایەڵکەیە، لە کاتی بەرهەمهێنان و دارشتنەوەی پێکهاتەی دەق، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ خەریکی دابەزاندنی نەخشەی ئەم رایەڵکەیە و پێکهاتە و پێوەندییانەیە، لە نێو ماکەکان و دیاردەکانی نێو دەقدا. دواجار پرۆسەی خوێندنەوە و رەخنە، بە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەم پێوەندیانە و نەخشەی رایەڵکەکە دابین دەکرێن. کەوا بوو،(دەقنووس) لە کاتی بەرهەمهێنانی دەقدا، داهێنەرانە، خەریکی

دارشتنەوەی ڕاستەوخۆ و دەقاودەقی پێوەندییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگە دەبێت، یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و ڕەخنەگرانە ئەم پێوەندییانە دادەبەزێنێتەوە سەر دەق.

**پرسـیار: پێتوایە هۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێك، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیاتی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێت؟**

**موراد ئەعزەمی:** یەکەم هۆی سەرەڕۆیی و شۆڕشی داهێنەری قۆناغی نوێ (بەگشتی)، لە ئاستی قۆناغی کلاسیکدا، تێکدانی قاڵب و چوارچێوە دابینکراو و داڕێژراوەکانی کۆن و باو بوو، بەرەو بنیاتنانەوەی بەستێنێك، کە لەودا پرۆسەی داهێنان ڕەهاتر و سەربەستانەتر بۆی بلوێ هەڵسووڕێت و زەینی خەڵلاق بۆی هەبێت لەم بەستێن و مەیدانەدا، تەقلە جلیت بکات و دەق داپینکەرەوەی ڕاددەی ڕەوتاری داهێنەرانە نەبێت، بەڵکو ڕێژەی ڕەوتاری داهێنەرانە هەستیی دەق بەرهەم بهێنێت. ئەم شۆڕشە، لە دوو تەوەرەدا سەری گرت، یەکەم: تەوەری فۆرم، دووهەمیش: تەوەری مانا و نێوەڕۆك. لەوانەیە ئەم باسە بەم ئەنجامە هەڵەیەمان بگەیەنێت: کەوا بوو دەقەکانی قۆناغی بەر لەم شۆڕشە(واتا قۆناغی کلاسیك) دووربوون لە داهێنان و دەقی داهێنەرانە لەو کەشوهەوایەدا نەدەخوڵقا.

دەقەکانی بەر لە قۆناغی نوێگەرایی، بە قەرا داهێنەربوونی دانەرەکانیان، بە قەد مەودای ئیزندانی قاڵب و فۆرمە هەڵبژێردراوەکە، یان خاوەنی ڕەوتاری داهێنەرانە بوونە، بە تایبەت ئەو بەرهەمانەی توانای دانیشتن لە پەنا دەقە کلاسیکەکانیان هەبووە. دەقێك توانای وەرگرتنی پێناسەی کلاسیکی هەیە، کە وەختی خۆی و لە کاتی بەرهەمهاتنەوەی، سنوورەکانی باوی قۆناغی خۆی دابەزاندبێت و سوننەتێکی خەڵلاقانەی تاقانەونوێی دیکەی(بە پێی یاسا و ڕێسانەگۆڕەکانی ژانری خۆی لەو کاتدا) بە سوننەتەکانی بەر لە خۆی لکاندبێت، ئەوکات دەقەکە دەچێتە خانەی دەقەکانی کلاسیکەوە: واتا ئەو دەقانەی بۆیان هەیە وەك ڕێفرانس و مەرجەع، بۆ ژانرێکی تایبەت، ئاوڕیان لێبدرێتەوە. بەڵام، ئەو باوەڕەی مرۆڤی سەردەمی نوێگەرایی پێی گەیشت، ئەمە بوو کە قاڵبە پێش داپینکراوەکان، گەڕیان و هەڵسووڕانی زەینی داهێنەر لە کاتی داهێناندا بەربەست دەکەن و دواجار دەق دەبێتە خاوەنی ڕەهەندێك و دەنگێکی دیاریکراو، خوێنەر بە شۆڕبوونەوە بەم تاك ڕەهەندییەدا، بە بیستنی ئەم تاك دەنگە، ئیتر چێژێکی دی لە دەق وەرناگرێت و ژیانی دەق کۆتایی پێدێت. کەوا بوو، پێویستە گەڕیانی خەڵلاقیەت و هەڵسوکەوتی ڕەها لە تەك زمان، قاڵبەکان تێکبرووخێنێت، تا

هەر دەقێکی تایبەت، خاوەنی فۆرم و پێکهاتەیەکی تایبەت و تاقانەش بێت و تژی بێت لە رەوتارەکانی داهێنەرانە، بە لەونێك کە لە چەندین رەهەندەوە بخوێندرێتەوە و چەندین دەنگی لیّ ببیسرێت و پرۆسەی چێژبەخشی لە هەر جاڕ خوێندنەوەدا، بەردەوام بێت.

**پرســیار: بۆچی رەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەر نەکراوە، بەشێوەیەك سەرچاوەمان لەمبارەیەوە هەبێت، لە کاتێکدا دەبوو ئێستە زیاتر لە جاران بایەخی پێ درابا؟**

**موراد ئەعزەمی:** ئەمە حەقیقەتێکی تاڵە، کە لە حەوزی ئەدەبی کوردیدا، رەخنە پیّ بــە پێی ئەدەب و خولّقانی دەق، هەولّی نەداوە، ئەمەش دەگەرێتەوە ســەر زۆر هۆکردی سەرەکیی، وەك نموونە: ئەو بارودۆخەی مرۆڤی کورد تێیدا ژیاوە؛ پێکهاتەی کۆمەڵگە و عەقلانییەت و تەفەککوری تایبەتی کوردەواری، ئەو فەزا داخراو و خنکێنەرەی نووسەر و داهێنەری کورد تێیدا ژیاون، تەفەککوری جددیی رەخنەیی، بە قەرا مەیلی نووسەرانە و داهێنەرانەی بەرهەم نەهێناوە. هەڵبەت ئەگەر باســی رەخنە، بە پێناسە مۆدێرنەکەی بێنینــە گــۆریّ، دیارە زۆریش کەمتەرخەمیــی نەکراوە، بەم مــەودا کورتە و نەبوونی دەســتەڵات و قەیرانی نەرم ئامێزی و ســەخت ئامێزیەی سەبارەت بە تیۆرییە ئەدەبی و رەخنەییەکان هەمانبووە، حەرەکەتی جەریانی رەخنە، ئەگەرچی کەم بووە، بەڵام زۆریش وە دوا نەکەوتووە. بەم حاڵەش، حاشا لەوە ناکرێت کە باری چۆنیەتی و چەندایەتیی بزاڤی رەخنە سەبارەت بە کاروانی تێژپێپەڕی دەقە ئەدەبییەکان، کەمتر و خاوتر بووە.

ئەگەر چاوێکی خێرا بخشێنینە سەر ئەو بزاڤە رەخنەیی و تیۆریکانەی ئەم یەك- دوو دەیەی رابردوو(وەك باســە فەلسەفییەکانی مەســعوود محەممەد و فارووق رەفیق و...، بزاڤە رۆشــنبیری و ئەدەبییەکانی داکار و رەهەند و دەقە رۆشنبیرانەکانی بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع و رێبین هەردی و...، هەوڵەکانی تیۆریزەکردنی جەریانی شــیعری جیاواز و شــیعری شــێت و...) هەســت بە زیندوو دینامیکبوونی ئــەم بوارە دەکەین، ئەگەرچــی کــەم جووڵە و خاوەنی دەنگێکی نــزم بووە، بەڵام بوونــی هەبووە و توانای خێرایی و هەوڵدان و گەشــەکردنی هەیە، بەو گوتارانەی کە لەســەر دەســتی کەسان و نوخبەکان و جەریانــەکان و بزاڤەکانی ناوبراو، داهێزاون. ئەگەر ئەم بزاڤانە بە قۆناغی ســەرەتایی و یەکەمی رەخنەی کوردی دانێین، بــزاڤ و قۆناغی دوابەدوای ئەم قۆناغە، دەگاتــە بوارەکانــی دیکەی وەك(داهێنــان و تیۆریزەکردنی رەخنــە، تایبەت بەم حەوزە ئەدەبییە، دیاریکردنی ســنوورەکانی ئەدەبی کوردەواریی، بە شێوەیەکی سیستماتیك و

تەکووز، واتا سەروبەرکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی مۆدێرن و ڕێکوپێك، بۆئەوەی قۆناغەکان و سەبك و شێواز و کەسەکان، جێگە و پێگەی خۆیان بناسن و لێکۆڵینەوەکان بەرەو زانستی و میتۆدیك بوون هەڵکشێن، دوابەدوای ئەم قۆناغانەش، ڕەخنەی بەراوردکاری و دیاریکردنی شوێنگەی نێوچەیی و جیهانیی ئەدەبی کوردەواریی دەست پێدەکات و...) وەك دەبینین لە پرۆسەیەکی نۆرماڵ و ساغدا، پرۆژەکەی مەبەستی پرسیارەکەی ئێوەش دەکەوێتە ریزی پرۆژەکانی بەر ڕێگەی بژاڤی ڕەخنەی کوردی، کە لە ڕێگەپێوانێکی نۆرماڵ و داینامیکدا بۆی هەیە پێیان بگات.

**پرسیار: لە ئێستەدا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕێکلامەی لێرەدا مەبەستە دابەشبووە بەسەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حزبەکان. بۆ ئەوەی نووسەری ئیبداعکار پردێك دروست بکات، بۆ بە یەکتر گەیشتنی داهێنان- ڕێکلام، لە وەها کاتێکدا چی دەبێت بە کۆمەککارێکی تەندروست؟**

**موراد ئەعزەمی:** ئەم پرسیارە، ئاماژەیە بە یەکێك لە کێشە پەراوێزی، بەڵام شوێندانەر و گرینگەکانی بواری داهێنان...، دەق هەستیی و بوونی خۆی، لە چرکە (perception) بە پێی بۆچوونەکانی بیردۆزەکانی مەکتەبی وەرگرتن ساتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خوێنەردا، وە دەست دێنێت. واتا: دەق بە بێ خوێنەر، وەك هەر نەبووبێت وەهایە. کەوا بوو ئەم هەستییە، بە قەدەر ئاستی خوێنەرەکانی پەل دەهاوێژێت. بۆئەوەی دەقێك توانای بڵاوبوونەوەی زیاتری هەبێت و بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانێکی پتر، پێویستی بە ڕاگەیاندن و ناساندنی پتر هەیە. ئا لەم قۆناغەدا حزووری دیاردەی(ڕێکلام) پێویست و لازم دێتە بەرچاو، ئەمەش ئەو پانتاییەیە کە لە واقیعدا، لە تەك پرۆسەی داهێنان و نووسین و(دەقسازی)دا جیاوازە و(نووسەر/ داهێنەر)، لەبەر چەندین هۆکردی کۆمەڵناسانە و دەروونناسانە، بۆی نییە دەوری ڕێکلامیش ببینێت. پێویستە ئەم حەوزە بە کەسانێکی جودا لە نووسەر و پسپۆڕ و پرۆفیشناڵ لە حەوزەی پرۆپاگەندە و ڕێکلام، بسپێردرێت. ئەمەش دەسەڵاتی ئابووری و رامیاریی گەرەگە، کە زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتی داهێنەرانە کۆنابنەوە و لێکجودان و سەر بە دوو جیهانی جیاوازن، واتا سێکوچەی(داهێنەر/ ساماندار/ سیاسەتوان) بە دەگمەن لە یەك کاتدا، لە یەك کەسدا کۆدەبنەوە، بۆیە کومەڵگەیەك لە باری کلتووری و ئاستی ڕۆشنبیریی پێشکەوتووە، کە توانای ڕێکخستنی نیزامێکی سیستماتیکیی هاوکاری و هەرەوەز و دانوستانی ئەم سێ حەوزەی هەبێت. لە هەناوی

سیستەمە رامیارییە تاك دەنگ و توتالتیارەکان، هەروەها نیزامە دەسەڵاتدارە ئابووری و ساماندارییە قەبەکاندا، کە ئامانجی سەرەکییان هەراوکردنی مەودای دەسەڵاتداریی خۆیانە، بە بەهای کرکردن و سەرکوتکردنی دەنگە داهێنەرەکان، زۆر زەحمەتە داهێنەر پەروەردە بکرێت و پەرەبستێنێت و گەشە بکات، بۆیە لەم شێوە نیزامانەشدا، دیاردەی راکردنی خاوەن قەڵەم و وزە داهێنەرییەکان، بۆ وڵاتانی هەندەران زۆرتر دەبینرێت.

**پرسیار: کەی زمان و گوتن ڕووبەڕووی بەریەککەوتنی قووڵ و ئێستێتیك و بابەتییانە دەبنەوە؟**

**موراد ئەعزەمی:** دوانەی گوتار/ نویسار، لە سوننەتی میتافیزیکیی رۆژئاوادا، لە دوو جەمسەری دژ بەیەکدا رادەوەستن و بە پێی خەسڵەتی حزوور و پێوەندی و یەکگرتن، گوتار بەسەر نوویساردا سەرەتی دەدرێتێ. واتا: ئەگەر گوتار ئەو نیشانە دەنگیانە بێت، کە جێنشینی شتەکانە، ئەوا نویسار جێنشینی جێنشینە. واتا: ئەو نیشانە کەلامییە نووسراوانەی جێنشینی نیشانە دەنگیەکان دەبن. کەوا بوو، بە پێی ئەم بۆچوونەی میتافیزیکییەی رۆژئاوا، نویسار لە چاو گوتار، نیزامێکی دەستی سێیەمە. کەوا بوو، لە هیرارشی بایەخدەرانەدا، لە ئاستی نزمتردایە. دریدا، لە تەحلیلەکانی خۆیدا، تەواوی ئەم شێوە دەستەبەندی و نیزامە داوێتە بەر رەخنە و هەڵی دەوەشێنێتەوە. ئەو باوەرەی کە مانا لە گوتە و لە حزووردا، بە تەواوی حازرە و دەستەبەرکراوە، رەتدەکاتەوە، دواجار نیزامێکی مانا تەوەرەی دیکە دادەمەزرێنێت، باوەری بەوەش نییە کە مانا لە نویساردا حازر بێت و نویسار بەسەر گوتاردا سەرەتی هەبێت.

بەگشتی، دریدا باسی ئەوە دەکات، کە چ لە گوتاردا، چ لە نویساردا، مانا لە سەر بنەمای وێکچوون و یەکگرتن پێکنایە، ئەوەی کارکردی سەرەکیی لە هەردووکدا هەیە، جوایەزی و مەودایە، نەك وێکچوون و نزیکبوون. ئەم بۆچوونەش بە پێی بۆچوونەکانی زمانناسانەی سۆسێر لێکدەداتەوە. بە لایەکی دیکەوە، ئەگەر کوو(زمان- گوتن)ی پرسیارەکە هەر بەم شێوەیە وەرگرین، پێویستە سەرەتا ئاماژە بەم خاڵە ئاشکرایە بکەین، کە ئەم دووانە لە بەرانبەر یەکدا راناوەستن، بەڵکو لە واقیعدا پێوەندیی گشتی- پاژیان پێکەوە هەیە. واتا: گوتن یان گوتە، پاژێکە لە گشتی هەراوی زمان، وەك ئەوەی زمان دابەش بکەین بەسەر(نوویسار- گوتار- وێنەیی- ئاماژەیی و...) و لە پێناسەیەکی گشتیی تردا، زمان تەواوی ئەو نیزامە دەلالەتییانە دەگرێتەوە، کە بە نیشانە تایبەتەکانی خۆیان، خەریکی گەیاندنی مانا و دەلالەتی تایبەتن(وەك نیزامی

جلوبەرگ- خۆراك- ژنهێنان- جەژن و سەرەخۆشی و...). بە دوو شێوەی دیكەش دەتوانین پرسیارەكە شەنوكەو بكەین:

١. ئەدەبی نووسراو، لە بەرانبەر ئەدەبی شەفاهی(زارەكی)دا، كە ئەم دووانەش بە پێی بۆچوونەكـەی دریـدا، ناكەونە بەریەك و كاركردی دژ بە یەكیـان نییە، بەڵكو هەركام لە ئاراسـتەیەكدا خەریكی كاری خۆیانن و نیزامی سـەر بە حەوزەی خۆیان دەخوڵقێنن، هاوكات دانوستانیشان لە تەك یەكدا هەیە، وەك ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە حەوزەی شیعر و رۆمانـدا، بە پێی ئەو دەقـە زارەكییە فولكلۆرییانەی هەبـوون و بەرهەمهاتوون، بە لەونێكیش وەڵامی ئەم لایەنە لە پرسیاری دووهەمدا دراوەتەوە.

٢. لـە جۆرێكی دیكـەی تەحلیلی زمانیدا، دەكرێت باسـی(زمانی ئەدەبیی/ زمانی پێوەریـی) بكەیـن. بەمجۆرە باسـێكی دیكـە دێتەگـۆڕێ، كە جۆرێـك تەقابوول و كاركردی (ئێسـتێتیكییانە/ مەنتقی) دەبینرێت. لێـرەدا دەتوانین بە ئێرجاع، بە نیزامی جوانیناسیی كانت، تا ئاستێك بە وەرام بگەین.(كە بەر لەمە باسمانكردبوو) كانت، باسی بەرهەمهاتنی ئێسـتێتیكا، دەبەستێتەوە بە چەمكی فۆرم. بە كورتی: كانت باسی ئەوە دەكات، كە تێكدانی فۆرمی سەرەكیی شتەكان، بە شێوەیەك كە لە كاركردی سەرەكیی خۆیان دوور بكەونەوە و مەودا بكەوێتە نێوان دەلالەتی فۆرمەكە و هەسـتی سـەرەكیی شـتەكە، جوانی دەخوڵقێت. فۆرمالیستەكان ئەم پرنسیپەیان قۆستەوە و باسی ئەمەیان كـرد كـە دەقی ئەدەبیی بە چەند تەمهیـدەوە لە زمانی پێـوەر دووركەوێتەوە و دەبێتە خاوەنی كاركردی جوانیناسـانە، كە بنەرەتیترینی ئەم تەمهیدانە ناسـیاوی سـڕینەوە و بەرجەسـتەكردنەوە و لادان لە نۆرمی باوی زمانییە. لێرەدا دیارە كە دوو لایەنی زمان، واتا: لایەنی ئەدەبی و نائەدەبیی(پێوەر)-ی زمان، لە بەرانبەر یەكدا رادەوەسـتن و زمان بە تەمهیدێكی فۆرمیك، لە كاركردی رۆژانە و زانستی و نائێستێتیكاییانە و مەنتیقی خۆی دوور دەكەوێتەوە و بۆ لای كاركردی ئێسـتێتیكاییانە و ئەدەبی و ناكەرەسـتەییی خۆی دەچێت.

**پرسـیار: ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سـەرەكیترین كەرەستەی خاو بێت، بۆ بنیاتنانی تەلاری بەرز بە وشـە، خەیاڵی نووسـەر لە كوێی تەلارە بەرزەكەدا بەرجەستە دەبێت؟**

**موراد ئەعزەمی:** دەقی ئەدەبیی بەرهەمێكی داهێنەرانەیە، بە وشە و بە پێی رەوتارە ئاشنا و تازەكانی ژانرێكی تایبەت، بە پێوەندیی دیار و نادیار لە تەك لیزگەی دەقەكانی

رابردوو و ئیستە(خەسڵەتی نێوان دەقی) و لە نێوان کۆی دەلالەت و نیشانەکانی دیار و نادیاری دەورووبەری داهێنەر، لە ڕێگەی تێپەڕبوون لە ڕەهەندی زەینیی خەللاقی نووسەردا، بەرهەم دێت. لانی کەم دوو ڕوانگە سەبارەت بە بەرهەمهاتنی دەقی ئەدەبیی حزووریان هەیە:

یەکەم: ئەو ڕوانگەیە، کە بڕوای بە شهوود و لایەنی نائاگاییی نووسەرە، هاوکاتیش بە لەونێك نووسەر بە قەرا نێوەنجی و کاناڵێك دادەبەزێنێت، کە لە ڕێگەی ئەم کاناڵ و ڕەهەندەوە مانا و وێنە و دەلالەت و فۆرمەکان لە جیهانە ئەفلاتوونییەکە ڕا دێنە خوارێ و دەکەونە سەر لاپەڕەی کاغەز و دەبن بە دەق.

دووهەم: ئەو ڕوانگەیە، کە لەودا دەوری نووسەر لە پرۆسەی بەرهەمهاتنی دەق بەرجەستەتر و تۆختره، تەنانەت دەقی ئەدەبیی بە بەرهەمی ڕاستەوخۆی زەینی داهێنەر و ڕۆحی ڕاهاتوو پەروەردە کراو و ئامادەی نووسەر دادەنێت.

دەکرێت ئاماژە بە ڕوانگەی

سێهەم و بەینابەینیش بکرێت، کە لەسەر بەستێنی بڕوا بە حزوور و کارکردی زەینیی داهێنەری نووسەر و ڕاهاتوویی ئەم، لە هەندێك قۆناغدا بڕوای بە شهوود و کارکردی نائاگاییانەی نووسەریش هەیە. بە پێی ئەم سێ ڕوانگەیە، سەبارەت بە سێکوچەی(نووسەر- داهێنان- دەق)، ڕۆحی نائارامی نووسەر بە وزەی داهێنەرانە و خەیاڵی ڕەهای خۆی، لە خشت بە خشت و هۆدە بە هۆدەی تەلارەکەدا حزووری هەیە. واتا: هەستی نووسەر/ داهێنەر، بە قەرا تەواوی بارستای دەق تەکسیر دەبێتەوە و لە تەواوی کونج و بنەوانەکانی دەقدا بڵاودەبێتەوە.

**پرسیار: دیکارت ڕوانینی وەهایە:(من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم.)، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام(بیرکردنەوە) دەتوانێت(بوون)ێکی جووڵەکار و ئیبداعکاری بەردەوام بەرهەمبێنێت؟ بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار، تا چەند پێوەستە بە(ئاگایی) و(ئەوانیدیکە)وە؟**

**موراد ئەعزەمی:** دیکارت کاتێك ئەم بۆچوونەی دەربڕی، خەریکی دامەزراندنی بناغەکانی نیزامی فەلسەفەی ئاوەز تەوەری خۆی بوو، کە لەودا، تاقانە کەرەستەی بەردەستی مرۆڤ، بۆ ناسینی خۆی و جیهان و دیاردەکان، ئاوەزە و بەس. ئەوەی ئاوەز دەستی پێ نەدەگەیشت، هەستی و وجوودیشی حاشای لێدەکرا. لەم نیزامەدا، زۆرێك لە

لایەنەکانی زەین و خەیاڵ و نائاگایی و ناوشیاریی مرۆڤ، کە بەشێکی زۆری ئەدەب و داهێنانیش دەگرێتەوە، وە پشتگوێ دەخرێن، بۆیەش، کانت بە تەفەککور و ستراتیژییەکی ڕەخنەگرانەوە، ڕوانییە ئەم سیستەمە فەلسەفەییەی دیکارت و بە دارشتنەوەی بناغەی نیزامە فەلسەفییە ڕەخنە تەوەرەکەی خۆی، کەوتە سەر شەنوکەو کردنەوەی ڕوانینەکان و بۆچوونەکانی ئاوەزتەوەری دیکارت، دواتریش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە: نیزامی فەلسەفیی دیکارت، بۆی هەیە نموودەکان (phenomenon) بناسێت و پێناسەیان بداتێت، بەڵام لە ناسینی بوودەکان (nomenon)دا، دۆش دادەمێنێت، چونکە لە جەغزی وزە و توانستی ئاوەز دەچنە دەرەوە و ناچار حاشایان لێدەکرێت. کانت لە نیزامەکەیدا، لە پەنا ئاوەزی نەزەری، چەمکی ئاوەزی کارکردیشی دامەزراند و حەوزەی بوودەکان و وزەی بڕوا و ویژدانی لە ژێر سەردێری ئەم چەمکەدا کۆکردنەوە. ویل دۆرانت، جوان بۆی چووە کە دەڵێت:(کانت، لە نێو کڵاوی ئەرك و ئەسپاردەی مرۆڤ، سێ چەمکی "خودا، ئیختیاری بەشەر و نەفەوتانی ڕۆحی"ی کێشایە دەر). بەمجۆرە، ئەو بیرکردنەوەیەی ئاکامی داهێنانی بە دواوە بێت، ناکەوێتە نێو سیستەمەکەی ویشکی ئاوەز تەوەری دیکارتی، بەڵکو دەچێتە ڕیزی پرۆسەکانی تەحلیلی ڕەخنەیی و لێکدانەوەی کانتییەوە، کە ڕێگە دەداتە حەوزەی میتافیزیك و خەیاڵ و چەمکە دەرهەستەکانیش، تا مرۆڤ پەل بهاوێژێتە ئەودیوی جیهانی بەرهەست و مومکنیات و ماتریالەکەمی، هاوکاتیش ویست و ئارەزووەکانی خۆی لە قەوارەی هونەر و ئەدەبدا باوێتە بەردەستی ئاوەزی ڕخنەگری تاك و وشیاری مرۆڤی ڕەخنەخواز.

**پرسیار: چی لەو واقیعە تاڵە بکەین، کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟**

**موراد ئەعزەمی:** وەڵامی ئەم پرسیارە، بە لەونێك لە کۆی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا، هاتووەتە بەر باس، بەڵام لێرەدا سووکە ئاورێك لە چەمکەکانی ئامادەی پرسیارەکە دەدەینەوە و خێرا باسیان دەکەین. ئەگەر بە دیدێکی دریدابیەوە بڕوانینە پرسیارەکە، لە نەستی گوزارەکەدا، هەست بە ئامادەبوونی دووانە گۆڕینەکەی میتافیزیکی ڕۆژئاوا دەکەین. واتا: دووانەی واقیع/ خەیاڵ. پرسیارەکە، نائاگاییانە، سەرەتی دەداتە واقیع و خەیاڵ و چەمکەکانی سەر بەم حەوزە بە ژێر دەست دێنێتە ئەژمار. واقیع حزووری هەیە، بە پێچەوانەی ویست و مەیل و ئیرادەی ئێمە، تاڵە و ناخۆشە. خەیاڵ، نادیار و ون و دەرهەست و بێدەستەڵات و داماوە، لە بەرانبەر واقیعدا، چی لەباردا نییە. پێویستە ئەم ڕوانگە داسەپاوە دوالیزمە بە هێزە هەڵوەشێنینەوە،

دوایی بزانین چیمان بۆ دەمێنێتەوە.

کاتێ لیئۆناردۆ داڤنشی، چەند سەدە بەر لە ئێستە، بە وزەی فەنتازیی خۆی، خەریکی دارشتنەوەی گەلاڵەی کەرەستەیەك بوو، بۆ هەڵفرین، کە دوایی ناوی نرا(هێلی کۆپتێر)، یان ئەو دەمەی ژوول ویرن، کاپیتان نیمۆی سواری گەمی ژێر ئاوی ناتیلوس کردبوو، کە دوای چەند دەیە لە جیهانی واقیعدا چا کرا، یان ئەو کاتەی پاڵەوانەکانی سواری گەمیە فەزاییەکە، بە ڕێی کردنە سەر گۆی مانگ، بە وزەی خەیاڵ و فەنتازیا، خەریك بوون بەردی بناغەی واقیعی چەند سەدە، یان دەیەی دوای خۆیان هەڵدەچنی. مێژووی داهێنانی مرۆیی، تژییە لەمجۆرە خەیاڵ و فەنتازیایانەی خەونی جیهانێکی سەرووتریان بینیوە، دوایەش وەراست گەڕاون. مێژوو پێمان دەسەلمێنێت، کە خەیاڵ بەر لە واقیع، بوونی هەیە و بناغەی ئەو شتانە دادەڕێژێت، کە دوای تێپەڕ بوونی مەودایەکی زەمانیی، بەرگی واقیع دەپۆشرێتە بالایان. وەك دەبینین، هەر بەم چەند نموونە کەمانەش، دووانەی واقیع/ خەیاڵ، خەریکە بەراوەژوو دەبێتەوە. کەوا بوو: خەیاڵ و فەنتازیا، لەوانەیە سەرلەبەر، توانای گۆڕینی واقیعی ئێستەی نەبوو‌بێت، بەلام ئارام ئارام خۆی دەخزێنێتە جەستەی ماندووی واقیعەوە و گۆڕانی بەسەردا دێنێت، دواتریش نوێی دەکاتەوە.

**پرسیار: دووریس لیسینگ ڕوانینی وەهایە: «هەندێك کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەلام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستم هێناون.» ئەم ڕستەیەی لیسینگ، لە کوێوە ناکۆك، یان تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ داهێنەر و داهێنانی ئەدەبیدا؟**

**موراد ئەعزەمی:** (داهێنان/ داهێنەر/ ڕەخنە)، سێ جومگەی سێکوچکەی بۆ چوونەکەی دووریس لیسینگ و پرسیارەکەی ئێوەن. دیاریکردنی جۆری پێوەندی و نزم و نەوییبوونی و شێوەی دانیشتنیان لە هیرارشییەکی فەرزیدا، لە وەلامی پرسیارەکە نزیکمان دەکاتەوە. هەڵبەت، لە وەلامی پرسیارەکانی پێشوودا، تا ئاستێك سەبارەت بە هەرسێك چەمکی(داهێنان/ داهێنەر/ ڕەخنە)، دواوین، بەلام لێرەدا بە پێی هاونشینبوونیان، پێیاندا دێینەوە. لە گۆمەڵگەیەکی خاوەن کلتووری گەشەسەندوو، خاوەن ئەدەبی بەرز و سەرکەوتوو و سنوور بەرزیندا، نیزامێکی ڕێکوپێك لە کاردایە. لە یەکەم قۆناغی بەرهەمهاتنی دەق را، تا بلاوبوونەوە و خوێندرانەوە و گەڕانەوەی شەپۆلی دژکردەوەی خۆینەرانەوە، لە لایەن بەردەنگەکانی پرۆفیشنالەوە بەرەو داهێنەر، بۆ کارگەربوون لەسەر بەرهەم و دەقەکانی دی. وەك دەبینین، لە واقیعدا سێ دیاردەی داهێنەر، داهێنان

و ڕەخنە، لە پێوەندییەکی ساغ و دینامیکدا، لەسەر بازنەیەك هەڵدەسووڕێن و لەسەر یەك کاریگەر دەبن و لە هیچ خانە بەندییەکەی خاوەن هیرارشیدا، دانابەزن. ئەوەی لێسینگ ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم شێوە پێوەندییە بازنەییەی سێ دیاردە گۆڕینەکەیە، بەو مەرجەی هەر سێك لەم چەمکانە لە یەك ئاست و وزە و توانا و دەستەڵاتدا بن. لە وڵاتێکی پێشنەکەوتووی وەك کۆمەڵگەی ئێمە، ئەم بازنەیە هێشتا سەری نەگرتووە و سێ چەمکە گۆڕینەکە، لەوپەڕی توانای خۆیاندا، لە فۆرمێکی سێکوچکەییدا یەکدەگرنەوە، کە لانی کەم یەکێکیان باڵادەستە و دووی تریان ژێردەست. لە ئەدەبی کوردیدا، بە هۆی باری مێژوویی و ڕامیاری و...، زۆر هۆی ترەوە، ڕەخنە کەم تەمەن و کەم ئەزموونترە لە داهێنان، هێشتا نەیتوانیوە پێ بە پێی دەقە داهێنەرانەکان بڕواتە پێش، زۆرجاریش وەدوا کەوتووە، بۆیە داهێنان لە بان سێکوچکەکەدا پاڵکەوتووە و داهێنەر و ڕەخنە لە دوو جومگەکەی خوارەوە، دەستە و نەزەر ڕاوەستاون. بە هەڵدان و گەشەسەندنی پتری ئەدەب و ڕەخنە لەم ئاقارەدا، ئەم فۆرمە پێوەندییە، لە سێکوچکە ڕا بەرەو بازنە، گۆڕانی بە سەردا دێت و باوی خوشین و بەرەوپێشچوونی خۆش دەبێت. ئەوکات، ئەوەی لێسینگ گوتوویەتی، لەم ئاقارە وەڕاست دەگەڕێت.

**پرسیار: یەکێك لە ڕوانینەکانی دێرك واڵکۆت وەهایە: "ئەدەب دەمی زامێك هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵی دەداتەوە." دەتوانین بەمشێوەیە بڵێین: لێکۆڵیار و ڕەخنەگری کوردیی، قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکانەوە؟**

**موراد ئەعزەمی:** میلان کۆندێرا، لە جێگەیەکدا سەبارەت بە مێژوو و ئەدەب و پێوەندیی ئەم دووانە لە تەك یەکتری، دەڵێت:(ئەدەب- بەتایبەت ڕۆمان-، ڕەوایەتیی ئەو شوێنانەی بەسەرهاتی مرۆڤن، کە مێژوو نەینووسیونەتەوە و سپی بە جێی هێشتوون.) بەمجۆرە، ئەدەب بە هەڵبژاردنی ئەم پاژانەی مرۆڤ و بەرجەستە و تۆخکردنەوەی ئەو شوێنانەی مێژوو، خێرا بە سەریاندا قەلەمبازی داوە و کاڵکردنەوەی ئەو جێگایانەی کە مێژوو، بە پێی هەندێك بەرژەوەندیی تۆخی کردوون، ڕەوایەتییەکی جودا لە ڕەوایەتیی مێژوو، دەخولقێنێت. زامەکان، ئارەزوو و مەیلە سەرکوتکراو و فەرامۆشکراوەکان، لایەنە وەلانراو و پشتگوێ خراوەکانی مرۆیی، دەبنە دەستمایەی دەقە ئەدەبی و بە تایبەت ڕەواییەکان. ئینجا، ئەگەر ئەدەب بەم شێوەیە ڕەوایەتیی مرۆڤ بکات، چۆن دەبەسترێتەوە بە چۆنیەتیی خوێندنەوەی دەقەکان، لە لایەن ڕەخنەگرانی کوردەوە؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر چۆنیەتیی کارکردی زەینی پرسیار ورووژێنی کاك ڕابەر، کە بە

چ ڕەهەندێکدا، گەیشتووەتە ئەم پێوەندییە! بەڵام لە هەرحاڵدا، لەوانەیە مەبەستی نەنووسراو و ناوشیاری پرسیارەکە ئەوە بێت: بە پێی ئەوەی مێژووی کورد، خاوەنی زامگەلی قووڵ و سارێژنەکراوی وەك ئەنفال و هەڵەبجە و...یە، ئایا ڕەخنەگران توانیویانە جێ پێی ئەم زامانە لە دەقە ئەدەبییەکانی سەردەمدا بدۆزنەوە؟ وزەی کەڵەکەبووی ڕووداوە مێژوویی و سەربوردەکانی مرۆڤی کورد، هێشتا بە تەواوی لە ناخی دەقە ئەدەبیەکاندا نەتەقیونەتەوە، تا ڕەخنەگرانیش بە قووڵایی پێکهاتەکانیاندا شۆڕ ببێتەوە و باسیان بکات.

ڕووداوگەلی مێژوویی وەك: شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، بوونەتە هەوێنی دەقگەلی سەرکەوتووی ئەدەبیی، بۆ نموونە، کۆرت ڤۆنێکات، لە ڕۆمانی(قەسابخانەی ژمارە ٥)دا، بە بەرجەستەکردنەوەی پاژێك لە مێژووی شەڕی گیانپڕووکێنی دووهەم، شۆڕشێکی فۆرمیکیی لە بواری ئەدەبی ڕەواییدا دەخوڵقێنێت، کە سەرسوورهێنەرە. ڤۆنێکات لەم ڕۆمانەدا، سنوورەکانی هەنووکە و ڕابردوو و داهاتوو، وەها دەبەزێنێت، کە بەر لەم دەقە نەکرابوو.(بیلی پیل گریم)، لە یەك ئاندا، لە هەرسێ قۆناغی زەمانییدا دەژییێت. ئەگەر بمانەوێت فۆرمێك بۆ ئەم شێوە پێکهاتە زەمانییە دیاری بکەین، چاکترین فۆرم کە دەربڕی ڕەوتاری زەمان بێت لەم ڕۆمانەدا، فۆرمی لابیرێنتی و حەلەزوونییە، لە یەك ئاندا، لە چەندین جێگەدا، سێ قۆناغی زەمانی، لە کن یەك و لەسەر یەك هێڵدا بە یەکتر دەگەن. ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا، جگە لە چەند دەقێکی شیعریی وەك:(لاوکی هەڵەبجەی ڕەفیق سابیر و هەندێك لە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس) شتێکی وامان نییە بۆ باسکردن. بە تایبەت پانتاییی ئەدەبی ڕەوایی، بۆ لای تەقاندنەوەی وزە کەڵەکەبووەکانی ئەم قۆناغەی مێژووی کورد نەچووە و بە پەنایدا تێپەڕیوە، دەنا ڕەخنەی کوردی بۆی هەیە ئەگەر دەقێك، بە زمان و پێکهاتەیەکی پتەو و ڕێکوپێك و بە شێوەی داهێنەرانە، لاپەڕە سپی و هەژێنەرەکانی مێژووی کوردەواری هەڵبداتەوە، بە نێوان ئەم جیهانە ئەدەبییەدا شۆڕ ببێتەوە و باسی لێوە بکات.

**پرسیار: ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان، دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر بە کێش بکەن؟**

**موراد ئەعزەمی:** ئەرکی ڕۆشنبیر سەبارەت بە قەیرانەکانی کۆمەڵگە، بە کورتی دەتوانین بڵێین ئەم خاڵانەن:

١. پێشـــوەخت، هەســـتکردن بـــە قەیـــران و پەتاکانـــی کۆمەڵگـــە و بەرجەســـتە و پێناسەکردنیان.
٢. رەخنەگرتن و شـــەنوکەوکردنی بەردەوامی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی دەستەڵات، لە بوارەکانـــی جودا جودای وەك(رامیاری، ئابووری، کلتوور، ئایین و...)، بۆ بەرگرتن لە بە تابۆبوون و مانەوە و خنکانی دەســـتەڵات لە یەك شوێندا، وەجووڵە کەوتنی کۆمەڵگە و پێکهاتە رامیاری و تەنانەت تاکەکانیش، بەرەو نوێبوونەوە.
٣. قامك خستنە سەر چەمك و دیاردەکانی تەوەرەیی و شوێندانەری کۆمەڵگە و مێژوو و...، دووبارە خوێندنەوە و دووبارە پێناســـەکردنەوەیان، بە پێی بارودۆخ و کەشـــوهەوای هەنووکەیی، بۆ کارکردی نوێتریان، بەرەو بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیی.
دەکرێـــت زۆر لایەنی تر بەم لیســـتەوە بلکێترێن، کە بۆ خۆپاراســـتن لە درێژدادری، چاوپۆشییان لێدەکەین و قەناعەت بەم سێ کارکردە سەرەکییەی رۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا دێنین. لە رەوتی مێژووی عەقلانیەت و رەخنەخوازیی کوردیدا، شوێنپێی بەرچاو دەبینین، ئەگەرچی چەلی وایە دەنگە رۆشـــنبیرانەکان، لە بـــاری چەندایەتیەوە لە کەمییان داوە، بەڵام قەت کر نەبوونەتەوە. لەم چەند دەیەی رابردووشـــدا، هەندێك هەوڵی تاکوتەرا، لە حاند ســـێ خاڵەکەی گۆرینی باسکراو، لە لایەن رۆشـــنبیرانی کوردەوە، دراون، جا چ بە دەقی لێکۆڵینەوە و فیکری و کۆمەڵناســـانە بێت، وەك(خوێندنەوەکانی بەختیار عەلی سەبارەت بە ناسیۆنالیزم، دەستەڵات، بەعسیزم، ئایین و...) چ بە دەقی ئەدەبی- رەواییی وەك(رۆمانەکانـــی بەختیـــار عەلی، عەتا نەهایی و...) چ بە دەقی شـــیعری(هەوڵەکانی عەبدوڵلا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، یوونس رەزایی، رەزا عەلی پوور و...)، یان بە هەوڵە ژۆرنالیســـتیەکانی وەك(هەوڵەکانی رامان و رەهەند و شین و سروە و مەهاباد و زرێبار و رۆژهەلات و دەزگە چاپەمەنی و بلاوکەرەوە و ســـایت و وێبلاگەکان و...) کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، شوێنی خۆیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و تەواوی دیاردەکانی ناخی ئەم کۆمەڵگەیە داناوە. بەڵام ئەوەی ناچارین دانی پێدا بنێین، ئەم راستیییەیە، کە دیسان رەوتی رۆشـــنبیریی پێ بە پێی دیاردە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان نەچووەتە پێش و زۆر جێی نەخوێندراوە و شـــوێندانەر، هێشـــتا ماونەتەوە، کە چاوەروانی لاکردنەوەی بەشی رۆشنبیر و لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵگەن.

**پرسیار: ڕۆشنبیرانی کورد، دەزانن بیر لە چی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستگەڵ خۆیان نواندووە؟**

**موراد ئەعزەمی:** لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا، کورتە ئاماژەیەك بە پێناسەی ڕۆشنبیر کرا. ئەم چەمکە، بە شێوەی مۆدێرن و ئەورۆیی، لە بۆچوونەکانی دیکارتەوە دەستی پێکرد. بە کورتی: دیکارت باسی ئەوە دەکات: ئێمە پێویستە بوێرانە، بە پاڵپشتی خۆمان، چەمك و دیاردەکان دووبارە بخوێنینەوە و بیانناسینەوە. ئەمە کورتترین و بەرجەستەترین و سەرەکیترین ڕەساڵەت و پێناسەی ڕۆشنبیرە((یان بە پێی یەکەم زاراوەکانی ئەم بزاڤە، واتا:(entelectual)). کەوا بوو، هەر پێی ئەم کورتە پێناسەیە، باسێك لەوەدا نامێنێتەوە کە ڕۆشنبیر کەسێکە هەست بە کێشەکان دەکات و بە قووڵی و ڕیشەیی باسیان دەکات، ئەویش بە پێی بۆچوون و نەزەر و تیۆرییەکانی سەردەمەوە. کەوا بوو، ئەو کەسە خاوەنی وشیارییەکی تەواوە، سەبارەت بە چەمك و دیاردە بەرباسەکان و مەبەستە مەلاسدراوەکانی پشت ئەم باسانە. پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، ئەم دەلالەتەی لێدەکەوێتەوە کە: کەسێك کە توانای لێکدانەوەی قووڵی کێشەکان و وزەی بیرکردنەوەی مەنتقی و تەحلیلیی سیستماتیکی بابەتەکانی نییە، فری بە حەوزەی(ڕۆشنبیر)ییەوە نییە. لە کوردەواریی خۆشماندا، هەم تاقمی یەکەممان هەیە(هەڵبەت بە شێوەی ڕێژەیی) و هەم تاقمی دووهەم، بەڵام تاقمێکیشمان هەیە - کە وابزانم - مەبەستی پرسیارەکە ئاماژە بۆ ئەم تاقمە دەکات، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە(وا نموود) دەکەن کە ڕۆشنبیرن، لە واقیعیشدا دوورن لەو پارامێترە سەرەکییانەی بۆ ڕۆشنبیر خستمانەڕوو. ئەوانە لە حەوزەی(ڕۆشنبیر)ی دەکەونە دەرەوە و باسکردنیان لەم بوارەدا، خەسارناسییەکی تێروتەسەلی(دەروونناسانە، کۆمەڵناسانە)ی گەرەکە.

**پرسیار: لە نێو(ڕۆشنبیر)انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێك گرووپ ئامادەییان هەیە، دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە، بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێك و کەسێك وەك(ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟**

**موراد ئەعزەمی:** یەکەم هەنگاوەکانی دۆخی مۆدێرنیتە و بەرهەمە فیکرییەکانی، واتا: ڕۆشنبیری، وەلانانی کەڵە ڕەوایەتەکان و هاویشتنە بەرباسی ورکە ڕەوایەتەکان بوو. ئیتر وەك نوێنەر و ناردراوەیەك لە سەرەوەی هەموان دانیشتن و ڕێگە و چارە بۆ کەڵەکێشەکانی مرۆیی دارشتن، باوی نەماوە و کەڵکەڵە و کێشە تاکەکەسیەکان

و تاقمە فەرامۆشکراوەکان، بوون بە ڕەوایەتی سەرەکیی مرۆڤی سەردەم. یەك لە لایەنەکانی مرۆڤی پێشمۆدێرنی جیهانی سوننەتی، پەنابردنە بەر دەستەڵاتی تاقانە و چاوەڕوانبوونی کەڵەمرۆڤ و(سوپێرمان)ێك بوو، بۆ هەڵاتن لە دەست ترس و گومان و نەزانین و هەڕەشەکان، کە تەفەککوری مۆدێرن فوودانەی ئەم سوپێرمانەشی تەقاند و لە پەنا دیکەی دیاردەکانی تۆزاویی، جیهانی سوننەتییەوە داینا.

ئێستە، لەم جیهانە دوا مۆدێرنەدا، کە خەریکە بە توندی چەمکەکانی مۆدێرنیتە داوێتە ژێر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و شەنوکەویان دەکات، جەماعەتێك لە کۆمەڵگەی سوننەتیی/ مەیلە و مۆدێرنی ئێمەدا حزووریان هەیە، کە هێشتا لە نەستیاندا شەیدای سوپێرمانەکانی جیهانی سوننەتین و بە وانموودکردنەوەی خۆیان بە مۆدێرن و ڕۆشنبیر، بە بێ کەڵەپیاوی هەمووشتزانی سوپێرمەنئاسا، ناژین، بۆیە بە ئەزمان ئەم کەڵە ڕەوایەتانە ڕەتدەکەنەوە، بە ڕەوتار و کردەوەی ناوشیارانە، خەریکی ژیاندنەوەی دیاردەکانی جیهانی سوننەتین، هێشتاش هەر لەم کەشوهەوادا هەناسە هەڵدەکێشن. هەڵبەتە ڕەوتی ئێستەی ڕۆشنبیری و تامەزرۆییی بەرەکانی هەنووکەی کوردەواری، بۆ کارکردن لە بوارە مەعریفی و زانیارییەکان، ئەم تاقمە هیستریکانە(پەتای دەروونیی خۆنواندن و وانموودکردن) وەلا دەنێت و تەریکیان دەخاتەوە، بەڵام هیچ کۆمەڵگە و میللەتێك ناتوانێت بانگەشەی ئەوەی بکات کە ڕیشەی ئەم ڕەوتانەی بە تەواوی ویشك هەڵێناوە، هیچ گوڵزارێك بێ دڕك و داڵ نییە.

**پرسیار: نووسەران هەمیشە لە سەفەردان، لەگەڵ خۆیان و دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرانەدا بە کوێ گەیشتووی؟**

**موراد ئەعزەمی:** دنیا و دیاردەکانی بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدان. گۆڕان بەرەو ئاستێکی بەرزتر و دۆخی لەبارتر. گۆڕان لە دوو ئاستدا، یان گۆڕانی جیهانی دەرووبەر، تا لەگەڵ باری دەروونی و توانستەکانی دەروونیی یەکبگرنەوە، یان گۆڕانی دەروون و پەروەردەکردنی توانستەکانی دەروونیی، بە پێی دۆخ و ئیمکانەکانی دەورووبەر، بۆ مانەوە، بەرەو پێشچوون، هەڵدان و گەشەکردن و پتەوبوون. داروین ئەم بیرۆکەیەی سەبارەت بە زیندەوەرەکان و جیهانی ماددی، لە سەرەتای مێژووی حەیات ڕا تا ئێستەی، دەربڕی، بەڵام ناکرێت ژیرترین و ئاوەزمەندترین زیندەوەری ئەم جیهانە، لەم پرنسیپە لابدات و چاوەڕوانی مانەوەش بێت. مروڤ لە ڕۆژگاری ژیانی ئەشکەوت و کەرەستەی بەردینە ڕا، خۆی گەیاندووەتە دۆخی ئەوپەڕ مۆدێرنی پێچەڵاوپێچی ئەورۆکە. لەم مێژووە دوور

و درێژەدا، بەردەوام جیٚ پێی کەسـانێك دەبینرێن، کە هەوڵی نوێیان وە جووڵە خستووە و بزواندن و بەرەو پێشـرادانی مرۆڤ و گۆڕانی دیاردەکانی دەوروبەریان داوە. سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرەسـتوو، گالیلە و کۆپرنیـك و نیوتۆن و کانت و دیکارت و داروین و فرۆید و...، سەدان و هەزاران بیرمەندی داهێنەری دی، کە لە سەفەری خۆیاندا بوونەتە گاشەبەرد و کەوتوونەتە نێو دڵی گۆمی ژیانی مرۆ، تا بیشڵەژێنن و نەهێڵن لە ئارامی و مەندیی خۆیدا بخنکێت و بۆگەن بێت و لە جووڵە بوەستێت. ئەمە ئەرك و ڕاسپاردەی هەر مرۆڤێکە بۆ مانەوە و بەرەو پێشـچوون، شڵەژاندنی گۆمی دەوروبەر، بۆ وە جووڵە خستنی ژیان و جیهان. لەم نێوەدا، ئەرکی نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران قورسترە. تەنانەت سـەرەکیترین ئەرکی ڕۆشـنبیر و ڕەخنەگر، لە تەواوی بوارەکانی مرۆییی وەك: (ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، فیکری، مەعریفی، ئەدەبی و...)دا، ڕەخنە لە ئێستە، بە پێی ئەزموونەکانی دوێنیٚ، بۆ بەرەو داهاتوویەکی ڕوونتر چوونە. منیش وەك مرۆڤێکی ئەم جیهانە، سەفەرم لە دەق و نووسینەوە دەست پێکردووە و بەرەو دەروون و زەینی خۆم ڕۆیشتووم، دواتریش لە دەلاقەی ڕەخنەوە، لە جیهان و دیاردەکانیدا، خەریك گەڕان و وە جووڵە خسـتنیانم، هەرچەندە بە قەدەر ورکـە بەردێك، لە ڕۆخی ڕووبارێکی زەریائاسای ئەم ژیانەدا.